# Metaphysic of left movement

# میتافیزیکای... بزووتنه وه ی چه پ

Written by: N. F. Abdulla

نوسینی :ن.ف.عبدولاّ

میتافیزیکای بزووتنەوەی چەپ

شوباتی ٢٠٠٣

چاپی یه که م

بابه ت

ڕه خنه یی ڕامیاری هزری

## ئاگاداری

خوێنه رانی به ڕێز ئاگادار ده که ین ئه م کورتکراوانه ی خواره وه که له کتێبه که دا چه ند جار هاتووه به رامبه ر ئه م زاراوانه به کار هێنراون.

(ک.ک): کۆمۆنیزمی کرێکاری

(ح.ک.ک.ع): حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

(ح.ک.أ): حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

(ح.ک.ک.أ): حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران

## {ڕێز و سوپاس}

زۆر سوپاس بۆ ئه رک و ماندوو بوونی هاوڕێ (علی محه مه د ئه مین) سه رنوسه ری ڕۆژنامه ی به رگری، که ئه رکی زۆری له سه ر په رشتی کردنی چاپی ئه م کتێبه دا کێشا...

# پێرست

------------

**بابه ت** **لاپه ڕه**

---


1- پێشه کیه ک وه ک پێویست ............................................................... 4--13
2- هێلّی سیاسی – پراکتیک – له بزووتنه وه که دا ........................................ 14--42
3- جیاوازی یه کان له سه ر ئاستی سیاسی، دیدێکی میتافیزیکی یه ........................ 43--79
4- میتافیزیکا و فۆڕمی دروستبوونی حیزبی کۆمۆنیست ...................................... 79-136
5- ڕابه ر له حیزب دا ........................................................................ 136--154
6- جیابوونه وه و دانه بڕان ................................................................. 155--182
7- جیایی یه کان به ڕێگای ڕه دووکه وتن ..................................................... 182--232
8- په یوه ندی تیۆر و پراکتیک له حیزبی کۆمۆنیست دا ........................................ 232--241
9- کێشه کان و ڕێگا چاره ی حیزبه کان ...................................................... 241--255
10- ئه لّته رناتیف و حیزبه کان ............................................................... 255--267
11- دروشمه جیاوازه کان و یه ک فۆڕم ........................................................ 267--278
12- ڕۆژنامه ی په یامی کۆمۆنیزم و بزووتنه وه ی بنیات نان ..................................... 278--280

# {پێشەکیەک وەک پێویست}

نووسینی ئەم پێشەکیەش، وەک نووسینی پەرتوکەکەی لەساتی خۆی دواکەوت. لەبەر ئەوەی ڕەش نووسی پەرتۆکەکە لە تەمووزی (2000)دا تەواوم کرد، بەلأم پاک نووسەکەی لە شباتی (2003)دا بە ئەنجامی پووختی گەشت. لەبەر ئەوەی ئەو نێوانە، ڕۆژەکانی زۆرن ئەوەش بەهۆی خۆژیاندنی تایبەتی یەوە دواکەوت، بەلأم ناوەرۆکەکەی بەبڕوای من هێشتا هەر سەرەتایەتی.

بەلأم بۆ پێشەکی یەکەی ئەم جارە، وەک جارەکانی تری پێشەکیەکان نابێت. لەبەر ئەوەی ساتی نووسینەکە ساتێکی جیاوازی گۆڕانی یان گوێزرانەوەی ڕەووشی ڕامیارییە لەناوچەکەو بەتایبەتی لە عێراقدا، هەروەها گۆڕانی دابەش بوونی کارتێلات و تروستەکانی سەرمایەداری گەورەی جیهانی پێوە دیارو ئاشکرایە.

ئەمە لەڕووی پیربوونی هێزی ڕابردوو لە دابەش بوون و وەبەربردن یان (وەبەرهێنان)، و لە نوێدا کە ڕابردووش ئەو هێزە ئابووری یانە بوونیان هەبووە،بەلأم ئەم جارەیان لە سەردەمێکی تری جیابوونەوەی کارتێلات و تروستەکانەوە لە ئەنجامی گەورەبوونیان لەلای هەندێک لە سەرمایەدارە گەورەکان و پووکانەوەیان لەلای هەندێکی تریان (پووکانەوە بەمانای تەنگژەگرتوویی). ئەمەش هۆیەکن بۆ سەرهەڵدانی و گەورە گەورە بوونی بالأو هێزێکی جیهانی ئابووری و سەربازی و تەکنۆلۆجی ڕکەبەری هێزەکانی تر. لەبەر ئەوە ئەم گۆڕانە دەبێت وەک خۆی درک بکەین و لە دیدگاو هزرێکی سیاسی چینایەتی یەوە ڕاڤەی بکەین و پراکتیکێکی گونجاوی بە بەرهەم بۆ خەباتی چینایەتی چینی کرێکار و چونە پێشەوەی بەرژەوەندی چینایەتی و خەباتەکەی لەبەرچاو بگرین.

دەبێت ئایندەی پراکتیکی ڕامیاریمان بە شێوەیەک بێت، کە پراکتیکێکی نوێی ڕامیاری و هێرش بەر بۆ سەر نوێی سەرمایەداری لە ڕووکاری دەرەوەداو کۆن لە ناوەڕۆکدا بە ڕێی بخەین چونکە هەڵسان بە کردەی ڕامیاری لە بێوس پۆلیتیکۆس دا(ژیانی ڕامیاری)، دەبێت ئاڕاستەکەی بدۆزیتەوەو، یان بەجۆرێکی تر ئاڕاستەکەی بەپێی شەپۆلی چونە پێشەوەی داخوازی و ڕامیاری چینایەتیت ئاڕاستە بکەیت. ئەو پرۆسەیە لەژیانی ڕامیاریست دەتوانێت هەنگاوەکان بە ئاڕاستەیەکی پێشکەوتنی داخوازییەکان بباتە پێشەوە. ئەمە ئەو داخوازیەیە کە لە چوارچێوەی تێزی پەرتۆکەکەدا هەیە. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر پرۆسەی گۆڕان لە عێراقدا. پرۆسەیەکی ئیمپریالیستی یانەی گێتی

یە. چونکە ڕامیاری سیستەمی نوێی گێتی، کردەی لە پێناوی گۆڕانێکی خۆکردی پراگماتی، بەرژەوەندی پەرستی ئیمپریالیستی یانەی جیهان بوو.

ئەمەش بەو شێوەیە نا کە سیستەمی بەعسی سیستەمێکی جێگا بووەوەی ناو دڵ و دەروونمان بوو بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەویش پێچەوانەیەکی سەدو هەشتا پلەیی لەگەڵ ڕامیاری و ئابووری بەرهەم هێن و بەکاربەری ئەو سیستەمەو پەیوەندی دامەزراوی کۆمەڵایەتی ناو چوارچێوەی عێراق.

لێرەدا دەمەوێت ڕامیاری سیستەمی نوێی گێتی بەسەرکردایەتی و،هەروەها بەتاک ڕەووی ئەمریکا بخەمەڕوو، واتە گلۆبالیزم (جیهان گیری) کاری ڕامیاری، ڕامیاری خۆی لەسەر چەند پایەیەک ڕاگیردەکات، یەکێک لە پایەکانی جەنگی دەروونی لەگەڵ سیستەمەکان و هەروەها لەگەڵ کەسانکۆی ناو چوارچێوەی جوگرافیایی ڕامیاری نیشانەکراو بەرێدەخات. هەروەها لەهەمان کاتدا لەگەڵ گشت گێتیدا پرۆسیسی دەکات. ئەویش بەبێ ئیرادەکردنی مرۆڤی کۆمەڵگاکان لە ڕێگەی ژورنالیزمێکی پان و بەرین و، دروست کردنی دیکۆمێنتی دروست کراوو داتاشراوی دەزگا سیخوریە پان و بەرینەکانیان و هەڵکشانیان لەگەڵ سەنتەری ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی یان لەگێتیدا چاو لێدەکەن. بێگومان ئاشایشی نەتەوەیی لە پنتی بیرو کرداری ئەواندا هیچ شتێکی تر نییە بێجگە لە پارێزگاری لە بەرژەوەندی سەرمایەدارانی ناوخۆی جیۆپۆلیتیکی دیاریکراویان و، برسی کردنی ئەندامانی بێ بەشی وولاتی خۆیان و بەشەکانی تر لە گێتی دا. ئەمەش بەشێکی گەورەی جەنگی دژی بەعسی بوو. هەروەها لەهەمان کاتیشدا دژ بە ئیرادەی مرۆڤەکانی تینوو بە گۆڕانی سیستەمی سەرمایەداری بەعس بەدڵ و دەروونی چینی شۆڕشگێڕ تاوی ڕامیاری و جەنگی سایکۆلۆجی خۆی دەدا. بێ ئیرادەکردن هۆیەکە لە هۆیەکانی پاشەکشە پێکردنی بزۆزێکی ڕامیاری و چینایەتی شۆڕشگێڕانەی چینی شۆڕشگێڕ. هەروەها دەست نەبردن بۆ گۆڕانی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی لەلایەن چینی شۆڕشگێڕەوە. ئەمەش لەڕێگەی ڕامیارییەکی داڕێژراوو پشت بەستوو بەشێوەی گاڵتەو بێ بەهاکردنی توانای مرۆڤ و دروست کردنی چیرۆکی خەیاڵی ترس و تۆقاندنی هزرو، چۆک لەرزاندنی مرۆڤەکان و سەرچاوەگرتوو لە تێزی بیرمەندی سایکۆلۆجی لەسەر بنەڕەتی داڕێژانی واتاو بەڵگەی ناڕاست ڕوویی. ئەمەش دەبێتە هۆیەک بۆ کەلەپچەکردنی ئاوەزوو پراکتیکی هەوڵەکانی گۆڕان بەدڵ داخوازی چینی شۆڕشگێڕ، ئەگەر هەوڵی ڕامیاری و ئاوەزێکی شۆڕشگێڕی تێکشکێنەری ئەو بەها ئیمپریالیستی یانە بوونیان لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا نەبێت.

بەم پێ یە دەبێت هەوڵەکەت ئەوەندە بەگوورِوو تین بێت کە توانای ئاوەزی و هزرییەکەی تێکشکێنەری ڕامیاری و جەنگی سایکۆلۆجی دارِێژراوی ئیمپریالیزم بێت. بێگومان بۆ ئەم لایەنەش لە تیژی پەرتۆکەکەدا دەتوانیت ڕێگەی ئەو تێکشکانە بدۆزیتەوە.

ئەمەی کە باسمان کرد بەشێک و لایەنێکی ئەو جەنگە نوێیەی سیستەمی نوێی جیهانی بوو. لەلایەکی ترەوە هێزی جەنگاوەری و تکنیک و تکنۆلۆجیای سەربازی پێشکەوتوو بووەتە هۆیەکی تری بەکاربردنی لە ئاڕاستەکردنی دەسەڵاتی ئابووری و ڕامیاری خۆی لەناوچە جیاجیاکاندا، ئەمەش بێجگە لەوەی کە دوانە ڕامیارییەکی نەخشە بۆ کێشراو لەو لایەنەدا هەیە. چونکە ئەم بەشەی ڕامیاری میلیتاری پشت بەدوو لایەنی یەک تەواوکەری ئەوی ترو یەکێکیان لە پێناوی ئەویتریان بەکاردەبرێت.

لەلایەکی ترەوە هۆیەکی بەکارهێنانی سەربازی لەپێناوی ئەوی ترياندا دەبێت. بەبڕوای من لە بەیان کردنی ڕامیاری (سیستەمی نوێی جیهان) ئەو پراکتیکە بەکاربرا لەجەنگی دووەمی کەنداودا، کە یەکەم لایەنی بەکاربەری ڕامیاری نوێی جیهان بوو، لەلایەک جەنگی دووەمی کەنداو هۆیەک لە هۆیەکانی دەربوونی کێم و پیسی ئەزمەی سەرمایەداری جیهانی بوو. چونکە ئەو ڕامیارییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە کە پرۆسەیەکی کلاسیکی کۆڵۆنیالیستی کلاسیک بوو. هەروەها بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم لایەنەش لەڕێگەی چوونە ناوەوەی ڕاستەوخۆی ئەو هێزانە بۆ شوێنی مەبەست و دەست نیشان کراو بەکاردەبرا، چونکە لە کلاسیکیەتی ئەو پرۆسانەدا هەمان دەسەڵاتداری سەربازی بەکاردەهێنراو لەسەر کورسی عرشی ناوچەی مەبەست دادەنرا. چونکە باشترو زۆرجار دڵخوازانەی خۆیان دەبوو، سوودی ئەم جۆرە پرۆسانە لەکات و ساتەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی تر دەبوو، لەبەر ئەوەی سوودێکی تری هەیە لە ئێستادا چونکە کۆمپانیای گەورە گەورەی زۆرتر دروست بوون و ڕکەبەری زیاتر پەیدابووە. لەبەر ئەوە ئەمەش دووبارە و سێ بارە دەکرێتەوە لە ئێستادا، لەلایەکی ترەوە جەنگ لەپێناوی بەکاربردنی کۆمپانیای وە بەربەری سەرمایەداری لەناوچەی کۆڵۆنیال کراودا، جێ بەجێ دەکراو خاوەنانەی بڕیاری جەنگ خاوەنانی کۆمپانیای دامەزراندنانەوەو وەبەربەری گەورەی جیهانین. لەبەر ئەوە جەنگ و خاوەن کۆمپانیاکان دوو ڕووی یەک دراون و یەک تەواوکاری پرۆسیسی ئەو یتریانە چونکە بنەڕەتی ڕامیاری ئیمپریالیزم لەسەر

گوێزانەوەی سەرمایەی گەورەی خۆی بۆ ناوچەکانن بە مەبەستی بەکارهێنانی تیایدا بنیات نراوە. بێجگە لەوەی کە کۆمپانیا بەرهەمهێنەرییەکانی دەکاتە سەرچاوەی بەرهەمهێنان لە ناوچەی کۆلۆنیال کراوی نوێدا.

ئەمەش لەرێگەی کەنارکردنی رێکخراوی(UN)و ڕامیاری و ڕامیاری ئاڕاستەکراوی جیهانی، خۆی بێجگە لەوەی کە(UN) خۆی بەرهەم و داخوازی وەڵامدانەوەی ڕامیاری و ئابووری ئیمپریالیزمی جیهانی بووە.

لەلایەکی ترەوە پێکەوە لکانی چەند چوارچێوەیەکی لێک جیاوازی بەرژەوەندی ئابووری، ڕامیاری و لەگەڵ یەکتردا دژو ڕکەبەری یەکتری بوون. هەروەها جێگە لەق کردن بەیەکتری و باڵا دەستی لەسەر ئاڕاستەی ڕامیاری و ئابووری و بەرژەوەندی خۆی لە چوارچێوەی (UN)دا. هیچ چوارچێوەیەکی تری پێک نەدەهێناو تەنها دابەشکردنی کارتێلاتی گەورەی سەرمایەداری و تروستی بەرهەمهێنەری گەورەی جیهانی بەسەر ناوچە ئابووری و دارایی یەکان هیچی تر نەبووە. هەروەها ئەو ڕامیارییە بەشێوەی جیاجیا بوو بووە بەشێکی گرنگ و سەرچاوەگرتووی سەردەمی جەنگی ساردو دوای جەنگی سارد.

ئەم دوو لایەنەی سەرچاوەی ڕامیاری نوێی ئیمپریالیزمی جیهانی، سەرچاوەن بۆ دروست بوونی سیستەمی نوێی ڕامیاری و ئابووری (لە ڕووی داڕشتنەوەی جووگرافیایی بەرهەمهێنانەوە)، کە ناونیشانی سیستەمی نوێی جیهانی یە. هەروەها بەڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی جیهان گیری ناوزەندیش دەکرێت. چونکە لەلایەک پرۆژەی گۆڕانی ڕامیاری (خارطة الطريق) بەدیوی پرۆتۆکۆڵی ڕامیاری و ئاسایشی ناوچەیی بووەتە ڕامیاری نوێی جیهان. دەبێتە هۆیەکی گرنگ لە گۆڕانی جیوپۆلیتکی ناوچەکەو دامەزراندنی سەقامگیری بەرژەوەندییە ستراتیژی و ئابووری و ڕامیارییەکانی لە ناوچەکەدا. ئەمانەو لە ڕابردووی هەوڵەکانیاندا تەواکەرو وێنەکێشی ڕامیاری نوێی جیهانی یە.

لەلایەکی ترەوە گۆڕانی بازاڕوو ساغ بوونەوەی کاڵا بەرهەم هاتووە جیاجیاکانی ووڵاتە جیاوازەکان و بە بازاڕکردنی ناوچەی کۆلۆنی کراوو یان بەسەربازی کراو بۆ هێزی سەربازی کراوی ناوچەکە. دەست گرتن بەسەر گەورەترین سەرچاوەی ووزەی ناوچەکەو دوومە یەدەکی نەووتی جیهان.

ئەمانە هەر هەموویان بە یەکەوە ناتوانن ببنە سەرچاوەی سەقامگیری ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەو گێتیدا. چونکە ناتوانێت یان هەوڵێک نیە بۆ وەڵام دانەوەی پرس و داخوازی پێویستی یەکانی چینی شۆڕشگێری سەردەمی سەرمایەداری. بەتایبەتی لە عێراقدا ناتوانین گۆڕانی ئێستا بۆ ئایندەی دامەزراندنی

حکومەتی کاتی و سەربازی بۆ حکومەتی ئایندەی هەڵبژێراو، بە گۆڕانێکی چۆنایەتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوزەند بکەین. چونکە ناتوانێت یان هەوڵەکانی حکومەتی ئاینده لەپێناوی تێکشکاندنی پایەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری (کارو سەرمایە) بێت. لەبەر ئەوە ناتوانین گۆڕان لە عێراق و دەڤەرەکەدا بە گۆڕانێکی ڕیشەیی ناوبنێین، چونکە دیفاکتی گۆڕان لۆجیکی گۆڕانی مێژوویی کۆمەڵایەتی چینایەتی هەڵنەگرتووە یان پیادە ناکات.

بەیانەکانی کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕابردوو، ڕووەکانی ڕامیاری لیبراڵی و دینی لە عێراقداو، هەروەها بەیانی دەوڵەتی ئەمریکی و بەریتانیش بەهاوبەشی لەسەر دیموکراتی و ئازاد بوونی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی عیلمانی و فیدراڵی و بەشداری هەموو تیرەو تایەفە ڕامیاری و ئەتنیکی و دینی یەکان، لە ئایندەی عێراقێکی پلورالیستی دا، هیچ شتێک نی یە بێجگە لە مانەوەو درێژەدان بە دەسەڵاتی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی چینایەتی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا.

لەم سۆنگەیەوە جارێکی تر دەچینەوە سەر دیدی چەپی وورده بۆرژوازی و تێکەڵ بوونی یان بە ڕامیاری و هزری سوشیال-لیبرالیزمی ئەوورووپی. ئەوە دووپات دەکەمەوە کە پرۆتۆکۆڵێکی ستراتیژی چەپ، بەهەوڵێکی بچووک و کردەیەکی ڕامیاری بۆرژوازی و سەرمایەداران، هەمووی تووشی هەڵوەشان و داوەشان دەبێت. دەوڵەتی دیموکراتی و ئازادی و فیدراڵی لە عێراقدا، ناونیشان و سەرخەتی ڕامیاری و کردەی تێزو میتۆدۆلۆجی ئەمریکایە، کە ناتوانێت ئازادی بەیان بکات. چونکە ناتوانێت فەراهەمی دەست بردنی کەسانکۆی ناو عێراق بە دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابووری بکات و ئەگەر بیەوێت دەست لە سیستەم بدات و بیگۆڕێت بە بەرژەوەندی خۆی، ئازادی ئەمریکاو سەرمایەداران بەچەپکە ڕۆکێتی باروتاوی و یۆرانیۆم کراو وەڵام دەداتەوە. هەروەها هاوبەشیەکی لەگەڵ تێڕوانینەکانی چەپدا هەیە. لەبەر ئەوەی تێزی چەپ سەرچاوەی لە لیبرالیزمەوە هەڵگرتووەو تێپەڕی تێزو میتۆدو هزرو فەلسەفەی لیبرالیزمی ئەوورووپای نەکردووە.

ئازادی، یەکسانی لەگەڵ دەسەڵاتی چینێکدا هیچ شتێک نی یە بێجگە لە تێکەڵ کردن و بەیانی ڕامیاری و ستراتیژی سۆشیال لیبرالیزمی ئەووروپا، ئەم تێزو ستراتیژە هیچ جیاوازیەکی ڕیشەیی یان لەگەڵ ستراتیژی ئەمریکادا نی یە. دەوڵەتی عیلمانی یەکەیان، عەمامە بەسەرێکی دینی بەیانی ڕەسمی لەسەر ڕادەگەیەنێت،

جیاوازی دین دەکات لە پرۆسەی بیۆس پۆلیتیکوسی حکومەت و دەسەڵاتی ڕامیاری ئایندەدا. بێگومان دەوڵەتی عیلمانی و مەدەنی ئەگەر پرۆسەی کاری بەکرێ تیادا بنەبڕنەکرێت ناتوانێت دەوڵەتێکی گوێزراوەی سەرمایەداری میلیتاری بێت بۆ دەوڵەتێک کە کاری بەکرێی تیادا پرۆسیس نەکرێت. واتە دەوڵەتی عیلمانی لەگەڵ دەوڵەتێک کە مەزهەب تیایدا داڕێژەی دەستوورو سیستەمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی دەبێت، بەپآی پێویستی ڕێنوێنی و یاسای بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی دەبرێت بەڕێوە، بە بڕوای من هەر دەوڵەتێک یان فرماسوێنێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر بارسووکی لەسەر شانی چەوسانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و چینایەتی لانەبات، خێرو خۆشی یەکەی بۆ سەرمایەداران دەبێت.

بیرکردنەوە لە هەموو ئەو تێزو تێڕوانینانە لەلای چەپ نەیدەتوانی دڕ بات بەڕامیاری لەوەو پێشی ووردە بۆرژوازی. ئەمانەش سەرچاوەیان لە تەنگژەی بیرو هۆشی زانایانی ووردە بۆرژوازی چەپەوە گرتبوو. واتە تەنگژەکەیان بەهۆی ڕامیارییەکی یان هەڵوێستێکی نادروستی چینایەتی یەوە تێنەدەپەڕاند. پرۆتۆکۆڵی تەنگژاوی ڕابردوو بە تەنگژەیەکی نوێ جێ پێ دەگرنەوە، واتە نەیان دەتوانی هەنگاوێک بەڕابردوو هەڵبگرن و داهاتوویانی پێ ڕووناک بکەنەوە.

ئەمەش زیاتر باسەکەی لەناو تێزی ڕوون و ئاشکراکانی پەرتۆکەکەدا دەبینین. چەپ لە ساتەوەختی تەنگژەی نێوان دەسەڵاتی عێراق لەلایەک و ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەکی تر، بەهێزو بیری خاوو خلیچکی خۆیان بانگەوازی کاری هاوبەشی کەسایەتی و ڕێکخراوە چەپەکانیان دەکرد، کە خۆی لەخۆیدا کاری هاوبەش هەڵگری چەند لایەنێکی تەنگژەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و چینایەتی ببوو. بابەتی ناو ڕۆژنامەکەشیان دیسان بابەت گەلێکی چارەسەر سازنەبووە (بەمانای ڕیفۆرم نا)، گووتاری بێ چارەسەری ناو ڕۆژنامەکەیان بەناوی (کاری هاوبەش)ەوە ناتوانێت وەڵامێک بداتەوە. چونکە ناکرێت کاری هاوبەشی چەند لاشەو تێزو دیدێک، کردەیەکی بە بەرهەمی لێوە سەوزبێت. ئەگەر نەچنە سەر یەک سکەی ماددی بابەتیء شیکاری ماددی مێژوویی بە دیدێکی ماددی دیالێکتیکی و یەک تەرزی لەڕیزی هزرو فەلسەفەکانیاندا نەبێت. لەبەر ئەوەی نەیان توانیوە یەک تێزو یەک هزرو یەک فەلسەفەی پراکتیک بدەن بە پرۆسیسی کاری ڕامیارییان. تۆوی ئەم بیرۆکەیە ناتوانێت چرۆو ڕەگ بکات. لە ڕابردوودا دیدی خۆم لە نووسینەکانی پێشووتردا ڕوون و ئاشکرا کردووە، وەک نووسراوی (چەپ و مێژوو لە کوێدان).

بێگومان دەبێت یەک فەلسەفەیی بۆ یەک ئامانجی و پراکتیکی ڕامیاری و خەباتی چینایەتی بێت. بەڵام شوێن بینی (یان شوێن داخوازی) یەکێک لە لایەنە دەروونی و کاریگەرەکانی بزاوتی چەپی ووردە بۆرژوازی بووە. لەبەر ئەوە ناتوانێت پراکتیکێکی ڕامیاری کاریگەر لەسەر ڕەووشەکان بە دەربخات و بخشێت لەسەر زەوی و گۆڕەپانی عێراق. ئەمەش مێژوویەک دروست ناکات و ناتوانێت ساتێکی مێژوویی دروست بکات لە چوارچێوەی بزاوتنەکانی گۆڕەپانی ڕامیاری و چینایەتیدا (بەمانای مێژووی بە بەرهەم).

لەم سۆنگەیەوە ئەوە دەبینین کە لە تەنگژەی ڕامیاری و هزری بزاوتنی چەپدا، وەڵامەکەی بە تەنگژە ئامێزێکی ڕامیاری و هزری تر دەدرێتەوە. واتە پێکوتەی چەپ لە شوێنی خۆیدا لە بێ سەرچاوەیی لە هزری و فەلسەفی چینایەتی چینی کرێکارەوە تەنگژە بە تەنگژەیەکی نوێتر لە ڕووکارو کلاسیک لە میتۆددا، وەڵام دەداتەوە. ئەمەش هەنگاوەکان لە شوێنی خۆیاندا پێگیر دەکرێت لە لیتەیەکی کوژەردا، چەپ و کەسایەتی یەکانیان لە خاوو خلیچکی هزرو دیدگاکانیانەوە، ووتەو بێژانی سەیرو سەمەرە لە مەڕ ئەوە دەکەن کە گوایە تەنها لەسەر چەپ دەنووسم و پەیڤین دەکەم. بەڕاستی ئەم دیدە تەنها لە خاوو خلیچکی هزرو دیدی چەند ئەندامێکی چەپدا بوونیان هەیە. ئەمەش بەڕاستی تێ نەگەیشتنە لە نووسراو و بیروهۆشی ئەندامانی کۆمەڵ و ناو بزووتنەوەکە. لێرەوە ئەوەش ڕادەگەیەنم کە نووسراوەکان و بیرو تێزەکانی ناویان کە هەڵگری ناونیشانی منی پێوەیە بەشێک نی یە لە بزووتنەوەی چەپ و لایەنگرانی، بەڵکو بەشێک لە تێزو هزری ناو فەلسەفەی مارکسیزم و ڕێبازی تێکۆشانی یەتی. کاتێک کە پەیڤین لەسەر چەپ دەکەین لە هەمان کاتدا پەیڤین لەسەر ڕاست و سەرمایەداریش دەکەین. چونکە ئێمە دەمامکی چەپ بە ترسناکتر دەزانین تا ئەوەی کە ڕووەکان دەمامکیان نەبێت. لەبەر ئەوەی لە چارەسەرکردن و ڕەخنەگرتنی چەپ، ئاڕاستەکردنی تێزی شۆڕشگێرانەی ئێمەیە کە بەرەو ڕەگی ژیانی سەرمایەداری دەکرێت.

لەبەر ئەوە چەند لەسەر چەپ دەئاخافێم ئەوەندەش بەردو تیر دەگرینە ڕاست. چونکە چەپ پەیڤی بۆ ڕاست بەئەنجام دەگەیەنێت. ئەوەش لەهەموو لایەن و تێڕوانینەکانی ناو چەپدا ڕوون و ئاشکران. لەبەر ئەوە ئەو دیدگایەی چەپ بە شێوەیەکی ناڕۆشن بینی ئەوان دەزانم و کاڵ فامیەکی پێوە دیارە کە هیچ ئاگایەکیان لەسەر تێزو فەلسەفەی مارکسیزم نی یە. هەر بۆیە کاری ئێمە ئەوەیە کەلایەنێک هەڵگری هزری مارکسیزم نی یە، لەڕووکاری دەرەوەشیدا بەیانی بەناوی مارکسیزمەوە ئەکات، ئەگەر کردی ئەوە لەسەر شانی ئێمەی مارکسیستەکان پێویستە

لەهەموو لایەنەکانی تر زیاتر لەسەریان بدوێین بۆ ئەوەی ناونیشانی مارکسیزم نەبێت بەهۆیەک بۆ شاردنەوەی دەستێکی ژەهراوی لەخەبات و تێکۆشانی چینایەتی چینی کرێکاردا. واتە هەڵگری ناونیشانی دەرەوەی حیزبەکان ناتوانن لەگەڵ تێزو میتۆدۆلۆجی مارکسیزمدا جووت بن. لەبەر ئەوە ئەرکی هەموو مارکسیستێکە کە بە قورسترین و بەهێزترین چەکی هزرو فەلسەفەی مارکسیزم لەو هێزە نامۆو پێچەوانەبە خەبات و تێکۆشانی حیزبی چینی کرێکارو مارکسیزم دەست بکاتەوە.

لێرەدا دەچمە سەر بەشەکانی ناو پەرتوو کەکە کە لە یازدە بەش پێک هاتووەو هەر بەشە چارەسەرێکی گونجاووی ماددی بابەتی دواکەوتووی حیزب و خەباتی چینایەتی چینی کرێکار دەکات،و وەڵام بە کۆمەلێک کێشەی ڕیشەیی نەچوونە پێشی خەباتی چینی کرێکارو کۆمۆنیستە زانستی یەکان دەداتەوە. بەڕاستی ئەو یازدە بەشەی پەرتۆکەکە زۆر گرنگن ، چونکە هەر بەشەو چارەسەری لایەنێکی چوونە پێشەوەی بزووتنەوەی چینی کرێکارو خەباتی پارتایەتی ئەو چینەیە، بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی چینایەتی خۆیی و دامەزراندنی پەیوەندی کۆمەلایەتی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی لەنێوان مرۆڤەکاندا. واتە هەربەشە بەشێکن لە گشتی کێشە جۆراوجۆرەکانی یەک بزووتنەوەی چینایەتی.

بەشی یەکەم، کە ( **هێڵی سیاسی – پراکتیک لە بزووتنەوەکەدا**) ئەم لایەنە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە پرۆسیسی ژیانی ڕامیاری حیزب و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕدا دەوورو نەخشی خۆی هەیە، چونکە هێڵی ڕامیاری کاریگەری خۆی هەیە، لەسەر ڕاست و دروست ئاڕاستەکردنی خەبات و بزووتنەوەی چینی کرێکارو ئەنجامی پراکتیکی ئەو حیزب و بزووتنەوەیە، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر بەشی دووەمی پەرتۆکەکەو جیابوونەوەی بزووتنەوەکان لە یەکتری .بەشی دووەم کە (**جیاوازی یەکان لەسەر ئاستی سیاسی دیدێکی میتافیزیکی یە**) دەبێت بە بوون بێت لە بەرامبەر هەموو بزووتنەوەکەدا. بۆ ئەوەی ئاڕاستەی خەباتی خۆی بە تەواوی جیاواز بکاتەوە لەهەموو لایەنەکانی تری ناو کایەی کۆمەلایەتی و ڕامیاری و ئابووری کۆمەڵگا، واتە ئەم بەشەش گرنگی خۆی هەیە، هەروەها ئەمەش کاریگەری دووبارە لەسەر فۆرمی جیاوازی حیزبی کۆمۆنیست هەیە، لەناو بزووتنەوەی چینی کرێکاردا.

لەم سۆنگەیەوە بەشی سێیەم لە پەرتۆکەکەدا (**فۆرمی دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیست**)، دیسانەوە هێڵە ڕامیاری و پراکتیکی و جیاوازیە ڕامیارییەکەی دەست نیشانی جیاوازی فۆرمی حیزبی بوون دەکات لەناو چینی کرێکاردا،

دیسانەوە ئەمەش دووبارەو سێ بارە گرنگی خۆی هەیە لە پەیڕەوی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار لە گێتی سەرمایەداریدا. بۆ ئەم لایەنەو چوونە پێشەوەی بەشەکانی تریش ڕابەر تەیار کراو یان بارگەبووی هزرو ئاوەزی بە هزرو میتۆدی فەلسەفی مارکسیزم و ئاشنایی و شارەزایی لە میتۆدو هزرو فەلسەفەی ئەو فەلسەفەیەدا، گرنگی خۆی هەیە لە ئاڕاستەکردنی بزاوتنی حیزبی چینی کرێکارو بزووتنەوەکانیاندا. هەروەها لەسەر هەڵدێروو بەرەو ئامانج بردنی ڕامیاری ئەو حیزبانەو ڕامیاری بزووتنەوەی چینی کرێکار کاریگەری دادەنێت. واتە بەشی چوارەم کە بەناوی (ڕابەر لە حیزب دا) پەیوەندییەکی گرنگی ماددی و دیالێکتیکی یان هەیە بەیەکەوە لەگەڵ بەشی سێهەم دا.

(جیابوونەوەو دانەبڕان) کە بەشی پێنجەمی پەرتۆکەکەیە، دەردێکی کوشندەیە لەناو بزووتنەوی چەپی کوردستان و هەتا بەشێکیش لە عێراقدا بوونیان هەیە، ئەمەش لایەنێکی خراپی پراکتیک کردن و ناوازەی هزری و ڕامیاری کەسانکۆی چەپە. پێویستەتیَ بیپەڕێنین و تووری بدەین بۆ ئەوەی بەرگی دیالێکتیکی و ماددی خۆی بدەین بە بزووتنەوەکە. زیاتر ئەم بەشەش بۆ ناو پەرتۆکەکە هەڵدەگرین.

ئەم جارەش بەشی شەشەمین تا ڕێژەیەک پەیوەندی هەیە بە بەشی پێنجەمەوەو بەڵام ئەمەش بۆ خۆی لە هەندێک ڕووی ترەوە جیاوازن و، هەمدیسان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کەم درکی و کاڵ فامی هزری و ڕامیاری لەسەر گۆڕەپانی ڕامیاری بزووتنەوەکەو خراپی بەکارهێنانی بەهاکانی فەلسەفەو هزری مارکسیزم، بەڕاستی دەردێکی کوشندەیە ئەم پراکتیکەی چەپ.

بەشێکی گرنگ و ژیانیتر لەسەر ئاڕاستەکردنی بزووتنەوەکە کە پەیوەندی دیالێکتیکی یان بە حیزب و بزوتنەوەکەوە هەیە (پەیوەندی تیۆرو پراکتیک لە حیزبی کۆمۆنیست دا) ئەمەشیان لەبەشی حەوتەمدا بە ووردی قسەو باسمان لەسەرکردووە. لە مێژووی ڕابردوودا هەروابووە، تیۆر گرنگی خۆی هەبووە لە پراکتیک کردن و هەنگاو هەڵهێنان بە بزووتنەوەی چینایەتی چینی کرێکاردا. هەروەها ئەگەر پراکتیکیش بەبوون نەهاتایە، ئەوا تیۆر یان بێوس تیۆریتیکوس بێ گیان دەبوو. واتە هەموو ئەمەش گرنگی خۆی هەیە کە زیاتر لە ناو پەرتۆکەکەدا ئەوە دەست نیشان دەکەین و لێرەدا لەسەری زۆر نادوێین.

بەشی هەشتەمیش هەمدیسان گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەر کێشەیەک دێتە پێش پێویستە حیزبەکان بە ئاڕاستەی سوود و قازانج بە بزووتنەوەی چینی کرێکار بێت، لەبەر ئەوە دەبێت لە ستراتیژی چاک کردنی کێشەکان بە سوودی

بزووتنەوەی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی کرێکاردا بێت. هەمدیسان پەیوەندی بە بەشەکانی ترەوە هەیە واتە هەر هەموو بەشەکان پەیوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە کە دیالێکتیکی یە. لەبەر ئەوەی (ئەلتەرناتیڤ و حیزبەکان) دیسان ئاڕاستە ڕامیارییەکەی دەست نیشانی ئەڵتەرناتیڤی چینایەتی خۆی دەکات لەبەرامبەر ڕەوەندەکانی تردا، واتە بەشی نۆیەمیش وەکو بەشەکان بەیەکەوە گرێ دراون و پەیوەندییەکی پێکەوەیی دیالێکتیکی یان هەیە.

بەشی دەیەمیش، لەبەر ئەوەی چونکە دروشمەکان ڕامیارییە جیاوازەکان دروستیان دەکات، دەبێت ئێمە ئەو ئەنجامە بەدەست بهێنین لە هەوڵەکانماندا پرۆسیسی بکەین کە دروشمی جیاوازی خۆمان هەبێت. ئەویش لە تێزی جیاوازو هزرو فەلسەفەو میتۆدی جیاوازەوە بە دەست دێت.

بەشی کۆتاییش کە بەشی یازدەهەمە، ڕۆژنامەش گرنگی خۆی هەیە لە بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو ڕووداوو هەڵوێستە ڕۆژانەیەو دەرخستنی بەشێکی کورت کراوەی هەموو بەشەکانی تری ئەم پەرتۆکەو چەند هەوڵێکی تری جوڵانی پارتایەتی یە. بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە ڕۆژنامە هەموو شتێک بێت لە ژیانی پارتایەتی و بزووتنەوەی چینی کرێکاردا، چونکە بەشێکە لە بەشە زۆر و زەوەندەکانی تری ناو کورەی خەباتی چینایەتی چینی کرێکارو بزووتنەوەکەی.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەموو بەشەکانی ئەم پەرتۆکە یەک بەدوای یەکدا پەیوەندی گرنگ و دیالێکتیکی یان پێکەوە هەیە لە بیۆس پۆلیتیکوس و بیۆس تیۆریتیکوس و پارتایەتی ناو بزووتنەوەی چینی کرێکاردا، هەر بۆیە ئەم هەوڵەی ئێمە لە ئێستاشدا گرنگی خۆی هەیە. بۆ ئەوەی بتوانین ئاڕاستەیەکی نوێ بدەین لە گۆڕانێکی نوێی ناوچەکەدا، بە خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا، ئەوە لە بەرچاوبگرین کە لەگەڵ پێشکەوتووترین تەکنیک و تەکنۆلۆجیادا پێشکەوتووترین بزووتنەوەی چینایەتی بەڕێوە بەرین و بەدەست بهێنین. لەبەر ئەوەی لە تەپ و تلان و لەناو تەپووتۆزی ئەم سەردەمەدا وون و خۆلاوی نەبین.

ن.ف. عبدوڵا

15/5/ 2003

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

# -1-

## {هێڵی سیاسی – پراكتیک- له بزوتنەوەكەدا}

ئەگەر ئێمە بەووردی مێژووی ئەم بزووتنەوە بپشكنین، ناوو ناونیشانەكانی وەک بزووتنەوەی چەپ لێكبدەینەوە، و مێژووەكەی بەچاک و خراپی یەوە هەڵبسەنگێنین. بۆمان دەردەكەوێت، كە ئەو مێژووە زیاتر مێژوویەكی جیاواز لە بزووتنەوەی چینی كرێكارو بزاوتنە سیاسی یەكەی ڕاڤەكراوە. هەرچەندە ئەندام گیری و پەیوەستی یان بەو چینەوە هەبێت.

مێژووی ئەم چەپە لە ساڵەكانی بیستی سەدەی رابردووەوە دەست پێ دەكات. بزووتنەوەكەی هەڵئێنجاوی ئامانج و ستراتیژی توێژ گەلێكە، كە جیاوازیان لەگەڵ بزووتنەوەو بەرژەوەندییەكانی چینی كرێكاردا هەیە، و پەیوەستی سیاسەت و داخوازییەكانی وردە بۆرژوازی یە.

لەلایەكی ترەوە بزووتنەوە كرێكارییەكەش زیاترو زیاتر ئاوێزانی بزوتنەوەی سەندیكایی یەو ڕێكخستنەكانیشیان ئامانج و ناوەڕۆكی سیاسەتێكی ریفۆرمی یان هەبووە. واتە ئەو كاتەی كە انتداب هۆشی مرۆڤی ناو كۆمەڵگای عێراقی سانسۆر كردبوو، هەموو تێروانینەكانی ئەو كاتەی مرۆڤەكانی ئەو كۆمەڵگایەی لەژێر كاریگەری ئەو سیاسەتەدا ڕاگرتبوو، ئاوەزی ئەوانیشی پابەندی مەسەلە نیشتمانی یەكان و ڕزگاری لە چنگاڵ و مەینەتی یەكانی كردبوو. سیاسەت و بەرژەوەندی و بەرگرییەكانی بزووتنەوەی چینی كرێكاری لە بۆتەی خواستی نیشتمانیدا دەتوانەوەو، لێكدانەوەكانیشیان لە خزمەتی ئەو ئامانجەدا ڕاڤەیان دەكرد و چەندین شیكاری جۆراو جۆری بۆ دەكراو، بەرگی نیشتمانی بەبەردا دەكرا. دەخرانە سەر ئەو ڕێچكەیەی كە ڕزگاری نیشتمان لە پێشەوەی كارەكاندایە، چونكە بەختیارییە بۆ مرۆڤایەتی. ئەو كاتەی ناوەڕۆكی ئەم بڕواو بۆچوونەو، وە ئێستاش لەسەربێ، زیاتر ناوەڕۆک و ئامانجی بزافێكی بۆرژوازی یانەیە.

سیاسەت و ئامانجی ئەو توێژگەلە، خواست و ئاواتی بۆرژوازی بەناو پێشكەوتنخوازە. هەڵخڕاندنی سیاسەت و ئامانجی ئەو بزووتنەوەیە بەدەوری ناوک و بەرنامەیەكی لەو جۆرەدا، تەنها بەسوود و قازانجی بۆرژوازی دەبێت،

تیایدا ئامانج و ستراتیژی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چینی کرێکار دەخرێتە خوڵگەی ئەو بەرژەوەندیانەوە، ئەمەش زیاتر حیزبی شیوعی عێراقی، هەڵگری پەیامی ئەو ناوەڕۆکەبوو،

لەلایەکی ترەوەو لەپێش ئەو چوارچێوە سیاسی وڕێکخستنەی حیزبی شیوعیدا، چەند کۆمەڵ و لایەنێک هەبوون، کە خۆیان بە ئامانج و ستراتیژی سیاسەتی نیشتمانی و خەباتی نیشتمانی یەوە گرێ خواردبوو.

لەم سۆنگەیەوەو لەم ئاستەدا ئاشێ دوو تێڕوانین هەڵبێنجێنین و یەکێکیان بکەینە دیکۆمێنتی هەڵسەنگاندنەکانمان و ماتریالی زیندووی ئەو کاتەی بزووتنەوەکە بنوێنێت. چونکە لەم ڕێگەیەوە دەگەینە ڕاستی ڕووداوەکان، بەم پێودانگەیان حیزبی شیوعی لەژێر کاریگەری ئەو چەند لایەن و گروپانەدا بووەو، هەموویان پێکەوە لە نەخشە ڕێژی ئەو سیاسەتەدا بەشدارو پرۆسیس کاری بوون. یان بەرنامە ڕێژی حیزبی شیوعی، سیاسەت و پراکتیکی لە دەرەوەی خۆی بۆی گەڵاڵە دەکراو وەک فۆرمێکی ئامادەکراو دەخرانە دەستوورکاری ئەو لایەنەو، بزوتنەوەی چینی کرێکاری پێ لەخشتە دەبران و لەپێناوی ئامانجی وورده بۆرژوازیدا ووردووخاش دەکرا. لە هەردوو بارەکەدا یەک سیاسەت پەیڕەو دەکرا. هەروەها هەریەک لەو لایەنانە بەپێی ئاستی پەیوەندییەکان، لەژێر کاریگەری شۆڕشی 1917ی ڕووسیادا بوون و ئامانج و سیاسەتی دوای شۆڕشی ئەو وولاتەیان لەلا پەسەندو ئامانج بەخش بوو. بەڵام ئەم پاشکۆیەتی یە، کارێکی لێکەوتەوە کە پێک هێنان و سیاسەتی و ستراتیژی حیزبی شیوعی یەکانی کردبووە پاشکۆی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی سیستەمی سۆڤیەتی ئەوکاتە. ئەمانەش هەر هەمووی لە ڕێگەی بەرنامە داڕێژە رانی پەیمانگا ڕۆژهەلاتی یەکەیانەوە پەیوەندیان پێوەدەکرا. ئاڕاستەی سیاسەتی پەیمانگاو ئیش کردنەکانی یان، بۆیان دەبوو بە پەیام و سروشیان لێوەردەگرت. هەروەها ببووە پراکتیکی تیووری پراگماتی یانەی بەرژەوەندییەکانی سیاسەت و ئامانجی سۆڤیەت. چونکە فۆرمی بزاوتنی ئەو حیزبەو بزووتنەوەکەی بەو ئامانجە ئاڕاستە دەکرد، ئەمانەش هەر هەموویان لەڕێگەی بیرمەندە پراگماتی یەکانی ڕۆژهەلات ناسەکانی ئەو پەیمانگایەوە نەخشە ڕێژدەکران. چونکە ئاراستەی سیاسەتی پەیمانگاو ئیش کردن لە سەر ناوەندە کۆمەڵایەتی یە جیاوازەکان، بەپآی بەرژەوەندیەکانی سیستەمی سۆڤیەتی جاران تاوەدەدران.

پاشکۆیی و کاڵ فامی تیۆرییسەنی ئەو حیزبە بزووتنەوەی کرێکاری و چەپگەرایی خستە ئاستی پاشکۆبوونی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی دەرەوەی چینی کرێکار، دەیانوویست لەڕێگەی ڕزگاری بۆرژوازی نیشتمانی یەوە ڕەووشی

ڕزگاری چینی کرێکار بەدەست بهێنن، ئەم سیاسەتی نیشتمانی یە ئاینده بۆ بۆرژوازی ئەڕازاندەوە، لەم ڕێگایەدا، کرێکاران و بزووتنەوەکانی یانی دەکردە پردی پەڕینەوەی بۆرژوازی خۆولاتی، و بەسەرکەوتن گەیاندنیان لەمل ملانێی نێوان خۆیاندا (لە نێوان سەرمایەدارانی ناوچە جیاجیاکان). هەروەها بەرجەستەکردنی ئامانج و بەرژەوەندیە ئابووریەکانی یانی زیاتر فەراهەم دەکرد.

لەم سۆنگەیەوە پێکەوە لکاندنی سیاسەتی نیشتمانی و سیاسەتی ئیمپریالیزمی سۆڤیەتی یان بەرهەم دەهێنا. بەم پآیە بزووتنەوەی چینی کرێکار لەبزاڤی چەپی نیشتمانیدا دەتوایەوە، و بزوتنەوەکەیانیان دەکردە قۆچی قوربانی بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی نیشتمانی. بەرژەوەندی چینایەتی و مێژوویەکانی چینی کرێکاری لەئاستی ڕیفۆرمی ئابووری و خۆ بەدەستەوەدان و دوور لە دەسەلات گرتنەدەستیان ڕادەگرتن. ئەمانە هەموو ئاستی تێڕوانین و هەڵوێست گرتنەکانی چینەکەو بزووتنەوەکەی بە ئاڕاستەیەکی تردا بردووەو، هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەو چینەی کردووە بە پاشکۆی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی و سەرمایەداری و دوورخستنەوەیان لە داخوازییە مێژوویی یانەی ئەو چینەو بزووتنەوەکەی. ئەم بڕواو بۆچوونانەی ئەوان تەنها سیاسەتێکی سۆشیال –شۆڤینی عەرەبی توانی ووردوو خاشی بکات، ئەمەش لەجێگا گرتنەوەی سیاسەت و ستراتیژی حیزبی بەعسدا ئەو کارە بەرجەستەبوو. لەبەر ئەوەی سیاسەت و پراکتیکی ئەو حیزبە نەی دەتوانی لەچوارچێوەی سیاسەت و پراکتیکی حیزبێکی بۆرژوازی واوەتر بچێت. حیزبێک کە ئامانجی دوورو نزیکی نیشتمان و قەوارەی نیشتمان بێت، ناتوانێت سیاسەت و ئامانجی کرێکاران ڕابەری بکات. بەڵکو تەنها بە ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداریدا ئاڕاستە دەکرێت. هەرەوەها تایبەتمەندی پەیوەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سیستەمی عێراقی ئەو کاتەش لەبەرچاوبگرین، هێشتا ناتوانێت پرۆتستۆی ئەو ڕاستی یە بکات کە حیزبی شیوعی عێراق، ئامانجی دژی ئامانج و خواستی چینی کرێکاربووە. لەبەر ئەوە سیاسەت و داخوازی چینی کرێکار وەک چینی شۆڕشگێڕ، هەر هەموویان پێویستی یان بە سیاسەت و پراکتیکێکی پێچەوانەی ئەو سیاسەت و پراکتیکیەی حیزبی شیوعی هەبوو. چونکە ناکرێت بەپێودانگی ئەوەی کەسیستەمی انتداب و دواتر پاشایەتی، پێویستیان جارێک بە ڕزگاری نیشتمانی هەیەو لەوەی دواتریشدا پێویستی یان بە دامەزراندنی دەوڵەتی کۆماری هەیە، هەموو ئەو بەکارهێنانانە لەپێناوی ئەوەی ناوەڕۆکی بزووتنەوەکەی بۆ بکەین بە قوربان و لە چوارچێوەی بزووتنەوەی بنەڕەتی و واقعی و مێژوویی خۆی دەری بهێنێت.

**هەروەها بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ووتەزای جۆراو جۆر بە بەرگی سیاسی بۆرژوازی و نیشتمانی بۆرژوازی بە بەردابکەیت و بەئامانجی دوورو نزیکی ئەو چینەی لە قەڵەم بدەیت.**

**بێگومان ئەو کارانەی حیزبی شیوعی لەڕابردوووداو بەپآی کاریگەرییەکانی لەناو چینی کرێکاردا، دەووریان لەسەر ئاڕاستە گۆڕینی بزووتنەوەکە هەبووە. چونکە بەش بەحاڵی کارو فرمانەکانیان ئەندامی یان لەناو چینی کرێکاری عێراقدا هەبووە، هەروەها ڕەوشی ئەو کاتەش هۆیەکی کاریگەرتر بووە لەسەر زیادبوونی ئەندامیان. ئێمە بڕوامان وایە کە ئەو کاتەش سیستەمی سەرمایەداری و سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی گەراو مێرووی مشەخۆری خۆی لەسەر وولآتانی تر دادەناو ئەو ناوەندەی دەکرد بە ناوەندی گونجاو بۆ گەشەی مشەخۆرییەکانی سەرمایەی گەورەو مۆنۆپۆلەکانیان. چونکە بەجۆرە جیاوازەکانی جەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کەلتوری جەنگی دەکردیت و، ئاڕاستەی خەبات و تێکۆشانی واقعی لە چینی کرێکارو ڕۆشنبیرەکان وون دەکرد.**

**بەم پێ یە پێویستی ڕزگاربوونی چینی کرێکاری عێراق لە دەستی سیاسەت و سیاسەتی مۆنۆپۆڵی ئیمپریالیزمی جیهانی، دەبێت سیاسەتی ڕزگاریش بێت لەدەست بۆرژوازیء سەرمایەداری ناوخۆ. بەڵام ئەمە فۆرمی کارگوزاری حیزبی شیوعی و سیاسەتەکانی ئەو نەبوون، بەڵکو خواستە نیشتمانی یەکان و لێکدانەوە ڕۆژهەڵاتی یەکان، بزاڤی بزووتنەوەکەیان بە ئاڕاستەی چەواشەکردندا بردوو لە ناوکی بزووتنەوە بنەڕەتی یەکانی خۆی دوورخستەوەو کردنی بە قۆچی قوربانی سیاسەتی و بەرژەوەندییەکانی ئەو پەیوەندیانەی کە ڕەنگ ڕێژکردنی یان بەپێی ئەوەی لەسەرەوە لەگەڵ پەیمانگای ڕۆژهەڵاتدا دایان دەڕشت .**

**ئەوانەی لەسەرەوە باسم کردن، هێڵێکی سیاسی-پراکتیک کردنی ناوەڕۆکی میتۆدی و ئایدیای لێکدانەوەکانی حیزبی شیوعی بوون. هەروەها ئەم هێڵە نەیتوانیوە لە ئێستادا گەشە لەناو نەوەی نوێدا بکات. بەڵکو گەشەکردووەکەی تەنها بەندە بە زیندوومانەوەی ئەندامە کۆنەکانی یانەوە. واتە گەشەی ئەم حیزبە لەگەڵ پیری و بەساڵاچوونی ئەندامەکانی دا هاووجووتە. لەلایەکی ترەوە ئەو داخوازی یانەی کە ئەم حیزبە لەکۆن و ئێستادا هەیان بووە حیزبی سۆشیال سۆڤێنیستی-عەرەب توانی هەموو ئامانج و داخوازی و سیاسەت و ئەرکەکانی جێ بەجێ بکات و کۆنەپەرسترین دەستوورو یاساش بەپێی گەشەی سەرمایەداری و پێویستی ئەو گەشەیە بۆ کۆمەڵگای عێراق ڕەنگ ڕێژبکات.**

له دوایدا زەمەن تێ پەڕی كردو كات نزیك بووەوە لەسەدەی بیست و یەك. له كوردستانی عێراقدا، باڵێك بەناوی چەپ و چەپی نەتەوەیی یەوە سەری لەقۆزاغەی خۆی دەرهێنا. بەڵام هەر زۆر زوو تیری عەشقی نەتەوە پێ كای ودڵداری بە وەفای نەتەوەكەی بوو. زۆر زوو دەستی لێكدانەوەو داڕشتنەكانی بەپێی وورده بۆرژوازی كۆمپرادۆر، سیاسەت و بەرژەوەندییەكانی ئاڕاستەدەكرد، زۆریش ئاواتەخوازی ڕزگاری ئەو بەشەی بۆرژوازی بوو، لەژێر نەیرو ڕەحمەتی بۆرژوازی سەردەستە. جارێكی تریش ووتەكان و نووسینەكان و تێڕوانینەكان چوونە خانەی مەسەلەو سیاسەتێكەوە، نەی ئەتوانی یەك هێڵی سیاسی پراكتیكیش، لەسەر ئاستی ناوچەكە درێژە پێ بدەن و بەپاَی سیاسەتێكی ئۆپۆرتۆنیستانە مامەڵەی سیاسەتیان كرد. چونكە ئەو فۆرمە زۆر زوو لەگەڵ كاریگەری ڕووداوەكان و بەرژەوەندییە كاتی یەكانی یاندا دەگۆڕا. ئەم باڵەش بەپێی بەرژەوەندی سیاسی و ناوچەكە به سانایی له قۆزاغەكەی دا گەشەی كردوو ئەو مێرووەی لێ دەرچوو بە تەواوی بینیمان، دوا سووڕی ژیانی ئەمێستا بەسەردەبات.

ئەو بزاڤە لە ژیاندابوو، كۆمەڵێك له چەپی كوردستانی، دروست بوونی ناو هەل و مەرجی ڕابردوو خەریكی بەسەربردنی گوزەرانی خۆیبوو، هەروەها وورده وودەو زیاتر دەكەوتە ژێر كاریگەری سیاسەت و میتۆدی چەپی كوردستانی ئێران و دواتریش چەپی ئێران یان لەسەر بوو. بەتێزی ئەو میتۆدەیان پراكتیك دەكرد، و ببووە هووشیاریان، ئەوانیش كەوتنە داوی عەشقی ئەو لێكدانەوانەوە، ئەم هەڵوێستەش چەپ بێ پرسیار پرۆسیسی دەكرد. توێژینەوەیان لەسەر سیاسەت و ئامانجەكانی ئەوان بەجێ نەدەهێنا. نە هەڵسەنگاندنیان لەسەر واقع دەكردو نە لێكدانەوەیەكی ماددی دیالێكتیكی یان بۆ دەكرد، هەل و مەرجی مشخسی و گشتی یان نەدەبینی. ئەو تێزانەی ئەوان، ببووە سیاسەت و پراكتیكی ئەم چەپە.

هەروەها پلەی پەیوەندی گرتنیان بە جۆرێك بوو كە كوێر كوێرانە، بڕیاریان دەداو پەیوەست دەبوون بە هەمان تێزی سیاسی و هزرییەوەو دووبارەی هەمان تێز دەبووە سەرچاوەی داڕشتنی هێڵی سیاسی –پراكتیكی یان- ئەم جۆرە پەیوەندییانە مۆراڵی سیاسی چەپی ئێرەی بە بەردەوامی خستبووە پاشكۆی سیاسی خۆیەوەو، چاوەڕێی كردبوو بۆ ئەوەی سروشی خۆیانی پێ بگەیەنێت. هەروەها هاووردەی بڕواو بۆچوونەكانی یان، لەڕێگەی گوێڕایەڵی و پابەندی كوێرانەوە جێ بەجێ دەكرا. ئەم چەپە لە پلەیەك دابوو كە زۆر دووگماتیستانە سیاسەت و ئامانجی میتۆدی ئەوانی جێ بەجێ دەكرد. هەروەها بەڕێوەبردنی هێڵی سیاسی-پراكتیكی، لەسەر ڕیتمی ستراتیژو سیاسەتی ئەوی دی بنیات

دەنران.  ئەو ستراتیژانەش نەدەربڕی ئامانجی کۆتایی شۆڕشی کریکارییەو نە دەتوانریت سوودو قازانجی شوڕشیشی تیادا بیت.  چونکە هیڵی سیاسی پراکتیکی لەسەر بنەڕەتی پیشەوە چوونی بەرژەوەندییەکانی چینی کریکاربنیات نەنراوە. لەبەر ئەوە دەبیت ئیمە هیڵی سیاسی پراکتیکی بزووتنەوەی چینی کریکار بەپێی بەرژەوەندییەکانی چینی کریکاری جیهان و ناوچەکە پرۆسیس بکەین و لەسەر زەمینی عەینی سیاسەت و ئامانجەکانی پرۆلیتاریای لە ستراتیژو ریکخستنیدا بەرجەستە بکەین.  واتە دەبیت ڕەووشی بزووتنەوەی ناوچەکەو جیهان،  لەبەر چاوبگرین و لەو ئامانجە میژوویی یەوە سیاسەت و پراکتیکمان بە ئاڕاستەی ستراتیژی بزووتنەوەی چینی کریکارو بە ئاڕاستەی میژوویی داخوازی یەکانیدا  ئاڕاستەی پیبگرین. هەروەها ناکریت بزووتنەوەی چینی کریکار لە بۆتەی ڕیفۆرم خوازیدا بتووینینەوەو چاو لە ستراتیژی میژوویی ئەو چینە نەکەین.

بەم پیودانگە، ناکریت وابزانریت، ڕیفۆرم ئەتوانیت بە ئەزموون بۆ کریکارانی بسەلمینیت کە داخوازی هەنووکەییەکانیان و جێ بەجێ کردنیان  دەبیتە هۆیەکی بنەڕەتی دروست بوونی هووشیاری چینایەتی و میژوویی، لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری.  هەروەها میژووش سەلماندوویەتی کە ئەو پرۆسەیەو جێ بەجێ کردنی ئامانجی بەدەست هینانی هووشیاری نابیت.

هەتا ئیستا ئەوەی کە گرنگە لە پرۆسەی سیاسەت کردندا، هووشیاری گەیاندن بەچینی کریکار ئەرکی هەموو ڕۆژیکی کۆمۆنیستەکان و حیزبەکانیانە.  چونکە هووشیاری واتای ئاگادارکردنەوەی ئەو چینەیە لە خەبات و هەوڵەکانی لەپیناوی چی دایە!  هەروەها پەیوەندی ئەو چینە بە سیستەمی ئیستاوەو دەوورو کاریگەری ئەو چینە لە میژووداو ئەرکی سەرشانی لەئیستادا چی یە؟  جێ بەجێ  کردنیان چ پەیوەندییەکی بە میژووەوە هەیە.  هەروەها لە سبەی ڕۆژی دەسەڵاتیدا،  چ ئەرکیک دەکەویتە سەرشانی و چۆن ئەو پەیوەندییە سیاسی یە دەگۆڕیت و دەبیتە هۆیەکی کاریگەر لەسەر نەمانی چینەکان.!  هەروەها ئاگایی لەسەر ئەوە دەبیت کە پەیوەندی لەگەڵ چین و توویژگەلەکانی تردا چۆن دەبیت و چۆن چۆنایی تەوق و زریێ چینایەتی تیکدەشکینیت. لەلایەکی ترەوە هووشیاری دەتوانیت مامەڵەی چینی کریکار لەگەڵ بەدەست هاتووە ڕیفۆرمی یەکان دروست ڕابگریت و زۆر بەرهەم دارانە پراکسیسی بکات.   ئەو کاتە دەزانیت کە ئامانجی گەورەی ئەو چینە ڕیفۆرم نی یەو سەرمایەداریش ناتوانیت لەڕیگەی چاوبەستن و خۆڵ کردنە چاوییانەوە داخوازییەکانیان پاشەکشە پێ بکات،  و پاسیڤیستی سیاسەتەکانیش

له بزووتنەوەکەیدا تێک دەشکێنێت. هەروەها له دەورانی شۆڕش گێڕی و نا شۆڕشگێڕییەکاندا ئەرک و فەرمانەکانی دەزانێت و بەکارامەیی و لێهاتوویەوە جێ بەجێ یان دەکات.

هێڵی سیاسی-پراکتیکی ڕۆشنی چینی کرێکار، بەنده بە ئاسۆکەیەوە. واتا ئەو ئاسۆیەی کە لە بزاڤی سیاسی دا دووربینی بۆ دەکات، هەروەها خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار چەندە لەپێناوی چوونە پێشەوەی بەرژەوەندی و داخوازییەکانیدایە، ئەو ئاسۆیە لەگەڵ ئاڕاستەی مێژووی خەباتەکەیدا دەگونجێت یان بە باری پێچەوانەدا دەکەوێت ئەگەر ئاڕاستەی ستراتیژی، ئاڕاستەیەکی واقعی زانستی بە خۆیەوە گرت، ئەوا ئامانجی کۆتایی و ئاڕاستەی مێژوویی ڕەوەندی مێژوو بەدەست دەهێنێت.

ناکرێت لە دیفاکتێکی وەک ڕابردووو ئێستای عێراقدا، هەر جارەو لەسەردەمەکاندا ستراتیژێکی جیاواز بنیات بنرێت، چونکە مێژووی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار، لەپێناوی یەک مەبەستی مێژوویی و مرۆڤانەدایە، نە وەکو واقعێکی جیاوازو پێکهاتنێکی جیاواز لە ڕووی گەشەکردن و گەشەنەکردوویی یەوە ئاڕاستەی مەبەستە مێژوویی یەکەی بگۆڕێت. لەبەر ئەوەی مێژووییەکەی و بزووتنەوەی ناو مێژووەکەی لەم سیستەمەدا، یەک ئاڕاستەی مێژوویی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەی ڕووتەختی سیاسەت و تێکۆشانی چینی کرێکار لە سیستەمی سەرمایەداریدا، بەرزی و نزمی خۆیان هەیەو پاشەکشەو پێشڕەفتیان هەیەو سەرکەوتن و شکستیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بەڵام هیچ شتێک لەمانەو، هیچ هەل و مەرجێک ناتوانێت ئاڕاستەی داخوازییەکان بگۆڕێت و یان هەر جارەو ڕیتمێکی ئاواز ڕاڤە بکرێت و ئاوازی جۆر بەجۆر بخوێندرێت. بەم پێودانگە ناکرێت بەهۆی کۆلۆنیالەوە سیاسەتی نیشتمانی بکرێت بە هوشیاری چینایەتی و لایەنێکی گرنگی خەبات و کاریگەری دابنێت لەسەر هەموو لایەنەکانی بزووتنەوەکەو هێڵی سیاسی-پراکتیکی چینی کرێکار بگۆڕێت بەسیاسەتێکی ترو بە ئامانجی چینی کرێکاریش لە قەڵەم بدرێت. یان ئەندامی کرێکاریان لە ڕێکخستنەکانیاندا هۆیەک بێت بۆ خۆڵ کردنە چاوی کرێکاران و مەسەلە هەرە گرنگەکەی خەبات و تێکۆشانی ئەو چینە فەرامۆش بکرێت.

لەلایەکی ترەوە کێشەی نەتەوایەتی کورد بکرێت بە هۆیەک بۆ هووشیارییەکی نەتەوەیی، ئەو تێزەش بکرێت بە بەڵگەی ڕێگەچارەی واقعی. بەڵام ڕێگە چارەی زانستی، ڕەچاوکردنی ئامانجی دوورو نزیکی چینی کرێکار لەبەرچاوبگیرێت و تێزی بزووتنەوەکە و خەباتەکەی و ئامانجی بزووتنەوەکە دەست نیشانی چارەنووسی مێژوویی

چینی کرێکار بکات.  لەبەر ئەمانە هێڵی سیاسی-پراکتیکی بزووتنەوەی چینی کرێکار، لەخواست و ئامانجی ڕەوەندی مێژوویی مرۆڤایەتی یەوە سەرچاوە دەگرێت.

ڕاستە هەلوومەرجی ڕۆژانە پێویستیان بە وەڵامی ڕۆژانە هەیە،  بەڵام دەبێت لەجێ بەجێ کردنیدا ئاسۆی ستراتیژی ببینرێت و خزمەتی ستراتیژی گشتی بکات. چونکە ناکرێت هەموو ڕۆژێکی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەووشەکان بریتی بن لە دووبارەکردنەوەی هەنگاوەکان و نزیک نەبوونەوە لە ئامانج و ستراتیژی مێژوویانەی چینی کرێکار.  دەبێت بزووتنەوەی چینی کرێکار هەموو ئاستەکانی ڕابردوو و ئێستای خۆی تێپەڕێنێت و هووشیاری سیاسی-هزری خۆی زیاتر بکات و گەشە بە بڵاوبوونەوەی بکات.

بەڵام هەموو هووشیاریەک لەلای چینی کرێکار، ناتوانین بە هووشیارییەکی چینایەتی چینی کرێکاری بزانین، چونکە لەناو ئەو چینەدا چەندین جۆری هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی چینایەتی هەیە.  لەبەر ئەوە جۆری هووشیاری جۆری هەڵوێستەکانیش دەست نیشان دەکات،   هەروەها جۆری تێڕوانینەکان و ئاڕاستەکانیش دەست نیشان دەکرێت. هێڵی سیاسی – پراکتیکی و ئاسۆی بزوتنەوەکە ئاراستە دەکات و دەست نیشان دەکرێت.

لێرەدا دەمەوێت لەسەر بڕواو بۆچوونەکانی (بزووتنەوەی بنیات نانی.....) بەپێی لێکدانەوەو شیکردنەوەکانیان چەندین ڕەخنەو ڕوونکردنەوەی خۆم ڕاڤە بکەم.  چونکە ئەم لایەنەش بەپێی سیاسەتی دوگمایان نەیان توانیوە لە ئامانج و ئاسۆی ڕابردوو تێ پەڕبکەنء ئاڕاستەی سیاسی و ستراتیژی گۆڕاوو جیاواز پرۆسیس بکەن و لە نووسین و گوتارەکانیاندا جێگای بۆ دابنێین.  بەڵام ئەمان بەپێی گووفتاری خۆیان،  سیاسەت و ستراتیژی (حککع) یان وازلێهێناوەو،  پەیڕەو لە سیاسەتێک دەکەن کە جیاوازی بنەڕەتیان هەیە لەگەڵ پێشوویاندا.  لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەردارییان لە (ک.ک) نەکردووە  بە بنەمای جیاوازی سیاسی یان.  کەواتە گووفتارو پراکتیکی یان ناتوانێت ستراتیژو سیاسەتی جیاوازی ناو ڕەوشی ناوچەکە بەیان بکات و میتۆدی (ک.ک) تێ پەڕێنێت.  چونکە پشکنینی تێڕوانینەکان و هەڵوویستە سیاسی یەکانیان،  هەمان ئامانج و سیاسەت بەیان دەکات و پەیوەستی یەکی کوێر کوێرانەی هەیە بە میتۆدۆلۆجی (ک.ک)ی.  لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە سیاسەت و ئامانج و ستراتیژی ئەو میتۆدە لە سیاسەت و ئامانجی خۆیان داماڵرێنن.  چونکە سەرەتای جیابوونەوەیان لە (حککع) و کاتی هەڵسووڕانیان لەناو ئەو حیزبەدا،  هەمان سیاسەت و میتۆدی بزووێنەری هزرو سیاسەتی یان بوو.

بەیانی (احمد معین) لە سەرەتای جیابوونەوەیاندا، لە پێناو هێڵی سیاسی – پراکتیکی یاندا بەهەمان ڕێتم و ئاوازی ئەوان دەنووسێت [طرح خط سیاسي – عملى منسجم ومتكامل مع برنامج الشيوعية العمالية بشأن آلأوضاع خاصة بالعراق بشكل يخدم وحدة الحركة الشيوعية العمالية في العراق و نيل انسجامها و استقلاليتها السياسية و التنظيمية، أي بناء و تشييد حزب الشيوعية العمالية في العراق و التجاوز عملياً على التقاليد و ألتصورات و الممارسات التي شابث حياة الحزب الشيوعي العمالي العراقي منذ تآسيسة و آعاقت تحوله الى حزب الشيوعية العمالية فى العراق و آبقته اسيراً للتصورات و التقاليد الايديولوجية و الذهنية و الفئوية ... (ص4-الأوضاع السياسية في العراق، الشيوعية العمالية و الحزب الشيوعي العمالي العراقى-تقيم و استنتاجات- احمد معين-آب 1998]. ئەم پەرەگرافە، زهنی گەرایی نووسەرەکەی دەردەخات، چونکە دیدگای پێشووتری و ئێستاش خەیاڵی یەو لەگەڵ ناوەرۆکی پەیوەندی یەکاندا پەیوەندی یان نی یە. لەبەر ئەوەی (ک.ک)ی هەمان میتۆدی بیرکردنەوەیەو، هەمان ئاستی جیهان بینی یان هەیە. لەڕابردوو ئێستادا ئەو دیدگایەک و شیکارییەکی ڕۆشنیان لەسەر ڕەووشی عێراق و ناوچەکەو کوردستان نی یە. ئەمانیش هەمان تێزیان لەسەر ڕەووشی بزووتنەوەکە هەیەو بەهەمان فۆرمی تیۆری و بەهەمان میتۆد جیهان و دەووروپشتیان دەخوێننەوە.

بەڵام بۆ جیاوازی پراکتیک و سیاسەتکردن، پێویستی بە میتۆدو هزری جیاواز هەیە. بەم پێودانگە کاتێک (احمد معین) و دەستەکەیان هەمان میتۆدی ڕابردوو ڕاڤەدەکەن و دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە هەڵوێستی سیاسی و چینایەتی بگرن، تەنها لەخەون و خەیاڵدا جێگایان دەبێتەوە، ئەگینا لەسەر ئاستی پرۆسیس کردنی لەواقعی عەینیدا، پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی جیاوازی نی یە. لەبەر ئەوە ناتوانێت ئامانجی سیاسی ڕابردوو تێ پەڕێنێت، بەڵکو دووبارەکردنەوەی هەمان میتۆدە، لەژێر ناوێکی تردا.

بۆ جێ بەجێ کردنی هێڵی سیاسی-پراکتیکی گونجاوو زانستی، دەبێت لەسەرەتادا ڕەووشی کۆمەڵگا درک بکەین و ئاست و ئاڕاستەی بزووتنەوە بدۆزینەوەو پەیوەندییە چینایەتی یەکان درک بکەین. بەم پێ یەو لەڕێگای درکی واقعی یەوە پلانی گونجاوی زانستی لەگەڵ بەرژەوەندی سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا دابرێژین. هەروەها سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانەی زانستی لەگەڵ خەباتی و بزووتنەوەکەیدا هەڵبپێکین. ئەوان نەیان توانیوە لێکدانەوەی ڕەووشی بزووتنەوەکە بکەن و سیستەمی سەرمایەداری لەعێراق و ماتریالی بنەڕەتی پێکهێنانی سیستەم و

ئاستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی یەکەی لەناویدا ببینین. لەبەرامبەردا هەڵوێستی سیاسی و پراکتیکی چینایەتی چینی کرێکار دەستنیشان بکەین، و بەکردەوە پرۆسیسی ئەو ئامانجە بکەین. واتە ئەوان ئەم ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، بەڵکو دووبارەی هەمان هێڵی سیاسی-پراکتیکی دەکەنەوە.

بەڵام ئەوان پێیان وایە کە بەو هەڵوێستە ناهەڵوێستەیان، جیاوازیان لەگەڵ ئەواندا نیشان داوە، ئەمە تەنها بەکارهێنانێکی ئاوەزییەو هیچی تر. لەبەر ئەوەی تەنها لەچوارچێوەی ووتەزادا دەمێنیتەوەو جیاوازی پێک ناهێنن. لەبەر ئەوەی ڕەخنە لە مێتۆدی پێشووتر لە پرۆسەی قسەو باسەکانیاندا بوونیان نی یە. لەبەر ئەوەی نە لەباری ئایدۆلۆژییەو نە لەباری سیاسی و هزری یەوە هەڵوێستی جیاوازی یان نەگرتووە. هەروەها نەیانتوانیوە لە هەموو ئاساتەکانی سیاسی و پراکتیکی ڕابردووی بزووتنەوەکەیاندا ئەرکی گۆڕان تێ پەڕاندن جێ بەجێ بکەن. لەبەر ئەوەی ئەم کردەیە پێویستی یان بە گۆڕانی بەرنامەو ستراتیژی ڕابردوو هەیە. بەڵام ئەمان هەمان بەرنامەی ڕابردوو بەرنامەی دوای جیابوونەوەیان بوو. لەم سۆنگەیەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پێویستیان بە فۆرمێکی جیاوازو گۆڕاوی ڕابردوو هەیە. تابتوانێت سیاسەت و پراکتیکی جیاواز پراکسیس بکات. هەروەها پێویستی یان بە سەرخەتی هزری و تیۆری و ئایدۆلۆژی زانستی هەیە. دەبێت لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەکان، لە تێڕوانین و جیهان بینی ماتریالیستی دیالێکتیکی یەوە سەرچاوە بگرێت و بە ئاوەزێکی زانستی یەوە واقعی عەینی ببینین و هەڵبسەنگێنین، تا لە ڕەووشی عەینیدا نەتوێینەوە.

تیۆری زانستی مارکسیزم و کۆمۆنیزمی زانستی، تەنها هێڵی سیاسی-پراکتیکی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار ڕێنوێنی و ڕابەری دەکات. هەروەها تاکە میتۆدە کە لەتوانایدایە ئاڕاستەی زانستی بزووتنەوەی چینی کرێکار، بە ئاڕاستەی ڕاست و مێژوویی یانەی ببات. چونکە تیۆور و فەلسەفەی میتۆدەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندی چینی کرێکارو بزووتنەوەکەیەتی. لە هەناوی خۆیدا فەلسەفەی ڕزگاری چینی کرێکارو مرۆڤایەتی یە. جیهان بینی مارکسیزم ڕوونکردنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دوو چینی ناو کۆمەڵگای سەرمایەدارییە.. ڕوونکردنەوەی سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی یەو سیستەمی پەیوەندی کاری بەکرێ و سەرمایە ڕەت دەکاتەوەو هەروەها بۆ لەناوچوونی ئەو سیستەمەش ئەرکی سەرشانی کرێکاری ڕوونکردۆتەوەو دەست نیشانی ئاسۆی خەباتەکەشی کردووە.

لەدیدگایەکی مارکسیستی یەوە کۆمەڵگای عێراق و کوردستان، گەشەو دواکەوتوویەکەی ڕوونیان نەکردووەتەوە. چونکە تەنها گەمارۆی ئابووری سیاسەتی برسی کردنی خەڵک بێت ناتوانێت ئەم لێکدانەوەیە ڕازیمان بکات. چونکە گەمارۆی ئابووری لەڕێگەی داڕوخانی ژێرخانی ئابووری سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی عێراق و کوردستان، کاریگەری یان لەسەر ڕەووتی جێ بەجێ کردنی شۆڕش هەیەو دابڕانی چینی کرێکار لەهۆیەکانی بەرهەمهێنان، دابڕانی توانا سیاسی یەکانی ئەو چینەیە لەبەرامبەر سەرمایەداری و سیستەمەکەیدا. واتە شکستی ڕووبەڕووی خەباتی ڕۆژانەو هەروەها شۆڕشی کرێکاریش کردووە. چونکە وادێنە بەرچاو کە دەڵێیت دەست و پێی ئەو چینەی بەستووە. هەموو ئەو کاریگەرییانە پێویستە چینی کرێکاری لێ ئاگادار بکرێتەوەو، بزانێت ڕەووشی ئێستای بزووتنەوەکەی لەچ ئاستێکدایە. لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە هێڵێکی سیاسی-پراکتیکی ڕۆشن و شۆڕشگێڕانە بەدەربخەیت و بتوانیت ئاستی ئەمێستای بزووتنەوەکەی تێ پەڕێنێت. هەروەها ئاستەکان ئەگەرچی خراپ بوون یان ئاستێکی کەم تازۆر باشیان هەبوو، دەبێت بەرەو ئاستێکی ئامانج داریان بەرین. بێگومان ڕەوشی ئێستای بزووتنەوەی چینی کرێکار لەئاستێکی زۆر خراپ و نزمدایە.

هەوڵەکان بۆ باشترکردنی ڕەووشی بزووتنەوەکە دەبێت لەپاڵ داواکارییە ڕۆژانەیی یەکانی چینی کرێکاردا، هێڵی هووشیارکردنەوەی چینی کرێکار بۆئاسۆی ڕابکێشین. بارگاویبوونی ئاوەزی چینی کرێکار، بەهێڵە فەلسەفی و تیورییەکانی مارکسیزم، هۆیەکی گەورەیە بۆ چوونە پێشەوەی هووشیاری سیاسی چینایەتی ئەو چینەو ڕابەرایەتی کردنی بزووتنەوەکەیەتی بەشێوەو کردارێکی زانستی یانە. هەروەها ئەو هووشیاریەش دەست نیشانی گەشەو بڵاوبوونەوەی دیدگایەکی کۆمۆنیستی زانستی و نەشونماکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی یە لە ناویاندا. واتە هەتا بارگاوی بوونەکە زۆرترین چڕی هەبێت و زۆرترین ماتریالی کرێکاری بگرێتەوە، ئەوا ئاسۆی خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەو دەست نیشان کردنی ستراتیژی شۆڕش و بەدەست هێنانی گەشەدارتر دەبێت. کەواتە بۆ تێپەڕاندنی هەل و مەرجی ڕابردووی ئەندامانی جیابووەوە لە (حككع) دەبێت میتۆدی ڕابردوو پرۆتستۆ بکەن و لە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی دابماڵرێنن. چونکە ناکرێت بەهەمان میتۆدەوە، هێڵی سیاسی-پراکتیکی جیاواز بنیات بنێت.

سیاسەتی پۆزش هێنانەوە بۆ جێ بەجێ نەکردنی ئاسۆی سیاسی (ک.ک)ی لەلایەن (احمد معین) و دەستەکەیانەوە، ناتوانێت ئامانجی ڕۆشن و زیندووی بزووتنەوەکە بێت. چونکە ناکرێت وا بیژیت کە (ک.ک)ی (حککع) نەیتوانیوە ئامانجی سیاسی-پراکتیکی ڕۆشن بخاتە بەردەم بزووتنەوەکەوە. بیژیت من ئەو سیاسەتە دەگونجێنم و سیاسەتێکی تر بەرجەستە دەکەین. کاتێک ئەوە جێ بەجێ دەبێت کە بەرهەمی هەمان بەرهەمهێنانت نەبێت. یان بەهەمان میکانیکیەت ئیش نەکەیت و هەمان میتۆد چەرخی هەڵسووڕانت نەبێت. تەنها بیژانێکی لەو جۆرە لەلای ئایدیالیستەکان هەیە کە پێی وایە بەرنامە نەگۆڕێت و هێلی سیاسی پراکتیکی دەگۆڕێت. چونکە گۆڕانەکان تەنها لەڕێی دەربڕینی ئاوەزەوە نی یە بەڵکو گۆڕانەکان وەک گۆڕانی ماددی گۆڕانێکی جەوهەری دەوێت. ناشکرێت تەنها لەڕێگەی ئاوەزێکی ڕاسیۆنالیستی یانەوە، گۆڕانەکانی خۆت بەیان بکەیت.

لەلایەکی ترەوە هێڵی سیاسی-پراکتیک و ڕەوەندێکی خود بەخودی، تەنها لە بزووتنەوەیەکی خود بەخودیدا جێگای هەیە. هەوڵدانی (ئەمحمد معین) و دەستەکەیان لەپێناوی دامەزراندنی هێڵێکی سیاسی-پراکتیکی بۆ دامەزراندن و جێگرتنەوەی (حککع) بەحیزبێکی تری (حککع). لەگەڵ ئەمانەشدا هەمان بەرنامە هەمان میتۆد و ڕێنوێنی دامەزراندنی حیزبیان بکات. ئەم هەوڵەش زۆر ئایدیالیستانەیەو ئەوان خەونی پێوە دەبینن. بێگومان هەموو ئەو هەوڵانەی ئەوان کە دەیانەوێت بەرجەستەی بکەن لە کردارییاندا، تەنها سیاسەتی پێ کوتەیە لە شوێنی خۆدا. چونکە هەوڵەکان سەرەتا لەڕەخنەی میتۆدی هزری ئەو فەلسەفەیەوە دەستیان پێ نەکردووە کە لە ڕابردوودا پیانەوە لکابوون. واتە دەبێت لە سیاسەت و ئامانجی (ک.ک)ی تێپەڕبکات بۆ ئەوەی بتوانێت لەهێڵی سیاسی-پراکتیکی ڕابردووش دابپڕێت. لەلای ئەوان وارەچاو دەکرێت (حککع) کەموو کوڕی هەیە، لەجێ بەجێ کردنی سیاسەت و ئامانجی (ک.ک)دا. لەبەر ئەوە دەیانەوێت هەمان میتۆدی (ک.ک)ی بەدەستەوە بگرن بۆ پێکهێنانی (حککع)ییەکی تر و هێڵێکی سیاسی-پراکتیکی تر دروست بکەن، ئەو بەڵگانەی ئەوان کە لەسەرەوە باسم کردن و لە پەرەگرافەکەی (احمد معین)یشدا بەڕوونی دیارە، بەڵگەی بێ بەڵگەیین و بەهانەی بێ ناوەڕۆکی خۆ جیاکردنەوەیە. جیابوونەوەی کۆمەڵێک لە حیزبێک و لە دەرەوە کارکردن بە بەرنامەو ڕیتمی هەمان سیاسەتی حیزبی پێشوو، بێجگە لە سیاسەتی دەستەچێتی هیچی تر نی یە. چونکە هەتا ئەو کاتەش و دەرکردنی زیاتر لە (دە) ژمارەی ڕۆژنامەی (پەیامی کۆمۆنیزم)، بەهەمان میتۆد جیهانیان ئەبینی. ئەو کارەشیان بەرەنجامی دەستەچێتی

یان بوو، هەڵوێستێکی ڕاسیۆنالیستانەش بوو چونکە جیای یە تیۆری و هزری و سیاسی یەکان، دیکۆمێنتی جیاوازبوون نەبوون.

هەموو ئەو کردەوانەی کە جێ بەجێ یان کردووە، کردەیەکی سیاسیانەیە لەبەر ئەوەی هەموو کردارێک لە دەرەوە یان ناو بزووتنەوەکەدا، بۆ خۆی بەرەنجامی بەرژەوەندی و خواستی چینێک یان توێژگەلێکە. چونکە بیڕان و هەڵسووکەوت کردن بەناوی بزووتنەوەی چینی کرێکارو کۆمۆنیستی یەوە، لەڕێگەی سەرخەت و هزری و بەرژەوەندییەکانی ناو میتۆدەکەیەوە دەست نیشان دەکرێت بەوەی کە پەیوەستە بەو بزووتنەوەیەوە یان بەناوی ئەو بزووتنەوەیەوە دژایەتی ڕەووتی مێژووی ئەو بزووتنەوەیە دەکات. بەم پێودانگە (بزووتنەوەی بنیاتنانی...) یان (ئەحمد معین) هێڵێکی سیاسی-پراکتیکی وورده بۆرژوازی یانەیان گرتووەتە بەرو سەرخەت و بزاڤی ڕەهەندەکەیان پێچەوانەی خواست و ئامانجی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی یە.

لەهەمان سەرچاوەدا، (احمد معین) دەنووسێت: [ ان قضية المادة بناء وحدة آلحركة الشيوعية العمالية في العراق مرهونة اليوم بالقيام بمهمتين اساسيتين على الاقل:

(1)طرح رؤية وافق سياسى تجاه الاوضاح السياسية في العراق بكليته يتضمن رداً و بديلاً للحركة الشيوعية العمالية تجاه الاوضاع القائمة بحيث يمكن استنتاج شتى المهام الفورية والشعارات النضالية في شتى ميادين الصراع الطبقي والسياسي منها.

(2)طرح تقييم سياسى و مراجعة شاملة و معمقة لوضع الحركة الشيوعية العمالية و استنباط الاسس و القواعد الاساسية التي يمكن عليها بناء حزب الشيوعية العمالية في العراق آي استكمال عملية تحزب الشيوعية العمالية في العراق ان تحقيق المهمتين المذكورة تمر عبر بحپ الاوضاع السياسية في العراق و تلمس اسبابها الاصلية ونقد و فضح البدائل المختلفة للبرجوازية المحلية والأقليمية والعالمية فيما يخص العراق و رؤيه واقع و مكانة الحركة العمالية في خضم رؤيه شاملة للمجتمع العراقي ضمن الأوضاع العالمية الراهنة. (ص4. الأوضاع السياسية في العراق، الشيوعية العمالية.. (احمد معين) آب1998]. ئەم پەرەگرافەی کە لەبەر دەستدایە، ئەوەی باس کردووە کە دروست بوونی حیزب و یەکگرتنەوەی ئەو بزووتنەوەیە، پابەندی دوو خاڵەکەی ناو پەرەگرافەکەیە. لە بنەڕەتدا جیاوازییەکی قووڵی هەیە لەگەڵ چۆنیەتی پێکهێنان و پێکهاتەی حیزبدا. لەبەر ئەوەی ئاسۆ سیاسی

یەکان پابەندی ڕێڕەوە تیۆری یەکانە. هەروەها ڕێڕەوەتیۆوری یە جیاوازەکان، دەربڕی سیاسەت و ئامانجی چینە جیاوازەکانە. هەروەها ئاسۆی سیاسی یەکان هەڵێنجاوی ڕێڕەوە تیۆری یەکانە. ئەگەر لەبەرنامەو میتۆدو تیۆری (ک.ک)ی ووردببیتەوە و لایەنەکانی بەگشتی هەڵبسەنگێنیت ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی وورده بۆرژوازی یانەت بۆ دەردەکەوێت. بەم پێودانگە خەسڵەتی ڕێڕەوەکەیان، ئامانج و سیاسەتێکی وورده بۆرژوازی یانەیان هەیە. چونکە بە بەهای لێکدانەوەیەکی وورده بۆرژوازیدا تێ پەڕی کردووەو هەمان میتۆدی (ک.ک)یان بەسەرچاوەی ڕێنوێنی بزووتنەوەکەیاندا کردووە. بەم پێ یە سیاسەت و ئامانجی (احمد معین) و دەستەکەیان، لەگەڵ ئاسۆی سیاسی و ئامانجی (حككع)دا بەپێی سیاسەت و کرداری بەریفۆرم کردنی کۆمەڵگادا ڕێچکەیان گرتووە. هەروەها ئامانجی بەرنامەیی یان بێ خەوشە لەگەڵ ریفۆرمدا. چونکە بەرنامەی ئەم حیزبەو ئەو دەستەیە بەرنامەی سۆشیال-دیموکراتەکانەو پەیرەوەکەشیان هەڵێنجاوی هەمان سیاسەتە.

ئاستی دروشمەکان و ئاسۆکانیان، ئاستێکی نزمی داخوازییەکانیان هەیەو لەگەڵ ڕیفۆڕمی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، یەک ئامانجن. ئاسۆ سیاسی یەکان نەیان توانیوە ڕێچکەی لێکدانەوەو خواستێکی بێ سەرەوبەرە تێ پەڕێنن. هەروەها شیکاریەکانیشیان لەسەر واقعی عەینی، لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار جووت نی یەو ئاسۆی بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە ڕابەری ناکات. چونکە بەپێی چرکەساتەکان، دروشمەکان دەگۆڕێن و ساتی لەدایک بوونی دروشمەکانیان هەمان کاتی مردنی دروشمەکەیە.

ئەم بێئاسۆی یەی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ناڕۆشنی لە لێکدانەوەکان و کاڵ فامی و نەبوونی درکی مارکسیستی و لەلایەکی تر ناوەڕۆکی میتۆدی (ک.ک)یش بەپێی ئاستی پەیوەندی یەکانیان کاریگەری لەسەر بێ ئاسۆییان دارشتووە. لەلایەکی تریشەوە هەڵوویست گرتنی ناکرێکاری یانەو ناکۆمۆنیستی یانە، لەبەرامبەر بزووتنەوەی چینی کرێکار،و پێویستی بە کردارکردنی ئاسۆی ڕێکخستن و داخوازی ئەو چینەیە. لەبەر ئەوە پلاتفۆڕمی ئەو توێژگەلە بە بچووکترین جووڵانی حیزبە بۆرژوازییەکان لەبەین دەچێت و ماکی ماهیەتەکەی خۆی لەدەست دەدات. دروشمێکی ئەوەندە کۆنە پێکهاتێکی نا زانستی و تێکەڵاویان پێکەوە هەیە. وەک بۆشکەیەکی ڕزیوو وایەو بەگڵ گرتبێتیان و بیانەوێت ناوی خەبات و تێکۆشانی تیادا هەڵبگرن.

لەبەر ئەوەی هێڵی سیاسی-پراکتیکیان هەتا بۆ خۆشیان هێڵێکی تەواو سەرلێشێواوە، بۆیە ناتوانێت لە تەنگژەکاندا دەربچێت و قووتی نەدات. هەروەها ناشتوانێت ڕووەو گەشەکردنی ئاسۆی خەبات هەنگاو هەڵبگرێت. بەم پێودانگە دەبێت بەجیاوازی تیۆری و میتۆدی یەوە، ئاسۆی سیاسی جیاواز لە ئاسۆی سیاسی ئەوان بخەینە دەستوورکاری بزووتنەوەکەوە.. لەبەر ئەوەی گۆڕان لە باری تیۆری یەوە دەتوانێت هۆیەکی سەرەکی بێت لە گۆڕانی ئاسۆی سیاسی ڕابردوودا. چ کات دەتوانرێت حیزبی جیاواز، بە ئاسۆیەکی جیاواز دروست بکرێت! بێگومان بەگۆڕانی هێڵی هزری، سیاسی دەتوانرێت بەرژەوەندی جیاوازی حیزبی و چینایەتی دروست بکرێت.

ئەوە دیماگۆجیەتە کە دەیەوێت ئاسۆیەکی سیاسی و جیاواز لە ئاسۆی سیاسی و حیزبی جیاواز دروست بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، هزری حیزب و بەرنامەکەی نەگۆڕێت. یان بیەوێت لەسەر هەمان ئامانجی ڕابردووی حیزبی جیاوازی چینایەتی دروست بکات. ئەگەر یەک ڕیتم لە دروستکردنی حیزبدا کاریگەربێت. یان پلانی پێکهێنانی حیزب جیاواز نەبێت، حیزبی پێکهاتوو لەگەڵ حیزبی ڕابردوو جیاواز نی یە. بەم پێ یە ئەو کارەی ئەوان لەسەرەتادا دەستیان دابوویە، پەیڕەوێکی دووگماتیستانەی سیاسی و هزری و حیزبی توێژگەلێکی وورده بۆرژوازییە. لەبەر ئەوە هەموو هەوڵەکانیان لەپێناوی تێ پەڕاندنی تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتیاندا ناکام ئەمێننەوە. لەبەر هەمان هۆیە کە هێڵی فکری-سیاسی-پراکتیکیان نەیتوانیوە هەنگاوێک بچێتە پێشەوە و بەرامبەرەکانیشان هەنگاوێک یان نیو هەنگاو پاشەکشە بکات.

نووسینی و قسەو باسەکانی ناو ئەو نووسینەی (احمد معین) لەو پەڕی کاڵ فامی خۆیەوە بەرهەمی هێناوون. نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی ڕۆشن لەسەر پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سیستەمی عێراق و دەوڵەتە جیاوازەکانی بکات. هەروەها ڕەووشی ڕووداوەکان و پەیوەندی چینی کرێکار پێیانەوەو دەوورو کاریگەریەکانیان لەسەر ئەو ڕەووشانەی ڕابردوو ئێستای عێراق چی یە؟! چونکە دەبێت لەڕێگەی ئەو لێکدانەوانەوە ئاسۆی سیاسی-پراکتیکی بخرێتە پرۆسەی خەبات و تێکۆشانی ناو بزووتنەوەی چینی کرێکارەوەو ڕابەرایەتی یان بکات.

کاریگەری یەکانی دەرەوەی عێراق و بەتایبەتی کاریگەری خراپی سیاسەتەکانی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەسەر ئاسۆی بزووتنەوەی چینی کرێکاری عێراق. هەروەها کەم درکی و جیاوازی داخوازی چینایەتی ئەو توێژەی کە دەیویست پێشڕەوایەتی بزووتنەوەی چینی کرێکار بکات و کاریگەرییە خراپەکانی بەسەر ڕەووتی ئەو بزووتنەوەیەوە

هەروەها سیاسەتی جەنگی کەنداو ئاکامە خراپەکانی لەسەر ئیرادەی بزووتنەوەی چینی کرێکار درک نەکراوەو، نەتوانراوە ئەنجامگیری سیاسی یانەیان لە بەرامبەردا بەرجەستە بکرێت و دژی ئەو سیاسەتانە پرۆسەی خەبات و هەوڵەکانی ئەو چینە ببرێتە پێشەوە. (احمد معین) درکی هیچ یەکێک لەوانەی بە تەواوی نەکردووەو، لەو لایەنەوە جارێکی تر پەنای بردووەتە بەر ئەو لێکدانەوەی (مەنسور حیکمەت)، کە لەژێر ناونیشانی (ئەنجامگیری سیاسی و ئایدۆلۆجی جەنگی کەنداو)دا نووسیبووی و لەو دیدگایەوە هەلومەرجی ئەوکاتەی جەنگ و ئاکامە خراپەکانی درک کردووە. هەروەها ئەو تێروانینانە پێ یان دەووترا بەحڵە کانی کۆمۆنیزمی کرێکاری. بەڵام ئەم لێکدانەوەیە ئەنجامگیری هەڵەی لە جەنگی کەنداو هەڵێنجاوە، و نەیتوانیوە کاریگەرییە بەدەکانی لەسەر چینی کرێکارو ئیرادەو تواناکانی لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی خۆیدا درک بکات. واتە بەپێی ئەو سیاسەتی جەنگی کەنداو بێت، کێشەو ململانێکانی سەرمایەداران لەرێگەی خۆیانەوە چارەسەر دەکرێت، و تواناو ئیرادەی چینی کرێکار لە گۆرینی رێرەوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداریدا، هێزێکی کەم کاریگەرو ناتوانایە. ئەمانە یەکێک لە ئاکامە خراپەکانی ئەو سیاسەت و سیاسەتی جەنگی کەنداو بوو. بێجگە لە سیاسەتی ئامانجی سەربازی و ئابووری یەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی کە لە ناوچەکەدا پرۆژەی بۆ دروست کرابوو. ئەمانە هەموویان لەتێروانین و لێکدانەوەکانی (منسور حکمەت) و (احمد معین)دا جێگایان دیارنەبوو. هەروەها درکی سیاسەتێکی وای ئیمپریالیزمی لەجەنگ و جەنگی کەنداودا لە نووسینەکەیاندا پەیرەو نەکرابوو.

لەلایەکی ترەوە نووسەر هەوڵی ئەوەی نەدابوو، باس لە مێژووی پێشینەی جەنگی کەنداو بکات، و رەووشی پێشتری ناوچەکەو سیاسەتەکانی سەرمایەداری ناوچەکەو جیهان لێک نەدرابوونەوە. چونکە باس و خواست کردن لەسەر ئەو لایەنە گرنگی هەیە بۆ دەست نیشانکردنی رەووشی جەنگی کەنداو. چونکە گرنگە فاکتەرو هۆیەکانی جەنگی کەنداوو کاریگەرییەکانی لەسەر بزووتنەوەکە دەستنیشان بکرێت. لەبەر ئەوەی زانستی ئەو لایەنە ئامانجی ئەو جەنگە لەسەرکووت و پاشەکشەکردنی و لە قۆزاغەی متبوون نانی بزووتنەوەکە، کاریگەرییەکی قووڕسی خستووەتە سەر چینی کرێکارو هەروەها ئەرکی سەرشانی کۆمۆنیستەکانی چەندجار گرانتر کردووە.

تێکشکاندنی ئەو سیاسەتانەی ناو جەنگەکانی سەرمایەداری، پێویستیان بە بزووتنەوەیەکی سیاسی زیندوو گەورە هەیە. لەبەر ئەوەی بتوانێت هەنگاونانی، ئاکامەکانی سیاسەتی زیان باری ئەو جەنگە لەسەرشانی سووک و ئاستی

نەمان ببات. بەڵام بزووتنەوەیەکی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەهێزو ئینرژی یەکی گەورەوە لە مەیدانی سیاسی و ململانێ چینایەتی یەکاندا نەبوو، تا بتوانێت بەپراکتیک و سیاسەتێکی ڕۆشنەوە، پێشڕەوایەتی بزووتنەوەکە بکات و، ئامانج و ستراتیژی سیاسەتەکانی جەنگی کەنداو کەم کاریگەر بکات. تا بتوانێت لەدوای جەنگ و لەکاتی جەنگدا ئەو ئاکامە سیاسیانەی جەنگ ناکام بکات و بەرهەمی یان گەورەتر نەبێت بۆ سەرمایەداری و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریش ڕووبەڕووی پاسیڤیست و پاشەکشە نەکات. ئەم فاکتەرەش کاریگەریان لەسەر قەتیسمانی داخوازییەکان و ئامانجە سیاسی و ستراتیژی یەکانی بزووتنەوەکە کردووەو ئاسۆیەکی گەشەدارییان لەبەردەم بزووتنەوەکەدا واڵا نەکردووە. چونکە نەبوونی حیزبی مارکسیستی زانستی چینی کرێکار لە پێش جەنگ و لەکاتی جەنگ و دوای جەنگ لەناو چینی کرێکاری عێراق و لە پێشڕەوایەتی کردنی بزووتنەوەکەدا بوونیان نەبووە. ئەمەش لایەکی گەورەیە لە باڵا نەبوونی داخوازی و پاشەکشە پێ نەکردنی سیاسەتی سەرمایەرداری و ئیمپریالیزمی جیهان لە ناوچەکەدا. هەموو ئەو لایەنانە لەدرک و لێکدانەوەکانی ئەواندا ئامادە نەبوون.

هەموو ئەو باسانەی سەرەوە کە کردوومانە لەسەر جەنگی کەنداو، بووبوونە هۆیەکی گەورەو گران لەسەر دانەمەزراندنی هێڵی سیاسی-پراکتیکی چینی کرێکار لەناو بزووتنەوەکەیاندا. وە یان نەبوونی ئەو هێڵە زانستی یە سیاسی یەی چینی کرێکار لە پراکتیکی سیاسی یانەی خۆیاندا، هۆیەکن بۆ کەم هووشیاری ئەو چینەو، لەلایەکی ترەوە لە ناو هووشیاری و نەبوونی حیزبی سیاسی چینی کرێکارەوە پێکهاتی سیاسی ئەو چینەی بەئاستی کەم توانایی و بێ هێزی ڕاگەیاندووە. ئەم ڕەووشەو ئەو ئاستەی چینی کرێکارو ناسروشتی زیندەوەری بزووتنەوەکە لە قۆزاغەی مت بوونی خۆیدا پێکهاتی بزووتنەوەکەی لە ئاستێکی زۆر نزم دا پێوەردەکرد. بۆ ئەوەی ئەو ڕەووشە لە ژیانی چینی کرێکار پێکنەهاتایە. دەبێت لێکدانەوەیەکی زۆر سیاسی-چینایەتی یانەمان بۆ بکردایە. بەڵام ئەوان لێکدانەوەکانیان دووربوون لە هەڵسەنگاندنی واقعی یانەی ئەو کاتەی ڕەووشەکەو، نەیتوانیبوو هێڵێکی سیاسی-پراکتیکی زانستی یانە دروست بکات، لەجووڵان و بزاوتنی ئەو چینەدا. لەبەر ئەوە نەشیان توانی ڕابەری بزووتنەوەکە بەدەستەوە بگرن. هەروەها ڕابەرایەتیان بۆ داخوازی و ئامانجی وورده بۆرژوازی لە ئەستۆگرتبوو. بەڵام ناونیشانی چینی کرێکارو کۆمۆنیستی، پەردەیەکی ئەستووری شاردنەوەی ئەو ئامانج و سیاسەتانەیان بووە.

(احمد معين) دەیەوێت لە ڕێگەی کۆمەڵێک قسەو قسەڵۆکەوە، شۆکی هزری (ک.ک)ی لاببات، و لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی زهنی یانەوە، جارێکی تر کۆمەڵ و گرووپەکانیان بهێنێتەوە ڕیزی خۆیان، کە بڕوایان بە سەرخەتی ئەو هزرە لەق ببوو. قۆزاغەو دووگمەبوونی هزری یان لە ڕێگەی خۆیەوە تێکبشکێنێت. لەڕێگەی کۆمەڵێک دەستەواژەی دۆگماوە، لێکدانەوەیەکی تر لەسەر حیزب بکات، کە زۆرترینی قسەو باسەکانی لەو نووسینەی خۆیداو ئەو پەرەگرافەی کە هێناومانەتەوە ڕوون و دیارە. بەووتەی خۆی لە ڕێگەی بەحسەکانی (ک.ک)ییەوە دارشتنێکی تر لەسەر (حیزب) دروست دەکات و بەشێوەیەکی تر دەیان بینێت. ئەم بڕوایە هەڵێنجاوی ناو دیماگۆجیەتە چونکە فۆرمی (ک.ک)ی بۆ دروست بوونی حیزب یەک جۆرەو بەیەک دیدگا حیزب دروست دەکات. لەبەر ئەوەی جیهان بینی (ک.ک)ی لەسەر حیزب هەر ئەوەیە کە (حککع)ی لێ پێک هاتووە. واتە ئەگەر سەرخەتی هزری و میتۆدی لە (ک.ک)ی جیاواز نەکەیتەوە، ناتوانیت حیزبی جیاواز پێک بهێنیت. ئەو سیاسەتەی (احمد معین) گرتوویەتەبەر لەو نووسراوەدا، سەرو سیمای سیاسەتێکی دیماگۆجیانەیەو بە پەیڕەوێکی دووگماتیستانەش پرۆسیسی دەکات.

لەلایەکی ترەوە لەهەمان نووسراودا (ئەحمەد معین) دەنووسێت [ ئامادە نەبوونی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی حەقیقی، وەک بزووتنەوەیەکی فکری و سیاسی.] بێگومان ئەم ڕستەیە. لە قسەو باسەکانی (ئەحمەد معین) ڕاستە. بەڵام نەبوونی بڕوا و بۆچونێکی لەو بابەتە، پەیوەندی بەووەوە هەیە، کە مارکسیزم هێڵی هزری ناو بزووتنەوەی چنی کرێکار نەبووە و هووشیارییەکی لەو بابەتەی پەیڕەو نەکردووە. یان بوونی یان زۆر لاواز و کەم توانابووە. بێجگە لەوانە نەبوونی حیزبێکی کۆمۆنیستی زانستی، کە مانیفیستی خۆی لە هزری مارکسیزمەوە دەرکێشابێت و یان پەیڕەوییەکی مارکسیستی یانەی هەبێت. ئەو لایەنەش کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر بڵاوکردنەوەی هووشیاری لەناو چینی کرێکاردا. بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین ئەندامی ئەو چینە هووشیار و پڕ چەکی شۆڕش گێڕانە بێت. ئامادەی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی هەر هێرش و پەلاماردانێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سەرمایەداریببێتەوە. چونکە حیزبی زانستی چینی کرێکار، بزووتنەوەی ڕۆژانە و داخوازییەکانی لە پەرش و بڵاوی دەر دەهێنێت،و ئاسۆی نارەزایەتی و مانگرتنەکانی یان ئامانج دار دەکات و زۆرترین هێزی ئەو چینەی لە دەووری ڕادەگرێت. هەروەها یەک

دەستی خەباتی کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکان پێک دەهێنێت. واتە لایەنی هووشیاری مارکسیستی لایەنێکی بێ هێزبووە، هەروەها ڕێکخراوبوون و ئامانجەکانی بێ هێزبوون.

نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، کە مەسەلەی توندو تیژی و سانسۆری دیکتاتۆریەت لەعێراق، ڕێگری بەردەم گەشەی بزووتنەوەکان بوون. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی زانستی، ئەوە بەشیاو نازانێت کە دواکەوتن و پێشکەوتنی گەشەی بزووتنەوەکە، پابەندی ڕەووشی نۆرماڵ و یان تووندو تیژی بکات. چونکە نابێت ئێمە لە دیکتاتۆریەتدا گەشە نەکەین و لە دەوڵەتە بەناو دیموکراتەکان گەشەمان زیاتر بێت. بەڵام هەردوو بارەکە لە جیهاندا پیشانی داوە ڕەووشی گەشەکان پابەندی ئەو دوو پێکهاتە نی یە. چونکە هەردوو ناوە جیاوازەکە یەک پێکهاتی دەسەڵاتی سانسۆرو تووندو تیژیان هەیە. بەڵام هەر لایەو بەهۆی ئسووڵ و پەیڕەوێکەوە ئەو دەسەڵاتە جێ بەجێ دەکات. هەموو ئەو گەشەیە لە هەردوو بارەکەدا، پابەندی بوونی حیزبێکی مارکسیستی و کۆمۆنیستی زانستی یە. چونکە هۆیەکە بۆ بڵاوکردنەوەی هووشیاری، وە لایەنێکی گرنگی پێکهێنانی هێڵی سیاسی-پراکتیکی بەئاسۆو ڕۆشنە.

بەڵام لەلای (احمد معین) و دەستەکەیان و (حککع)، هیچ لایەنێکی زانستی یان ڕاڤە نەکردووە درکیان لەسەر کەناڵی خەبات و ڕووبەڕوو بوونەوە زۆر بێ هێزە. ڕێچکەی هەوڵ و تێکۆشانی یان بووتە هۆی مت بوون،و بەپێچەوانەی گەشەوە ئاڕاستەی گرتووە. چونکە هێڵی سیاسی-پراکتیکی زیندوو بە ئاسۆیان نی یە. لەبەر ئەوە هێڵی سیاسی-پراکتیکی بە سیاسەت و ئامانجێکی ڕوونەوە، هووشیاری چینی کرێکار و خۆش خەیاڵ بوونیان بە ئیمپریالیزم و سیاسەتەکانیان لەبەین دەبات. هەوەرها هووشیاریان بۆ زیادکردنی ئینرژی خەبات و تێکۆشانیان لەپێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرمایەداری و لەجێگایدا دانانی دەسەڵاتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕو جێ بەجێ کردنی ئامانج و ستراتیژی ئەو دەسەڵاتە بەشێوەیەکی زۆر زانستی یانە. لەلایەکی ترەوە ئەو ئاوەزە لەبەین دەبات کە گۆڕانی دەسەڵاتی سەرمایەداری لە کەلەسەرێکەوە بۆ کەلەسەرێکی تری سەرمایەداری پێی دڵخۆش بێت و چەپڵەی سەرکەوتنی بۆ بتەقێنێ. هەروەها دەزانێت لە دوو جۆری ناونیشانەکانی سەرمایەداریدا هێزو تواناکانی چۆن دەخاتە گەڕ لەپێناوی هووشیاری زیاتری چینایەتی یان و پەیڕەوکردنی هەڵسووکەوتێکی چینایەتی یانە، لەپێناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتی چینایەتی..

ئەوانەی سەرەوە  کە باسوو خواستمان لەسەر کردوون، هیچ کاتێک پەیڕونەکراون لەلایەن (احمد معین) و دەستەکەیان و (حككع). لەبەر ئەوەی سیاسەت و پراکتیکی خود بەخودی کرێکارانیان زۆر گەورە لەقەڵەم داوە.

(ئەحمەد معین) لە هەمان نووسراودا، گەواهی لەسەر تیۆروانینە ڕاسیونالیستی یەکانی خۆیان دەدات و دەنووسێت: [ ان القوة والقاعدة الأجتماعية و المادية والطبقية للشيوعية العمالية تمكن وترتبط مباشرة بدرجة الأستعداد الأجتماعي و الفكري والسياسي للطبقة العاملة. (ص18. الأوضاع السياسية في العراق، الشيوعية العمالية... احمد معين. آب 1998)]. ئەم دیدگایەی ئەم پەرەگراڤە بۆ (ک.ک) ڕاست و دروستن. بەڵام ئێمە لەپێشەوە باسمان کرد، کە چینی کرێکاری عێراق و کوردستان، هۆشیاریان لە ئاستێکی زۆر نزم و هەتا ئاستی نەبوون دایە. لەبەر ئەوە پێگەیاندنی هوشیاری سیاسی، پەیوەندی بە پەیوەندی کردنی کۆمۆنیستە زانستی یەکانەوە هەیە. چونکە ئەو ئەندامانە بەرژەوەندی جیاوازیان لەگەڵ چینی کرێکاردانی یە،و هەروەها سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی هوشیارکردنەوەی زهنی کرێکارانیان لەلایەو ئەرکیشیانە کە ئەو ئەرکە جێ بەجێ بکەن، لە پرۆسەی هەڵسووڕان و پەیوەندیکردنی چینایەتی یانەوە.

(ئەحمەد معین)بە پێچەوانەی ناوەڕۆک و ئاڕاستەی فەلسەفی ماتریالیزمی دیالێکتیکەوە بیردەکاتەوە. چونکە پرۆسەی هەڵسوڕان و کارکردنی کۆمۆنیستەکان بەپێچەوانەوە دەبینێتەوە. لەبەر ئەوەی بڕوای وانی یە کە بزووتنەوە سیاسی یەکان ئامانجە سیاسی یەکانی چینی کرێکار، ئامانج داربکەن و هووشیاری زیاتر دروست بکەن لەناو کرێکاراندا. واتە دەبێت هەر ڕێکخراوێک یان دەستەو گرووپێک، کارو کردەوەی لەپێناوی گەشەو سەرهەڵدانی هووشیاری سیاسی چینایەتی بێت لەنێو کرێکاراندا. بۆ ئەوەی بتوانێت هێزێکی زیاترو گەورەتر بە بزووتنەوەکەی خۆی و بزووتنەوەی چینی کرێکار بدات. بەڵام ئەم پرۆسەیە پێچەوانە ئەزموون ئەکرێت. ئەمەش تەنها لەکاڵ فامی یەوە سەرچاوەیان گرتووە ئەنجامەکەشیان پێچەوانەی گەشەی خەبات و تێکۆشانی چینایەتی چینی کرێکار دەبێت. لەبەر ئەوەی هوشیاری سیاسی خود بەخود جێ بەجێ نابێت لە نێو کرێکاراندا. چونکە ئەو هوشیارییە پێویستی یان بە هێڵێکی سیاسی، فکری، چینایەتی هەیە. ئەو هێڵەش هەوڵ و تێکۆشانی حیزبەکانی کۆمۆنیستەکان جێ بەجێ ی دەکەن و پلان و ستراتیژی خۆیان تیادا دەردەخەن. واتە هێڵێکی فکری سیاسی چینایەتی، ڕێکخراوو حیزبی کۆمۆنیستە زانستی یەکان لە پرۆسەی ئیش و ئەرکەکانیاندا یەکەم جێگەو گرنگی

تایبەتی هەیە. لەلایەکی ترەوە مەسەلەی بزووتنەوەی چینی کرێکارو هێزەکەی لە هوشیاری و ئامادەگی ئەو چینەدایە. واتە هێزی هەموو ئایدیایەک پەیوەست نی یە بە پەیوەندیکردنی چینی کرێکارو بەرژەوەندیەکەیەوە. بەڵکو هێزی هەموو ئایدیایەک پەیوەندی بە ناوەرۆک و خواستی چینایەتی ئەو ئایدیایەوە هەیە. چونکە هەرکاتێک ئەو ئایدیایە دەربڕو پیشاندەری خواستی چینی کرێکار بێت لەسەر ئەندام زۆری ڕاناوەستێت. بەڵام کۆمۆنیزمی کرێکاری (ک.ک) زۆرتر بڕوای بە بزووتنەوەی خود بەخودی کرێکارانە، لەپێناو بەرەو پێش چوونی هووشیاری چینایەتی. لەبەر ئەوەیە (احمد معین) ئەو بڕوایەی جارێکی تر دووبارە کردووەتەوەو گەشەی ڕێکخراوو دەستەکەیان لە گەشەی خود بەخودی خەباتی و ناڕازیەتی یەکانی چینی کرێکارەوە دەبینێتەوە، و دەیکات بە سەرچاوەی گەشەو باڵای (ک.ک) {واتە بزووتنەوەی سیاسی (ک.ک)}.

بێگومان زیاتر ئایدیالیستەکان خەون و خەیاڵێکی وا دەهێننە بەرچاوی خۆیان، هەروەها بە دەستەوەدانی بزووتنەوەی چینی کرێکار و خەبات و گەشەی کۆمۆنیستەکان بەقەدەری خەباتی خود بەخودی چینی کرێکار، لەم ڕێگایەشەوە دروست بوونی و نەبوونی هووشیاری پابەند دەکات بە کردەوەیەکی خود بەخودی یەوە، یان لەڕێگەی ئەزموونەوە ئەو سەرچاوەیە بەدەست دەهێنێت. لەبەشەکانی دواتردا بە ووردی لەسەریان ئەدوێم، کەواتە ئەرکێک کە دەکەوێتە سەرشانی کۆمۆنیستە زانستی یەکان، گەیاندنی هووشیاری سیاسی و فکری چینایەتی یانەی چینی کرێکارە بۆ ناو ئەو چینەو کورەی خەباتەکەی. چونکە هوشیاری وەرگرتنێکی خود بە خودی نی یە. بەڵکو زهن ڕۆشنی یەو جیهان بینی چینایەتی یە. هەروەها لەڕێگەی ئەزمونەکانەوە هووشیاری دەستەبەر ناکرێت و نابێت ئێمەی کۆمۆنیستە زانستی یەکان پرۆسەی ئەزموونەکان بکەینە بنەڕەتی هووشیاری سیاسی بۆ چینەکەمان و بەو ڕێگایەدا ڕاپێچی بکەین. لەبەر ئەوەی وانەکان دووبارە و سێبارەو ... دەبێتەوەو هووشیاریش لەچوارچێوەی بڕواو بۆچوونێکی سەندیکالیستی دا قۆرغی دەکەن، یان قۆرغ دەبێت.

هەموو ئەو ئاستەی کە بزووتنەوەکەی پێگەیشتووە، ڕیشەی لە نەبوونی ڕێکخراو یان حیزب و بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی زانستی یەوە سەرچاوەیان گرتووە، یان ئەگەر هەبێت، ئاست و باڵای زۆر نزمە. واتە ئێمە ڕەگەی کەموو کوڕییەکانی گەشەو باڵای بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی زانستی، لەنەبوونی ڕێکخراوی ئەو بزووتنەوەیەو پرۆسەی سیاسەت و هەڵسووڕانێکدا ئەنجام گیریان لێدەکەین. بەم پێ یە ئێمە ڕەووشی ڕووداوەکان پێ دەزانین،

دەبێت هەوڵ و ئاڕاستەی هەوڵەکانمان لەپێناوی دروست کردنی هێڵێکی سیاسی-پراکتیکی دابێت، و بتوانێت بزووتنەوەکە بە ئاڕاستەی هەوڵ و خەباتێکی سیاسیانەی چینایەتی تاوبدات. نەوەکو بەهەمان ڕیتمی ڕابردوو، کە بزووتنەوەیەکی لێ جیابووبێتەوەو فاکتەری ناونیشانی جیابوونەوە بکەینە ئاسۆی جیاواز. هەروەها دەستکاری میتۆدیش نەکرێت و بەپیرۆز ڕایان بگرێت. چونکە لەڕێگەی بیرکردنەوەیەکی ڕاسیونالیستانەوە، حیزبی واقعی دروست ناکرێت. لەلایەکی ترەوە فاکتەری بە ئەنجام نەگەیاندنی پرۆسەی دروست بوونی حیزب بکەیت بە بەڵگەی دروست کردنی حیزبی خود بە هەمان ڕیتم و سیاسەتیش هەمان سیاسەت و ئامانجی ڕابردوو بێت.

زۆری ئەزموونەکان و کەمی بەدەست هاتووەکان، لێهاتوویی سیاسی چینی کرێکار دەردەخات. چونکە هەتا ئێستاش هووشیاری چینی کرێکاری عێراق لەئاستێکی زۆر نزمدا ڕاگیراوە. ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە ئەو هەوڵانەی دراون بۆ گۆڕینی بەهای هزری و سیاسی ئەو چینە بە هەند وەرنەگرین. بەلام هەر هەل و مەرجێک کە چینی کرێکار خەباتی تیادا دەکات، هەرچەندە بەبێ ئاگای سیاسی جێ بەجێ بکرێت (خود بە خودی) لەو ڕاستی یە کەم ناکاتەوە کە ئەو چینە لە پێناوی ڕزگاری خۆیدا هەڵسووڕانی جێ بەجێ کردووە. چەندین جار هەوڵی پاشەکشەی دراوەو لەو پێناوەدا چەند هەزار لە هاوخەبات و هاوچینی خۆیانیان لەدەست داوە.. بەڵام پاشەکشەی هەتا هەتایی پێ ناکرێت چەند گورز وەشاندنەکانی سەرمایەداری گەورەو گران بێت. هەروەها دەیەوێت ڕزگاری بۆ خۆی دروست بکات، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە لە کۆتایی دا ئامانجێکی ڕوون و بەدەست هاتوویەکی گەورە بەدەست دەهێنێت. چونکە زۆرترین جار ئەزموونەکان نەیان توانیوە خشتێک بخەنە سەر دیواری زهن ڕۆشنی چینی کرێکار. کەواتە نابێت ئەزموونەکان زۆرترین جارو دووبارە بوونەوە بە خۆیانەوە ببینن. ئەویش لەڕێگەی چەکی هووشیارییەوە گیانی ئەزموون گەرایی تێکدەشکێنین. لەبەر ئەوە ئەو ئەرکەی کە دەکەوێتە سەرشانی کۆمۆنیستە زانستی یەکان. هووشیارکردنەوەی ئەو چینەیە بەئاسۆی خەباتی سیاسی-پراکتیکی، ئابووری، کۆمەڵایەتی. بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە بەرەو ئاستێکی باڵاتر ببات و خەباتی بەردەم ئەو چینە سووک و ئاسان بکات، هەروەها گەڕانەوەی کۆنەپەرستی و سیاسەتی خود ڕازیکردن و لەبابەتی ئەوانە لە بزاڤی خۆیدا لەناوبەرێت. واتا لەڕێگەی هووشیاری یەوە چینی کرێکار دەتوانێت بۆ یەکجاری مرۆڤایەتی ڕزگار بکات.

(احمد معين) دەیەوێت لەرێگەی دەرچوونی لە حیزبێک و پێکهێنانی حیزبێکی تر بەهەمان میتۆدو ڕیتمەوە، بارە ناهەمووارەکانی چینی کرێکار بەباری پۆزەتیڤانەدا بگۆرێت، ئەو پراکتیکەی (احمد معین) و دەستەکەیان، ئاوەزیان لەسەر ڕەووشی گۆڕان و خەباتی بزووتنەوەکە نای ئاوزێ. لەبەر ئەوەی گۆڕانی ئەوانەش بەندە بە گۆڕانی سەرخەتی سیاسی و هزری بزووتنەوەکەوە بێگومان هەتا ئێستاش ئەوە لەلایەن ئەوانە ئەنجام نەدراوە.

لەلایەکی ترەوە لەهەمان نووسیندا (ئەحمەد معین) دەنووسێت: [ لقد برزت قضية تدخل الشيوعية العمالية و ظهورها بأفق سياسي تحرري بمثابة ضرورة ملحة كطرف في الصراع القائم، على صعيد الحركة العمالية و على الصعيد السياسي والأجتماعي الأشمل. (ص18. الأوضاع السياسية في العراق، الشيوعية العمالية.. احمد معين آب 1998)]. ئەوەی ئەم پەرەگراڤەو، ئەوەی لەدواتری ئەم نووسینەدا باسی لێوەکردووە، نەیتوانیوە لەو چوارچێوەیە دەربچێت کە ڕابردوو هەیان بوو.. هەروەها بڕوای ئەوەشی نی یە کە جیایی هزری جیایی هەڵوێست و هێڵی سیاسی-پراکتیکی دروست دەکات. بەڵام (ئەحمەد معین) لەرێگای ئەم لێکدانەوانەوەی کە لەو نووسراوەدا هەیەتی و کردوویەتی بە بەڵگەی جیابوونەوەی لە چوارچێوەی سیاسی (ح.ک.ک.ع) لێکدانەوەیەکی سەرپێ یی و بێ بەڵگەی هزری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتی یە. چونکە هەمان پەرەنسیپی کردووە بە بەڵگەی تێرِوانین و جیابوونەوە. بەلام نەیتوانیوە لە ئاوازی ئەو بەشان و باڵ هەڵدانەدا دەربچێت، کە لە ڕابردوودا بەسەر (ک.ک)دا ئەیان خوێند. لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت دەزگایەکی هووشیارکردنەوەی حیزبی نەبوون، یان هەوڵەکان لە پێناوی هووشیارکردنەوەی چینی کرێکارو دۆزینەوەی ڕێگاچارەی تووندو تۆڵی خەبات و تێکۆشاندا جێ بەجێ نەکراوە. یان هەڵهێنانی شەقاوێکی زیاتر بە بزووتنەوەکە لە دەستوور کاریاندا بێ ئەنجام بووە. بەڵکو تەنها دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێک ڕستەو تویژینەوەی ڕابردوون و هیچی تریان لێ سەوز نابێت.

ئەو باسانەی کە خۆی لە قەرە ئەدات، پێویستی بە ڕوویەک و دیدگایەکی هزری و سیاسی ڕۆشن هەیە. بەڵام ئەم ئەرکە هەتا ئەم چرکەساتەی نووسینی ئەم نووسراوە، لەلایەن ئەوانەوە بەئەنجام نەگەیشتووە لە دەستوور کاریاندا جێ بەجێ نەکراوە. لەلایەکی ترەوە هووشیاری (ک.ک) هووشیاری سەندیکالیستی یەو میتۆدی سۆشیال دیموکراتەکانە. لەم سۆنگەیەوە هووشیاری سیاسی و هزری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی نابێت. تەنها سەرچاوەی ڕۆشنی ئاوەزی ووردە بۆرژوازی یە.

تێڕوانینی لەبارەی سیاسەتی سێ کوچکەی کۆنەپەرستی (ئەمریکا-ڕژێم-ئۆپۆزیسیون). لێکدانەوەیەکی ڕاسیونالیستی یانەو داڕشتنێکی وورده بۆرژوازییانەیە. چونکە لێکدانەوە لەسەر ئەو سێ کوچکەیە و ڕەووشی ڕووداوەکان و بزووتنەوەی چینایەتی چینی کرێکار، توێژینەوەیەکی نازانستی یەو تێڕوانینێکە پێ لەهەوادایەو ئەلتەرناتیڤێکی بێ ناوەڕۆکی لە بەردەمدا دانراوە. بۆ ئەوەی ڕەووشێکی سیاسی ئابووری تێپەڕێنێت، پێویستی یان بە ئەنجام گیری سیاسی و هزری جیاوازو ڕۆشن هەیە لەڕابردوو. بەڵام ئەم ئەنجامە هێشتا لەناو بزووتنەوەکەدا بەشێوەیەکی زۆر جەخت لەسەر کراو بە ئەنجامی پراکتیکی نەگەشتووە. چونکە لەلایەکەوە لێدان لە ڕەهەندی کۆنەپەرستی پێویستی بەهێڵی سیاسی-پراکتیکی ڕۆشن هەیە. پێویستیان بەڕۆشن کردنەوەی زیاتری ڕەخنەکردنی دیدگاو ڕێگا چارەکانی ئەوان هەیە. لەم سۆنگەیەوە هەتا ئێستا لەباڵی کۆنەپەرستی سیاسی ناوچەکە نەدراوەو گورزی کوشندەی سیاسەت و هزری ئاڕاستە نەکراوە. ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی کە ئاستی ڕیتمی سیاسی و هزری ئیش و کارەکانی کۆنەپەرستی پاشەکشە نەکەن. ئەمانەش زیاتر سەرچاوەگرتووی درک نەکردنی ڕیشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵگایە. بزووتنەوە جیاجیاکان و سیستەمی ئێستا چ کاریگەریەکیان لەسەر پەیوەندی و پەرەسەندنی ژێرخانی کۆمەڵ هەیە؟ هەتا ئێستاش ئەم درکە لەسەر ڕەوشی ناوچەکە لەلای چەپ لاوازو هەتا ئاستی وون بوونە.

کاتێک لە ڕەهەندەکانی ناو کۆمەڵ کەم شارەزا بێت، دانانی پلان و هاندانی کۆمەڵ لەپێناوی ڕەووینەوەی ئەو سیاسەتانە بێ ئاسۆدەبن، هەروەها نازانرێت ستراتیژی شۆڕشگێڕی چۆن دەنووسرێتەوەو چ پلانێکی دەبێت! هەرەوەها کەم توانا دەبێت لە داڕشتنی ئەرک و فرمان و ئامانجەکاندا، هەروەها لە کام گۆشە نیگاوە جووتی دەکەیت لەگەڵ ئامانجی مێژوویی ئەو چینەدا. نازانرێت لە بەرامبەر ئەو سیستەمەدا چ ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی چینایەتی دابنێیت؟!. بەم پێودانگە ئاسۆی سیاسی ڕۆشن، بەندە بە ئاسۆی هزری و تیۆری ڕۆشنەوە. واتا بزووتنەوەکە لەگەڵ ئاسۆی ڕۆشنی هزری و سیاسی خۆیدا دەتوانێت هەڵوێست و ئەنجام گیری واقعی و پراکتیکی لەسەر ڕەووشی ناوچەکە بە ئەنجام و هەڵوێستی پراکتیکی بگەیەنێت. بەڵام ئەم ئامانج و هەڵوێستە لەناو بزووتنەوەکەدا پرۆسیس نەکراوەو وونە. کەواتە بەو ئاستەی کە ئێمە لە سیاسەت و ستراتیژی سێ کوچکەی (ئەمریکا – ڕژێم – ئۆپۆزیسیۆن) تێ دەگەین. پلان دانان و هەوڵی پووچەڵ و کردنەوەی سیاسەت و ئامانجەکانی سێ کوچکەکە بەپێی ئاستی تێگەشتنەکانمان دەبێت. لەلایەکی تریشەوە بەندە بە داڕشتنی ئاسۆی سیاسی-

پراکتیکی، هێڵە هزری و تیۆری یەکانەوە.. واتە دەبێت ئاسۆی سیاسی ڕۆشنمان هەبێت و هێڵی سیاسی پراکتیکی زیندوو بە دیسپلین لە بەرامبەر ڕەووشی ئامادەدا دابنێین. ئەگینا ئۆپۆزیسیۆن لە ڕێگای سیاسەتی فریوکارانەیەوە نەرمە قووتت دەکات و دەبیتە پاروویەکی سیاسی بۆی. هەموو ئەوانەی کە دەبنە گەشەی بزووتنەوەکە، لە نووسین و تیڕوانینەکانی (ئەحمەد معین)و دەستەکەیان و چەپدا وونە. لەبەر ئەوەی نەچەپ لێکدانەوەیەکی ڕۆشن و زانستی یان هەیە، و هەروەها ڕەووشی سیاسەت و ئامانجەکانی دەرەوەی خۆیان درک نەکردووە، لەلایەکی تریشەوە (احمد معین) لە نووسراوەکەیدا ئامانجی سیاسی و هزری و چینایەتی یان لە (ک.ک)ی یەوە سەرچاوەیان گرتووە. چونکە نەیتوانیوە هێڵی هزری سیاسی-پراکتیکی جیاوازیان لە (ک.ک)ی و (حککع) بەیان بکات. بەم پێ یە لەم ئاستەیاندا ئەمان و (حککع)، جام و ڕەسمن و لێیان بووە بەشەڕ.

لەهەوڵێکی تری دوو ئەندامی دەستەکەی (احمد معین)دا و لەلایەن (ئاسۆ غریب و نزار عبدالله)وە، نووسراوێکیان لەسەر (کۆنگرەی یەکەمی حککع دا، و لەژێر ناونیشانی ((کۆنگرەی یەکەمی (ح.ک.ک.ع) و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە))داو لەبەرواری (حوزەیرانی 1998)دا نووسراوە. باسەکانی ناو ئەو نووسراوە لەسەر ئەو کۆنگرەیە چڕکردووەتەوە. ڕەخنەکەشیان زیاتر لە خولگەی ئەوەدا ئەسووڕێتەوە کە (ح.ک.ک.ع) بۆچی لەپێش کۆنگرەدا بەحث و پلیمکەکانی ناو کۆنگرەو ووتارەکانیشیان و خاڵی بەرنامەیی لە پێشتردا بڵاونەکراوەتەوە. بەپێی قسەو باسەکانیان بێت، بەکتووپڕی و لە چرکەساتی کردنەوەی کۆنگرەدا خراونەتە بەردەست. ئەم مۆدێلەو هەوڵەکانی تری ئەو حیزبە، هەر لە کۆنگرەوە تا دەگات بە پرۆسیس کردنی سیاسەت و پرنسیپی ڕێکخستن و ئەندام گیرییەکانی و هتد.. ڕێچکەو ڕێڕەوی سیاسەت و هەڵوێست گیری یەکانی ووردە بۆرژوازییەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەوان لە کۆنگرەو لە هەندێک لێکدانەوەو توێژینەوەیاندا، ئاوەزێکی بەو شێوەیان هەڵگرتووە، کە هیچ شتێک لە لێکدانەوەو بەحسەکانی (ک.ک) و گوتاری پەیام بەریان گفتوگۆ هەڵناگرێ. ئەمانە ڕاستن، هەموو ئەو کردەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، فۆرمێکی ئامادەو بێ دەستکاری کردن هەیە و هێنراوەو جێگای پیرۆزی ئەو فۆرمەش ناتوانێت جدلی لەسەر بکرێت. سیاسەتی دوگماتیستیانەی (حککع)و ئەو دەستەی بزووتنەوەی بنیاتنان. لەو سەرچاوەیەوە سەرچاوەیان گرتووە کە هەموو تێڕوانینەکان، وەکو نووسراوە پیرۆزەکانء بەحسە ڕەهاکان، بەسەر

سنگیانەوە گرتووەو نێردراوەکەیان بێ کەم و کورتی یە لە جیهان بینی و ڕێنوێنی کردنی سیاسەت و پرۆسەی بەجێ گەیاندنی کۆنگرەو لێکدانەوەکانیاندا.

ڕاڤەکردنی سیاسەت و ئامانجێکی دووگماتیستانەی بەو شێوەیە هەڵەو کەم و کوورتی لە سیاسەت و پراکتیکدا بەرهەم دەهێنێت و پەیوەندی حیزب و جەماوەرو دیفاکتۆی عەینی لێک هەڵئە پچڕێ. ئەمانەش بەرەنجامی ئەوەیە کە بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی سەربەخۆو پێ لەواقیعدا نی یە. لەبەر ئەوەیە کە هێڵێکی سیاسی-پراکتیکی ڕۆشنی بەرهەم نەهێناوە.

چەپ لە کوردستان و عێراقدا لە ساڵانێکی زۆر لەوەو پێشەوە، سیاسەت و ستراتیژی لەهەلوومەرجی واقعی خۆیدا بەرهەم نەهێناوە. بەڵکو سیاسەت و ستراتیژی دەرەوەی خۆی بووەو بۆ هاوردەکراوە. سیاسەتی سەپاو بووە بەسەر ناوکی جووڵەو بزاوتنی بزووتنەوەکەی. واتە مامەڵەی بووکەڵەی دەست و هێزی جووڵەی ئەوان بووە لەبەر ئەمانە ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی هێڵێکی سیاسی-پراکتیکی سەربەخۆو پێ لەسەر زەوی نەبووە، بەڵکو هێڵێکی جیاوازو ناوازەی گۆڕەپانی سیاسەت و خەبات بووە.

زۆر بەشێوەیەکی دوگماتیستانە ڕەدووی بیرو بۆچوونەکانی دەرەوەی خۆیان کەوتوون. لەبەر ئەوەش قسەو باس و تێڕوانینی یان لەسەر ڕەووشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق و بزووتنەوەی چینی کرێکار لەو سیستەمەدا لێکدانەوەیەکی میتامێژوویی یەو، بە بارێکی جیاوازی خەبات و تێکۆشان ئەرکی خۆی جێ بەجێ کردووە، بەڵگەی ئەمانەش سیاسەت و تێڕوانینێکی هاوردەیی و بێ گۆڕان، فۆتۆکۆپی دەکرێت. مەهزەلەو کۆمیدیای ئەم چەپە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کەشتەکان و لێکدانەوەکان هی خود نی یە، هەروەها توانای وەبەرهێنانی تیۆری و لێکدانەوەی واقعی لە ئاستی نەبووندایەو دیدێکی زانستی ڕاڤە ناکرێت.

ئەمانیش ووتەو بێژانەکانی (کۆرش و رەحمانی حسین زادە)یان لە ڕێگەی ڕاسپاردەیی (مەنسور)ەوە، بەو پەڕی دڵفراوانی یەوە وەریان دەگرت و پرۆسیسیان دەکرد لە ژیانی سیاسی و حیزبی یاندا. چونکە کوا ئەو لێکدانەوەو توێژینەوە جیاوازانەی ئەوان کە لەوەپێش ڕەخنەیان پێ دەگرت لە (حککع). کام تیۆر، کام لێکدانەوەی سیاسی هزری چینایەتی، ئەو دیدگایەش زۆر ئایدیالیستیانەیە، کە بڵێیت ئێمە لە دەرەوەی حیزبی (ک.ک.ع)

لێکدانەوەیەکی جیاوازمان بەهەمان بەرنامەو سیاسەتەوە هەیە. ئەمەش خەون و خەیاڵ و دوور لە هەل و مەرجی خەبات و سیاسەت کردن واقعن.

لەلایەکی ترەوە (ح.ک.ک.ع) چۆن وەڵامیان ئەدەنەوەو چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، پەیوەندی بە ڕەووشی پرۆسیس کردنی ئاکاری حیزبی و پەرەنسیپی حیزبی یەوە هەیە. کە دایلۆگ مانای بنەڕەتی خۆی لەدەست دەدات، و تویژینەوەکانیان لەگەڵ لێکدانەوەیەکی ئەبستراکتی ووشکدا هاووتایەو لەو ڕێگەیەوە لێکدانەوەکان دەردەهێنرایە دەرەوە. هەروەها ئەمانیش هەمان پرۆسەیان جێ بەجێ دەکرد، و بێجگە لە خۆیان هەرکەس قسەو باسی لەسەر کۆمەڵگا بکردایە، بەلێکدانەوەیەکی بۆرژوازیان دەچوواند. بەم پێودانگە دووبارە کردنەوەی هەمان هەڵسووکەوتی (حککع)ە کە بەرامبەر بە خۆیان جێ بەجێی کردووە.

کردەی ناوەندی هەموو حیزبێک بەم جۆرە بوو ئاسۆ سیاسی یەکەشی بێ بەهاو دوور لە واقعەو تێکەڵی دیماگۆجیەت دەبێت. ئەمانە کە جیاوازبوون، تویژینەوەکانیان لەکام کون و کەلەبەردا دانراون؟! پێشنیارەکان کامانەن و لەپێناوی چی دا کراون؟! بەم پێ یە وادەردەکەوێت کە کێشەکە لەسەر ناوەند بەدەستەوەگرتن بێت. یان پایەو پلەی حیزبی بێت.

سەیرو سەمەرەیە، بەیانی جیاوازی بکات لەگەڵ (حککع)، و کەچی هەمان میتۆدو هەمان تیۆر ڕێنوێنی یان بکات.

کاتێک قسە لەسەر دەسەلاتی سیاسی دەکرێت، و پێشنیارەکانی حیزب لەمەڕ ئەو مەسەلەیە، لایەنێکی بەرتەسک و ڕیفۆرمیستانە بەخۆیەوە دەگرێت. کەواتە دروشمەکان و هەم ناوەڕۆکی تویژینەوەکانیشیان، ناتوانێت پەیڕەوی ناوەڕۆکی دەسەڵات بێت و دەربڕی بەها سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی یەکەی چینی کرێکار بەیان بکات. چونکە ئەرکێک کە لەپێناوی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکاردا دەبێت جێ بەجێ بکرێت. لەپێش هەموو ئەرکەکاندا پێویستە حیزبی چینی کرێکار، هووشیاری بگەیەنێتە ناوچینەکە. چونکە هەم هووشیاری چینی کرێکار دەتوانێت ئاسۆی خەبات و بزووتنەوەی چینی کرێکار بەرەو دەسەڵاتی چینایەتی هانبدات، و هەروەها چینی کرێکاریش لەهەموو کاتێک باشتر هەست بەپێویستی ئەو دەسەڵاتە ڕاگووزەرەی خۆی دەکات. لەلایەکی ترەوە ئیرادەی گۆڕانی دەسەڵات لەناو چینی کرێکاردا بەرجەستە دەکات. بۆ ئەم ئەرکەش، هووشیاریەک پێویستە کە بتوانێت ناوەندی دەسەڵاتی سەرمایەداری بەتەواوی ببینێت، و لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەدا جۆری دەسەڵاتە

ڕاگووزەرەکەی خۆی بە شێوەیەکی زۆر زانستی و لێبڕاوانە پراکتیک بکات. چونکە هەر پرۆسەیەکی جێ بەجێ کردن. کرێکاری هووشیارو کۆمۆنیستە زانستی یەکان لە حیزبی خۆیاندا ڕێنوێنی ئەو چینە نەکەن بۆ دەسەڵاتی سیاسی، بە ئەنجامی سیاسی و پراکتیکی خۆی ناگات. بەم پێ یە زۆرترین بەشی هوشیاری پرۆلیتاریا گرنگی مێژوویی و سیاسی خۆی هەیە، لەپێناوی جێ بەجێ کردنی ئاوات و ئامانجی مێژوویی ئەو چینە خۆیدا.

کاتێک کە (حککع) لە کۆنگرەدا بە کتووپڕی باسی دەسەڵاتی سیاسی دەکات و لەوەوپێشیش باس و خواست لەسەر دەسەڵات نەبوو. پەیوەندی بە تەنگژەی سیاسی و مێتۆدی و کۆمەڵایەتی ئەو حیزبەوە هەیە. چونکە فۆرمی کارو هەڵسووڕانی ئەو حیزبە لەپێشدا فۆرمێکی ڕیفۆرمیستی بووەو لە ڕەووشتێکی وەک ئەوەی کوردستاندا نەیتوانیوە هەنگاوێک بچێتە پێشەوەو، بەرگەی یەک قسەو باسی بێ پراکتیکی دەسەلاتی بۆرژوازی نەگرتووە. هەرچەندە ئێستاش ئەم فۆرمەیان هەر باقی یەو دەسەڵاتی سیاسی وەک بەکارهێنانێکی دەستەواژەیی بەکار ئەبرێت، لەبەر ئەوە دەیانەوێت یان وویستیان لەڕێگەی ئەو دەستەواژەیەوە لە کۆنگرەیاندا ماوەیەکی درێژتر ژیانی سیاسی بگوزەرێنن. بەڵام ئەم سیاسەتە هەر زۆر زوو تێک دەشکێت و ناتوانێت لەگەڵ ڕەووتی مێژوودا ژیان بکات. چونکە هەوڵ و تەقەلا لەپێناوی بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی، تەنها لەڕێگەی داڕشتن و بەدیارکردنی دروشمەکانەوە جێ بەجێ نابێت. لەبەر ئەوە هەر ئەرکێک کە لەدەستوور کاردا بێت لەپێناوی دەسەڵاتدا، پێویستی بە پێشاندانی ڕووانگەیەکی ڕوون و بەرجەستە هەیە، و بتوانێت جەخت لەسەر دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا بکات. بێجگە لەوەش بۆ جێ بەجێ بوونی ئەو ئەرکە پێویستی بە ڕێکخستنی و پەروەردەکردنی سیاسیانەی زۆرترین بەشی چینی کرێکار هەیە. بۆ ئەوەی بتوانرێت بەشێوەیەکی پراکتیکی جێ بەجێ بێت بەڵام ئەم لێکدانەوەو تێڕوانینانە لە سیاسەت و هێڵی سیاسی-پراکتیکی ئەواندا ئامادەگی یان نی یەو نەبووە. بێجگە لەوەی ستراتیژی دەسەڵات لەلای ئەوان فۆرمێکی تێکەوڵێکەی هەیەو ناتوانێت دەربڕی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا بێت. ئەوان هەموو هەڵسووڕانیان، توێژینەوەکانیان لەچوارچێوەی داخوازی ڕۆژانەی ئابووری و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیدا چڕ کرابووەوە و قەتیس دەما. بێجگەلەوەی ئەو دروشمانە لە دەرەوەی ناوەندی کارو جێگەو شوێنی چینی کرێکارەوە دەردەهێنران و بانگەواز دەکران.

لەلایەکی ترەوە باس و خواست و لێکدانەوەی (حککع) و ئەو دەستەیە لەکام باس و لێکدانەوەدا باسی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا کراوە! کام فۆرمەیە کە دەربڕی دەسەڵاتی زانستی چینی کرێکار بێت! کامە هەوڵ و تەقەلاو

کارامەیی ئەمان و ئەوان و چ جۆرێک لە ئاگایی یان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا. بێجگە لەوەی دەسەڵاتی سیاسی پرۆلیتاریا، لەئێستادا لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە هووشیاری چینی کرێکار هەیە. لە هەموو کات زیاتر ووردی و لێزانی پرۆسیس کردن و بەدەست هێنانی لەلایەن ئەو چینەوە دەوێت. چونکە لەوانەیە بە فۆرمی ئێستای لیبرالیزم و بۆرژوازی و سەرمایەداری دەووترێت پێشکەوتنخوازی. لەبەر ئەوەی لە دروشمەکاندا زیاتر بۆن بەرامەی بۆرژوازیان لێدێت. چونکە ئەوەندەی باس و خواست لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و سکۆلار دەکرێت و بەپێش مەرجی سۆسیالیزم بە هەند وەردەگیرێت، ئەوەندە باس لەسەر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناکرێت.

بڕوامان بەوە هەیە کە چرکەساتی دەسەڵات و سیستەمی سەرمایەداری چرکەساتی هەوڵ و تێکۆشانی پرۆلیتاریایە لە پێناو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی چینایەتی خۆی. بەڵام هوشیاری و ستراتیژی خەبات و شۆڕش، سەرەنجامی هەموو ئەو کارانە دەست نیشان دەکات. ئامادەگی چینی کرێکار لە هووشیارییەکەیەوە دەست نیشان دەکرێت، و دەتوانێت دوورو نزیکی دەسەڵاتی چینایەتیمان بۆ دەست نیشان بکات.

ئەگینا شۆڕش مانای گۆڕانی بنەڕەتی پەیوەندی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەگرێت و ڕەگ و ڕیشەی کۆن دەردەکات و ئاسەواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لەبن دەردەهێنێت. کەواتە گۆڕانی بنەڕەتی بەجێ بەجێ بوونی ئەو ئەرکانەوەیە. کاتێکیش ئەو ئەرکانە جێ بەجێ نەکرا، شۆڕش نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێت، یان شۆڕش جێ بە جێ نەکراوە. شۆڕش بە ستراتیژی چینایەتی و سەربەخۆی چینی کرێکار مانا پەیدا دەکات،و کۆمۆنیستەکانیش زیاتر هەوڵ و تەقەلایان لەپێناوی بەدەست هێنانی ستراتیژێکی مێژوویی و چینایەتی چینی کرێکار دەخەنەگەڕ.

هەروەها تاکتیکیش، دەبێت پرۆسەیەکی بەکرداری بێت لەپێناوی نزیک کردنەوەو بەدەست هێنانی ئامانجی ستراتیژ. بێجگە لەم ئەرکەی تاکتیک، کارو هەڵسووڕانەکانی تر تاکتیک نی یە، و ئەرکێکی پاسیڤیستی جێ بەجێ دەکات، شۆڕشی چینی کرێکارو کۆمۆنیستە زانستی یەکان، لەڕێگەی داڕشتنی سەرخەتی سیاسی-هزری-پراکتیکی ڕۆشنەوە کە جێ بەجێی دەکەن، دەتوانێت لەڕێگە بەرزو نزمەکەی خۆیدا، ڕینوێنی نزیکترین ڕێگای بەدەست هێنانی ئامانج بێت.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

# -2-

## {جیاوازی یەکان لەسەر ئاستی سیاسی، دیدێکی میتافیزیکی یە!}

**جیاوازی نێوان دوو ڕەوەندی سیاسی-هزری، جیاوازی یە لەسەر ئاستی تیۆوری و ئایدۆلۆجی. واتە دوو میتۆدۆلۆجی جیاوازیان دەبێت، دوو لێکدانەوەو، دوو بناغە نامەی جیاوازو دوو بەهای فەلسەفی جیاوازییان دەبێت. ئەمانەش دەبن بە بنەڕەتی دروست بوونی دوو بەرنامەی جیاواز. بەم پێودانگە چەند هەوڵ و تەقەلای هزری و سیاسی-تیۆری جیاواز هەبێت. تێڕوانینەکان لەسەر ئاستی ناوچەکەو پێکهاتنی بزووتنەوەو ڕەووشی ڕووداوەکان و جیهان بینی یان. بۆ دنیا و بزووتنەوەکەی جیاواز دەبێت.**

**بەڵام میتافیزیک، لێکدانەوەیەکی تری بۆ جیاوازی کردووە. جیاوازییەکان لەلای ئەوان لە دەرەوەدا دەبینن و پێکهاتنی ناوەڕۆک و کاکڵە پێک هاتووە کە بەهەند وەرناگرن. خۆی جیادەکاتەوە بە ووتن و. بە کردەوەش هەمان هەڵوێست و هەمان سیاسەت و تیۆر پراکتیک دەکات.**

**ناتوانین جیاوازی یەکان تەنها لە ڕووی سیاسی و پراکتیکی یەوە ببینین و بەڵام تیۆورو میتۆدیان لە یەکتری جیاواز نەبن. چونکە ئەگەر جیاوازی میتۆدی نەبوو ئەوا جیاوازی سیاسی-پراکتیکیش پێک نایەت.**

**بێگومان لەناوجەرگەی بزووتنەوەی چینی کرێکاردا. چەند ڕەوەندی جیاواز هەن و چەند بەرژەوەندی جیاوازیش پێک دەهێنن. چونکە هەرلایەو بەمیتۆدی خۆی جووڵانەوەی بزووتنەوەو بەرژەوەندییەکەی ڕابەری دەکات. ڕابەری یە جیاوازەکانیش، ئاسۆی جیاواز دەبەخشێت بە جۆڵانەوەو بزاوتنی بزووتنەوەکە، هەروەها کردەی ئامانج و تیۆری خۆی دەکاتە پراکتیک و جیهان بینی خۆی دروست دەکات.**

**لەم سۆنگەیەوە چەند تیۆر جیاوازبێت، بەهەمان ئاست تێڕوانینی سیاسی و پراکتیکی سیاسی جیاواز دەبێت. لەبەر ئەوەی هەر تیۆرەو داکۆکی لە بەرژەوەند جیاوازی و تیووری چینێک دەکات و ئامانج و ئاواتی ئەو چینە لە پرۆسیسی سیاسی خۆیدا ڕاڤە دەکات، ناکرێت تیۆرو هزرێک جیاواز نەبێت و کردەی سیاسی جیاواز هەبێت. چونکە جیاوازییەکان لەڕووی تیۆرییەوە دەتوانێت دەرخەری جیاوازی یەکانیش بێت لەڕووی سیاسی یەوە. هەروەها ئەو**

تێڕوانینە میتافیزیکی یەی کە جیاوازی لەنێوان پەیوەندی سیاسی هزری، لە تیۆرو هزری جیاوازەوە ناکات. سیاسەتی ئەم شێوە کارکردن و تێڕوانینە تەنها لەسیاسەتی دیماگۆجی یەتەوە سەرچاوە دەگرێت.

جیهان بینی مارکسیستی جیاوازە لە جیهان بینی جوولانەوەی بۆرژوازی. هەروەها پراکتیکی بزاوتنە مارکسیستی یەکان، دیدو بۆچوونیان لەپێناوی گۆڕانی بنەڕەتی سیستەمی سەرمایەداریدا کۆک و یەک بڕوایە، واتە تیۆری مارکسیزم ئامانجی شیتەڵ کردنی سیستەمی سەرمایەداری و دەرخستنی پەیوەندی دژبەیەکی دوو چینی بنەڕەتی پێکهێنەری سیستەمی سەرمایەداری یەو شیتەڵ کاری مێژوویی گۆڕانی مێژووە، جیهان بینی یەکی ماددی دیالێکتیکی یانە دەبەخشێت بە چینی کرێکارو ئامانجی بزووتنەوەکەی زیاترو زووتر بەرەو ئامانجی کۆتایی تاودەدات. چونکە مارکسیزم تەنها لایەنی شیتەڵ و ناساندنی سیستەمی ئامادە نی یە، بەڵکو هەوڵێکی پڕ بە توانای گۆڕان و لەناوچوونی سیستەمی ئامادەیە..

لەو جیهان بینی یەدا ڕێنوێنی ئەو چینە دەکات. هەرچی زووترە هەوڵەکانیان یەک گرتووییان لە پێناوی گۆڕانی مێژوویدا بەرجەستە بکەن، و سیستەمی ئایندە بە پراکتیک بکەن. بەڵام جوڵان و بزاوتنە بۆرژوازی یەکان گۆڕانی دەسەلاتە لە دەستی کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی تری هەمان چین. بەبێ ئەوەی دەستکاری ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری بکات. چونکە یان لەڕێگەی هەڵبژاردنە پەرلەمانی یەکانەوە، یان لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە تەنها گۆڕان لە ئەنداماندایەو لە سیستەمی بەڕێوەبردندا هەمان دەستوورو یاسا باقی یە.

لێرەدا دەمەوێت هەموو ئەو لێکدانەوە ناوازانەی (بزووتنەوەی بنیان نان...)و (حککع) شیتەڵ بکەینەوە، ووتەو بێژانی جیابوونەوەکانی (بزووتنەوەی بنیات نان...) لەگەڵ (حککع) لە نووسراوی (**الأوضاع السياسية في العراق...**)ی (**ئەحمەد معین**) دەست پێ بکەین. لەو نووسراوەدا دەنووسێت: [ **ثانياً: عجز و فشل الحزب الشيوعي العمالي العراقي عن تأمين المستلزمات السياسية و التنضيمية والعملية للشيوعية العمالية وعدم قدرته حتى على التمسك بالأسس السياسية والعملية التي قام عليه الحزب عن تأسيسه.** [ص22. **الأوضاع السياسية في العراق... (احمد معين)**–أب1998]. ئەم پەرەگرافەی سەرەوە، تەنها کێشەیەک کە ووروژاندویەتی، لەسەر پێویستی پراکتیکی سیاسی یە، کە (ح.ک.ک.ع) نەیتوانیوە ئەو ئەرکە پراکتیکی یە جێ بەجێ بکات. بەڵام بەپێچەوانەوە دەڕوانێتە دیفاکتۆی (چاوبینی) ڕەووشی جووڵانی سیاسی (حککع). چونکە ئاستی تیۆری ڕابەرایەتی و توانا سیاسی

یەکانی ئەو ڕابەرایەتی یە بۆ جێ بەجێ کردنی و پرۆسیس کردنی کردەی سیاسی و هەڵوێستگیری یان لە بەرامبەر ڕەووشە چاوبینی یەکانی دەووروپشت و پەرچەکرداری چینایەتی یانەی ئەو حیزبە لەو ئاستەدا بووە کە ئێستاو ئەوسای سیاسەت کردن و ئەنجام گیری یەکەیان بەو شێوەیە بووە. هەتا گەشتووەتە ئەو پلەیەی کە نەیتوانیوە لەکایەی ڕەووش و ڕووداوەکاندا، کایەی سەربەخۆو ئامانج بەخش پرۆسیس بکات. چونکە وەڵامەکانیان لەبەرامبەر پێشنیارو ستراتیژی سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئابووری سیستەم و دەسەڵاتی ناوچەکە وەلامێکی (سۆشیال-لیبرالیزم) بووە. لەبەر ئەوە وەڵام لە ڕەووشە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵ لەسەر هەموو کێشەو مەسەلەکانی ناوچاوبینی دەووروپشتمان،وەک کێشەی نەتەوایەتی کورد، و کێشەو مەسەلەی ئافرەتان، ولاوان، و هەموو لایەنەکانی تری بەشداربوو لە پێکهێنانی سیاسەتی ئامادەو پراکتیکی بەرجەستەدا، سیاسەت و ئامانجێکی لیبرالیانە بووەو نەیتوانیوە سیاسەتی زیندووی کۆمۆنیستەکان بێت، لەبەر ئەوەی دیدگای باوی ناو هزری (ک.ک)، پابەندی ڕەووشی داخوازی یەکانی وورده بۆرژوازی و دوور ڕاگری بووە لە بەرژەوەندی یەکانی چینی کرێکار. واتە هەوڵیان لەپێناوی لە بەدوادا کێشکردنی چینی کرێکارو زەحمەت کێش بووە، بە سوودو بەهای بەرژەوەندی وورده بۆرژوازی. هەموو ئەمانەش لە تێزی بڕواو بۆچوونەکانیاندا ئەیان بینی و دۆزی سیاسەت و پراکتیکیان بەدروست هەست پێ دەکەیت. لەبەر ئەوە سیاسەت و پراکتیکی سیاسی ڕۆشنیان نەهاویشتووەتە دەستووری کاری ڕێکخراوەیی و ئامانج و ستراتیژی حیزبەوە. بەڵام ئەمە تەنها لایەن نی یە کە کاریگەرییان لەسەر دروست کردنی کەموو کورتی یانەدا هەبێت. چونکە ئەو سیاسەت گیری و پراکتیک کردنە، ناوەڕۆک و پشتێکی هزری و میتۆدی یان پەیڕەوکار بووە. هەروەها ئەو پایەو ئاسۆیانەی کە ئامانج و ستراتیژی سیاسی و چینایەتی هزری یان دەردەخات، لە هێڵە سیاسی و پراکتیکی یەکانیاندا ئەیان دۆزیتەوە. واتە ئەنجام گیری ڕیفۆرمیستی لەچاوبینی پەیوەندی ئێستای سەرەمایەداریدا، گۆڕانی پەیوەندی و بەها سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، نی یە. چونکە هەر ئەوساتەی کە ڕیفۆرمیزم و لیبرالیزم، تیۆریزە دەکرێت لە میتۆدی (ک.ک)یدا. ڕیفۆرم داخوازییە لیبرالیی یە تاک گەرایی یەکان دەسەپێنێ بەسەر سیاسەت و ئامانجی حیزبی سەر بەو ڕەوەندە. لەبەر ئەوەیە کاتێک ئەو تیۆورە لە (ک.ک)ی گۆڕان لە بنەڕەتی پایەی داخوازی و میتۆدۆلۆژی خۆیدا بە ئەنجام نەگات، ناتوانێت بەهایەکی سیاسی و پراکتیکی چینایەتی سیاسی جیاواز بەئەنجام بگەیەنێت. بەم پێودانگە گۆڕانی سیاسی، پەیوەندی بە گۆڕانی تیۆرییەوە هەیە، چونکە هەتا لەباری تیۆرییەوە پەل نەهاوێژێت و لەسەر ڕەکیزەیەکی بەهێز نەوەستێت و ڕەهەندێکی جیاوازی هزری و سیاسی و

**کۆمەڵایەتی. ناو پەیوەندی یەکان نەنوێنێت ناتوانێت کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەربڕێت و پاشەڕۆژی ئەو پەیوندییە گەشەدار بکات. هەروەها ناتوانێت لەسەر ئێستای سەرمایەداری کاریگەری دابنێت و ڕەوەندێکی جیاواز بەرژەوەندی بێت لەگەڵ سیستەمی ئێستاو چاوبینی سەرمایەداریدا.**

**لۆجیکی بەرژەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە پراکتیک و لێتوێژینەوەو خەبات و تێکۆشانی بزاوتی (ک.ک)یدا، ناکۆمۆنیستی یەو هەڵێنجاوی لیبرالیزم و داخوازیوو تیۆرییەکەیەتی. واتە بەرژەوەندی پارێزی چینی کرێکار لەدیدگاو سیاسەت کردن و پراکتیکی ڕێکخراوەیی و (حیزبی ک.ک.ع) دا سەرچاوە یان نی یەو ئەو بەرژەوەندی یەیان پێ کەم سەنگە، فاکتەری ئەوەشە کە ئاستی سیاسی و پراکتیکی ئەو حیزبەی بەو ئامانجە گەیاندووە، کە سەرلێشێواوویی تێنەگەیشتوویی بەرهەمهێناوەو بزووتنەوەکەی خۆشیانی لە پێکووتەدا ڕاگرتووە. هەر لەبەر ئەوەیە. کە مەسەلەی نەتەوایەتی و لەسەر مەسەلەی ڕێکخستن و سیاسەتی حیزب و لە سەر مەسەلەی ئافرە تان، و...هەموو لایەنەکانی تری وابەستە بە کۆمەڵگای چاوبینی سەرمایەدارییەوە، نەیان توانییوە یەک هەنگاو بچنە پێشەوە. چونکە لێکدانەوەو هەڵوێست گیرییەکان، سەرچاوەیان لە بەها تیۆرییەکەیەوە وەرگرتووە، و نەیان توانیوە یان کارامەیی تیۆری یان ئەنجام گیری وورده بۆرژوازی یان لێوە بەدەرکەوتووەو نەیان توانیووە تێپەڕی ئەو سیاسەت و ستراتیژە بکەن، کە بەرژەوەندپارێزی وورده بۆرژوازی لە ئامێز گرتووە.**

**لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە (احمد معین) بەهیوابووە، لەڕێگەی ئەو تێڕوانینەی خۆیەوە، کە دووپات کردنەوەی هەمان دیدگای ڕابردووەو هی (حککع)ە.. پراکتیکی سیاسەت و ئامانجێک بکات کە لە ڕابردوودا کەم وێنە بێت، بەڵام بەبێ ئەوەی دەستکاری بەها تیۆرییەکەی ڕابردوو ئەو ساتی جیابوونەوە بکات. کەواتە چەند چەن و چوونیش بکات و پۆزش بۆ لێکدانەوەی سیاسی جیاواز بهێنێتەوە، نەیتوانیوە سیاسەت و پراکتیکی ڕابردوو گوم ناوبکات. واتە هەمان سیاسەت پرۆسیس دەکات، بەهەمان تیۆری ڕابردووەوە.**

**لەم سۆنگەیەوە لەو کاتەدا (احمد معین)و دەستەکەیان نەیانتوانیوە ناوەڕۆکی هەوڵەکان لەپێناوی گۆڕینی ڕەووشی ڕووداوەکانی چاوبینی دەووروبەریان، بەرجەستەبکەن و هەر کێشەیەک کە لە ئارادا بێت وەڵامی بەکردەوەی پێ بدەنەوە، یان باری سیاسی و ڕێکخستن و پراکتیکی ڕابردوو پرۆتیستۆ بکەن و ئافەرۆزی تیۆریش بەرجەستە بکەن. واتە کێشەی ناو هزری (ک.ک)ی پەیوەندی بە باری سەرنج و تێڕامانی (ک.ک)ی یەوە هەیە بۆ ڕەووشی دەووروبەر.**

**لەبەر ئەوە گۆڕانی بەرژەوەندی کێشەی چینی کرێکار بەسوودمەند بوونیان لەڕەووشی ڕووداوەکانی ناو سیستەم و جووڵانەوەیان، پەیوەندی یان بە گۆڕانی بنەڕەتی تیۆری یەکەیەوە هەیە. چونکە تیۆری بزاوتنی هەر چینێک ڕێنووێنی بزاڤی سیاسی و بەرژەوەندی چینەکەی خۆی دەکات، توێژینەوەی لەسەر ڕەووشی سیاسی و جووڵانەوەی سیاسی یەکەی دەکات و ئامانجی چینی خۆی لە ستراتیژو جووڵانی سیاسیدا ڕێنورێنی دەکات.**

**ئەگینا چۆن لە حیزبە سیاسی یەکاندا، هزری حیزب لە ڕێنوێنی کردنی سیاسەتی حیزب بارو لایەنێکی جیاوازی وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا تیۆری حیزب کاریگەری زۆر قووڵ و کرداری هەیە لەسەر داڕشتنی بەرمانەو پراکتیکی حیزب. بەرنامەی حیزبیش بریتی یە لە لایەنی سیاسی و دەربڕینی بەرژەوەندی حیزب. بەرنامەی چینەکانیش، پابەندو هەلئێنجاوی تیۆری چینەکانە. میتافیزیکای ئاوەزی (احمد معین)و دەستەکەیان لەوەدایە، کە هزرو ڕێنوێنی کردنی سیاسی لێک جودا دەکاتەوە. چونکە هەردوولا تەواکەری یەکترین، و هزر ڕێنوێنی سیاسەت دەکات و سیاسەتیش پەیڕەوی لەهزر دەکات، و ئامانج و ستراتیژی میتۆدی هزرو فەلسەفەکەی پرۆسیس دەکات. نەگونجاوە لەناو مارکسیزمدا، کەسیاسەت و پراکتیک و هزری و میتۆدەکەی، هەر لایەو ئاڕاستەی جیاوازو جەمسەری جیاواز بگرن. لەبەر ئەوەی هزرو میتۆدی مارکسیزم پێچەوانەی میتافیزیک، ڕێنوێنی سیاسەتی کرێکاران و ستراتیژی مێژوویان و ئەرک و فرمانەکانی بەشێوەیەکی دیالێکتیکی دیاری دەکات، و پەیوەستی ناو بزووتنەوەکەیی و ئاسۆو ئامانجی دەبێت.**

**میتافیزیکەکان، هزرو سیاسەتی هزر لە یەکتری هەڵئەبڕن. چونکە بڕوایان وایە کە دەکرێت سیاسەتێک پرۆسیس بکەین و هزرێکی یان ئایدیایەکی تر هەڵبگرین. ئەمەش لە ڕووی یەکی یەوە ڕاستە. بەڵام ناتوانێت دەربڕی گشتی و چاوبینی و لۆژیکی ماددی بێت. چونکە سیاسەتیش لە سەرچاوەیەکی هزری تایبەت بە بەرژەوەندی سیاسی سیاسەت ڕانەوە دەبێت. واتە لۆجیکی و زانستی تیۆری ماتریالیزمی دیالێکتیکی زۆر جیاوازە لە باری تێڕوانینی میتافیزیک، چونکە پەیوەندی هزرو سیاسەت و پراکتیک، هزری جیاواز دەربڕی پەیوەندی جیاوازی چینایەتی یە هەروەها دەربڕی سیاسەتی جیاوازو بەرژەوەندی جیاواز دەبێت.**

**تەواو نەکردنی یان دابڕان و پاشەکشەی حیزبی (ک.ک.ع) لە پراکتیک کردنی (ک.ک)ی لەکام کەناڵ و لەچ سەرچاوەیەکی یەوە بەئەنجام گەیشتووە؟! ئەو تێڕوانینەی بزووتنەوەی بنیات نان، ئەنجام گیری هەڵەیان لێ**

دروست کراوە، چونکە نەیتوانیوە ڕەگەی جیاوازی و لێک جودای یان بدۆزێتەوە. هەروەکو لە ڕابردوودا و لە نووسینەکانی پێشووتردا باسکراون، ئەو ئایدیایەی ئەوان ئەنجام گیری سیاسی ان لە بەهای تیۆرییەکەیەوە لە چێوەی خۆیدا لێ دروست کراوە. واتە (ک.ک)ی دنیایەکی خەیاڵی و ڕۆمانسی یانەیان، لە دینایەکی چاوبینی یدا دروست کردووە. چونکە تیۆری (ک.ک)ی سەر بە خێزانی تیۆری بۆرژوازی لیبراڵی یەو پێویستی مانەوەیان لەڕێگەی سیاسەتێکی بەو چێوەیەی خۆیان بینیوەتەوە. ئەمەش دەتوانێت سەرچاوەیان لە لێکدانەوە سیاسی یەکانی یانەوە ببینێت و هزری (ک.ک)ی ڕێنوێنی تەواوی ئامانج و ستراتیژی بزاڤە سیاسی یەکەی کردووە. ئیتر ئەو هەموو بەڵگەو باک گراوندە ئاوەزی یانە، نەیان توانیوە بەڵگەی جیاوازی بن هەتا لەو ساتانەشدا، کە وەک بەڵگەی جیاوازی هێنراونەتەوە.

هەموو ئەو فرمان جێ بەجێ کردنەی لەڕێگای سیاسی یەوە ڕاڤەکراون، لەپێناوی ئەوەدایە کە دەوورو پشتێک کە هەیان بێت بەلای خۆیاندا ڕایکێشن، ئەم سیاسەتی دیماگۆجیەش بیکەنە فاکتەرێک بۆ جیابوونەوەیان لەسەر بنەڕەتی چاوبینی و بەزانستی پیشاندانیان. بەڵام ئەمەش جارێکی تر دەست نیشانی هزری میتافیزیکای ئەوان دەکات. لەبەر ئەوەی ڕەووشی سیاسی و بزاڤی سیاسی و هزری ئەمان هیچ بەڵگەیەکی تیۆررییان لە پشتەوە نی یە کە جیاواز بێت لە (ک.ک)ی. بەڵکو تەنها جیاوازییەکانیان لە بەیانی سیاسی یاندا بەیان دەکەن و دەست لە میتۆدو تیۆری نادەن، لەگەڵ ئەوەشدا پراکتیک کردنی هەمان سیاسەتە. پۆزش بۆ ئەوە دەهێننەوە کە ئەوان (حککع)ی یان بەتەواووی دانەمەزراندووە، ئەمان دەیانەوێت لەڕێگەی ڕاڤەکردنی هەمان هزرو تیۆری و میتۆدەوە، پراکتیکی دامەزراندنی حیزب بەرجەستە بکەن. لەڕابردوودا (حککع)و لەساتی دامەزراندنی دا، دەیان بێژا کە کەسانکۆ (جەماوەر)یەکی زۆر بە دەورووبەریانەوەن و لەگەڵ (ک.ک)ی یدا دەست لەملان و کەیف خۆش و خوشک و بران و خزم و قەومن، دوابەدوای جیابوونەوەی ئەمانیش، بەهەمان ڕیتم هەمان ئاواز دووپاتە دەکەنەوە، ئەمەش (احمد معین) لەهەمان نووسراویدا بەیانی کردووە لەبارەی خۆیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئەو کاتەش دروشمەکان و ئەلتەرناتیڤەکان و ڕێگەچارە سیاسی یەکان و چارەسەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیشیان گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. هەروەها ئەو ئاوەزە هەر لەهەمان چوارچێوەی لێکدانەوەکانی (ک.ک)ی یدا مایەوەوجیهان بینی و تێڕوانینەکانیان هەمان سیاسەت و ئامانجی هەڵئەێنجایەوە.

لەهەمان نووسراوی پێشوودا، (ئەحمەد معین) دەنووسێت: [ بإيجاز فأن الفراغ السياسي الذي تعانيه حركتنا على صعيد غياب حل سياسي وخط سياسي-عملي اشتراكي- اضافة الي فراغ التحزب و التقاليد الحزبية الشيوعية، هي حقيقة صارخة في حياة الشيوعية العمالية في كردستان والعراق في هذه المرحلة. ص22 –الأوضاع السياسية في العراق، ...آب 1998-احمد معين.]. بێگومان سەرچاوەی بۆشایی لە بزووتنەوەی سیاسی (ک.ک)ی‌دا لە بۆشایی ئایدیای (ک.ک)ی یدایە. چونکە میتۆدی ئەو هزرەو ئامانجەکانی بێ وەڵامە لەبەرامبەر هەر هێرش و تەنگژەیەکی بزووتنەوەکەیدا. هەروەها سیاسەتی ئەو بزاڤە توانای پڕکردن و لادانی هەموو ئەو تێزو ڕەووشە سیاسی یانەی نی یە، کە لە چاوبینی دەووروپیشتیدا هەیە. چونکە وەڵام دانەوەکان لە پلەی بێ وەڵامیدایەو ناتوانن وەڵامی بنەڕەتی و جیاوازی سیستەم و بەهای سیاسی ئەو سیستەمەو ئامانجەکانی بێت، هەروەها نەی توانیوە لە سیاسەتێکی وورده بۆرژوازی تێ پەڕبکات و ئامانجی ڕوونی بزاڤی سیاسی چینی کرێکار بێت. لەبەر ئەوەیە وەڵامەکان ناتوانن پەرچەکرداری فشارەکانی سەرمایەداری بن. چونکە نەیان توانیوە ئاستی و پلەی وەڵامی سیاسیان دابڕاوی سیاسەت و بزاڤی وورده بۆرژوازی و بۆرژوازی بێت.

بەپێی ئەوەی میتۆدی لێکدانەوەو توێژینەوەکانی هزری (ک.ک)ی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ میتۆدی سیاسی سەرمایەداری نی یە، نەی توانیوە بەر بەلێشاوی فشاری سیاسەتەکانی بۆرژوازی و سەرمایەداری بگرێت. هەروەها ڕیتم و ئاسۆی سیاسی (ک.ک)ی لەگەڵ ڕیتم و سیاسەتی وورده بۆرژوازی ئەوروپیدا یەک ئاوازو یەک میلۆدی میتۆدی یە سەمفۆنیای ڕێکردنی ئەمان و ووده بۆرژوازی ئەوروپا یەک ڕاستە ڕێگەیە. لەم سۆنگەیەوە دانانی هێڵە سیاسی یەکان و ڕێگەچارە سیاسی و پراکتیک کردنیان بەم شێوەیە، بەرەنجامی سروش وەرگرتنی میتۆدو فەلسەفەی (ک.ک)ی یە لە سیاسەت و فەلسەفەی لیبرالیزمی ئەورووپی. لەبەر ئەوەیە ڕێگەچارە سیاسی یەکان و هێڵە سیاسی یەکەشی، بێ ئامانج و بێ ئاسۆیەو ناتوانن ڕابەری سیاسەت و ستراتیژی بزووتنەوەی چینی کرێکار و داخوازی یەکانی بکەن.

ئیتر مەسەلەی بۆشایی دروست بوون، لە پراکتیک و سیاسەتی حیزب و کەم توانایی و خۆڕانەگری لەبەرامبەر لایەنە نەیارەکانی خۆیدا، هێڵی هزری و سیاسی یەکانی کەم تواناو بێ وەڵام و یەک ڕیتمە لەگەڵ بۆرژوازی و سەرمایەداریدا. هەروەها لەلایەکی ترەوە حیزب لە دروست بوونیدا نەچووتەوە سەر تقالیدی یان کلاسیکی

پێکهێنانی و سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیست، هەموو ئەمانە سەرچاوەیان لەسیاسەتی پرۆژەی حیزبی و میتۆدی فەلسەفەی دروست بوونی حیزبدایە. ئەوان ئەندام گیری و پەرەنسیپی پەیوەندی حیزبییان لەرێگەی کۆمەکەوە دەست نیشان دەکەن و هیچ بەهایەک بۆ دیسپلینی حیزبی دانانێت. ئیتر هەموو ئەو بەڵگە هێنانەوانەی کە بەڵگە پێک ناهێنن، نەیان توانیوە ئامانجی دووری بزووتنەوەکە دەست نیشان بکات و شەقاوێک بخاتە نێوان سیاسەتی ئێستاو رابردوویانەوە. هەروەها نەیتوانیوە، ئەو بێژانەی ئەوان دوو هێڵی سیاسی جیاوازی چینایەتی دروست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەووتە بێژان وای رابگەیەنن کە دوو هێڵی سیاسی جیاواز دروست دەکەن. بەڵام لە کرداردا ئەو دوو هێڵە جیاوازە لە زهندا دروست کراوەو لەچاوبینی یدا بوونیان نی یە. واتە تەنها دارشتنێکی زهنیانەیەو لەچاوبینی هەڵسووران و پراکتیک کردندا، ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازیان نی یە.

لە گۆشەنیگایەکی ترەوە (ئەحمەد معین) دەنووسێت: [ ان المدخل والمنطق الأساسي لتحركنا هو غياب الشيوعية العمالية في الصراعات السياسية الجارية وفي التحولات السياسية التي يشهدها العراق و التي تتعمق يوماً أثر آخر و عجز الحزب الشيوعي العمالي العراقي عن تأمين الحد الأدني من ذلک المستلزمات.. ص22 –الأوضاع السياسية في العراق- ، آب 1998 (احمد معين).]. ئەم پەرەگراڤە لێکدانەوەیەکی سەیرو سەمەرەی تێدایەو تەنها بۆ بەکارهێنان و فرێدانی رستەو دەستەواژەی سیاسی بەکاردێن. دەنووسێت (ک.ک)ی ئامادەگی هەیە لە کۆمەڵگاداو کەم کاریگەرە لەسەر رەوەندی سیاسی، ئەمەش راستە، بەڵام ئەمانە بۆ پۆزش هێنانەوە بەکارهاتوون و دەیانەوێت لەو رێگەیەوە راست و دروست بوونی جیابوونەوەکەیان بە تۆ رابگەیەنن. لەلایەکی ترەوە پێت ئەڵێن ((ک.ک)ی لە کێشمە کێشە سیاسی یەکاندا ئامادە نی یە. ئەمەش زیاتر لە بۆشایی پەیوەندی نێوان ئەو هزرەو کەسانکۆی ناوچاوبینی کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، یان فاکتەری بۆشایی یەکەیە. چونکە پلانی ئەو سیستەمە هزرییە (ک.ک)ی پلانێکی ناوازەو دوور لەزانستی هەڵسەنگاندنی دەووروپشتمانە. ئەمانە هەمان رێتم لە ئاواز خوێنی ئەوان پێک دەهێنێت. چونکە پابەندی هەمان میتۆدن. هەروەها لەلایەکی تریشەوە پۆزش بۆ بارە سیاسی یەکەی و لایەنە سیاسی یەکانی و هەروەها بۆ گۆرانە سیاسی یەکان دەهێنرێتەوە.

بەڵام ئەو لێکدانەوانەی ئەوان زۆر ناچاوبینی و نازانستین و دوور لە تێروانینێکی ماددی دیالێکتیکی یەوە راڤە دەکرێن و پێچەوانەی میتۆدی زانستی ماددییەو لەگەڵ ئایدیالیستەکان هاوجووتی بەهای تیۆری و سیاسی و هزرین و

بەهەمان بەرژەوەندی ئاڕاستە دەگرن. هەموو ئەو بەهانەو قسەڵۆکە دروست کراوەکان، تەنها لەبێ ئاسۆیی سیاسی ئەم باڵەدا دەردەکەون. چونکە تەنها یەک لایەنە کێشەکان باس دەکات و لەگەڵ لایەنە سەرەکی یەکەیدا هیچ گفتوگۆیەک ناکات. واتە کاتێک لێکدانەوەکان هێڵ و ڕووناکی یان نەخستبێتە سەر هێڵی سیاسی و خەباتی چینایەتی چینی کرێکارو لایەنە بنەڕەتی یەکانی خەباتی سیاسییان ڕۆشن نەکردبێتەوە. ناتوانێت بەرەنجامی هێڵێکی دروست و ماددی زیندووی سیاسی و بەرجەستەی ڕەووشی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار بکات. جارێکی تر لەچێوەی هەمان نووسینگەی هزری و سیاسی ڕابردوودا بمێنێتەوە، دەبێت بەچ کارکەرێک هێڵی سیاسی جیاواز دروست بکات؟! لێرەوە ناوازەیی و لێک جودا نەبوونی ئەو توێژە لەگەڵ سیاسەت و ئامانجی ڕابردوو. هەروەها جووڵان و بزاڤی هێڵی سیاسی و هزری بزووتنەوەکەیان لێک جوودا نابن.

کاتێک سیستەمی هزری و ناوازەیی لەگەڵ چاوبینی دا، بەپێی ناوازەیی لەگەڵ بزووتنەوەکەیدا دەست نیشان دەکرێت. چونکە پەیوەست بوونی بە ڕەووشی ناو چاوبینی یەوە دەتوانێت لەناو کایەی سیاسیدا کایەی خۆی ڕاڤەبکات. هەروەها ئەو جۆرە لێکدانەوانەو تێڕوانینانەی کە لەسەرەوە ڕەخنەمان کردن. بێجگە لەوەی تەنها هەڵئینجاوی ناو ئەندێشەی ئەندێشە مەندێکەو ناچێتە خانەی پراکتیک کردنەوەو پرۆسیس ناکرێت لە ژیاری ڕۆژانەی خەباتی سیاسیدا، ئەگەر پرۆسیسیش بکرێت بەرەنجامی هەڵەو پێچەوانەی کرداری لێوە بە ئەنجام دەگات. تەنها بەو شێوەیە نەبێت کە سیستەمە هزری یەکەی دەست نیشانی پراکتیکەکەی دەکات.

لەلایەکی ترەوە، ئەم بەڕێزانەی بزووتنەوەی بنیات نان.. پرتەو بۆڵەو گلەیی و گازندەیەکی زۆریان لەسەر ئەوەیە کە بۆشایی یەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووە، (ک.ک)ی‌و (حككع) نەیتوانیوە کاری لەسەر بکات و لەو گۆڕەپانانەدا کایەی خۆی بکات. یان نەیانتوانیوە لەو بۆشاییانەدا، گەمەی سیاسی خۆی تیادا بکات و ئاڕاستەی سیاسی کۆمەڵ و بە ئاڕاستە سیاسی یەکەی خۆی بگۆڕێت. هەروەها نەبوونی چاوی ڕاسرووی ئەم کۆمەڵەش، بەهەمان شێوە سیاسەت و ئامانجی ئەو دەستەیەش دەردەکەوێت. چونکە تێپەڕکردنی هەلوو مەرجەکان و ناهەمواری‌یەکانی ئەو ڕەووشە و کاریگەری یەکانی لەسەر بزووتنەوەکە دەبێت لە بەردەمی خۆی لاببات. ئەمەش لەڕێگەی ناسینی ڕەووشەکەوەو لێکدانەوەی ماددی یانەو زانستی ڕەووشی فراوانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا بکرێت. ئەمەش بەو واتایە نا کە تەنها لە چوارچێوەی لێتوێژینەوەدا قەتیس بمێنێت و ببێتە سەرچاوەی

دامەزراندنی نووسراوێک.  بەڵکو هەوڵی گرنگ لەسەر پراکتیک کردنی داخوازیوو ئامانجی سیاسی و ستراتیژی بزووتنەوەکە بدات.  هەروەها پێویستە ئەلتەرناتیڤەکان دەست نیشان و لەیەکتری جیابکرێتەوە.  هەڵوێستی ڕۆشن و بە پراکتیک ببێتە چێوەی کارو کردەوەکانی حیزب.  هەموو ئەم ئەنجام گیریانە لەسەر ئاکاری حیزب و بەرنامەو پەرەنسیپەکانی، لەلایەن هەردوو لاوە،  واتە (حککع)و (بزووتنەوەی بنیات نان...) بە خەیاڵ و ڕاسیۆنالیستانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.  لەبەر ئەوەیە جێگەی تێڕوانینەکان لە دەووروپشتی چاوبینی دا نەبووەو لەئاسماندا هەڵواسراوە.  بەو هۆیەوەیە هەردوولای لەیەک تەرازوودا سەنگ کێش کردووەو یەک سەنگ و سووکیان پەیدا کردووە لە ناوەندو دەرەوەی بزووتنەوەی خۆیاندا.  لەبەرئەوەیە لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوە کەسانکۆکانیان نەیان توانیوە لەژێر کاریگەری و فشاری ئەو سیاسەت و میتۆدوو هزرە بەزۆر ئاخنراوییەوە دەربچن و تێڕوانینێکی بۆرژوازی یانەو سیاسەتێکی سەرمایەدارییانەی ڕابردووی بزووتنەوە کەسانکۆکانیان تێ پەڕێنێت و لەگەڵ ئامانج و ستراتیژی ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێڕی کەسانکۆی کرێکاریدا جووت بن، بە دسپلین و پەرەنسیپەکانی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان ئاڕاستەی سیاسی و داخوازی یەکانیان بگرن، بەڵام ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیان (کەسانکۆ) لەگەڵ دروشم و پلاتفۆرمە سیاسی یە بۆرژوازییەکان و ئاسۆکانیان هاوڕێگاو هاو ئاواتن. چونکە ئاوەزی سیاسی ئەندامان و ڕێنوێنی کەرانی ئەو ڕێکخراوانە،  پابەندی گۆڕانی ڕەووشی بەرهەم هێنانی سیستەمی سەرمایەداری نی یە، لەبەر ئەوەی پلاتفۆرمەکان چاک سازی یەو دوور لە گۆڕانی بنەڕەتی پەیوەندی یەکان خۆی ڕاگرتووە.

بێگومان مارکس لە ڕابردوودا قسەو باسێکی جیاوازتری هەبووە لەسەر پلاتفۆڕموو هەڵوێست و ئامانجەکانی ڕێکخراوە جەماوەری یەکان.  ڕێگە دەربازی مارکس بۆ چینی کرێکار،  گۆڕانی بنەڕەتی بووە لە ڕەووشی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری یانەو گۆڕانی بەڕەووشی بەرهەم هێنانێکی بێ چەوسانەوە. پلاتفۆڕمی مارکسیزم،  پلاتفۆڕمێکی شۆڕشگێڕانە و چینی کرێکار هاندەدات بۆ جێکەوتەبوونی پلاتفۆڕمی (بمرێ کاری بەکرێ و سەرمایە) لە ستراتیژو هەڵسووڕانی سیاسی و حیزبی و سەندیکالیستی یاندا.  بەڵام پلاتفۆڕمەکانی (ک.ک)ی و (حککع)و (حککا) لەڕێکخراوە جەماوەری یەکانیاندا لە چوارچێوەیەکی سیاسی ڕیفۆرمیستی و دووپاتە کردنەوەی ژیانی کولەمەرگی ڕابردووە بۆ چینی کرێکار.

(حككع) نەیتوانیوە دەنگی هەڵچوونەکانی چینی کرێکار ڕێک بخات و ئاسۆیەکی سیاسی و زانستی و ڕۆشنی بخاتە بەردەم بزاڤ و بزاوتنە کەسانکۆو سیاسی یە پارتایەتی و چینایەتی یەکەی. لەبری ئەوەی پلاتفۆرمی ئێستا زیاتر شۆڕشڤان بێت، زیاتر پابەندی ڕیفۆرمەو لەگەڵ سیاسەت و ئامانجی سەندیکا زەردەکان یەک ڕاستەڕێیان گرتووە.

لەم سۆنگەیەوە (ئەحمەد معین)و (حككع) نەیان توانیوە جێگاو شوێنی گونجاوی خەبات و تێکۆشان دیاری بکەن و ئاوەزی ڕاسیۆنالیستانەو کاڵ فامی سیاسی تێ پەڕێنن. هەروەها نەیان توانیوە قۆزاغەی دیدێکی میتافیزیکای تێک بشکێنن و لەژیان و زیندەگی یەکی تری سیاسی و دیالێکتیکی دا. بەها بۆ هەموو لایەنە سیاسی یە بەهادارەکان جێگیر بکەن. بەو ئاوەزە گنگڵی بڕواو بۆچوونەکانیان بەیان دەکەن، لەسەر ئەوەی کە تەنها جیاوازی سیاسی یان هەیەو لەڕووی میتۆدی یەوە جیاوازنین. هەروەها میتۆد ناکەنە سەرچاوەی گۆڕانی ئاسۆی سیاسی.

لەلایەکی ترەوە، جەخت کردنی (ئاسۆ غەریب) لەسەر هەمان پلان و ئامانج، دەنووسێت: [ هەڵبەتە باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە ئەو کارانەی ئێمە لە دەرەوە دەیکەین دەکرا هەر لەم حیزبەدا بیکەین. بەڵام واقعیەتی محفلی حیزب و منفەعەتی سیاسی ڕابەرایەتی ئێستا فرسەتی بۆ ئەم کارە نەهێشتۆتەوەو هەموو دەرگایەکی کلۆم کردووە. ل15- (هۆیەکانی وازهێنام لە (ح.ک.ک.ع)، لە شوباتی 1998] ئەم بێژانەی ئاسۆ غریب و ئەوانەی تری (احمد معین و دەستەکەیان)، گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن کە جیایی یەکانی لەسەر ئاستی سیاسی یەو لەباری تیۆرییەوە جیاوازیان نی یە. هەروەها میتۆدی (ک.ک)ی هەمان میتۆدی هەڵسووڕان و ئاسۆیە، لەکارو کرداری سیاسی یە بەنا و جیاکانی ئەماندا، ئەم تێڕوانین و دیدگایە سەرچاوەیان لە ناڕاسرووی جیهان بینی (ئاسۆ غریب)ەوە دەستەکەیان سەرچاوەی گرتووە. لەبەر ئەوەی میتۆدی جیاواز، هەڵسووڕانی سیاسی جیاواز پێک دەهێنێت. ئەوەکو سەرووبنی لێکدانەوەکان بکرێت، یان بەیانی سیاسەتێکی جیاواز لەهەمان میتۆدی ڕابردوو بکەن و لەهەوڵێک فازێکی گۆڕان ئاوزەندی بکەن. چونکە میتۆدە جیاوازەکانی داکۆکی لە بەرژەوەندی یە سیاسی و کۆمەڵایەتی یە جیاوازەکانی چینە جیاوازەکان دەکات. هەروەها بەرنامەو میتۆدی (ک.ک)ی، سیاسەت و بەرژەوەندییەکی سیاسی خۆی هەیە. هەوڵەکانیشیان لەپێناوی ئامانجی بەرنامەیدایە. واتە پلان و تاکتیکی خۆی هەیە هەروەها ستراتیژو ئامانجی سیاسی تایبەتی خۆی هەیە. لەبەر ئەوە هەر ئەرکێک بەپێی بەرنامەو سیاسەتی (ک.ک)ی ئەنجام بدرێت، داکۆکی لە بەرژەوەندی سیاسی هەمان توێژگەڵ دەکرێت.

ئەگەر ئەوان لەسەر ئاستی میتۆد جیاوازییان نی یە، ئەی بەچ هۆیەک و لەچ کەناڵێکەوە سیاسەتی جیاواز ڕاڤە دەکەن، هەروەها لەسەرەتادا هۆی هاتنە دەرەوە لەو حیزبە بەرەنجامی چ فاکتەرێک بووە؟.!

لەلایەکی ترەوە (ئاسۆ غریب) دەبێژێت ئەو ئەرکەی کە لە دەرەوەی حیزب لە ئەستۆیان گرتووە دەتوانرا لەناو حیزبیشدا پرۆسیس بکرایە. چونکە ئەمان هەمان میتۆدو بەرنامەو هەمان ئامانجی سیاسی یان هەیەو هەمان سیاسەتیش پرۆسیس دەکەن. ئەگەر میتۆد جیاوازە، ئەی بۆچی کارەکان و ئامانجی سیاسی یان دەتوانرێت لەناو حیزبی (ک.ک.ع) یش دا بکرایە. واتە خاڵ بەندی سیاسی و پرۆسیس کردنیان بەندە بە هێزو ئینرژی کەسانکۆی مەیل و بۆچوونەکان، ئیتر ڕێگری ڕابەرایەتی کەم ڕەنگ و بێ کاریگەر دەبوو. ڕێگە نەکردنەوەو گوێ نەگرتن، پەیوەندی بە بیرۆکراتیەتی سیاسی ناو سەنترالیزمی ڕێکخراوەیی حیزبەوە هەیە. بێجگە لەکاڵ فامی و ناتوانایی لەبەرامبەر پرسەکاندا. ئەو بێژانانەی (ئاسۆ غەریب) لەسەرچاوەیەکی نازانستی یەوە هەڵدەقوڵێن و ناتوانێت لێکدانەوەکان، ئەرک و سیاسەتێکی گونجاوترو هەڵوێستێکی زانستی بهێنێتە ئاراوە. هەموو ئەو باس و خواستانەی ئەوان ئەرک و ئامانجیان شوێن و پلەگرتنی ناو سەنتریالی حیزب و پلەوپایەی سیاسی بێت. لەڕوانگەی سیاسەت و ئامانجی جیابوونەوەدا، بەدەردەکەوێت کە ئەوانیش هەمان ژیانی دەستەچێتی و گروپ و گروپ جێ بەجێ دەکەن. چونکە یەک میتۆد، چەتری سیاسی و تیۆری (حککع)و باڵی جیابووەوەی پێک دەهێنا.

لەسەرەتادا کام هەوڵ و لەکام لێکدانەوەیاندا، کام نووسراو، و چ ووتارێک لە ووتارەکانی (ئاسۆ غریب) و (ئەحمەد معین) و هاوڕێکانی تریان، هەولڕدراوە سیاسەت و پەرەنسیپێکی جیاواز لە (ک.ک)ی بخەنە ڕوو. واتە هەتا کاتی ئەم نووسینەش ناتوانرێت ڕووانگەیەک و دیدگایەکی هزری جیاواز بدۆزینەوە لە هێڵە هزرییەکانیاندا. هەروەها لەلایەکی ترەوە، هەزار بڕوو بییانوو بۆ دیدی (مەنسوری حیکمەت)و (ک.ک)ی دەهێنێتەوە، و ئەرکی سیاسی و پراکتیکی ڕاڤەکەرانی (ک.ک)ی جیاوازی پیشان دەدەن لەگەڵ ئامانج و سیاسەتی (ک.ک)ی گوایە ئەو دەستەی ناو حیزب، سیاسەت و ئامانجی سیاسی و هزری (ک.ک)ی یان پەیڕەو نەکردووەو میتۆدێکی جیاوازیان لە هەڵسوکەوتی سیاسی یاندا پرۆسیس کردووە. هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەم کۆمەڵە بەنامە ئاگاداری (مەنسوری حیکمەت) یان کردووەتەوەو ڕایان گەیاندووە کە پێک هاتی سیاسی ئەو حیزبە واتە (حککع) لەگەڵ دیدگای (مەنسوری حیکمەت)و هێڵە سیاسی و هزرییەکانی (ک.ک)ی یدا لێک جوودان و پەیڕەوی ئەو پەرەنسیپەیان

نەکردووە. ئەم ئاگاداری یەی ئەمان بۆ ئەوان، لەپێناوی ئەوەدایە کە بەهای سیاسی و کەسانکۆیان لەوان زیاترو لەپێشتر بێت. ئەوانیش بەنمەک حەرام و بەدکاری ناو (ک.ک)ی پیشان بدەن. هەروەها لەلایەکی ترەوە پەیرەوکردنی سیاسەتێکی دیماگۆجیانەیە، لەپێناوی کۆکردنەوەی ئەندام و لایەنگر بۆ خۆیان. هەروەها هەر هەوڵێک و کردەوەیەکی لەو جۆرە بەرەنجامەکەی نەزۆک کەوتنەوەی لێ پەیدا دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر میتۆد جیاواز نەبوو، چ فاکتەرێک فشار دەخاتە سەرجیابوونەوە!. بێگومان هەموو ئەو فاکتەرانەی کە لێوەی دواوون فاکتەری بنەڕەتی نین بۆ جیابوونەوەو ناتوانێت جیاوازی ڕابگەیەنێت. چونکە بەرژەوەندی سیاسی و ستراتیژو پلاتفۆرمی سیاسی یان بەیەک تاودان لەچێوەی خۆیدا دەسووڕێتەوە. بێگومان لەمەشەوە دەردەکەوێت کەشکستی هەرلایەکیان، بەشکستی ئەوی تریان کۆتایی دێت. چونکە میتۆدو پایەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازیان نی یەو سەربەیەک خێزانی کۆمەڵایەتی چینایەتین.

ئیتر جیاوازی یەکان لەسەر ئاستی سیاسی هیچ نی یە، بێجگە لە بەڵگەیەکی بێ بەهاو ناسیاسی بۆ جیابوونەوە. هەروەها چۆنایەتی و چەندایەتی پەیوەندی یەکانی هەردوولایان بەتێزی (ک.ک)ییەوە، سەرەتاو کۆتایی بێ جیاوازیان دەردەخات. هەروەها لەلایەکی ترەوە کاڵ فامی و پەیوەندی یەکی دووگماتیستی یان دەردەخات. لەلایەکی تریشەوە بێ توانایی و پێ نەگەشتوویان لەناو تیۆری مارکسیزم و کۆمۆنیزمی زانستی دا پیشان دەدات. کە ئەمەش بووەتە مۆتەکەو بەڵایەکی گەورەو بەدکاری سیاسەت و پراکتیک کردنی پەرەنسیپی پارتایەتی یان. بەم پێ یە هەموو ئەو کردانەی ئەوان تەواو کەرو پیشاندەری دەستەچێتی و گروپ دروست کردنی بێ جیاوازییە، چونکە جیابوونەوەی بێ دابڕان و لێک ترازانی هزری و میتۆدی یە. ئیتر جیابوونەوە لەسەر ئاستی سیاسی، یان بەناوی کێشەی سیاسی یەوە ووتەیەکی بێ ئەرزشە. چونکە کێشەی سیاسی ناتوانێت بە ئەبستراکت کردنی لەگەڵ بەهای میتۆدی و هزری. گەوهەری جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی بێت.

لەهەمان نووسراوی پێشووتردا کە دەست نیشانمان کرد، (ئاسۆ غریب) دەنووسێت: [ دەستمان لە فراکسیون شل کردو فرسەتیشمان بەرابەرایەتی دا هەر خۆی ڕابەرایەتی ئەم حەرەکەتە نوێ یە بکات و یەکەم کاریش لە بانگەوازێکی ڕەسمی دا اعتباری خۆمان پێدایەوە، بەڵام زۆر جار شارەزایانی شەڕ بە نەیارەکانیان دەڵێن لەسەر وەعدی شەرەف چەکەکانتان دابنێن، ئێمەش لەسەر شەرەفی منسوری حیکمت چەکەکەی دەستمان داناو لەسەر وەعدی ئەو ئومێدمان

پەیداکرد. کەچی بەدیلی تیربارانمان دەکەن. ل24 (هۆیەکانی وازهێنانم لە (ح.ک.ک.ع) شوباتی 1998)].

لێرەوە دەمەوێت باسێکی کوورت لەسەر فراکسیون بکەم. تا بۆمان روون بێتەوە ئەوان جیاوازی فراکسیۆنیان هەیە، یان بەیانی هەمان ڕەووش و لایەنی هزری دەکەن و بە فراکسیۆن بوونی خۆیان بەیان دەکەن. بێگومان فراکسیۆن، پێویستی بە بەهای تیۆری و هزری و خەتی سیاسی و بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز هەیە. واتە بۆ ئەم لایەنە پێویستە هێڵە هزری یە جیاوازەکان بوونیان هەبێت و بەیان بکرێت و دەست نیشانی کرۆکی جیاوازی یەکان بکات. بەم پێ یە هێڵە هزری و سیاسی یە جیاوازەکان، بەرژەوەندی یە جیاوازەکان و پراکتیکە سیاسی یە جیاوازەکان دەست نیشان دەکات. هەموو ئەمانەش ستراتیژو بەرنامەو دروشمی جیاوازیان پێویستە. بەڵام لە کردەی سیاسی و دەستەچێتی یاندا هیچ یەکێک لەم لایەنانە لەچاوبینی هەڵ سووڕان و سیاسەت کردنیاندا گۆڕوونن. بە نووسین و بە گوتارو بێژانیان لەسەر فراکسیۆن، ووتەو لێکدانەوەیەکی ئەندێشەیی و ناڕاسڕوویی یە. ناتوانێت دەربڕی ناوەڕۆک و کاکڵەی فراکسیۆن بێت. چونکە ئەگەرئەوان نووسین و بێژانی ڕۆشن و سەربەخۆی جیاوازی هزری یان هەیە، جیاوازییان لەگەڵ (ک.ک)ییدا لەکام لایەندایە، ئەو نووسینە سەربەخۆیانە کامانەن! دەبێژن ئەوان لێکدانەوەکانیان ئاسۆی بزووتنەوەکە زیاتر گەشەدار دەکات و دەتوانێت پراکتیکی بەئامانج بەرجەستە بکات. بێگومان ئەم بێژانە زۆر ناڕاستن و تەنها دارشتنی خەیاڵەو لەگەڵ خەونی زەردوو سەوزدا تێکەڵن. چونکە هەردوولایان دەچنەوە سەر یەک میتۆدو یەک لایەنی هزری (ک.ک)ی ڕێنوێنی سیاسەت و ئاکاری سیاسی یان دەکات .

هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئاسۆ سیاسی یەکانی ئەوان ڕوونترو سوودبەخش ترە، بەچ پێوەرێک فرسەت دەردێت بەڕابەرایەتی یەکەیان سیاسەتی بەدکارو چەوت پرۆسیس بکەن. بێگومان هەوڵەکانی ئەوان پاسیڤیستی سیاسەت و کرداری یانە لە بەرامبەر (حککع)دا. ئەگەر ڕابەرایەتی کەم تواناو نەشیاو بوو، هەروەها بەدکردارو نازانست بوو، ناکرێت لێکدانەوەو هەڵوێستە جیاوازەکان بدەیت بەدەستەوەو لە بەرامبەردا بێ کاریگەرو پاسیڤیست بێت. بێگومان یان تێڕوانین و دیدگاکان جیاوازیان نی یە، یان بێ تواناو خۆڕانەگرن لەبەرامبەر سیاسەتی مێملدا، لەبەر ئەوەیە بەدەستەوە دەدرێت. هەروەها ئەوەی کە ئەوان باسی لێوە دەکەن و دەیکەنە بەڵگەی فراکسیۆن، هیچ لێکدانەوەو توێژینەوەیەکی جیاوازی بنەڕەتی و چاوبینی یان نی یە، هەروەها فراکسیۆنیان بە هەند وەرناگیرێت. لەم سۆنگەیەوە دیدگای (ئاسۆ غریب)و هاورێکانی دوولایەنی هەیە، یان ئەوەتا ترسنۆکی و

دوودڵی ئەوان و بێ توانایی یان لەباری تیۆری یەوە دەردەخات، و بەهۆی یە وە کە توانای شەڕکردنێکی چینایەتیان نی یە. بەم پێ یە چۆنیەتی شەڕکردنیان، ئاستی جەنگەکەیان دەردەخات و پلەی جەنگاوەریان دەست نیشانی دۆڕاندنی شەڕەکەیان دەکات. بێگومان پلەی جەنگاوەریان لەڕووی پلان و ستراتیژی جەنگەوە دەست نیشان دەکرێت. ئەگەر ئەمان خاوەنی چەکن و هاتوونەتە مەیدانی جەنگ، بەچ هۆیەک و بەچ لێکدانەوەو پێوەرێک، چەکەکانیان دادەنێن، و یەک بەرەی جەنگ و بەرەنگاری بوونەوە پێک دەهێنن.؟!

بێگومان جەنگی سیاسی و هزری و تیۆری، پرۆتۆکۆڵی شەرەف و قسەدانی ئەم و ئەو یان حیزب و دەسەلآت ناکاتە پێوەری پەیوەندی و یان دژایەتی، چونکە جەنگەکان وەک جەنگی چینایەتی، هێرش و بەرەنگاری بوونەوەی مێمل و بەهایە بۆ سەرکەوتن، لەبەر ئەوەی جەنگی چینایەتی دەبێت هەڵگری خواستی چینایەتی و مێژوویی بێت، بۆیە دەبێت جەنگەکان بەئاڕاستەی بەرژەوەندی چینی کرێکار ئاڕاستە بگرن و دەستەبەری خواستەکانی ئەو چینە بکات. واتە ئەم جەنگە پاسیڤیست و خۆ بەدەستەوەدان وەرناگرێت. بەڵکو بەرژەوەندی مێژوویی و خواستی چینایەتی بەهەند دەکات، و هەموو بەرەنگاری بوونەوە کەشیان ئەو ستراتیژە هەڵدەگرێت. کەواتە نابێت ئەو لایەنەی کە هەڵگری خواستی چینایەتی چینی کرێکارە، جەنگە تیۆری و سیاسی و هزرییەکەی، بە پرۆتۆکۆڵێکی کەسێتی کۆتایی پێ بێنێت و چەکەکان بداتەوە دەست مێمل و ڕکەبەرەکەی. واتە کاتێک کە دەستەکەی (ئاسۆ غریب) چەکەکانیان دەدەنەوە دەست ڕابەرایەتی یەکانیان، بێ توانای و کاڵ فامیانەو مایەی بێ جودایی و لێک دانەبڕانە. هەروەها لەلایەکی ترەوە جەنگی ئەمان لەچاوبینی دەروورووپشت و سیاسەتدا بەهایان نەبووە.

هەموو ئەوانەی سەرەوەی (ئاسۆ غریب) بەڵگەی بێ جیاوازین و دەیسەلمێنن و جەخت لەسەر بێ بەڵگەیی تیۆری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی یان دەکات و ناتوانێت پلەی جیاوازی بێت. هەروەها نەبوونی پلەی فراکسیۆنە.

جارێکی تر (ئاسۆ غەریب) جەخت لەسەر تێڕوانینی فراکسیۆن دەکات و دەنووسێت: [ دوای ئەوەی فراکسیۆن کۆتایی هاتووەو مەلەفەکەی داخراوە، حملە بە خوازیارانی دەکەن. حەملەی منظم، بەخیلافی ئەوەی ئەوکات لەگەڵیان باس کردین قسەمان پێ دەڵێن، کاربەوە گەیشتووە، نەوێری لەپێستی خۆتدا بجولێیتەوە اجرائات دەکەن بەدژت و، مەلەفت بۆ سازدەکەن، کێشەکەت لێ گەورە دەکەن، خەتای ناکارامەیی خۆیان هەموو کار نەرۆیشتنێک دەخەنە گەردنی کەسانێک کە مخالف بوون. ل24 (هۆیەکانی وازهێنانم لە (ح.ک.ک.ع) شوباتی 1998)]. ئەم

پەرەگراڤەش خۆ بەدەستەوادانی پێوەدیارە، کە ترس و نیگەرانیان لەوە هەیە، ترسیان بۆ دروست بووە، کە کارو هەڵوێست گیری یەکەیان، ئەگەر هەیان بووبێت، دۆسیەی بەدکاریان بۆ دروست بکەن. بەڵام ئەم ئاوەزەی بیرکردنەوەیان لە پلەو چێوەی سیاسی دا بەهەند وەرناگیرێت. چونکە کێشەو ململانێی سیاسی و تیۆری چینایەتی، ترسی لە دۆسییەی بەدکاری دروست کردنی نیە. لەبەر ئەوەی دۆسییە هەرچۆنێک بێت، لێکدانەوەکان و تێڕوانین و جیهان بینی یەکان دەتوانێت جێگەی ئەو دۆسێیەی بەخوا بسپێرێت. ئەگینا هەموو ئەو برو بیانووانە بۆ بەهای جیابوونەوە بێ ناوەڕۆکە. چونکە جیاوازیەکان نەچوونەتە سەر پلەو پایەی جیایی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیدگاو تێڕامانی چینایەتی، و لێکدانەوەکان لەسەر بنەڕەتی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی جیاواز نەکراوە. لەم سۆنگەیەوە پرسیارێک خۆی هەڵدەتۆقێنێ، ئەگەر فراکسیۆن بوون، بۆ لێکدانەوەکان و تێڕامانەکانتان لە دۆسێیەی سیاسی و کۆمەڵایەتیتاندا داخست؟! بۆ کۆتایتان بە باڵ و هەڵوێستی فراکسیۆنی خۆتانتان هێنا؟! بێگومان هەتا کاتی جیابوونەوەش و جیابوونەوەشیان، نەیتوانیوە فراکسیۆنێکی جیاوازبن و قسەو لێکدانەوەیەکی خۆیان هەبێت، و نەشیان توانیوە باڵێکی جیاواز لە دیدی هزری کۆمۆنیزمی کرێکاری پێک بهێنن. تا بتوانن بە پەرەنسیپی جیاوازو لێک ترازاوی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، پرۆسەی سیاسی و ڕێکخراوەیی یان بەیان و پراکسیس بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پلەی و چێوەی ئەوەشیان تێنەپەڕاندووە. کە هەموو ڕا پرسیەکیان بە (مەنسوری حیکمەت) نەبێت و نەبوبێت. بیروبڕوای ئەو هەوێن بووە بۆ لێکدانەوەو تێڕوانینەکانیان.

بەبڕوای من هەردوو لایەن، ناکارامەن لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی کرێکاری و سیاسەتی حیزبی، لەبەر ئەوەی پەیڕەوی سیاسیان پەیڕەوێکی نا مارکسیستی و نادیالێکتیکی یە لە سیاسەتڤان و جیهان بینیاندا، چونکە پەیڕەوەکە پەیڕەوی سیاسەتێکی هزری (سۆشیال-لیبرالیزم)ە. هەروەها هەردو لایەن، درکی ڕۆشنیان لەسەر چاوبینی بزاڤی چینی کرێکارو سیاسەت ڕابەری ئەو چینە نی یە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی هووشیاری تیۆری مارکسیزم و بەها فەلسەفی و میتۆدی یەکەی، و کەم توانایی لە کارو فرمانی حیزبی و ناتەواویی و ناتەبایی ئەلتەرناتیف و پلاتفۆرمەکان لەگەڵ ڕەووشی چاوبینی سیاسەت و ستراتیژی سەرمایەداریدا، هەروەها دیدی زاڵ و باڵادەستی ناو هزری (ک.ک)ی لیبرالیزم و بەها میتۆدییەکەیەتی لە لێکدانەوەو جیهانی بینی ئەواندا. لەبەر ئەوەیە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی و چینایەتیان لە چوارچێوەی هەمان سیستەمی کۆمەڵایەتیدا، هاوچووتی داخوازی و

لێکدانەوەکانی لیبرالیزمە، و ناوەڕۆکی هەمان سیاسەت و بەرژەوەندی سیاسی ئەو چینەی کە داخوازی لیبرالیزمە پرۆسیس دەکەن. لەم ڕوانگەیەوەیە کە (ک.ک)ی هاوجووتە لەگەڵ دیدو سیاسەتی (سۆشیال-لیبرالیزم)دا.

لە کاتێکدا کە دوولایەن، لەیەک سەرچاوەی هزرییەوە، گۆش دەکرێن. پەیوەندی یەکانیان بە پلەو چێوەی خۆیەوە بە ئەژماردێن، واتە چۆنایەتی پویەندی یەکان دەست نیشانی پلەی پەیوەندی یەکان دەکات. کە بێگومان هەردوولایەن لەو کاتانەدا بە یەک پلەو ڕێژە خۆیان پابەندی (ک.ک)ی کردووە. لەبەر ئەوە هەردوو لا، چۆنایەتی پەیوەندی یەکەیان بەڕێگەی خۆ بەدەستەوەدانێکی بێ پرسیار ئەنجام دابوو. بەدڵ وەرگرتنی هەموو لێکدانەووەو توێژینەوەکانی سەرەوەی (ک.ک)ی ئەمان و بەبێ پرسیار ڕاڤەیان دەکردو لە نووسراو و هەڵوێستەکانیاندا ڕەنگی یان پێ دەدایەوە.

لەلایەکی ترەوە، لەدەرەوەی ئەم گروپانەدا لایەنێکی تر هەبوو، کە سیاسەت و ستراتیژی ئەوانی ئەڕەخناند. هەروەها لەسەر جیابوونەوەی ئەوان نووسراوێکیان لەژێر ناونیشانی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و دوو تێڕوانینی جیاواز لە جیابوونەوەدا) ئەم نووسراوەش لە بەرواری تەمووزی 1998 دا نووسراوەو بلاوکرابووەوە. نووسەرەکەشی بەناوی (ئازاد عەلی)یەوە خۆی ناساندووە. ئەم نووسراوەش هی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست) بوو. من لێرەدا ناچمە سەر هەموو ناوەڕۆکی نووسینەکەو، لایەنەکانی یەک لەدوای یەک ڕەخنە بکەم، بەڵکو دیدگایەکی کورتی خۆمیان لەسەر ڕوون دەکەمەوە. چونکە ئاستی ئەو نووسراوەو تێڕوانین و جیهان بینی یەکەی لەپلەو چێوەیەکی زۆر نزم و لاوازدایە. چونکە تێڕوانین و شیکاری یەکانی لەسەرئاستی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی نی یە، چونکە زهنی نووسەر درکی بەجۆرو ڕیتمی جیابوونەوەکە نەکردووە،و نەیتوانیوە جیابوونەوەکان وەک چاوبینی جیاوازی ببینێت. یان لێکدانەوەکانیان نەیتوانیوە، نادروستی و ڕانەوەستاوی دیدو بۆچوونی جیابوونەوەکان پێ بزانێ. ئەمەش درک نەکردنی گەوهەری بڕواو بۆچوونی جیابووەوەکان و ڕیتمی جیابوونەوەی پێ نەزانیوە. ئەمانەش نارۆشنی بیری نووسەرەکەی دەردەخات و وێنەیەکی شێواو و نادروست لەسەر ڕووپێوی چاوبینی دروست دەکات. لەبەر ئەوە هەموو لێکدانەوەکان، پلەو چێوەی توندوتۆڵ و بەرزی و نزمی یەکەی بەپێی جیهان بینی چاوبینی و زانستی و دۆزینەوەی و بینینی ڕەگ و ڕیشەو فاکتەری لاوازی و کەم توانایی بەدەست هاتووی هزری و سیاسی و دەربڕینی ئەڵتەرناتیف و دروست کردنی پلاتفۆرمی زانستی لە ڕەووشی دەووروپشتدا دەست نیشانی

دەكات. ئەوان هیچ جۆرە لێكدانەوەیەكی زانستی یان بەرهەم نەهێنا. لەسەر جیابوونەوەكانیان و ئەنجام گیری سیاسیشیان بۆ خۆیان بەدەست نەهێنا.

لەم ساتەدا دەگەڕێمەوە سەر ئۆرگانی (بزووتنەوەی بنیات نانی...) ئەویش ڕۆژنامەی (پەیامی كۆمۆنیزمە). چونكە ئەم ئۆرگانە دەستەی (بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری-عێراق) لەسەرەتادا دەریدەكەن و دواتربوون بە دەستەی (بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی كرێكارانی كۆمۆنیست-عێراق). لە پێشدا لەژێر ڕابەری ئەو دەستەیەو ئەو ناوەی پێشووتردا دەردەچوو. دوای چەند ژمارەیەک گۆڕانكاری هات بەسەر ناونیشانی دەستەكەدا كە پاش و پێشكردنی یەک دوو ناونیشان بوو لەگەڵ یەكتریدا. چونكە جیابوونەوەی جیابووەوەكان، ناوەڕۆكی پەرەنسیپەكەی هەمان ئامانج و ستراتیژ ڕابەری سیاسەت و هزرییان دەكات. ڕوون كردنەوەی ئەمە زیاترهەڵدەگرین بۆ بەشەكانی دواتری ئەم بەشە لە پەرتۆكەكەدا. لێرەوە دەمانەوێت بچینە سەر دیدو بۆچوونی ژمارە جیاجیاكانی و پەیڤینی خۆمانی لەگەڵدا بكەین.

(پەیامی كۆمۆنیزم) لەسەر ووتاری ژمارەی (1)ی دا دەنووسێت: [ كۆمۆنیزمی كرێكاری لە عێراقدا دەورەیەک پێشڕەوی و پوختەی سیاسی و نەزەری و ئامادەیی عەمەلی لە خۆی نیشان ئەدا، ئەمریكا لەم دەورەیەدا گەورەترین و خەتەرناكترین جەنگ لەدژی كرێكاران و خەڵكی عێراق هەڵگیرساند لەژێر ناوی ڕزگاركردنی كوێت و داسەپاندنی داخوازی یەكانی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەر ڕژێم دا. لەبەرامبەردا كۆمۆنیزمی كرێكاری عێراق، بۆ یەكەمین جار لەگەرمەی هات و هاواری دژی كۆمۆنیستی داو لەدڵی گەورەترین هێرشی مێژوویی بۆرژوازی جیهانی بۆ سەر چینی كرێكار، لەو باروودۆخەدا، زۆر ڕاشكاوانە ئاڵای كۆمۆنیزمی بەرزكردەوە، نەک هەر ئەوە، بەڵكو لە كێشمەكێشی ئەو دەورەیەدا لە ((ڕووداوەكانی ڕاپەڕینەوە)) بوون بە هێزو قورسایی یەكی سیاسی گرنگ و حساب بۆ كراو لە كوردستاندا.. ل1 ژمارە(1)ی پەیامی كۆمۆنیزم-ئەیلولی 1998.]. ئەم باسەی سەرەوەی ناو سەرووتاری پەیامی كۆمۆنیزم، لێكدانەوەی ڕەووشی هەڵچوون و داچوونی ساڵەكانی 1990-1993ی باس دەكات. بەو پێ یەی ئەوان دوای ئەوەی كە بەحسەكان و شیكاری یەكانی (ک.ک)ی و لایەنی فراكسیۆنی حكا- جیابوونەوەو ڕێبازو سەرخەتی سیاسی و هزری خۆیان گەلاڵە كردوو بەرەنجامیش پێكهاتێكی سیاسی یان لێ بەئەنجام گەیاند. چەپی كوردستانی عیراق خۆی لەگەڵ سیاسەت و سەرخەتی هزری و تیۆری (ک.ک)ی هەڵپێكا، دوای كاریگەریەكانی ئەو لایە لەسەر

بزووتنەوەی شورایی و پابەندکردنی گروپەکانی ئەم دەڤەرە بە سیاسەت و ئامانجی سیاسی و چینایەتی خۆیانەوە، درکی نارۆشنیان لەسەر تاووتوێ کردووە. هەروەها کۆمەڵێک لێکدانەوەو شیکاری ئەگەر هەبن ئەبستراکتی بۆ کراوەو چاوبینی کرۆک نەبووە بۆ شیکاری و هەڵسەنگاندنەکان.

لەبەر ئەوەی شورا لەو چرکەساتانەدا، یەک هێزی هزری و چینایەتی یەکگرتوو نەبوو، یەک مەیل و یەک دید نەبوو. بەڵکو چەند لایەنی سیاسی و چەند دیدی کۆمەڵایەتی و هووشیاری و جیهان بینی جیاواز بوو. هەروەها چەند ڕانانی جیاوازی هەبوو. سەرووتار دەیەوێت ئەوە ڕابگەیەنێت کە (ک.ک)ی لەو کاتانەدا پێشڕەویەکی گەورەو کاریگەری هەبووە، لەسەر ڕەووشی بزووتنەوەکەدا پەیوەستی بە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانەوە کردووە، بێگومان ئەم واتاو پێناس کردنە، ناتوانێت لەگەڵ ڕەووشی چاوبینی بزاووتنی بزووتنەوەی شورایی ئەو کات جووت بێت. چونکە پێکهاتی ماددی بابەتی بزووتنەوەی شورایی لە کوردستاندا ئەزموونێکی نوێ و تا پلەیەکیش یەکەم جاریبوو. بێجگە لەوەش کە ئاوەزی بزاوتنی شورایی ئەوکات، ئاوەزێکی نادروست و تێکەڵ و پێکەڵ و دوور لە پێکهاتی ڕابەری شورایی ژیاری ماددی بابەتی خۆی پرۆسیس دەکرد. لەلایەکی ترەوە نادروستی و ناکردەیی کارو هەڵسووڕانی لە چرکەساتی دروست بوونیدا، مەسەلەیەک و بابەتێکی تری کەم و کوورتی بزاڤی شورایی بوو. لەبەر ئەوەی چاوبینی ماددی بابەتی ئەو چرکەساتانە بەچاوی زانست و ئاسایی نەدەبینرا، بەڵکو مامەڵەکردن بە پێی سیاسەتی ئاوەزخوازی چەند کەس و لایەنی وورده بۆرژوازی دەبرا بەڕێوە. بەم هۆیەوە بوو ناجێگیری و یەک دیدی نەبوو لە شورادا، کە بابەتێکی گرنگ و ماددی بوو بۆ زیاتر چوونە پێشی ئامانج و ئاواتی شورایی و هەروەها دەبووە هێزێکی تۆکمەو بە برشتی بزووتنەوە سیاسی یەکەی. نەبوونی ئەم لایەنەی پێکهێنەری شورایی. کەم و کوورتی زۆری لێوە بە سەرەنجام گەیشت.

لەلایەکی ترەوە. (ک.ک)ی تەنها لایەن و تەنها هەڵسووڕاو نەبوو. لەناو بزاڤی شورایی دا. چونکە سروشتی ڕەووشی ئەو کات و نەبوونی حیزبی کۆمۆنیستی زانستی. نەی دەتوانی بزووتنەوەو پێکهاتی ئاوەزی شورایی یەک بابەت و یەک دیدگا بێت. چونکە چەند لایەنی و چەند ئەندامی کارامەو بەتوانای ناو بزووتنەوەکە لە پێکهاتی هیچ ڕێکخراوو گروپێکدا نەبوون. هەروەها حیزبیشیان نەبوو تا لەو ڕێگەیەوە هەموو ئەندامانی خواستیاری ناوەڕۆک و کاکڵەی بزاڤی شورایی لە دەووری یەک ستراتیژ کۆبکاتەوە. هەرچەندە یەک پلاتفۆرمیش بۆ ساتە

وەختێکی کورت بوبووە پلاتفۆرمی بزاڤی شورایی. کە ئەوەش لەلایەنی بابەتی و ماددی خۆیدا جێگای مشت و مڕو ڕەخناندنە. بەم پێ یە (ک.ک)ی تەنها لایەن و تەنها گەورە هێزی ناو بزووتنەوەکە نەبووە. لەبەر ئەوەیە کە لایەنی گەورەو بڵاو لەناو بزووتنەوەکەیدا دەرنەکەوتبوو.

ئەگەر لایەنەکانی (ک.ک)ی بەو جۆرەی کە سەرووتار دەربڕیوون و پێشڕەوایەتی نواندووە. کوا ئەندامانی زیادبووی ئەو ڕەووتە لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا؟!. بێگومان هەموو دەربڕینەکان و هەڵسەنگاندنەکانی ناچاوبینی، لێکدانەوەیەکی میتامێژوویی یە، ء لەگەڵ ڕاستیدا جووت نابن. واتە بەپێی توێژینەوەیەکی ڕاسیۆنالیستانە مێژوو هەڵسەنگێندراوە، و لێکۆڵینەوەیان بۆ کردووە.

لە لێکدانەوەکان و فەلسەفەی (ک.ک)یدا، کۆمۆنیزمیان بە نارەزایەتی ڕۆژانەی چینی کرێکاریان ئەچوواند، ئەم ئاوەزەش جیاوازی کاکڵەیەیی یان لەگەڵ تێڕوانین و شیکاری و جیهان بینی و فەلسەفی کۆمۆنیزمی زانستیدا هەیە، چونکە ئەوان کۆمۆنیزمیان دەکردە دەستە خوشکی سەندیکالیزم و لەگەڵ داخوازی یە سەندیکایی یەکانی هاوجووتی دەکرد. ئەمانەش بەڵگەی ڕەدووکەوتنی ئەو لایەنەیە بەدوای کلکی سیاسەت و بەرژەوەندی یەکانی سەرمایەداری و بۆرژوازی. هەروەها جووت بوونی دیدگاو سیاسەتەکانیانە لەگەڵ سیاسەت و ئامانجی مەیل و دیدگای (سۆشیال-لیبرال)ی چەند بیرمەندێکی وورده بۆرژوازی ئەورووپی.

بە پێچەوانەوە کۆمۆنیزمی زانستی، هەوڵی لەسەر گۆڕان و یان ئاڵووگۆڕی بنەڕەتی یە، لەپێکهات و کاکڵەی سیستەم و پێکهاتنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و سیستەمی چینایەتی ئابووریدا. چونکە گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەکان لەسەر بنەڕەتی گۆڕانی پەیوەندییە ئابووری-سیاسی یەکانی کۆمەڵگا پێک دێت. لەم سۆنگەیەوەیە کە ڕێگا چارەکانی کۆمۆنیزمی زانستی مارکس، ڕێگە چارەی گۆڕانێکی بنەڕەتی یە. لەبەر ئەوەی پێکهاتە شەق و شڕەکەی سیستەمی چینایەتی پینەو پەڕۆ نەکرێ و یان تەمەن درێژی بۆ نەکرێت. واتە کۆمۆنیزمی زانستی جیهان بینی یەکەی و هەوڵە شۆڕشگێڕانەکەی لەپێناوی جێ بەجێ کردنی ئەو ناوەڕۆکەدایە. ئەمەش لێکدانەوەو هەوڵەکانی ئێمە بوو لەو پێناوەدا. دیدگای ئەو کاتی ناو ڕەووشەکەبوو هەروەها ئێستاش هەمان سیاسەتی مارکسیستی مان هەیە. هەروەها ئەو تێڕوانینانەش لێکدانەوەو هەوڵەکانی ناو مارکسیزم بوون.

بەلآم لێكدانەوەی ئەو كات و ئێستای (ك.ك)ی، لەگەڵ ماركسیزم پێچەوانەبوون. بەرزكردنەوەی ئالآی كۆمۆنیزم، دەبێت هەڵئێنجاوی دیدگاو جیهان بینی ماركسیزم بێت. نەوەكو هەڵئێنجاوی ئایدیای وورده بۆرژوازی بێت و جووت بێت لەگەڵ ستراتیژو ئاوات و ئامانجی سیاسی و كۆمەلآیەتی یەكانی.

هەموو ئەو بێژانانەی سەرووتاری ڕۆژنامەی (پەیمامی كۆمۆنیزم) لە پێناوی ئەوەدایە كە بیسەلمێنێت (ك.ك)ی لایەنی تیۆری و سیاسی و هزری و كۆمەلآیەتی بزوتنەوەی چینی كرێكار پێك دەهێنێت. ئەوەش تەنها لە خەون و خەیاڵدا جێگایان هەیە، چونكە لە دیدگایەكی (سۆشیال-لیبرال) زیاتر هیچ ئامانجێك و بەرێكی سەوز نەدەكرد. هەروەها كاكڵەی سیاسەت و ستراتیژی (ك.ك)ی جیاوازی ڕیشەیی یان لەگەڵ ئامانج و ئاواتی بزووتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیزمی زانستی دا هەیە .

هەموو ئەو بەڵگەو دروست كردنانە، لەگۆشە نیگای دەست گرتن بە (ك.ك)ییەوە سەرچاوەیان دەگرت. دەیان كردە جیاوازی نیشان دان لەگەڵ (حككع)، و هۆیەك بۆ دروست كردنێكی تروو هەڵسووڕانێكی جیاواز لەناو بزووتنەوەی وورده بۆرژوازیدا. بەڕاستی هەموو هەوڵەكانیان ناكام و نەزۆك دەبن، و تەنها لە زهندا جێگایان دەبێت، بەلآم لە دیفاكتۆی ڕەووشی بزووتنەوەكەدا زۆر كاریكاتۆریانە دەردەكەوێت.

سەرووتاری ژمارە (1)ی پەیامی كۆمۆنیزم، دووبارەی هەمان لێكدانەوەی پێشتری دەكات و دەڵێت: [ بەگشتی و سەرباری هەر كەم و كوریەك وەكو هێزێكی سیاسی و بەدیلێك طرح بووە گەشەو پێشڕەویەكانی زیادی دەكرد و بەخێرایی خەریكی زاڵ بوون بەسەر كەموكوڕ یەكان و تێ پەڕاندنیاندا بوو. (ل1)-ژمارە (1)ی پەیامی كۆمۆنیزم-ئەیلولی 1998،] دووبارەیی تێڕوانینەكانی ئەم پەرەگرافە. لە پێشتردا پەیڤینی خۆمان لەسەری كردووە. بەلآم ئەوەی لێرەدا جێگای پرسمان بووە، كە (ك.ك)ی بزووتنەوەیەكی سیاسی وورده بۆرژوازی، و هێزێكی وورده بۆرژوازیشی لە دەوور بوو. هەروەها ئەڵتەرناتیڤەكەشی بەپێی سروشتی چینایەتی و كۆمەلآیەتی، داخوازییەكی وورده بۆرژوازی لە كرۆكدابوو. لەبەر ئەوەی ئەلتەرناتیڤەكان نەیدەتوانی، جێگرەوەی سیاسەت و ئاواتی چینی كرێكار بێت، هەروەها نەشی دەتوانی لەبەرامبەر سیستەمی ئێستادا. هێزو توانایەكی گۆڕەر بێت، تواناى وەلآمی پڕاوپڕی گۆڕانی ڕەووشی كۆمەڵگا نابێت. لە لایەكی ترەوە بەیان كردنی ئامانجیان. بەیانێكی ڕابردوو بوو، هەروەها سەرمایەداری لەگەڵیدا ژیانی تێ پەڕاندبوو. لەبەر ئەوانەبوو تەمەن و ژیاری ئەڵتەرناتیڤەكان، بە

بچووکترین هەوڵی بۆرژوازی گۆڕ وون دەبوو. لەم سۆنگەیەوە ئەڵتەرناتیڤ و سیاسەتی (ک.ک)ی نەیدەتوانی ڕەووشی ڕابردوو تێپەڕێنێت، و ئاسۆ ڕۆشنی بزووتنەوەکە پیشان بدات. بەم پێودانگە زاڵ بوونیش بەسەر کەم و کووڕیەکاندا، هیچ ئەنجامێکی نەدەبوو، بەڵکو پێکووتەو تەپاوتیان دەکرد لە قووڕوو لیتەی بۆچوون و سیاسەتەکانیاندا.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەو ئەنجام گیریە جێ بەجێش بوویێت، ئاسۆی بزووتنەوەی چینی کرێکارو کۆمۆنیستە زانستی یەکانی پیشان نەدەدا. لەبەر ئەوەیە کە بەکەمترین هەوڵی بۆرژوازی و سەرمایەداری زۆرترین ئەرک و ئاواتی ئەوانی یان پاشەکشە پێ دەکرد. واتە نەگەشەکە گەشەو بەرزبوونی سیاسەتی پرۆلیتاریبوو، نە هەوڵەکانیش بۆ ڕۆشن کردنەوەی سەرخەتی سیاسی هزری چینی کرێکار بوو. چونکە میتۆدەکەی میتۆدی دەرەوەی بەرژەوەندی و فەلسەفەی بزاوتی چینی کرێکار بوو، هەروەها کردەوەش بەو میتۆدە نەدەکرا.

لەلایەکی ترەوە سەرووتار دەنووسێت: [ ئەوانە بەشێکی دواتری پێشڕەوی یەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوون و تێکڕا زەمینەی ڕاگەیاندنی (ح.ک.ع)یان وەکو لوتکەی ئەم پێشڕەوی یانە فەراهەم کردو سەرەنجام ئەم حیزبە بەڕەسمی ڕاگەیەنرا. ل1 –ژمارە(1)ی- پەیامی کۆمۆنیزم- ئەیلولی 1998).]. لەڕاستیدا دروست بوونی (حککع) پرۆسەیەکی میتامێژوویی بوو، لەدەرەوەی چینی کرێکارو ڕەووتی مێژوو بوو. هەروەها پێکهاتێکی ماددی بابەتی نەبوو، لەبەر ئەوەی مەیل و خواستی ناو بزووتنەوەی چینی کرێکار نەبوو. ئەگەر بابەتیانە لەو پێکهاتە بکۆڵرێتەوەو شیکاری مێژوویی بکەین، پێکهات و ناوەڕۆکی (حککع) پێکهێنانی بەرەنجامی نامەیەکەو لەلایەن مەنسوری حیکمەتەوە ئاڕاستەی چەپی (ک.ک)ی کرا. سیناریۆی دروست بوونەکەی بێجگە لەوەی بووە بارتەقای لەناوچوونی دیالۆگ و پلمیکی ڕێکخراوەکانی سەر بە (ک.ک)ی. نەیان توانی دیالۆگی چاوپێنی و زانستی ناو بزووتنەوەکە پێکبهێنن. دروست بوونی (حککع) لەبەرەنجامی هاتنە پێشەوەی ماددی مێژوویی بزاڤی چینایەتی و خواستی بابەتی یانەی ئەو بزووتنەوەیە پێک نەهات. هەروەها شیکاری بابەتی یانەی ڕەووشی بزووتنەوەکەو ڕەووشی پێکهێنانی حیزب لەسەر نەکرابوو. لەبەر ئەوە بەرنامەو سەرخەتی سیاسی و هزری بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دەست نیشان نەدەکرا. ئەمە بێجگە لە پێکهاتی هزری ئەو میتۆدە کایەی لە دەرەوەی مێژوودا دەکرد. گاڵتەجاڕی و گاڵتە ئامێزی ئەو سیناریۆیەی دروست بوونی (حککع) لە مێژووی دواتردا، ووێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی خۆی پیشان دەدات.

ئەنجامی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو حیزبە گەواهی لەسەر کاریکاتێری پرۆسەی پێکهاتنەکەی دەدات. چونکە ئەنجامی پێکهاتنێکی دروست، گەشەیەکی کۆمەلایەتی تەندروست سیاسی دروست دەکات. بێجگە لەوەش پلاتفۆرمی رۆژانەو ستراتیژی گشتی ئاکامی هەوڵەکان بەرووی دروست بوونی حیزبدا دەردەخات. ئەتوانرێت لەگەشەو بەبرشتی ئەندامان و سیاسەتی حیزبدا ئەوە ببینێتەوە کە پێکهات و سیاسەتی حیزب. ماددی و بابەتی یانە بەرجەستە بووە.

ئەمە سیاسەت و ئامانجی (حككع)ی دەردەخست، هەروەها ئەم پرۆسەی دروست بوون و سیاسەتی دروست بوونەکەی،(لە بزووتنەوەی بنیات نانی...دا،) دووبارە دەبێتەوە، بۆ ئەم لایەنە لە بەشەکانی دواتردا گفتوگۆی لەسەر بەئەنجام دەگەیەنین. ئەمان دەیانەوێت لەرێگەی سەرنەوی کردن بۆ هزری (ک.ک)ی و لەرێگەی کۆمەلێک لێکدانەوەی بێ ئەنجام و نازانستی، و هەروەها لەرێگەی هەندێک بەکارهێنانی ترەوە، جەخت بخەنە سەر ئەوەی کە لە باری سیاسی یەوە جیاوازیان هەیە، و لەباری هزری یەوە لەگەڵ (حككع) بێ کەلێنن. گاڵتەجارێ و گاڵتە ئامێزی فۆرمی ئەو سیناریۆیە لە نمایش کردنی ئەکتەرەکانیاندا دەردەکەوێت. ئەگینا کاراکتەری ئەو لێکدانەوانە تەنها لەناو ماددیەتی رەووشەکەدا بێ سەرو شوێنن و راڤەیەکی میتامێژوویی بۆ کراوە .

سەرووتار لەسەر دەوورانێکی ترو رەووشی رابردووی ساڵەکانی (1993-1998) دەنووسێت [ ئەم بزووتنەوەیە لەم دەورەیەدا (مەبەست لە ساڵانی 1993-1998) و لە جەرگەی توندترین و پر ئاڵ و گۆرترین هەل و مەرجدا، قیبلەنمای (بوصلة) سیاسی خۆی لەدەست داو بێ ئاسۆیی بە سەریدا زاڵبوو. سەرباری پێشرەوی یەکانی دەورەی پێشوو، ئەم بزووتنەوەیە دەورو نەخشی لەکێشمە کێشە سیاسی و کۆمەلایەتیەکاندا، لەئاستی گشت کۆمەڵ و لەناو ریزەکانی چینی کرێکاردا رۆژ بەرۆژ هاتە خوارو بووە بەهێزێکی کەم کاریگەرو سەری کردووە بە ناو خۆیدا، واقیعیەت ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە ئێستا لەم دەورەیەدا، هەر دەسکەوتێکی تیادا بەدەست هێنابێ، لەگەڵ کۆمەلێک گیورگرفتی جددی رووبەرووە!. لە دەورەی نارۆشنی و پەراگەندەیی و نائینسجامی هەمەلایەنەدایە، ئەم واقیعیەتە مایەی ئاوردانەوەو بەخۆدا هاتنەوەو وەلام دانەوەی جددی یە. ل2- ژمارە(1)ی –پەیامی کۆمۆنیزم- ئەیلولی 1998]. بێگومان لەدەست دانی بەهای سیاسی و کۆمەلایەتی (حككع)و (ک.ک)ی پەیوەندی بە پەیگیری نەبوون و پەیوەست نەبوونی هزری حیزبە بەسەرجەم داخوازی و بزاوتنی چینەکەوە. هەروەها ئاسۆی حیزب کە جووت نابێت لەگەڵ ئاسۆی سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتی چینی کرێکارەوە. پەیوەندی بە پەیوەست نەبوونی بەهای میتۆدی و

تیۆری و فەلسەفی (ک.ک)ی‌یەوە هەیە، کە جووت نابێت لەگەڵ ئاوات و ستراتیژی ئەو چینە لەناو مێژوودا. چونکە ئەگەر تیۆرو هزری ئەو توێژگەلە وەڵامی ڕەووشەکەیان هەبووایە، ئاسۆ کەیان ڕۆشنایی یەکی پیشان دەدات. بەڵام (ک.ک)ی هزرو سیاسەتی وەڵامی پڕاوپڕی ڕەووشەکەیان نی یە لە سیستەمی ئێستادا لەبەر ئەوەیە ناتوانن ئاسۆی ڕۆشنی ڕەووشەکە بەرزبکەنەوەو بزاڤی بزووتنەوەکە گەشەدارتر بکەن.

ئەوان ئەوەندە کەم تواناو لاوازن دەوورو نەخشی سیاسی یان کەم هێزو پەراوێزی یە. لەلایەکی ترەوە دەوورو نەخشی سیاسی یان نی یەو ئەلتەرناتیڤی سیاسی یان بە هەڵوێستێکی سیاسی ڕۆژانەی بۆرژوازی پاشەکشەی پێدەکرێت، و لەچاوبینی ڕەووشی ئێستای سەرمایەداریدا لەسەر پێ ڕاببووەستێ. چونکە نەیان دەتوانی چینی کرێکارو ڕێکخراوە کەسانکۆیەکانی ڕێکبخەن. بەو پێیەش نەیان توانی لە کێشە سیاسی یەکاندا، جێ دەستیان دیار بێت و ئاسۆو هەنگاوی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار ڕۆشن و خێرابکەن. بێگومان هەموو ئەمانەش پەیوەندی بە لێکدانەوەی ناڕاسرووی ئەو ڕەوەندەوە و میتۆدی کارکردن و فەلسەفەی بزووتنەوەکەیانەوە هەیە. کەم درک و ناشارەزابوون لە پلەو چێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی –سیاسی – ئابووری چینی کرێکاردا، بابەت و ماددیەتی ڕەووشی ناوچەکەیان پێ نەدەزانی. بۆیە پێویستی یەکانی ڕێکخراوو پەیوەست بوونی یان بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یەوە پلانێکی بێ ناوەڕۆک بوو. چونکە پلەو چێوەی ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکاریان درک نەکردبوو.

کەم کاریگەری سیاسی یان، کەم کاریگەری تیۆری‌یانە لەسەر هەڵسەنگاندن و ئەلتەرناتیڤ داڕێژێ لەبەرامبەر سیستەم و هەل و مەرجی ناوچەکەدا. چونکە ناتوانێت جیاوازی یەکی ئەوتۆو ڕەهایان لەگەڵ بۆرژوای لیبراڵدا بەدەربخەیت. هەروەها کەپل بوونیان لەگەڵ ڕەوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆرژوازی‌دا، بەهای میتۆدیان لەئاستی ڕیفۆرم و چارەسازیدا ڕاگرتووە. لەبەر ئەوەی ئەوەندەی ئاسۆی ڕیفۆرمیستی باڵادەستە بەسەر لێکدانەوەو پرۆسەی بەکرداری کردنی تیۆریاندا، ئەوەندە پلانی هوشیاری‌کردنەوەو تاودانی گیانی شۆڕشگێڕی چینی کرێکاریان نەدەبزواند. کاریان لەسەر گۆڕانی دەسەڵاتی سیاسی و بنیات نانی دەسەڵاتی چینی کرێکار ڕێچکەی نەدەگرت.

لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت، گۆڕانی ڕەووشی خەبات و ئامانجی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار، پێویستیان بە گۆڕانی بنەڕەتی دیدگای (ک.ک)ی و سیاسەت و ستراتیژی ئەو هزرە هەیە. چونکە دورکەوتنەوە و پرۆتستۆکردنی

ئەو هزره، پرۆتستۆکردنی ئامانج و سەرخەتی سیاسی وورده بۆرژوازی و بۆرژوازی یه لەناو بزووتنەوەکەدا ئەگەر هەبن.

دەست پێوەگرتنی میتۆدیانەی مارکسیزم لە خەبات و تێکۆشانی ناو بزووتنەوەی چینی کرێکارو کۆمۆنیستیدا. ڕۆشن کردنەوەی خەبات و ئامانج دارکردنی مێژووییانەی چینی کرێکاره. هەروەها هەوڵ و تەقەلاکانی مارکسیزم لەپێناوی ئەرک سپێری ئەو چینەو ئامانجی دوورو نزیکی شۆڕشی کرێکاریەو جوڵێنەری ئەو چینەیە لەپێناوی ئامانجی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی سۆسیالیزم و دواتر کۆمۆنیزم، لەلایەکی ترەوە میتۆدی مارکسیزم درکی ڕۆشنی لەسەر دروشمی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریایە لە بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری.

ئیتر هەر بەخۆ هاتنەوەیەک، هەڵەمەرجی ڕابردوو لە خەبات تێ نەپەڕێنێت و چێوەی ئایدیای (ک.ک)ی هەڵنەوەشێنێتەوە، سیاسەت و فۆرمی ئیش کردنی ڕابردوو لە بارنەبات، ناتوانێت ئاسۆی ڕۆشنی خەبات بەرجەستە بکات لەناو چینی کرێکاردا، هەروەها هەوڵدانیش بۆ گەشەدارترو ئاسۆ ڕۆشنی کردنی بزووتنەوەی چینی کرێکار دەبێتە خەون و یتۆپیا.

سەرووتار، بەڵگەو ئینرژی تێڕوانینەکانی لە نووسراوی (الأوضاع السياسية في العراق،...)دا. کە (ئەحمەد معین) نووسیوویەتی، دەهێنێتەوە، و دەیکاتە بەڵگەی هەڵسەنگاندن و جیهان بینی خۆی. بێگومان ئەو ئاوەزە لە چرکەساتی خۆیداو لە دواتریشداو لە ئێستاشدا، زۆر بێ بەهاو بێ ناوەڕۆک و نا سیاسی و نا میتۆدی بوون. واتە بەیانی جدل و پلیمیکی خۆیان لەگەڵ دەووروپشتدا، سەرخەتی هزری و سیاسی ئەو نووسراوە دەست نیشانی کردووە. لەو سۆنگەیەوە. سەرووتار دەنووسێت: [ ڕیشەو هۆیە سیاسیەکانی ئەم هەل و مەرجەمان لە باسەکانی خۆماندا بە تایبەتی لە نامیلکەی (الأوضاع السياسية في العراق، الشيوعية العمالية. والحزب الشيوعي العمالي العراقي) لێکداوەتەوەو دیاریمان کردووە، وە لەسەر ئەم بنەمایەوە هەوڵ و کۆششێکی جددی و هەمەلایەنەو ڕێکخراومان لەچوارچێوەی (بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق) داوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و ئەو لاسەنگی تەرازووە، لەڕێگەی ئامادەکردنی پێویستی یەکانی ڕاگرتن و هێنانە مەیدانی چینی کرێکار لەدڵی بزووتنەوەیەکی هەمە لایەنەی جەماوەریدا، بۆ دەخالەتی سیاسی وەکو هێزێکی کاریگەری خاوەن بەدیل و ڕێگەچارەی ڕۆشن و عەمەلی و کارساز بەپشت بەستن بە بەرنامەو بناغە سیاسی یە کانی کۆمۆنیزمی کرێکاری. ل2

–ژماره (1)ی –پەیامی کۆمۆنیزم- ئەیلولی 1998.] لە پێشدا گفتووگۆمان لەسەر ئەو نووسراوەی (ئەحمەد معین) کردووەو ڕەخناندوومانە. بەلام ئەوەی لەو پەرەگراڤەدا جارێکی تر دەبێتە جێگای ڕەخنەمان، ئەو لێکدانەوەیەی سەرووتارە، کە لێکدانەوە سیاسی یەکانی ئەو نووسراوەی کردووە، بە مەرجی هەڵسەنگاندنی ڕەووشی ڕابردووی ئەو کاتەی نووسین و دوای نووسینەکانی. بێگومان ئەو نووسراوە بەکارهێنانە ووتەیی یەکانی بەهێزی لێکدانەوە چوواندووە. ئەگینا ئەو نووسراوە، نەیتوانیوە ڕاستی چاوبینی و ڕەووشی ڕابردوو بەلۆجیکێکی ماددی و بابەتی یانە هەڵبسەنگێنن و لەگەڵ ناڕاستیدا تێکەڵی نەکەن.

لەلایەکی ترەوە ڕیشەی کەم کاریگەری سیاسی ئەو بزووتنەوەیە، لەسەر چاوبینی سیاسی و سیستەمی ئێستادا، دروست نەبینیوە. هەروەها بزووتنەوەی بنیات نان ناتوانێت لەڕێگەی پرۆسیس کردن و هەڵکردنی ئالای هەمان میتۆدەوە هەل و مەرجی ڕابردوو تێ پەڕێنێت. و شەقاوێک لە ڕاستە ڕێگای خەبات و تێکۆشان بچێتە پێش. بەپێی ئەو پەرەگراڤەی سەرەوەی سەرووتارو ئەو ڕاستیەی کە تێڕوانینەکانی ئێمەی تیادا بەدەر دەخات، ئەوە دەنوێنن کە ئەوان تەنها دەیانەوێت، لایەنی سیاسی بکەنە بەڵگەی جیاوازیان لەگەڵ (حککع)دا بەلام میتۆدو بەرنامەی ڕابردوویان وەک خۆی لەجێگای تایبەت و ڕابردوو ئاسادا دابنێن. جەخت نەکردن لەسەر جیاوازی تیۆری بۆ دروست بوونی جیاوازی سیاسی، شێوەیەکی و چێوەیەکی ئەبستراکتی بەخۆیەوە گرتووەو، لایەنە سیاسیەکان بە شێوەیەکی میتافیزیکانە سنووردار کراوە بەکۆمەڵێک کێشەی کەسێتی و جێگاو شوێنی، بارگاوی بە پلەی پارتایەتی یەوە.

بزووتنەوەی بنیات نان لەکاتی جیابوونەوەیاندا، لاسەنگی و ناکارامەیی یەکان لەدرکی سیاسی یەوە هەڵدەهێنجێنن لەگەڵ (حککع)دا، دیدگایەکی متافیزیکیان لەسەر پەیوەندی تیۆرو پراکتیکی سیاسی یەوە هەیە. لەوە ناگەن یان بەدەستی خۆکردیان. درکی سیاسی، لەدرکی تیۆریدا نابیننەوە. چونکە پرۆسیس کردن و تێڕوانینێکی سیاسی، لەلایەن دەزگاو سیستەمێکی هزری یەوە سەرپەرشتی دەکرێت. یان درکی سیاسی، هەڵئێنجاوی درکی تیۆرییە.

لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ئەوان بەهەمان درک و تیۆری ڕابردوویان کاریان ئەنجام دەدا، بەو هۆیەوە هەمان ئامانجیان بەرجەستە دەکرد و هەمان ئەنجامیان دەدات بەدەستەوە. ئەم ئەنجامانە بۆ هەموو بزووتنەوەیەکی تریش ڕاستن، ئەگەر هەمان سیاسەت و هەمان تێڕوانین، یان بە هەمان ڕیتمی کارکردن بجوولێێنەوە.

بەڵام ئەڵتەرناتیڤی (ک.ک)ی و پرۆسیسە سیاسی یەکەی، بەرەنجامەکەی ئەوەبوو، کە مێژووی (حککع) پرۆسیسی کرد، و بەوپەڕی لیبراوی و ژیاری بە دیسپلینی سیاسی و پەرەنسیپەکانی خۆی لەسەر دروست کردوو توانای خۆی تیادا تاودا.

بێگومان لێکدانەوەکانیان لەسەر ئاستی ڕەووشی سیاسی لەعێراق و ئێراندا لێکدانەوەیەکی دوور لە چاوبینی و لۆجیکی زانستی تیادا بەرجەستە نەبوو. دیدگایان لەسەر ڕووداوە جیاجیاکان، لەسەر هەل و مەرجی هەلڕسووڕانی بزووتنەوەی کرێکاری لەسەر ڕەووتی ڕووداوەکانی جیهان و ئاڵوو گۆڕەکانی دنیای دوو جەمسەری، و لێکدانەوەیان لەسەر سەرمایەداری دەوڵەتی و سۆسیالیستی ڕۆژهەلاتی، دووربوون لە جیهان بینی و لۆجیکی هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی مارکسیستی. بەڵکو دیدگایەکی تر ڕووناکی دەخستە سەر چەمکی دیدگاکانیان، چەمکی ڕووناکی هزریشیان، هێزی ماددی دیدگای (سۆشیال-لیبرالیزم)ەوە دەردەچوون. دەتوانرێت چەمکی ڕووناکی سیاسەت و پەرەنسیپ و میتۆدی هەڵسووڕانی (حککع) لە ناسنامەو بەرنامەو سیاسەتی (ک.ک)ی یەوە دەردەچوون. هەروەها هەموو ئاسۆ سیاسی یەکان لەسەر بنەڕەتی بڕواو بۆچوون و بەرنامەی (ک.ک)ی بنیات نرابوون، سیاسەت ڕێژی هزری یان، هێزو ئامانجی، ئەو میتۆدەی پێکدە هێنا.

لەسیاسەت و میتۆدیاندا، گورزە شەپۆلی جیاجیاو دژبەیەکیان دروست دەکرد. چونکە سیاسەتی جیاواز لەمیتۆدو فەلسەفەی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها ئاسۆی جیاوازیش لە سیاسەت و ئامانجی جیاوازەوە بنیات دەنرێت. بەڵام ئەم پەرەنسیپە جیاوازی لە دیدگای میتافیزیکا هەیە. چونکە ئەوان تێڕوانینێکی ترو لێکدانەوەیەکی تری هەیەو، هەروەها ئاسۆیەکی جیاوازیشیان بنیات ناوە، هەڵێنجاوی لاهوتیەت و میتۆدی ئایدیالیستیانەیە. ئەم دیدگایەی ووردە بۆرژوازی لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری یەکانیدا، بە توووندو تۆڵی پێوەی پەیوەستە.

دوا بەدوای ئەو پەرەگرافەی سەرەوە، سەرووتاری ژمارە (1)ی پەیامی کۆمۆنیزم، ناوەڕۆک و کاکڵەی بەرهەم و لێکدانەوەکانیان، ڕوونتر ئاشکرا دەکات و لە چێوەیەکی ڕوونتردا ئامانج و مەبەستەکانی دەدات بەدەستەوەو دەنووسێت: [ ئەمە هەم ناوەڕۆکی هەڵسووڕانی دەورەی نوێی ئێمەیەو وەکو هێزو ڕەوتێکی کۆمۆنیستی کرێکاری و هەم پایەو ناوەڕۆکی جیاوازی قووڵی تائێستامانە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، تا ئەو جێیەی بگەڕێتەوە

سەر کوردستان. دیارە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانە حزبێکی ڕۆشن و پشت بەستوو بە ئاسۆیەکی سیاسی دەخوازێت. ئەمە ئامانج و ئەرکێکی گرنگی ئێمەیەو لێرەوە خۆمان پێناسە دەکەین. ل2 –ژمارە(1)ی –پەیامی کۆمۆنیزم- ئەیلوولی 1998.]. ئەو بێژانەی لەناو ئەو پەرەگراڤەدا کردووە، دیدگاو ناوەڕۆکی هەڵسووڕان و دەرخەری فۆرمی دیدگایەکە، کە دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە، گفتووگۆی خۆی لەسەر جیابوونەوەی خۆیان لەگەڵ (حککع)دا بەیان بکەن. ئەو دروست کراوی ووتەیی یانە، ناتوانێت فۆرمی جیاواز بەیان بکات و بەشێوەیەکی لۆجیکی یانە جیاوازی ماددی یانەی ڕوون پیشان بدات. بەڵام جیاوازی یەکانیان لە پلەو چێوەیەکی زۆر نزم و تەسکدان. لەبەر ئەوەی کاکڵەی جیاوازی یەکان بنەڕەتی و پێگەشتوونین. چونکە لە چۆنایەتی پێکهێنانی حیزبیشیاندا هەمان میتۆدو هەمان پێناسیان بۆ حیزب هەیەو بەهەمان پەرەنسیپ پێکی دەهێنن. ئەو پێناس کردنەی خۆیان، چۆنایەتی یەکەی، و ئینسیاتیڤە (المبادره)ی پێکهێنانی ناوەڕۆک و سیاسەتێکی هەڵخەڵەتێنەرەی هەیە. چونکە جیاوازی یەکی پێکهێنەری ماددی بابەتی نی یە.

ئامانجی جیاواز پێویستی بە سیاسەت و تیۆری جیاواز هەیە، هەروەها بۆ حیزبی جیاوازیش هەمان ئەنجام گیری پێویستن. لەبەر ئەوەی حیزبی جیاواز دەربڕی پەیوەندی چینایەتی و بەرژەوەندی جیاوازە، ئەگەر لە ڕووی چینایەتی یەوە جیاواز بن. بەڵام ئەم ڕەوەندەی بزووتنەوەی بنیات نانی... لەو کاتەدا سەر بەڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە، پایەو ناوەڕۆکی بزاڤ و هەڵسووڕانەکەی لەسەر هەمان ڕێتمی سیاسی و هەمان پراکتیکی بەرجەستە کردووە. ئەم کردەوەیەی ئەوان جارێکی تر دووپاتە کردنەوەی بێ ئاسۆیی یە بەسەر جووڵان و بزووتنەوەکەی خۆیاندا، جارێکی تر ئەو میتۆدە زاڵ و باڵادەستی خۆی سایەکردبوو بەسەریاندا.

لەم سۆنگەیەوە دەبێت ئێمە ڕێتمەکانی دروست بوونی چۆنایەتی ئەو حیزبانە تێ پەڕێنین، کە لەسەر پایەی دیماگۆجیەت بنیات دەنرێت. لەبەر ئەوە دەبێت سیاسەت و پراکتیکی سیاسی و ئامانجی نزیک و دوورو تیۆرو میتۆدی خۆمان و پراکتیکی بزووتنەوەکەمان، بە سیستەمێکی ئاوەزی جیاواز بنیات بنێین. هەروەها دەبێت تیۆرو هزر و میتۆدی فەلسەفەی مارکسیزم بەرجەستە بکەین لە بەهای پێکهێنانی حیزب و لە سیاسەت و ستراتیژدا بەشداری تەواو بکەین بە هێزو برستی لێکدانەوەو جیهان بینی خۆمان. ئەو دروشمانەی مارکسیزم کە دەربڕی بەرژەوەندی یەکانی چینی کرێکارو خزمەتی تەواوەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی دەکات، دەبێت دروشم و ئامانجمان بێت.

لەبەر ئەوەی هەموو ئەو لایەن و حیزبانەی کە مارکسیزمیان وەک ناونیشان بۆ پەردەپۆش کردنی بەرژەوەندی جیاوازیان بەرکا بردووە، دەستیان و ڕوویان وەک ڕوویەکی دزێوی ناو بزووتنەوەکە بە دەربخەین. بەدکاریان لەگەڵ تیۆرو میتۆدی بزاڤی کۆمۆنیستی و مامەڵەکردنی بەرژەوەند پەرستیان خاڵی بکەینەوە. لۆجیکی ناوەزو دیدگایان بخەینە ڕوو، شێوەی هەڵسووڕان و سیاسەتی بەرجەستەیان و دژکاری بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا، لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی چینایەتی ئەو چینە بۆ هەموو لایەک ڕۆشن بکەینەوە. و پەرچەکرداری سیاسی و میتۆدی و فەلسەفی خۆمانیان لەبەرامبەردا بکەینە فشار و هێزی لەناوبەریان.

لێرەوە دەچینە سەر ئەو گفتوگۆیەی کە لە ژمارە (1)ی پەیامی کۆمۆنیزم دا لەگەڵ (احمد معین و نزار عبدالله و ئاسۆ غریب) ئەنجام دراوە، ئەو گفتوگۆیەش زیاترو زیاتر لەسەر ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق بەئەنجام گەیەندراوە. ئەو پەیڤینەی ئەوان چەند قسەو قسەلۆکێکی بێ پەروا نازانستی و ڕاسیونالیستیانە تیایدا کراوە. لێرەوە ئیستێک لەسەر وەڵامی پرسیاری دووەمی پەیامی کۆمۆنیزم دەکەین، کە لە نزار عبدالله کراوەو دەبێژێت: [ کێشەکە لەوەدانی یە ئێمە وەکو هێزێکی سەر بە کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەشوێن پێکهێنانی حزبی ئەو بزووتنەوەین، لەکاتێکدا حیزبێکی تر بەناوی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە پێنج ساڵە لەمەیداندایە، (واتە کاتی گفتووگۆکە) لە بناغەدا کێشەکە لە واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم دەورەیەی عێراقدایە، ئەم بزووتنەوەیە، لەسەرەتای نەوەتەکاندا کاتێک بەتایبەتی لە کوردستانەوە سەری دەرهێناو هاتە مەیدان، لەگەڵ خۆیدا ناکۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەی هەڵگرتبوو، ئەم ناکۆکی یانە کەپێشتر سەرچاوەو ڕەگە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانیان باس کردووە، ڕێگای گرتووە لەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری حزبیەتی خۆی بەرەو پێش بەرێت و وەکو بزووتنەوەیەکی بەهێزو یەک پارچە حیزبێکی یەکگرتوو و پتەوو خاوەن سوننەتی ڕۆشنی سیاسی و عەمەلی دروست بکات، بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەو حیزبە وەڵامی بەو ناکۆکی یانە نەدابێتەوە و لە هەلومەرجێکی سیاسی چارەنووس سازی وەکو ئەم دەورەیەی عێراقدا بێ ئاسۆی سیاسی ڕۆشن لەمەیدان هاتبێتە دەر، ئەم واقعیەتە بەناچار لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ململانێو کێشمە کێشی سیاسی و قووڵی دروست کردووەو خەتی سیاسی جیاوازو ناکۆک بەیەکی شکڵ پێداوە. ل3 –ژمارە(1)ی پەیامی کۆمۆنیزم- ئەیلولی 1998]. ئەگەر بەسەرنجەوە سەیری ناوەڕۆکی ئەو وەڵامەی لەناو پەرەگراڤەکەدا

هەیەبکەین، هەڵسەنگاندنی (نزار عبدالله) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جیاوازییەکان تەنهاو تەنها لەسەر ئاستی سیاسی دەبینینەوە، تێڕوانینێکی میتافیزیکا و ئەبستراکتی هەیە. واتا جیاوازی تیۆری و هزری بەسەرچاوەی جیاوازی سیاسی نابینێتەوە. ئەگەر سەیری دەسەڵاتە سیاسی یە جیاوازەکانی دەوڵەتە جیاوازەکانیش بکەین، دەبینین سیاسەتی جیاوازی ئەو سیستەمە جیاوازانە، لە فەلسەفەو هزری جیاوازی یانەوە پەیوەندی سیاسی و سیستەمی بەکارهێنان و بەرهەمهێنانیان بنیات نراوە .

ئەو لێکدانەوەو شیکاری یەی (نزار عبدالله) چەندپاتە کراوەتەوەو لە پێشترو لەدواتریشدا ووتنەوەیان مرۆڤ بێزار دەکات. کێشەی چاوبینی سیاسی ئەمان و (حککع) لە چیدابوو؟!... واتا بۆ ئەوەی باری دیدو سەرنجی جیاوازی تیۆری هەبن، چۆن دەتوانرێت جیاوازی سیاسی بنیات بنرێت!... لە بەر ئەوەی پێشنیاری سیاسی (حککع) هەڵێنجاوی هزری (ک.ک)ی یە. کەواتە بیجگە لەم ڕاستی یە، هەر لێکدانەوەیەکی تر لەسەر سیاسەتی (حککع) ڕاستی هەڵناگرێت.

کاتێک دەووترێت (حککع) یەک پارچە نی یەو چەند لایەنی هەیەو ڕێکخراوەکانیان یەکیان نەگرتووە. یان لە بۆتەی حیزبدا نەتواوونەتەوەو پەیکەری حیزبیان پێکهێناوە. ئەم لایەنەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پێشنیار و پرۆژەکانی (ک.ک)ی و پرۆتۆکۆڵی دروست بوونیان. لەپێشتردا باس و خواستێکی کەم تا زۆرمان لەسەر ئەنجام داوەو نامەوێت جارێکی تر دووبارە یان بکەمەوە، هێنانەوەی ئەو بەشەش لە پەرەگرافەکەدا، هۆیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەویش پەیوەندی بەکەم درکی و کاڵ فامی خۆیان و دەووروپشتیانەوە هەیە.

لەلایەکی ترەوە بێ ئاسۆیی و بێ وەڵامی یەکانیش لە بەرامبەر ڕەووشی سیاسی ئەو کات و ئێستاشی لەسەر بێت، ڕووانگەیەکی زانستی توێژینەوەیی یان لەسەر مەیدانی سیاسی و ئابووری عێراق نەبووە. چونکە ڕەووشی پەیوەندی یە سیاسی یەکان پەیوندی بە سیاسەت و کارکردی سیاسی یانەی لیبرالیزمی جیهانی یەوە هەبووەو هەیە. لێرەدا ناچمە ناوو قووڵایی ئەو باسە سیاسی یەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە پەیکەرێکی نێودەووڵەتی جاسووسی و کۆمپانی ئاسای دابەشکردنی بەشە مۆنۆپۆلی و سیاسەتی ئیستسماریيانەی ئەو دەزگایەی کە بە ناوی(UN) ەوە لە جووڵان و بزاوتی سیاسییانەی خۆیدایە.

ئاسۆی سیاسی ئەوانە وون و کەم توانایە لەبەرامبەر ڕەووشێکی لەو بابەتەدا. چونکە سیاسەت و بەرنامەی (ک.ک)ی هەڵئێنجاوی، سیاسەت و خواستی لیبرالیزمە. هەروەها شیکاری و لێتوێژینەوە لەسەر چاوبینی ڕەووشەکە، لەلای هەردوو لایەنی بەناو ڕکەبەر، بوونیان نی یە. بێجگە لەوەی کاڵ فامی و کەم درکی یان، سنووری ئاوەزی خۆیانی تێپەڕاندووە. چونکە ئەگەر ئاسۆی سیاسی ناو بەرنامەی سیاسی یان ببینینەوەو لێیان بکۆڵینەوە، بەناڕەحەت لە ئاسۆی سیاسی دەسەڵاتی لیبرالیزم جیایان دەکەیتەوە. چونکە سیاسەتی ئازادی تاک گەرایانەی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتی یە، کاریگەری بەسەر بەرنامەی سیاسی و هزر و میتۆدی ئەوانەوە بەجێ هێشتووە. هەروەها ئاسۆی سیاسییان بە ئاسۆی سیاسی (سۆشیال-لیبرالیزم)ەوە جووت و هاو ئامانجە.

هێڵە سیاسی یە جیاوازەکان، لە سیستەمە هزری یە جیاوازەکانەوە دروست دەبن. بەڵام (ک.ک)ی لەلای (حککع) و دەرەوەی ئەوان، جیاوازی هزری و میتۆدی یان نی یە، تا لەو کەناڵەوەو جیاوازی سیاسیان بۆ دروست بکات. بەهۆی لێکدانەوە و توێژینەوەیەکی میتافیزیکیء پەیڕەوێکی دیماگۆجیەوە، (نزار عبدالله) دەیەوێت پاساوی جیاوازیان لەگەڵ (حککع)دا پاَدروست بکات. چونکە ئەو بەکارهێنانانەی ئەو بەڕێزە، لە پێناوی داسەپاندنی ناڕاستڕوویی و بەچاوبینی دانانی بزووتنەوەی بنیات نان و دەستەکەیان بەسەر چاوبینی مادیدا. ئەم جۆرە لە ئاوەزو کارکردن. بەرەنجامی بێ ئاسۆیی و سەرلێشێواویی و ناتوانایی داڕشتنی و دروست کردنی ئاسۆی سیاسی یە. خەون و خەیاڵی ئەو کاتی ئەم دەستەیە، تەنهاو تەنها لە زهنی خۆیاندا جێگای هەبوو. ئەو پەرەگراڤە شیکاری زیاتری ناوەڕۆکە ناوازەکەی ناوێت، چونکە لە پێشتردا لێکدانەوەی خۆمان لەسەر ئەنجام داوە.

لێرەوە دەچمە سەر بەشێکی تری گفتووگۆکە، (نزار عبدالله) دەڵێت: [ ئێمە لەگەڵ (حککع) هەست بە ناکۆکی و ئیختلافی زۆر جدی قووڵ دەکەین و لە زۆربەی مەیدانەکاندا لێکدانەوەو بۆچوونمان و سوننەت و شێوەی هەڵسوڕانمان دوورن لەیەکتری، ئێمە لەو بڕوایەداین ئەو حیزبە ڕێگایەکی هەڵبژاردووە کە ناچێتەوە سەر کۆمۆنیزمی کرێکاری، چ وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، چ وەکو مەکتەبێکی فکری. ل3 –ژمارە(1)ی –پەیامی کۆمۆنیزم- ئەیلوولی 1998]. بەبڕوای من ئەم باس کردنەو جۆری لێکدانەوەکەی و بابەتی تێڕوانینەکانی لە دیماگۆجیەتەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها دروست کردنی بەڵگەی بێ کاکڵەو بێ سەرو بەرە، لەسەر ئەوەی کە ئەوان نەیان توانیوە لەگەڵ نووسینگەی هزری (ک.ک)یدا هاو جووت بن.

(نزار عبدالله) و دەستەکەیان دەیانەوێت لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕستە گەلێکەوە، دڵسۆزی و بەوەفاییان بۆ (ک.ک)ی ڕابگەیەنن، یان دەتوانن بەباشترین و توندو تۆڵترین ڕێگە پەیڕەووی تەواوی سیاسەت و میتۆدی (ک.ک)ی بکەن. شوێن و بۆتەی ئەم بەکارهێنانی ووتن و ڕستانە تەنها لەزهن دایە. ئەگینا کوا دیدگای جیاوازو، لەسەر کام لایەنی بزووتنەوەکەو کام لێکدانەوەو لێتوێژینەوە کراوە، و چ جۆرە جمووجۆڵ و هەڵسووڕانێکی سیاسی-هزری جیاواز پرۆسیس کراوە لەهەل و مەرج و گۆڕەپانی سیاسەتدا!، چ جۆرە میتۆدۆلۆجی و هزرێکی جیاواز بەدەستەوە گیراوەو سیاسەتی جیاوازی بەهەرمهێنابێت!. چ کات پەیڕەوی سیاسی و هزری بزووتنەوەی بنیات نان جیاواز دەبێت، لەگەڵ حیزبی (ک.ک.ع)دا؟! لەکاتێکدا هەمان میتۆدو فەلسەفەی (ک.ک)ی سەرچاوەی میتۆدۆلۆجییان دەبێت، لە پەیڕەویان لەگەڵ سیستەم و بزووتنەوەی چینی کرێکاری ناو دەسەلات و دەوڵەتی سەرمایەداری.

بێگومان هەموو ئەوانەی سەرەوەی ئەوان، میتۆدی سیاسی و سیاسەتی پراگماتی وورده بۆرژوازییە. هەروەها ئەو بەکارهێنانە میتۆدی یە سیاسی یە، نەیتوانیوە لەسەر ئاستی سیاسیش جیاوازی پێک بهێنێت، و جیاوازی بەواتای دیالێکتیکی و ماددی و بابەتی یانە دروست بکات. هەروەها هەموو ئەو لایەنانە هێزو بڕشتیان لە شێوەی ڕێکخستن و پێکهێنانی حیزبێکی جیاواز بە فۆرم و میتۆدێکی جیاواز بڕیوە. ڕێگری بەردەم دروست بوونی بەرژەوەندی و ئاسۆ و ئەڵتەرناتیڤی جیاواز بوون. چ جۆرە لێکدانەوەیەکە، کە بزووتنەوەی چەپی (ک.ک)ی، لە ووتندا دووباڵی جیاوازبن و، لە هەمان کاتیشدا یەک سەرچاوەی بیرو هۆشیان هەبێت و جۆگەی هزری (ک.ک)ی کێڵگەی بیریان ئاوبدات، بەلام جیاوازی سیاسی و کۆمەلایەتی و پەیوەندی یە چینایەتی و سوونەتی سیاسی و شێوەی هەڵسووڕان و هەتا پەیڕەوی دیسپلین و پەرەنسیپەکانی ڕێکخستنی جیاوازو پەیوەندییان، پەیوەندی بە جیاوازی سەرخانی هزری حیزبەکانەوە هەیە. لەبەر ئەوەی هۆیەکە بۆ وەرچەرخانی بەرژەوەندی جیاوازو، گۆڕانی بەهای میتۆدی و هزری حیزبەکان.

بەبڕوای (نزار عبدالله) (حککع) نەچوونەتە سەر ڕاڤەکردنی بەهای هزری (ک.ک)ی. ئەو بەکارهێنانە، هەڵخەڵەتێنەرانەیە، چونکە بەڵگەی تیۆری و هزری و سیاسی یان نی یە، تا جیاوازی سیاسی لەسەر بنیات

بنرێت. ئەو تێروانین و دیدگایانەی ئەوان، بەکارهێنانی میتافیزیکانەی زهنی یەو، لەو ڕێگەیەوە چوارچێوە کان دروست بکەن و مۆرو عەیاری لێبدەن.

بێگومان چاوبینی مادی و شتە ڕاستی و زانستیەکان، تەواو پێچەوانەی ئەو تێروانینانەی ئەوانەو لەگەڵ جیهان بینیەکانیان و هەڵسەنگاندنی ڕەووشی ماددی و بابەتی دەووروپشت ناجۆرن. ئێمە جیاوازی بنەڕەتیمان لەگەڵیاندا هەیە لەسەر لێکدانەوەی ڕەووشەکان و لەسەر فۆرمی جیاوازبوونیش شیکاری یەکی تر بەکاردەبەین هەروەکو لەسەرەوە جێ بەجێمان کردووە.

ووردە بۆرژوازی چەپی (ک.ک)ی بیرکردنەوەیان، بەپێی ئاوەزی خۆیان نەبوو، هەروەها هەر ئاوزانێکیش لەسەر ڕەووشەکان لەڕێگەی نامەو نووسراوە ووتاری یەکانەوە ئاڕاستەیان دەکراو، جارێکی تر ڤۆتۆکۆپی دەکرانەوە، هەروەها ئەو بێژانەش نادروستە کە دەڵێت (حککع) ناچێتەوە سەر پایەی (ک.ک)ی، لەبەر ئەوەی باس و لێکدانەوەکان بەپێی قسەو باس و لێکدانەوە ڕۆژانەیی یەکانی (ک.ک)ی دەووترانەوەو هەڵوێستیان لەسەر دەگیران. هەروەها (ک.ک)ی بوو بووە سەرچاوەی ئەبستمۆلۆژی چەپی (ک.ک)ی، جیهان بینی و هەتا ئاستی هەڵوێست گیری یان لە واقعێکی جیاوازدا گۆڕانیان تیادا نەدەکردو، وەک خۆی لێرەو لەوێ ڤۆتۆکۆپی دەکرانەوە، ئەمەش لەبێ پیاچوونەوەو بێ پرسیاردا ڤۆتۆکۆپی بڕواو بۆچوونەکانی (ک.ک)ی دروشم و پلاکارتان و سیاسەتی ڕێکخراوە جەماوەریەکانیان دووپاتە دەکردەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا یەک میتۆد، دوو لێکدانەوەی جیاواز هەڵناگرێت و دوو سیاسەتی جیاوازیش پرۆسیس ناکات.

(نزار عبدالله) چەند جار دووپاتەی ئەو بڕواو بۆچوونانەی خۆیانی دەکردەوە هەروەها لەهەمان چاوپێکەوتندا لەبارەی (حککا)ەوە دەڵێت: [ تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بەئێمەوە هەیە ئامادەین چ وەکو ئەم بزووتنەوەیەی بەڕێمان خستووەو چ وەکو (حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری – عێراق)ی ئایندە، دەستی هاوخەباتی و هاوسەنگەری ئەنتەرناسیۆنالیستی بۆ ئەو حیزبە درێژ بکەین، ئێمە بە دیاری کراوی لەگەڵ ئەو حیزبەدا بەو ئامانجە خەبات دەکەین و تەنانەت بەو مەبەستەش ململانێی لەگەڵ دەکەین وەکو دوو حیزبی یەک بزووتنەوە لەسەر ئاستی ناوچەکە بلۆکێکی ناوچەیی کۆمۆنیستی و ئەنتەرناسیۆنالیستی پێک بهێنین. ل3 –ژمارە(1)ی –پەیامی کۆمۆنیزم- ئەیلوولی 1998]. ناوەڕۆک و دیدگای ئەو پەرەگرافە جەخت لەسەر جیاوازی نەبوونیان دەکات. لەسۆنگەی ئەو

دەستەواژەیەی کە دەڵێت: وەک دوو حیزبی یەک بزووتنەوە خەبات دەکەین، ئەوە دەردەکەوێت جیاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتیان بەرقەرار نی یە. واتا گەڕان و شیکاری زۆر ووردوو کۆمەڵایەتی و سیاسی و تیۆری ناوێت، تا جیاوازی بێ جیاوازییان بسەلمێنرێت. لەبەر ئەوەی یەک بزووتنەوە دوو حیزبی جیاوازی نی یە، تەنها لە چوارچێوەی سنووره جیاوازەکاندا نەبێت. ووتەکانی (نزار عبدالله) تەنها لەپێناوی پابەندی بوونییان بە سیاسەت و هزری (ک.ک)ییەوە ڕاڤە دەکرێت. هەروەها خۆشیان گەواهی لەسەر یەک بزووتنەوەیی خۆیان دەدەن. هەروەها هەموو ئەو بەڵگە بەکارهێنانە بێ بەڵگەییانە سەرچاوەی درۆیەکی ڕووت و ڕەجاڵن.

هەروەها لە ڕووانگەی ئەو پەرەگراڤەوە، ئەوە دەردەکەوێت، قسەو باسەکانی دژکاری دیدگاکانی پێشووتری یەتی کە جیاوازی سیاسی دەخاتە نێوان خۆیان و (حککع)ەوە. چونکە وا بەیانی دەکات و دەیەوێت لەگەڵ ئەوانیشدا یەک بلۆکی چەپی ناوچەیی دروست بکات واتا (حککا) هەمان سیاسەت و ئامانج پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست کردووە لەگەڵ (حککع)دا. یان (حککع) سەرچاوەی هزری و میتۆدییان (حیزبی ک.ک.أ)ە، واتا ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتیان یەک مەبەست و یەک ئاواتە. بەپێی ئەو قسەو باسانەی (نزار عبدالله) بێت ئەمانیش جیاوازییان لەگەڵ (حککع)دا نی یە. چونکە یەک سیاسەت و یەک ئامانج دەتوانێت بلۆک چەپی دروست بکات. لەبەر ئەوەی سیاسەتە جیاوازەکان ناتوانێت یەک بلۆکی دروست بکات و هاو ئامانجی پێک بهێنێت. بلۆک بەندی لە پێناوی بەجێ گەیاندنی هاو ئامانجی و هاوخەباتی یە، بێجگە لەو کاتە زۆر شازو کاتی یانە نەبێت کە تاکتیک پرۆسەیەکی کاتی پەیوەندی دێنێتە پێشەوە. جیاوازییەکان لە قسەو باسەکاندا ئەوەندە ڕوون و ئاشکرای لاوازین و بوونەتە بەڵگەی داماوویی، و بێ ئاسۆییان پیشان دەدات.

بەم پێ یە دەربڕینی جیاوازی ئەو هەڵوێست و لێکدانەوانەی ئەوان بەم تێڕوانینە دەدرێتە دواوە. کە هەموو بزووتنەوەیەکی هزری دەربڕی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆیەتی، هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیش یەک بزووتنەوەی هزری-سیاسی دەتوانێت ڕێنوێنی زانستی ڕەووشەکەی بکات. یان لەلایەنێکی ترەوە، خود بە خود پرۆسیسی سیاسەت و بەرژەوەندی یەکی نارێک دەکات. ئیتر مەسەلەی هاوخەباتی ئەنتەرناسیۆنالیستی و بلۆک بەندی سیاسی و ناوچەیی کۆمۆنیستی لە قسەو باسەکانی (نزار عبدالله)دا بۆ ڕازاندنەوەو درێژکردنەوەی تێڕوانینە ناجیاوازەکانی بە جیاواز کردنی یان بەکاردەبات.

بەڵام ناكرێت دەقاو دەق یەک هەڵسووکەوت و یەک داخوازی و داواکاری ڕۆژانەیی لە ناوچە جیاجیاكانی بزووتنەوەكەدا هەبێت. بەڵام یەک ستراتیژی و یەک ئامانجی ڕۆژانەیی و داخوازییە سەندیكایی یەكان بەپێی خواستە شۆڕشگێڕی یەكانی پرۆلیتاریاو ئاستی پێشكەوتنی داخوازی یەكە لەناوچە دواكەوتوو پێشكەوتووەكاندا بەرز ڕابگرێت. لەبەر ئەوەی هەلوومەرجی سیاسی و كۆمەڵایەتی و پێگەی ئابووریشیان جیاوازی یان كەم تا زۆر هەیە. بەڵام هاوپشتی و پیشتگیری كردنی سیاسی و چینایەتی پرۆلیتاریا لەناو بزووتنەوە سیاسی و ئابوورییەكاندا، ئەركێكی هەرە لەپێش، و سیاسەتی هاوخەباتی ئەنتەرناسیۆنالیستی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و كرێكاری دەبێت.

لەپێناوی ئەوەی زیاتر لە تێزی خۆبەدەستەوەدانی (نزار عبدالله)و بزووتنەوەی بنیات نانی... بگەین، بەشێک لەوەڵامی گفتووگۆكەی دەخەینە ڕوو كە دەڵێت: [ بەم هۆیانەوە ئێمە بزووتنەوەكەی خۆمان بەجیا لە (ح.ک.ک.ئێران) نابینین و بەپێچەوانەوە حیزبی ناوبراو بانگەواز دەكەین، كە تەدەخول بكات و لەبەرە وپێش بردنی حیزبیەتی كۆمۆنیزمی كرێكاری لە عێراق و بەدیاریكراوی لەم بزووتنەوەی ئێمەدا كە بەرێمان خستووە بەشداری هەمەلایەنەو جدی بكات. ل3 ژمارە(1)ی –پەیامی كۆمۆنیزم- ئەیلوولی 1998]. ئەم پەرەگرافە گەواهی لەسەر پەیوەست بوونێكی نادروست و خۆبەدەستەوەدەر دەدەن لە بەرامبەر (حككا) –پەیام و بەرنامەو میتۆدی (ک.ک)ی و ڕابەری هزری ئەو بزووتنەوەیە بووبوونە سەرچاوەو ڕابەری بزووتنەوەكەیان. چۆنێتی پابەند بوونیان، مەودای بیركردنەوەی ئەمان و (حككع) لە سفردا ڕاگرتووە. هەروەها پاسیڤیستی ئەم بزووتنەوەیە گەشتووەتە ئاستێک كە جیاوازی پەیدا ناكات، لەنێوان ئەمان و (حككع)دا. لەبەر ئەوەی (حككع) سیاسەتمەدارانی هزری (ک.ک)ی (حككا) دەستیان لە دروست كردن و چێوە دانانیاندا هەبووە. هەروەها سروش بەخشی و دروست كەری پەڕاوەكانیان بوون. پەیامی ناو ئەشكەوتەكەی ئەوان، بەرەنجامەكەی ئەو حیزبەی پێكهێنا. ئەمەش ستراكتۆرێكی سیاسی و حیزبی زۆر زۆر بەدنیشان دەدات، لە دروست كردن و پەیڕەوی حیزبی و سیاسی و چینایەتیدا، چونكە لاسایی كردنەوەو دواكەوتنی كوێرانە، نەزانین بەرهەمی دەهێنێت.

كەلتووری ئەوان لەوكاتانەدا بەهەمان میتۆد، سیستەمی دروست بوونی حیزب پەیڕەو دەكەن. چونكە داواكاری ئەم دەستەیە لەسەر هاوكاری هەمە لایەنەو ڕێگارێژكردنی هەمە جۆری ئەوان بۆ ئەمان، بووتە خاڵی وەرچەرخان و دروست بوونی حیزب و پلاتفۆرمی سیاسی و چینایەتیان. ئاوەزیان لەڕێگەی پەیامی نێرەری (حككا)نەوە ئاو

دەدرێت. واتا گەشتنی نامەو پەیامێکی سیاسی (حککا) دەتوانێت، یان دەیتوانی بڕیار لەسەر دروست بوونی (حککع)ی تازەبدات و چاو بەژیانی سیاسیدا هەڵبهێنێت، لەلایەکی ترەوە لە پرۆسەی دروست کردنەکەشدا چاوبینی ماددی بابەتی بەهەندە وەرناگیرێت. یان لەگەڵ چاوبینی ڕەووشی دەووروپشتداو بەپێی بزووتنەوەی کرێکاری مامەڵەی زانستی و سیاسی بەجێ ناگەیەنن. بەڵکو بەپێی خواستە نادروستەکان ڕستی حیزبەکان دێتە ئاراوە.

بەڕاستی ئەو داخوازی یەی کە لە پەرەگراڤەکەی (نزار عبدالله)دایە هیچی لەو پابەندی سیاسی یە کەمتر نی یە کە لەکاتی دروست بوونی (حککع)دا، لەڕێگەی نامەیەکەوە پێکهات. ئەم فۆرمەو ئەو پابەندییە، زۆر بێ مانایەو دوورە لە چاوبینی کردنی دروست بوونی حیزبێکی زانستی و بابەتی چینی کرێکارو کۆمۆنیستە زانستی یەکان. پاسیڤیسزمی سیاسی و میتۆدی و هزری ئەوان لە پلەو چێوەیەکدایە، کە ناتوانێت، لە شۆک و ژەنگ و ناوازەی ئیدەی ئەوان دابڕێت و میتۆدێکی زانستی و ئاوەزێکی سەربەخۆیان هەبێت، لەڕەنگ ڕێژکردنی سیاسەت و پراکسیس کردنی ئامانج و ئاواتی چینایەتی پرۆلیتاریا. لەبەر ئەوەی ناتوانن بەبێ پشتگیری هزری و سیاسی (حککا) هیچ کارێک ئەنجام بدەن. یان بەیانێکی سیاسی بەبێ دیدێکی سیاسی ئەوان دەربکەن و،توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لە هزری ئەوان بەبێ بەشداری بڕواو بۆچوونی ئەوان واتە (حککا) لەسەر چاوبینی بزووتنەوەکەو ڕەووشی سەرمایەداری و مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکان بهێننە سەر زەوی و لە پەیوەندی یە چاوبینی یەکاندا ڕاڤەی بکەن.

بزووتنەوەی بنیات نان دەڵێن بانگەوازی ئەو حیزبە دەکەن، کە دەست زەندی ڕاستەوخۆ بکات، لەبەروپێش بردنی حیزبیەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعێراقدا. ئەم خواستە بەڵگەی کاڵ فامی و بێ توانایی و سیاسەتی دۆگماتیستانەی بزووتنەوەی بنیات نانە. هەروەها ساویلکانە مامەڵە لەگەڵ دورست بوونی حیزبدا دەکەن. نەبوونی درک و پێزانینی زانستی یە بەزانستی دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی زانستی لەناو چینی کرێکاردا یان لەگەڵ ئەو چینەدا، هەروەها هەژاری هزری و فەلسەفی و کردەی سیاسییان، بەرەنجامە بۆ پەیڕەوکردنێکی نا بابەتی یانەو ناسیاسیانە. لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە (حککا) بووەتە لایەنی یاسادانەری پەرلەمانی حیزبی (ک.ک)ی و ئەوانەی دەرەوەی ئەو حیزبەو سەربەو ڕەوەندە، بووتە لایەنی یان ئەنجوومەنی جێ بەجێکردنی یاساو ڕێسای سیاسەت و ئامانجی ئەنجوومەنی یاسادانانی (ک.ک)ی.

بەڕاستی ئەو بزووتنەوەیە لە لوتکەی نەزانی و نەفامیدایە، لە لووتکەی سیاسەتی پاسیڤیستی دایە. چونکە هەڵوێست گرتنیان و لێکدانەوەیان لەبەرامبەر مێمل و ڕکەبەرە سیاسیی یەکانیاندا، ناتوانێت هەنگاوێک بەرەوپێش بچێت. لەبەر ئەوەی پرۆژە سیاسی یەکانیان لە دەرەوەی مێژوودا گەمەی سیاسی خۆی تاودەدات و پەیڕەوی میتۆدو لۆجیکی میتامێژوویی یەو هەمان بیرو هۆشیشیان هەیە. لەلایەکی ترەوە سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازنین لەگەڵ (حککع)دا، بە ووتەی خۆیان دەڵێن ئێمە زۆر جیاوازیین لەگەڵیاندا. بانێکەو دوو بووق .

لەهەمان پرسیارو وەڵامدا، کە بەبۆنەی ڕاگەیاندنی (بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق)ە وەکراوە. (ئاسۆ غریب) هاوڕای و هەمەئاهەنگی هزری خۆی لەگەڵ هەمان دەستەدا ڕادەگەیەنێت، دەڵێت ڕێگەچارەو ئاسۆیی سیاسی خۆمان پێشنیار کردووە. هەمان میتۆدو هەمان هزرو سیاسەت بەهەمان پەرەنسیپی (حککع) سیاسەتەکانی خۆیان جێ بەجێ دەکەن.

لەلایەکی ترەوە بە هەمان دیدگاوە هێڵی سیاسی دکات، بە بنەمای پەرەنسیپی جیاواز، لە پێکهات و بنیات نانی (حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق)ی نوێیاندا. بێگومان لەپێشتردا پەیڤینی زۆرمان لەسەر ئەنجام داوە، نامەوێت دووپاتەی پێشووتر بکەمەوە. بەڵام ئەگەر هەر لایەنێکی تری ئەم مەسەلانە هەبن و پەیوەندیان بەلایەنی جیاوازی سیاسی یەوە هەبێت، بەهیوام لەبەشەکانی تری ئەم نووسراوەدا تەواویان بکەم.

************************************************************

## -3-

## {میتافیزیکاو فۆرمی دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیست}

دروست کردن و دروست بوونی حیزب، یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگ و دەست بەجێی کۆمۆنیستەکانە.

حیزب پێکهات و ڕێکخراوێکی بە دیسپلین و خاوەنی پەرەنسیپی تایبەت و سەربەخۆی خۆیەتی، تایبەتمەندی حیزب بەپێی پەیوەندی و ئامانجی چینایەتی یەکەی دەردەکەوێت. هەروەها پایەو ئاسۆی سیاسی چینایەتی کرێکاران لە حیزبدا، ئاسۆدارکردنی بزووتنەوەی کرێکاری،و ڕێکخراوکردنی کۆمۆنیستانەی چینی کرێکارە، هەروەها میتۆدی مارکسیستی، و پەیڕەوی کردنی لەحیزبدا، دەست نیشانی ڕێکخستنی کۆمۆنیستانەی چینی کرێکارە.

حیزب پێکهاتێکه بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی تیۆرو پراکتیکی سیاسی. هەوەرها هۆیەکه بۆ بەدەسەلاٚت گەشتنی زانستی یانەی چینی کرێکار. بریتی یه له ناوەندێک، درک و ئاوەزی سیاسی چینی کرێکار ڕۆشن و ئاسۆداردەکات، و پەیوەندی یەکی سیاسی بەهێز بۆ چینی کرێکار بەرهەم دەهێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەرک و فرمانی ڕۆژانەیی و مێژوویی چینی کرێکار ئامادەو ڕۆشن و پایەداری دەکات.

ئەم ڕێکخراو بوونه زانستی و ڕاسترِوویی یان نا ڕاسترِوویی، لەدرک و هەوڵی تیۆری و ئاسۆی سیاسی و هەوڵدان لەپێناوی گەشەی ڕەووتی بزووتنەوەکەو پەیوەندی گرتنی حیزب لەگەڵیدا سەرچاوە دەگرێت. لەم ڕوانگەیەوە جیاوازی یەکەی بەپێی بەرنامەو ئاسۆی سیاسی و ستراتیژو بزاوتنی دەست نیشان دەکرێت. لەبەر ئەوەی لایەنی تیۆری و بەهاکەی کاریگەرییەکی بنەڕەتی هەیه لەسەر ئاسۆو، سەرچاوەی دەست نیشان کردنی ئاسۆی سیاسی و بەرنامەو خواست و پراکسیسی ستراتیژە.

هەروەها چۆنێتی مامەڵە کردنی بابەتی یانه لەگەڵ تاکتیکی ڕۆژانەی ئەرکه سەرەکی یەکانی چینی کرێکارو پەیوەندییان به بەیان و خواستی چینایەتی یەوە، بەهۆی ناوەڕۆکی بابەتی تیۆرو درکی ڕابەری کردنی حیزب لەسەر ڕەووشی چاوپێنی ماددی بابەتی دەووروپشتەوە سەرچاوە دەگرن.

فاکتەری هەوڵدان بۆ بەدەسەلاٚت گەشتنی پرۆلیتاریا،و فاکتەری هووشیارکردنەوەی ئەو چینه لەڕاسته ڕێگای خەبات و تێکۆشانیدا و بینینی ئەو ڕێگایه، بەهۆی ڕوون کردنەوەی بابەتی یانەی بابەتەکان و، چۆنایەتی هاندانی کەسێتی چینی کرێکار بۆ جێ بەجێکردنی ئەرکی ڕێکخستن و خەبات، بابەت و ڕوانگەی تیۆرو سەرخەتی هزری و سیاسی ئەو حیزبه دەست نیشانی بەدەست هێنانی یان نەهێنانی دەکات. لێرەدا دەگەینه ئەو ئەنجامەی که لایەن و بابەتی تیۆری و پراکتیک کردنی، پەیوەندییەکی دیالێکتیکیان پێکەوە هەیه لەحیزبدا. چوونکه بەکارهێنانه تیۆرییەکان و چۆنێتی مامەڵەکردن و پرۆسیس کردنی دەتوانێت ئاسۆو ڕێچکەی سیاسی و ئامانجی بزووتنەوەی چینی کرێکارو ناوەڕۆکی سیاسی و چینایەتی حیزب بەدەربخات، شکست و پلەبەرزی خەباتی دیاری بکات.

لەم سۆنگەیەوە فۆرمی دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ئاوەزێکی میتافیزیکی و فۆرمێکی جیاوازی چینایەتی و کۆمەلاٚیەتی هەیه. ئەو میتۆدە جیاوازە له پرۆسیس و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیسته زانستی یەکانی مارکسیستەکان، هەروەها جیاوازی ئاسۆی سیاسی و دروشم و ئەلتەرناتیڤه چینایەتی یەکانیان لەگەڵ خواست و

وویستەکانی چینی کرێکارو ئاڕاستەی خەباتی مێژوویی هەیە. مۆدو هەوڵی ئەو تێزە لە دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستدا، ڕاسیۆنالیستانەو نازانستی یانەیە. چونکە ناتوانێت بەهایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەیدا بکات و لەگەڵ سیاسەت و ئامانجی چینی کرێکاردا جووت و هاوڕێکی سیاسی و چینایەتی نی یە. هەروەها هەوڵ و ئینرژی لەپێناوی پەیوەستی و ئامادەگی چینی کرێکار لە پێکهات و ئەندام بوونی حیزبدا نی یەو ئەگەر بەووتەش دەریان بڕبیێت، لە پراکسیس و پلانیاندا بوونی سیاسەتێکی لەو بابەتە نی یە. لەبەر ئەوەی گرنگی ئامادەگی و تیۆری چینی کرێکاری کۆمۆنیست فاکتەرێکە بۆجیاکردنەوەو جیاوازبوونی حیزبە کۆمۆنیستی زانستی یەکان، لە حیزبە بۆرژوازی و ووردە بۆرژوازی یەکان.

لە دەلاقەی ئەو تێڕوانینانەی سەرەوە دەچینە سەر ئەو ڕانانە جیاوازو میتافیزیکانەی، کە هەڵقوڵاوی ڕانان و لێ توێژینەوەو پەرەنسیپەکانی تێڕوانین و بۆچوونەکانی دەرەوەی مارکسیزمن. (ئەحمەد معین) لەدوای بەیانی جیابوونەوە و وازهێنان لە (حکع) نووسراوێکی بەزمانی عەرەبی هێنایە دەرو لەسەر هۆیەکانی وازهێنان و شکستی (حکع)ی نووسیوەو لێرەدا چەند بەش و تێڕوانینی ڕەخنە دەکەین، هەروەها لە بەشەکانی پێشتریشدا ئەو کارەمان لەسەر تێڕوانینە جیاوازەکان و لێکدانەوەو تێڕوانینی جیاوازی خۆمان لەبەرامبەریدا نووسیوەو ئەرکی ڕەخنەیی خۆمان جێ بەجێ کردووە.

(ئەحمەد معین) لە نووسراوی ((الأوضاع السياسية في العراق، الشيوعية العمالية و الحزب الشيوعي عمالي العراقي))دا لە (ئابی 1998)دا بڵاوی کردۆتەوەو، بەچەند برگەیەک لەلاپەڕەکانی (25)دا زۆر ڕاشکاوانە پێ لەسەر بابەتیانەی دروست بوونی (حکع) دادەگرێت و بەدروست کردنێکی ڕاستڕوویی هەلوومەرجێکی بابەتی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەتی ناوزەند دەکات. هەروەها بە پەرچەکرداری کۆمۆنیزمی کرێکاری دەزانێت لەسەر ڕوو تەختی هەلوومەرجێکی جیاواز. بەڵام بەڕستە ڕیز کردنەکانی خۆی و لەدوای ئەو قسەو باسە، شکست خواردووی ئەو حیزبە لە ئاڕاستەکردنی ئامانج و ڕووداوەکان و ئەو مرکاریەدا (تحدی) کە ڕووبە ڕووی دەبوونەوە، نەی دەتوانی بەسەرکەوتووی پشت ڕاست بکاتەوە. بەڵام بەپێی لێکدانەوەو تێڕوانینەکانی خۆی ئەمە شکستی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەرجەستە نەدەکرد. ئەویش بەو بەڵگەیەی کە (ئەحمەد معین) بڕوایی پێی هەبوو، گوایا ئەو حیزبە نەدەچووەوە سەر تێزو میتۆدی (ک.ک)ی. واتە سیاسەتی چەوت و چەوێڵی (حکع)ی دوور ڕادەگرت

لەسیاسەتی (ک.ک)ی و نەی دەخستەوە سەر وەرگرتنی ڕێنوێنی یەکانی ئەو تێزە. بەڵام ئەم لێکدانەوەو ڕانانەی (ئەحمەد معین) لێکدانەوەیەک و تێڕوانینێکی میتافیزیکانەیە، ناتوانێت لەناوەڕۆکی تێزو فۆرمی دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیست تێ بگات. چونکە ئەگەر حیزب بەرەنجامی ڕەووشێکی بابەتی و مێژوویی بوو، بێگومان دەبوایە لێکدانەوەیەکی بابەتی یانەشیان لەسەر ڕەووشی سیاسی چینی کرێکارو سیستەمی سەرمایەداری هەبوایە یان پێیان ببوایە. واتا ئەو دیدەو دیدگایەی (ئەحمەد معین) لەو چرکەساتانەدا، درۆکردن لەگەڵ چاوبینی ماددی دەووروبەرو لەگەڵ مێژووشدابوو. لەبەر ئەوەی هەموو ڕانانەکانی لەو نوسراوەدا بەڵگەی بەرگری کردن و بەشان و باڵ هەڵدانی (ک.ک)یدا بووەو، وویستویەتی لەو ڕێگایەوەو بەهەمان سیاسەت سەرنجی دەووروبەری خۆی ڕابکێشێت و خۆی بە (ک.ک)ی عەیار (24) ناو زەند بکات. بەڵام ناوەڕۆکی ئەو لێکدانەوە میتافیزیکانەی نەیتوانی تەمەنیان درێژ بێت و بۆ دووری یەکەی تیشکی کوشندەی خۆی ئاڕاستە بکات.

لەم سۆنگەیەوە دەگەڕێینەوە سەر نووسراوەکەو چەند بەشێ لەم بەشەدا ڕەخنە دەکەین. (ئەحمەد معین) دەنووسێت: [ كما فشل في طرح وتبني تصور ماركسي شفاف حول عملية بناء حزب شيوعي عمالي في ظروفه و زمانه، و تلك تمثل عقب اخيل الحزب وجوهر مهام الشيوعية العمالية، ص25، الأوضاع السياسية في العراق. الشيوعية العمالية و الحزب الشيوعي العمالي العراقي (آب 1998)-احمد معين]. ڕانانی ناو ئەم پەرەگراڤە، بەڵگە داتاشین و بەشان و باڵدا هەڵدانە بەلێکدانەوەو توێژینەوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری. هەروەها هاوتاو یەکسان کردنیانە بەڕانان و تێزی مارکسیزم. چونکە وای لێکداوەتەوە، ڕاڤەو پراکسیس نەکردنی مارکسیزم یانی پراکسیس نەکردنی (ک.ک)ی و هەروەها بەپێچەوانەشەوە، کردارەکە لەلای (ئەحمەد معین) ڕاستە.

لەلایەکی ترەوە بەڕاست دانانی، پرۆژەی پێکهێنانی تێزو فۆرمی حیزبەکەیان بەڵگەی ناڕاستی و کەم درکی یە لەسەر تێزو فۆرمی حیزب. لەبەر ئەوەی ئەو حیزبە بەتێزو فۆرمێک پێکهات،لە سیاسەت و پراکتیکی ڕاستڕوویی دروست بوونی حیزبەوە دووربوو. چونکە لەکاتەکانی دروست بوونیدا، هەوڵەکان و کردەوە جیاوازەکانی تری جیاواز لەتێزی دروست بوونەکەی بەهایان وەرنەگرت، هەرچەندە لەو کاتانەشدا جیاوازیمان لەگەڵ تێزەکەدا هەبوو. واتا بێجگە لەو تێزەی کە حیزبی پێکهێنا، بەڵام لەکاتی دروست بوونیدا، هیچ دیالۆگێک نەماو، لەوکاتانەدا بەهای ئەو دیالۆگانە کە پێکهێنەری بەشێک لە دیالێکتیکی پێکهێنانی ماددی حیزبی مارکسیستەکانە دەرزەنێکیان

دەگۆڕیەوە بەیەک هەنگاوی کرداری. بەلام هەنگاوە کرداری یەکان ناتوانن ڕاست و دروست بن، هەتا تێزو هزری سیاسی و میتۆدە زانستی یەکەی پێکهێنەری حیزب ڕێنوێنی نەکات. کاتێک مارکس باسی لەسەر هەنگاوە کرداری یەکان دەکرد و زۆربە گرنگەوە لێدەکۆلیەوە، لایەن و کۆلەکەی تیۆری بەکەم لەو هەنگاوە کرداری یانە وەرنەدەگرد. بەلکو هەنگاوە کرداری یەکەی لە پێناوی جێگیرکردنی تێزو سەرخەتی سیاسی و هزری و تیۆری چینی کرێکاردا بەکار ئەبرد. بەلام لەلای گروپەکانی پێکهێنەری (حککع)، تەنها نامەیەکی (مەنسوری حکیمەت) و هەولی چاکسازی پەیوەندی ڕێکخراوەکان، بەهای ڕانانی سەرخەت و هێلی سیاسی و هزری و ئاسۆی سیاسی دەکرا بە خزمەتکاری و دەرزەنێکیان لەو مەسەلانە نەدەگۆڕیەوە بە ئەو هەنگاوە کرداری یە کە (حککع)ی بەشەق و شڕی پێکهێنا. هەروەها لەم پرۆسەیەدا ڕیش سپێتی کردنی کورشی مدرسی و رحمان حسین زادە، لە دانیشتن و گفتوگۆکانی ڕێکخراوەکان لەسەرچێوە پێکهێنانی حیزب. نامەکەی (مەنسور) کاریگەری یان لەو گفتووگۆیانەدا بە دیاربوو. ئەو هەلوێست گیری یانەی ڕابردوویان زادەی بیروبۆچوونی پێکهێنانی حیزب بوو. ئەگینا حیزب لە ئەنجامی خەملینی ڕەووش و پەیوەندی یە سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانی چینی کرێکاری عێراق و کوردستان نەبوو. چونکە ئەم بناغەیە گرنگترین هۆیە بۆ ڕاوەستان و تووندوتۆلی پێکهاتوویی حیزب بەلام ئەوە نەبێت کاریگەری ئەو توێژگەلەی پێکهێنەری حیزب، ئەگەر پەیوەندی یان بە چینی کرێکارەوە هەبوویێت، یان زۆر نەگەتیڤانە بووەو بەدکاری پەروەردەیی ئەنجامەکەی بووە، یان پەیوەندی یەکان لە پلەی نەبووندا بوون. ئەمەش چاوبینی پەیوەندییەکان بوو، بۆیە ئامادەیی و هێزو ئینرژی چینی کرێکار لە دروست بوونیدا سفری پیشان دا.

ئەو هۆیانە دەرخەرو پیشاندەری لە دەرەوەی بزووتنەوەکەدا پێکهاتووە. چینی کرێکار هیچ زانیارییەکی لەبارەی ناوەڕۆک و سیاسەتی ئەو حیزبەوە نەدەزانی یان دوورو نزیک ناوی بیستبوو. واتە لەپشت تێڕوانین و ڕانانی مێژووی چینی کرێکارو خواست و ویستە سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتی و ئابووری یەکەیەوە پێکهات. لەگەل ئەوەشدا ڕەوشی ماددی بەووتەو گوفتاری خۆیان کرابوو بە پێوەری دروست کردنی حیزب. حیزب پێکهات، بەلام نەی توانی گەشەی بزووتنەوەی چینی کرێکار ئاسۆدارو بەهێزو بڕشتی بکات. لەکام ڕەوشی سیاسی ئابووریدا حیزب پێک بێت گرنگ نی یە! بەلام درۆ لەگەل مێژوودا نەکرێت و لەپشت مێژوووەوە ڕانان و پراکتیکی سیاسی ئەنجام نەدرێت.

نائارامی ڕەووشی سیاسی و ئابووری کوردستان و عێراق، درزو کەلێنە سیاسی یەکانی هێز بوون بۆ دروست کردنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق. فرسەتی چەندین کێشە قۆسترایەوە لەپێناوی دروستکردندا. بەلام حیزب وەڵامی کێشەو خواستی بەرامبەری کێشەکانی پێ نەبوو، بەڵکو خود داسەپاندنی ناڕاسترووی یانەو وورده بۆرژوازییانەبوو. هەروەها هەوڵێکی بە پەلەی کۆکردنەوەی گرووپەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بوو، لەپێناوی لەناو نەچوون و جێگا بۆ خۆکردنەوەو دەرچوون لە پەرش و بڵاویەکی ناخواستراویان. تا بتوانن لە هەردوو بەرداشی گەشەو شکستی ئابووری سیستەمی دەرەوەو ناوەوەی وولاتیان ڕزگاریان بێت و نەهاڕرێن. لەلایەکی ترەوە لە بەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا وا پیشان بدەن. لەسەرەتای جیابوونەوەیان، توانای دروست کردنی حیزبی دەرەوەی خۆیان هەیەو هێزێکی گەورەی کۆمەلایەتی ناوچەیین و کاریگەریان لەسەر ڕەووشی ماددی دەووروپشت هەیە. بەڵام ئەوانە هەر هەموویان لە هێڵەکانی ئەندێشەیاندا هاتووچۆی دەکرد و لەگەڵ چاوبینی ماددیدا ناوازەو لێک جودابوون. چونکە چاوبینی ڕەووشەکان و پەناو پەرچەکرداریان نەیتوانی دروست بوونی سیاسەت و پەیکەری ئەو حیزبە بگرێتە خۆی و هێزو فشارێکی زانستی بێت لەسەر ئاڕاستە گۆڕینی سیاسەتی ناوچەکەو شوێنی کارو هەڵسووڕانیان. بەڵام ئەمە لە چاوبینی دا وون و بێ ناونیشانن. چونکە دروست بوونی و دیفاکتۆی بزووتنەوەکە لێک جودابوون.

بەبڕوای ئێمە دەڵێین هەرکاتێک ڕەخسا حیزب دروست بکرێت و دەبێت کۆمۆنیستەکان ئەو ئەرکە لە دەستوور کاریاندا بەرجەستە بکەن. بەلام ناکرێت حیزب دروست کردن لە دەرەوەی چینی کرێکار بێت و هەر لەو شوێن و ڕێگایەدا بمێنێتەوە، یان ئەو چینە ئاگاداری نەبێت و بەحیزبی ئەویشی بقەبلێنی. هەروەهاڕانانەکانی مارکسیزم و ڕێنوێنی پرۆسەی دروست بوونی حیزب گرنگە. بەڵام ئەو ڕێنوێنی یە لە پرۆسەی دروست بوونی (حککع)دا نەبوون. فۆرم و تێزی دروست بوونەکەشی بە پێچەوانەی دیالێکتیکی دروست بوونی حیزب و هەوڵ و توانا بەگەڕخستنی لەپێناوی قاڵ بوونەوەی بزووتنەوەی چینی کرێکار لە سیاسەتی حیزبدا ئامادەگی نەبوو. هەروەها هەڵقوڵاوی بەرژەوەندی زهنی تاکە کەسێک بوو، هەوڵێک بوو لە پێناوی گرێدان و پێکەوە ژیانی کۆمەڵێکی وورده بۆرژوازی بوو. پەیداکردنی هێزو ئینرژی ئەو توێژگەلە بوو لە بەرامبەر بەرداشی هاڕینیان. چونکە نەیان توانی درێژە بە دیالۆگ و ڕانانیان بدەن، تا لەو ڕێگەیەوە بەرنامەو پراکتیکی زانستی ڕاڤەبکەن و، هێڵە سیاسی و هزرییەکانی بزووتنەوەکە بەشێوەو بابەتی مارکسیزم ڕێبکەن. بەڵام لەلای ئەوان داڕشتنی بەرنامەوو دیاریکردنی سەرخەت و

خواستەکانی هۆیەک نەبوو لە دیاری کردن و پێکهێنانی حیزبدا. بەڵکو هەموو لێکدانەوەکان خرایە پێناوی بەرژەوەندی و داخوازی سیاسی و هزری تاکە کەسێکەوە. ئەگینا ئەو دیالۆگە بەردەوامیان هەبوایە، بێگومان یان حیزب پێک نەدەهات، یان کەپێک بهاتایە ئەوا ساغ و تەخت دەبوون لەسەر ئەوەی کە (ک.ک)ی بەهای هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکەی جیاوازە لەگەڵ بەهای تێزو فۆرمی دروست بوونی حیزبێکی کۆمۆنیستی زانستی .

(ئەحمەد معین) ئەوەی لاڕوون نی یەو کاڵ فام و نازانستی یانە ڕانانی لەسەر دروست بوونی (حککع) کردووە، پێ نازانێت، لە دەرەوەی تێڕوانین و هەوڵەکانی مارکسیزم بە ئەنجام گەشتووە، لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە دیدگایەکی مارکسیستی یانە لە چاوبینی دروست بوونی حیزبدا ڕاڤەبکەن. لەلایەکی ترەوە (ک.ک)ی هەڵێنجاوی سەرچاوەی بڕواو بۆچوونەکانی مارکسیزم نەبووە. بەڵکو لێکدانەوەیەکی وورده بۆرژوازی سەردەمێکی مۆدێرن و بەدیدگایەکی کۆنی وورده بۆرژوازییە وە، کردەی دروست بوونی حیزبیان پرۆسیس کردووە.

ئەو ووتەو بێژانە بەتاڵە کە پێی وایە چەپی (ک.ک)ی کوردستانی عێراق (ک.ک)ی یان لە سیاسەت و پرۆسەی دروست بوونی حیزبدا بەکارنەبردووە. لەبەر ئەوە بووە کە دیدگای یەکی مارکسی زاڵ نەبووە لە دروست بوونی حیزبدا!!. بەپێچەوانەوە (ک.ک)ی دیدگاو میتۆدێکی وورده بۆرژوازی و لیبراڵی یەو ناچێتەوە سەر مارکسیزم و بەو هۆیەوەیە کە ڕانان و دیدگایەکی نا مارکسیستی زاڵ بووە لە پێکهێنانی دا، واتا پێکهێنان و سیاسەتی (حککع)و هەروەها پەرەنسیپ و دیسپلینەکانیان دوورن لە بەهاو هێزی دروست بوونی حیزبە مارکسیستی یەکان. چونکە دەستەخووشکی بۆرژوازین.

ئەو بەهانەو بەڵگەی بێ بەڵگە هێنانەوەیە بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری هیچ نانوێنێت بێجگە لەسەر لێشێواویی (ئەحمەد معین) نەبێت. چۆن دەکرێت پرۆتستۆی حیزبێک بکەیت و بەهەمان میتۆدی ئەو حیزبە حیزبێکی تر بخەیتە دەستووری کارتەوە. ئەمەش لەو کاتەدا سەرلێشێواوی ئەو دەستەیەو (ئەحمەد معین) ڕادەگەیاند، و فۆرم و تێزێکی میتافیزیکی و نازانستی خۆ جیاکردنەوەیە. سیاسەتی کاریکاتۆریانەو گاڵتە ئامێزی وورده بۆرژوازی لێرەوە دە ر دەکەوێت.

لەهەمان نووسراودا، (ئەحمەد معین) زۆر بە گەرمی باسی دەوری سەرکردەیی (مەنسوری حیکمەت) دەکات، و کاریگەری لەسەر ڕەوەندو داڕشتنی تێزی (ک.ک)، بەو سەرکردەیە دەبەخشێت، و بەشان و باڵ هەڵدانی، خۆ بەدەستەوەدانی ڕووانگەی هزری خۆی و دەستەکەیان و چەپی (ک.ک)ی کوردستانی عێراق بەتێزو سیاسەتەکانی

دەردەخات. هەروەها بێجگە لەوەی کە ئەم چەپە، هێشتا نەیتوانیوە ئەلتەرناتیف و تێزێکی تری سەربەخۆو دابڕاو لە سیاسەت و میتۆدە بدۆزێتەوە، و یان ڕاڤەیان بکات. کاری خۆ بەدەستەوەدان و ڕەودووکەوتنی سیاسەت و میتۆدی دەرەوەی خۆیان مێژوویەکی دوورو درێژتری هەیە.

بەڵام (ئەحمەد معین) دوای پێشنیارو ڕانانی لەسەر ڕابردوو ئەو بۆچوونەی لەمەڕ (ک.ک)ییەوە، دەکەوێتە پرسیارکردن لە (حککع) و دەوورووە نەخشی لە کۆمەڵگاداو جەنگەکانی حیزب کە پێویستە بیانکات، لە پێناوی بردنە پێشەوەی ئامانج و سیاسەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، هەروەها خستنەڕووی بەسایە کردنی دەسەڵاتی سیاسی و مەسەلەی دروشمەکان و گەلێک بابەتی تر. ئەمانەش هەر هەموویان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە میتۆدی (ک.ک)ییەوە هەیەو دروشم و تێزی دەسەڵاتی سیاسی و ڕانانەکانی یان لەسەر ڕەووشی چاوبینی ماددی سیاسی و کۆمەڵگا، لە هێڵە هزرییەکانی (ک.ک)ییەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەڵام (ئەحمەد معین) لێکدانەوەیەکی تریان بۆ دەکات و بەدکاریەکەی ناخاتە سەرشانی تێڕوانین و لێکدانەوەو جیهان بینی یەکانی (ک.ک)ییەوە. هەروەها ئەو لێکدانەوەی (ئەحمەد معین) و ئەوانەی ڕابردووی (حککع) و ئێستای هەردووکیان، لە دەرەوەی تێڕوانینەکانی مارکسیزم گەڵاڵە کردووە .

لەلایەکی ترەوە، زۆر پراگماتی یانەو بەشێوەیەکی لیبراڵیانە دەسەڵاتی سیاسی باس کراوەو، پەیوەندی کراوە بە ئازادی و یەکسانی یەوە، چونکە لێکدانەوەو شیکاری و خواستی ئازادی و یەکسانی، خواستێکی لیبراڵیانەیە. دوور لە بنەماو کاکڵەی پەیوەندی ئازادی و یەکسانی ناو پەیوەندییە مرۆڤانەکەی باس و خواست کراوە.. دواتر لە بەشەکانی تردا توێژینەوەی ووردترو ڕوونتریان لەسەر ئەنجام دەدەین. لەبەر ئەوەی ئەو فۆرمە و تێزی ناو دروشمەکە پێچەوانەی دەسەڵات گرتنە دەستی پرۆلیتاریاو، بەکارهێنانی ئازادی یەکەشیان، پەیوەندی و خواستی ئازادی لیبراڵیانەیە لە سیستەمی سەرمایەداریدا. ئامادەکردن و بەیانی ئەو دروشمە پەیوەندی بە لێکدانەوەیەکی، سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆرژوازییەوە هەیەو دوورە لە ناوەڕۆک و تێزی دەسەڵاتی سیاسی چینی کرێکار.

هەروەها کرداری بەرجەستەکردنی کاکڵەی ئەو دەسەڵاتە لە چاوبینی ماددیدا داخوازی و دروووشم و کردەوەیەکی جیاوازی دەوێت. لەشوێنی خۆیدا بەدوورو درێژی لەسەری ئەدوێین. کەواتە ئەوانەو گەلێک بابەتی تر گەواهی

لەسەر ئەوە دەدەن. ئەوان و ئەمانیش نەیانتوانیوە بەو ئەنجامەی سەرەوە بگەن و کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان پراکسیس بکەن.

بەرەنجامی ناکاریگەری و لەمەیدان دەرچوونی (حککع)ی لەهەموو مەیدانەکاندا. (ئەحمەد معین)، نائامادەیی ئەو حیزبە لەخەباتی ڕۆژانەو هەوڵنەدان بۆ ئاینده دەبینێت. بەڵام خۆشیان بەهەمان ریتم و تێز دەچنە پرۆسەی پێکهێنانی حیزبەوەو، هەمان هێڵی هزری-سیاسی یان هەیە. چونکە لەو ساتانەدا دەست بەرداری سیاسەت و میتۆدی (ک.ک)ی نابنەوەو، هەزارو یەک بروبیانوو بەڵگەی بێ بەڵگەی چاک بەکارنەهێنانی سەرخەت و تێزی میتۆدو فەلسەفەی (ک.ک)ی لەلایەن (حککع)ەوە، دەکەن بە بەڵگەی جارێکی تری دەست پێوەگرتنییان بەسیاسەت و هزری (ک.ک)ی یەوە، ئەمانەش کاڵ فامی و بێ ئاسۆیی و ناتوانایییان لەباری شیکاری و لێکدانەوەی ڕەوش و بزاڤی ناو ئەو ڕەووشە سیاسی یەو دیدگایەکی لێڵ و کورت بینیان لەسەر پلەو پایەی هزرەکان هەیە.

دووپاتە کردنەوەی (ئەحمەد معین) لەهەمان نووسراودا، لەسەر دەرەنجامە سیاسی یەکانی ئەو حیزبە، ئاوا باس دەکات:[ ان استنباط النتائج الذهنية والمجردة من مباحثات و اسس الشيوعية العمالية وتجاربها هو أحد الأسس الأصلية لبقاء الحزب الشيوعي العمالي العراقي على هامش التحولات السياسية و صراعاتها في العراق. ص32– الأوضاع السياسية في العراق- احمد معين –آب-1998]. شیکاری ئەم پەرەگراڤەو نووسینەکەی زۆر لەوە ڕاسیونالیستانەترە، کە پێوەری (حککع) بووەو، بەهایەک بووە بۆ ئیش کردنیان لە میتامێژوودا، پرۆسیسی سیاسی یان بەو ئاقارەدا بردووە. لەبەر ئەوەی (ک.ک)ی بەشێوەیەکی ئەبستراکت ئەنجام گیریان بەپێی ئاوەزێکی ڕاسیۆنالیستانە ئەنجام داوە. لە دەرەوەی چاوبینی ماددی و بابەتی بزووتنەوەی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا شیکاری کردووەو دوور بووە لە سیاسەت و پرۆژەیەکی سیاسی-پراکتیکی بزووتنەوەکە.

لەم سۆنگەیەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بەرجەستە بوونی فۆرمی سیاسی و میتۆدی (ک.ک)ی لە حیزبدا تەخشان و پەخشان کردووەو، حیزبیش سیاسەتی خۆی لەو میتۆدەوە گەڵاڵەکردووە، ئەو فۆرمەش نەشازو لە دەرەوەی مێژوودایە. بەو هۆیەوەیە کە چاوبینی ماددی بابەتی بزووتنەوەکەو ڕووگەی سیاسی و ماددی ئەو بزاڤە، حیزب و لێکدانەوەکانی (ئەحمەد معین)ی خستووەتە کەناری بابەتە فرێدراوەکانەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئەو دڵسۆزییەی کە (حككع) بۆ میتۆدو هزری (ك.ك)ی پرۆسیسیان کردووە، پێکهێنەرانی ئەو ڕوانگەو شیکارییە هەر ئەوەیان ئەنجام داوە. بەڵام ڕیتمی ئەو ڕوانگەیەو ڕانانەکانی، دەرەنجامەکەی نادروستی و هێزو برستی سیاسی کەم و کوورتی بۆ حیزب و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکەی دروست کردووە. ئیتر دەردەکەوێت (ئەحمەد معین) خۆشی ڕاسیۆنالیستی یانە لێکدانەوەی لەسەر ئەو بزووتنەوەیە کردووە. بەشێوەیەکی کاریکاتۆرانەو گاڵتە ئامێز، باس و خواستەکانیان دەردەکەون، چونکە بەڵگەی ناڕاستڕوویی و ناڕاستیان و بەڕاستی نیشاندانی، سیاسەتێکی کاریکاتۆرانەیە.

لەڕێگەی دانان و بەیان کردنی هەموو ئەو نموونانەی کە پەیوەندی یان بە سیاسەتی حیزب و تواناکانی یەوە هەیە. ئایدیالیستی یانە پەیوەندی کردن و بەکەسانکۆ کردنی حیزب و پەیوەندی یان بە چینی کرێکارەوە، بەڕێگاو ئاوەزی خۆیان لەسەریان ئەدوێن. حیزب ڕادەکێشنە ناو پێکدادانە سیاسی و گۆڕانە سیاسی یەکانەوە، لەڕێگەی خەون و خەیاڵەوە ئەو مەیدانە دروست دەکەن و بەشێوەیەکی ڕاسیۆنالیستی انە کایەکانی ئەو مەیدانەی ئەوان باس دەکەن، بێ ئەوەی کاریگەریان لەسەر ئاڕاستەی ڕەووتی ڕووداوەکان هەبێت. واتا نابێت تەنها بەووتە پەیوەستی دەربخەین، بەڵکو لە پرۆسەیەکی کرداری کردنی پەیوەندییە سیاسی یەکانی حیزبدا، دەتوانین پەیوەندی و گشت بوونی حیزب و چینی کرێکار، و هەموو ئەو پەیوەندی یانە لە جێگاو ڕێگای خۆیدا دابنێین و، لەڕاستڕووی ماددی بابەتیدا جێگە دیارو زیندوکار بێت.

کاتێک پەیوەندی لەنێوان حیزب و چینی کرێکاردا توونددوتۆڵ دەبێت. کە حیزب دیدگایەکی ڕاستڕوویی ماددی بابەتی هەبێت، لەسەر سەرزەمینی ماددی دەوورو بەریدا و بی ئاوزێت، ڕەووشی بزووتنەوەکەو پلەو ڕێژەی گەشەکەی لەچ ئاستێکدابێت، لەم ڕووەیدا دەتوانێت بزووتنەوەیەکی خۆسەپێنی بابەتی و ماددی بێت بەسەر چاوبینی ڕەووشەکەداو، لایەن و باڵی بنەڕەتی گۆڕان کاربێت. واتا دەتوانێت سیاسەت و بزاڤی باڵادەستی ناو ڕەووشەکە بێت و مۆرو نەخشی دەست و توانای سیاسی یەکەی لە ڕەووشی ماددی کۆمەڵگای سەرمایەداریوو بزاڤەکەی نەخشی دیاربێت. هەروەها ئاڕاستە سیاسی یەکەی بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار بەکێش دەکات، و ڕاستە ڕێگەی سیاسی چینایەتی خۆی پێ دەگرێت.

ئەمەش بۆ سیاسەت و ڕەوەندی سیاسی بزاڤی هەموو چەپ ڕاستە. بەڵام هەتا ئێستا چەپ لە پەیوەندی خۆی و چینی کرێکاردا، کەم کاریگەرو بێ پەیوەندی بووە. لەبەر ئەوەیە نواندنەکانیان لاوەکی و لە دەرەوەی شانۆی پێکدانەکانی ڕەووشەکەیەو، بەو شێوەیەش چاویان لێدەکرێت.

هەورەها (ئەحمەد معین) و دەستەکەیان پێوەری بارۆمەتریان یەک پلەو یەک ڕێژە دەخوێننەوەو، لەگەڵ (حککع) یەک ئامانج پەخش دەکەن. ئیتر ئەوە ووتەیەکی ناڕاستڕوویی یە، دیدگای و ڕانانی لەسەر (حککع)و پەیوەندی لەگەڵ میتۆدی (ک.ک)ی، بەشێوەیەکی ئایدیالیستی یانەو بەشێوەیەکی ئەبستراکتانە بەڵگەی میتۆدی (ک.ک)ی هێناوەتەوە. ئەم بێژانەی ئەوان بێ ناوەڕۆک و کاڵ بیریان دەردەخات. (ئەحمەد معین) لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت بیسەلمێنێت کە خۆیان بەهەمان فۆرمی (ک.ک)ی حیزبێکی جیاواز لە حککع پێک دەهێنن. ئەمەش سیاسەتی دیماگۆجیەت و کردەیەکی دووگماتیستانەیە، لەبەر ئەوەی فۆرمی سیاسی و میتۆدی و فەلسەفی (ک.ک)ی، بەڵگەی میتۆدو سیاسەتێکی ئەبستراکتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی هەیە لە خەباتی چینایەتیدا. هەروەها بەیان و خواستی توێژێکی لیبرالیستە و لەگەڵ چینێکی کەمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداران و بۆرژوازی جووت دەبێت.

کۆمۆنیستەکان نابێت ئەوەیان لەبیر بچێت، تیۆری ئەبستراکتی حیزب لەناو چاوبینی دا،حیزبی ئەبستراکت لەچاوبینی ماددی بابەتی پێک دەهێنێت.

ئەندێشەی ئایدیالیستی و خەون بینینی (ک.ک)ی، سایەدەبێت لەلای ئەو توێژگە لە بەسەر ئایدیای ماتریالیستی داو قۆرغی ڕانانێکی زانستی دەکات، و خەونی توێژگەلێک، بە داواکارییەکی گەورەو مێژوویی یەک چینی شۆڕشگێڕ بەیان دەکات.

لە حیزبدا ڕابەری سیاسی و میتۆدی و هزری، سەرقافڵەی سیاسی و چینایەتی حیزب ئەنوێنێت. لەبەر ئەوەی پراکسیس کردنی سیاسەتەکانی حیزب، ئەو ناوەندە ڕێنوێنی دەکات و لەو ناوەندە گرنگەشەوە سروش(ئیلهام) وەردەگرێت. چونکە جێگا پلانی سیاسی و تویکاری میتۆدی و هزری و فەلسەفی یەو دەبێت بە باشترین و چالاکترین پلانی سیاسی ڕابەری بزاڤی سیاسی و ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان بکات. هەروەها سیاسەت و تیۆری بەرژەوەندی سەرقافڵە، دەست نیشانی ئاسۆی سیاسی و ئامانجی کۆتایی سیاسەتی حیزب ئەگەر بۆ کورت ماوەش بێت دەکات. بەم پێ یە تیۆریش بەشێکی گرنگی سیاسەت و ئامانجی حیزب نیشان دەدات و ڕێنوێنی دەکات

و، سەرقافڵە بەرەو گەشەی بزووتنەوەکە، یان بۆ کەندو کۆسپ ڕاپێچ دەکات. بەم پێ یە کاتێک حیزب دەکەوێتە ناو لیتەوە، یان کەنەلاێک پڕ دەکاتەوە، یان سکەو ڕێچکەی مێژوویی و چاوبینی ماددی بابەتی خۆی دەگرێت. کەواتە لەهەردوو ڕووەکەیدا، پەیوەندی بە بیری سیاسی و هزری و لێزانی و ئەندێشەکانی ناوەند ڕابەرییەوە هەیە. لەم سۆنگەیەوە بەڵگەکانی (ئەحمەد معین) سەرلێشێوێنەرەو هەڵخەڵەتاندنی ساویلکەی دەوورو بەرییانە.

لێنەزانانە ڕەدووی برواو بۆچوونێکی بێ بەهایەو بیری پێدەکاتەوەو سەرچاوەی سروش و پرۆسیسی سیاسی یانە. بەوە شێوەیەی (ئەحمەد معین) دەڕوانێتە کەم و کوڕی و سیاسەت و پراکتیکێکی ناچاوبینی سیاسەتی (حککع)، تەنها لە خەون و خەیاڵدا جێگایان هەیە. هێنانەوەی بەڵگەکانیان لە پێناوی ئەوەدایە، گوایا خۆیان ئەتوانن ڕێچکەی سیاسی و هزری و چینایەتی (ک.ک)ی، بابەتیانە بگرن. ئەمەش دووپاتەو سێ پاتە کردنەوەی ڕیتمی سیاسەت و بۆچونێکی ساویلکانەیەو لەپشت سیاسەتی هەڵخەڵەتاندنەوەیە.

(ئەحمەد معین) بەشێوەیەکی بێ سەرو بەرەی سیاسی و تیۆری تویکاری قسەوباس و سیاسەتی (حککع) دەکات، و بەیانی هەلوومەرجی جیابوونەوەیان بەم شێوەیە دەکات: [و اثر كل ذلك فعندما يلتفت العامل و الكادح و المرأة الباحثة عن التحرر و كل مناضلي الحركة الشيوعية العمالية الى الوراء نحو الحزب الشيوعي العمالي العراقي، سرعان ما يدركون بأنه من المستحيل دخول معترك الصراعات السياسية مع البرجوازية و أحزابها و حركاتها و حكوماتها تحت راية و خندق الحزب المذكور بتلك الوضعية و الخروج منها بظفر و أداء المهام السياسية والطبقية في خصم الصراعات الحالية في المجتمع العراقي و التحول الى قوة سياسية و اجتماعية مؤثرة تحت راية تلك التوجهات و الافاق و التقاليد. ص33 –الأوضاع السياسية في العراق-.... آب 1998- احمد معين] شکست و پاشەکشەی هەر لێکدانەوەیەک و هێزەکەی، پەیوەندی بە نازانستی و شکستی فۆرم و میتۆدی حیزب و هزرەکەیەوە هەیە. لەبەر ئەوە ناکرێت فۆرمێکی سیاسی تیۆری شکست دەخوات، بەهەمان فۆرمی شکست خواردوو وەڵامی شکست و تێکشکانی بدرێتەوە. چونکە شکستی حیزبەکان، لە نەگونجان و ناتەبایی پەیوەندی سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی حیزبەوەیە، و ناتەباییە لەگەڵ چاوبینی بزووتنەوەی چینێک و داخوازی یەکانی، وەڵامی شکست خواردنی، بەگۆڕانی میتۆدو هزرە ناواقعی یەکەی دەبێت و لەجێگەیدا نوێکاری تویکاری و هزری سیاسی و میتۆدی زانستی دەبێت ڕاڤە

بكرێت. واتە گۆڕانی بەهای سیاسی و هزری و فەلسەفی و داخوازی یەکانی و درووشمی ڕۆژانەو درێژخایەن و ئامانجەکەی بە پێی خواست و ویستێکی بابەتی و زانستی، دەتوانێت گۆڕانێکی سەروبەر گونجاو پێک بهێنێت.

ئەو ڕانانانەی سەرەوەی (ئەحمەد معین)، ئایدیالیستانەیەو خۆ بەدەستەوەدانی یانە بە میتۆدێک، کە لەدێر زەمانەوە دەستەو ئەژنۆی دانیشتوون و لەبەرامبەریدا کڕنووشی پیرۆزکردنی ئەو میتۆدەی بۆ دەبەن. بەڕاستی پرۆسەی ئەم پەیوەندی پێوەکردنە سیاسەتێکی نادروستی بۆیان پێکهێناوە. کە ڕانان و دیدگایان بارگاوی کردووە بەبێ بیرکردنەوە، هەروەها بیرکردنەوەکانیان خەیاڵی یەو دوور لە پەیوەندی پێوەگرتنێکی دیالێکتیکی یانە ئەنجام دراوە. لەگەڵ چاوبینی ماددی بابەتی بەرژەوەندی سیاسی فرماسیۆنی کۆمەلایەتی و ئابووری سەرمایەداریدا جووت بوون،و بە ئاڕاستەی ئامانجی سیاسی ئەو سیستەمە تاوی گرتووە. حککع نەیتوانیوە هەتا ئێستا لەو شەڕانەدا جەنگی سیاسی و کۆمەلایەتی سەرکەوتوو و ئامانجێکی ماددی بابەتی بەرژەوەندی چینی کرێکاریان بەڕێژەیەک ئەنجام دابێت. ئەم ئەنجامگیرییەی دژ بە بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چینە لەڕێگەی ڕانانەکانی سیاسی و هزری و کۆمەلایەتی و ئابووری یەکانی ڕەووشی کۆمەڵی ئێستاو ڕابردووەوە هەیە. هەروەها لێکدانەوەکانیان ئەگەر هەبێت، نازانستی و ناچاوبینی ماددی بابەتی یەو، توانای پێکهێنانی ئەڵتەرناتیف و ئاسۆی سیاسی ڕۆشنی ڕاستڕوویی و بابەتی یان لە بزاڤی چینی کرێکاری ناو فرماسیۆنی کۆمەلایەتی سەرمایەداریدا نی یە.

هەتا ئێستا فۆرم و تێزی ئیش کردنی حیزب (ک.ک.ع) نەیتوانیوە دیاردەکانی ڕەووشی پەیوەندی یە چینایەتی یەکان توێکاری بکات و لەبەرامبەردا هەڵوێستی بە پراکتیک ئەنجام بدات و کاریگەری لەسەر ڕەوەندی سیاسی سەرمایەداری دابنێت، و بیانپێچێتە ژێر هێزو فشاری خۆیەوەو، قەڵەم ڕەووی سەرمایەداران کەم ڕەنگ و بێ بەها بکات. هەروەها ئەم لایەنەش دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا، ڕێژەی هووشیاری ئەو چینە پلەی سیاسی زانستی بباتە پێش و گۆڕانیش لە پلەو چێوەی شەڕەکاندا بکات و بەرەو ئاستێکی بالاتری جەنگەکەی ببات. بۆ دیاری کردنی هەموو ئەو کردەیانەی سەرەوە، پێویستی ستراتیژی ڕوون، سیاسەتی یەک لاکەرەوەی ناو ئەو ستراتیژەو داڕشتنێکی چاوبینی ماددی و بابەتی، و لەگەڵ ئاڕاستەی ڕەووتی مێژوو ڕاستەڕێگە بگرێت. چونکە ستراتیژی حیزب ئاوێنەی بەرژەوەندیو خواستی چینەکان پیشان دەدات، بەشێوەیەکی گشتی. بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ چینی کرێکار ستراتیژی هەڵێنجاو لەخواست و پەرەنسیپی مارکسیزم یەکێک لە تایبەت مەندییە جیاکەرەوەکانی هەتا لەناو حیزبە

بەناوونیشان کۆمۆنیستەکانە. ئەو ستراتیژەش لە دروشم و پلاتفۆرمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا بەرجەستە دەبێت، و هەروەها هەوڵێکی لیبڕاوانەو ئەنجامگیرە بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستی. واتا ئەو ستراتیژە دەتوانێت ئاویزەی شەڕەکان و فۆرم و بابەتی جەنگەکان دەست نیشان بکات و ئامانج گیری ئایندەش پیشان بدات. بەرجەستە بوونی ئامانجەکانی ناو جەنگە کۆمەلایەتی یەکان، لەجۆرو بابەتی هووشیاریدا بەدیدە کرێت و، هەروەها هووشیاریش دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو زانستی یانە ستراتیژو سەرکەوتنی دیاری بکات. لەبەر ئەوەی هووشیاری چینایەتی، کاریگەری یەکی بنەڕەتی هەیە لەسەر پەیگیری و بەهێزکردنی هەڵوێستەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی ئامانجی هووشیاری یەکە. بابەتی هووشیاری دەست نیشانی ئامانجی چینایەتی جیاواز دەکات. چونکە هەموو هووشیاریەک، ناتوانێت، هەڵگرو ڕێنوێنی ئامانجی ڕزگاری چینی کرێکار پەیڕەوی بکات. لەبەر ئەوەی لەناو چینەکەداو لە دەووروبەری بزووتنەوەکەیدا، چەند ڕوانگەو دیدگای سیاسی و هزری جیاواز جیاواز هەیەو هەر لایەنەو مەیلەکەی پرۆسەی هێنانە پێشەوەی بەرژەوەندییەک پراکسیس دەکات. بەلام هوشیاری سیاسی چینایەتی (ک.ک)ی ئەگەر هەبێت، ناتوانێت هووشیاری ڕزگاری چینی کرێکار بێت. لەبەر ئەوەی فۆرم و ڕیتمی سیاسی و چینایەتی (ک.ک)ی، سیاسەت و خواستێکی ڕیفۆرمیست و دوور لە ئامانجی سیاسی چینی کرێکارەو، هەڵێنجاوی سیاسەت و ستراتیژی لیبرالیزمە. هەروەها لەڕێگەی سیاسەتی حیزب و هوشیاری سیاسی یەکەیەوە، ئامانجی ڕزگاری ئەو توێژە کۆمەلایەتی یەی ئافرەتان و مندالان و توێژگەلەکانی تر، میتۆدی بزاڤەکەیانی دەست نیشانی دەکات.

کاتێک میتۆدێک ناتوانێت ئامانجی ڕزگاری بەرجەستە بکات، تاوان و لەکە لەسەر شانی جێ بەجێکەرانی نی یە، بەڵام هەموو تاوان و لەکە شانی ڕابەران و تیۆریسەنی حیزب دەگرێتەوەو، لەبەر ئەوەی هووشیارترین بەشی حیزب دەبن. کەواتە هەڵدێرو مل شکاندنی حیزب لە ئەستۆیاندایە. چونکە میتۆدو تیۆرو هزری ئەوان سیاسەتی بەرجەستەو بە پراکتیکی حیزب دەنووێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە میتۆدی (ک.ک)ی، ستراتیژو سیاسەتی ڕزگاری چینی کرێکار نی یە. لەبەر ئەوەیە نەیتوانیوە پرۆسیسی بزاڤی ئەو چینە بە ئاڕاستەی مێژوویی بگەیەنێت. هەروەها لەلایەکی ترەوە، سیاسەت کردن و پەیوەندی گرتنی سیاسی بەچینی کرێکارەوە لەلایەن حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە، لایەنێکی تری ڕزگاری و هەوڵەکانی دەست

نیشان دەکات. بەڵام ئەمەشیان بەتەنها ناتوانێت ڕێبکات، لەبەر ئەوەی ئاسۆی بزاڤی چینی کرێکار،بە ڕێنوێنی مارکسیستی و کۆمۆنیزمی زانستی دەتوانێت، هێزێکی بە هەڵمەت و حیزبێکی بە پەرەنسیپ و بە دیسپلینی ڕزگاری بنیات بنێت. هەروەها زانستترین و کاریگەرترین ئاسۆی سیاسی دژ بە ڕەووشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری بەرهەم بهێنێت، هەروەها دەست نیشانی ئاسۆی شەڕی چینی کرێکار، لەبەرامبەر بۆرژوازی و سەرمایەداران دەکات. ئاڕاستەی جەنگەکان، بەپێی میتۆد هەڵگری یەکەی، چۆنایەتی و بابەتی جەنگەکان، بەباری پۆزەتیڤانەو نەگەتیڤانەدا، سەرکەوتن و شکستەکان دەگۆڕێت.

(حککع) قەتیس مانەوەی لە چوارچێوەی ڕووانگەیەکی ڕیفۆرمیستی و لیبراڵیدا، جەخت لەسەر ڕاڤەکردن و پرۆسیس کردنی بزووتنەوەی خود بە خودی چینی کرێکار دەکات، و بە بناغەو کۆڵەکە ڕاگری ساختمانی سیاسی حیزب بەیانی دەکات. هەروەها پێ لەسەر ئەوەش داناگرێت، ئەو بزووتنەوەیە پێویستی بەڕێنوێنی یەکی زانستی یانە هەیە، و خەباتی ڕۆژانەیان لەپێناوی ئامانجی مێژووییدا بەرجەستەو پرۆسیس بکەن. چونکە خەباتی ڕۆژانەی ئەو چینە هەموو شتێک و تەنها ئەرکێک نی یە، کە هەموو لایەنەکانی و بارگەی حیزبی تیادا خاڵی بکەینەوە. بەڵکو پێویستی یەکی ڕۆژانەی خەباتی بزووتنەوەی ئەو چینەیە. بەڵام ئەوان لەم ئیرسەی کۆمۆنیستە زانستی یەکان تێ ناگەن و بەکار نابەن، هەروەها سیاسەت و بزاڤی خود بەخودی چینی کرێکار، بە بزاڤێکی سۆسیالیستی بەیان دەکەن.

گرنگی میتۆد، لە دەرخستن و پلەی بزاڤەکاندا دەردەکەوێت و گەورەیە، لەبەر ئەوەی میتۆد سەرچاوەی تێڕوانین و جیهان بینی حیزب دەردەخات. بەم پێودانگە هەرکاتێک حیزبێک دەیەوێت بچێتە مەیدانی جەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانەوە، دەبێت شارەزای سروشتی خەبات و ڕەووشەکەی هەبێت و کەلووپەلی پرۆسیس کردنی جەنگەکەی پێبێت. بابەتی کەلووپەلی جەنگەکە لە مەیدانەکاندا، بەپێی سروشتی مەیدانەو خواستی بەڕێکردنی جەنگەکە لە ڕەووشە جیاجیاکاندا ئامادە دەکرێت.

ئامانجی جەنگی کۆمۆنیستەکان، سەرکەوتنی کۆتایی چینی کرێکارو، کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی سەرمایەداری و چینایەتی دەسەڵاتەکان لە مەیداندا. ئەگینا، بێجگە لەو بەدەست هێنان و ئەرکە هیچ ئیشێک بەرێنەخراوەو،

ئامانجی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکاری بەرجەستە نەکردووە. بەڵکو جەنگێک بەرپاکراوە، تەنها چەند بەشی ماتریالێکی مرۆڤایەتی تیایدا داخوراون و وون بوون و لەدەست چوون.

پرۆسیس کردنی سیاسەتی چینی کرێکار لە ڕەووشی چاوبینی ماددی، و هەوڵی بزووتنەوەی سیاسی ئەو چینە، بەپێی سیاسەت و هەوڵەکانی لە دامێنی ئامانج و ستراتیژیدا دەتوانێت پەیوەندییەکی قووڵ و بەهێزی هەبێت، هەروەها کاریگەری و دژکاری بارو ڕووتەختی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئێستای سەرمایەداری، لەڕێگەی ڕاڤەکردن و پراکسیسی میتۆد و سیاسەتێکی کۆمۆنیستی زانستی ڕوون و ئاشکرای پەیوەندی گرتنی چینایەتی یەوە بەئەنجام دەگات. ئەگینا هەموو هەوڵەکانی تر ناتوانێت لە پێناوی ئامانج و خواستی پرۆلیتاریادا بێت. هیچ حیزبێک ناتوانێت لەسەرەگێژەو کەنارکەوتوویی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆی ڕزگاربکات. یان وەڵامێکی ڕاست و زانستی ببێت، بە سیاسەت و میتۆدی پەڕاگەندەیی و کەنارەگیری، پەیوندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتی حیزب و کۆمەڵگا لێک هەڵناپێکێت، کاریگەری لەسەر سیاسەت و ئاڕاستەی سیاسی سەرمایەداری نابێت و. دەوورونەخشی لە پرۆژە سیاسی یەکاندا کەم ڕەنگ و بێ توانا دەبێت. جەنگی مێژوویی چینی کرێکار لە ڕێگەی حیزبەوە، لەگەڵ سەرمایەداریدا، ناتوانێت ڕێڕەوێکی ڕاست بگرێت.

لەم سۆنگەیەوە، هەوڵەکانی (ئەحمەد معین) و دەستەکەیان ناتوانێت و نەیتوانیوە، وەڵامی شیاوو پڕاوپڕی لاسەنگی هێز بێت لە گۆڕەپانی جەنگە سیاسی یەکاندا. چونکە گەرەکییەتی بەهەمان هێزی میتۆدی تێک شکاو، مەیدانی جەنگ قۆرغ بکات و بەرژەوەندی جەنگەکان بەلای تای بەرژەوەندی چینی کرێکاردا قورس بکات. بەڵام ئەو سەربازگەیەو قوتابخانەکەی، سەربازگەیەکی وێرانەو قوتابخانەیەکی ووردە بۆرژوازییە .

لێرەدا دەچینە سەر بەڵگەی ووتنەکانی و ڕێگە چارەی دەرچون، لە بەشێک و پەرەگرافێکی تردا، ئەم پەرەگرافەی خوارەوە، دەیەوێت ببێتە ڕێگەچارەو ناوەڕۆکی ڕێگەو ڕزگاربوون، بێگومان بێ بەهایی ئەو ڕانانە وەک ڕۆژ دیارە. (ئەحمەد معین)، لەساتی نووسینی ئەو پەرەگراڤەو جیابوونەوەکانیاندا، بەپێی خۆی داواکاری و ڕێنوێنی جیاوازی بەپێچەوانەی سیاسەت و کردەوەی (حككع) بەیان کردووە. بردنە پێشەوەی ناوەڕۆکی ئەو سیاسەتە لەڕێگەی ئەم پەرەگراڤەوە دەربڕیووە کە دەڵێت:[ ومن الطبيعى أن تتطلب ذلك العمل في جبهات عدة. فطرح الشعارات السياسية و المطاليب الجماهيرية و فضح سياسات و برامج السلطة القائمة و القيام بالعمل المباشر في صفوفهم في شتى

المجالات و كلها جزء من مهامنا المباشرة. ص36-37. (الأوضاع السياسية في العراق،..) (احمد معين) آب 1998.] ئەم پەرەگراڤە نەیتوانیوە پلێتە جیاوازەکان و لێک جووداکان دەربخات. هەروەها پلێتی سیاسی و هزری (حککع) بخاتە ناو ڕووپێوی هەوڵێکی سیاسی جیاوازەوەو بە سیاسەتێکی زانستی و ڕووپێوێکی دیار پێوەریان بکات. کەواتە هەوڵەکانی (ئەحمەد معین) لەو چێوەیەدا زۆر نەزۆکانەو بێ بەهای سیاسین لە خۆ جیاکردنەوەدا. لەبەر ئەوەی دروشم و پلاتفۆرمی سیاسی و چینایەتی جیاوازیان لەگەڵ (حککع) ووردە بۆرژوازی ئەو کاتە و ئێستاشی پێوەبێت نەبوو. هەروەها ستراتیژی جیاوازیشیان نی یە. هەتا ووتنەکانیان لەسەر سیستەمی ئاوەزی و فۆرمی سیاسی دروست بوونی حیزب ووتەیەکی کورت و بێ جیاوازییەو، بەهەمان ڕیتم و فۆرمی (ک.ک)ی بەیانی حیزبی و پرۆژەی سیاسی و دروشمی بەناو جیاواز دەکەن، هەروەها ناتوانێت بەیانێکی جیاواز بێت، لەبەر ئەوەی دروست بوونی (حککع) و بەیانی دروست کردنی (ئەحمەد معین) بۆ حیزب، فۆرم و ڕێنوێنی دروست کردنی حیزب نی یە. ئەو ڕێنوێنی یەی کە لەکات و شوێنی خۆیدا (حککع)ی پێ پێکهات. لەلایەکی ترەوە ئەگەر وەک کات و شوێن بە پێوەری دیالێکتیک بەهەندیان وەربگرین، پێکهاتی حیزبەکەی ئەمان لەچاو کات و شوێنی پێکهاتنی (حککع)، بەهەمان ڕیتم و فۆرم و هزری سیاسی هەوڵێکی کاڵ فامی و دواکەوتووانەیە. هەوڵی بەشێکی ئەندیشەی ئاوەزێکی میتافیزیکە. لەبەر ئەوەی هەوڵەکانیان لە ئاوێتەی ماددی و بابەتی جیاوازەوەو بەپێی شیکاری و پرۆسەی لێکدانەوەیەکی میتافیزیکەوە بەرهەم دەهێنرێت. چونکە داواکاری کەسانکۆی ئەوان لەگەڵ (حککع) لە چ شوێن و کاتێکدا جیاوازی یان هەیە؟! هەروەها لێکدانەوەی بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەسەڵاتی سیاسی ئەوان و ئێستای ئەمان چ جۆرە جیاوازییەکیان هەیە.؟! بەڵام ووتەکان گوفتاریان بەهەمان میتۆدو ڕیتم دەڕۆن بەڕێوە. کەواتە ئەگەر ناوەکانی دەرەوەشیان جیاوازبن،و لە ئامانجدا یەک هەڵوێست و یەک بەرنامەبن، هەوڵەکانیان بەیەک ئامانج دەگات و یەک سیاسەت پرۆسیس دەکرێت و جیاوازی بەرژەوەندی و چینایەتی یان پێک ناهێنن.

ئەم ووتەبێژان و ڕانانەکانی ناوی لەلایەن (ئەحمەد معین)ەوە هەوڵێک نی یە بۆ جیاوازبوونیان لەگەڵ (حککع) و میتۆدەکەی. بەڵام هەوڵێکە بۆ پێکەوەنانی دەستەیەک، لەڕێگەی سۆزەوە مامەڵەی پێدەکرێت لەگەڵ بزووتنەوەی

چینی کرێکاردا. ئەگینا ئاوازێک ئەگەر بەدوو ئامێری جیاواز پرۆڤە بکرێت، ناتوانێت میلۆدی و ئاوازی جیاواز بێت. لەبەر ئەوەی ئاوازەکە یەکەو یەک میلۆدی هەیە.

لەلایەکی ترەوە پەیوندی و هاوکاری نێونەتەوەیی، پێویستی بە پلانی میتۆدی و سیاسی و هزری و پراکتیکی گونجاو هەیە، پێویستە پلان و پراکتیکی پەیوندی یەکەیان بتوانێت ئامانجی دوورو نزیکی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی چینی کرێکار لەیەکتری بهێنێتە پێشەوەو، ستراتیژی ڕزگاری چینایەتی ئامانجی هاوکاری و هاوخەباتی بێت. واتا نابێت ستراتیژی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار نزم بێتەوە بۆ چێوەیەکی بەرتەسک و نزم لە ئاستە نێونەتەوەیی یەکەی و خواستی مێژوویی چینایەتی. هەروەها لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت تایبەتمەندی ناوچەکەو پلەی هەڵسووڕان و ئاستی داخوازی یەکان تیایدا لەبەرچاو بگیرێت. ئەگینا ئەستەمە پێکهاتە ماددی و گەردەکانی پێ بزانین و تێری و ناتێری ئاستی خەباتی بزانین، هەروەها بەدەست هێنان و جووت کردنی ئامانج و ئاواتی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی چینی کرێکار فەراهەم نابێت.

فۆرمی (ک.ک)ی هەموو ئەو بابەتانەی بەهیچ شێوەیەک لەهەوڵ و پرۆسەی پراکتیکی و تیۆریدا، سیاسەتی بەرجەستەو خواستی میتۆدی یان نی یە، ئەگەر بەووتنیش بێت. بەڵام ئامانجی دراوی هزری و میتۆدی و فەلسەفیان نی یە. ئەمەش بەرەنجامی بێ توانایی یەکەی سەرچاوەی لەو فۆرمەدایە، کە نەیتوانیوە فۆرمە سیاسی یەکانی تری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی پاشەکشە پێ بکات و، ئەڵتەرناتیڤی جیاوازی بزووتنەوەکەی لە دەرەوەی ئۆپۆزسیوونی بۆرژوازی جێگە بگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکانیان یەک ئاڕاستەو خواستیان هەیە لەژێر ناوە جیاوازەکاندا. لەبەر ئەوەی ئەو پەیوندی یە سیاسی و چینایەتی یەی کە لە گەڵ (حککا) دا هەیەتی، ناتوانێت و چونکە نەیتوانیوە ئەو حیزبە و میتۆدەکەیان پەیوەندییەکی شیاوی نێونەتەوەی بخەملێنێت و هەروەها ئەو پەیوەندی یە لەسەر زەمینی ماددی سیاسی چینایەتی بوونی یان نی یە. لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتە هەتا ئێستاش لەلای ئەو دوو حیزبەو (بزووتنەوەی بنیات نانی..) ئامانجی نێونەتەوەیی بەیان و فۆرمی پراکتیکی و پلانی سیاسی خۆی نی یە. هەروەها ڕێگە چارەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکان سپێردراوە بە(UN) لەلایەن (حککع)و (حککا)و بزووتنەوەی بنیات نانی... لەجیاتی ڕێگەچارەیەکی نێونەتەوەیی و سپاردنی بە بزووتنەوەو سیاسەتی نێو نەتەوەیی چینی کرێکارەوە.

هەروەها ئەو سیاسەتە ڕوونترین ئامانجی سیاسی و ڕێگەچارەی کێشەکان و تیڕوانینیان لەسەر ئەو دەزگایەو بەلایەنێکی گرنگی بەرجەستەکردنی ڕێگەچارەکانی ئەژمێرن، و سیاسەت و هاوخەباتی و تواناکانی ئەو ئامانجی نێونەتەوەیەیی چینی کرێکار بەهەند وەرناگرن. بڕوابوون و پەنابردنیانە بۆ سیاسەتی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهان. ئەم کردەیەی ئەوان، کەنارگیرکردن و بەکەم ژماردنی دەوورو کاریگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی جیهانی یە ئەگەر هەبێت. هەروەها پیشان دانی دەزگای سیاسی(UN) ە بە ڕوویەکی سپی و گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوچەیی و جیهانی یەکان. ئەمەش هەمان ئامانج و خۆگرێدانی بۆرژوازی یانەیە بەو دەزگا نێونەتەوویی یە کە ئیمپریالیستی ناوەڕۆکە. هەروەها بەهەمان ڕیتمی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراقی. ئەمانیش ناوەڕۆکی ڕێگەچارەو پراکتیکی بەدەست هێنانی یان دراوەتە دەست .(UN) بەهەمان ئاوازی بۆرژوازی گۆڕانی چارەسەری یەکان دەخو یێنن.

لەم سۆنگەیەوە ئەو چەند خاڵەی کە لە نووسراوەی (الأوضاع السياسية في العراق، الشيوعية العمالية و....)ی (ئەحمەد معین) نووسیویەتی. لەلاپەڕەکانی 41 و 42و 43 دا، هیچ خاڵ بەندی یەکی جیاوازی هزری و سیاسی و چینایەتی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان نی یە. لەبەر ئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی جیاوازی لە (حككع) نیشان نەداوە. هەروەها توانای نیشاندانی خاڵی جیاوازو ڕێگەچارەی جیاوازیان نی یە. تەنگژەی سیاسی و ڕێکخراوەیی و میتۆدی و هزری (ک.ک)ی تێ نەپەڕاندووە. ئەو خاڵانەتوانای تێ پەڕاندنی قەیدو بەندی سیاسی و پەیوەندی ناجۆرو نەشیاوی سیاسی ڕابردووی نی یە. ئەمانەش بەڵگەی کاڵ فامی و پابەندی کوێر کوێرانەی (ئەحمدمعین) و دەستەکەیانە. کەم توانایی لەدەست نیشان کردن و بەدەرخستنی ڕەگەی تەنگژەی (ک.ک)یو هەوڵی دەرچوون لێیان.

بەم پێودانگە ئەو نووسراوە نەیتوانیوە لە چرکەساتی نووسین و جیابوونەوەیان لە (حككع)، جیاوازی پێک بهێنێت، هەروەها نەیتوانیوە لە میتۆدو پەرەنسیپی سیاسی و هزری (ک.ک)ی دەربچن و تێی پەڕێنن.

بنەڕەتی دەرچوون لەو تەنگژەیە، پێویستی بە پەیوەندی گرتنی ماتریالی کۆمۆنیستی زانستی، بە میتۆدی کۆمۆنیزمی زانستی مارکسەوە هەیە. بابەتی یانەو بە پەرەنسیپی دیالێکتیکی مامەڵە لەگەڵ جێ بەجێکردن و ڕانانی زانستی یانەی چاوینی ماددی و بابەتی ڕەووش و پلەی خەبات و دەرچوون لە تەنگژەو گەشەدارکردنی بزووتنەوەکە جێ بەجێ بکرێت. دانان و ڕاڤەکردنی سەرخەتێکی زیندووی مارکسیستی لەکات و شوێنی گونجاودا.

پەیڕەوکردنی میتۆدی مارکسیستی لەبەرنامەو ستراتیژی حیزب و بزووتنەوەکەدا، دەتوانێت لایەنێکی گرنگ و گۆڕانێکی ماددی ناوەڕۆکی کاکڵەی سیاسەتێکی تەنگژاوی سیاسەتی وورده بۆرژوازی و (ک.ک)ی بێت.

لێرەوە تێڕوانین و لێکدانەوەکانی (ئاسۆ غریب) و (نزار عبدالله)و هەڵەکانی ناو نووسراوە هاوبەشەکەیان دەردەخەین. بەرامبەری جیاوازی خۆمان لە شوێنی شیاودا دادەنێین. لە نووسراوی (کۆنگرەی یەکەمی (ح.ک.ک.ع) و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە) کە لە (حزیرانی 1998) نووسیویانەوە دەڵێت: [ حیزب خۆی هیچ نی یە جگە لە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی مارکسیست ئەم هێزە ڕێکخراوە، خاوەنی بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، خاوەنی بەدیلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یە، خاوەنی بەرنامەی دامەزراندنی سۆسیالیزمە.ل16]. ئەم ڕانانە، تێزو فۆرمێکی هەڵەی بەرجەستەکردووە، لەبەر ئەوەی حیزب هۆی بەدەسەڵات گەشتنی پرۆلیتاریایە، بەڵام لەو دەربڕینەدا بە تایبەتمەندی یەکی ترەوە بە هەڵە بەیانی پێکهاتی حیزب دەکات. وەک لە پێشتریشدا باسم کردووە، حیزب، ئاسۆی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لەناو چینی کرێکاردا پرشنگداردەکات و پێک دەهێنێت. هووشیاری یەکەی کۆمۆنیستی زانستی پراکتیک دەکات و دامەزراندنی دەسەڵاتی پرۆلیتاریا دەخاتە دەستوور کارو ستراتیژییەوە. بەرنامەی سۆسیالیستی زانستی ڕاڤە دەکات و دەبێتە هووشیاری چینایەتی چینی کرێکار.

حیزب ناتوانێت، سۆسیالیزم دابمەزرێنێت. چونکە یەکەم ئەرکی حیزب ڕێکخراو کردنی چینی کرێکارە و بەرجەستەکردنی شۆڕش و خەبات دەبێت یەکەم هەوڵی حیزب شۆڕش و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەبێت. واتە دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا حیزب لە ڕێگەی ئەندامە هووشیارەکانی یەوە، بەرجەستەی دەکات، دواتر حیزب لەم دامەزراوە چینایەتی یەی چینی کرێکاردا، دەتوێتەوەو، ئەو دامەزراوە لەپێناوی لەناوبردنی چینەکاندا دەسەڵاتی خۆی بەگەڕ دەخات، و زەمینەی دامەزراندنی سۆسیالیزمی زانستی بەرجەستە دەکات و دەبێتە هەوێنێکی گرنگ و کاریگەر لەسەر ئاڕاستەی خەبات. واتا بە کردەکردنی دامەزراندنی سۆسیالیزمی زانستی بەندە بە کردەکردن و بەرجەستەکردنی ئاواتەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. هەروەها بەندە بەئاسۆی بە پراکتیک کردنی دەسەڵات و هەوڵەکانی ناو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە.

حیزب ناوەندێکە بۆ هۆشیارکردنەوەی چینی کرێکار بەئاوەزی هووشیاری سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی، بەڵام هەوڵی یەکەمی حیزب لەڕێگەی ناوەند هوشیاریەکەوە دەچێتە پێشەوەو پرۆسەی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی

پرۆلیتاریا پراکسیس دەکات. هەروەها جێ بەجێکردنی ئەم ئامانجەش بەندە بە سەرخەتی سیاسی و هزری و هەوڵی پراکتیکی جێ بەجێکردنی ئاسۆی حیزب. لەبەر ئەوە تا چەند حیزب پابەندی لێکدانەوە مارکسیستی یەکانی مارکسیزمە، ئەوندە ئاسۆی شۆڕشی کرێکاری ڕۆشن و ئامانجدارە. ئیتر حیزب دەبێت بە خاوەنی بەرنامەی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، و هوشیاری سۆسیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستی وانەو پەرەنسیپی وانەکانی ناویەتی. هەروەکو ڕوونم کردونەتەوەو لەو سۆنگەیەوە.. ڕانان و دیدگای (ئاسۆ غریب)و (نزار عبدالله)، پوچ و پیچەوانەی لێکدانەوە مارکسیستی یەکانە. هەروەها ئامانجی پراکتیکی حیزب، دوورە لە هەوڵی پرۆسیس کردنی ئامانج و خواستەکانی مارکسیزم، و دەوورو کاریگەری مێژوویی چینی کرێکار دەخاتە کەنارەوەو، ئامانجێکی بۆرژوازی یانەیان هەیە. تەنها بەناوەندێک ناوزەند کراوە کە یەک قوتابخانەیەو هیچی ترو وانەکانیشی تیادا پرۆسیس ناکرێت.

لەلای کۆمۆنستە زانستی یەکان حیزب هۆی بەدەسەڵات گەشتنی پرۆلیتاریایە. ئەمە لێکدانەوەو جیهان بینی ئێمەیە لەسەر پێکهاتی سیاسی حیزب و جیاوازی پراکتیکی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیشی هەیە لەگەڵ فۆڕمی دروست بوون و بەرنامەی حیزبی ئەوان. دروشمی کۆتایی و یەکەم لەلای ئەوان (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری)، یان (ئازادی، یەکسانی، جمهوری سۆسیالیستی) یان (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی)، ئەم دروشمانە تێکەڵ و پێکەڵیەکی گەورەیان لەگەڵ ڕیتمی سۆسیالیزمی یۆتۆپی دا هەیەو، هەڵێنجاوی تێکەڵ کردنی حکومەتی کرێکاری و سۆسیالیزم و هەروەها پیشان دانی حکومەتی کرێکاری بە سۆسیالیزم و سۆسیالیزمیش لەبۆتەی حکومەتی کرێکاردا دەتوێننەوە.. ئەم دیدەی ئەوان هاوتای دیدگا و سیاسەتی بۆرژوازییەو، سەرچاوەیان لەومیتۆدە سەرمایەداری و لیبرالیەتە گرتووەو دوورن لەهەموو لێکدانەوەیەکی مارکسیستی و دیدێکی ڕۆشن و زانستی لەسەر پێکهاتنی سیاسی و دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری سۆسیالیزم. لەبەر ئەوەی بەرنامەی سیاسی یان دوورن لە لێکدانەوەی و دانانی دروشمێکی زانستی و چاوبینی ماددی و بە پراکتیکی چینی کرێکار. دەربڕینێکی سەرمایەداری دەوڵەتیان تیادا زاڵ و باوە، لەبەر ئەوەیە فۆرمی دروست بوونی حیزب بە سیاسەت و ئامانجێکی ناپرۆلیتاری دروست کراوەو بەیان دەکرێت.

ئەوان بەپێی ئەو لێکدانەوەیان بێت، پێکهاتی حیزب، وەک دەسەڵاتی تاک حیزبی سەرمایەداری و سەرمایەداری دەوڵەتی، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دوای شۆڕشدا دەهێڵێتەوە. فۆرم و تێزی حیزبی ئەوان بۆرژوازی یانەیەو دوور لە حیزب و پێکهاتی چاوبینی ماددی و بابەتی حیزبی چینی کرێکارو ئامانجەکانی یەتی.

لەلایەکی ترەوە، (ئاسۆ غریب)و (نزار عبدالله) لەهەمان نووسراودا دەنووسن: [ هەلوومەرجی سیاسی ئەمڕۆی عێراق هەلومەرجێکی نا شۆڕشگێڕانەیە، کاری ئەسڵی و بناغەیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گۆڕین و ئاڵووگۆڕ پێدانێتی بۆ هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە! بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا دەبێ ئەو هەلومەرجە ناشۆڕشگێڕانەیەی ئەمڕۆ بەوردی لێک بدرێتەوەو تەشخیس بکرێ و تایبەتمەندی یەکانی بخرێتە ڕوو، لەم بارەیەوەو بە پشت بەستن بە لێکدانەوەو باسەکانی تاکو ئەمڕۆی کۆمۆنیزمی کرێکاری، دەتوانین بەدیاریکراوی بڵێین کە هەلومەرجی ئەمڕۆی عێراق هەلومەرجێکی ناشۆڕشگێڕانەی عادی و نۆرماڵ نی یە. ل19 –کۆنگرەی یەکەمی (ح.ک.ک.ع) و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە. (حزیران 1998)- ئاسۆ غریب-نزار عبدالله. ]. ئەم ڕانانە بۆ ڕەووشی ڕابردوو پێچەوانەی دیدێکی مارکسیستی یەو ناوازەیە بە جیهان بینی و سیستەمی ئاوەزی و هزری یەکەی. هەندێک کات و سەردەمی واهەیە ڕەووشی بەرهەمهێنان لە ئەنجامی گەشەی ئابووری یانەی خۆیەوە، سیستەمی سەرمایەداری دەگاتە ئەو پەیوندی یەی کە ڕێگری لەبەردەم بەرهەمهێناندا دروست بکات. چونکە کاڵایەکی زۆری بەرهەمهێنراو کڕیارێکی کەمی کاڵاکان یان کەم بوونەوەی توانای کڕین. پەیوەندی ئەزمەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش پێک دەهێنێت. لەلایەکی ترەوە، دواکەوتوویی ئاستی بەرهەمهێنان و هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە تەنگژەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەمانە بەپێی کلاسیکیاتی مارکسیزم. بەڵام ئێستا زۆر جار لە وڵاتەکاندا لەڕێگەی داڕوخانی ژێرخانی ئابووری و هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەڕێگای هێرشی سەربازی یەوە، ئەزمە پەخش و جێگیر دەکرێت، هەروەک لە عێراقدا ئەم پرۆسەیە جێ بەجێ کراو زیاتر لە ساڵەکانی نەوەتی سەدەی بیستەوە دەرکەوت. لەم بارەشدا تەنگژە دەبێتە سروشتی پەیوەندی یە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکانی کۆمەڵگای عێراق. چینەکان تووشی دژایەتی قووڵ و برینی گەورەتر دروست دەکات. ڕەووشی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەو جۆرە، بابەتی شۆڕش دێنێتە ئاراوە. چونکە ئاستی بژێوی مرۆڤ بۆ پلەیەکی نزم دا دەبەزێت و، ژیانی مرۆڤ لەگەڵ بێ بەهاترین کەل وپەلدا بەهەند وەردەگیرێت. تووڕەیی و بێزاری ناو ناخی چینی کرێکار دەهەژێنێت و جێگا

بەبێدەنگی لێژدەکات. ژیان و جوولانی شۆڕشگێڕانەو هەوڵی داپڵۆسینی دەسەلاتی سەرمایەداری دەدرێت، و دەیەوێت گۆڕان بەسەر ژیانی بەندی و بێ بەهایدا بهێنێت. بەم پێ یە ئەو ساتە وەختانەی کە (نزار عبدالله) و(ئاسۆ غریب) باسیان دەکات خۆی لەخۆیدا ژیلەمۆی هەل و مەرجی شۆڕشگێڕانەی تیادا حەشاردرابوو لەناخیدا ڕووناکی و دراوشانەوەی هەبوو. بەو پێ یەی ڕەووشی پێش ڕاپەڕین لە ژیانی ئابووری عێراق و کۆمەڵی عێراقیدا، جەماوەری کرێکاری کرێکارانی عێراقی ڕووبەڕووی پلەیەکی نزمی بژێوی و کۆمەلایەتی کردبووەوەو، ئەنجامی ڕاپەڕینی لێ سەوەز بوو و هاتە سەر ڕووی کۆمەڵگاو، بوە پەرچەکرداری فشاری سەرمایەداری و وەلامی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار. هەرچەندە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەرنامە ڕێژیش جێ بەجێ نەکرابێت. بەلام بووە بەهۆیەکی گرنگ و سەلمێنەری برواو بۆچوونی ئێمەیە، کە تەنگژەی ئابووری، گیانی تووڕەیی و شۆڕشگێڕانە دەهێنێتە پێش.

لێرەدا کەم و کووڕی و بەئەنجام نەگەیاندنی ئامانجی ڕاپەڕین، چینی کرێکار حیزبی شۆڕشگێڕی خۆی نەبوو، تا بەهۆیەوە بتوانێت، ئاراستەی سیاسی و کۆمەلایەتی خۆی ڕێکخراوو ئاسۆردار بکات. هەروەها هوشیاریش هەوڵی ناو حیزب و سیاسەت ڕانی پێک دەهێنێت. بەلام نە حیزب هەبوون، نە هووشیاری چینایەتی چینی کرێکار بوونی هەبوو. لەبەر ئەوەی هووشیاری پەیوەندی یەکی توندو تۆڵی لەگەڵ ئاراستەی پێچەوانەو ڕاستەوانەی شۆڕشدا هەیە. چوونکە چەند ئاراستەی هوشیاری بەهێزبێت، بەو ڕێژەیەش ئاراستەی تاودانی شۆڕش بەرەو دوا ئامانج بەهێزو خێراتر دەبێت.

لێرەوە دەردەکەوێت، حیزب پێکهاتەکەی و فۆرمی سیاسی و پراکتیکەکەی، و هەوڵەکانی ناو حیزب، لە پێناوی بەدەست هێنانی ستراتیژی کۆتایی و مێژوویی پرۆلیتاریادا، دەتوانێت دەست نیشانی ئاراستەی شۆڕش لە خێرایی و هێواشی و لەسەر ڕێگا بوون و یان لە ڕێگرتنی بکات.

ئاوەزی نزار عبدالله و ئاسۆ غریب، لە چوارچێوەیەکدا قەتیس ماوەو، جەنگی کوێت و جەنگی عێراق -ئەمریکا، و هەل و مەرجی سەربازی ناوچەکە، ڕەووشی نا شۆڕشگێڕانەی لە عێراقدا دروست کردووە. بێگومان ئەو لێکدانەوەیەی ئەوان سەرچاوەی لە تێنەگەیشتن و بێ پەرەنسیپی مارکسیزمەوە گرتووە. هەروەها ناتوانێت تایبەتمەندی تەنگژەو ناوەندی دروست بوونەکەی درک بکات. ئەگینا ڕەووشی ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (1917)ی ڕووسیای لەبەر چاو وون نەدەبوو. کە لە گەرمەی کورەی جەنگی جیهانی یەکەم و لەوێران بوونی

بەشێکی گەورەی سەرچاوەی ئابووری ئەورووپاو ڕووسیاشدا ڕوویداو دەوڵەتی تزارو دواتری دەوڵەتی کاتی کرینسکی یان بەیەک جاری تێک و پێک دا. دواتریش لە ساڵەکانی 1919 دا ئەڵمانیاشی گرتەوە. کەواتە نا ئارامی و داڕووخاوی باری ئابووری ئەو کاتەی ئەوروپاهیچ پاساوێکی لەبەردەم شۆڕشدا دروست نەدەکرد، تیۆری سەنەکانی بۆرژوازیش نەیان دەتوانی بەپاساوی ناهەمواری هەل و مەرجەکە بۆ یەک چرکە شۆڕش دوابخەن.

لەم سۆنگەیەوە نائارامی یەی ئێستای عێراق و ئەو کاتی پێشتر، ناکرێت بکرێت بە بەڵگەی ناشۆڕشگێڕانەی ڕەووشی ئێستاو پێشتریش بووترێت ڕەووشی ئاسایی و نۆرماڵی بەخۆیەوە نەگرتبوو. بەڵام دەبێت زۆر بەباشی درک بەوە بکرێت کە ڕەگەی کەم و کوڕی و ناشۆڕشگێڕانەی ڕابردوو و ئێستاش، بەشێکی گرنگی و سەرەکی خۆی لە ناهووشیاری چینی کرێکارو نەبوونی حیزبی ئەو چینە دەست نیشان دەکرێت. لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا هەوڵی حیزبەکان لەپێناوی درک ڕۆشنی چینی کرێکار، لە بارەی شۆڕش و ڕەووشی ئێستاو ئەو کاتەوە بەگەڕنەخرابوو. یان کردەو هەڵسووڕانی ئەو چینەی بەشێوەیەکی زانستی و کرداری ڕێک نەخستبوو. واتا لە بنەڕەتەوە حیزب و فۆرمەکەشیان بەئاڕاستەی پێچەوانەی بزاڤی چینی کرێکارو کۆمۆنیستە زانستی یەکانەوە کاریان دەکرد. هەروەها ڕانان و درک کردنیان بە ڕەووشەکان یا ڕانان نی یە یان لە چرکەساتی ڕانانەکانیان بە مردوویی لەدایاک دەبوون. کاتێک کە (ک.ک)ی بەیانی لەسەر حیزب و سەردەمە شۆڕشگێڕانەکانی عێراق و بە سەردەمی ناشۆڕشگێڕی لێکدانەوەیان دەکرد، تەنها و تەنها لە فۆڕمی دیدێک و هزری (ک.ک)ی دا جێگایان دەبێتەوە. ئەم فۆرمە لە ووتەکانیان دەچێتەوە سەر هەمان فۆڕمی بیرکردنەوەی (ئیرەجی ئازەرین) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ڕاپەڕینی (1991ز) عێراق و کوردستان و ناونانی بە گەڕەلاوژەو لەژێر فشاری ئیمپریالیزمی ئەمریکادا جێ بەجێ بوون. بەڵام نووسەرەکەی نەیدەزانی ڕەووشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی باک گراوندی دەرچوون و هاتنە دەرەوەی ڕاپەڕین بوو، لەهەناوی کەسانکۆی عێراقدا، ئێستاش ئەم دوو بەرێزە هەمان شیکاری یان کردووە. بەپێی تویکاری یەکانی هزری سیاسی (ک.ک)ی بێت. سەردەمی گەشەی ئابووری سەرمایەداری جێگاو ڕێگای شۆڕش وون بێت و هەروەها لە تەنگژەی سیاسی و ئابووری یەکەشیدا، شۆڕشگێڕی هیچ مانایەکی و جێگای نابێت. بەڵام ئەبێت ئەو سەردەمانە یان ڕەووشە شۆڕشگێڕی یە لەچ کاتێکدا و بێجگە لەو دووبارەی هەل و مەرجی سەرمایەداری، لە کوێی تردا بێت؟!. بەڵام هزری سیاسی (ک.ک)ی تەنگژەی خۆی هەیەو لەگەڵ لیبراڵیزمدا ئاوێزان و یەک

فۆڕمن. واته تەنگژەی سیاسی و هزری (ک.ک)ی بەشێکە لە تەنگژەی سیاسی و هزری سەرمایەداری و بۆرژوازی، لەبەر ئەوەیە تیۆری سەنانی (ک.ک)ی و هەوادارانی هیچ سەردەمێکیان لەلا ڕەووشی شۆڕشگێڕی نی یە.

هەموو ئەو دوو لێکدانەوەیەی کە یەک ناوەڕۆکیان هەیە، شان خاڵی کردنەوەیە لە جێ بەجێکردنی ئەرک و فرمانێک کە پێویستە بۆ چوونە پێشەوەی گیانی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریا ئەنجام بدرێت. هووشیارکردنەوەی پرۆلیتاریا ئەرکێکی گرنگی حیزبە مارکسیستی و کۆمۆنیستە زانستی یەکانە. بەڵام ئەم لایەنەو ئەرکە، لەفۆرمی (ک.ک)ی داو لە هزرو میتۆدیاندا بوونی ڕاڤەییان نی یە. لەبەر ئەوەیە بە چاویلکەی ڕەش و سپی دەڕواننە سەر زەمینی چاوبینی ماددی و جیاوازی یەکانیان نازانستی یانەو نا ماددی یانە پەخش دەکەن.

(ئاسۆ غریب) لە شوباتی 1998 داو لە نووسراوەی ((هۆیەکانی وازهێنانم لە (ح.ک.ک.ع))). لەسەر کۆنگرەو کۆنگرەی پێکهێنانی حیزب چەند ووتەو باسێک دەکات، و دەست نیشانی فۆرمی پێکهێنانی ئەو حیزبە دەکات. بە بڕوای ئێمە چەند حیزب پێویستە ئەوندەش کۆنگرەی پێکهێنان پێویستە چونکە کۆنگرە دەبێت بەسەرچاوەی هەڵسەنگاندنی ڕەووشی ڕابردوو ئێستای ئابووری-کۆمەڵایەتی-سیاسی کۆمەڵگایەی کە حیزب لە چوارچێوەیدا هەڵئەسووڕێت. سیاسەتی دروستی لە چاوبینی ماددی تایبەت و لەجیهانی گشتدا دیاری دەکات. دەبێت کۆنگرە ناوەندی شیکاری هەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی خەباتی تیادا بکرێت، و نزمی و داچوونی دیاری بکرێت. ئەگینا بەرنامەیەکی پێشنیار کراوی دەرەوەو بێ گۆڕان وەرگرتنی، کارێکی دۆگماتیستانەی لێوە بەئەنجام دەگات. لەبەر ئەوە دەبێت بەرنامە، گەورەترین بەشی دیالۆگ و هەڵسەنگاندنی بابەتی یانەیان کۆنگرە داگیر بکات. پلان و ستراتیژی دیاری بکرێت و تاکتیکەکان وەک لایەنی چوونە پێشی خەباتی ئێستای دەست نیشان بکرێت. هەروەها هەموو حیزبێکی مارکسیست دەبێت ڕووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری ئاسۆی ستراتیژو ڕوونی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار پیشان بدات. دەبێت هەموو هەوڵەکانی حیزب لەپێناوی ڕووخاندنی سەرمایەداری و لە جێگای دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بێت. سەرەنجام (حیزبی ک.ک.ع) و بزووتنەوەی بنیات نان، نەیان توانیوە ئەو ئەرکە بەجێ بهێنن لە پرۆسەی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوەکەیاندا.

بەڵگە هێنانەوەکانی (ئاسۆ غەریب). لەسەر کۆنگرەی پێکهاتنی (حککع)جێ بەجێ، نەکردنیان،و خۆپاراستنەکانی ئەو حیزبە لە باسەکان و جیاوازی نیشان نەدان لەگەڵ باس و خواستە سیاسیەکانی (مەنسوری حیکمەت)و هزری

(ک.ک)ی. ئەو ووشانە خۆیان دەبنە بەڵگەی سیاسەتێکی دوگماتیستانەی ئێستانەی ناو حیزب و مامەڵە نەکردن و گوێ پێ نەدانە بەدیفاکتۆی ماددی و، بابەتی خەبات و تێکۆشان و ڕەوشی ناوچەکە و بزووتنەوەکەی لە دروستبوونی (حککع)دا. هەموو ئەوانە ئەوە دەسەلمێنن بێجگە لە خۆبەدەستەوەدان و خۆدانە دەست قەدەری ڕۆژگار و کاریگەری سیاسەتی دەوور و بەر و و باسەکانی (ک.ک)ی هیچی تریان بەیان نەکردووە... دروست بوونی ئەو حیزبەش هەمان ئامانجی پرۆسیس کردووە، کە لە سەرەوە باسمان کردن، هەروەها هەوڵەکانی (مەنسوری حیکمەت)یش لەبەرامبەر حیزبدا لەپێناوی دەستگیر کردنی ڕەوەندی خەبات و تیَکۆشانی یان بووە، لەلایەن خۆیو هاو هزریو هاو حیزبی یەکانی یەوە. هەروەها پابەندکردنیان لە چوارچێوەی دیدی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی یەکانی خۆی و (ک.ک)ی. و قۆرغ کردنی بیرکردنەوەیان بەهەر شێوەیەک دەستی دابێت ئەنجامی داوە .

بێجگە لەمانەی سەرەوە، لە دروستکردنی ئەو حیزبەدا، سیاسەتێکی ڕاسیونالیستانە دەیان برد بەڕێوە کە کاکڵەیەکی پووچ و کرمۆڵی ئاوەزی میتاڤیزیکی یان هەبوو. هەروەها (ئاسۆ غەریب)و دەستەکەیان هەمان پەیوەندییان دەگرت بە ئاوەزو لێکدانەوەیەکی ئالۆجیکیانەی سیاسی و هزری (ک.ک)ییەوە، بەهەمان ڕێچکە و سیاسەت گورزە شەپۆلەکانی دروسبوونی حیزب بەهەمان لەرە لەردا دەڕوات. لەبەر ئەوەی یەک سەرچاوەی ماددی پێکهێنەری ئاوەزی هەردوولای جیاواز لە دەرەوە و یەکسان لە بیر و هۆشدا .

لێرەدا بۆ زیاتر گەیاندنی مەبەستەکەشمان چاو لە ئەو گفتو گۆیە دەکەین کە لە ژمارە(1)یەکی ڕۆژنامەی (پەیامی کۆمۆنیزم)دا جێ بەجێ کراوە لەگەڵ (ئەحمەد معین، نزار عەبدوولڵا، ئاسۆ غەریب). ئەم چاوپێکەوتنەش دەربارەی ڕاگەیاندنی (بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری – عێراق)ە. وەڵامی ئاسۆ غەریب وەڵامێکی ئالۆجیکی و بێ سەرچاوەیە و دوور لە بەکارهێنانی میتۆدی یەو، بەبێ فاکتەر وەڵامەکانی درووست کردووە. و نەیتوانیوە لەو کاریگەریانەی کە تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی (حککع) هەیبووە دەربچێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بەتەنها (حککع)ی (ک.ک)ی یەکەی تەنگژەی هەیە، بەڵکو سەرجەمی هزر و میتۆد و فەلسەفەی (ک.ک)ی تەنگژە ئامێزە و هەڵگری ڤایرۆسەکەیەتی. ئەو ڤایرۆسەش مشە خۆری لەسەر گیان و ناوەندی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەمانیش دادەنێت و بووە بە ناوەندێکی باش و هەلوو مەرجێکی گونجاوی گەشەی تەنگژەکە .

له سۆنگەی هزر و تێڕوانینی خۆیەوە (ئاسۆ غەریب) دەبێژێت [ ئێمە سەرەڕای ئەوەی ڕێگە چارە و ئاسۆی سیاسی خۆمان تەرح کردووە، بەڵام هێشتا بەتەواوی و لەهەموو مەیدانەکاندا پوختەمان نەکردۆتەوە و ئەنجام گیری سیاسی – عەمەلی لێ دەرنەکێشراوە و ئەمە دەورەیەک دەخوازێت تاکو ئەم خەت و ئاسۆیە زاڵ و باڵادەست دەبێت لەناو بزوتنەوەکەدا بەشێوەیەکی جدیش لە کۆمەڵگادا دەخرێتە ڕوو.(ل4-ژمارە(1)ی پەیامی کۆمۆنیزم-ئەیلولی1998].
دەربڕینی ناو ئەو پەرەگرافە، ڕاناییکی ئەبستراکتە و ناتوانێت لە تەپوتۆز و کون و کەلێنەکانی سیاسەتی (ک.ک)ی و فۆرمی پێکهێنانی حیزبەکەشیان دەربچێت. چونکە ئاسۆی سیاسی هەر حیزبێک پەیوەندی بە هەوڵ و تێکۆشان و ئاڕاستەی هێڵی سیاسی و هزری و میتۆدی و تیۆری چینایەتی حیزبەوە هەیە. ڕێکخراوێک ئاسۆی سیاسی پێشنیار کردبێت و ناڕۆشن بێت و پووختەی نەکردبێت . ئەم باس و خواستە و ئەو ووتەیە چ مانایەک دەگەیەنێت لە پەیکەری ڕێکخراویی و حیزبیدا؟! بێگومان ڕابردووی دامەزراندنی (حککع)و نەگرتنی کۆنگرەی دامەزراندن و ئەم قسەو باسەی ئاسۆ غەریب یەک کاکڵەی سیاسی و میتۆدی یان هەیە هەمان سیاسەت و میتۆد و هزر پەیڕەو دەکەن بۆیە نەیان توانیوە ئاسۆی سیاسی ڕۆشن و تەواو کراو دارێژن و لە دروشم و سیاسەتیاندا ڕەنگی پێ بدەنەوە.. بێگومان هەوڵی ئاسۆ غەریب و دەستەکەیان و نەتواناییان لە دیاری کردنی ئاسۆی سیاسی و هزری و تیۆری دەستەکەیان هۆیەکە بۆ مانەوە و پەیڕەو کردنی سیاسەتی ڕابردوو و ئێستای (حککع) و نەیان توانیوە ئەو سیاسەتە تێ پەڕێنن و لەو ڕێگایەدا ژیانێکی نوێی سیاسی و سیاسەتێکی پوختەی چینی کرێکار و ئاسۆیەکی ڕوون لە دەستوور کاریاندا بەرجەستە بکەن. بەم پێودانگە ئەمانیش نەیان توانیوە لەو خلتەو خاڵەی سیاسەتی (حککع) و ئاسۆ سیاسی یەکەی دەر بچن لەبەر ئەوەی هەمان ژیانی ڕابردوو لەناو هزری ڕابردوودا دەگوزەرێنن و سەرچاوەی ئاوی چاوو بیرکردنەوەیانە . بێگومان ئاسۆ سیاسی یەکانیشیان لەو فۆڕمەوە وەرگرتووە، لەبەر ئەوەیە نەیتوانیوە لە چێوە و قۆزاغەی مت بوونی ئەو بزوتنەوەیە دەربچن و ئاسۆیەکی ڕوونتر و گەشەدار و بەهێز و بڕشت بۆ بزوتنەوەکە بەرز بکەنەوە .

ڕاستە ناتوانرێت هەموو ئەرکەکان لە چرکەساتی درووست بوونی ڕێکخراودا بەرجەستەو جێ بە جێ بکرێت و ئەنجام گیری سیاسی ڕاستەوخۆی لێ بەدەست بهێنرێت ، بەڵام ناشکرێت ئاسۆی سیاسی و پراکتیکی پوخت و سەربەخۆی خۆت نەبێت و ڕێکخراوێک بهێنیت، و باسی ئاسۆی سیاسی پراکتیکی ڕۆشن بکرێت. ناکرێت بەهیچ جۆرێک و لە هیچ

پەرەنسیپێکدا ئاسۆی ساسی ناسپێرێت بە هەنگاوەکانی دواتر. لەبەر ئەوەی بە چ هۆیەکەوە خۆت دەناسێنیت! هەروەها ناسینەوەی حیزب لە ڕێگەی ئاسۆ سیاسی یەکەیەوە دەبێت، و دەتوانیت هەوڵە جیاوازەکان یان لەیەک چووەکان بناسێتەوە. هەروەها ئاسۆی سیاسی حیزب یان ڕێکخراو دەست نیشانی هەوڵ و کاری هەڵسوڕێنەرانە و بەرنامەی ئەو حیزبە و ڕێکخراوەی ئێستا و ستراتیژی ئایندەی دەکات :

کەواتە لێرەدا. ئاسۆی سیاسی بوون و نەبوونی پراکتیکی دەست نیشانی بوون و نەبوونی بە کردەوەی حیزب یان ڕێکخراوەکان دەکات. واتە چوارچێوەکە تەنها ناوە و دوور لە ڕێکخراوی زیندو هێزی ماتریالی یە ئەگەر حیزب ئاسۆی سیاسی وون بوو.

(ئاسۆ غەریب)دییما گۆجیانە مامەڵە لەگەڵ سیاسەت و دەربڕینەکانیان دەکات. چونکە هەر ڕێکخراوێک ڕێگە چارە و ئاسۆی سیاسی و هێڵی هزری و فەلسەفی خۆی دەربڕی و بوخچەی سیاسی و چینایەتی خۆی خستە بەردەم کەسانکۆ چونکە لەلای ئەوان جەماوەر (کەسانکۆ) گرنگترە لەتاک و تەنیایی چینی کرێکار)، بۆ دەبێت ئاسۆی سیاسی ڕێگە چارەی پوخت نەکردبێتەوە و لەبەر دەم کەسانکۆدا بەیانی سیاسی خۆی نەکردبێت؟! ئەم کردەیەش کە (ئاسۆ غەریب) ڕاڤەی کردووە، بەڵگەی ڕانەوەستاوی یەو مۆڵەق بوونە لەسەر بارێک و ڕویەک، لەبەر ئەوەی وەک(حککع)بەپێی کات و ڕووداوەکان دەگۆڕێت و هەتا جموجۆڵی سیاسەتی جیهانی، ئاڕاستەی سیاسی و پڕکتیکیان دەگۆڕێت. واتا وەک هێڵە ڕیزکراوەکانی وردە ئاسنی سەر ڕووی کایەکی موگناتیسی جەمسەری سالب و موجەب بەپێی کایە موگناتیسی یەکەی و کاریگەری دەرەوەی خۆی لەڕێگەی موگناتیسێکی ترەوە دەگۆڕێت .

سیستەمی سەرمایەداری، خەسڵەتەکەی بەپێی پەیوەندی کار و سەرمایە دەگۆڕێت. واتا لە چ کاتێکدا ئەو پەیوەندی یە هەڵوەشایەوە، ئاسۆی چینی کرێکار، دەچێتە سەر ڕێگایەکی ترو، لەشوێنێکی تردا مامەڵە مێژوویەکانی لەگەڵدا دەکات و هەوڵێکی تر دەدات بۆ زیاتر گەشەدارکردنی خەبات و تێکۆشانەکەی و چوونە پێشی هەنگاوێکی تر. بەڵام ئەگەر سیستەمی سەرمایەداری، فرماسوێنی کۆمەڵایەتی چینایەتی وەک خۆی مایەوە. لەم ڕوویەیانداستراتیژی و ئاسۆی سیاسی پراکتیکی بزوتنەوەی چینی کرێکار و بزوتنەوەی مارکسیستی و کۆمۆنیستە زانستی یەکان گۆڕانی بەسەردا نایەت ،و خواستی ڕووخاندنی سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری یەو بەو ئاڕاستەیە ئەرکەکانی لەناو کۆمەڵدا جێ بەجێ دەکات. بەڵام ئەو بێژانەی ئاسۆ غەریب تەنها بۆ ساویلکە

هەڵخەڵەتاندن کراوە و هیچ بەها و بنەمایەکی میتۆدی یان نی یەو ناتوانێت پڕاکتیکی سیاسی بزوتنەوەکە سەوز بکات.ئەگینا هەرکەسێک یەک بەشی زۆر کەم لەبیر کەرەوەی بەکار بهێنێت، زۆر باش لەهەوڵی ئەو دەستەیەتێئەگات و دەزانێت دووبارەی هەمان سیاسەتی تەنگژاوی ڕابردوویانە. لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەی سیاسەت کردنیانەوە، ئایا بۆچی لەڕابردوودا هەمان سیاسەتی (حککع) و (ک.ک)ی یان دەکردو سەرچاوەی بیر و هۆشیان بوو؟! وەڵامەکانی لە پێشینەی ئەم نوسینەدا بە ئەنجامان گەیاندووە .

(ئاسۆ غەریب) دوابەدوای ئەو پەڕەگراڤەی سەرەوەی زۆر بە ڕاشکاوانە دەست دەخاتە سەر ئەوەی کە (ک.ک)ی تەنها ئاسۆ بەخشی بزوتنەوەکەیانە و دەبێژێت [ بەم مانایە پوختەی سیاسی و عەمەلی ئەم خەتە سیاسیە هەنگاوێکە بەرە و پێکهێنانی خێرایی (حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری – عێراق) لەلایەکی ترەوە حیزبێک کە ئێمە دەمانەوێت پێکی بهێنین، دەبێت یەکێتی ڕیزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری تەئمین بکات و وەحدەت بەتەواوی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بدات، ئەمە کارێکە لەم پەرش و بڵاوی و پەڕاگەندەییەی ئێستادا بەهۆی زاڵبوونی سوننەتی مەحفەلی وفیرقەیی، سوونەتێک کە خۆی لەجەوهەردا تەفرەقە ئامێزە، یەکسەر بەدی نایەت و دەبێت لە پرۆسەیەکی انتقالیدا ڕەخنەیان لێ بگیرێ و وەلا بنرێن و سوونەتی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئەو بنەما و ئسوڵ و پرەنسیپانەی حیزب لەسەریانەوە بە پشت بەستن پێیان، پێک دێو حەرەکەت دەکات، جێگیر و پایەدار بکرێن-ل4-ژمارە(1)-پەیامی کۆمۆنیزم-ئەیلولی 1998] ئەم پەڕەگراڤەش زیاتر ناوەڕۆک و کاکڵەی سیاسەتی دروست بوونی حیزب لەلای ئەم دەستەیە دەردەخات، کە هەمان فۆڕم و بەیەک میتۆدی دروست بوونی (حککع) ئێستا و ئەو حیزبەی ئەوان کە ئایندەی سیاسی و چینایەتی خۆیانیان پێوە گرێداوە. چونکە هەمان پەرەنسیب و بڕوابوونی تەواویان بە پلان و سیاسەتی (ک.ک)ی هەیە لەدروست کردن و ڕێنوێنی پێکهێنانی حیزب دا. لەم سۆنگەوە دەر دەکەوێت هەردوو لایەن ئاسۆی سیاسی جیاواز و بەرژەوەندی چینایەتی و کۆمەڵایەتی جیاوازیان نی یە .

هەوڵ و سیاسەتی کۆکردنەوەی لایەنەکانی (ک.ک)ی لەناو بزاڤ و جوڵانی سیاسی خۆیاندا، کردەیەکی نەزۆک و بێ بەرهەم بووە و ئەو ووتەیەی (ئاسۆ غەریب)یش سیاسەتێکی هەڵخەڵەتێنەرانەی ووردە بۆرژوازی یە، چونکە خۆیان بە هەمان پێکهاتی سیاسی –کۆمەڵایەتی ووردە بۆرژوازی، کردەی دەستەچێتی و بەش بەش بوونیان بە ئەنجام گەیاندووە. هەروەها ناوەڕۆک و سیاسەتی بەرجەستەی ووردە بۆرژوازی بە گوفتار کۆمۆنیست و بە کردەوە بۆرژوازی

یە. ئەمەش لەپێناوی جێگای خۆکردنەوە لەناو بزوتنەوەکەدا و لەژێر باردەرچوونیان لە لە تەنگژە و یان شەوتێکی تر کایەی خۆیان درێژە پێ بدەن.

لە بزاڤی (ک.ک)ی داو لایەنەکانی پێکهێنەری (حککع)و ئەوانەش کە لەدەرەوەی ئەو حیزبەدا لەژێر هەمان ناونیشاندا کاردەکەن، گیانی شوێن پەرستی و خواستی کورسی پەرلەمانی حیزبی پەرستی یان هەیە. بەو هۆیەشەوەیە یەک سەرچاوە و یەک ڕابەریشیان هەیە بەڵام بەش بەشی جیاواز و بەدەربڕین لێک جوودایی دەر دەبڕن. هەموو ئەم کردانە بەرئەنجامی سیاسەتی ئاوات و خواستی وورده بۆرژوازی یەو هەوڵ و ئەرکێکی بەرجەستەی وورده بۆرژوازییە لەپێناوی دەسەڵاتی بۆرژوازی و بەش سەندنی ئەو دەسەڵاتەدایە .

(حککع) بە فۆرم و سوونەت و هەوڵە سیاسی یەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری، (ک.ک)ی پێک هات. ئیتر هیچ پێوەرێکی تر نەیدەتوانی بەهای پێواندنی ئەو دروست بوونە بپێوێت. واتا ئەمانیش بەهەمان سیاسەت و هەمان سەرچاوە، جۆگەلەی بیریان دەبێت لە دروست بوونی حیزبی (ک.ک)ی یان .

(حککع)و ئەو دەستەیە، جیاوازی یەکانیان تەنها لە چێوەی ڕووکار و شێوەی بەناو دەسەڵاتی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ. بەڵام خۆشیان بڕوا بەوە ناهێنن کە ئەو کردەیەی خۆیان هەمان ئەنجامی سیاسی و کۆمەڵایەتی (حککع)ی لێوە سەرەنجام دەگیرێت. کەواتە تێپەڕاندنی ڕەووشی سیاسی (حککع)نی یە بۆ بار و ڕەووشێکی تری بابەتی و ماددی خەبات و تێکۆشانی سیاسی. بەڵکو ئەنجامی کار و کردەوە و سیاسەتی ڕاڤەکردنیان، سەرچاوەی لە دیدگاو بۆچوونی دەستەچێتی گرتووە. ناوازە و بێ بابەتی یانەی سیاسەتی دروست بوونی حیزب لەلایەن (ئاسۆ غەریب) و دەستەی بزوتنەوەی بنیات نانەوە، ئەنجامی سیاسی خراپ و دواکەوتوانەی دەبێت. چونکە یەک میتۆد یەک پەرەنسیپی لێ دروست دەبێت، بەڵام ئەمان زۆر نا ماددی و نابابەتی یانە و بەدیدێکی میتاڤیزیکیانە بەیانی دروست بوونی حیزبی (ک.ک)ی ئایندە دەکەن. بەڵام بۆ جیاوازکردنەوەی پرۆسەی دروستکردنی حیزب و پەرەنسیپەکانی دەبێت بە میتۆدێکی جیاواز و لە پرۆسەیەکی جیاوازتردا، دروستبوونەکانی (حککع)ی و حیزبی ئەو دەستەیەی (ک.ک)ی دا تێ پەڕێنین و سیاسەتێکی بابەتی و ماددیانە بە لۆجیکێکی مارکسیستیانە پرۆسیس بکەین.

لە بارێکی تردا و بەشێوەیەکی تر، بەڵام یەک فۆرم، (ئەحمەد معین) لە هەمان چاوپێکەوتنی ژمارە (1)ی پەیامی کۆمۆنیزمدا، دووپاتی هەمان بڕوا و بۆچوونی (ئاسۆ غەریب) دەکاتەوە.و دەڵێت:[ ئاشکراشە بۆ تەعریف کردنی

حیزبی ئێمە دەبێ جگە لە ئاسۆی سیاسی سوونەتی عەمەلیش باس بکەین، بەڵام چونکە ئێمە پێشتریش پەیڕەوی کردنی خۆمان لە کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕاگەیاندووە بۆیە تەئکیدێکی سەر لە نوێ لەسەر سوونەتەکانی (ک.ک) دەکەینەوە لەم بوارەدا. (ل4)-ژمارە(1)ی-پەیامی کۆمۆنیزم-ئەیلوولی1998 ] ئەم پەرەگرافە، ئەو ڕاستی یە دەردەبڕن، لەدروست بوونی (حککع)دا هەمان میتۆد و سوونەتی سیاسی پراکتیکی پەیرەو دەکەین. بەم پێ یە سوونەتەکانی (ک.ک) سیاسەتی پێکهێنەری (حککع)ە. واتا ئەو سیاسەتەی کە حیزبی پێک هێنا، جارێکی تر دەبێتەوە فۆرمی پێکهێنانی حیزب لەلایەن دەستەی بزوتنەوەی بنیات نانی...،وە، هەمان پێناسەی (حککع) بۆ پێکهێنانی حیزبی ئەوانیش ڕاستە، چونکە سوونەت و فۆرمی سیاسی یان یەک میتۆد و پلانی سیاسی یان هەیە .

(ئەحمەد معین) لە بەشەکانی تری هەمان وەڵامدا، ئەو ڕاستی یە دەردەبڕێت کە بەهەمان ئاستی بەشداری کردنی تایبەتی (مەنسوری حیکمەت) لە دروست بوونی (حککع)دا، جارێکی ترو بە پێی خۆیان لە دروستکردنێکی تردا، داوای بەشداری کردنی دووبارەی ئەوتیێووری سەنەی (ک.ک)ی دەکەنەوە و، دەیانەوێت نامەیەکی ئاراستەکراوییان لەبارەی پێکهێنانی حیزبی ئایندەوەیان بەدەست بگات، ئەمەش لەکاتی گفتوگۆکەدا. کەواتە جیاوازی پێکهێنانی ئەو حیزبەی ئەوان لەگەڵ (حککع)دا لە چ لایەنێک و کام بەشی پێکهێنەریدایە.؟! هەروەها سوونەتی جیاوازیان لەکام سەرچاوەوە وەرگرتووە! بێگومان هیچ هۆیەک و سەرچاوەیەک نی یە بۆ جیاوازکردنەوەی ئەو کاتەی دەربڕینەکانیان لەگەڵ ڕابردوویان، چونکە هەمان میتۆد ڕێنوێنیان دەکات، هەمان فۆرم دەستنیشانی ڕانان و تویکاری دروست بوونی حیزب دەکات .

لەلایەکی ترەوە و، لە هەوڵێکیتریاندا، دەستەی بزوتنەوەی بنیات نانی......ڕابردوو، وویستویانە هەنگاوێک بەرەو گۆڕان و دابڕان هەڵگرن. کۆنفرانسی دووەم سەرەتایەکی ئەو هەنگاوەیان بووە، سەرەتا لە گۆڕینی ناونیشانی بزووتنەوەکەیانەوە دەستیان پێکردووە و، ناوی (بزووتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست-عێراق)ی یان کردە ناونیشانی هەڵسووڕانیان بە پێی خۆیان و ڕێژەی هوشیاریان قسەو باسی خۆیان لەسەر ئەو ڕەوەندەو بزووتنەوەکە بەگەڕ خستووەو، وویستویانە وەڵام بە کۆمەڵێک کێشەو گرفت بدەنەوە، بەڵام ئەم ووتانەی ئەوان تەنها لە چوارچێوەی ووتەو ڕازاندنەوەی ڕستە ڕیزکردنەکاندا بووەو، نەیان توانیوە گۆڕانی میتۆدی-هزری-سیاسی ڕیشەیی پێک بهێنن. مل ملانێ و ڕکە بەری ئەم لایەنە لەگەڵ (ک.ک)ی دا زیاتر ناوەرۆکی چاولێکەری بێ

لێکۆڵینەوەو پرسیارکردنە. واتا ئەو لێک جیایی ئەم جارەشیان نەیتوانیوە گۆڕانی کاکڵەیی پێک بهێنێت. زیاتر لە بەشەکانی تردا ڕوونیان دەکەینەوە. بەڵام ئەوەندەش لێرەدا بەسە کە بووترێت، ئەم ڕێکخراوەو دەستەیە نەیانتوانیوە خاڵی سیاسی و هزری جیاوازی نێوان خۆیان و هەردوو حیزبی (حککع) و (حککا)ی بەڕێسایەکی زانستی دەربخەن و، سەرچاوەیەکی میتۆدی مارکسیستی زانستی بکەنە بناغەی ڕەخناندنی سیاسەت ومیتۆدی ڕابردوو . هەروەها توانای دروست کردنی ئەلتەرناتیڤێکی چینایەتی و سیاسی و هزری و فەلسەفەی یان نی یە.ئەوان وابەیان دەکەن کەگوایە دەست دەبەن بۆ میتۆدی مارکسیزم وبەپێی ئەو میتۆدە لەگەڵ دەورو پشتی ماددی یاندا بابەتی یانە مامەڵەدەکەن .بەڵام ئەمانە هەرهەموویان لەچێوەی ووتەو بێژان و مەرەکەبی سەرکاغەزدا ماونەتەوەو ،نەیان توانیوە لەگەڵ ئالیەتێکی ماددی بەشێوەیەکی زانستی مامەڵەبکەن و پەیوەندی بەمارکسیزمەوە بگرن .نەیان توانیوە بەتەواوی لەگەڵ کاکڵەی هزری و سیاسی ،فەلسەفی (ک،ک) ی دابیڕێن و کاریگەریەکانیان لەسەر خۆیان خاڵی بکەنەوە . ئەمانەش هەرهەمووی لەئامادەنەبوونی هزرو میتۆدی فەلسەفی مارکسیزمە و لەلای ئەو دەستەیە و هەروەها (ک.ک)ییش.

لێکدانەوە و پلانی دروست بوونی حیزب لەلای ئەمان، بەلێکدانەوە و تونێکاری خۆیان، فۆڕمی پێکهێنانی تریان و جیاواز لە ڕابردوویان لە دەستوری دروست بوونی حیزبدا بەرجەستە دەکەن.

دەربڕینی ئێستا یان سەرچاوەکەی کاڵ فامیانە لەبارەی مارکسیزمەوە و، خۆنەبەستنەوەیە بە میتۆدەکەیەوەو، لەگەڵ ئەوەشدا بەیان کردنی پابەندی بەڕەووتی هزری و سیاسی و فەلسەفی مارکسیزمەوە، سیاسەتێکی دیماگۆجیانەی ووردە بۆرژوازی یەو، هەوڵێکە لەپێناوی یەکسانی کردنی مارکسیزم بە لیبرالیزمی بۆرژوازی.

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە کۆنفرانسی دووەمی ئەو دەستەیە نەیتوانیوە وەڵامی خۆجیاکردنەوەیەکی ڕیشەیی و چینایەتی بێت، چونکە دابڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و میتۆدییان لە زەمینی ماددیدا، بەرجەستە و بابەتی نەبووە .

(ئەحمەد معین) لە کۆنفرانسی دووەمیاندا، لە وتارێکی بەناوی (هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی (ک.ک)ی و بنەماکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستی)دا ئاوا باس دەکات [ ئەو دوو حیزبە (حککع و حککا) لە چوارچێوەی دەرکێکی تایبەت لەسەر خەباتی چینایەتی، لەسەر کۆمۆنیزم، لەسەر پەیوەندی حیزب و چینی کرێکار،... پێکهاتن. هەر بۆیە ڕەخنەی میتۆدۆلۆجی ئەسلی ئێمە بەو دەرکەیە لەسەر بینای ئەحزابی کۆمۆنیستی، کورتەی ئەو دەرکەش ئەوە

بوو كە لە چوارچێوە و درێژەی ڕادیكاڵ بوونەوە و سنوور بەندی كردن و خۆجیاكردنەوە لەگەڵ ئاخرین پاشماوەكانی سۆسیالیزمی غەیرە كرێكاری و لە ڕێگەی بە دەستەوە گرتنی ئاسۆیەكی سیاسی كرێكاریو كۆمۆنیستی یەوە، ئەیانەوێ حیزبی كۆمۆنیست (كە شتێك نی یە بە غەیری حیزبی چینی كرێكار) بۆچنی كرێكار پێكبهێنن.ل11-(باس و بەڵگەنامەكانی كۆنفرانسی دووەمی كادرانی بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی كرێكارانی كۆمۆنیست-عێراق)كانوونی دووەم-2000] ئەم پەڕەگرافە خۆی هەڵگری گەرای جیاوازییە لەناو خۆیدا. واتا چەند لێكدانەوەی دژ بە یەكی تێدایە و لەگەڵ ڕەخنەكەی خۆیدا جیاوازن. بەڵام جیاوازی نی یە لەگەڵ لێكدانەوەكانی پێش كۆنفرانس و جیابوونەوە لە (ك.ك)ی. لەبەر ئەوەی ڕەخنەكەی (ئەحمەد معین) لە (ك.ك)ی و فۆڕمی پێكهێنانی حیزبی ئەو بزوتنەوەیە، میتۆدی لێكدانەوەیەكی هەڵەیە و ڕوو و ناوەڕۆكی زانستی و دیالێكتكی یان نی یە.لەبەر ئەوەی ڕادیكاڵ بوونەوە و سنوور كێشان و خۆجیاكردنەوەی لەگەڵ پاشماوەكانی سۆسیالیزمی غەیرە كرێكاری و ووردە بابەتی ترەوە، دەڵێت لە هەلوو مەرجێكی لەو جۆرەدا حیزبی (حككع) پێك دێت. ئەم ڕستە گەلانە و لێكدراوەكانی ناویان، نە ڕەخنە كردنی ڕابردووە لەگەڵ (ك.ك) و ،نە (ك.ك)یش بە باش و چاك بە هەند وەرگرێت. (ئەمانە بە پێی ئاوەزی خۆیان)، بەڵام ئەو ڕانانە ئەگەر نەزانانە بێت یان بریتی بێت لەسەر چاوەی میتۆدی، لەناو تۆڕ و داوی هەمان سیاسەتی ڕابردوودا گیری خواردووە. یان هەتا ئێستاش بەرنامە و دروشمی (ك.ك)یو ڕەنگ و شۆكی لەبیرەكەرەوەیدا بڕەوێنێتەوە، یان ماوەتەوە .

ڕادیكاڵ بوون لەلای ئەم دەستەیە و (ك.ك)ی هەتا ئێستاش سیاسەت و میتۆدی خۆجیاكردنەوەیە لە دەرەوەی خۆیان واتە لە بۆرژوازی وردە بۆرژوازی بە پێی بڕوای خۆیان. لە ڕێگەی ئەو ووتەزایەوە، خۆیانی پێ بادەدەن و بە كۆمۆنیستی عیار(24)ی ناوزەند دەكەن. بەڵام ئەم ئاوەزەی ئەوان و ئاوزاندنەكانی ناتوانێت سنووری وردە بۆرژوازی لەڕێگەی ووتە زای ڕادیكاڵەوە تێ پەڕێنێت و سیاسەتی جیاواز ڕاڤە بكات. لەبەر ئەوەی ڕادیكاڵ بوون ناتوانێت ناونیشان و پلانی جیاواز بێت لە بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی، هەروەها ئەم جۆرە ناونان و سیاسەت كردنە، ناتوانێت نانێك بۆ بزوتنەوەكە دەستەبەر بكات. هەروەها ناتوانێت ژیانی سیاسی و ڕێكخراوی و هزری و فەلسەفی چینی كرێكار بنوێنێت و لە پاشماوەكانی سیاسەتی وردە بۆرژوازی دەربهێنێت. ڕادیكاڵ بوون فۆڕمی جیاواز و بنە ڕەتی سیاسەتێكی جیاواز نی یە لە سیاسەتی بۆرژوازی. ڕادیكاڵ بوون لە ئێستادا هیچ نانوێنێت بێجگە لە دووبارە

کردنەوەی هەمان سیاسەتی بۆرژوازی و ڕەنگ کردنی و پیشاندانی ئەو سیاسەتە لەلایەن ووردە بۆرژوازییەوە، بە سیاسەت و میتۆدی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی. چونکە میتۆد ئەگەر ناونیشانیشی جیاواز بێت، میتۆدۆلۆجی جیاواز نەبێت، جیاوازی یەکان لە چوارچێوەی ئەندێشەدا دەمێنێتەوە و خەون و خەیاڵ سنوورە دەستکردەکانیان دروست دەکات .

ئەو لێکدانەوانەی (ئەحمەد معین) ناتوانێت لە ڕێگەی ووتە و ووتەڵۆکەوە فۆڕمێکی جیاواز لە (ک.ک)ی دروست بکات. هەروەها ناتوانێت ناونیشانی جیاوازیان بۆ دروست بکات. بەڵام میتۆدی جیاواز دەتوانێت ناونیشانی جیاوازییان لەسەر بنیات بنرێت و هەروەها بزوتنەوەی جیاوازیش پرۆسیس بکەن .

ئەگەر (حککا) سنور بەندی و خۆجیاکردنەوە یان لە پاشماوەکانی سۆسیالیزمی نا کرێکاری نەکەن دەبێت چی بە ئەنجام بگەیەنن؟! بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیان توانیوە لەچێوەی درک و میتۆدۆلۆجی سۆسیالیزمی بۆرژوازی دەربچن، هەروەها ئەو میتۆدۆلۆجی سۆسیالیزمی بۆرژوازی یە ئێستا ناوزەندی دەکەین بە (سۆشیال-لیبرالیزمی)نوێ، چونکە هەموو پێکهێنەرەکانی ئەو میتۆدە هەڵئینجراوی خواست و ناوەڕۆکی ئەو سیاسەت و فەلسەفەیەیە .

درکی (ئەحمەد معین) و (ک.ک)ی، هەردووکیان درکێکی هەڵەیان لەسەر دروست بوونی حیزب هەیە. بەپێی ئەوەی (ئەحمەد معین) هیچ ڕۆشن کردنەوەیەکی نەداوە و نەیتوانیوە سنور بەندی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی چینایەتی جیاواز پێک بهێنێت. لەبەر ئەوە نەیتوانیوە چێوەیەکی تری سیاسی بۆ خۆیان و بزاڤەکەیان دیاری بکەن و، تیایدا کایەی سیاسی پرۆڤە بکەن. یان ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن و جیاواز بەیان بکەن. ئێمە ئەم درکەی ئێستای ئەو دەستەیە و درکی پێشوو تریان بە نا زانستی و پەیوەست نەبوو بە چاو بینی ماددی یەوە لەقەڵەم دەدەین. لە پێشتریشدا ڕوونکردنەوەی زیاترم لەسەر کردووە، بەڵام ئێستا زۆر ڕوونتر دیارە کە جیاوازییەکان لە ڕووکاری دایە و لەسەر پێکهاتی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و سیاسی هیچ جیاکاری یەک نی یە. جیاوازی یەکان نەچونەتە سەر کرۆک و پێکهێنانی ناوەڕۆک. ئەحمەد معین بە ووتە دروست کردنی حیزب لە خۆ جیاکردنەوە لە سۆسیالیزمی نا کرێکاری پێک دەهێنێت. لەلایەکی ترەوە هزری خۆشیان هێشتا دوور نەکەوتووە تەوە لە لێکدانەوە و ڕانانی ووردە بۆرژوازی. بەڵام ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوەی زیاتر لە بێ جیاوازی میتۆدی لەگەڵ (ک.ک)ی سەرچاوە دەگرن،

هەروەها ڕانانێکی سەربەخۆیان نی یە و سەرچاوەی نەزانی و دواکەوتن و ڕەدووکەوتنی بێ پرسیارە. لە بەشەکانی دواتردا زیاتر لەسەریان ئەدوێین .

لێرەدا پرسیارێک خۆی هەڵدەتۆقێنێ، ئەگەر (حککا) ئاسۆیەکی سیاسی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەدەستەوە گرتووە و حیزبی کۆمۆنیستی پێ پێکدەهێنێت، (ئەحمەد معین) ڕەخنەی ئاڕاستەی چ لایەنێکی کردووە؟ لێرەدا پرسیارەکەی ئێمە بەو مانایە نی یە کە (ک.ک)ی سەر بە میتۆدۆلۆجی مارکسیزمە. بەڵکو مانا و گوزارەیەکی تری هەیە کە ئەو بەڕێزە خەیاڵ ڕێژی کردووە. سەر لێشێواوی و نا کاملی ئەو سیاسەت مەدارە زۆر ڕوون دیارە و نەیتوانیوە ئاسۆیەکی ڕوون و سیاسەتێکی ڕۆشنی خۆجیاکردنەوەیان، لەبەرامبەر (ک.ک)یدا هەبێت. بەڵام ئەم شێوەیە لە ووتەو بێژان و ڕانانی و ڕاڤە سیاسی یانە یان وا دەردەکەوێت کە ویستویانە ووتار و ڕاپۆرتی سیاسی یان ئیتر هەر مانایەک ببەخشێت لە کۆنفرانسی یاندا هەبێت. ئەیانەوێت بە شێوەی گوزارە کردنی خۆیان پیشانی جیاوازی بێ جیاوازی بدەن. هەروەها ووتەکانی خۆیان بەهەند وەرناگرن و ناچنەوەسەری. ئەم ئایدیایە ئەوەی تیادا دەردەکەوێت، ڕەدووی جیابوونەوەکانی (حککا) کەووتوون و بێ پرسیار و بێ میتۆد سیاسەتێکی بە ئەژمارەی خۆیان پرۆسیس دەکەن .

هەرچۆنێک باس و خواست بکرێت، بێ میتۆدی ئەمانە لە تەنگژەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەو لایەنەش لە تەنگژە ڕێگا ڕێژی بۆ کردون و گەیاندونی بە پلە و پایەیەک و نەزانن، دوای جیابوونەوە، چۆن و بە چ شێوەیەک، ڕانانی یان لەسەر جیابوونەوەکان دەکەن .

حیزبی چینی کرێکار یان حیزبی کۆمۆنیست، خود بە خود پێک نایەت. چونکە حیزب پێکهاتێکی کەڕوو ئاسانی یە و خود بە خود پێک بێت. بەڵکو هوشیارترین توێژی ناو چینی کرێکار و کۆمۆنیستی یە زانستی یەکان پێکی دەهێنێت. حیزب لەلای کۆمۆنیستەکان دەبێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ کۆکردنەوە و، بەهێز و بڕشت پیشاندانی بزاڤی سیاسی و چینایەتی یەکەی. جاری واهەیە پرۆسەی پێکهێنانی حیزب لەناو کۆمۆنیستە زانستی یەکاندا سەر دەردەهێنێت و لەگەڵ خواست و وویستی چینی کرێکار جووت و یەک ئاڕاستە دەبێت، لەباری وادا هەیە شوێنی دروست بوونی حیزب ناوەندی چینی کرێکارە و، لەگەڵ ئاراستەی مێژوویی و خواستی بزوتنەوە سیاسی یەکەی ئاراستەدەگرێت. بەڵام پێکهات و کاکڵەی سیاسی و خواستی چینایەتی یەکەی، ئاسۆی سیاسی و چینایەتی یەکەی و هەروەها لەڕێگەی

ستراتیژی هەڵسوڕان و، پەرەنسیپی و دیسپلین و مێژوویی جووت بوون و گرێدراو بە ئامانجی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی یەوە، دەتوانرێت ئاراستەی بزاڤی چاوبینی و زانستی خواست و هەڵسووڕانی دەست نیشان بکرێت .

حیزبی چینی کرێکار، لەڕێگەی ڕێکخراوکردنی چینی کرێکارەوە، هۆیەکە بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی چینی کرێکار، یان لەڕێگای ئەو ئامانجەدا پێکهێنانی حیزب گرنگی هەیە. بەم پێودانگە حیزب تەنها حیزبی چینی کرێکار نی یە. حیزبی ئەو توێژەی کۆمۆنیستە زانستی یەکانیشە، کە داکۆکی لە بەرژەوەندی یە مێژووییەکانی چینی کرێکار دەکەن و هیچ ئامانج و بەرژەوەندی یەکی جیاوازیان لەگەڵ ئەواندانی یە .

ئەو لێکدانەوانەی ئەوان، ووتە زاکانیان زۆر بێ بەهایە و دوورە لە لۆجیکی پێکهات و دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی زانستی، و بەیان بکرێت حیزبی کۆمۆنیست تەنها حیزبی چینی کرێکارە. لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی ئەو چینە کۆمەڵێک لە شۆڕشگێڕان و هەڵسوڕاوانی خواست و وویستی مێژوویی چینی کرێکارن و پێکهاتەکەیان، کاریگەری لەسەر بەرژەوەند و سیاسەتی بۆرژوازی و سەرمایەداران دادەنێت. سیاسەتیان هەڵقووڵاوی بەرژەوەندی و خەباتی زانستی یانەی چینی کرێکارە و، ئاڕاستەکردنیان بەشێوەیەکی زانستی یانەتر پرۆسیس دەکەن و لەکات و شوێنی گونجاودا، سیاسەت و خەباتی گونجاو دەهێننەسەر ڕووتەختی گۆڕەپانی سیاسەت و ململانێ چینایەتی یەکان. لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی ڕەها ناتوانین ئەو حیزبە پابەندی چینی کرێکاری بکەین. ڕەنگە پابەندی کردنێکی لەو جۆرە، سیاسەت و حیزبێکی سیاسی دروست بکات، کە لۆجیکی سیاسی و ڕێکخراوەیی جووت نەبێت لەگەڵ گۆڕانی مێژوویی کۆمەڵگا و بە ئاڕاستەی میتا مێژوویی کار و کردەوەی بەرجەستە بکات .

لەم سۆنگەیەوە، ئەو تێڕوانینانەی سەرەوەی (ئەحمەد معین)و دەستەکەیان و میتۆدی ناو کۆنفرانسی دووەمیان، نەیتوانیوە سنووربەندییەکی قووڵ و ڕیشەیی و سیاسەتێکی جیاوازی چینایەتی دروست بکات، لە نێوان جیابونەوەکانی (ک.ک) و (ک.ک)ی و (حککع) و (حککا). بەڵکو تەنها ڕاڤەکردنی ووشەکانە و نەیتوایوە جیاوازی یەکی ماددی و دیالێکتیکی بەدەربخات ووشەکان و ڕستەکان لە جێگای ڕاستی دانانی تێڕوانینەکان هیچی تیادا سەوز نابێت تەنها سەرلێشێواویی و ناڕاستی یان نەبێت. جیاوازی بێ جیاوازی تیووری و میتۆدی و هزری و سیاسی و چینایەتی تەنها کردەی وردە بۆرژوازیە و لۆجیکی ڕانان و پرۆسیس کردنی سیاسەتیانە. ناماددیو نابابەتی و

نادیالێکتیکی ڕانانەکانی ناو کۆنفرانسی دووەم، نەیتوانیوە فۆڕمی جیاواز و سیاسەت و لۆجیکی جیاواز لە پێکهێنانی حیزب ڕاڤە بکات .

دوا بە دوای ئەو پەڕەگراڤەی سەرەوە (ئەحمەد معین) قسەیەکی تر دەکات و بەردەوامی لەسەر تێڕوانینەکانی وەردەگرێت و دەڵێت [ بەبێ لەبەر چاوگرتنی پایەی ماددی کۆمۆنیزم و پێکهێنانی ئەحزابی کۆمۆنیست لەسەر پایەی مەیلی سۆسیالیستی ناو چینی کرێکار. ل11-12،باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی.. کانونی دووەمی2000] بێگومان دەبێت ئەداتی پشکنینی مەیلی سۆسیالیستی ناو چینی کرێکار، بە دیدگا و توێژینەوەی هزری و تیۆری مارکسیزم سەیر بکرێت و لە لۆجیکی ئەووەوە جیهان بینی ئەو مەیلە لەگەڵ کردە و تێڕوانینی نەگەتیڤانە و یان پۆزەتیڤانەی خۆیدا بەراورد بکرێت .

بە شێوەیەکی گشتی دیدگا و مەیلی سۆسیالیستی ناو چینی کرێکار، مەرج نی یە دیدگایەکی زانستی و دوور لە خەوش و تێڕوانینی بۆرژوایی و وردە بۆرژوازی بێت. لەم سۆنگەیەوە دەبێت پایەی ماددی بابەتی کۆمۆنیزم لەسەر پایەی تێڕوانینەکان و لۆجیکی مارکسیزم بە هەند وەربگیرێت. ئەگەر ئەم پایەیەی زانستی کۆمۆنیزم لەناو مێژوو و بزووتنەوەکەدا نەبوون، ئەوا پایەی سۆسیالیستی ناو ئەو بزوتنەوەیە پایەیەکی بۆرژوازی یان خەیاڵی وەردەگرێت و لە سنوور و هێڵە بنە ڕەتی یەکانی سۆسیالیزمی زانستی دوور دەکەوێتەوە. بەم پێ یە لێکدانەوەکانی (ئەحمەد معین) لەگەڵ تێڕوانینێکی ئەبستراکت جووت و هاوتایە و ناتوانێت ڕاسترووی پەیوەندی ئەو چینە و فەلسەفەی ڕزگار بوونی ببینێت. ئەم لێکدانەوەیەی ئەو دابڕاوە لە دیدێکی دیالێکتیکی و ماددی بابەتی یانەی کۆمۆنیزمی زانستی، لەگەڵ ڕیتم و لۆجیکی بۆرژوازیدا جووت و یەک هێڵە، و دید و بۆچونێکی یۆتۆپیایانەیە و هەمان پرۆسەی بە پراکتیکی کراوی (ک.ک)ییەو بە سیاسەت و میتۆدۆلۆجی ئەو هزرە لیبرالی یە ڕێگە دەکات. لەبەر ئەووەی پێکهێنانی حیزبی چینی کرێکار، بە سیاسەت و ڕیتمی لەو بابەتە هەمان ئاسۆی دەبێت،و هەمان شکستی ڕابردووی (حککع)بەرهەم و دووڕێنەی دەبێت. چونکە بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی و سۆسیالیزمی خەیاڵی و یۆتۆپیای بیرکردنەوە، دەئاخنە فۆڕمی بیر و هۆشی چینی کرێکارەوە .

گرنگترین کار و کردەوەیەک پێویستە کە توانای پەیوەستی و ڕاوەستاوی خەباتی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی زانستی پیشان بدات. ئەویش گرنگترین لایەنی پشت پێ بەستراو لە حیزبی چینی کرێکاردا، ماتریالی

حیزب و چینی کرێکاری هوشیار و میتۆدۆلۆجی ناو حیزبە. لەبەر ئەوەی لە سیستەمی ئێستادا چینی کرێکار شۆڕشگێڕترین چینە، چونکە چەوساوەترین چینە و بێ بەش و بێ مافترین کۆمەڵ و مرۆڤی ناو ئەو سیستەمەیە. کۆیلە بوونی بۆ سەرمایەداری و پەیوەندیەکانی لە ڕەووشی بەرهەم هێنان و سیستەمی ئابووری-سیاسی سەرمایەداریدا، لەبەرامبەر هێز و فشاری ئەو ڕەوشەدا، هێز و فشاری پێچەوانەی هەیە،و تەنها وەڵامی لە ڕێگەی پەرچەکردار یکی شۆڕش گێرانەی خۆی دژ بە هێز و فشاری سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری پرۆسەی ڕزگاری چینایەتی پراکتیک دەکات. لەبەر ئەوەی بێجگە لە خەبات و تێکۆشانی هیچ شتێکی تر ناتوانێت وەڵام بە خواست و وویستە کۆمەڵایەتی و چینایەتی یەکانی بداتەوە و ، هەروەها بێجگە لە هەوڵ و ئینرژی خۆی لە پێناوی پرۆسەی ڕزگار بوونی لەدەست سیستەم و دەسەڵاتی ئێستا ناتوانێت وەڵام بە چەوسانەوە و کۆیلە بوونی بداتەوە و، ڕزگاری بکات. ئەو چینەی کە تەنها ڕزگاری لە سیستەمی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و پرۆسەی بەدەست هێنانی زیدە بایی،و دانانی سیستەمێکی تری کۆمەڵایەتی جیاواز لە پێکهاتی ئابوری و دەسەڵاتی ئێستا دەتوانێت، وەڵام بە داخوازی و ئاواتە مێژوویی یەکەی بداتەوە. بەڵام میتافیزیکی یەکان، بە هۆی دارەستانەکانەوە دارەکانی پشتەوە نابینێت .

دید و بیرکردنەوەکانی (ئەحمەد معین) لە سۆزەوە دروست دەبن و زۆر سۆزداریانەش مامەڵە لەگەڵ ڕەووشی بزوتنەوەکە و داخوازی یەکانی و بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا دەکات (ئەگەر هەبێت). لەبەر ئەوەیە، هەرتێڕوانینێک بە ناوی سۆسیالیزمەوە لەناو چینی کرێکاردا هەبوو، بەهەندی وەردەگرێت و دەیکاتە پایەی دامەزراندن و بنەڕەتی پێکهێنانی حیزبی کرێکاران. بەڵام ئەم دیدگایەی ئەوان، سەرچاوەیەکی نابابەتی و ناماددی هەیە و ڕەچاوی چاوبینی ماددی هەلو و مەرجی بەرهەم هێنانی ئێستا ناکات و، لۆجیکی ڕوانین و بیریان نا زانستی یە و بە هەڵە و ناڕاستی مامەڵەی بزووتنەوەکە و پرۆسەی پێکهێنان دەکەن. چونکە سیستەمی هزری کۆمۆنیزمی وورده بۆرژوازی ئەوان، سەرچاوەیەکی یۆتۆپیایی هەیەو، لایەنی نازانستی هەیە،و بنەمای تێڕوانینەکان و جیهان بینی ناو چینی کرێکار و پێکهاتە سیاسی یەکەی بە هەند وەرناگرن، و دیدە جیاجیاکان بە دیدی شیاو ڕێچکە پیشاندانی بزوتنەوەکەی وەردەگرن. بێگومان ڕانانی ڕەووشی و بزوتنەوەکەی، بەو جیهان بینی یەی سەرەوە پێک بێت و بنەڕەتی

دیدگا و کارەکانیان لەسەر بنەمای ئەو بیرکردنەوەیەبێت، سۆز فاکتەری هەڵخڕاندن و ڕانانی دەبێت،و بیرکردنەوەیەکی نازانستی زاڵ و باڵادەست دەبێت بەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حیزبیاندا .

ڕاست و گرنگە درک کردنی ڕەووش و پلەی خەباتی چینی کرێکار و ڕێژەی لێک هەڵپێکانی چینایەتی و خەباتی سیاسی و ئابووری بەهەند وەربگیرێت. بەڵام (ئەحمەد معین) بە پێی ئاوەزی خۆی و ئاوزانی لەسەر ڕەووشی چاوبینی ماددی بابەتی، بەتەنها لێکدانەوە و بەهەندوەرگرتنی ڕەووشەکەی وەرگرتووە، بێ ئەوەی چاوبینی ماددی بابەتی ڕەووشەکەی درک کردبێ و بابەتی یانە هەڵیسەنگاندبێ. هەروەها لە چەقی قورسایی ناوڕەووشەکاندا، مەیلی ناوچینی کرێکاری بە هەند وەرنەگرتوو. ئەم دیدگایە ناتوانێت لێکدانەوە و ئارمانجێکی دروست و ماددی بەرجەستەی ناو بزوتنەوەکە بکات. لەبەر ئەوەی مەیلی سۆسیالیستی زانستی چینی کرێکار گرنگە لە ڕەووشە جیا جیاکانی بزوتنەوەکەدا. واتا بزووتنەوەکە و چرکە ساتی بزاوتنی ناو ڕەوشەکە و لایەنی بەشداری تیایدا و ڕەوشەکەش پێکەوە دەتوانێت ئامانجی بزووتنەوەکە بەدەر بخات. لەبەر ئەوەی کایە کردن لە گۆڕەپانی سیاسیدا پێویستیان بە پلانی سیاسی و تیۆوری سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە و پراکتیکی سیاسیەکەش ئاراستەی تاو گرتنی پلانی سیاسی بەرەو دوا خاڵ دەبات. چونکە ناتوانرێت تەنها لە کردەیەکی سیاسیدا ڕەووش بە دابڕاوی مامەڵە بکرێت، و مەیلێکی زانستی ئاراستەی ڕەووشەکە ڕووە و قازانجی بزاوتنی چینی کرێکار ئاڕاستە نەکات .

ئەو ووتانەی (ئەحمەد معین) و دەربڕینەکانی لە کۆنفرانسی دووەمیاندا لە پێناوی ئەوەدا دەربڕاوون، تا بەو ڕێگایە و بە پێی بۆچوونی خۆیان بتوانێت ڕەخنەی خۆی ئاڕاستەی فۆڕمی پێک هێنانی (حککع)بکات، و بتوانێت بە ڕێگەی ئەو لێکدانەوانەوە جیاوازی لە نێوان فۆڕمی ئێستای حیزب و حککع و دروست بوونی حیزبی ئایندەی خۆیان دروست بکات. ئەو لێکدانەوە نازانستیانە و میتافیزکی یانە بکاتە فۆڕمی پێکهێنانی حیزبی خۆیان، هەروەها ببێتە میتۆدی جیاوازی بیرکردنەوەیان لە (ک.ک)ی و دەستی پێوە بگرن. بەڵام ئەم کردەیە ناتوانێت میتۆدی ڕابردوویان تێ پەڕێنێت، بەڵکو دووپاتەی هەمان سیاسەتی پێکهێنانی (حککع)ە .

ناتوانرێت حیزب لەسەر ڕێتم و ئەو فۆڕمە دروست بکرێت، چونکە نەیتوانیوە دەست بە لێکدانەوەیەکی ماتریالیزمی دیالێکتێکی یەوە بگرێت لە دروست بوون و پێکهێنانی حیزبدا، درکی ناکاملّ و نا زانستی لەسەر ڕەووشی ناوماتریالیزمی مێژوویی کۆمەڵگایان هەیە،و هەردوو لایەنی گرنگ و مەرجی پێکهێنانی حیزبێکی زانستی بۆ چینی

کرێکار بەهەند وەرنەگیراوە. بەم پێو دانگەیە ناتوانێت لە خەیاڵ و ئەندێشە سازی خۆیان دەربچن،و جیاوازی یەکی بنەڕەتی لەنێوان کردەی پێشوو و ئێستایاندا درووست بکەن .

لە شوێنێکی تریی هەمان ووتاریدا، (ئەحمەد معین)لە کۆنفراسی دوودا. ووتەیەکی ڕاستی درکاندووە و دەشێت بە ڕێژەیەک درکی کردبێت کە دەڵێت [ تاقیکردنەوەی (ح.ک.ک.ا)ڕەنگ بێ ئاخرین تاقیکردنەوە بێت بۆ پێکهێنانی ئەحزابی کۆمۆنیست لە دەرەوەی چینی کرێکار و خەباتی چینایەتی و دواتر هەوڵ و تێکۆشان بۆ گۆڕینی بە حیزبی چینی کرێکار. ل15-باس و بەڵگە- نامەکانی کۆنفراسی دووەمی.کانوونی دووەم... –2000 ] وەکو ووتم ئەم ڕستە گەلە ڕاستن، بەڵام هۆی چی بوو ئەم بێژانانە لەکاتی پێشتردا نەدەوتران؟! بەڵام ئەم لێکدانەوانە کەوتونەتە دوای ڕاگەیاندنی جیابوونەوەکانی (رضای مقدم) و کۆمەڵێک کادری (حککا)و (ئیرەجی ئازەرین)، لەو حیزبە، بوو بە ئایدیا و بۆچوونی ئەمانیش. بەڵام بێ هەڵسەنگاندنی پلە و پایەی جیابوونەوەکان و دیدگای جیا بووە وەکان، بێ لێتوێژینەوەی کاکڵەی جیابونەوەکان. ئەوەش هەڵوێستێکی بێ لێکدانەوەی لەسەر جیابوونەوەکان،و ڕەخنەگرتنی بێ میتۆد و ووتنەوەی تووتی ئاسا جێ بەجێ دەکران .

بەڵام هەموو ئەوانەی سەرەوە کەلەسەرئەوان باسمان کردو ئەو کایە کردنە بە ووتە و ڕستە گەلەکانیان، لەو ڕاستی یەش کەم ناکاتەوە، کە هیچ فۆرمێکی ڕوون و لێکدانەوەیەکی چاوبینی یان نی یە لە دروست کردنی حیزبی کۆمۆنیستدا. هەموو ئەو لێکدانەوە و هەوڵەکانی ئەوان نەیدەتوانی قۆزاغەی ئەودنیا خەیاڵی یەی کە لە دنیای چاوبینی و مادیدا دروستیان دەکرد تێک بشکێنن و پەرەنسیپێکی ڕوون و ئاشکرا و زانستیان هەبێت .

ڕاستە هەوڵەکانیان لەناو (حککع)دا بۆ ئاڵ و گۆڕ شکست بە دوای شکست دا دەهات، چونکە فۆرمێکی تر و ووتە و بێژانێکی تریان دەکرد،و نامادەی هەوڵەکان شکستیان دەهێنا. هەرهەموویان لێکدانەوەی نازانستی شکستەکان و ڕەگەی پێکهێنانی بوو، شکستیان بە فۆرمێکی شکست هەڵگرتوو وەڵام دەدایەوە .

لەهەمان سەرچاوەی کۆنفرانسدا و دوا بە دوای ئەو پەرەگرافەی پێشووتر (ئەحمەد معین) دەبێژێت [ شکستی (حککا)لە گۆڕان بەو حیزبە، پێش هەرشتێک شکستی ئەو دەرکەیە، شکستی ئەو تیۆریەیە، یانی تیۆری دابڕان لە چەپی زەمانی خۆی لە چوارچێوەی هەوڵ و خەباتێکی فکری و سیاسیدا بۆ تەبدیل بوون بە زەرفی تەحەزوبی چینی کرێکار و حەرەکەتی سۆسیالیستی ناو ئەو چینە لە چوارچێوەی رادیکالیزاسیۆنێکی نەزەری و فکریدا.ل15-(هەمان

سەرچاوەی پێشوو)] ئەم پەرگرافە و هەوڵەکانی ناو ووتارەکەی کۆنفرانسی دووی (بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست-عێراق)، بۆ خۆجیاکردنەوە لە (ک.ک)ی، هەوڵێکی مۆلەق و دوور لە ڕاوەستاوی لەسەر بنەمایەکی تیۆرێکی زانستی یە. لێکدانەوەیەکی زۆر کاریکاتۆرانەیەو، ئەنجام دراوە، پرۆسەی خۆجیاکردنەوەی جێ بە جێ نەکردووە بە کردار و بە تیۆور. بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی ووتەی سەرپێی و بێ میتۆددا قەتیس ماوە .

لە پێکهاتی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی یە جیا جیاکاندا ئەگەر هەبێت، دید و بۆچوونی جیاواز هەیە،و دەربڕی بەرژەوەندی و خواست و ئامانجی جیاواز و جیهان بینی جیاواز هەیە. بەم پێودانگە هەر بزوتنەوەیەک بڕوای بە بزوتنەوەی فکری (هزری) و سیاسی و کۆمەلایەتی بەرامبەری خۆی نی یە، یان دژکاری لەگەڵیدا هەیە. بەم هۆیەوەیە ناتوانێت لەگەڵیدا یەک بگرێت و هاو خەباتی هاو ئاهەنگی چینایەتی پێکبهێنێت، ئەگەر سەرچاوەی سیاسەت و بەرژەوەندی ئەو بارە، خاڵ بەندی هزری و سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتی جیاواز هەبوو. بەلام ئەگەر ئەو لایەنانەی بنەڕەتی پێکهێنانی جیاوازی بوونی نەبوو، ئەوا هەر جیاوازی یەک بە مانای جیاوازی نایەت، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتی دەستە چێتی و دابڕ دابڕی بزوتنەوەکە. ئەمەش سیاسەتی دوور سنووری یە لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و دەربڕینی پارێزگاری کردنە لە بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵە کەمەی کە دەستەی جیا جیا دروست دەکەن و دوور لە پرەنسیپی کۆمۆنیستە زانستی یەکانە.

ئەگەر ئەو لایەنە جیا جیایانەی لە بزووتنەوەی چەپی ئێراندا هەبوویێت. ئەوا جیابوونەوە یان کارێکە و ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت،و بە بارێکی نەگەتیڤانەی ئەو لایەنەی کە جیابووەتەوە بقەبلێنین. بەلام لە چەپی وورده بۆرژوازی ئێراندا ئەو لایەنانەی کە کاریگەری لەسەر جیابوونەوە دادەنێن بوونیان نەبووە. بەڵکو تەنها لە هەندێک لایەنی شێوەیی یەوە جیاوازی یان دروست کردووە و دووریش بوون لەسنووری خواست و وویستەکانی بزوتنەوەی چینایەتی چینی کرێکار. کەواتە شکستی ئەو تیۆرەش کارێکی و پرۆسەیەکی چار هەڵنەگرتووە و بە حەتمی ڕووی دەدا وەکو ڕوویدا. لەبەر ئەوەی شکستی تیۆری وورده بۆرژوازی، جارێک بەهۆی پێشکەوتنی بەرهەم هێنان و، لەبارێکی تریشدا بەهۆی دواکەوتن و تەنگژەی ئابووری یەوە ئەنجام دەهێنێت. چونکە لە هەردوو بارە جیاواز و ڕەوشەکانیدا، لەبەر دەم لافاوی ڕاماڵینی بنەماکۆمەلایەتی یەکانیدا خۆی بگرێت، واتە لافاوی پێشکەوتن و تەنگژەی ئابووری کۆمەلایەتی ڕای دەماڵێت و بنەما کۆمەلایەتی یەکەشی گوم ناو دەکات. چوونکە لە هەردوو

بارەکەدا پایەی ئابووری ئەو توێژ گەلە لەگەڵ سفردا جووت دەکات. واتا یان دەبێت لەگەڵ پرۆلیتاریادا خۆی جووت بکات، کە ئەمەش کەم بار هەیە ڕوودەدات،یادەبێت خۆهەڵواسێری بۆرژوازی و سەرمایەداری بێت. بێگومان زۆر جاریش جووت بوونیان لەگەڵ چینی کرێکاردا، لەپێناوی جێگیری و ڕاوەستاوی پایەیکۆمەڵایەتی و ئابووری توێژایەتی یەکەی خۆیدایە. ئەم دەستەش ناتوانێت جارێکی تر و بۆ ماوەیەکی درێژتر سیاسەتی هەڵخەڵێتێنەرانەی درێژە پێ بدات. لەبەر ئەوەیە نەیتوانیوە لەسەر پێ ڕاوەستاوی خۆی بۆ کاتێکی تر بەردەوام بکات .

لێکدانەوەکانی (ئەحمەد معین) خەیاڵی یانەیە و دوور لە ڕەخنە گرتنێکی زانستی یە وە سەرچاوە یان گرتووە، و هەروەها ڕەدووی بڕوا و بۆچونێکە کە (رضای مقدم) و (ئیرەجی ئازەرین) بەیانیان کردووە.

ئینتیقالی (گوێزانەوەی) حیزب بۆ ناوچینی کرێکار، ئەگەر فۆرمەکەی و ڕیتمی ئیش کردن و تیۆر و هزر و سیاسەتی چینایەتی ناو میتۆدی بزاوتنی، لەگەڵ خواست و داخوازی مێژوویی دا جووت نەبێت، بزوتنەوەکەی بە ئاڕاستەیەکی زانستی و چاوبینی ماددی بابەتی یانە و شۆڕشگێڕانەدا نەڕوات، ڕێگە چارە و داخوازی یەکانی وەڵامی پێویستی یەکانی چینی کرێکار،و لە پێناوی داخوازییە مێژوویی یەکانیدانەبێت!!! بێگومان هەر هەوڵێک بە پێچەوانەوەبدرێت،و کار کردنەکەشی و کاریگەریەکەی ناوجەرگەی چینی کرێکار بگرێتەوە و داگیری بکات، ناتوانێت ئەنجام کارێک یان بەردێک بخاتە سەر بەردێک بۆ چینی کرێکار. لەبەر ئەوەی ئاڕاستەی هوشیاری و هوشیارکردنەوەی چینی کرێکار بە ئاڕاستەیەکی جیاواز و دوور لە بەرژەوەندیەکانی لە ناو جەرگەی بزوتنەوەکەیدا بەرهەم دەهێنرێت .

لەلایەکی ترەوە ڕادیکالیزم ناتوانێت، تیۆری بزووتنەوەی چینایەتی ئەو چینە شۆڕشگێڕەبێت، لەبەر ئەوەی دووبارە کردنەوەی هەمان میتۆد و هزر و فەلسەفەی ڕابردووە لەژێر ئەو ناونیشانەدا، هەروەها ڕادیکالیزم ناتوانێت دەربڕی ناوەڕۆک و کاکڵەی خواست و ویستی مێژووی چینایەتی ئەو چینە بێت و لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردا پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکەی و ڕیتمی ئاواز و خوێندنی ناوازەیە بە پایەی هزری و سیاسی مارکسیزم. هەروەها ناتوانێت ڕێنوێنی کاری پایەی بزووتنەوەکە بێت. بەڵکو مارکسیزم بە شێوە دیالێکتیکی یەکەی و بەکار هێنانی دیالێکتیکیانەی، دەتوانێت لایەنی گەشەدار و ڕێنوێنی کاری ئاسۆی سیاسی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ناوچینی کرێکار بێت. ئەگینا هەر هەوڵێکی تر، مەلە کردنە لە هەوادا و ئاڕاستەگۆڕینی بزاڤی چینایەتی یە لەناو چاوبینی

بزووتنەوەکەدا. لەم سۆنگەیەوە پێناسەی (ئەحمەد معین)و دەستەکەیان بۆ حیزب و پەیوەندی یەکانی، پێناسەیەکی ئیسکۆلاستیکی یە و دوور لە ڕاست ڕووی ماددی و بابەتی دروست بوونی حیزب و بەهای پێکهێنانی حیزبە و بەیان و پێناسێکی نابینایە لە خاڵێک و ڕوو تەختێکی و نەگەتیڤانە داکۆکی لە فۆرمێکی بێ ناوەڕۆک و بۆرژوازی دەکات. دیدگای پێکهێنەری حیزبی لەلای ئەو دەستەیە دوورە لە پەرەنسیپەکانی حیزب و دیسپلینی ڕێکخراوەیی و سیاسی و چینایەتی چینی کرێکاری هوشیار و کۆمۆنیستە زانستی یەکان .

جارێکی تر بۆ جیاوازی بەیان کردن و پیشان دانی فۆرمی جیاوازی پێکهێنانی حیزب، لە کۆنفرانسی دووی یاندا بەم شێوەیە باس دەکات [ بەو پێ یە ئەحزابی کۆمۆنیستی، پێش هەر تەعریفێکی تر، یانی ئەحزابی چینی کرێکار و مەیلێکی دیاریکراوی ناو چینی کرێکار. بۆ بەدەست گەیشتن بە حیزبی کۆمۆنیست یانی تەحەزوبدان بە حەرەکەتێکی قائم بەزات و مەوجود. ئەو کارە پرۆسەیەکی تەنها فکری نی یە، عەمەلیەیەکی بەرنامەیی نی یە، بەڵکو پێش گشت ئەوانە عەمەلیەیەکی کۆمەڵایەتی و ماددیە. بەو مانایە وە ختێ ئێمە بەتایبەت باس لە تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەکەین، مەبەستمان بەڕێک و ڕەوانی ئەوەیە کە بچین ڕاستەوخۆ ئەو حەرەکەتە مەوجودە لە کۆمەڵدارێک بخەین و بەوپێ یەش بەرنامە و ڕێکخستن وەکوبەشێک لە پێویستی یەکانی ئەو کارە خۆیان دەسەپێنن. ئەوانە پێویستی و فاکتەری سانەوین بۆ ڕێکخستنی ئەو حەرەکەتە.ل17-(هەمان سەرچاوەی پێشوو)-(هەمان ووتاری ئەحمەد معین).)] ئەم پێناسەیە بێجگە لەوەی دیسپلین و پەرەنسیپە حیزبی یەکانی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان، فەرامۆش دەکات،و لە ڕێکخراوکردنی سیاسی چینایەتی و حیزبی دا بە ئەرکی بنەڕەتی چاولێ ناکات. لەم ڕووگەیەوە نەیتوانیوە ئەلتەرناتیڤی فۆرمی حیزبی ڕابردوو بەرجەستە بکات. هەروەها فۆرمی ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی و هەوڵی ڕابردووی دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و عێراقی،تێ نەپەڕاندووە .

زات (تاک) لەناو حیزبدا ئەندامانی بەرجەستەی حیزبە. ئەندامانێک دەبێت هەڵگری سیاسەت و پرەنسیپەکانی ڕێکخراوەیی و سیاسی حیزب بن . لەبەر ئەوە زات لەگەڵ بابەتدا پەیوەندییەک دروست دەکەن، کە بابەتی ناو پانتایی چاوبینی ماددی، لەڕوو تەختی خۆیدا، پرۆژەی بەدەست هێنانی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی تیادا ڕاڤە و پرۆسیس دەکەن. لەو ڕێگەیەوە ئامانجی حیزبی تیادا جێ بە جێ دەکرێت.لە ئێستادا بابەتی سیاسی کۆمۆنیستە زانستی یەکان، دژ دانە بە ڕەووشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری. ئەو سیستەمە بێ

ئەنجام دانی کرداری سیاسی (خود)ە کانی ڕێکخراوو بە دیسپلین و گۆڕان هێنی بە پەڕەنسیپی، ناتوانێت گۆڕانی بەسەردا بێت. لە ئەنجام دانی ئەم ئەرکەشدا، بەرنامە ئەرکێکی گرنگی دەرخستن و بەیان کردنی ئەو ئامانجەی لە ئەستۆدایە. چوونکە بەرنامەی هەر حیزبێک، بەیانی ئامانجی چینایەتی و داخوازیەکانی حیزب دەکات. بەرنامەکانیش هەڵێنجراوی هێز و بڕشتی هزر و تێوری کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتی یە. کەواتە لە دروست کردنی حیزبدا، هزری دروست بوونەکەش، پەیوەندی بە ڕاستڕوویەوە هەیە، بەم پێ یە ڕاستڕوویی دەست نیشانی ئەوە دەکات کە ئەندامانی ڕابەڕی تیووری و هزری ناو ڕێکخراوەکەی، ئەرکێکی گەورە و گرانی لەسەر شانە، کە دەبێت بە دیسپلین و بە پەڕەنسیپ بێت، ئەگینا ئاڕاستەی ئامانج نازانین لە چ بۆشایی یەکدا هەڵدەواسرێت. هێڵە بەرنامەیی یەکانی حیزب، ئاسۆی ڕۆشن و گۆشەی تاریک و ڕوونی سیاسەتی حیزبی کۆمۆنیست دەست نیشان دەکات .

بەڵام (ئەحمەد معین) درووست بوونی حیزب گرێ دەدات بە بزووتنەوەیەکی خود بە خودی یەوە. ئەمەش لێکدانەوە و ڕانانی ڕابردووی پەڕەنسیپەکانی ڕێکخستن و دیدگای حیزبە کۆنەکەیەتی. ئەگینا ناتوانرێت لە دەستوور کاری چینی کرێکار و کۆمەنیستەکاندا، دروست کردنی حیزب پرۆسەیەکی بە بەرنامە و بەرنامەیی نەبێت. لەبەر ئەوەی هەموو کردەیەکی کۆمەڵایەتی و ماددی ناتوانێت ئامانجی کۆمەڵایەتی یان هەبێت، یان لە هەموو کاتەکاندا کردەیەکی بە بەرنامەیی بێت. لەبەر ئەوەی ڕانان و هەوڵەکانی لە پرۆسە جیا جیاکاندا، لەسەر ئاستی دروست بوونی حیزبدا و پرۆسیس کردنی بەرنامەی سیاسی لە ڕوانگە جیا جیاکانەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەمەش ناتوانێت سیاسەت و هەوڵی دروست کردنی حیزب لە بۆتەی تەسکی بێ بەرنامەیدا ئامانجی لەقاڵب بدات. هەروەها ناکرێت حیزب لە کردەیەکی بەرنامەیی دووری بخەینەوە و بیسپێرین بەوەی کە خود بە خودی دروست بێت .

کاتێک و لەساتێکی مێژوویی دا، حیزب لەناو مەیلێکی چینی کرێکاردا دروست دەبێت، مەیل و بۆچوونی ئەو توێژە دەبێت بە پەڕەنسیپ و سیستەمی هزری حیزب. لەو ێشەوە بەرژەوەندی ڕێژی حیزب دەکرێت لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو توێژگەلەدا. ئەم کردەیە لە ڕاڤە کردن و پرۆسیس کردنیدا سیاسەتی بەرجەستە و باوی ناو حیزب دەبێت. ئەمەش ناتوانێت چینی کرێکار و ئەندامێتیان لەو پێکهاتە سیاسی یەدا کە لەوانەیە پێکهێنانی بنە ڕەتی بن، ناونیشان و بەرنامەی حیزب لە گۆشەیەکی تردا بەدەربخات. لەبەر ئەوەی سیاسەتی ناو پێکهاتەکە دەبێت هووشیاری لە پێناو

بەدەست هێنانی ئامانج و سیاسەتی ناو هووشیاری بێت. لەڕووییەکی ترەوە هەموو مەیلەکانی ناو چینی کرێکار، ئاسۆ ڕۆشنی خۆیان هەیەو، هووشیاریشیان لەکار و کردەوەیەکی سیاسیدا ڕۆشن و بەر دەست دەکەون.

پێویستی ڕێکخراو بوون و پرۆسەی بە حیزبی بوونی بزووتنەوەی چینی کرێکار، کۆمۆنیستەکان لە پێش هەرکارێکی تردا لەبەر چاو دەگرن و بە گرنگی دەزانن. بۆیە ئەو مەیلەی ناو چینی کرێکاریش هەر بەو شێوەیە دەتوانن ئاسۆ دارکردنی بزووتنەوەکەیان بەدەر بخەن، گرنگی ڕێکخراو بوونیان لە پرۆسیسی سیاسی کار و کردەوەکانیان لەسەرو هەموو کار و ئەرکێکی تریدا دادەنێین. بەڵام هەتا ئەم چرکە ساتەش پرۆسەی پێکهێنانی حیزب دوور بووە لە پرۆسەیەکی خود بە خودی و بەو شێوەیەش پێکهاتێکی شەق و شڕ دەبێت. بەڵکو پرۆژەیەکی نەخشە بۆ ڕێژکراوی ناو چاو بینی ماددی و مامەڵە کردنێکی بابەتی یانەیەو، خاوەنی بەرنامەیە .

هیچ تیۆری سەنێک و هیچ مرۆڤێک ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە سەرمایەداری، لەناو جەرگەی سیستەمی ئابووری و سیاسی و پرۆسەی بەرهەم هێنانی دا بزووتنەوەیەکی چینایەتی چینی کرێکار هەیە و داخوازی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆی هەیە و گەرای دژ بە پێکهاتنی ئەو سیستەمی هەڵگرتووە. حیزب هەبێت یان نەبێت، ئەو بزووتنەوەیە بوونیان هەیە،و جووڵە و میکانیزمی لە کردەوەیەکی خود بە خودیدا بەدەر دەکەوێت. هەروەها حیزب دەبێت و دەتوانێت لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا جوڵانەوەیەکی بە دیسپلین بێت و، بەڕێ بخات و هێز و بڕشتی زیاتر بە بزاڤی داخوازیەکان بدات. بە پێچەوانەی (ئەحمەد معین)ەوە کە بەرنامەو ڕێکخستن بە فاکتەری بنەڕەتی دروست بوونی و ڕێکخەری حیزب نابینێت و لە گۆشەیەکی فەرامۆش کراو،و لە ئەرکێکی لاوەکی دا دەیانبینێت. بەڵام کۆمۆنیستە زانستی یەکان پێش هەموو شتێک بە بەرنامە ڕێژی و لەسەر زەمینی ماددی کۆمەڵگادا، دەست بۆ دروست کردنی حیزب دەبەن،و پێکهاتە سیاسی یەکەشی و گرنگی بۆ ڕزگاری چینی کرێکار باش درک پێ دەکەن. کۆمۆنیستە زانستی یەکان هەڵگری هووشیاری یەکی چینایەتین، لەبەر ئەوەیە چێوەی بابەتی دروست بوونیشی بە هووشیاری و زانستی یانە وڵام وەردەگرنەوە، چونکە هوشیارییان خاوەنی بەرنامەیەکی چینایەتی یەو هەڵقوڵاوی خەبات و تێکۆشانی چینایەتی و بزوتنەوەیەکی سیاسی چینایەتی پێ پەیڕەو دەکرێت. ئاسۆشیان سیاسەتی ڕوون و ئامانج و داخوازی چینایەتی و مێژوویی هەڵدەگرێت.بەم پێ یە حیزب دروست کردنی لە ڕێگەی کردەوەیەکی بە بەرنامەیە و، لە بەرنامەی سیاسی و هزری و پراکتیکی چینایەتی کۆمۆنیستە زانستی یەکاندا بە گرنگی یەوە چاو لێدەکرێت.

بەڵام ئەوەی (ئەحمەد معین)باس و خواستی لێوە دەکات لە چوارچێوەی دیسپلین و پەڕەنسیپی دروست بوونی حیزبی دەردەچێت و دەچێتە پلە و پایەی بزووتنەوەیەکی خود بە خودی یەوە،و ئەو بزووتنەوەیەش، حیزبی بە تەواوی کامڵی لێی پێک نایەت و ناتوانێت پارچەکانی پەیکەرەی حیزب پێکەوە گرێ بدات. لەبەر ئەوەی بزاڤی خود بە خودی بزاڤێکی بێ بەرنامە و بێ دیسپلینە. کەواتە ئەو هەوڵەی (ئەحمەد معین) هەوڵێکی نەزۆکە و ناتوانێت بێ ئەلتەرناتیڤی درکی و دیدگای دروست بوونی حیزب بێت و فۆرمێکی جیاواز لە فۆرم و دیدگای حیزبی (حککا)و(حککع)دروست بکات. ئەو دیدگایە بە هەڵە دەڕوانێتە دروست بوونی حیزب و سپاردنی یەتی بە خەیاڵ و لێکدانەوەیەکی زهنی. گرنگی میتۆد لە حیزبدا لە هزری حیزبەوە سەرچاوە دەگرێت .

بزاوتی ئێستای بزاڤی چینی کرێکار بە شێک لە ڕێکخستنی یەکانی حیزبی بۆ تەرخان دەکرێت،و لە هەوڵی یەکانگیر و ئاسۆ کردنی حیزب بە ئاسۆی چینی کرێکار دەچێتە دەستوورکاریەوە. نەوەکو بە پێچەوانەوە حیزب بە بەشێک لە بزاوتنە کۆمەڵایەتی یەکەی چاو لێ بکرێت. چونکە مەرج نی یە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار حیزبی تیادا جێگا ببێتەوە یان حیزبی وەک ڕێکخستن لیَ دەرنەکرابێت. بەڵام بزووتنەوەی حیزبی چینی کرێکار و کۆمۆنیستە زانستی یەکان لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی یەکەیدا تێکەڵ دەبێت،و ڕێنوێنی زانستی و بە دیسپلینی دەکات. بەڵام ئەم لێکدانەوانە لە لێکدانەوە و ڕانانەکانیان (ئەگەر هەبن). بزووتنەوەی بنیات نان.. بە پێچەوانەی دیالێکتیکە وە ڕاڤەکراون و دەکرێن و میتۆدێکی میتافیزیکایان هەیە. هەروەها نابێت حیزب لە بۆتەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا بتوێتەوە. بەڵام دەبێت بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستەکان، ببێتە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار،و پەیڕەوی سیاسەتێکی شیاو و زانستی کۆمۆنیستە زانستی یە هاو بەرژەوەندی یەکانی یان بکەن. هەروەها بزووتنەوە کۆمەڵایەتی یەکەی ئاسۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و مێژوویی خۆی دەست نیشان دەکات،و دەیکاتە هووشیارییەکی بەرجەستەی ناو خەبات، و لە هەموو لایەنی بزاوتە سیاسیەکانیدا، بزوتنەوەکە گەشەدارتر دەکات و زیاتر کرێکاران بە ڕێگا و پەرنسیپێکی سیاسیانە بەرەو کردەی سیاسیانەی خەبات و تێکۆشانی چینایەتی خۆی دەیانخاتە سەر سکەو لەگەڵ ئاسۆی مێژوویی و دوور یان جووتیان دەکات. کەواتە نە بەرنامەبە کردەیەکی سەرپێی و بێ گرنگ و نا بنەڕەتی لە پەرەنسیپیدا دەبێت و نە ڕێکخستن و دیسپلینەکانیشی بە خوادەسپێرێت. بەڵکو بەرنامە لەگەڵ بیر و هۆشی دروست بوونی حیزبدا،لەگەڵ چرکەساتی

بانگەوازی حیزبدا، لەگەڵ بیری حیزبایەتیدا، بەرنامەش پێشنیار دەکرێت و بوونی ماددی خۆی دەبێت. هەروەها ساتی ڕێکخستنی حیزب ساتی بەیانی دیسپلین و پەڕەنسیپەکانی یەتی. ئیتر چۆن دەکرێت ئەو دوو ئەرکە لە دروست بوونی حیزبدا لەبەر چاو نەگیرێت و ئەرک و فرمانێکی بنەڕەتی نەبێت. بەڵام (ئەحمەد معین) جارێک لەو نوسراوەیدا، دووبارەی ڕیتمی نوێی (منسوری حیکمەتی) کردووەتەوە و دەڵێت هەرکەسێک دەتوانێت ببێت بە ئەندامی حیزب ئەگەر ئابوونە و کۆمەکی ماددی حیزب بکات. ئەمەش خراپترین تێڕوانینی لیبرالیانەیە لەبارەی ئەندامێتی و پەیوەندی یەکانی حیزبەوە. چونکە دیسپلین ی حیزبی و پەیوەندی یەکانی لەلا گرنگ و بایەخدارنی یە. لە پرۆسەی پێکهێنانی حیزب و پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکانی دا، ئەندام هەموو شتێکە و بنیاتنانی بەهای پەیوەندی و پەیڕەوێکی حیزبی لەلایەن ئەندامەوە هیچ بەهایەکی نی یە. ئەو کردەوەیەی ئەوان و دووپات کردنەوەی لەلایەن ئەمانیش، سەرچاوەکەی لە دیدگایەکی نازانستی و تەنگژاویەوە هەڵێنجراوە، هەوڵەکانیش بێ سوود و بێ ئامانج دەردەکەون. کەواتە بێ بەهاترین لێکدانەوە (ئەحمەد معین)و دەستەکەیان لەسەر جیابوونەوەیان لە دیدگاکانی (ک.ک)و جیاوازی دروست کردن، بۆ بەیانکردن و دروست بوونی فۆڕمی حیزبی، ئەو دیدگایانەیە کە لە پێشەوە چەند نمونەیانم هێناو نەتەوە. بەڕاستی دەرچوون لەسەر ڕێگایەکی بەرز و نزم کەردا، دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست و ڕەوانی هاندان و ڕێکخستن، تەنها بە کۆمەڵێک ووتن و ووتنەوەی لێکدانەوەی بێ ناوەڕۆک و بێ لێ توێژینەوە دروست نابێت. بەڵکو دەبێت ڕیشەی بەدکارییەکانی ڕابردوو بکۆڵرێتەوە و ڕەگەی نازانستی و ژەهراوی دەربکەوێت. بۆئەوەی بزانرێت لەبەرامبەردا چ ئەلتەرناتیڤێک بەرجەستە دەکرێت و بەچ شێوەیەک پراکتیکی دەکەین و لەگەڵ بەرژەوەندی کام چیندا مامەڵە و پەیوەست دەکرێت.

ئاڵووگۆڕی چینایەتی و حیزبی و گۆڕینی لەپەیوەندی یەکی چینایەتی یەوە، بۆ جیاوازیەکی چینایەتی پێویستیان بە گۆڕینی پەڕەنسیپە چینایەتی یەکانی حیزب و بەرنامەکەیەوە هەیە .

چونکە گۆڕینی بەرنامەی حیزب دەتوانێت زیاتر ئەو ئاڵووگۆڕە دەست نیشان بکات. چونکە بەرنامە هەڵقووڵاوی تیۆری و جیهان بینی حیزب و چینی پێکهێنەری حیزبە. ئیتر حیزب لەدەرەوە دروست دەبێت یان لەناو چینی کرێکاردا، ئەوە لایەنێکی ترەو ناتوانێت کاریگەری گەورەی لەسەر بەرنامە هەبێت، ئەگەر بەرنامە دەربڕی خواست و

پێکهاتی چینایەتی و هەوڵە مێژوویی و ئاراستە مێژوویی کەی چینی کرێکار بێت. بەڵام هەوڵ و داوای بەرنامەی گۆڕاو دەتوانێت دەربڕی کاریگەرییەکی گەورەو ئاڵووگۆڕ هێنبێت بەسەر حیزبدا.

لەوتاری [ دەرک و متیۆدۆلۆژی کۆمۆنیزمی کرێکاری(ئینتقالی چینایەتی) دا (نزار عبدالله)، کەوتارێکی ناو کۆنفرانسی دوویان بووە. خوێندنەوەکانی ناوی، بەیانێکی سەیرو سەمەرەی لەسەرحیزب بەیان کردووە، بەناڕۆشنی ووتن و ووتنەوەکانی (رضای مقدم) لێک دەداتەوەو، لەڕێگەو بەرەنجامی درکی ناڕۆشنی خۆشیان نەیان توانیوە دەربازیان بێت، لەڕەووشی پێکهێنانی حیزب لەڕابردوودا. چونکە ئەو حیزبەی کە (رضای مقدم و منسوری حیکمەت و ئیرەجی ئازەرین و کورەشی مدرسی) پێکیان هێنا. لەبنەڕەتدا سیاسەتێکی ناکۆمۆنیستی و ناکرێکاری زاڵ و باڵا دەست بووە و باڵا دەستەو دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەو سیاسەتێکی لیبراڵی و پەرەنسیپێکی لیبرالی .

سەرچاوەگرتووی سیاسەتی حیزبی و بەرنامەی (ک.ک)، لەبەرنامەو ڕیتمی داخوازی یەکانی ووردەبۆرژوایی ئەورووپی وەرگیراوە، و بە پێشکەوتوو ترین بەرنامە ناوزەندیان کردووە. بەم پێ یە جیهان بینی(ک.ک)ی دەست نیشانی پەیوەندی و بەرژەوەندی چینایەتی وردە بۆرژوازی کردووە.

هەروەها بەرژەوەندی یان زۆر جیاوازە لە خواست و وویستەکانی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان. ئیتر حیزب دروست دەکرێت و دوایی دەیەوێت پەیوەندی بەچینی کرێکارەوە بکات یان لەناو چینی کرێکاردا دروست دەکرێت، هیچ کاریگەریەک لەسەر فۆرمی دروست بوونی حیزب دانانێت.بەڵام بەرنامەو میتۆدۆلۆجی، هزر و تیۆری حیزب دەستنیشانی پەیوەندی حیزب و چینی کرێکارو بەرژەوەندی یەکانیان دەکات. کەواتە ئەگەر بەرنامە نەگۆڕێت بەبەرنامەیەکی کۆمۆنیستی زانستی، ناتوانێت حیزبێکی کۆمۆنیستی زانستی دروست بێت، و ئەو حیزبە لەگەڵ داخوازی مێژوویی یەکانی چینی کرێکاردا جووت بێت.

(نزار عبدالله) لە کۆنفرانسی دووەم داو، لەناو ووتاری (دەرک و میتۆدۆلۆژی کۆمۆنیزمی کرێکاری(ئینتقالی چینایەتی)دا دەنووسێت [ هەتاکو خودی ئەو ئاڵوگۆڕو ئینتقالە چینایەتیەش هێندەی تر ناڕۆشن و نادیار تر بوو کاتێک هاوڕێ ڕەزامقدم دەڵێ بڕیار بوو ئەو ئینتقالە چینایەتی یە بکات و نەیکرد، ڕاستی یەکەی من لە هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەو حیزبەدا سەرەداوێک بۆ ئەو ئاڵوگۆڕو ئینتقالە بەرۆشنی شک نابەم. ل42 (باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست-عێراق) کانوونی

دووەمی-2000] دەبێت گوێزانەوەی چینایەتی لەلای نزارعبداللە و رضای مقدم. لە چ جێگەیەکەوە دەست پێدەکات، و لەکام پەیوەندیدا کۆتایی بەسووڕی خۆی دێنێت!! ئایا گۆڕانەکان تەنها گۆڕانی پەیوەندی یە چینایەتی یەکانە، یان گۆڕانی میتۆدە بەتەنها، یان گۆڕانی هەردوولایەنی پێکەوە گرێدراوە!! ئەم پرسیارو نیشانەی سەر سووڕ هاتنە لای ئەوان مانای جیاوازی لەگەڵ گۆڕاندا هەیە. بەلام بەدیدی زانستی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستە زانستیەکان. لایەنی تیۆورو هزرو سیاسەتی حیزب لەگەڵ پەیوەندی چینایەتیەکەیدا، ئەگەر گۆڕانی بەسەردابێت، ئەوا گوێزانەوە بە پێی هەوڵی میتۆدو دیدگای هزری حیزب لەگەڵ بەرژەوەندی و دژی بەرژەوەندی چینایەتی چینی کرێکار،جێ بەجێ دەبێت. ئەگینا تەنها لایەنی پەیوەندی گرتنی چینایەتی گۆڕان و گوێزانەوە پێک ناهێنێت.

بەلام لەلای ئەوان پرۆسەی گوێزانەوەکە پێچەوانە دەبینن و باس دەکەن، هەروەها دیدگایەکی میتافیزیکانەش سەرچاوەی بیرو هۆشیان داگیر دەکات.

لەلایەکی ترەوە (نزار عبداللە) و دەستەکەیان لەساتەکانی پێشتردا، پێش ئەوەی لە (ک.ک) ی جیاببنەوە، بە چ هۆیەک ئەم قسەو باسانەیان نەکردووە! کەلە پەرەگراڤەکەیاندابەشێوەیەکی شێواویش هەیەو نەیتوانیوە ووتەو درکی ڕۆشن بێت لەسەر گوێزانەوە .

هەروەها لەڕابردوودا بە چ هۆیەکەوە درکیان لەسەر ئەو ڕەوەندە و ئاوزانی سیاسەت ومیتۆدەکە نەبوون!لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش درکیان زۆر نارۆشنەو نەیتوانیوە بەتەواوی جیاوازی یەکان ببینن و جیهان بینی (ک.ک)ی پێ بزانن و فەلسەفە و میتۆدیان بناسن. لەگەڵ ئەوەشدا نەشیان توانیوە دەست بە میتۆدێکی زانسی یەوە بگرن و لێکدانەوەکانیان زۆر نازانستی بێ سەرو پێ یە، و لەگەڵ جیهان بینی و توێژینەوەو شیکاریەکانی تیۆری مارکسیزم پێچەوانەیە.

هەروەها لێکدانەوەو سیستەمی ئاوەزی دروست بوونی حیزب لەلای ئەوان پێچەوانەیە لەگەڵ پەرەنسیپی پێکهێنانی حیزب و داخوازی و ستراتیژی ناو ناوتیۆری مارکسیزم. چونکە بەتەنها گوێزانەوەو بارگە هەڵگرتن بۆ ناو چینی کرێکار، بێ گوێزانەوەی تیۆری و هزری مارکسیزم، و پەیوەندی سیاسیانەی چینی کرێکار بەحیزبەوە، گوێزانەوەیەکی شێوەیی یەو لەدەرەوەی پرۆسەی بە دەست هێنانی حیزب و ئامانج و ستراتیژی داخوازیەکانی چینی کرێکاردایە.

خەون و خەیاڵی (نزار عبداللە) و دەستەکەیان و رضای مقدم و دەستەکەی ئەوانیش، لێکدانەوە و جیهان بینی یان ناتوانێت وەڵامی بنەڕەتی گۆڕانی بزوتنەوەیەکی ناکۆمۆنیستی و داخوازیەکانی وورده‌بۆرژوازی بێت، بۆ بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی زانستی.لەبەرئەوەی گۆڕان لە بنەما تیۆری و جیهان بینی یەکەیدا نی یە. هەروەها نەیان توانیوە ژەنگ و ژاری سیاسەت و میتۆدی (ک.ک)ی بەتەواوی لە خۆیان بتەکێنن. بەڵکو دووبارەو سێ بارەی هەمان ستراتیژو دروشمی ستراتیژیان کردووەتەوە. هەربۆیە گۆڕان شێوەیی یەو ناوەڕۆکی نەهەژاندووە. ئەمەش لەبەشەکانی دواتردا زیاتر ڕوون دەبنەوە و لێرەدا وازی لێدەهێنین.

لەکۆتایی قسەو باسەکانی (ئەحمەد معین)دا، کەلە کۆنفرانسی دوەمدا کرد بووی، درکێکی زۆر ناچاوبینی ماددی و بابەتی و دوور لە پێک هات و کاکڵەی حیزبی کۆمۆنیستی زانستی درکاندووە. بەیانی پێک هێنانی حیزب و سیاسەت و ستراتیژی حیزبی کۆمۆنیستی بەم شێوەیە باس کردووە [ لەمقابلدا ئێمە پێمان وایە نوقتە عەزیمەت و دەست پێکردن و هەنگاوی یەکەم بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست، بریتی یە لە تەحەروک لەسەر پایەو لەدڵی هەمان حەرەکەتەوە. ل52-هەمان سەرچاوەی پێشوو]. ئەم لێکدانەوەو پێشنیار کردنە بۆ دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیست نازانستی نادروستەو پایەیەکی سەندیکای هەیە.چونکە دروستکردنی حیزب ناتوانرێت لەسەر پایەی بزوتنەوەیەکی ئابووریيانەی چینی کرێکار پێک بێت. بەڵکو دەبێت لەناوجەرگەی ئەو بزوتنەوەیەدا کایەی سیاسی و پرۆسەی پەیوەست کردنی ئەندامانی ئەو بزوتنەوەیە بەسیاسەت و پرۆسیس کردنی سیاسەتی حیزبەوە ئەنجام بدات. لەبەرئەوەی ئەو بزوتنەوەیە و کردەی ئەندامانی بزوتنەوەی ئابووری چینی کرێکار پەیوەندی بە پێکهاتی چینایەتی سەرمایەداری یەوە هەیەو ئامادەگی ئەو بزوتنەوەیە لەگەڵ بەردەوامی ژیانی سەرمایەداریدایە.

لەبەرئەوە دەبێت سیاسەتی ناو ئەو بزوتنەوەیە بەپرۆسەیەکی سیاسی تر بگۆڕدرێت کە هەڵگری سیاسەتی لەناوبردنی دەسەڵاتی سەرمایەداری بێت و سیستەمی ئابووری سیاسی یەکەی بگۆڕدرێت بەئامانج و بەرژەوەندی مێژوویی چینی کرێکار.

هەروەها حیزب میکانیزمی گۆڕانی ئەو داخوازیو هەڵوێستانەی چینی کرێکار بۆ داخوازی و هەڵوێست گیرییەکی تری بەهێزو دیسپلین بەرجەستە دەکات. واتە ڕێکخراوکردنی بزوتنەوەکە و گەشەدارکردنی ئاسۆی سیاسی چینایەتی

و دەرکردنی ئەو بزوتنەوەیە لە دروشم و پلاتفۆرمی ڕیفۆرمیستی و هەڵوێست و کردەی ڕیفۆرمیستی و گۆڕانی بە پلاتفۆرمی سیاسی و شۆڕشگێڕ و گۆڕان ئامێز و بە کردەوە .

بەڵام دروست کردن لەسەر هەمان بزوتنەوەی ئابووری و لەسەر پایەکەی، ساختمانی حیزب و پرۆسەی پێکهێنانی کارێکی ناوازەی سروشتی پێکهێنانی حیزبە. لەبەرئەوەی جۆرو بابەتی پێکهێنەری حیزب و پایەکەی دەست نیشانی توانا و هێزی سیاسی دەکات .

ئەم مۆدیلە خراپترین درکی ڕابردوویانە و،جارێکی تریش لەکاتێکی دواترو لە شوێنێکی تردا بووەتەوە بەهەمان سیاسەت و میتۆدی پێکهێنانی حیزب. دووپاتەی هەمان زهن و پلانی ڕابردووی هەڵگرانی بڕوای (ک.ک) ی یەوە، دووپات کردنەوەو ڕۆیشتن لەسەر هەمان ڕیتم و هەمان سیاسەتی ڕابردوو دروست دەکات. بەم پێودانگە ئەمان نەیانتوانیوە جیاوازی ڕیشەیی دروست بکەن لە نێوان فۆرم و پلانی پێک هێنانی (حککع) و (حککا) و وێنە کێشانی لە پێناو دروست بوونی حیزبی ئایندە.

لەلایەکی ترەوە لێکدانەوەکەی (ئەحمەد معین)، وا چاو لێدەکات کە گوێزانەوە چینایەتی یەکە جێ بەجێ دەکات ودەتوانێت ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕەووشی دروست بوونی حیزبی ڕابردوودا بهێنێت. بەڵام پێک هێنانی حیزب تەنها گرێنەدراوە بە دروستبوونی لەناوکارگەکاندا، یان لەناو خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ئابوورییدا. بەڵکو بەستراوەتەوە بە ئەلتەرناتیڤ و سیاسەتی جیاواز لە پایەی بۆرژوایو وورده بۆرژوازی گرێدراوە بە بەرچاو ڕۆشنی سیاسی و هزری و میتۆدۆلۆجی پێکهێنەرانی حیزب و سیاسەت و بەرنامەکە یەوە. نەوەکو سەرەو خوار هەڵواسینی حیزب و دروستکردنی بە پێچەوانەی سروشتی ئە سڵی پێکهێنەرانی حیزب و دژبە خواست و وویستی چینی کرێکار.

بەهۆی ترەوەو لە ڕێگەی گۆشە نیگای هەوڵ و کردەی پێویست نەبوونی هەندێک هەڵوێست گیری و بەپایەو هێزی دروست بوونی حیزب بەیان کردنیان، خۆ هەڵخەڵەتاندن و هەروەها درکێکی نارۆشنە لەسەر کاکڵەی ڕێکخراو بوون. بەڵام دەبێت بزووتنەوەی کرێکاری کۆمۆنیستی لە عێراق و کوردستاندا، ڕەوشەکانی پێشوو،و ئەزموونەکانی پێک هێنانی حیزبەکان تێ پەڕێنێت، و بەفۆرمێکی جیاوازو بە سیستەمێکی هزری مارکسیستی یەوە پێکهێنانی حیزب پرۆسیس بکات .

بەلآم هەتائێستا هەوڵ و لێتوێژینەوەیەکی زانستی و لێکدانەوەیەکی  ڕۆشن و سیاسەتێکی زانستی لەسەرپێک هێنانی حیزب نی یە، و نەیتوانیوە خۆی بسەپێنێ بەسەر ڕەووشی کۆمەڵگاداو بەسەرمیکانیزمی دروست کردنی حیزبدا کاریگەر بێت. بێ گومان لەلایەکی ترەوەو لەڕوانگەی ئێمەوە. لە دروست کردنی حیزبدا سەرخەتی سیاسی و هزری و تیۆری گرنگی بنەڕەتی یان هەیەو میتۆدۆلۆجی پراکتیک کردنی سیاسەت و ئامانجی حیزبیش، لە میکانیزمی خۆیدا بەهەمان شێوە بەشێکی گرنگی تری ژیانیان هەیە .

لەم سۆنگەیەوە پێویستە حیزب دیدگایەکی مارکسیستی لە دروستکردنیدا هەبێت و جیهان بینی یەکی فراوان و قوڵی لەسەر ڕەووشی کۆمەڵگاو پلەو پایەی بزوتنەوەکەدا هەبێت و بەشێوەیەکی کاریگەری یانە، کار بکات لەناوجەرگەی خەباتی ئابووری و سیاسەت و ئامانجی سیاسی خۆی بەسەر ئەو ناوەندەدا سایە بکات و ئاسۆی ڕۆشنی مارکسیستی بەشیوەیەکی زانستی بەیان بکات. ببێت بەهۆشیاری و جیهان بینی بۆ چینی کرێکار و ئەو ئاسۆیەش بکات بە ئاسۆی سیاسی ئاڕاستەو جووڵانی بزوتنەوەی چینی کرێکار .

بەلآم گوێزانەوە بۆ ناو چینی کرێکار تەنها کارو کۆتایی هەوڵەکان نی یە. بەڵکو گرنگترلەوە میتۆدی کارکردن و ئاسۆی سیاسی حیزب و ستراتیژەکەیەتی. چونکە چەند ئەو لایەنانەی سەرخانی حیزب دەتوانن دەربڕی بەرژەوەندی یە مێژوویی یەکانی چینی کرێکار بێت! هەروەها هێڵە سیاسی-تیۆری و پراکتیکی یەکان چەند دەتوانن هێزو بڕشتی چینی کرێکاربن و هێزی گەورەو لەبن نەهاتووی ئەو چینە پیشان بدات! چونکە هێزی سیاسی ئەو چینە و ئاسۆ سیاسی یەکەی دەتوانێت هێزێکی بەفشارو ڕووخێنەری چینایەتی بێت لەسەر چینی سەرمایەدارو بۆرژوازی و سیستەمەکەی. ئەگەر ئاسۆسیاسی یەکەی دووربێت لە خۆبەدەستەوەدانی چینایەتی و وون کردنی ڕێگا مێژوویی یەکەی. بەلآم هەتا وەکو ئێستا ئەم لایەنەی بزووتنەوەی چەپ نەیان توانیوە قۆزاغەی بڕواو ڕانانی پێک هێنانی حیزب بشکێنن و لەسەر زەمینی نوێدا، هەل و مەرجێکی نوێی کارکردن جێ بەجێ بکەن.

لەلای ئەم بەڕێزانە تیۆرو سیاسەتی کارکردن هیچ گرنگی یەکی ئەو تۆی پێ نەدراوە. کەنارکردنی کاریگەری لەسەریان هەیەو نەیان توانیوە فۆرمێکی نوێی دروستکردنی حیزب، لە پرۆسەو میکانیزمی پێکهێنانی حیزبی خۆیان بەکاربەرن. ڕەووشی ڕابردووی پێک هێنانی (حککع) تێ پەڕ بکەن و لە سیستەمی هزری و پرۆسەکاری پێک هێنانی حیزبی (کۆمۆنیزمی کرێکاری) دوورخۆیان بگرن و ئەو سیاسەت و میتۆدە بدەنە دواوە.

لێرەدا دەچینە سەرووتاری (تەحەزووبی کۆمۆنیستی لەعێراقدا (زەروورەت، ماناکان، پایەکان و پێشمەرجەکانی))ی (ئەحمەد معین) ئەم ووتارەی لە پێش خوێندنەوەی لە کۆنفرانسی دووەم پیاندا، لەچەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزمدا بڵاو بووەتەوەو جارێکی تر دووپات کردنەوەی لە کۆنفرانسی دووەمدا بوبوە بەشێک لە تیۆری پێکهێنانی حیزب. بێ گومان ئەو ووتارە، کاکڵەی بڕواو بۆچوونەکانی هەتا ئێستاش کاریگەری هزری(ک.ک)ی پێوە دیارە،و نەیتوانیوە دەربڕی زانستی و چاوبینی ماددی بابەتی یانەی حزبی کۆمۆنیست بێت. بۆ گەواهی دان لەسەر ئەم بڕوایەی ئێمەبە شێک لە لێکدانەوەی بیری (ئەحمەد معین) لە نووسراوەکەو ووتارەکەدا دەخەینە ڕوو [ هەر ڕۆژە کەتێ دەپەڕێ، هەنگاوێکی زیاتر نزیک دەبینەوە لە ڕۆژی یەک لاکردنەوەی بارو دۆخی ئەم قۆناغەی عێراق، بۆیە کرێکاران و کۆمەڵگای عێراق، ئەمڕۆ لەگشت کات زیاتر پێویستیان بە حیزبی کۆمۆنیست هەیە. پێویستیان بەڕێکخستنی ڕیزەکانیانە بەشکڵی جەماوەری پان و بەرین. لەهەمان کاتیشدا و دروست بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی بەو جۆرە پان و بەرینە، پێویستی بە ڕێکخراوی حیزبی و هیئەی ئەرکانی ڕابەری خۆیەتی. ل64-65. باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی ............کانوونی دووەم-2000)] فۆرمی دروست بوونی حیزب و میکانیزمەکەی لە عێراقدا نەبەستراوەتەوە بە ڕەووشی ئێستاوە. بەڵکو دروست بوونی حیزب لەهەر شوێنێکی گێتیدا بێت، بایەخدانی دروست بوونی خۆی، لە پەیوەندی چینی کرێکارو سەرمایەدارەوەو سیستەمەکەی پەیدا دەکات.

هەروەها پەیوەندی کارو سەرمایە، ڕاو بوون بۆی و یان مڕکاری ئەو سیستەمەو هەوڵی لەناو بردنی بە پێی پەیوەندی و هەڵگری پەیامێکیانەوە، پەیوەندی حیزبیش بە کۆمەڵگاوە دەست نیشان دەکات. واتە حیزب کۆنە پارێزی یان پێشکەوتن خوازی، بەهۆی هەوڵ و تەقەلاو سیاسەتی کارکردنیەوە دەست نیشان دەکرێت. بەڵام ئەو لێکدانەوەیەی (ئەحمەد معین) بێ ناوەڕۆک و کرمۆڵەو دوور لە ئاسۆی سیاسی و میکانیزمی دروست کردنی حیزبی کۆمۆنیستی زانستی مارکسیستەکانە، و ڕانان و دیدگایەکی ووردە بۆرژوازی یانە دەست نیشان دەکات و لەگەڵ ناوەڕۆک و جیهان بینی بۆ حیزبێکی مارکسیست زۆر لێک جوودایە.

پێک هێنانی حیزب لە عێراق و گێتیدا، پەیوەندی بە ڕەووشی سیاسی و ئابووری یەکەیەوە نی یە، واتە گەشەو تەنگژەی ئابووری دەست نیشانی فۆرم و سیستەمی دروست بوونی ناکات. چونکە حیزب لە سیستەمی سەرمایەداریدا

لەهەرکات و ساتێک دابێت، بەپێی ئامادەیی دروست کردنی و فۆرمی دیفاکتۆی و زانستی خۆی و دیدگای ڕۆشنی مارکسیست بۆ پێک هێنانی حیزب، دەتوانێت پێویستی و گرنگی حیزب فەراهەم بکات .

ئیتر ئەوکاتە کاتێکی گەش و یان تەنگژەی سیاسی و ئابووری سیستەمەکە بێت، ناتوانێت کاریگەری لەسەر خواست و وویستی دروست بوونەکەی دابنێت. ئەو لێکدانەوەیەی (ئەحمەد معین) دوورە لە پایەو فۆرمی دروست بوونی حیزبەوە، هەروەها دوورە لەناوەڕۆک و پێکهاتی پەیکەری حیزبی کۆمۆنیستەوە.

لەئێستادا  کاتێک کۆمەڵگای عێراق لە ڕەوشێکی سیاسی و ئابووری جیاوازدایە، سیاسەتی پراگماتی ئیمپریالیزمی جیهانی ئاراستەی گۆڕانی بەو شێوە لەمەنگەنەداوە، بیرکردنەوەی مارکسیستەکان لەپرۆسەی پێک هێنانی حیزب لە بارودۆخەکەیەوە ڕەچاوناکرێت. بەڵکو دروست بوونەکەی لەبوون و ئامادەگی پەیوەندی کارو سەرمایەوە دەست نیشان دەکرێت. لەبەرئەوەی هەل و مەرجەکان لە سیستەمی ئێستادا ناکرێتە پێوەری دروست بوون.

بەڵکو دەبێت هەرکاتێک و لەهەر لایەک بوو، پێک هێنانی حیزب پەیوەست بکات بە ئامادەیی و دیدگا ڕوونی سەرخەتی سیاسی و هزری و چینایەتی کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار، و ئاڕاستەی حیزب و ڕەوەندی بزاڤەکەی دیاری بکات. هەروەها کەل و پەلی ئامادەو دروست کردنیشیان لەبەردەستدابێت.

دەبێت (ئەحمەد معین) ڕەووشی ئایندەی عێراق چۆن چاولێبکات؟! بەگۆڕانی چینایەتی دەزانێت یان نا؟. بێگومان ئایندە بەپێی نارێکخراوی چینی کرێکار، لە هەل و مەرجی دامەزراندنی پەیوەندییەکی چینایەتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار دەردەچێت، و ئاسۆیەکی سیاسی پراگماتی ئیمپریالیستی بەسەریدا باڵا دەست دەبێت، و ناتوانێت هەلوومەرجێکی تری خەبات و تێکۆشان لەبەردەم خۆیدا فەراهەم بکات و ستراتیژی مێژوویی تیادا بەرجەستە و ماددی بابەتی لەگەڵ پێک بهێنێت. بەپێی باس و خواستەکانی ئەو ووتارەی (ئەحمەد معین) بێت، وای دەوێت لەگەڵ هووروژمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا، حیزبێک لەکۆمەڵی حیزبی ئەوان پێک بهێنێت. نەگەتیڤی ئەو ڕانانە، بەیانی ڕووقۆقزی و ناگونجاوی پێک هێنانی حیزبە، و هێنانە خوارەوەی ئەو پرۆسەیەیەو پەیوەست کردنیانە بە ئاڕاستەو تەوژمی سیاسی کۆمەڵگاوە، و کارێکی نەشیاوی پراکسیسی کۆمۆنیستی یە .

ئەگینا بۆچی (ئەحمەد معین) لە پێش ئەو پەرەگرافەی سەرەوەدا دەڵێت [ بەبێ حیزبی واقیعی کۆمۆنیست خۆی پێشوازی لەو بارو دۆخە ئەکا] لێرەدا پێک هێنانی و زیندوێتی دروست بوونی لە پێناوی ئەوەدایە، وەک حیزبەکانی

تری ئۆپۆزیسیونی عێراقی پێشوازی کاری ڕەووشی گۆڕان و نەگۆڕانی دەسەڵاتی سەرمایەداری ئاینده بێت. واته ئەو ڕانانەی (ئەحمەد معین) بێ ماناو ووردە بۆرژوازی یه و ناتوانێت سیاسەتی دروست و زانستی کۆمۆنیستەکان بێت.

هەروەها بەهەمان سیاسەتی پراگماتی بەرژەوەندی بۆرژوازی و سەرمایەداریە، و بەئاراستەی بەیانی هاوتابوونی ڕێکخراوەیی بۆرژوازی یە. بێ گومان لەلایەکی ترەوە لەڕێکخراوبوونی توێژوو چینەکانی کۆمەڵگادا، حیزبە بۆرژوازی یەکان باسی هەموو توێژەکان دەکەن و هەوڵی پەیوەست بوونیان دەدەن، بەهێڵی سیاسی ستراتیژیانەوە، و دەیانەوێت لەگەڵ ئاراستەکەیاندا کە پێ بن.

هەروەها ئەمان لە پرۆسەی سیاسی یاندا بەتەنها پشت بە چینی کرێکار نابەستن و بەتاقەهێز و بڕشتی شۆڕش و حیزبی بەهەند وەرناگرن. لەبەرئەوەی بەهەمان دیدگاو لەسەر هێزی کەسانکۆی (جەماوەر)ی کۆمەڵ و وولات، و ڕێکخستنی یان و بەرینی کەسانکۆی پایەو هێزو تواناو سیاسەتی حیزب دەست نیشان دەکەن .

بەڵام کەسانکۆ پێک هات و بەرژەوەندی یەکانیان لەناو کۆبووەوەی کەسانکۆیدا جیاوازو بەیەک دژن. بێگومانیش دژایەتی یان لەسەر پایەدارکردنی سیاسەت و بەرژەوەندی خۆیانە بەسەر ناوەندی هەڵ سووڕان و چوارچێوەی کۆبونەوەیان. بۆیە سیاسەتی پشت بەستن بەکەسانکۆ سیاسەتێکی دژی بەرژەوەندی چینایەتی چینی کرێکارەو لەگەڵ سیاسەتی سەرمایە داریدا هاوجووتە. لەبەرئەوە ئێمە پشت بە کۆبوونەوەی کەسانکۆ نابەستین هەتاوەکوو هەموو بەرژەوەندی یە جیاوازەکان و توێژگەلەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکاردا جووت نەبن و ئاسۆیەکی مارکسیست و کۆمۆنیستی زانستی یان نەبێت.

لێرەوە دەبێت ئێمە لەوە تێ بگەین، کەفۆرم و سیاسەتی دروست بوونی حیزب، پابەند نابێت بەهەل و مەرجەکانەوە. بەڵکو پابەندە بە بوونی پەیوەندی کارو سەرمایەوە، واتا پابەندەبەوەی کە سیستەم و فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری لەدەسەڵاتدا بوون، ئیتر هەر ڕەوشێک ماددیەتی هەبێت و سیستەمی پەیوەندیەکان دەست نیشان بکات، ناتوانێت لەبەها و گرنگی پێکهێنانی حیزب کەم بکاتەوە.

دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی زانستی بۆ چینی کرێکار گرنگی خۆی هەیە. چونکە هۆیەکە بۆ کۆکردنەوەو هێزپێدانی چینی کرێکار. ئەو دیدگاو تێڕوانینەی کە (ئەحمەد معین)ڕاڤەیان دەکات. هەمان بڕواو بۆ چوونی (مەنسوری حیکمەت) و (ک.ک)ی یە، هەمان دیدی پرۆسەی دروست بوونی(حککع).

بەڵام گرنگترین ئەرک و فرمانی کۆمۆنیستە زانستی یەکان و چینی کرێکار، تێپەڕاندنی فۆرمی ڕابردووی پێک هێنانی حیزبە، و پێویستی بزوتنەوەکە بەدەستەوە گرتنی فۆرمێکی مارکسیستی یە. هەروەها ئاوەزو ڕانانەکانی جەخت لەسەر پێکهێنانی حیزب دەکات و بەئەنجامی پراکتیکی خۆی دەگەیەنێت.

بوونی پەیوەندی کارو سەرمایە دەست نیشانی پێک هێنان و پەیوەندی گرتنی حیزب و چینی کرێکاردەکات، بێگومان ئەو هەوڵەش سیاسەت و لۆجیکی هەڵسووڕانی خۆی گەرەکە، کەئەوەش لە پێکهاتی هزری و سیاسی و دیدگای مارکسیزمدا بەرجەستە و بابەتی هەموو ساتەکانی هەڵسووڕان پراکتیک کردنیەتی .

بەڵام ئەو ڕیتمەی (ئەحمەد معین) و (ک.ک)ی ڕیتمێکی کاتی و تێ پەڕەو ناتوانێت بەردەوامی بەژیانی حیزبی چینی کرێکار بدات. هەروەها ووتارەکەی (ئەحمەد معین) تێڕوانینی جیاواز جیاوازی تیادایە، و لە تێگەیشتنێکی ترەوە سەرچاوەی گرتووەو لەگەڵ یەکتردا ناوازەو نارۆشنن .

لەلاپەڕە(75)ی نووسراوی (باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست-عێراق)، بەرێژەیەک باش بەیانی پێک هێنانی حیزبی کردووە. بێ گومان لەباری سەرخەتی سیاسی و هزری و میتۆدی یەوە کۆڵ و دەست کورتە.

بەڵام پرسیاری حیزب بۆچی پێک دێت؟ لەپێناوی چیدا کاردەکات؟ هەروەها لایەن و دیدگا ڕوونی ئاسۆی سیاسی و هزریەکەی چی یە؟ بێ گومان ڕۆشن نین، و ئەو تیڕوانینانە ناچێتە وە سەرمیتۆدو فەلسەفەی مارکسیزم. لەلایەکی ترەوە درک و دیدگایەک لەسەر حیزب و پەیوەندیەکانی هەیە لەلایەن ئەو (دەستە و گروپ)ەوە بەڵام درکی مارکسیستی نی یەو وونە و ئامادەگی نی یە لە ڕانانەکانیاندا.

لەلای (ئەحمەد معین)و دەستەکەیان، تێکەوڵیکەی بڕواو بۆچوونەکانی یان فاکتەرێکی گەورەی لایەنی نەگەتیڤانەی سیاسەت و بیرکردنەوەکانیانە. باری پۆزەتیڤانەی ڕاڤەکاری سیاسەت و بەرژەوەندی یەکانی بەنەبوون سپاردووە.

لێرەوە چاوێک بەپێشەوەی ئەم نووسینەدا بخشێننەوەو لێکدانەوە جیاوازەکان ببینن و هەڵبسەنگێنن. لێکدانەوەکانیان و ئاسۆ سیاسی و چینایەتی یەکانی حیزبی ئەوان لەگەڵ ستراتیژو بەرنامە کارێکی زۆر لاوەکیدا

جووت بوون و کاردەکەن، و دروشمی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی) بووەتە سەرخەتی کارو فرمانیان،و هەروەها ئەو دروشمەش تێکەڵاوکردنی سیستەمی سۆسیالیستی و دەسەڵاتی چینایەتی یە .

بێ گومان تێکەڵ کردنی دەسەڵاتی چینایەتی و پەیوەندی مرۆڤانەی یەکسان و ئازاد، هیچیان ناتوانێت لەگەڵ ئەوی تردا پێکەوە ژیان بگوزەرێنن. بەڵام دەسەڵاتی چینی کرێکار پێویستی بەدەست هێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیزمی زانستی یە.

ستراتیژ لایەنێکی گرنگ و ژیانیتری ڕاوەستاوی و ئامانجداری حیزبە. چونکە تیۆری ناو حیزب و پەیڕەوی کردنی یان، دەتوانێت دەستنیشانی ئەوە بکات کە حیزب لەگەڵ ئاسۆی چینی کرێکارو ئامانجەکەیدا جووت دەبێت، و هەوڵەکانی لە پێناوی ڕزگاری ئەودا بەگەڕ دەخات.

تەنها چەند پرسیارو چەند ووتەیەک گرنگی تێڕوانینێک یان چاوبینی ماددی بابەتی و زانستی تێڕوانینەکە دەرنابڕێت. لەبەرئەوەی تێکەڵ نەکردن و لێک دانە بڕان لە سیستەمی هزری حیزبیش دا گرنگ و پێویستن. چونکە ناکرێت دووجۆر ئایدیاو دووهەوڵی جیاواز بۆ پێکهێنانی حیزب هەبێت .

یەک ئایدیا ناتوانێت دوو پرۆسەی جیاپێک بێنێت. لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە دیدگایە، ناڕۆشنی هزری بیرمەندەو هەروەها ناڕۆشنی و سەرلێشێواوی لەلای دەووروبەری دروست دەکات و ناتوانێت ڕێنوێنی و پرۆژەی دروست بوونی بکات. بێگومان تێکەولێکەی هزری لایەنی باوو بەرجەستەی ناو بیروهۆشی(ئەحمەد معین)ە. چونکە ئەو ووتارە لێکدانەوە و ڕانانەکانی لەسەر حیزب، لە پێش و پاشی ووتارەکەدا دوو دیدگای جیاواز درووست دەکەن، دژکاری دیدو بۆچوونەکانی ناویەک ووتاریان دەبینین .

ئەمەش ڕیتم و دیدێکی نازانستی یە لەسەر حیزب. چونکە لەیەک بابەت و یەک نوسراودا تەنها یەک جۆرتێڕوانین و لێکدانەوە دەتوانرێت بەچاوی وەرگرتنەوە بەهەند وەربگیرێت. ئەگینا دووبڕوا و بۆچوونی دژ بەیەک و لەسەر یەک بابەت یەک ئەوی تر لەناودەبات و کۆتایی پێ دێنێت.

باری لێک دانەبڕانیش دەبێت ئەولایەنە بگرێتەوەکەسیستەمی بیرکردنەوەی مارکسیزم و پێک هێنانی حیزب نابێت لێک جودا بکرێتەوە، و تا حیزب لە پێناوی بەرژەوەندی یەکانی چینی کرێکاردا ئاراستە بگرێت. دەبێت هەڵوێست و

ستراتیژی حیزب هەڵێنجاوی سیستەمی هزری و تیۆری و فەلسەفی مارکسیزم بێت و ئەو ڕێنوێنی بەپراکتیک کردنی سیاسەت و ستراتیژ بکات. لەبەرئەوەی ئامانجی دوور و نزیکی چینە کەو ئاسۆ سیاسی یەکەی بەشێوەیەکی زانستی بەرژەوەند پارێزی چینی کرێکار دەست نیشان دەکات.

رابەرایەتی حیزب سروشی(ئیلهام) لەو سیستەمە هزری و ئایدۆلۆژییە وەرنەگرێت، ناتوانێت ڕابەرایەتی تەواوی هەموولایەنەکانی کارو هەڵسوڕانی حیزب بکات و ئاسۆی سیاسی بزوتنەوەکەو ئەلتەرناتیڤی چینایەتی چینی کرێکار، لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداریدا بەشێوەیەکی زانستی بەیان بکات و ڕێنوێنی بزوتنەوەکەشی بۆ ناکرێت و بەرەو هەڵدێری سیاسی و ئایدۆلۆژیای دەبات.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

## -4-

## {ڕابەر لە حیزب دا}

حیزب چەند هۆو پێویستی ڕێکخراو کردنی چینی کرێکارە، ڕابەریش لە حیزبدا، پێویستی ڕێنوێنی سیاسی و هزری ڕێکخراویی ناو دەزگای حیزبە. ڕابەری هەر حیزبێک پێویستە لە پێش هەموو کردەیەکیدا توانایەکی باشی لەسەر ئایدیای ناوەڕۆکی حیزبی و ڕابەری کردنی چینەکەی هەبێت .

هەروەها دەبێت توانای یەکانی لەئاست و پلەی بەکارهێنانی فۆرمە هزری و سیاسی یەکاندا بەرزبێت. واتا ئەگەر لە چڵەپۆپەی بەکارهێناندانەبێت، نابێت لەئاست و پلەیەکی نزمیش دا بێت، چونکە ئەو پلەیەی تێگەشتن لە گێتی و بزاوتی ماددی کۆمەڵگاو ڕێنوێنی کاری سیاسی و جوڵاندنی بزوتنەوەکە بەئاستێکی باشترو گەشەدارتردا دەتوانێت دەست نیشانی ڕابەری بوونی بۆ بکات و شایستەی ڕابەری بوون لە گیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا ماددی و بە ر جەستە بکات. کەواتە مەبەست لەوەیە کە ڕابەر ڕێکخەرو هیدایەتکاری هەوڵ و تەقەلاکانی حیزبە، و هاندەرو هوشیارکاری چینی پێکهێنەری حیزبەکەیەتی.

هەروەها بەکارهێنەری ئاوەزی دۆزینەوەی ڕێگەو شوێنی گونجاو سیاسەتی دروستە، بۆ ئەنجام گەیاندنی ستراتیژی حیزبی چینەکەیەتی، و دەبێت بەیەکێک لەبنەما هەرە گرنگەکانی کەسایەتی ڕابەر، و بەو پێکهاتووە دەست نیشانی

دەکات. واتا ڕابەر دەبێت ئاسۆی سیاسی و چینایەتی حیزب و لێکدانەوەی هەل و مەرجەکانی ناو حیزب و دەرەوەی ماددی بابەتی کۆمەڵگا باش دەست نیشان بکات و پلانی گونجاو بۆبەدەست هێنانی ئامانجەکانی ئەو دەزگایەو بزووتنەوە چینایەتی سیاسی یەکانی دەست نیشان بکات. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی دەست نیشانی ڕابەرو پەیوەندی بەحیزبەکەیەوە دیاری دەکات.

بەڵام بەتایبەتی تر بۆ حیزبی چینی کرێکار و کۆمۆنیستە زانستیەکان، دەبێت رابەر شارەزایی یەکی باشی لەسەر میتۆدلۆجی و فەلسەفەی مارکسیزم و پرۆسەی بەکارهێنانەکانی لەناوحیزب و چینی کرێکاردا هەبێت، و چۆنایەتی پەیوەندی گرتنی سیاسەتی مارکسیست لەگەڵ سیاسەتی چینایەتی چینی کرێکار، و بەئاسۆی کردنی ناو بزوتنەوەکەی کاریگەری سیاسی و چینایەتی هەبێت. هەروەها ڕەوشی بەرهەم هێنان و دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەداری زۆر بەزانستی یانە هەڵبسەنگێنێت، و لەبەرامبەریشدا پلانی گونجاو بۆ سەرکەوتنی سیاسەت و ئامانجەکانی بزوتنەوەی سیاسی چینایەتی حیزبی چینی کرێکار دەست نیشان بکات و لە پرۆسیسی کارو کردەوەی هەڵسوڕانی سیاسی ئەوچینەدا ئامانجی سیاسی پراکتیکی یان هەبێت. هەروەها هەوڵەکانی سەرمایەداری و بۆرژوازی بۆ ڕێگەگرتن لەبەردەم خەبات و تێکۆشانی سیاسی و چینایەتی چینی کرێکارو بزوتنەوەکانی تێک و پێک بدات و ئەلتەرناتیڤی چینایەتی و زانستی لەبەرامبەردا پێشنیار بکات.

ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی پێویستە لەسەر ئاست و پلەی ڕێکخراو بوونی حیزب وچینی کرێکار لەناوئەو کارکەرەدا هۆشیاریەکی زیاترو ئامانجدار لە ناوچینی کرێکارو پەیوەندیە حیزبیەکانی دا دروست بکات. بێگومان هەموو هێزو برشتی ئەو سیاسەتەی لەسەر پلەی و ڕێژەی شارەزایی و لێهاتووی رابەر دەوەستێت. لەبەرئەوە دەبێت ڕابەر هەوڵی باشتربدات بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو شارەزایی بوون لەسەر دیفاکتۆو ڕەووشی بزاڤی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، دەستورکارێکی ڕاست ڕوویی تر بخاتە بەردەم ئامانجی بزوتنەوەکە، و بەئامانجی ئاسۆدارکردنی، هەروەها گەشەدار بوونی و فراوانی ڕەووشی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار ئاراستە بگرێت و هەوڵی بەدەسەڵات گەیشتنی ئەوچینە لەسبەی ڕۆژی شۆڕشدا بەرجەستە و چاوبینی بکات.

ڕابەر دەبێت ئایدیایەکی دۆگماتیستی نەبێت، و دۆگماش بەرهەم نەهێنێت. هەروەها دەبێت لێکدانەوەی ماددی دیالێکتێکی لەسەر ڕەووشی ماددی و چاوبینی هەبێت و پێکهێنەرە ماددی و بابەتی یەکانی بەشێوەیەکی زانستی

ڕەچاوبکات و مامەڵەیەکی زانستیانەی لەگەڵدا ئەنجام بدات، ئاوەزی هزری ماتریالیزمی دیالێکتێکی مارکسیزم چاوگی تێڕوانینە زانستی یەکانی فەلسەفی و میتۆدی ئەو بێت، و بەکاربهێنێت. لەهەموو لێکدانەوەیەکی بابەتی سیاسی و چینایەتی وئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێستادا پرۆسەی بەرهەم هێنانی ئاوەزێکی زانستی سیاسی شۆڕشگێڕ بێت.

ڕابەرنابێت هەل و مەرجی دیکتاتۆریانە بۆ پەیوەندی خۆی و حیزب دروستبکات. بەڵکو دەبێت زۆر زیاتر لە هەموو تاک یان تاکەکانی  تر گوێبیستی لێکۆڵینەوەو ڕانانەکانی ناو حیزب و دەرەوەش بێت .

مەرج نیە هەمووکاتێکیش ڕابەر لێکۆڵینەوەو ڕانانەکانی وەربگیرێت و باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرێت. بەڵام پێویستە ڕابەر زیاترچاوبینی یانە تر و بابەتی یانە دەست نیشانی کەم و کوڕی یەکان بکات و لەبەرامبەریشدا ئەلتەرناتیڤی ماددی و ڕاست ڕووی دەست نیشان بکات. هەروەها هەرڕەوشێکی ڕۆژانە کە دەردەکەوێت لەسەر زەمینی کۆمەڵگا دەبێت لێکدانەوەی نزیک و بابەتی یانەی لەسەر هەل و مەرجەکانی پرۆسیست بکات و ئاسۆکانی حیزب بەرێگەی گەشەدارکردنی هەل و مەرجی خەبات و بزوتنەوەی شۆرششگێڕانەکانی ببات. و هەروەها هەڵوێست و دەستوورکاری حیزب لەبەرامبەر یدا دەست نیشان بکات .

بەم پێ یە ڕابەری حیزب دەبێت لەهەموو لایەنەکانی بزوتنەوەکەو ئامانجی حیزب و ڕێکخراو بوونیان پێشبینی دیفاکتۆو زانستی خۆی هەبێت، و زیاتر گەشەی بزووتنەوی کرێکاری و کۆمۆنیستی زانستی ئامانجدار بکات. شارەزا بوون و بەکارهێنانی مارکسیزم مەرجە بۆ دەست نیشان کردنی ئاسۆی سیاسی بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی. واتە بەکارهێنانەکانی مارکسیزم دەبێت دوگمایانە نەبێت و لەگەڵ زیندووکردنەوەو نوێ کردنەوەییدا، بەدکاری لەسەر میتۆدو ناوەڕۆکی لێکدانەوەو شیکاری یە فەلسەفی یەکانی مارکسیزم نەکات. چونکە دەبێت دیالێکتێکی یانە ماددیەتی لێکۆڵینەوەکان ببینێت و لەگەڵیاندا مامەڵەبکرێت. ڕابەر ئەرکی یەتی ئەم کارانە ئەنجام بدات. هەروەها دەبێت پەروەردەیی یانە کادێرو ئەندامانی حیزب هووشیاری یان زیاد بکات. واتا ڕابەر دەبێت کارکردنەکانی لەسەر ئەندامانی حیزب زیاد کردنی هوشیاری چینایەتی و جیهان بینی مارکسیزم بێت. نەوەکو بە پێچەوانە وە ڕڤیژنیزم و ئۆپۆرتۆنیستانە مامەڵە بکات و بەرهەمیان بهێنێت و بەترۆپکی مارکسیزم بەیانی بکات و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و چینی کرێکار بەدەستەوە بدات و پێشکەشی سەرمایەداری بکات.

لێرەدا دەردەکەوێت و هەروەها بەپێی ڕانانەکانی ئێمە کەلە سەرەوە ئەنجامان داوە، ئەو کاروو کردەوانەی کەلە (حککع)و(حککا)دا، جێ بەجێ دەکران، ڕابەرەکەیان هەوڵ و ئامانجی کارەکانی بەرهەم هێنانی ڕڤیژنیزم بوو، هەروەها بەپێچەوانەی داخوازی یە سیاسی یە چینایەتی یەکانی چینی کرێکار و میتۆدی مارکسیزم و بزوتنەوەی چینایەتی ئەو چینە ئامانجی گرتبوو .

بێگومان هەوڵەکان نەچووبوونە چێوەو پلەی تێپەڕاندنی ڕەووشی بەدکاری ناو بزوتنەوەکانی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان بۆ ڕەووشێکی بزاوتنی سیاسی ڕاست ڕوویی و زانستی، و گەشەدارکردنی بزوتنەوەکەی. واتا پێ کوتەکردن و بەدەستەوەدانی بزوتنەوەکە بوو بەپلاتڤۆڕم و ئەلتەرناتیڤە بۆرژوازی یەکان.

ئەم لایەنانە پێکهێنەری سیاسەت و پلاتڤۆڕمی ڕێکخراوە جەماوەری و حیزبیەکان بوو، لە جووڵەو بزاڤیاندا ڕەنگی دەدایەوە و داوەتەوە. لەبری ئەوەی پلاتفۆرمی ڕیفۆرمیستی وەلابنرێت و سیاسەتێک و پراکتیکێکی شۆڕشگێڕانە جێگیر بکرێت، و ببێتە ئاسۆی سیاسی و ستراتیژی ڕێکخراوەکان، بەپێچەوانەوە میتۆدی ڕیفۆرمیستیەکان جیگایان بە سیستەم و پلاتفۆرمی داخوازی یە شۆڕش گیرییەکان دەگرت.

بێگومان ڕابەرایەتی حیزبییان ئەو ئامانجەی کەلە دەستوریدا هەبوو، سەرەئەنجامی ئامانجەکەی جێ بەجێ بوو، ئاسۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی یان لە گۆڕەپانی سیاسی و پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یە سیاسی و حیزبیەکانیاندا بەرجەستەو چاوبینی سیاسەتی حیزبیان بوو. چونکە ڕابەرایەتی ئەو حیزبە و ڕانانەکانیان لەسەر چاوبینی ماددی و بابەتی سیاسەت و ڕەووشی سەرمایەداری، نەی دەتوانی هەنگاوێکی زیاتر و شۆڕشگێڕانە بەبزوتنەوەکە هەڵبێنێ و شەقاوێک بۆ پێشەوە بڕوات، و ئامانجی جوڵان و پێشڤەڕۆیی یان دروست و زانستی ئەنجام بدات. واتە سەرئەنجام ئامانجی حیزب لەنگەری لەکەناری بزوتنەوەکە داگرت و بەسیاسەتێکی دۆگماو بنبەست گەشتوو گەشتن.

لەسۆنگەی سیاسەت و پراتیکی بزوتنەوەی بنیات نانی .......وە لە چاوبینی ماددی بابەتی گۆڕەپانی سیاسیدا، ئەو دەستەیەی ئێستاش لاوازی یەکی زۆر گەورەی لەجەستەی هزرو سیاسەتیاندا هەیە. بەم پێ و دانگە هەوڵەکانی ئەمانیش ناتوانێت و یان نەی توانیوە ئەو بۆشایی یەی ناوجەستەو هزریان بەلێکۆڵینەوەو شیکاریەکی تر پڕبکاتەوە. واتا نەیان توانیوە بەبەهرەمەندانە لە میتۆدی مارکسیزم سوود وەربگرن و هەوڵ و تەقەلاکەیان بۆ تێ پەڕاندنی ئەو ڕەووشەی نێوو بزوتنەوەکە لە ئێستادا جێ بەجێ بکەن. لە سیاسەت و میتۆدی نیوە ناچڵی ئەوانەوە

دەردەکەوێت، کەناتوانن چمکێکی ڕابەرایەتی بزوتنەوە کە بەدەستەوە بگرن. مەبەست لەو پێشڕەوایەتی یە، هیدایەت و پاڵ پشتی کردنی بزوتنەوەی چینی کرێکارو کۆمۆنیستی یە. واتا هەموو ئەو کەمووکوڕیانە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ قووڵ نەبوونەوەو بەرۆخانەچوونی ئەم دەستەیەیە بە میتۆدۆلۆجی مارکسیزم، و زیاتر لەگەڵ لێکدانەوە فەلسەفی و هزری و سیاسیەکانیدا هەڵسوکەوت ناکەن .بێ گومان هەموو ئەو ڕانانانەی ئێمە لەسەر چەپ و ڕاستی یەکانی ناو لێکدرانەوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە مێژوویەکی زۆر لەوەو پێشەوە چەپ لە کوردستان و عێراقدا، ڕابەرایەتی و بزوتنەوەکەی داوەتە دەست سیاسەت و پێشڕەوایەتی یەکی نامارکسیستی دەرەوەی خۆی، ئەوەش زیاتر سەرچاوەکەیان لەسیاسەت و میتۆدی بزوتنەوەی چەپی ئێرانەوە هەڵقوولابوو. واتا ئەوەندەی ئەم چەپە بە میتۆدی چەپی وورده بۆرژوازی ئێران مامەڵەی دەکرد، ئەوەندە بە میتۆدەکانی مارکسیزم ئاشنانەبوو، یان بەکار نەدەبران لەڕانان و جیهان بینی سیاسی و چینایەتیاندا، هەتاکاتی ئەم نووسینەش هێشتا زۆر زۆر ئەو کاریگەریا نەیان پێوە دیارەو لەخەڵتەو خاشی سیاسەت و لێکدانەوەکانی پێشوو جیانەبوونەتەوە و لەخۆیان دانەمالاندووە.

بێگومان بۆهەموو ئەرکێک کە دەکەوێتە ئەستۆی چەپ، لەسەر ڕێگەی پێشڤەوە چوونی بزوتنەوەی سیاسی چینایەتی چینی کرێکار، دەبێت تێ پەڕی دەوورانی پێشوی چەپ بکات و ڕەووشی سیاسی چەپ لەناوکایەی سیاسی گۆڕەپانی سیاسەتی سەرمایەداریدا، بەتەواوی لە سوودی بزوتنەوەی سیاسی چینی کرێکاردا وازی بکات. هەروەها کاریگەری یەکانی ڕابردوو بەتەواوی لەسەر خۆی و بزوتنەوەکەی لاببات و چینی کرێکار بەئاوەزی خۆبەدەستەوەدان و سیاسەتی ڕیفۆرمیستی گۆش نەکات و نەبێتە هۆشیاری باوی ناوبزوتنەوەکە وەکو ئێستا کە هەیە .

واتا دەبێت بەئاوەزی چەپ بیرنەکرێتەوە، بەڵکو دەبێت ئاوزانێکی مارکسیستی بەکاربهێنرێت و مارکسیزم ڕابەرایەتی هزری و سیاسی و فەلسەفی بزووتنەوەکە ئاڕاستە بکات. لەئەستۆگرتنی ئەم ئەرکەش لە ڕێگەی قسەو باسەوە نابێت بەتەنها، بەڵکو زۆرتر پشت بە پەیوەندی گرتنی لێکدانەوە مارکسیستی یەکان دەبەستێت و بەبابەتی سیاسەت و پراکتیکی بزوتنەوەکە هەنگاو هەڵبێنێ و ڕێگە چارەی زانستی بابەتی پێشنیار بکرێت و فاکتەرێکی گرنگی چوونە پێشەوەی بزوتنەوەکە بێت بە ئاراستە یێکی تری گەشەو سەرکەوتنی جار لەگەڵ جاری هەنگاوەکان .

بەم پێ یە هووشیاری مارکسیستی بۆ چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی گرنگی تایبەت ی و بابەتی یانەی خۆی هەیە. چونکە هەنگاوەکان بەشێوەیەکی زانستی و پێویستی و پێشڕەوانە بە چینی کرێکار هەڵدەهێنێت، هەموو ئەمانەش دەبێتە ئەرک و پێویستی بوونی ڕابەرایەتی یەکی بەرجەستەو سیاسەتێکی زانستی و ڕاست ڕوویی ڕەچاوبکات. بەم پێ یە ڕابەرایەتی کردن، ئەرکی یەتی کەئاراستەی بزوتنەوەی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی بە ئاڕاستەی مێژوویی خۆیدا ئاڕاستە بکات.

بەڵام (مەنسوری حیکمەت) و سیاسەتی (ک.ک)ی نەیانتوانی بزوتنەوەکەیان ئاڕاستەی مێژووبگرێت، بەڵکو بەرەنجامی هەوڵ و تێکۆشانیان بەدکاری خستە سەر ڕەووتی بزوتنەوەکەو ئاراستەکەیان کرد بە ئاراستەیەکی ڕیفۆرمیستی یانەو دابڕاو لەگەڵ هەموو ئامانجەکانی مارکسیزمی ناوبزوتنەوەی چینی کرێکار .

لەم سۆنگەیەوە دەردەکەوێت (ک.ک)ی بەرنامەیەکی بەرهەم هانی، بنەڕەتی بەرنامەکەی لەسیاسەت و داخوازی و ئامانجێکی ڕیفۆرمیستی یانەوە سەرچاوەیان هەڵگرتبوو، ئەم ئاراستەیە لە ناونیشانی بەرنامەکەیەوە تا دەگات بە لێکدانەوەکانی و خاڵە جیاجیاکانی پێکهێنەری بەرنامەی (دنیای باشتر)، ئاراستەیەکی لیبراڵی یان گرتووەو سیاسەتی (سۆشیال-لیبرالیزم) ییان پیادە کردووە. بەم پێ یە ڕابەرایەتی سیاسی (ک.ک)ی و لێکدانەوە هزری و فەلسەفی یەکانی ڕابەرایەتیەکی سەندیکالیستی یەو دوورە لە ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان..

ئەنجامی ئەم لێکدانەوانەی ئێمەو ئەوەی لە ڕابردوودا کردبوومان دەرکەوتووە کە ئەو میتۆدە سیماو ڕوخساری سیاسەت و ستراتیژو پراکتیکی هەردوو حیزبی (ک.ک.ع)و حککا، بەرهەم هێناوە. ئەو دووحیزبەش وەک حیزبە نامارکسیستی یەکان دوور بووە لە ناوەڕۆکی سیاسەتی حیزبێکی مارکسیست و کۆمۆنیستی زانستی.

(ئاسۆ غەریب) لەنووسراوی (هۆیەکانی وازهێنانم لە ح.ک.ک.ع) دا کەلە شوباتی (1998) دا بەچاپی گەیاندووە بڵاوی کردۆتەوە. ڕانان و ڕوونکردنەوەکانی لەسەر سیاسەت و پرۆتۆکۆڵی دروست بوونی(حککع). زۆر سەرپێی یانەو دوور لە شیکاری و بینینی ڕەووشی دروست بوون و پەیوەستی بوونی بەدیفاکتۆی ماددی سیستەمی سەرمایەداری و پلەی پێگەیشتن و کردارەکانی ناو بزوتنەوەی چەپ و بوونی یەتی. چونکە ئەو تێگەیشتنەی (ئاسۆ غەریب) لەدنیای ماددی هەمان ئاوەزی شیکاری یە بۆ چاوبینی ماددی بابەتی دەووروپشتی. بەم پێ یە چەپ وەک بوونی کۆمەڵایەتی و

سیاسی لەڕابردوو ئێستاشدا، بوونی لاتەریک و بێ کاریگەرەو ناتوانێت ئامانجی سیاسی-چینایەتی چینی کرێکار پەیرەو بکات و ببات بەڕێوە. لەبەرئەوەی ئامانجی سیاسی و ئاسۆی پراکتیکی ڕابردوو ئێستا هەڵگری میتۆدی ناوچەپی ووردە بۆرژوازی یەو میتۆدۆلۆجییەکی پێچەوانەی مارکسیزم بووە، و پێچەوانەی ئاراستەی بزاوتنی بزوتنەوەی چینایەتی چینی کرێکار و ئامانجە شۆڕشگێڕی یەکانی کاروکردەوەی ئەنجام داوەو ئەو ئەنجام گیری یەی ئێستایان بەرجەستە کردووە. واتە سیاسەتی ئەو دووحیزبە و تێڕوانینەکانی ئەو نووسراوەی (ئاسۆ غەریب) سەرتاپای لەگەڵ لیبرالیزمدا تێکەڵ و پێکەڵە. هەموو هەوڵ وتەقەلاکانی و ئەنجام گیری یەکانی سیاسەت و ستراتیژی ئەو دوو حیزبە دەگەڕێتەوە بۆ خولگەی سەرەگێژکردنی ئامانج و سیاسەتی چەپی کوردستانی عێراق و شێوەی پابەندبوونی یان بەسیاسەت و ئامانجی قسەو باسەکانی کەڵە نووسەرو میتۆدی (ک.ک) ی و بەشێکی چەپیش ڕانەوەستاوی لەسەر هێڵێکی هزری سیاسی چینایەتی دیارو ڕوون توشی داماویی و کاری هەرزەیی کردوون. لە ئاوەزی ئەو نووسەرە بەڕێزەشدا ڕابەرایەتی (ک.ک)ی ، بەڕابەرایەتی سەرتاسەری کۆمۆنیستی بەهەند وەرگرتووە .

لەلایەک هەنگاونان و کردەوەی سیاسی ئەنجام دانی پێک هێنانی حیزب لەسەر بانگەوازو نامەناردنی ئەویان وەرگرتووە. ئەو هەنگاوانەش پەیوەست نەکراوە بەهەل و مەرجی هەنگاونان و ئاسۆ ڕۆشنی خەباتی چینایەتی، بە ئاڕاستەی گەشەو تواناییەکانی ناوبزوتنەوەکەوە.

بیرمەندی ئەو دەستەو گروپانەو حیزبەکانیان، بەئەندێشەی خۆی بڕیاری لەسەر دروست بوون و شکڵگرتنی حیزبەکەیان داوەو بەسودمەند بوونی بۆ ناونیشانی خۆی دەستی دابووە کارو کردەوەیەکی بێ سەمەرو بێ لاق. چونکە دەوروبەرو ڕەووشی سیستەمی بزاوتنی بزوتنەوەکە بەهەند وەرنەگیراوە. لەبەر ئەوە سەرئەنجامی پێکەوە نووسانی پارچەیەک نەکەوتوەکانی پێکهێنەری حیزب ووردە ووردە لەیەکتری ئەڕەونەوە.

واتا ڕابەرایەتی نابێت کارو کردەوەکانی بەتەنها بەرئەنجامی ئەندێشە سازی خۆی بێت و چاوی ڕاست ڕووبینی نەبێت، و لەسەر پایەی کۆمەڵایەتی و ڕەووشەکانی ناوسیستەمی سەرمایەداری درک و لێکدانەوەی زانستی ڕاڤە نەکردبێت. بەڵکو پێویستە لێکدانەوەی چاو بینی ماددی بزوتنەوەکە و ئاسۆسیاسی-چینایەتی بەرەو ئامانجی مێژوویی ڕابکێشێت و میتا مێژوویی ئاراستە نەگرێت . بەڵام ئەم کارە لە عێراق و ئێرانیشدا ئەنجام نەدرا. یان پەیوەست نەکراوە بەئەرک و فرمانێکی سیاسی گونجاوء شۆڕشگێڕییەوە .

لەكاتێكدا(مەنسوری حكمەت)دەچێتە پشت دروست بوونی (حككع)ەوە. بێگومان ئەو هەوڵە و لە پشتەوە وەستانی بەرئەنجامی سیاسەتێک و ئەو كاریگەریانە بوو كە (ک.ک)ی دەیویست وكو هێزێكی بەهێزو بڕشت لە ناوچەكەدا خۆی پیشانبدات، وادەربكەوێت كەلایەنێكی بەهێزی ناو بزوتنەوەی چینایەتی یەو لەتوانایدایە ڕەشمەی بزوتنەوەكە بەدەستەوە بگریت .

هەموو ئەوانەشی دەكرد بە فاكتەری بەگژا چونەوەی تەنگژەی سیاسی و هزری و دڕ بە كەناركەوتنی ئەو سیاسەتە لە گۆڕەپانی مل ملانێكاندا بدات، و لەڕێگەی دروست بوونی (حككع)ەوە بۆ ماوەیەكی درێژتر تەمەن بەسەر بەرێت .

ئەو ئامانجانەو هۆی سیاسەت كردنەكانی، ئامانجی ڕابەرایەتی نی یە، ئەگەر ڕابەرایەتی سەرتاپای بەمەسەلەی خودگەرایی یان خود پەسەندی ڕۆنە چوويێت... ئەوەش سیاسەتێكی نادروست و كرمۆڵی لێوە دروست دەبێت.

لەبەر ئەوە پێشڕەوایەتی كردن دەبێت لە چوار چێوەی گرنگی دان بە پێشڕەوایەتی و گرێدانی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی و چینی كرێكار بەئاسۆی سیاسی و مێژوویی خۆیەوەبێت .

ڕابەرایەتی نابێت ئاسۆی میتۆدێكی دیالێكتێك و دیالۆگەكانی ناو بزوتنەوەكە خەفەبكات، بەڵكو دەبێت توندوتیژترین دیالۆگی سیاسی كۆمەڵایەتی و چینایەتی پەرەپێبدات.بێ گومان نابێت توندووتیژی دیالۆگ، لە خولگەی شەڕە قسەو بێ میتۆدیدا بخولێتەوە، هەروەكو چەپ لە پێش دروست بوونی حیزب و لەكاتی دروست بوونی حیزبدا و دوای ئەو پێكهێنانەش ئەنجامیانداوەو دەدات. بەڵكو دەبێت بەناوەڕۆكی دیالێكتیك بۆ لێكدانەوەی ماددیانەی چاوبینی دەووروپشت و بزوتنەوەكەی ناوی بەكاربهێنرێت.

ڕوانگەی (ئاسۆغەریب) لەنووسراوی (هۆیەكانی واز هێنانم) لە (ح.ک.ک.ع)دا لێكدانەوەیەكی سەیرو سەمەرەی ئەنجام داوەو دەنووسێت [ حككع بەرهەمی ئەم واقیعیەتە بوو( مەبەست لە هەلوومەرجی جەنگی كەنداو ناوچەكەیە. نووسەر) لە درێژەی ئەم هەل و مەرجەدا و لە پرۆژەیەكی كۆمۆنیزمی كرێكاریدا، بەرەزامەندی و اعتمادی نیوە ناچلی، ڕێكخراوە چەپەكانەوە پێک هات. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی فەزایەكی ئاوەڵای سیاسی و لەرزۆكی و بێ توانایی دەسەڵاتی مەركەزی لەسەر كوتی نەیارەكانی خۆیدا و نا انسجامی هێزە بۆرژوازی یەكان و كەم ڕەنگ بوونەوەی وەهمی دیموكراسی و لەهەموو ئەمانەش گرنگتر بوونی حرەكەتێكی تازەی كۆمۆنیزومی كرێكاری لە ناوچەكەداو بەهرەمەند بوون لە ڕابەرایەتیەكی سەراسەری وەک منسوری حیكمت كەبەتەواوی مانا هاتبووە پشت پرۆژەی پێک

هاتنی حیزب، بوارێکی زۆر و هەلومەرجێکی مناسبی بۆ گەشەو پێشڕەوی فراوانی ئەم حیزبە کردبۆوە کەئەگەر لەگەڵ وەزعیەتی ئێستا بەراوردی کەیت لە هەموو شت زیاتر ئەوە دەبینین کەئەم هەلوومەرجەو ئەو فرسەتانە کەمترین کەڵکیان لێوەر گیراوە، کەلە ڕوانگەی منەوە هۆیەکەی هەرئەوەیە کەئەو چەپە ئاڵوگۆڕی کرد بەرەو کۆمۆنیزمی کرێکاری،سیما و سونەتەکانیشی لەگەڵ خۆی هێناو لێ یان دانە براو تا ئێستاش ماوەتەوەو ڕابەرایەتی ئێستای حیزبیش لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا تەواوی توانای خۆی خستۆتە گەڕ بۆ پاراستن و پیرۆز ڕاگرتنی ئەو سیمات و سونەتانە. (ل5-6- ئاسۆغەریب-شوباتی 1998)] لەبەرهەندێک هۆ ئەم پەرەگرافە دووروودرێژەم وەرگرتووە. بۆ ئەوەی لەو لێکدرانەوە ناوازانە و لێک جودایانەی ناو هەمان نووسینە کە ووردبینەوە.چونکە بەرهەمی لێکدانەوەیەکە لەبنەڕەتەوە دەرناچێت لە ڕانانەکانی (ک.ک) وەهەروەها بێ بەرهەمانەو بێ ناوەڕۆکی، جیاوازی لێکدانەوەکانی بەئەنجام گەیاندووە.

ناکرێت دەست نیشانی هەل و مەرجێک بکەین و لێکدانەوەیەکی جیاوازبەیان بکرێت و بەبەرهەمێکی باش بزانین..
بێ گومان هەل و مەرجی دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ڕەووشێکی هەبوو هاوکات بوو لەگەڵ ئاڕاستەو سایە بوونی هەلوومەرجێکی زۆر دژواردا.واتا هەل و مەرجەکە دژواری دروست کردبوو لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی ناوچەکەو گێتیش چاوەڕێی ساغ بوونەوەی هەل و مەرجی بەرەی جەنگ بوو، هەروەها چاوی بڕیبووە ئەوەی ئاخۆ کام لا لەلایەنەکانی ناوجەنگەکە سەرکەوتوو دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستاش لەکاتی ئەم نووسینەدا جەنگ بەشێوازەکانی تر درێژەی هەیە و جەنگەکە بۆ یەکجاری کۆتایی نەهاتووە.

کاتێک بلۆکی ڕۆژهەڵات لەگەڵ شکستدا ڕووبەڕوو بوو، هەروەها بەیەکجاری تێک نەشکابوو و هەڵنەوەشابوو، لەلایەکی ترەوە جەنگی تری جیاجیا لەشوێنە جیاوازەکانی تری کیشوەرە جیاجیاکاندا ڕوویان دەدا .

هەروەها ڕووخساری جەنگەکانیش ڕەنگ و ڕوویەکی جەنگی گەلەگورگی برسی یە لەسەر کەلاکی بۆگەن کردووی سەرمایەداری. بەهەرحاڵ ئەو ڕەووشانە ژیانێکی سیاسی ناهەمواریشی بۆ بزوتنەوەی چینایەتی چینی کرێکاری دروست کردبوو، چونکە ڕووخسارو بنەمای جەنگی بنەڕەتی چینایەتی گۆڕی بوو بۆ جەنگی تایەفەو دەستەو فیرقەی جیاجیاو جەنگی تەکنۆلۆجی سەربازی و تاوودانی توانا جەنگیەکانی سەرمایەداری لەسەر گۆڕەپانی جەنگە سیاسیەکان کردبوو بەپاساوی مسیبەت و بێ دەربەستی دەسەڵاتە بیرۆکراتی یەکان بۆ مافی مرۆڤ و دیموکراسی یە بۆرژوازی

یەکانیان. واتە ئەوەی دەگەڕایەوە سەر وەڵامەکانی پرۆلیتاریا لە سیستەمی ئێستادا، بە دیل و داخوازیەکانیان بێهێزو لاواز دەکراو لەسەر گۆڕەپانی مل ملانێی چینایەتی بێ ڕۆڵ دەکرا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئاسۆی سیاسی ڕۆشن و چینایەتی ئەو چینە ئەگەر هەبوو بێت تروسکایی یەکی لاوازبوو لە گێتیدا.

ڕابەرانی (ک.ک)ی بەچێوەی سیاسی خۆی بتوانێت ئەو هەل و مەرجانەش بە سوودی پێشڕەوایەتی بزوتنەوەکە بەکار بهێنرێت بێ گومان کردەوەیەکی باش دەبێت .

بەڵام ڕابەرایەتی و میتۆدۆلۆجی وەک میتۆدی (ک.ک)ی نەیتوانیوە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری و چینایەتی و جیاوازیان لە ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازی یەک لایەنە جیاواز بکەنەوە. لەبەر ئەوە پێکهێنانی حیزب لەو هەل و مەرجانەدا، هەوڵی بەپەرۆشی ڕابەرایەتی یەکەی لەسەر ئەوە بوو. دوای جیابونەوەی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دروست کردنی (حککا)، دواتر لێ کەوتنەوەو زایندەی ئەو حیزبەو دروست کردنی (حککع)، بە هەر هەموو لایەکیان بتوانن بلۆکێک ( بەخەیاڵی خۆیان) پێکبهێنن، لەو ڕێگایەوە بتوانن شەوەزەنگی تەنگژەی سیاسی و چینایەتی و هزرییان ڕووناک بکەنەوەو بەئاسۆداری خۆیان پێشان بدەن و سیاسەتی دژی بەرژەوەندی یەکانی چینی کرێکار و کۆمۆنیستە زانستی یەکانیان پەردەپۆش بکەن. بەڵام ئەمانە لە ڕێگای بەخەون بوونیانەوە هەرزوو ئەو هەوڵەشی شکستی خواردوو لەبارچوو.

ڕابەرایەتی (حککا)و (ک.ک)ی ئاوەزی دیالێکتیکی بۆ ڕانان و ڕاڤەکردنی سایەت و پێکهاتی ماددی بابەتی نەهێشت و تێکی شکاندوقڕو قەپی سایە کرد بەسەر سیاسەت و بزوتنەوەی چینی کرێکار و بزوتنەوەی چەپدا، کەپێگەو شوێنیان کوردستانی عێراق بوو. بەپێی سیاسەتێکی بەدکارانەوە لەو چرکەساتانەدا بوو، چەپ بەزوترین کات لە دایلۆگی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان پاش گەز بوونەوەو کەوتنە ژێر کاریگەری پێک هێنانی حیزبەوە، واتا نامەیەک لەگەڵ چرکەی گەشتنیدا، چەرکەی وەستانی دایلۆگ بوو. ڕابەرایەتی لێرەدا دوگمی بەرهەم هانی مستێکی قوڕی دا بەدەم و ددانی لێ توێژینەوەکانیدا. هەرچەندە دایلۆگی ئەوکاتانەش نەچووبونە سەر لێکدانەوەی چاوبینی ماددی و بابەتی یانە و هەڵنەسەنگاندنی ڕەووشی بزوتنەوەی چەپ و چینی کرێکار.بەڵکو تەنها لەچێوەی بەرژەوەندی سیاسەت و پێگەی کەمەڵایەتیان، لەخولگەی سیاسەتی بۆرژوازیداخولیان دەخوارد .

هەروەها لێکدان و یەکلایی کردنەوەی لایەنە پایەیی یەکانی بەرنامەی چینایەتی گۆڕیان وون بوو. لەبەر ئەوەی ئەو لێکدانەوانەی ئەوان ئەوەندە لاوازو کەم توانا بوو، لەگەڵیدا لایەنە چەپە کانیش کەم توانا بوون لە تێگەشتن و بەکارهێنانی هزری مارکسیزم و بەدەستەوەگرتنی میتۆدەکەی لەکار و کردەوەی ڕۆژانەدا. نەیانتوانی چاوبینی ماددی وەک پێک هاتە مادییەکەی ببینن و توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەنجام بدەن، و هەڵ چوون وداچونەکانی بزوتنەوەکە دەست نیشان بکەن و جێگەی و ڕێگەی ئەوچینە لە ئێستای بەرهەم هێنانیدا لە سیستەمی سەرمایەداری عێراق دەست نیشان بکەن. دەبێت ڕابەرایەتی ئەرکی هاندانی قەڵەم بەدەست و توێژەرەوەکانی ناو سیستەمی هزری مارکسیزم بێت. لەپێناو زیاتر لێکۆڵینەوەی ماددی یانە لەسەر چاوبینی ماددی و بابەتی بزوتنەوەکە بکەن. نەوەکو بەنامەیەک و لەڕێگەی چەند ئەندامێکی حیزبەکەی خۆیەوە و ڕاسپاردەیی کردنیان لە پێناوی کۆتایی هێنان بە لێکدانەوەکان و گفتوگۆو پلمیکەکان، و ئاوەزی برینشتاین بکات بەگەوهەری لێکدانەوە لەسەر حیزب و پرۆسەی پێکهێنانی. لەبەرئەوە ئەوکار کەرە لەدوای دروست بوونی یەوە ڕێکخراوە پێکهێنەرەکانی (حککع) لەناو حیزبدا پەیوەندی یە دەستەی یەکانیان تێک نەشکاو نەی دەتوانی پەیکەرو چێوەی حیزب بەتەواوی پێک بێت.

شەڕە جنێوەکانی ناو حیزب لەسەرەتای پێکهاتوویدا، بەلایەنگرانی ڕێکخراوەکانی پێک هێنەرو، ئەندامانیان و قسەو قسەڵۆکی سووک و بێ تامی وا کە ئاستی خودێتی هەر هەموویانی لەمەنگەنەدا بوو. هەرکاتێک حیزب بەو شێوەیە پێک هات، بێ توانایی و کاڵ فامی لەسەر مارکسیزم و خەباتی چینایەتی و پرۆسەی پێک هێنانی حیزب دەردەکەوێت.

ڕابەرایەتی (حککا) بەپێی سیاسەتی پراگماتی سیاسەتی خودی خۆیان، ئاوەزی رابەرایەتی (حککع) ی لەمەنگەنەدا بوو. چونکە ڕابەرایەتی ئەو حیزبە کاڵ فامی و ئاوزانی بە مارکسیزم دەست نیشانی ئەو بابەتە لەسیاسەت و خۆ بەدەستەوەدانی کردبوون بە میتۆدی دەوروپشتیان.

لەڕاستیدا ڕابەرایەتی (حککا) و منسوری حیکمەت بەسودی ئایدیاو ئایدۆلۆجی یەکەی پێکهێنانی (حککع) ی بە نامەیەک پێ ڕاگەیاندن. ئەو کردەوەیەش ڕانان و ڕاڤەکردنی ڕابەرێکە(بەڵام بەناو) کە دیالۆگ بمرێنێت و گوێی نەداتە سیاسەت و پرەنسیپەکانی حیزبی کۆمۆنیست. بێگومان بێجگە لەئاوەزو بەرژەوەندی یەکانی ووردەبۆرژوازی، هیچ ڕابەرێکی مارکسیستی ئەو کارە سیاسی یە نادروستە ئەنجام نادات.

من ئەوە بەلەنگی نابینم کە کۆمۆنیستەکان لە فرسەتێکی گونجاودا سوود وەربگرن و حیزبی خۆیان پێک بهێنن، بەڵام ئەوە بەلەنگی دەزانم کە حیزب پێک بێت و بەرنامەیەکی لەکاتی پێکهێنانددا نەبێت. ئەوە بەلەنگی دەبینم کە حیزب ناوەڕۆکی دیالێکتێکی خۆی لێ دابماڵرێت و لەگەڵ ئەبستراکتدا جووت بکرێت و بەدابڕاوی مامەڵە بکرێت. ئەوەبە لەنگی دەبینم کە مارکسیزم لە جەوهەری پێک هێنانی حیزب دەربهێنرێت و لە پێناوی دەرکەوتنی ئایدیای خوددا یان تاکە کەسیدا بەئەنجام بگات. ئەگینا هەل و مەرجێک هەیە و دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت کاریگەری بەسەر هێزە نەیارەکانەوە نامێنێت و سوود لەو ڕەووشە وەردەگیرێت، بەکردەوەیەکی بەدی نابینم. بەڵام دروستکردنی حیزبیش پابەندی نی یە بەڕەووشەکانەوە، بەڵکو پابەندی ئامادەیی بزوتنەکەو چینی کرێکار و بزاڤی کۆمۆنیستی زانستی یە بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆکی خۆیدا هەڵبگیرێت، ئیتر هەر هەل و مەرجێکە، توونددو تیژە، یان بیرۆکراتیە، یان نیمچە دیموکراتی، یان دیموکراتی یە و یان پرولاریزمی دەسەڵاتی و یان هەل و مەرجی میلیتانی یە، ئەمانە هەر هەموویان ناتوانێت لە پێویستی و گرنگی دروستکردنی حیزب کاریگەری دابنێت و ڕێگربێت. چونکە حیزبی کۆمۆنیست پێک هێنانی پەیوەندی بە ناوخۆی دەسەڵات، و زاڵ بوون و ئامادەبوونی دەسەڵاتی سەرمایەدارییەوە هەیە، و ئەوانەیش ناو نیشانە جیاوازەکانی یەک دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری چینایەتی یە، و لایەنەکانی تر بنەڕەتی نین.

دیالۆگ و ڕانانی خۆم لەسەر ئەو لێکدانەوانە ناکەم، کە (ئاسۆ غەریب) بۆ ڕەووشی ئەو کاتی ڕابردوو کردوویەتی و دەڵێت لەو کاتانەدا هێزە بۆرژوازی یەکان ئینسجامیان (پێکەوەیی یان هەماهەنگی) یان نەبووەو دیموکراسیەت کەم ڕەنگ بووەتەوە. بێگومان ئەمەشیان تەنها لە ئەندێشەی خۆیەوەدای ڕشتوون، ئەگینا لە چاوبینی دا زۆر پێچەوانەیە و هەروەها بە پێچەوانەی ووتەو قسەڵۆکەکانیەوە دوواوە. چونکە ئەندێشەی ڕۆمانسیانەی دیموکراسی ئەو کاتە لەگۆڕەپانی وازی سیاسی و مل ملانێکانی سیستەمی جیهانی سەرمایەداریدا. لە کرمەجوڵەی خۆیدا بوو. هەروەها هەموو هێزە چەپەکانیشی بۆلای سیاسەت و ووتەزای خۆی ئاوەزی دیموکراسی بۆرژوازی ڕاکێش کردبوو، چونکە لەو کاتانەدا سیاسەتی باو دەست پێوەگرتنی دیموکراسی بۆرژوازی بوو، هەروەها هەمووکردەو سیاسەتی ئەوکاتی چەپی لە بۆتەی دیدگاو سیاسەتی خۆیدا کۆکردبووەوە. نموونە زۆر زۆرن. هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەگەر لە شێوەی دەرەوەدا هێزە بۆرژوازییەکان یەک دەست نەبن، بەڵام لە ئامانجدا یەک ستراتیژ بوون .

هەروەها هەماهەنگی سیاسی و سەربازییان لە بەرامبەر ڕەوندە جیاوازەکانی دژ بە خۆیان پەیوەندی توندو تۆڵ بوون. بەم پێودانگە ئەو لێکدانەوەیەی (ئاسۆ غەریب) لەگەڵ ڕۆمانسیەتی ئەندێشەی خەو خۆشێک جووت و یەک بڕوایە،ء دوورە لە لێکدانەوەیەکی ڕاست ڕوویی ماددی.

پرەنسیپی ئەو ڕابەرایەتیەی کە (ئاسۆغەریب) باسی دەکات. و هەروەها (مەنسوری حیکمەت)دەکاتە خوڵقێنەری ڕەووشی گونجاو بۆ گەشەو پێشڕەوایەتی یەکەی، بێ گومان لەوێوە سەرچاوە دەگرن، کەئەو نووسەرە بەرێزە هەتاکاتی جیا بوونەوەشیان و کاتی نووسینی ئەو نامیلکەیەی و هەروەها تاپێش کۆنفرانسی دووەمی کادرانیان، (منسوری حیکمەت)ی بەڕابەرو تیۆریسەنی بزوتنەوەکەی خۆیان لەقەڵەم دەداو گەیاندبوو یانە چڵە پۆپەی تیۆەریزانی و تیۆری دروستکار.بێ گومان ئەو دیدگایە کەم فامی تێدایەو کەم شارەزایی بوونە لەسەر درک کردنی ڕەووشت و هەڵسوکەوتی ڕابەرایەتی و پەیوەستی داری بە مارکسیزمەوە. ئەمەش بەڵگەی وون بوونی لۆجیکی مارکسیزمە لە جیهان بینی و دیدگای سیاسی ئەو بەڕێزانە .

هەروەها بوو بووە جۆرێک لەخۆ بەدەستەوەدان بۆهەمان سیاسەتی ڕابردوو. ئەمەش پەندێکی ڕووسیمان دێنێتەوە ئەندێشە کە دەڵێت: (لەلای مشک پشیلەدڕندەترین زیندەوەرە).بەڵام ئەویان بەچڵەپۆپەی تیۆری زانی بینیوەو تیۆرەکەیان بەپێی خۆڕاگری و قەبارەی میزەڵانێک گەورە کردووە. ئەمان وای بەیان دەکەن لەکاتی جیابوونەوە یاندا کە (ک.ک) (واتە دەستەی هەڵگرانی بیرو بڕوای ئەو ڕێتمەی بیر کردنەوەیان) لە (حککع) دا پرۆسیس نەکراوە. بەڵکو سوونەتی پێش کۆمۆنیزمی کرێکاری و هەروەها دەستە گەرێتی پیادە کردووە. بەڵام بە پێچەوانەوە خودی لیکدانەوەکانی (ک.ک)ی، حیزبی (حککع) هەڵگری ئەو خەسڵەت و سونەتانەیە کە ئەو تێزە هەیان بووەو لە کرداری خۆیاندا پیادەو پرۆسیس کردووە. ئەگینا لەکاتی دروست بوونی(حککع)ی دا گیانی بیرو هۆشی لۆجیکی دیالێکتێکی بەو شێوەیە وون نە دەبوون، پرۆسەی پێکهێنانی لە چوار چێوەی ئاوەزی بیرکردنەوەیەکی کورت بینیدا ڕانە دەگرت. ئەو کردەوەیە تەنها کردەوەیەکی کەسی پارێزییەو دوور لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی چینایەتی چینی کرێکارە، ئەمەش کردەی پێچەوانەی ڕابەرا یەتی کردنە. لەبەر ئەوەی ڕابەرایەتی کردن، هەوڵ و ئامانجی لە پێناوی گەشەی بزوتنەوەی چینایەتی چینی کرێکارەو ئاسۆ کردنی بزوتنەوەکە یەتی بە سیاسەت و پراکتیکێکی زانستی و سوودمەندی سیاسی چینایەتی .

بەڵام (ئاسۆ غريب)بۆ خۆجيا كردنەوەی لە (حككع) هەمان ديدو بۆچوونی (مەنسوری حيكمەت)، دەكات بە بەڵگە كەلەكاتی خۆيدا (مەنسوری حيكمت) لێكدانەوەی خۆی لەسەر جيابوونەوەی لە (حكا) پێ ڕاگەياندو ڕوون كردەوە.

ئەو بەڕێزە لە هەمان نووسراودا، لە دەربارەی پەيوەندی (مەنسوری حيكمت)بە (حككع) ەوە، كردەوەی پەيوەندی و سەرپەرشتی ئەو حيزبە. دەنووسێت [ بۆيە قسە كردنی ئاشكرا لەسەر واقيعيەت و چارەنووسی ئەم حيزبەكە مشروعی منسوری حيكمت خۆيەتی و ئەگەر شكست بخوا بەرلەهەمووماں ئەو شكستی خواردووە، هەروەها قسەی ئاشكرا لە سەربێ دەنگی منسوری حيكمت، بۆ ئەوەی ئەويش قسەی ئاشكرای خۆی بكات، گرنگی پەيدا دەكات.(هۆيەكانی وازهێنانم لە ح.ك.ك.ع-ئاسۆغريب-شوباتی 1998)] ئاسۆ غريب لەو گۆشە نيگايەوە گلەيی لە (منسوری حيكمت دەكات كە زۆرتر پەيوەندی يەكانی لەگەڵ (حككع) لەڕێگەی نووسينگەی سياسی يەوە و پەيوەندی بەئەندامانی ترەوە نەگرتووە. ئەمەش لۆجيكێكی بێ بەهاو منالآنەيە لەسەر جياوازبوونەوەو ناتوانێت جێگەی لێكدانەوەو جيهان بينيەكی ڕاست ڕوويی ماددی بابەتی بگرێتەوە .

لێرەوە دەبێت ئەوە ديارو ڕوون بێت، شكستی (حككع) بەرهەمی شكستی تيۆوری و هزری ڕا بەرايەتی يەكەيەتی، هەروەها ئەو شكستەش زياتر كەسايەتی نی يە، بەڵكو شكستی تيۆری بيرو ئاوەزی هەڵگرو توێژگەلێكی كۆمەڵايەتی يەهەم لەڕووی تيۆری يەوەو لە ڕووی كۆمەڵايەتی و سياسی بزوتنەوەكەيە.. لەبەرئەوەی تيۆری ئەو توێژگەلە لەگەڵ سياسەت و بەرژەوەندی يەكانی ليبراليزم جووت و هاوتايە، لەئەوكات و ئێستايدا ڕەوەندێكی شكست خواردووی پرگێرو گازە.

بەڵام (ئاسۆ غريب) زياتر ناكامڵی (حككع)و بەشكست گەشتنی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو كردەيەی كە نووسينگەی سياسی نووسين و ئاگاداری يەكانی (مەنسوری حيكمت) قۆرغ دەكەن و ناگاتە دەست ئەندامانی تری حزب و ئەوان دەيكەن بە بەڵگەو فشاری ڕووبەڕوو بوونەوەی سەر بژێويەكانی ناو حيزب. لەلايەكی ترەوە ئەو نووسينگەيە بۆ لێكدانەوەی چاوبينی ماددی بابەتی تايبەتی كۆمەڵگاش سروشی لێوەر دەگرن. ئەم كردەوەيەش بەڵگەی خۆبە دەستەوە دانی سياسيانەی ئەم حيزبە يە بۆ نامە خوێن و نێرەرييان، هەروەها بەڵگەی پەيوەندی يەكی مقاش ومقاش بەدەستی نێوان ئەو دوو پێكهاتە ماددی يەيە لەناو بۆتەی بابەت و چاوبينی كۆمەڵگادا.

لەلایەکی ترەوە ڕابەرایەتی ئەم حیزبە لە زۆر ڕووەوە کەم تواناو لێ نەهاتووە لە ڕووی ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەی چینی کرێکار،و چاوساغی بزوتنەوەکەی هەروەها بۆ پەیوەندی گرتن و دامەزراندنی پردی پەیوەندی لە نێوان حیزب و چینی کرێکاردا، ڕابەرایەتی درک و دیدگایەکی ناڕۆشنی هەیەو بێ پلان و تاکتیکە. لە پرۆسەی پەیوەندی گرتندا بێ پرۆژەو سیاسەتە. لەکاتێکدا ئەگەر پەیوەندی هەبێت پەیوەندی یەکی ناچاوبینی و دوورلە پەیوەندی هۆشیار کردنەوەی چینی کرێکارە. لەو ساتانەداو تا دەرچوون و بەرچاوکەوتنی چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزم. هەر بەهیوای ئەوە بوون و ئومێدی گەورەیان ڕووی لە ڕابەرایەتی سەرتا سەرییان بوو. تا بۆیان بگوێت لەسەر بزووتنەوەکە و وانەو ئامۆژگاریەکانی وەک ئاوی حەیات بۆ ژیانی سیاسی یان چاو لێدەکرد. پرۆسەی جێ بەجێ کردنی سیاسەتی خۆیان لە ڕێکخراوی حیزبییان بەپێی فرمان و داخوازی ئەو چاولێدەکرد. دەست نیشانی ئەرک و فرمانەکانییان بەپێی ناوەڕۆک و گوتەی ناونامەکان بوون .

جیاوازبوونەوەکەیان لەگەڵ (حککع)دا جیابوونەوە نەبوو، بەڵکو ڕیتمی کاری کەسێتی کاریگەری لەسەر جیابوونەوەکان هەبوو، دوور نەکەوتوو نەتەوە، لە میتۆدی (ک.ک) و ئاخافتنەکانی ڕابەرایەتیان.

(ئاسۆ غریب) لە چرکە ساتی نووسین جیابوونەوەیدا دەڵێت نامەیەکم بۆ مەنسوری حیکمەت هەیە، و گوایە لەسەر ئەوە ئاخافتووە کە حیزب نەیتوانیوە میتۆدی (ک.ک) ی پەیڕەو بکات لەسیاسەت و میتۆدۆلۆجی حیزبی و ئەندام گیریدا. ئەم لێکدانەوەیە سەرچاوەو بەڵگەی جیابوونەوەی ئەمانی لە (حککع)ی نواند و کردبوویانە بەشێکی گرنگ و لایەنێکی گەورەی جیاوازبوونەوە کەیان. بێگومان ئەو ڕانانە هەڵئینجاوی ناو خەیاڵ و بەرژەوەندی تاکە کەسی بووەو بەشێکی گرنگی لە کاڵ فامی یەوە بووە، ئەگینا پرۆسەی پێک هێنانی گۆڕان و لێک جیاواز بوونەوە گۆڕانی ڕابەرایەتی و میتۆدی سیاسی و چینایەتی پارچەی لێوە جیاوازبووەوەیە. هەروەها و بەمەرجێک گۆڕان نەچێتە ئاست و پلەی خراپترین پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو دەبێت گۆڕان ڕیشەی بەئاراستەی چوونە پێشەوەی بزوتنەوەی چینی کرێکارو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕێچکە بگرێت. بێگومان هەتا ئێستا ئەو ئەرکە جێ بەجێ نەکراوەو لە نەخشەی سیاسی و پەیوەندیدا پرۆژەی پراکتیک کردن نەبووە .

بەڵکو دوپاتەو سێ پاتە کردنەوەی هەمان ئاستی پێشووی بزوتنەوەکە بوو، هەروەها ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنە گرنگەی کەلە بیرو پراکتیکی ئەو دەستە و گروپانەدا وون و گوم ناوون، و مارکسیزم و ئاوەزی دیالێکتیکی

و ماددی بابەتی ئامادەنی یە لەسیستەمی بزاوتن و سیاسەتڕانیدا. چونکە ئەندێشەی کۆمەڵێک بۆ خزمەت و پارێزگاری کردنی بەرژەوەندی هەمان کۆمەڵ بەکارهاتووە و دەستەو گروپی نوێی پێ پێک دەهێنن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نامیلکەی (ئاسۆ غریب)و پێش ئەو پەرەگرافەی پێشتر کە هێناومەتەوە، لەوەدا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت کە کاری خۆ بەدەستەوە دان و پاسیڤیستی ئەو سیاسەتە لەگەڵ ڕابردووی خۆیاندا، هەمان کارو فرمانی (حککع) جێ بەجێ دەکەن و لەلایەکی ترەوە ئەندامانی بیرۆی سیاسی و ڕابەرایەتی (حککع) بە دڵسۆز نازانێ بۆ (ک.ک) و سیاسەت و میتۆدی منسوری حیکمەت، بەڵکو دەیانەوێت بەو ڕێگە منالآنەیەو قێزەونەی کاتی خۆی و لەڕێگەی دەربڕین و ڕیزکردنی ڕستە ڕزیوە کانییانەوە دڵسۆزی خۆیان بۆ میتۆدی (ک.ک) و بیرمەندەکەی دووپات بکەنەوەو وا پیشانی بدەن کەلە (حککع) دڵسۆز تر دەبن و مووریدییان بەمەرجی زکرو زرگ وەشاندن گرێدەدەن، و هەوڵێکە لەپێناوی ڕاکێشانی سەرنجی تیۆری سەنەکانییان بە ئاڕاستەی ڕاست بەیان کردن بۆیان لەسەر ئەو ڕێگایەی کە گرتوویانە . ئەمەش وەک ئاوەزو بیرکردنەوەی جیاوازیان نا، بەڵکو وەک ئەوەی کەوا چاو لێ بکرێن زۆر لەئەوانی حیزب دڵسۆزترن بۆ سیاسەت و پەرەنسیپەکانی ئەو ڕێبازە.

ئیتر ئەو قسەو باسانەی کە کادرێکی کوردستانی (حککا) دەتوانێت هەموو مەکتەبی سیاسی و ڕابەرایەتی (حککع) هەڵبخولێنێت. بێگومان سەرچاوەی لە ئامادەگی نەبوونی مارکسیزمە لەناو ڕابەرایەتی (حککع). هەروەها کەم شارەزایی و بێ توانایییەکان لە ئاستێکدان کەمرۆڤ خۆبەدەستەوەدانی ئەوان و پاشکۆیایەتی سیاسی بۆ لایەنی سێیەم بەڕوونی دەبینێت و گوێ لەمستی بۆ ڕابەرایەتی (حککا) و منسوری حیکمت نیشان دەدەن. هەموو ئەو بۆ چوونانەی (ئاسۆ غریب) ناتوانێت ڕەووشی ڕابردوویان تێپەڕ بکات. هەتا دەست نەگیرێت بە هێڵە هزری و فەلسەفیەکانی مارکسیزمەوەو لێکدانەوەی ڕاست ڕووی ماددی بابەتی و زانستی لەسەر چاوبینی ماددی بزوتنەوەکەو سیاسەت و بیری (ک.ک)ی و دەستە هزری یە ڕڤیژنیستەکان ئەنجام نەدەن و لایەنی پۆزەتیڤی و نەگەتیڤەکانی بەسەر بزوتنەوەکەوە ڕەچاو نەکەن و ڕێگاو شوێنی گونجاو بۆ تێپەڕاندن دانەمەزرێنن، ناتوانن پرۆسەی پێک هێنانی جیاواز بوونەوە ئەنجام بدەن.

هەروەهادەتوانێت ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەکە لەپرۆسەی پەیوەندی گرتنی خۆی لەگەڵ چینی کرێکاردا لەناو خۆیدا بە دیدگاو ڕانانەکانی تیۆریسەنی ڕابەری کردن بەرجەستە بکات. یان بە پێچەوانەوە کاری پێچەوانەی ئەو

پرۆسەیە ئەنجام دەدات. بەڵام لەکارو کردەوەی پێشووتردا پێک هێنان و دروست بوونی ڕابەرایەتی بەرجەستە دەبێت. بەڵام لە ئێستاشدا خڵتەو خاشی ئەوڕانانانەی پێشوو کۆتاییان نەهاتووە لە ژیاری سیاسی و ڕێکخراوەییاندا. چونکە جیابوونەوە تەنها بەگۆڕینی شێوەی دەرەوەی ناونیشانەکان ئەنجام نادرێت، بەڵکو دەبێت گۆڕان و جیاوازی ناوەڕۆکی لێکدانەوەو هزری پێشووتر بێت بەئاراستەیەکی دیالێکتیکی یانەو گرتنی هەڵوێست و سیاسەتێکی بابەتی یانەو ماددی یانەی خەبات و تێکۆشان.

لەدەرباری مارکسی بوونی ڕابەرانی (حككع) وە (ئاسۆ غریب) لەهەمان ئەو نووسراوەی کە ڕەخنەمان کردوون دەنووسێت [ بەبڕوای من ئەم حیزبە بە پلەی پێویست مارکسی نی یە و بەتایبەتی ڕابەرایەتی یەکەی نەخوێندەواری یەکەی زۆر ئاشکرایە لەم بوارەدا، توعیەی مارکسیستی نەک هەرلە کۆمەڵگادا لە حیزبیشدانی یە، ئەم حیزبە خاوەنی یەک باس و لێکدانەوەی مارکسیستی نی یە، بێجگە لە تحریچ و مسائیلی سیاسی ڕۆژانە، قەڵەم بەدەستێک موجود نی یە، ئەویش ئەگەر بەدیقەتەوە تێی بڕوانین پڕێتی لە ناکۆکی لەگەڵ بنەماکانی مارکسیزم، بەرخودی غیرەمارکسیانە بەئینسان و تەنانەت لێکدانەوەی سیاسیش لەولاوە بوەستێ کە سەرتاپای نوقمی بێ فەرهەنگی مارکسیستی یە، بەکورتی یەکێک لەکێشەکانی ئەم حیزبە ئاشنانەبوونی ڕابەرایەتی یەکەیەتی بە مارکسیزم، یانی نەزانینی زانستێک کە بڕیارەکاری پێ بکەیت، ئەمە نەهەڵبەستراوەو نە لێکدانەوەی زهنی، یەک واقیعیەتی ملموسە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێت لە خۆی بکاتەوە. (ل12 هۆیەکانی وازهێنانم لە (ح.ک.ک.ع)-ئاسۆ غریب- شوباتی 1998)] ئەم پەرەگرافەخاڵێکە لەو خاڵانەی کە (ئاسۆ غریب) جیابوونەوەی خۆی پێدەکات لەگەڵ حیزبی (ک.ک.ع)دا .

بەڵام ئەو دیدگایە ئەم لایەنە ڕاست ڕوویی یەی زۆر بەڕوون و ئاشکرا دەبینرێت کە تەنها دروستکراوی ئەندێشەیەو لەسەر زەمینی بابەتی سیاسی بوونیان نی یە. هەروەها ئەوەش ڕاستە بەرامبەر بەڕابەرایەتی منسوری حیکمت و (حككا). چونکە (ک.ک) لەسەر ڕێتمی دەرەوەی مارکسیزم دروست بووە و ئامانجێکی وورده بۆرژوازی جیهانی سێ هەمە. بەڵام ئەو دیدگایە لە چوار چێوەی ئەو پەرەگراڤەی سەرەوەدا ڕانانێکی جیاوازی بۆ کراوەو بەشێوەیەکی میتاڤیز یکانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو جیهان بینی (ک.ک)ی هێشتا لەلا دروست و ڕاستە.

لەبەرئەوەی(حککع) خاوەنی بەرنامەی خۆیەتی و دەربڕی ئامانج و ئاوەزی هزری ڕابەرایەتی (حککا)ەو ئەو نووسیویەتیەوە و بە بەرنامەیەکی تەواو سۆسیالیستی داناوە، لەگەڵ پابەند بوونی بە بەرنامەو ستراتیژی (سۆسیال-لیبرالیزم)ەوە.

بەرنامەش باشترین و گەورەترین سەرچاوەی ناسینەوەی مۆر و ئاڵای حیزبە. من ناڵێم (مەنسوری حیکمەت) شارەزایی لەگەڵ مارکسیزمدا نی یە. بەڵام ناشتوانم بڵێم مارکسیزم سەرچاوەی ئایدیاو درکی بووە، بۆ لێکدانەوەی (ک.ک) و بەرنامەی (دنیای باشتر)ە کەی. بەڵکو بەتەواوی لە ژێر مارکسیزم دا گەورەترین جەنگی دووژمن کارانەی لەبەرامبەر مارکسیزمدا بەرپا کردووەو هەروەها بزوتنەوەکەی خۆشیان کەبە کۆمۆنیزمی کرێکاری ناوزەند دەکات، لەناو داخوازی و لێکدانەوەیەکی وورده بۆرژوازیدا وون کردووە، نامارکسیست بوونی (حککع) دەگەڕێتەوە بۆ دەست پێوە نەگرتنی بەهای تیۆری و فەلسەفی ئەو میتۆدەو بەکارنەهێنانی لە پراکتیکی سیاسی و هۆشیاری حیزبیدا، هەروەها کاڵ فامی و ناتوانایی لەشیکاری و لێک هەڵپچڕانی ناوی درۆزنەی مارکسیزم لەبەرگ و ناوی (ک.ک) ی بوە بەناوەڕۆک و بیری دەووروبەرانی حیزب و ڕابەرایەتیان. چونکە ئەو دوو لایەنە جیاوازە دوو دیوو دووڕووی جیاوازن لە دووپێکهاتی فەلسەفی جیاوازدا .

هەروەها ڕابەرایەتی یەکەی توانای بیرکردنەوەی نی یە، بەڵکو بیری لەجیاتی بۆ دەکەنەوە و بەنووسراو ژمارەی ئامادەکراو دەخرێتە بەردەمی و لەپرۆسەی ژیانی سیاسیدا پراکتیکی دەکەن. بەهۆی ئەو ڕانانەوە (ئاسۆ غریب) دەیەوێت بڵێت (حککع) و ڕابەرایەتی یەکەی مارکسیست و مارکسیزمی تیادا بڵاو نی یە و لە بەکارهێناندا بوونیان نی یە. لەگەڵ ئەوەشدا پاساو بۆ سیاسەت و میتۆدی (ک.ک)یبهێنیەوەو پێمان ڕابگەیەنێت کە (حککا) و (مەنسوری حیکمەت) هەڵگری پرۆسیس کاری ئایدیای مارکسیستین. بێگومان لێکدانەوەیەکی سەوزو زۆر ناکامڵ و خۆهەڵخەڵێتێنە رانە یە، چونکە بە پێی قسەو باسی پێشووی خۆی و چاوبینی ماددی و بابەتی کۆمەڵگاش هەروایە.

(حککع) مەنسوری حیکمەت لە پشتیەوە بوو. هەروەها لە جۆگەلەکانی ئاوی هزری ئەو ئاوی بیرو هۆشی پێ ئەدات و هەموو لێکدانەوەی (ک.ک) کرابووە بنەمای لێکدانەوەو کرداری بەناو مارکسیست و کۆمۆنیستی کرێکاری بوون و هەڵسوڕانی ڕابەرایەتی حیزب. کەواتە کە (حککع) نامارکسیست بوو (حککا) و ڕابەرایەتیەکەشی نامارکسیستە. چوونکە هەر دوو حیزب یەک بەرنامەی پەیوەندی و مامەڵە کردن لەگەڵ دەووروبەریاندا ئەنجام دەدەن .

کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە لێکدانەوەکانی (ئاسۆ غریب) و هاوڕێکانی نەیان توانیوە لەکات و ڕەووشی خۆیدا تێ پەڕی ئاوەزی ڕابەرە (شۆسیال-لیبرالیست)ە کەیان بکەن.

هەروەها لە ئێستاشدا ئەم کارە جێ بەجێ نەکراوە، چوونکە هەتا ئێستاش هەر بەووتن دەڵێت دەبێت دەست بەمیتۆدی مارکسیزمەوە بگرین. جارێکی ترلە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانیاندا نەیان توانیوە تێ پەڕی دەورانی ڕابردووی کۆمۆنیزمی کرێکاری (ک.ک) بکەن. چونکە ڕابەرایەتی دەبێت ئەو ئەرکە لەئەستۆی خۆی بگرێت بۆ تێپەڕاندنی دەورانی ڕابردووی بەدکاری شکستەکان، و شارەزایی لە مارکسیزمدا هەبێت و هەروەها بەکار هێنانەکانیش دەبێت زۆر ڕاست ڕووییانەو ماددی یانە بێت و دوور لە بەرژەوەندی تەسک و جیاکردنەوەی تەواوەتی هێڵە هزری و فەلسەفی یەکانی یەتی لە ئایدیالیستی یەتی سیاسی و خەباتی چینایەتی و دیدگا نامارکسیستی یەکان. بەڵام ئەم ئەرکە هەتا ئێستا ئەنجام نەدراوە لە ناوەندی چەپدا، بۆیە ئەرکی هەرکۆمۆنیستێکە کە دەست بەهێڵە هزرییەکانی مارکسیزمەوە بگرێت، تابتوانێت ئەو سیستەمە هزرییە بەناوەڕۆکی دیالێکتێکی یانەی خۆی مامەڵ بکرێت و دوور لە بەرژەوەندی خوازی تاک و بۆرژوازی بەکار بهێنرێت.

ئێمە لەسەرەتای (90) کانەوە ڕامان گەیاند کەپێویستە کۆمۆنیستەکان جارێکی تر بەمارکسیزم دابچێتەوەو لێکدانەوەی مارکسیستی لەناو کۆمەڵدا بەرجەستە بکەن و هوشیاری مارکسیستی لەناوچینی کرێکاردا بنیات بنێن. (پیاچونەوە بەمانای ئاڵووگۆڕی بنەڕەتی نا لەناو مارکسیزمدا). دەبێت ئەمە ئەرکی ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوە کۆمۆنیستی یەکان بێت و هەروەها گوێزانەوەی ئەو هۆشیاریەش بێت بۆ ناو بزوتنەوەی ماددی ڕاست ڕویی چینی کرێکار . نابێت ڕابەرایەتی کۆمۆنیستی پەیوەندی دیالێکتیکی تیۆرو پراکتیکی لێک هەڵپچڕێت، بەڵکو دەبێت پردێکی دیالێکتیکی بۆ پەیوەندی ماددی ئەو دوولایەنەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و بزوتنەوەی چینی کرێکار دروست بکات و لە دەستووردا پرۆسیس بکرێت. شیکردنەوەی زۆرتریان لەسەر بکرێت و بتوانرێت گونجاوترین و ڕاسترین ئەرکی دروست کردنی هوشیاری مارکسیستی بەئەنجام بگەیەنێت. بۆئەم کارەش شارەزابون و بەکارهێنانی ماددیانەو دیالێکتیکی یانەی مارکسیزم گرنگی ژیانیترییان بۆ دەست نیشان بوونی ڕابەرایەتی هەیە. چونکە دەبێت ئاسۆی بزوتنەوەی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان ئاسۆدارترو ڕۆشنتر بکاتەوە. ئەمەش مارکسیزم بەشێکی هەرەگەورەی لەپرۆسەو جێگەکەوتنی سیاسەتی ئەودا بۆ خۆی پرۆسیس بکات.

# -5-

## {جیابوونەوەو دانەبڕان}

جیابونەوە، دابڕان ولێک جوودا بوونی ناوەڕۆک و شێوەی دەرەوەی ماددەیە. جیابونەوە کاتێک ئەنجام ئەدرێت کەبەتەواوی مانای پێک هاتنی جیاوازی ماددی دەست نیشان بکرێت. دەبێت خەسڵەتی جیاوازو هاوکێشەی جیاوازی هەبێت. کاتێک ئاسن ئەگۆڕێت بۆ ئۆکسیدی ئاسن. توێژاڵێکی دەرەوەی ماددەی ئاسن پێکهاتێکی جیابووەوەی خۆی پێک دەهێنێت و لەنێوانیاندا پێکهاتی جیاوازی ناوەڕۆکیان دروست دەبێت، واتە ئاسنەکە دەگۆڕێت بۆ توێژاڵێک کە پێی دەڵێن ئۆکسیدی ئاسن، و ڕەنگی ژەنگن دەبێت .

هەروەها تواناو کارکردە کانیان بەپێی پێکهاتەکانیان جیاواز دەبێت. ئەمە کرداری جیابونەوەی ماددییە، لەڕاڤەکردنێکی دیالێکتێکی یانەوە بۆ ماددە، و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی ماددەکەو ناوەوەی خۆی چونکە ئۆکسیدی ئاسن بەکاریگەری ئاوهەوا، بەرگی دەرەوەی ئاسن، دەگۆڕێت و ناگەڕێتەوە بۆ دۆخی ماددی ئاسن و هەمان فرمانی ڕابردووی جێ بەجێ بکات، و پێکهاتێکی تری ماددی و هاوکێشەی پێکهێنەرێکی تری جیاوازی دەبێت. بەلێکدانەوەی ماددی دیالێکتیکی، لەماددەدا جیابوونەوە، ڕوودانی جیاوازی ناوەڕۆک و شێوەی دەرەوەی ماددەیە لەگەڵ ماددەی یەکەم. بەڵام کاتێک ئاسن جیاواز دەکرێت لەپارچەی لێجیاکراوە، ناتوانین بەماددەی ئاسنی جیابووە پێکهاتێکی تری ماددی جیاوازی بۆ دروست بکەین و دەست نیشانی بکەین. چونکە ماددەکەی هەمان پێکهاتەی ماددەی پێکهاتووی پارچەکەی ترە، و گۆڕان لەناوەڕۆکی مادددیدا نەبووە. لەبەرئەوەی پارچەی جیاواز بووەوە، پارچەی پێکهاتووی جیاوازی ناوەڕۆک و دەرەوەنی یە.

کەواتە بۆ دووپارچەی جیاوازی ماددی دەبێت پێکهاتەی ماددی جیاواز دروست بێت لەڕووی ڕیزبوونی گەردیلەیو هەروەها ژمارەی ئەلیکترۆن و پرۆتۆنەکانی ناوناوکی گەردیلە، دەتوانێت پێکهاتی جیاواز بووەوە دەست نیشان بکات. ئەمەش بۆ پێکهاتی ماددی خانەکانی لەشی زیندووەریش ڕاستن، چونکە هەرخانەو هەڵگری جینۆلۆجیای تایبەت مەندی خۆیەتی.

ئەم لێکدانەوەیەش و شیکاریەکانی، بۆ دەست نیشان کردنی جیاوازی پێکهاتی هزری و ئایدۆلۆجی و بێوس پۆ لیتیکۆس (ژیانی سیاسی)و میتۆدی و بێوس تیۆر یتیکوس (ژیانی تیۆری)و لایەنە جیاوازەکان ڕاستن. جیاوازی لەنێوان دولایەن و دووبەرژەوەندی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازدا، دەبێت جیاوازی لەنێوان میتۆدو هزری پۆلتیک و ئامانجی جیاوازدا بێت. هەروەها بەپێچەوانەشەوە لێک دابڕانی هزری و ڕامیاری دەبێت لەئامانجی بەرژەوەندی جیاوازدا کۆ ببێتەوە، ئەگینا جیابوونەوە لەڕووی پارچەوە بێت و یەک فۆرم واتایان بێت، ناتوانرێت دەست نیشانی جیاوازی یەکە، بە جیاوازییەکی ماددی بابەتی بکەین، بەڵکو ئەو جیاوازی یە تەنها لەڕووی دەرەوەدا جیاوازبوون ڕووی داوە. لەم سۆنگەیەوە ئە م جیاواز بوونەش تەنها لەجیاواز بوونی ئەندام و کەسەکانەوە، سەرچاوە دەگرێت و ناتوانێت دابڕانی کرۆکی و ناوکی میتۆی خۆی دەست نیشان بکات.

هەروەها بەیەک فۆرمەوە واتای جیاواز ییەکانیان دەست نیشان دەکات،وەلێ ئەمەش ناکاتە لێک دابڕان. کەواتە دەبێت ئێمە قۆزاغەی میتافیزیک ببڕین، و لێوەی دەربچین ودیالێکتێک بکەینە بنەمای جیاوازبوونی فۆرمەکان. چونکە میتافیزفیک تەنها لەشێوەی دەرەوەیدا جیاواز ییەکان بنیات دەنێت، و بە بەهاترین لێک دابڕانی بەیان دەکات .

زۆرترین جاریش. ئەو جیاوازییە دەرەکیانەش بەهایان نامێنێت و بنەمای خۆیان لەدەست دەدەن.

جیابوونەوەکان لەچرکە ساتی خۆیدا، لەناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها دواتر جیابونەوەی کۆمەڵێک لە حیزبی (ک.ک.ع)دا، لەسەرەتادا جیابوونەوەیەکی شێوەیی بوو. چونکە نەیان توانیبوو لەبەرنامەو پرەنسیپەکانی (ک.ک)ی تێپەڕ بکەن و بەرنامەو میتۆدۆلۆجیەکی تر گەڵاڵە بکەن و یان لەسەر بنەڕەتی بەرنامەیەکی ترەوە جیاوازبوونیان بەدەستبهێنن و پەیڕەوێکی تر بەجیاوازییەکی ترەوە جیاوازبکەنەوەو بەیانی جیاوازییەکانیان بێت.

بەڵام ئەم کارە لەسەرەتادا، جێ بەجێ نەکراو نەبووە بەرئەنجامی پرۆسەی جیابوونەوە. بەڵکو هزری ناکامڵی چەپ و پابەندییەکانی بەشێوەیەکی زۆر میتافیزیکیانەوە، بە پەیڕەوێکی دۆگمایانە مامەڵەی لەگەڵ جیابوونەو جیانەبوونەوەدا دەکرد. لەبەرئەوەی ئەم توێژە لەناو کۆمەڵدا توانای هزرییان توانایەکی زۆر ناکامڵ و کەم پلەو ئاست بوو. لەم سۆنگەیەوە بوو نەیدەتوانی لێکدانەوەی زانستی لەسەر سروشتی ماددی سروشت و میتۆدە جیاوازەکانی ناوکۆمەڵ و سیستەمی سەرمایەداری، و هەڵوێستە مارکسیستی یەکانی لەبەرامبەردا ڕاگیربکات.

هەروەها کەم توانا بوو لە دەست نیشان کردنی جۆری تیۆرەکان و بیۆس تیۆر لیتیکوس و پەیوەندی تیۆرو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرریکار و ڕاگیری پەیوەندی دیالیکتیکی یانەی ئەو دوولایەنەی بابەتی خەبات و تێکۆشان. لەبەرئەوە کاری چەپ تەنها لەچوارچێوەی پابەند بوون بە تیۆرو میتۆدێک، کەخۆی لەبەر ئەنجامی لێکدانەوەیەکی ماددی زانستی یەوە هەڵینەئێنجابوو پێکهاتەکەی دەرخستبوو. وەلێ ڕەدووی تیۆرەکان دەکەوت، بێ ئەوەی بەهای ڕەدووکەوتنەکەی درک کردبێت. دەورو کاریگەرییەکانی لەسەربزوتنەوەکە دەست نیشان بکات و ئاراستەی تاودان و ئینرپژی تاودانی ناو بزوتنەوەکە ژمارە بکات .

ئەم شێوە لە هەڵسوڕان و پەیوەندیگرتن، دەیانکرد بەبنەمای پراکتیک و هەڵوێستی بیۆس پۆلیتیکۆس و میتۆدی خۆیان. بێ ئەوەی بزانن و دەلاقەیەک بکەنەوە لەبەردەم ئامانجی پۆلیتیکس و خەباتی چینایەتیداو ئاستی پەیوەندی ئەو تیۆرەو پراکتیکی کردنی بەئاراستەی مێژوودا لە چ ئاستێکدایە. دەبێت کۆمۆنیستە زانستیەکان لەو کردەوەیە هەڵسوکەوتیان تێپەڕ بکەن و ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەنەوەو میتۆدێکی زانستی بکەنە بنەمای هەڵسوڕان و لێکدانەوەی بزوتنەوەکەو ئامانجەکانی بەتەواوی دەست نیشان بکەن .

وەلێ ئەم کارە هەتا ئێستاش ئەنجام نەدراوە، یان نەبووەتە بنەمای هەڵسوڕان و ئامانجی دوورونزیکی تیادا ڕێنوێنی کرابێت. جیابوونەوەی بەناو میتۆدییەوە نەیتوانیوە خڵتەو خاش و یان ژەنگ و ژەهری ڕابردوو لە خۆی بکاتەوە. وەک ئەوەی کە لەدەستەکەی (ئاسۆ غریب) و ئەواندا پرۆسیس کراوە.

(ئاسۆ غریب) لەسەرەتای جیابوونەوەیان لە (حککع)دا، لەگەڵ ئەوەی جیابوونەوەکە شیان، لەسەر ئاستێکی زۆر نزم و کەم کاریگەر بوو کەتەنها لە شێوەی دەرەوەیدا خۆی پیشان دەدا. بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم لێکدانەوەیەی ئێمە دەڕوانینە نووسراوەو ڕۆژنامەکانی ئەوان. لێرەوە دەچینە سەر بەشێک لە نووسراوی (هۆیەکانی وازهێنانم لە (ح.ک.ک.ع)دا. (ئاسۆغریب) هەمان لێکدانەوەی منسوری حیکمەت دووپات دەکاتەوە، کە کردبووی بەبنەماو لێکدانەوەی بۆ جیابوونەوە یان لە (ح.ک.ا)، لێرەدا جارێکی ترو لەهەمان نووسراویدا بەم شێوەیە دووپاتی دەکاتەوە [ لێک جیابوونەوە لە سوونەتی حیزبە چەپەکاندا، هەمیشە بەشێکی ناپێویستی و سەلبی لێک دەدرێتەوە، یەکێتی خۆی لەخۆیدا وەک نیشانەی سەلامەتی و بەرەو پێش چوون و جیابوونەوەش وەک قەیران و پاشە کشە، چاوی لێ دەکرێت. بەڵام من تەفسیرێکی ئەخلاقیانەم بۆ یەکێتی و جیابوونەوە نی یە، ئەوەی گرنگە ناوەڕۆکی سیاسی

یەکێتی و جیابوونەوەیە، ئاکامە عملی یەکانیانە لەمەیدانی کۆمەڵایەتی دا ئەگەر بۆکەسێک جیابوونەوەی ئێمە لە حیزبی کۆمۆنیست نیشانە وەیان دروست کەری ئەزمەبێت لە ڕوانگەی خۆمەوە مەرجێکە بۆ دروست کردنی حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری کە بتوانێت وەڵام دەرەوەی خەباتی کۆمۆنیستی بێت لە دنیای ئەمڕۆدا، بەبڕوای من ئەمە یەکەم هەنگاوی پتەوو ئسوڵی یە بەرەوە پێشەوە) (منسوری حیکمت) دەربارەی جیابوونەوە لە حکا ل1). (ل6-7 هۆیەکانی وازهێنانم لە (ح.ک.ک.ع)/ شوباتی/1998 ئاسۆ غریب ] ئەم لێکدانەوەی (مەنسوری حیکمەت) بۆ خۆجیاکردنەوەی لە (حکا) و دووبارە کردنەوەی لەلایەن (ئاسۆ غریب) «وە دووناوەڕۆکی زۆر لێکجودان. چونکە لەساتە وەختی خۆیدا مەنسوری حیکمەت (ک.ک) ی وەک فۆرم بەجیاواز لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ دادەنا. کەلە ناوەڕۆکی خۆیدا هەڵگری هەمان بەرژەوەندی بوون، کەهەر دوولا بەیەک ئاراستەی بیۆس پۆلیتیکۆس و چینایەتی و بەهەمان پلەی بەرژەوەندی بۆ یەک توێژکارییان ئەنجام ئەدا. بەلام (ئاسۆ غریب) بۆ خۆجیاکردنەوەی لە (حککع) کەهەمان ناوەڕۆکی میتۆدۆلۆجی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و هزری یان هەڵگرتووە، و بەها تیۆرییەکەیان لە (ک.ک) داخۆی دەبینێتەوە. بەلام لە چرکە ساتەکانی پێش جیابوونەوەو دوای ئەویش، لێکدانەوەکەی منسوری حیکمەت بۆ ئەو کاتی جیابوونەوەیان هەڵگری کۆمەڵێک ناکۆکی یە لەگەڵ بەهای جیابوونەوەو لێک دابڕانیان. ئەو تەنها گرنگی لەناوەڕۆکی ڕامیاریدا دەبینێت، بێ ئەوەی دەست نیشانی گرنگی پلەو پایە هزرییەکان بکات. و بەبنەماو خەسڵەتی جیاوازی بیۆس پۆلیتیکوس دا بنێت. بەهەر شێوەیەک بووە جیابوونەوەکەی ئەوان نەیتوانی جیاوازی فۆرم و کەیسی ڕامیاری چینایەتی بێت.

بەڵکو جیابونەوەی پارچەیەک بوو لەهەمان توێژو بەهەمان خەسڵەتی کۆمەڵایەتی و چینایەتیەوە. لەم سۆنگەوە تواناى جیابوونەوەکان لە ئاستە تیۆری و چینایەتیەکاندا بۆ (ک.ک) بێ بەهابوو. هەروەها ئەمەشیان دەکرد بەپەیڕەو و لەپراکتیکی کردنیدا بەدەستیەوە بگرن. هەموو ئەمانەش لە نووسینەکانی پێشووتردا زیاتر ڕوون کردنەوەیان لەسەر دراوە کە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و دروست کردنی بەیت و باڵۆرەی (ک.ک)ی نەیدەتوانی فۆرمێکی تەواو جیاوازو لێک دابڕاو بنیات بنێت .

جیابوونەوەی کێ لەکێ؟ جیابوونەوەی کام میتۆد لەکام میتۆدی تری چینایەتی؟! بێ گومان هەمان توێژگەڵ لەهەمان میتۆدی چینایەتی ئاوییان دەخواردو باڵایەکی بێ ڕەگیان دروست کردبوو .

(ئاسۆ غریب) لەلاپەڕەکانی دواتردا باس و خواست لەوە دەکات کەلەکاتی خۆیدا، (مەنسوری حیکمەت) بۆ یە لە پێش کۆنگرەی چوارەمی (حکا) دا جیابووەتەوە، هەوڵی سەرکەوتنی نەیارەکانی لەبەرامبەر خۆیدا بڕیووە، بەلێکدانەوەی خۆی لەو کاتەدا، ئەوانە لایەنی زۆرینەی ناو حیزب بوون.

لێکدانەوەی لەو جۆرە بابەتانە، تەنها لە دیدێکی میتافیزیکییەوە سەرچاوەیان گرتووەو بەپێش هات و بەدەست هاتوویەکی گرنگیان بەهەند وەرگرتووە.بۆ ووردە بۆرژوازی بوو بووە فۆرمی هەوڵ و لێک جیابوونەوەکان.

لێک جیابوونەوەو دابڕان مافی هەرکەسێکە. بەڵام کاریگەر ترین لێک جیابوونەوە، دابڕانی پەیوەندی و بەرژەوەندی جیاوازی چینایەتی پێشووە، بە میتۆدو بەرژەوەندی چینایەتی جیاوازەوە. بەڵام لەهەوڵەکانی ڕابردووی (حککا) و ئێستای (حککع)دا ئەم لایەنانە ئەنجام نەدراون و تێزو تەرزی جیابونەوەکانیان نابابەتی و بێ ئەنجام بوو، بۆ زیاتر بەدەرکەوتنی بەڵگەی ڕوونکردنەوەکان بڕوانە ئەو دەستەواژەیەی (ئاسۆ غریب) کەدەڵێت [ من پێم وایە ئەم حیزبە بەجیا لەمانە کێشەی تری هەیە. کێشەی سونەتی هەیە. کێشەی ڕابەری هەیە کێشەی ئسوڵی هەیە. کێشەی (تمرکزی)هەیە، کێشەی سیاسی هەیە......(ل9ـــــ هەمان سەرچاوەی پێشوو) ] (ئاسۆ غریب) بۆئەم ئەنجام گیرییەی‌کەلە ئەم پەڕەگراڤەدا کردوویەتی و ڕاڤەی کردووە، بە بەڵگەی زۆر بێ ناوەڕۆک و دوور لە جیاواز بوونی هێناوەتەوەو دەربڕیوون .

هەروەها لەپێش ئەم پەرەگرافەی لەلاپەڕەکانی (7 و 8)دا چەند لێکدانەوەی لەسەر حیزب ئەنجام داوە. ئەویش بەوەی کە لێکدانەوەکانی مەنسوری حیکمەت لەسەر پێکهێنانی (حکک) بەڕاستترین و زانستی دەزانێت و دەیکاتە بەڵگەی ئەوەی کە (حککع) ئەم ئەرکەی جێ بەجێ نەکردووە. بۆیە حیزب لە ئاستێکی تردا ڕاگیر بووە و بووە بە هۆی ئەوەی کە حیزب زۆر دابڕاو بووە لە کۆمەڵگاو لەدنیای بیۆسپۆلیتیکۆس. بەڵام ئەو لێکدانەوانەی کە (منسوری حیکمت) کردوویەتی لەسەر حیزب نەیتوانیوە لە سیستەمی هزری و ڕامیاری ووردە بۆرژوازی دەربچێت و ناوەڕۆکی کۆمۆنیزم و زانستی ئەو سیستەمە هزری یە ڕاڤەبکات و بەرجەستەی بکات لە پرۆسەی پراکتیکیدا. بێگومان هەوڵ و تێکۆشان و ئامانجی هەردوو حیزبەکە لەدیدگا هزری یەکەیەوە دەبینرێت، هەروەها کردەی ڕامیاری و داخوازییەکانی حیزبەکەش دەست نیشان دەکات. واتا کێشە لەسەر دەرەوەی میتۆدی نی یە، بەڵکو کێشەی کۆمۆنیستە زانستی یەکان زیاتر کێشەیەکی میتۆدی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و چینایەتی یە لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین

بەرئەنجامەکانی حیزب و ئاسۆکانی تەنها لە ڕامیاری و پراکتیکی کردنی خراپی دەستەیەکەوە بەئەنجام گەشتووە. بەڵکو ڕامیاری کردنی خراپی حیزب بەرەنجامی تاکتیک و ستراتیژی هەوڵ بۆدراوی ناو میتۆدی (ک.ک)ییە، هەروەها ئەو خاڵ و پێشنیازانەیە کە حیزب لە دەستورکاری ڕامیاریانەیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

بەڵام (ئاسۆ غریب) ئەنجامی شکستی ڕامیاری (حککع) ناباتەوە بۆ بێ ئامانجی چینایەتی چینی کرێکار لە فۆرمی (ک.ک)ی . هەروەها ئەو دەڵێت ئەو میتۆدە بە باشی بەکار نەهاتووە بۆیە ئەم حیزبە نەی توانیوە ئەو ڕێگەیە بگرێتەبەر کە (منسوری حیکمەت) کردیە پەرەنسیپی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری. ئەم لێکدانەوەیە جیاواز بوون و دابڕانی لەڕابردوو لێوە ئەنجام نادرێت. هەروەها ناتوانێت میتۆدی ڕابردوو بگۆڕێت و لێکدنەوەیەکی زانستی و ماددی سروشتی بۆ کۆمەڵگاو ئەنجام و سەرپەرشتی کردنی خەبات و هەڵسوڕانی بزوتنەوەی چینی کرێکار بەدەستەوە بدات. بۆیە ئەم لێکدانەوەیەی (ئاسۆ غریب) و هاوڕێکانیان، بەرەنجامی ئاوەزێکی میتافیزیکی یانەیەو ناتوانێت لەگەڵ َماناکانی دیالێکتیکدا جووت ببن و هەنگاوی پێشوتر بگۆڕن بەهەنگاوێکی گۆڕاوی زانستی و دابڕان لە سوونەتی پێشووتر.

ئەم دەستەیە جیابونەتەوە لە حیزب، بەڵام دانەبڕاون، لەسوونەت و ئامانجی ناوڕۆکی ڕامیاری و هزری و کۆمەڵایەتی یانەی ڕابردووی حیزبی (ک.ک.ع). بۆیە زیاتر کێشەکانی ئەمان لەگەڵ ئەواندا زۆر لاوەکی و مۆرکی کەسێتی یانەی پێوەیە. چونکە میتۆدی (ک.ک)ی یان نەگۆڕیوە بە میتۆدێکی زانستی یانە، کەسێتی یانەی کێشەکان لەوێشەوە دەردەکەوێت و بووتە هۆیەکی گرنگ و بەبایەخ بۆ جیابوونەیان لە بەرامبەر هاوبیری ڕابردوویان.لەلای ئەم دەستەیە، مانا و فۆڕمی بەرجەستە کراوی ناو کێشەکە ڕابەرایەتی (حککع)ە، بێ گومان ڕابەرایەتی و (بێوس پۆلیتیکۆسی) ئەم حیزبە بەرەنجامی هەمان لێکدانەوەی (مەنێوری حیکمەت)و (ک.ک)ین بەو هۆیەوەیە ناکرێت ڕابەرایەتیش و پرۆسیس کاری ڕێکخراوەیی و حیزبی و هەروەها ڕامیاری ڕۆژانەی ئەو حیزبەو بەرامبەر گرتن بە (بێوس پۆلیتیکۆسی) بۆرژوازی و سەرچاوەکەیان، لەمیتۆدو هزری کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە ئەنجام گیرییان لێگیراوە .

شێوەکاری پارتایەتی ئەم حیزبەو پەڕەنسیپەکانی و دیسپلینەکانی و پەیوەندیەکانی، لەگەڵ جیهانی دەرەوەی حیزب بەنەخشەی هزری و ڕامیاری (ک.ک) و لێکدانەوەکانی دیدگای (مەنسوری حیکمت) براوە بەڕێوە. بۆیە دەبێت کێشەی ئەمان لەگەڵ (حککع). ئەگەر کێشەیەکی دوور لە کێشەی کەسایەتی یە دەبێت ڕەخنەی توونديان و جیاکەرەوەلە

(ک.ک) یان هەبێت. نەوەکو هەمان ڕامیارکاری  ئەنجام بدەن، بۆ بەرامبەر یشیان کە شکست ڕووبەری میتۆدو هزروکاری ڕامیاریان بووە، تەنها لە ڕابەرا یەتی و کەسێتی ڕابەرایەتی یەوە ببینن و ئامانجی ڕامیاری و چینایەتی یەکانیان بدەن بەدەستەوە. ئەم جیابوونەوەیە دانە بڕانە لەهەمان میتۆدو تێکەڵەیەکی زیاتر و دیماگۆجیەتێکی فراوانی بەرهەم هێناوە. ئەگینا جیاواز بون و دابڕان سنووری جاوازو میتۆدی جیاوازی چینایەتی یە. ئەو کێشە سونەتیانە دەبێت چی بن کە (ئاسۆ غریب) باسیان دەکات؟

بێگومان (ک.ک) زۆر بە دیماگۆجیانە بەکارهێنرانەوەو لە ناو چەپی وورده بۆرژوازیدا  پەیڕەویکی دوگماتیستانەی هەبووە. ئەو لایەنەش میتۆدی داکۆکی کاری بەرژەوەندیەکانی چەپی وورده بۆرژوازی تێدا گەڵاڵە بووە. لەبەرئەوەی (ک.ک)ی چەپ  بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ هەمان بەرژەوەندیدا جووت کردووە .

هەروەها (ک.ک)ی سەرخەتی هزری و ڕامیاری کاریەکەیەتی، و بەڵام زانستی یانە مامەڵە لەگەڵ سروشتی زیندووی کۆمەڵگا ناکات. (ئاسۆ غریب) و دەستەکەیان هەمان پەیڕەوکارو نەریتی(ک.ک)ی یان بەدڵ و بەگیان دەوێت و داکۆکی بەکردەوەی لەگەڵدا دەکەن. بەڵام بۆ خۆیان بە ڕەوای دەبینن و ڕەخنە لەوان دەگرن کە (حککع)نەی توانیوە، پەیڕەوکاری (ک.ک)جێ بەجێ  بکات و لە ئۆرگان و ناوەندەکانی حیزبیدا ڕەنگی پێبدەنەوە.

کێشەی پەیڕەوکاری (ک.ک)ی بۆ باڵی جیابووەوەو حیزب وەک یەک وایە. بەڵام باڵی جیابووەوە لەڕێگەی ڕستە ڕیزکردن و ڕازاندنەوەیان دەیەوێت ئەوەش بەسەر (حککع)دا بدات کە کێشەی پەیڕەوی نەکردنی لە (ک.ک)ی هەیە و ئەم ئەرکە بەو شێوەیە جێ بەجێ ناکات .

گۆتنەکانی (ئاسۆ غریب) دوولایەنە و یەک بەهای ئەوی تریان لە ناو ئەبات. لەبەرئەوەی کێشەی پەیڕەو کاری بنەمایی کە باسیان لێوە دەکات تەنها ڕیزکردنی ڕستەکانەو هیچی تر. چونکە خۆشیان لەو ساتەدا هەمان پەنایان هەبووە. ئیتر چۆن دەتوانرێت جیابوونەوەی ئەوان بەدابڕان لە پەیڕەوکاری  بنەمایی پێشوویان بەیان بکرێت، چونکە هەمان سەرچاوە لە میتۆدی پێشووتریاندایە.

لەو نووسینەدا کارو کردەوەو دلسۆزی بۆ ئەو لایەنە باس دەکەن و بەخاڵی پێشڤەوە چوونی خۆیان و (ک.ک)ی دادەنێن. ئەو تێکشکانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە، دەیانەوێت لەڕێگەی ئەو ووتەزایانەوە، بۆماوەیەکی درێژتر هەناسەی نیوە ناچلی و تەنگەنەفەسی درێژبکەنەوە. لەلایەکی ترەوە، کێشەی ناوەندێتی کێشەیەکە لەسەر بنەڕەتی

پەرەنسیپەکانی (ک.ک)ی بنیات نراوە و، پەیوەندییەکی دیالێکتیکی یان پێکەوە هەیە. لەبەرئەوەی هەرسیستەمێکی هزریو ڕامیاری پەرەنسیپ و دیسپلینێکی تایبەتی هەیە. دیسپلینەکانی ناو (ک.ک) ڕەنگدانەوەی سیستەمی هزری و میتۆدەکەیەتی بۆیە دابڕان لەو سیستەمە هزریە دەتوانێت دیسپلینێکی گونجاو بۆ سەردەمی بزاوتنی دیاری بکات. بەڵام (ک.ک) و دیدی هاوشێوەیی (ئاسۆ غریب) و دەستەکەیان هەر ئەوەیان لەسەرجەمی ئەنجام گیری و پەیڕەوی ڕامیاری خۆیدا بەرجەستە کردووە. هەڵسووکەوتەکانی ناو پەیڕەو کەرانی نەیان توانیوە دابڕان دروست بکەن لەنێوان خۆیان و (حککع) دا بۆیە هەمان هەڵسووکەوت بەرهەم دەهێننەوە و شکست ئەنجامی بووەو دەبێت. لەلایەکی ترەوە ناکرێت ململانێی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی هەبێت و ململانێی میتۆدی گۆڕوون بێت، یان هزری لەکایەکەدا بەشدار نەبێت !

هەروها کێشەی ڕامیارییەکان و ڕووانگەکانیان، دەتوانێت دەست نیشانی ئامانجی میتۆدی هزری ئامادەبکات. کەواتە بەم هۆیەوە چەندکێشە کە هەڵئینجاوی خواستی ڕامیاری هەبوو، بەپێی پەیوەندییەکی دیالێکتیکی یەتی خۆی هەڵگری کێشەی میتۆدیش دەبێت. بەڵام کاتێک لەلای ئەوان ناوەڕۆکی دیالێکتیکی لە لێکدانەوەکاندا گوم ناو دەبێت.

ئەم کێشەیە بەپێچەوانەوە ناوزەند دەکرێت و میتافیزیک دەبێتە لایەنی لێکدەری بەرجەستەی ڕووداوەکان و مانای نادروست و نامادی پێک دەهێنن. هەرلەم ڕووانگەیەوەیە کەبەپێچەوانەوەی مادیەتی ڕووداوە کانەوە دەبێژن کێشەی ڕامیارییان هەیە، بەڵام کێشەی میتۆدۆلۆجیان نی یە.

ئەم لێکدانەوەی ئەوان نابینایەو تەنها لە میتافیزیکیدا ئەنجام گیریان لێوە بەدەست هاتووە. چونکە جیاوازی ئەوان لەگەڵ (حککع)دا دابڕانی نی یە، یان بەشێوەیەکی بابەتی دابڕاندن نی یە، بەڵکو بەرهەم هێنانەوەی هەمان ئامانجەکە کردوویانەتە داهۆڵ و تیرو توانجی خۆیان ئاڕاستە دەکەن .

هەروەها ئێمە دەتوانین لەسەر باس و ناوەڕۆکەکانی ناو ڕاڤەو هزری دەربڕاویان دەرئەنجامی زانستی لێوە بەئاراستەی پێچەوانەوە هەڵبهێنجێنین، لەوکاتەی کە پێچەوانەی لێکدانەوەو ناوەڕۆکی هزری مارکسیستی دەربڕینیان و کرداریان دەردەخەن. هەروەها دەبێت بپرسین جیاوازی لەسەر جیابوونەوەیان دەبێت چۆن بێت؟ چی گرنگە لە جیابونەوەدا تادابڕان بەرهەم بهێنرێت؟ بەڵام (ئاسۆ غریب) چاووگی جیابوونەوەی بەیەکێک لەو هۆیانەی کەکارێگەری داناوە لەسەر جیابوونەوەی لە (حککع) و دەڵێت [ مقیاس بۆ هەڵسوڕاو بوون خۆبەخت کردن و تفرغ کردنە بۆ حیزب، بۆیە ئەوەی ژیانی مضمون ترو دەست ئاوەڵاترە موقعیەتی باشتر لە ڕابەری دا وەردەگرێ. ل12-

(هۆیەکانی وازهێنانم لە (ح.ک.ک.ع)-شوباتی 1998)] ناوکی ئەم لێکدانەوەیەش زیاتر لەگەڵ بنەما هزری یەکانی خاڵە جیاکاری یەکانی چینایەتی ناو لایەنەکەی تردا، مامەڵەناکات بەڵکو لەگەڵ کاری کەسێتی دا مامەڵە دەکرێت و دەچێتە خانەی هۆکارو کێشەی کەسێتی یەوە. چونکە بەمانای ووشەکە، پەیوەندی یە ناوەڕۆکیەکانی، لەگەڵ بەها هزرییەکانی (ک.ک)دا جیاوازی بەیان ناکات. کاتێکیش ئەم کردارە پێکهێنەری حیزبەکانی (ک.ک) دەبێت، ئەم کردەیەو میتۆدی بیرکراوە، ناوەڕۆکی وردە بۆرژوازییانەیە. چونکە قسەکردن لەسەر کێشەی تیۆری و بەهۆ کردنی خۆدابڕاندن لە بارێکی تری تیۆری یەوە لەگەڵ بەرامبەریدا گرنگی زیاتری هەیە، لەجیا بوونەوە دەرەوەییەکانی ناو حیزبەکان.

هەروەها ناکرێت هەر ئەندامێک ڕێژەیەک لە هۆشیاری زیاتری هەبوو توانای کاری زیاتر لەتوانادا هەبووە بۆ حیزب، تۆ لەخانەی پلەی ڕامیاری بوونی لە حیزبدا جێگای نەکەیتەوە. لێرەوە بیرلەوە ناکەینەوە کە بەشێوەیەک ئەوانەو (ئاسۆ غریب) و هەرهەموویان بۆیەک ئامانج کاریان دەکرد و یەک سیستەمی هزری و ڕامیاریان پەیڕەو دەکرد، هەروەها ناشخرێتە سەبەتەی خۆڵەوەو بەهەند وەرنەگیرێت.

بەڵام لێرەدا دابڕان و جیابوونەوەکان بە پێوەدانگی دیالێکتێک مامەڵە نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی ئەو مامەڵە دیالێکتیکی یە بهێنرێتەوە ئارا، دەبێت مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی میتۆدی و هزری و ڕامیاری بکرێت و بەپێی ناوەڕۆکە جیاوازەکانیان دابڕان و لێک جودای بەئەنجام بگات و هەوڵە کانیشی بۆ ڕۆشن کردنەوەی ئاسۆی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار و بەجێگەیاندنی ئەرک و فرمانی بەدەست هێنانی ئاراستەیی زانستی کۆمەڵایەتی مێژوویی یەکەی بێت.دابڕان و لێک جودای لەپێناوی ئەو ئاسۆیەو ئەرکەکەی بێت و بەدەست هێنانی فۆرمە جیاجیاکانی، چینە جیاکان بێت بۆئەوەی ئەو فۆرمانەی بۆرژوازی بەمیتۆدی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی زانستی بەیان نەکرێت .

هەروەها لەو پێناوەدا بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێت کە دوورکەوتنەوە بێت لە ڕامیاری و ستراتیژی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی و توێژگەلە کانیان و ڕێکخراو بوونی چینی کرێکار بخاتە پلەو پایەکی بەرزترو ئینرژی زیاتر بە بزوتنەوەکە بدات، تا ڕۆژی ڕزگاری چینایەتی فەراهەم ببێت. ئەگەر ئەمانە نەکرێت، هەموو هەوڵەکان نەزۆک و دوور لەبەرژەوەندی چینی کرێکار و بەئاراستەی پێچەوانەی ڕەوەندی مێژووی یەکەی دەبێت. جیابوونەوەکان لەسەر بنەڕەتی و پێوەری کەسێتی یەوە بێت، ناتوانێت هەوڵێکی باشتر بێت لە پێناوی دەرچوونی بزووتنەوەکەی

لەتەنگەژەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی چینایەتی. ناکرێت ئێمە جیاوازبینەوەو میتۆد هەمان میتۆد بێت! چونکە ئەنجام هەمان شکستی دەبێت کە پێشووتر بەنسیبیان بووە. پلەو پایەلە ناو حیزبدا دەبێت لەسەر بنەڕەتی  توانای ڕابەری کردنی ڕامیاری و جێ بەجێ کردنی ئەرک و فرمانەکانی حیزب بێت، لەپێناوی ئەوەی زیاتر حیزب بەرەو پێشتر ببات و کادرو ئەندامی هوشیاری خەباتی چینایەتی لە دەووری حیزب کۆبکاتەوە. ئەگینا بەو ئامانجەوە کارنەکەین، ناتوانین سەنگەری خۆمان توندووتۆڵ و بەهێز بکەین لەبەرامبەر دووژمنی چینایەتی مانداو، هەروەها هەنگاوی بەرەوپێشمان دەبێت بەشکستی جار لەگەڵ جارمان.

بۆیە ئەرکی حیزب و ئەندامانی یەتی پلەو پایەکان لەڕێگەی تواناکانەوە دەست نیشان بکرێت و لەڕێگەی پایە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەست نیشان نەکرێت. چونکە جاری واهەیە، ئەندام پایەی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە بەڵام کردەی ڕامیاری دروست و بەهێزی نی یە، بۆیە ئەنجامی کارەکانی شکستی بە دوادادێت.

کەواتا نابێت پایەو پلەی کۆمەڵایەتی دەست نیشانی پایەو پلەکەی بکات لەناو حیزبە کۆمۆنیستی یەکاندا، لێکدانەوەکانی (ئاسۆ غریب) نەی توانیوە لە ئاستێکی بەرزدا ڕاگیربێت و لێکدانەوەی زانستی لەسەر پایەو پلەی ڕابەرایەتی ناو حیزب بێت. تەنها لەیەک لایەنی کورت بینی و بەرتەسکەوە لێکدانەوەی کردووە، ئەوەش ناتوانێت بمانگەیەنێتە ئامانجی تێڕوانین و بەرجەستەکردنی ڕێکخراو بوون وڕابەرایەتی کردنێکی زانستی یانەی کارو ڕامیاری پارتایەتی.

لێرەدا دەردەکەوێت تەنها بەکار هێنانەکان لەپێناوی جیابوونەوەدا بووە، بەبێ خۆدابڕان لە میتۆدو کارو کردەیەکی لەووەوپێش. هەروەها ئەمەش زیاتر لەڕاگەیاندنی پێکهێنانی بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری (عێراق)دا ڕون و ئاشکراتر بەر چاو دەکەوێت و دەڵێت [ بانگەوازی گشت هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و هەموو ئەو کەسانە دەکەین کەبڕوایان بە ئامانجی بەرزی (ئازادی،یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) هەیە بەڕیزەکانی ئەم بزوتنەوەیەوە پەیوەست بن. (ڕاگەیاندنی-بزوتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق لە 1998/9/9 دا (ژمارە-1- پەیامی کۆمۆنیزم-ل-7-) ] ئەم ستراتیژەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کەبەیان کراوە لە و پەرەگرافەدا، تەنها لەیەک تێکەو لێکەی هزری ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت. زیاتر و زیاتر تێکەڵ کردنی بیۆس پۆلیتیکوس و هزری لیبرالیزم و سۆسیالیزمی ووردە بۆرژوازییە، واتە بیری سۆشیال لیبرالیزمی ووردە بۆرژوازی

ئەوروپایە، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕامیاری ئازادی داواکراوی لیبرالیزمانەی سەردەمەو، لێکچواندنیەتی بەسۆسیالیزم، واتا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکان لە پەیوەندیەکی ئازاددا بەیان دەکەن.

ڕاڤەی ئازادی لەلای ئەوان و پلاتفۆڕمەکەیان، ناتوانێت وەڵامی پڕاوپڕی سیستەمی سەرمایەداری بێت. چونکە تێکەڵکردنی دەسەڵات و ئازادی و یەکسانی. فۆرمێکی ناکامڵەو دور لە خواست و ستراتیژی پراکتیکی سەر ڕەوتی مێژووی خەباتی چینی کرێکارە .

واتا ئەو فۆڕمە زیاتر لە دەربڕینەکانی لیبرالیزم لە سیاسەت و ئامانجی ئەوانەوە وەرگیراوەو ڕەنگدانەوەی هەمان ئامانجی لیبرالیزمی لەسەر تۆخ و بەهێند کراوە. لەڕووی ناوەڕۆک و ڕیزکردنی ووشەکانی ئەو پلاتفۆڕمە دوورە لە خواست و فۆرمی دەسەڵاتی چینی کرێکار. بێگومان ئەم ڕوونکردنەوانەم لەگەڵ ڕاڤەکردنی لە نووسینی پێشتردا ڕوونکردۆتەوەو خراونەتە ژێر نەشتەری ڕەخنەیەکی مارکسیستی یەوە. نامەوێت لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە.

هێنانەوەی ئەو پەرەگراڤەش لە ڕاگەیاندنەکەیان تەنها ئەو مەبەستەی هەیە کە بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست، لەهەمان کاتی جیابوونەوەیاندا، نەیان توانیوە لە ژێر کاریگەری بڕواو بۆ چوونەکانی ناو ئاوەزی (ک.ک)ی دا دەربچن و ستراتیژی جیاوازیش بەماناو ناوەڕۆکی جیاوازەوە بەیان بکەن.

کەواتە لەم سۆنگەیەوە جیا بوونەوەکان لەسەر ستراتیژیش گرنگی ژیاری هەیە و هەروەها دەست نیشانی ئەوەش دەکات کە ئەو بزوتنەوەیە چەند توانیویەتی دەست بە ستراتیژێکی مێژوویی و زانستی خۆیەوە بگرێت، و جووت و یەکانگیری خواستی مێژوویی چینی کرێکار بێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو دەستەیە نەیان توانیوە دابڕان دروست بکەن لە نێوان خۆیان و ستراتیژە پێشینەیی یەکانیاندا، هەمان ستراتیژ دوبارە نەکەنەوە . کەواتە دەبێت جیابونەوە لەکام لایەنەوە پرۆسیس کرابێت و لەسەر چ بنەمایەک و بەچ پەیڕەوێک و پێوەرێک جیابوونەتەوەو دانەبڕاون لەهەمان ستراتیژ؟!

بێگومان ستراتیژی (ک.ک) ستراتیژێکی ناوەڕۆک لیبرالی یەو ناتوانێت ئاسۆی ڕۆشنی بزوتنەوەی ڕامیاری و خەباتی ئابوری و کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بەرجەستە بکات. بێگومان ستراتیژی ئەوان و ئەمانیش لەستراتیژو لە میتۆدو لەپەرەنسیپەکانی ڕێکخستن و لە پێک هاتی دیسپلینیانەی ڕێکخرابوون جیاوازنین. کەواتە دەبێت هۆی جیابوونەوەیان چ بێت؟ بێگومان ئەنجامی جیابوونەوەکان هەڵ قوڵاوی ناو ناوەڕۆکی ڕامیاری وکۆمەڵایەتی و وورده

بۆرژوازین لەناو توێژگەلەکەی خۆیاندا. هەروەها لەلایەکی تریشەوە بەیان نامەی ڕاگەیاندنە کەشیان دەست نیشانی بەهای پەیوەست بوونەکان دەکات و پیشانی دەدات کە دانەبڕاون لە میتۆدی ڕابردوو هەمان ستراتیژ بەرهەم دەهێنرێتەوە. ئەم لێکدانەوەیە لەسەرەتادا لەو ئاستەدا نەوەستاوە و لە تەنها شوێنێکدا بەیان نەکراوە. بەڵکو لەسەر ووتارەکانی ژمارەی (یەک)ی پەیامی کۆمۆنیزم داو هەروەها لەچاوپێکەوتنەکانی ئەندامانی ئەو دەستەیەدا دووپاتەو سێ پاتە دەبنەوە.

لەم سۆنگەیەوە سەر ووتار دەڵێت [ خستنە رووی لێکدانەوەیەکی مارکسیستی ڕۆشن لەسەر چارەنوسی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەکوردستان و توندو تۆڵ کردنەوەو بەهێز کردنی جێگاو ڕێگاکەی، وەدواتر چۆنیەتی حەرەکەت بۆ پێکهێنانی (حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق) و ......تاد، ئەمانە بەشێکی سەرەکی ئەو ئەرک و ئەو لەویەتانەن کە (پەیامی کۆمۆنیزم) ئەیەوێت ڕووبەڕوویان بێتەوە. هەڵبەتە ئەم بڵاوکراوەیە لەچوارچێوەی ئەم ئەرکانەدا، و ێڕای دیفاعێکی جدی لەکۆمۆنیزمی کرێکاری و بنەما فکری و ساسیەکان، هەرمەیلێکی دواکەوتووانە و ڕاست ڕەوانە لە ژێر ناوی کۆمۆنیزم دا کەجارێکی تر مەیل و بۆچوونی مەحفەلی و فیرقەیی بکاتەوە بەمیواندار، ڕەخنەلێ دەگرێ و ...... (سەرووتار) ژمارە(1) پەیامی کۆمۆنیزم، ل-2-) ] چەند پاتەکردنەوەی بەرگری کردن لەبنەما میتۆدی وهزری یەکانی (ک.ک)ی بەڵگەی دانەبڕانی ئەم دەستەیەیە لەهەمان ئاوەزو دیدگای پێشووتر یان لەناو حیزب و ئاوزاندنی حیزبی (ک.ک.ع)دا .

کەواتە دابڕان لە سیستمی کارکردنی پێشوو پێویستی بەگۆڕانی بنەما هزری و ئاوەزەی و میتۆدی یەکانی ڕابردوو هەیە، هەروەها پێویستی بەئەنجام گیری ڕامیاری و هزری و هەڵوێست و بەرژەوەندی چینایەتی جیاواز هەیە، تابتوانێت دابڕان لەناو پەیوەندیەکان و لەناوەندە چینایەتی یە جیاوازەکانی ڕووبدات.

دابڕان لە میتۆدێک دەبێت دابرانی ماتریالیستیانەی دیالێکتیکیانە بێت لە میتافیزیکی بڕواو هۆشی ڕابردوو و دەووروپشت. دابڕانی ڕیزی چینایەتی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان بێت لەڕیزی چینایەتی بۆرژوازی و سەرمایەداری و پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و سیستەمی ئابووری چینایەتی یەکەی چونکە مارکسیستەکان بەپێکهاتی ناوەڕۆکی میتۆدی و هزری و بیۆس پۆلیتیکۆسی خۆیان، لەهەموو توێژگەڵ و چینەکانی ترو میتۆدەکەیان جیادەبنەوە. کەواتە نابێت دابڕانەکەش بەڕەوئەوە بێت کە کردەیەکی ڕاستی یانەوەی ووردە بۆرژوازییانە بەرهەم بهێنێتەوە.

**گۆڕانی چینایەتی یانەی کۆمۆنیستەکان دابڕانی میتۆدەکەیان و فەلسەفەی ئاوەزو هزری جیهان بینییاتە، لە ڕەوەندی هزری و ڕامیاری بۆرژوازی. لەبەرئەوە کاتێک کۆمۆنیزمی کرێکاری وەلادەنرێت، دەبێت میتۆدەکەی وەلابنرێت و هزری (ک.ک)ی بگۆڕدرێت بە سیستەمی کارو هزری مارکسیستی. بەڵام ئەم کردەیە لەسەرەتادا لە بزوتنەوەی بنیاتناندا جێ بەجێ نەکراوە. هەروەها دواتریش ئەو دابڕانە ڕووی نەداوەو بەئەنجامی پراکتیکی نەگەشتووە. چونکە فۆرمی میتۆدی و هزری جیاوازیان دیارنی یەو ئاستی جیابوونەوەکانیشیان، بەهۆی ڕەدووکەوتنێکی کوێرانەوە ئەنجام دراوە. لەبەر ئەوەی تیایدا ئاوەزێکی کراوەو دیالێکتیکیانەی پرۆسیس نەکردووە. ئەمەش لەبەشی دواتردا زیاتر ڕوون کردنەوەیان لەسەر  دەدەین. بەڵام بۆ ئەم سەرووتارە ئەوەندە بەسە کە ناوەڕۆکەکەی زیاتر ڕوونی کردووەتەوە.**

**ئەم دەستەیە لەسەرەتادا نەی توانیوە جیاوازی لەنێوان خۆیان و ئەواندا، وەک جیاوازی یەکی ماددی دەستنیشانی لایەنەکانی بەڕوونی بکات، و درکی ڕوون و کردەی زانستی یان هەبێت لەسەر کەلێنی نێوان خۆیان و ئەوان. وەلێ دوبارە کردنەوەی هەمان میتۆدکراوە بە بنەمای جیاوازی و بەهەند وەرگیراون. کرۆکی ئەم لێکدانەوەیەش تەنها لەمیتافیزیکەوە سەرچاوەی بۆ جیاوازبوون هەڵگرتووە.**

**ئەو هەموو ڕستە ڕیزکردنانەی سەرەوەی ناو سەرووتاری پەیامی کۆمۆنیزمی ژمارە یەک، نەیتوانیوە ئەو ڕاستی یە دیزەبەدەر خۆنە بکات، کە دانەبڕاون لەهەمان میلۆدی میتۆد و لێکدانەوەی پێشوو، چونکە پلەی لێکدانەوەکانیان، لەسەر چاوەی شیکاری یە هزری یەکانیانەوە دەست نیشان دەکرێت.**

**لەم سۆنگەیەوە نەیان توانیوە لەو پەیامەدابڕێن، کەپەیامی پارتایەتی پێشووتری کارکردنیان بووە. (ک.ک) هیچ لێکدانەوەیەکی مارکسیست و پەیڕەو نامەکانی هەڵنەگرتووو نەشکراوە بەسەر چاوەی ئاوەزیان تابەهۆی ئەوەوە لەسەر (ک.ک) ی بەدیدێکی مارکسیستی ئەنجام گیری ڕامیاری و چینایەتی جیاواز لە ڕابردوو بەدەربخەن. ئەوان هەمان ڕامیاریستی ئەڵقە بەستی تەسک و دەستە چێتیان ئەنجام داوە، ئەویش لە سونگەی ئەو کردەوەیەی کە هەمان میتۆد و هزری ڕابردوو پرۆسیس دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا و گوایە لەڕابردوویان جیابوونەتەوە. ئەو جۆراو جۆری ووتەیەش و دەربڕین و هەڵاهەلاکردنی لەدەووریدا، خۆڵ کردنە چاوی دووروبەریانە کە هەمان بەیت و بالۆرەی**

ڕابردو دەڵێن بزوتنەوە یەک بەرێدەخەن، گوایە بۆ پێک هێنانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عیراق. بەڵام ئەم دیدە ناوازەیە بەرێسای دیالێکتێک و تۆزقالێک لەگەڵ ماددییەتدا دەست لەملان نابێت.

دووحیزب دروست دەکەن بەهەمان بەرنامەو میتۆدو هەمان هزرو ڕامیاریزم. کەواتە ئەمانە جیاوازیان تەنها بە دروستکردنی هەمان حیزبە لەدەرەوەی حیزبی دایکدا. واتە ئەو کردەیەو پرۆسیسکردنی لە ئایدیای دەستە چێتی یەوە سەر چاوەدەگرن.

کاتێک حیزبێک لەدەرەوەی حیزبێکی تر دروست دەبێت ودەیەوێت بەتەواوی ئەو حیزبەی ڕابردوو لەهەموو ڕوویەکی پارتایەتی و ڕامیاریزمی و هزری و میتۆدی یەوە دابڕاندنی خۆی دروست بکات و بەئامانج و ستراتیژی جیاوازەوە کاربکات، دەبێت دابڕانێکی ماددی بابەتی یانە بە ئاوەزێکی دیالێکتیکیانە ئەنجام بدات، بەڵام ئەم هەوڵانە نەدراوە لەو ناوەندەداو نەشی توانیوە ئاسۆی چەپی خۆیان ڕۆشن و هەنگاوێکی زیاتر بە بزوتنەوەکە شیان هەڵبگرێت.

هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ احمد معین و نزار عبدالله  و ئاسۆ غریب کراوە دەربارەی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری عێراق. ئەحمەد معین دووپاتی هەمان پەرەنسیپ و شێوەی پەیوەندی گرتن دەکاتەوە کە (حککع) لەسەرەتاوە تائێستاش (کاتی نووسین و چاوپێکەوتنەکە) پەیوەندیان پێیەوە هەیە، ئەحمەد معین دەڵێت [ بەرقەرار کردنی پەیوەندیەکی سیاسی پتەو و سالم و فەعال لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و شەخسی هاوڕێ منسوری حیکمت و بانگەوازکردنی بۆ بەشداری هەڵ سوڕاوانە لە ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەرک و ئەولەویات و دژواریەکانی ئەم دەورەیەی بەردەم خەبات و هەڵسوڕانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەعێراقدا. (ل4، پەیامی کۆمۆنیزم-ژمارە-1-) ] ئەم دەربڕینەی ئەحمەد معین زیاتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن (حککع) پەیوەندی و لاسایی کردنەوەی پەیام و خواستی (ک.ک)ی یان دەکردەوەو مەنسوری حیکمەتیان بەپەیام بەرو سەرچاوەی دیدو بۆچونەکان بەهەند وەردەگرت. بەهەمان شێوەی ئەمانیش بانگەوازی هەمان پەیوەندی و پراکسیسی ڕابردوو دەکەنەوە، بەشێوەی کوێر کوێرانەو بێ پرسیار، پەیوەستی خۆیان دەگرنەوە .

بەڵام ئەوە لەلای ئەحمەد معین وونەو نادیارە کە مەنسوری حکمەت (ک.ک)ی و ئەرکی هزری و ڕامیاری و چینایەتی خۆیان لەناو (حککع)دا بەشێوەیەکی دڵخوازانەی خۆی جێ بەجێ کراوەو دەبینێت.

وەڵامەکانی (ک.ک)ی لەسەر ئاستی ڕووی کۆمەڵ و لەبەرامبەر ڕامیاری و پێک هاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەدارییدا خستیانە ڕوو. برکردنی ڕامیاری یانەو هزرییانەی هەرئەوەندەیە و تواناکەشی بەو پێوەرەیە کەلە ڕابردووبینیمان، بێگومان هەردووبارە کردنەوەیەکی تریش دەگات بەهەمان ئاست و ئەنجام گیری یەکانیشیان ئەو بەرهەمەی دەبێت کە (حککع) هەیبوەو پێوەی دەرکەوت. لێرەدا ئەوە ڕوون دەردەکەوێت کە (ئەحمەد معین)لەبێ ئاسۆی خۆیاندا و کەم توانایی لەباری تیۆری مارکسیزمەوە، بەو هۆیەوەیە کە نەیتوانیوە ئەنجامی شکستی (حککع) لە شکستی پراکتیکی و هزری و میتۆدی و فەلسەفی کۆمەڵایەتی یەوە ئەنجام گیری لێوە بکات.

واتا درکییان لەسەر کەم و کوڕی و بێ ئاسۆ بوون پاشەکشەی بزوتنەوەکە یان و چەپ و درکێکی زۆر نازانستی و دوور لە سروشتی شکستەکانبووەو، نەیتوانیوە هەنگاوێک لە مێژووی ڕابردوو دووربکەونەوە. ئەوەش بەرئەنجامی ئەوەیە کەدرکی کەم و لاوازییان لەسەر ناوەڕۆکی سیاسی چینایەتی (ک.ک)ی و ئاسۆو ستراتیژی چینایەتی یەکانیان هەیەو ڕەدوو کەوتنێکی کوێرانەیە. ئەگینا جیاوازبوون لەگەڵ (حککع) یان هەر هزرو میتۆدو فەلسەفەیەک، پێویستی بە دابڕانی دەستەی جیا بووەوە یە لە باری فەلسەفەی جووڵە و هزری و ڕامیاری و پەرەنسیپەکانیەوە دەبێت.

بەم پێ یە نەیان توانیوە لەکاژی سوونەت و بیرو بۆ چوونی مەحفەلی و سکتاریستی و ئانارکۆسەندیکا لیستیەکانی ناو (ک.ک) دەربچن، بۆیە ئەنجامی پەیوەندی یەکانیان خستووەتە سەر ئەو ڕێژکەیەی کە (حککع) پیایدا دەڕوات.

بەڵام ئەمانە لەساتەوەختی جیابوونەوەیان جارێکی تر دەچنەوە سەرسەرەتای هەمان ڕێگای ڕابردوو، هەروەها ئەو پەیوەندی کردنەی ئەحمەد معین و بزوتنەوەکەیان لەگەڵ منسوری حیکمت، جارێکی ترو بەشێوەیەکی کوێر کوێرانە تر، تەنها دوبارە کردنەوەی هەمان ڕیتمی پێشووی (حککع) دەبێت! بێگومان بەرەنجامی ئەو پەیوەندی یە هەمان ئەنجامی دەبێت کە بەرهەمی (حککع)ی هەبووە. لەکەوانەی ئەم بۆ چوونەوە دابڕان لە حیزبی (ک.ک.ع) ئەنجام نەدراوەو بەڵگەش ئەوەیە کە وەک باری پێشووی دروست بوونی حیزب هەمان ڕیتم دەکات بەبنەما بۆ دروست بوونی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراقدا.

هەروەها دەبێت بۆ تێپەڕاندنی نائومێدیەکانی ناو بزوتنەوەی چەپ و (ک.ک)ی، لە تێپەڕاندنی بەها هزری و میتۆدی و کردەو بیری ڕامیاری یەوە سەرەنجام بگرێت. کەواتە پێویستە بۆ دەرهێنانی بزوتنەوەکە و دابڕان لە

قۆزاغەی متبوونی ڕامیاری و ڕێکخراوەیی بزوتنەوەکە بگەڕێتەوە سەر میتۆدی مارکسیزم و لە کردەکانیاندا و لەپەیوەندی گرتنی بەچینی کرێکارو پێگەیاندنی ڕێکخراو بوونیان بەکار ببرێت. بەکار هێنانێکی زانستی یانەی ئەو میتۆدە بەپێی پێویستی یە کانی گەشەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی لەناوچەکەدا ئەنجام گیری ڕامیاریو پراکتیکییان لێوە دەربهێنرێت و ئاسۆی بزوتنەوەکە لەسەر ڕوویەکی ماددی پراکتیکی گەشە دارتر ڕابگرێت .

بۆئەم مەبەستەش دابڕان دەبێت لەڕامیاریکردن و ئامانجی ڕابردو لەهەوڵ و ستراتیژی کارپێکردوو بێت. بۆ پرۆسیس،کردنی ڕامیاری و ئامانج و ستراتیژێکی زانستی و گونجاوی مارکسیستی تابتوانێت بەزانستی ئەرک و پراکتیکی بزوتنەوەی ڕامیاری، ئابووری چینی کرێکار دەست نیشان بکات.

ئەم لێکدانەوانەی ئێمە بەشێک بووە لە دیدگاو بۆ چوون و تێزەکانمان لەپێش و ئێستادا. بەڵام هەوڵی ئەوکاتەی جیابوونەوەی (ئەحمەد معین)و هاوڕێکانی، دووپات کردنەوەی هەمان ڕیتمی ڕامیاری کردن و هزری (ک.ک)ی بووە، هەمان ڕیتمی پەیوەندی بەحیزبی دایکەوە ناوک و کرۆکی تێزەکان و هەوڵەکانیان بووە، لەبەر ئەوە توانای جیابوونەوەکان توانایەک و هەوڵێکی لاوازو تائاستی نەزۆکی ودوور لە ماددیەتی دابڕانی هەمان ڕامیاری کردن و میتۆدە.

لەهەمان کاتدا جۆرو لایەنی پێکهێنانی حیزبیش هەمان ڕیتمی بە خۆیەوە گرتووە، هەمان ئاسۆی دووبارە هەڵپێچاوەتەوە. کەواتا پراکتیکی بەو شێوەیە دابڕان جیابوونەوەکاندا دروست ناکات. لە شوێنێکی تردا لەهەمان چوارچێوەو تەرزی بیردا (نزار عبد الله) جارێکی تریش لە ژمارە (دوو)ی پەیامی کۆمۆنیزمدا دووبارەو سێ بارەی هەمان ڕیتم و میلۆدی هەمان پارچەی ئاواز دەکاتەوە و گفتوگۆکەی بەهەمان ئامانجی ڕامیاری و چینایەتی کۆتایی پێدێنێ و دەڵێت [ حەتمەن لەم ڕەوەندی فەعال بوونەوەو پێشڕەویانەدا سوونەتە حزبیەکەش فەعالتر دەبێتەوە و ڕیشە دارو بەهێز دەبێت، هەڵبەت ئەمە ئۆتۆمانیکی نابێ مەیدانی حیزبیەتیش خۆی مەیدانێکی تایبەت دەبێت هاوکات لەگەڵ ڕۆشن کردنەوەو دیاریکردنی لەهەر بوارێکدا ئەو سونەت و شێوەکارو ئسلوبانەی ئەم سونەتەی پێشێل کردووە وەلابنرێن و ڕەخنەیان لێ بگیرێ، بەبڕوای من لەم مەیدانەدا دەورەی داهاتوو پێویستە ووزەو ئنرژی زۆر سەرف بکرێ بەمەیدانەکانی ترەوە گرێ بدرێتەوە، ئەمە کارێکە ئێمە لەڕێگەیبەرپاکردنی ((بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق))ە وە دەستمان پێ کردووە. (ستوونی دووەم-ل7-ژمارەی (2)-پەیامی کۆمۆنیزم) ]

نزار عبدالله لەپێشتردا کۆمەڵێک ئەرک و ئامانجی (حکک) دەست نیشان دەکات و دەیکاتە بەڵگەی جیاوازی و بەلام بەدانەبڕانی لە (ک.ک)ی، لەڕێگەی ئەو ئەرکانەی کەدەست نیشانی کردوون دەیەوێت بەبەڵگەی ناکارامەیی ڕابەرایەتی(حککع) نیشان بدات .

بەلام ئەم لێکدانەوەیە زیاتر لەتێڕوانینێکی دیماگۆجیانە دەچێت، هەتا لە تێڕوانینێک کە هەڵئینجاوی سروشتی حیزبیەت و هەڵسوڕانەکانی بێت. چونکە لێکدانەوەکان کاری لەسەر بنەما هزری یەکانی پێشووتر نەکردەوەو شۆکی تێزەکانی ڕابردوویان ئاشکرانەکردووە یان بۆی نەکراوە. لەبەر ئەوە دەیەوێت ڕابەرایەتی (حککع) بکات بە بەڵگەی شکستەکانی تێزی (ک.ک)ی نەک خودی میتۆدی و فەلسەفەی (حککع) و بنەما میتۆدیەکانی (ک.ک)ی و پایە ئایدۆلۆجیەکانی. لەبەرئەوەی کاتێک حیزب و ڕابەرایەتی ئەرک و ئامانجەکانی یان جێ بەجێ نابێت لەسەر ئەرزی ماددی. پرۆژەی هزری و ڕامیاری ئەوان پرۆژەیەکی بەرجەستەو واقعی (سروشتی ماددی) نابێت- واتە پرۆژە ڕامیاریستەکانی ئەوان پرۆژەیەکی ناکرێکاری و ناکۆمۆنیستی نازانستیانەیە. لەبەرئەوەی هەڵئینجاوی ئەو ئایدۆلۆژییەیە کە بۆرژوازی و وورده بۆرژوازی پێوە دەناسرێتەوە.

کاتێک ڕابەرایەتیش لە دەورانی ڕابردوودا یەک دوو ئەرک و فرمانیان جێ بەجێ نەکردووە. هیچ بەڵگەیەک نی یە بۆ لادان و ڕۆچوون بەباڵی دورکەوتنەوە لە (ک.ک)، لەلایەکی ترەوە، ئەرک و مەهامەکانیش جێ بەجێ کراون و بووەتە فرمانی ڕۆژانەی ڕێکخستن و ئەندامەکانیان و پەیوەندی یەکی دووگما تیستیانەیان هەبووە و کردەیەکی دیماگۆجیانە شیان لەڕامیاری کردنی ئەندامەکانیاندا بەرجەستە کردووەو بەشێک لە بەشە هەرەگرنگەکانی پراکتیکیان بووە. واتە کێشە کە لەسەرەتاوە لەناو سەنتراله هزریو ڕامیاریو جیهان بینی یەکانی (ک.ک)ی یدایە نەوەکو ڕابەرایەتی یەکەی (حککع) بکرێت بە ئامانج لە شکستەکەدا. (ئەگەر هەندێ لەکاتەکان ئەو ڕابەرایەتی یە بەئەوپەڕی دووریەکانی ئەو تێزانەی بەدڵ وبەگیان هەڵنەگرتبێت، بێگومان ئەمەش لەناو (حککع)دا بە پێچەوانەوەیە.(

دروشمی پراکتیکی ڕۆژانەی ئەم حیزبە دروشمی تایبەتی خۆی هەبوو. بەلام خواست و ئامانجی دروشمەکانی یان نەیان ئەتوانی یان کارانەبوون و تەمەنیان درێژ بێت، چونکە لەبەرامبەر هەر پلاکارتانی ئەم حیزبەدا، بۆرژوازی کردەی لەوەو پێشی ڕیفۆرمی یان بووە یان یەک شەقاوی هەڵبهێنایە ئەوا پرۆژەی دروشمە ڕۆژانەی یەکانی یان

شکستی دەخوارد . واتا فۆرم و ناوەڕۆک و ئەو خواستانەی کە لە دەووری ئەو دروشمەی کۆبوو نەوە، نەی دەتوانی بەر بەسیاسەتی ڕۆژانەی سەرمایەداری بگرێت و سیاسەتی حیزب بباتەپێش و تووندوو تۆڵ ڕایبگرێت لەبەرامبەر جووڵانەکانی بۆرژوازیدا. هەروەها ئەو ئەرکەش کە نزار عبدالله داینابوو لە دەوورەی دووەمی پێکهێنانی (حککع) دا جێ بەجێ بکرێت و دەڵێت نەکران.

ئەو بیژانەو ئاوەزی (نزار عبدالله) دوورن لە لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروست لەگەڵ ئەوەشدا کراوەتە بەڵگەی جیابوونەوەکانیان، هەموو لێکدانەوەکانی لەبارەی جیابوونەوەکان کراوە لەسەرەتادا لێکدانەوەیەکی ناسروشتی بوو دوور لەڕاستی جیاواز بوون،چونکە نەی توانیوە دەست نیشانی هۆی شکستەکانی (حککع)ی بکات، لەبەرئەوەی ڕەگەی ناتوانایی و بێ وەڵامی نەدۆزراوەتەوەو دەستی نەخستبووە سەر ئەوەی کە (ک.ک)ی وەک ئایدۆلۆجیا دەربڕی بەرژەوەندیەکانی وورده بۆرژوازی و بۆرژوازی بوو.

هەروەها پێکهاتەیەکی هزری و سیاسی سۆشیال-لیبرالیزمی دیدوتێزی وورده بۆرژوازی ئەوروپای هەبووە. بەڵام لەبەرئەوەی دەیانویست بەهەمان ڕیتم پارتێکی تر دروست بکەن و دەست بەرداری (ک.ک) نەبن و جیاوازیش بن لە (حککع). ئەم هەڵوێستانە دوگماتیستانەیەو دوور لە سروشتی دەرچوون لەناوەندێکی تەنگژاوی و بێ ئاسۆی سیاسی و پراکتیکی ناوچینی کرێکارە (ئەگەر هەبن.(

هەڵوێستی(نزار عبدالله)و هاوڕێکانی ناتوانێت ڕامیاری کردن و داخوازییەکان وئاواتە مێژووی یەکانی چینی کرێکار لەئەستۆ بگرن، ئەگەر کردەیەکی سیاسی جیاوازییان دەست بەمیتۆدی مارکسیزمەوە نەگرێ. چونکە ئەوان بڕیاریان داوە کەلەو ساتەدا هەر لەسەرمیتۆدی (ک.ک)ی بمێننەوەو بەهەمان ئایدۆلۆجیاکار بکەن. ئەمەش بەهای جیاوازی بوون و دابڕان وون دەکات. بەڵام ئەو ئەرکانەی کەبە ئەژماری (نزار عبدالله) لە (حککع) دا جێ بەجێ نەکراون و ئەمان جێ بەجێی بکەن، لەڕێگەی بەرپا بوونی (بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق)و حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری عێراق پێک بهێنێت، ئەم بۆ چوونە زۆر خۆ هەڵخەڵەتێنەرانەیە. چونکە ئەرکەکانی (حککع) لەدەورانی ڕابردوودا لە ڕێگەی سیاسەت و پەیامەکانی ڕۆژانەو بەیان نامەکان یانەوە جێ بەجێکەری ئەرکی (ک.ک)ی بوون. بەڵام ئەو ئەرکانە ناچنە جێگایەکی ترو ئنرژی زیاتر نادات بەبزوتنەوەکە لەبەرئەوەی پەیوەندیان بەسەرخەتی سیاسی و هزری ڕامیاریست و پەیامەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە هەیە. چونکە ڕامیاریزمەکانی (ک.ک)

دووپات و سێ پاتەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی وورده بۆرژوازی ئەورووپی و هەڵئێنجاوی میتۆدی فەلسەفەی سۆسیال لیبرالیزم بووه، لەگەڵ ئەوەشدا پایەی کۆمەڵایەتی ئەو توێژ گەلە لەڕێگەی تەنگژەی ڕامیاری کردن و ئابوری و کۆمەڵایەتی یەکانی یەوه لەناوچەکەدا، ناتوانێت تەمەن درێژتربێت و دەووڕانێکی درێژتر ڕامیاریست و بەرژەوەندی یەکانی بەسەر بەرێت و داکۆکی کاری بەرژەوەندی یەکانی بێت. بەڵام ئەو هەوڵەی (نزار عبدالله) و دەستەکەیان لەسات و شوێنی خۆیدا نەیدەتوانی بەهەمان ڕامیاری و هزرەوه جیاوازبێت و دابڕانی خۆی دەست نیشان بکات لەگەڵ (حککع). چونکە هەمان سوونەت و هەمان شێوەکارو هەڵسوکەوتیان هەیە کە ئەوحیزبە لەڕابردوو وئێستادا هەیبووەو جارێکی تر دەیکات بەپەرەنسیپی جیاوازی بێ جیاواز بوون و بێ دابران لەقۆزاغەی ڕابردوو. چونکە (ک.ک)ی سەرچاوەی بیرو هۆشی و پراکتیکی هەردوولایانە، لەبەرئەوه ناتوانێت ئەو پراکتیکەی پێشووتریان وەلابنێن و لێی دوور بکەونەوه. ڕەخنەگرتنیان لەکردەی پێشووتریان دەبێت ڕەخنەگرتن بێت لە میتۆدی (ک.ک)ی بەڵام لەپرۆسیسی جیاوازبوونەوەیان (بەناو) ئەم ئەرکەی جێ بەجێ نەکراوه. لەم سۆنگەیەوه ناتوانن پرەنسیپی جیاواز بەرهەم بهێنن .

ئەم کارەش بۆ جیابوونەوەکانیان لە ڕامیاریست و پراکتیکی (ک.ک)ی ئەنجام گیری باشی نەبووه. چونکە نەیان توانیوه بەتەواوەتی ووشکە دابڕانی خۆیان لە (ک.ک)ی بەرهەم بهێنن و لەگەڵ میتۆدی مارکسیزمدا جووت ببن. لەبەرئەوەی هەتا ئێستا لێکدانەوەو ڕەخنەیەکی ڕۆشنبینیان نی یە (هەتا کاتی نووسینی ئەم پەرتووکە) لە (ک.ک)و هەروەها نەیان توانیوه دەست نیشانی لایەنە نەگەتیڤەکانی میتۆدی (ک.ک) بکەن و لەسەر بزوتنەوەکەو لەبەرامبەریشدا ئەرک و ئامانجی ڕۆشنی چینی کرێکار دەست نیشان بکەن .

من لێرەدا نامەوێت لەسەریان بدوێم. چونکە لە بەشەکانی دواتر زیاتر لەسەریان ئەدوێم و لەپێشتریشدا لایەنە خراپەکانیم لەجیابوونەوەکانیاندا دەست نیشان کردوو تەنها لێرەدا دەمەوێت ئەوه ڕوون بکەمەوه کەدانەبڕانی ئەوان لە میتۆدی پێشووتریان ناتوانێت ئەرک و فرمانێکی تری جیاواز دەست نیشان بکات بەڵکو دووبارە کردنەوەی هەمان ڕامیاری و ئاکار دەبێت.

بەڵگەش بۆ ڕاستی بڕواکان (نزار عبدالله) دەڵێت [ بەهێز کردنی ئەم سوونەتە لەسەرەوەو لەڕێگەی ڕابەرایەتیەکی کارامەو حیزبییەوه بەئەرکی خۆمان زانیوه. ئێمە هەر لەسەرەتاوه پەیوەندیەکی خەبات کارانەو ئۆرگانێک بە سونەتی

کۆمۆنیزمی کرێکاری یەوە دەبەستین. دیارە پەیوەندیەکی ئایدۆلۆژی و ڕاگەیاندنی ئەوەی کەسەربە سوونەتی کۆمۆنیزمی کرێکارین ئۆتۆماتیکی نامان کات بەخاوەنی ئەو سوونەتە، دەبێت لەمەیدانی عەمەلی دا پشت بەم سونەتە ببەستین. (ستوونی دووەم)-ل7-ژمارە(2)ی-پەیامی کۆمۆنیزم ] ئەم پەرەگرافە سەلمێنەری زیاتر بڕواو بۆ چوونەکانمانە لەسەر ئەم دەستەیە و (ک.ک)ی چونکە ئەم ڕابەرایەتی یە وەک ڕابەرایەتی(حککع) پابەندی خۆی بەڕابەرایەتی سەرتاسەری (ک.ک) و میتۆدەکەیەوە دەست نیشان کردووە هەروەک چۆن (حککع) و ڕابەرایەتی یەکەی لەژێر کاریگەری ڕابەرایەتی سەرتاسەری (ک.ک)دابووە.

ئەوانیش لەپێشترو لەساتەوەختی نووسینی ئەو پەرەگراڤە شیاندا. هەرهەمان پەیوەستی دووپاتە دەکەنەوە-هەروەکو خۆشیان دەبێژن سەربە سوونەتی (ک.ک)ین و پەیوەندیان بە ئایدۆلۆژی ناو (ک.ک)ی یەوە توندو تۆڵە.

ئەم هەموو ووتە زایانەی کەدەری دەبڕن لەسەر سوونەت و ئایدۆلۆژی یای ناو (ک.ک)و ڕابەرایەتی، هیچ نی یە بێجگە لەبەڵگەی ساوێلکەیی و بەرژەوەندی پەرستی وورده بۆرژوازی نەبێت. تەنهاش ئەوەی بەسەرەنجام دەگات،دووبارە کردنەوەی هەمان ڕامیاریزم و ستراتیژی ئەو بزوتنەوەیەی خۆیانە.

ڕابەرایەتی کەم لیاقەیەو ناتوانایە پەیوەندی بەووەوە هەیە کە شوێن کەوتنی (ک.ک)ی و پرسیانەکردن لەسەر خواست و پەرەنسیپ و ستراتیژی و ئامانجی ڕامیاریزم و سەرخەتە هزری یەکانی ئەو میتۆدەوە هەیە. دەستور کاری و شێوەی هەڵسووڕانی بەو ئاست و پلەیە گەیاندووە کە لەگەڵ ڕامیاریستەکانی بۆرژوازی دا بڕوات و ئاوڕ لەڕابردوونەداتەوەو ئێستاشی بۆ گرنگ نەبێت.

داماوی ڕابەرایەتی (حککع)و (بزوتنەوەی بنیاتنان) لەوەدایە کە ناتوانان لەسەر میتۆدو هزری مارکسیزم و کەمتر ڕامیاریست و زیاتر ئاوەزێکی دوگماتیستی یان هەیەو نەیان توانیوە ئاوەزی بەستەڵەک بوویان خاوبکەنەوەو تێک بشکێنن و ئاوەزێکی دیالێکتیکی یان لەلێکدانەوەکانی سروشتی ماددی و میتۆدو هزری و ئایدۆلۆجی یەکاندا هەبێت.

ڕاستە کارو کردەوەکانی حیزب و ئامانجەکانی ئۆتۆ ماتیکی نابن بەڵام تاکتیک و شێوەی هەڵسوڕانی حیزب و ئامانجەکانی حیزب و ڕابەرایەتی و تێڕوانین و هزرو سیاسەتەکان دەتوانێت دەست نیشانی ئامانجی دووری حیزب بکات و هەروەها شێوەی هەڵسوڕانیش دەست نیشانی پەیوەستی و یەکانگیری سیاسەتی حیزب لەگەڵ بەرژەوەندی و خواستی مێژووی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕدا دەکات.

بەلام شێوەی هەڵسوڕانی (ک.ک) و میتۆدەکەی بەرجەستەی هەمان ئامانج دەکات کە (حککع) دەریبڕیوە. ئیتر ئەو لێکدانەوانە نەیان توانیوە جیاوازیی یەک دروست بکەن کە دابڕان بەرهەم بهێنێت و دوور بکەویتەوە لەوسیاسەت و پەیامەی کەلەڕابردوودا هەیان بووە. جارێکی تر ئەو لێکدانەوانە درێژەیان کێشاوە هەتاکاتی نووسینی ووتارێکی تری (نزار عبدالله) لەژمارە(8)ی پەیامی کۆمۆنیزم دا.

نزار عبدالله بەم شێوەیە دووبارە و سێ بارەی هەمان بڕواو بۆ چوون دەکاتەوە کە (حککع)و هەوڵەکانی لەو چوارچێوەیە دابووە [ بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق، هەر لەسەرەتاوە لێکدانەوەی خۆی دەربارەی (بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری) خستە ڕوو هەر بەوپێ یەی کەلەپێشەوە باسم کردوون خەتی سیاسی و فکری منسوری حیکمت و هاوڕێکانی وەکو خەتی سیاسی و فیکری خۆی قبوڵ کردو دیفاعی لێکرد-هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا خەباتی کردووە تاکو ئەم خەتە سیاسی یە تەعریف بکاتەوەو مەقولات و فۆرمۆڵبەندی و ناوەڕۆکەکەی بەدروستی بخاتە ڕوو. بزوتنەوەی بنیات نان ((بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری)) وەکو بزوتنەوەیەک تەماشا کردووە، لێکدانەوەکانی منسوری حیکمت وەکو لێکدانەوەیەکی مارکسیستی هاوچەرخ پەسەند کردووە. (ل1)-ژمارەی (8)-پەیامی کۆمۆنیزم-دامەزراندنی حیزبی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق لە گرەوی چی دایە؟-نزار عبدالله-)] ئەم پەرەگراڤەی سەرەوە، زیاتر و ڕوونتر خاڵی خۆبە دەستەوە دانی نزار عبد الله و دەستەکە یان ڕادەگەیەنێت کار بەدیالێکتێک ناکات و ڕەوەندێکی زانستی بەکار ناهێنرێت و پرسیار کردن لەسەر میتۆدی (ک.ک) لە هەڵسوکەوتی ئەندامانداا جێگای نی یە. لەبەر ئەوە ئەم دەستەیەش ناتوانێت لە بۆچوون و ڕامیاریندنییاندا (بیوس پۆلیتیکوس) وەلام بەکێشەو داوا ڕەواکانی چینی کرێکار و بزوتنەوەکەیان بدەنەوە.

هەروەها سەرچاوەیی بوونی مەنسوری حیکمت و هاوڕێکانی لەڕێگەی دەربڕین و لێکدانەوەکانی یانەوە ئەمەش تەنها بۆ کۆمەڵێک لەووردە بۆرژوازی بووەونەی توانیوە هزری هەموو بزتنەوەکە بێت. بەڵکو توێژ گەلێک هەڵگری ئایدیای (ک.ک)ی بووەو داکۆکی لەبەرژەوەندیەکانی خۆیان پێ کردووەو هیچی تر. ئەگینا ناوەڕۆکی ئاوەزی (ک.ک)پێک هاتی بەرژەوەندی یەکانی ووردە بۆرژوازی دەست نیشان دەکات و ناوی چینی کرێکار دەکات بەڕوو پۆشی ئەو بەرژەوەندی یەو دەیەوێت لەو کەناڵەوە زۆر ترین کەسایەتی ناو چینی کرێکار بۆلای بزوتنەوەکەی خۆیان ڕاپێچ بکات و ئەندامانی بزوتنەوەی کرێکاری لەبەرژەوەندی یەکانی خۆیان دوور بخاتەوەو بیانکات بەگیان فیدای

بەرژەوەندی یەکانی وورده بۆرژوازی و تابتوانێت زیاتر له ناوکایەی ململانێی ئابوری یە بەهێزەکانی ئیستای سەرمایەداری خۆیاندا خۆیان وەک زیخی ژێر ئاو بهێڵنەوە، توێژگەلی هەڵگرانی ئایدیای (ک.ک)ی واتە سوشیال-لیبرالیزم، بۆ ئێران و عێراقیش، تەنها له ڕیزێکی زۆرکەم دا بوونی هزری و میتۆدی یان ئامادە بووە. ئەگینا چینە بنەڕەتی یە شۆڕشگێڕەکە کەمترو زۆر زۆرکەمتر ئاگاداری بەهای میتۆدی ئەو هزرە وورده بۆرژوازی یە بووەو هەتا ئاستی نەبوو نیش بەهەند هاتووە.

هەرکەسێک دەیەوێت ڕێگەی ڕیزکردنی کۆمەڵێک ڕستەیەک بەدوای یەکدا پێناسی کۆمۆنیزمی کرێکاری بکات و بەلووتکەی لێکدانەوەی مارکسیستی بەیان بکات، دەبێت باش ئەوە بزانێت کە ئەوەتا له مارکسیزم شارەزایی نی یەو پایە فەلسەفی و میتۆدی و هزرییەکانی تێ نەگەشتووە، یان ئەوەتا بەرژەوەندی توێژگەلیان هەیە لەگەڵ توێژگەلی (ک.ک)ی دا بۆیە بەدڵ و بەگیان بەردەوامی دەدات بەبیری ناو تێزی میتۆدەکەی و درێژەی هەوڵەکانیشی له پێناوی ڕاست و دروست بەیان کردنی (ک.ک)دایە. بەڵام ئەم هەوڵە نەزۆکانەیەو ناتوانێت درێژە بە ژیانی بدات. چونکە ناتوانێت بەدروستی لەسروشتی ماددی بزاوتتنەکان بگات،و پایەی بزوتنەوەکانی ناو سیستەمی سەرمایەداری پلەو ڕێژەی بزوتنەوەکەی نابینێت.

کاتێک دەتوانرێت بووترێت سەرچاوەیەکی مارکسیستی هاوچەرخی ئەمرۆیە کەپایەی هزری و ڕامیاریزم و پراکتیکی بزاوتنەکانی لەناو سیستەمی هزری مارکسیزم هەڵێنجا بێت، و توانیبێتی زیندووی و دوور له ڕڤیژنیستی و دۆگما کردنی بنیات نابێت و هەروەها لێکدانەوەی زانستی و زیندووی نوێ بونەوەی تێزو گریمانەکانی ناو فەلەسەفەکەی لەسەر سروشتی ماددی و پەیوەستی بەمارکسیزم ئەنجام دابێت.

بەڵام ئەو پلاتفۆرمانەی کەمارکسیزم لەڕابردوودا دەربڕیوون و دەووری شۆڕش گێڕانەی دەبینی لەناو چینی کرێکاردا. (ک.ک)ی پلاتفۆرمی ڕیفۆرمیستی، بە ترۆپکی سیاسەتی شۆڕشگێڕی لەقەڵەم ئەدا. هەروەها مارکسیزم له لێکدانەوەکانی خۆیدا ئەو ئەرک پێ سپێرییەی دابووی بەچینی کرێکارو وەک چینی شۆڕشگێڕی گۆڕان کردەوە له سیستەمی ئێستادا بەیان کردبوو. (ک.ک)ی پابەندی کرد بەوەی کەتەنها پراکتیک بۆ ئەم چینە ڕیفۆرم ئەنجام دانە.

ئەم لێکدانەوانەی (ک.ک)ی دوولادان و دەرچوونی وورده بۆرژوازی یەو ناوزەندکردنی بە مارکسیزمە. بێجگە لەهەموو ئەو هەوڵانەی کەلەسەر پەرەنسیپە مارکسی یەکانی پارتیایەتی و دیسپلینی لینینی یانە جیاوازی

بنەڕەتیان هەڵگرتووە. هەروەها پلاتفۆرمی(UN) یش کراوەتە پلاتفۆرمی ڕامیاری و ڕێکخراوەی و بیۆس پۆلیتیکۆس.

(ک.ک)ی لەلایەک دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی و گەلێک کێشەی تر. ئەم هەموو لێکدانەوانەی مەنسوری حکمەت و هاوڕێکانی و سەرخەتی هزری و تێزی ڕامیاریزمی (ک.ک) لەمارکسیزمەوە هەڵ نەقولاوە، بەڵکو بەرەنجامی پێکەوە گرێدانی چەند بڕواو بۆ چوونی سوشیال-دیموکرات و لیبرالیزمی نوێی وورده بۆرژوازی یانەو بەڕووپۆشی ناوی مارکسیزمەوە بەیان کردنیان. بەڵام ئەم هەوڵانە ناتوانن ئامانجی درێژیان هەبێت بەڵکو ئەو میزەڵانەی زۆر زۆر قەبارەی گەورە کراوە بە بچوکترین دەرزی ئاژن کردن لەت و پەت دەبێت. ئیتر تەنها لەلای نزار عبدالله و هاوڕێکانی ئەو سەرچاوە پاک و بێگەردەیەو گەڕانەوە بۆی بەمرادیان ئەگەیەنێت.

داماوی ئەم دەستەیە لەوە دایە ، بەهەموو دووعا خوێندنێک دەڵێن ئامین. لەبەرئەوەی جیابوونەوەی بزوتنەوەی بنیات نان لە (حککع)دا دابڕان نی یە. یان جیاوازی بنەڕەتی یان نی یە بەڵکو کێشە لەسەر ئاستی کەسێتی یەو هیچی تر. لەم سۆنگەیەوە (نزار عبدالله) جارێکی تر دەڵێت [ مەنسوری حیکمت و هاوڕێکانی و سەرجەم ئەو خەتە سیاسی یە فکریەی لەلایان ئەوانەوە تەرح کرا وەکو خەتی سیاسی و فکری بزوتنەوەی چەپی کۆمۆنیستیش لە عێراق قبوڵ کرا. ل6-ژمارە(8)-پەیامی کۆمۆنیزم-هەمان ووتار ] بەم پێ یە، کەواتە لەناو بزوتنەوەکەی خۆیاندا و لێرەدایەک لایەنی ڕوونی و ئاشکرای ئەم باڵە دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کەتەنها لەڕووی کەسێتی یەوە و چەند ئەندامێک جیابوونەتەوەو هیچی تر ئەگینا دابڕانی میتۆدی و ڕامیاری وهزری هیچ بناغەیەکی نەبووە. لەبەرئەوەیە ئەمانیش لەهەمان کاتدا تەنگژەی ڕابردوو بەرهەم دەهێنیتەوەو ناتوانێت ئاسۆی بزوتنەوەکە بەئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەو جیاوازدا بگۆڕن و بزوتنەوەکە شیان بخەنە ئاستێکی تری بەرەنگاربوونەوە، وە ئەم جۆر و بابەتە تەنها لەخەون و خەیاڵەکانی وورده بۆرژوازیدا ڕەنگاو ڕەنگ دەبن. هەربۆیە لەسەر پایەی بنەڕەتی و سروشتی ماددی و لەناو بزوتنەوەکەدا زۆربێ ئاسۆ و بێ پشتگیرن. ئەگەر (ک.ک)مەرج و پایەی ڕامیاری و هێڵی هزری و میتۆدی چەپە. ئەبێت نزار عبدالله و هاوڕێکانی لەچ شوێنێکەوە و بەچی پێوەرێک جیاوازی بەیان بکەن و جیاوازی یەکانیان بەچ ئاستێک دەبێت! بێگومان ئەگەر باسی کێشەی ڕامیاری بکەن، ئەوە لە پێشەوە ڕوونمان کردووەتەوە، کەتەنها لە بیرمەندانی میتافیزێک بەئاوەزیدا دێت و دەڕوات کەبەو جۆرو ناوەرۆکەی ئەوان بەیانی جیاوازی سیاسی

بکات. چونکە بێ ئەوەی سەرچاوەی لەدوو هزری جیاوازەوە وەرگرتبێ، یەک ئاسۆی هزری ڕامیاری، تەنها یەک ڕامیاریزم دەبات بەڕێوە. لەبەرئەوەی ڕامیاریستی جیاواز لەیەک ئاسۆی هزری یەوە دروست نابێت.

لەم سۆنگەیەوە ڕوون و ئاشکرایەکە بەرەنگاری بوونەوەکانی ئەوان، لەبەرامبەر ڕەوەندەکانی دەرەوەی (ک.ک)ی لەهیچ ووتارو باسێکدا بوونی نی یە. چونکە هەتا ئێستاش (ک.ک)ی بەندی جیاوازی یەکانیان لەگەڵ مارکسیزم و لەگەڵ ڕەوەندەکانی تری ئانارشیزم و سەندیکالیزم و لیبرالیزم و ڕیڤیژینزمی ناو بزوتنەوەکە درک پێ نەکردووەو بەڵکو زۆر جاریش خۆیان لەبەرەی دژی ئەم ووتە زایانە دەربڕیووە. بەڵام لەلایەکی ترەوە هەڵپێچی سیاسەت و بڕواکانیان بووە. لەبەرئەوەی میتۆدی (ک.ک) ی فێری کردوون، ئیتر سەنگەری ئەوان لەبەرامبەر ڕیڤیژینزم دانی یە. بۆیە نەیان توانیوە ئەوە دەربڕن کەدژایەتی کردنی ڕیڤیژینزم لەهەمان کاتدا دژایەتی کردنی سەرمایەداری یەو ناتوانرێت لە پراکتیکی ڕامیاریستیدا لێی دابڕێت.

هەروەها ناتوانێت لەسەرەتای دروست بوون و گەشەداریدا  و بۆ کاتەکانی دواتریش هەموو لایەنی هزری یە لادەرو ووردە بۆرژوازییەکانی ناو بزوتنەوەی چینی کرێکار بەتەواوی بنەبڕ بکەیت و هیچ ئەندامێکیان پێوەگیر نەخواردبێت. چونکە لەئێستادا (کاتی نووسنی ئەم پەرتووکە) لەسەر هێڵی سەرەتایی بڵاوکردنەوەی ئاسۆو ئامانجەکانی، هەروەها ئەو لایەنە لادەرانەی ناو بزوتنەوەکەش ژیانیان لەگەڵ ژیانی سەرمایەداریدایە و لەگەڵ کارو کرداری سەرمایەداریدا، هاوجووت بۆ سیستەمەکە یان و تەمەن  درێژی هەوڵەکانی خۆیان دەدەن.

(ک.ک)ی وەک لایەنێکی ناو بزاڤی ڕیڤیژینیزمی، ناتوانێت شەڕی ڕیڤیژینزم بکات چونکە ناتوانێت لە میتۆدو مۆراڵی ڕامیاری و بیۆس پۆلیتیکۆس و فەلسەفی پراکتیکی و بیۆس تیوریتیکو س(ژیانی تیۆری)ی ڕیڤیژنیزم تێ پەڕێت.

بەڵام ئێمە شەڕی یەکەممان تاکۆتای لەگەڵ سەرمایەداریدا هاوتایە لەگەڵ شەڕی ڕیڤیژنیزمدا. بەم پێ یە ناتوانرێت کۆتایی بەشەڕی خۆت بهێنیت یان ئەو شەڕە نەکەیت لەگەڵ ڕیڤیژنیزم داو بڵێیت شەڕی سەرمایەداری دەکەم. واتە ناکرێت ئەو دوولایەنەی سیستەمی سەرمایەداری دژبە بزوتنەوەی چینی کرێکارو ئەرکە مێژووییەکەی لێک جودا بکەیتەوە. چونکە جوداکردنەوەیان زیندووکردنەوەو هێز پەیداکردنە بۆ هەردوولایان کەلەیەک پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دروست بوون. کەواتە (ک.ک)ی ئەمە فۆرمەکە بێت دەبێت بەرەنجامی هەوڵەکانی بۆ کام چین

بێت و لەگەڵ چ بەرژەوەندییەکیاندا بێت؟! بێگومان وەڵامەکانی لەپێشتردا دراونەتەوە. لەلایەکی ترەوە قسەی نزار و هاوڕێکانی لەسەر (حككع) لەسەر ئەو لایەنە بێت کە (حككع) بڵێت باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئەویتریشیان بڵێت بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری، بەکارهێنانی ئەم دوو ووتەزایە، ناتوانێت لەو ڕاستی یە کەم بکاتەوە کە ئەم دوولایەنە هیچ جیاوازی یەکیان لەگەڵ یەکتریدانی یەو، لەم سۆنگەوە دابڕانیان پێک نەهێناوە. چونکە ڕوون و ئاشکرایە باسەکانی (ک.ک)ی بزوتنەوەی خۆی هەیەو هەروەها بزوتنەوەی (ک.ک)یش باس و بەڵگەنامەی خۆی هەیە.بەپێی هەموو ئەو دەستەواژانەو بەڵگەنامەو بەرنامەکانیان ئیتر هیچ لایەکیان ناتوانێت بێ دەربڕینی هەردوو ڕووی پێکهێنەری باس و بەڵگە نامەو بزووتنەوەکەی وەلامی ڕۆشن و ماددی عەینی بەکێشەکانی بزوتنەوەی چەپ بن.

لێرەوە دەردەکەوێت هەوڵ و ئنرژی یەکانی بزووتنەوەی بنیات نان........ ناکامە و جیابوونەوەیان کردووە بەڵام دابڕانیان لەهەمان میتۆد ئەنجام نەداوە. چونکە بەڵگەی هەموو جیاوازیەکیش دابڕانی ئێستایە لەگەڵ ناوەڕۆکی پێک هاتی پێشوودا. بۆ نموونە بەرنامە یەکێک لەسەر چاوەگرنگەکانی جیاوازی یە. چونکە بەرنامە تیۆەئالآن دەربڕی پێکهات و داخوازی چینایەتی و ئامانجی مێژوویی ئەو چینە دەردەخات.

لەسەر جەمی بێژان و نووسراوویاندا  ئەمان لە ڕووی بەرنامەشەوە جیاوازنین لەگەڵ (حككع) و هەروەها نەشیان توانیوە تەنها یەک خاڵ لە بڕگەکانی بەرنامەکە زیاد بکەن یان کەم بکەنەوە.

نزار عبدالله لە ووتاری (بەرنامەو حیزبیەتی کۆمۆنیستی)دا دەڵێت [ هێڵە سەرەکیەکانی بەشی لانی زۆری ئەم بەرنامەیە دووپات کردنەوەیەکی تری باوەڕو ئامانج و پرەنسیپەکانی مانیفێستی کۆمۆنیستە. هەروەها جیهان بینی یەکی بەرنامەیی مارکسیستی سەبارەت بەڕووداوەکان و ئەو ئاڵۆو گۆڕە سەرەکیانەی کەپێشتر و لەبەشی یەکەمی ئەم ووتارە دا باسم کرد لە خۆگرتووە. بەتایبەتی و بەدیاریکراوی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو بزوتنەوەی یەکی ماددیو چینایەتی کرێکاران پێناسە کردووەو لەکۆمۆنیزم و سۆشیالیزم ی بۆرژوازی جیای کردۆتەوە ...... (ل8-ژمارە-12-پەیامی کۆمۆنیزم)] جیانەبوونەوەیان لەگەڵ بەرنامەو پەرەنسیپەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بەڵگەی دانەبڕانی ئەو دولایەنەیە هەروەها یەک فۆرمی بەڵگەی ئەوەشە یەک پەرەنسیپ و یەک ستراتیژ هەیە .

کاڵ مافی ئەو دەستەیەو (حككع) بەیان کردنی بەرنامەیەکی سۆشیال دیموکراتی و تێکەڵەی لیبرالیزم، بە بەرنامەیەکی مارکسیستی بەڵگەی داماوی چەپی عێراق و ئێرانە، نەبوونی درک و تێروانینی مارکسیستی یانەیە

لەبارەی جیهان و پەرەنسیپەکانی دەووروو وبەریان. لەبەرئەوەی بەرنامەی (دنیای باشتر) بەبێ پرسیار هەڵیان بژاردووەو لە پراکسیسی بیۆس پۆلیتیکۆس ی خۆیاندا هەڵیان گرتووە، هەروەها ناتوانا بوون لە تێگەیشتنی مانیفێستی کۆمۆنیستی مارکس و ئەنگلز وپایەی جیاوازی ئەو دووبەرنامەیە لەبەڵگەی هزری و میتۆدی جیاوازی یانە وە بەدەربخەن، چونکە مانفێست بەڵگەیەکی تری دیدگاو جیهان بینی چینایەتی و خەباتی چینایەتی چینی کرێکارە بێجگەلەوەی کە ئاسۆو ئامانجەکانی خەبات و تێکۆشانی ئەوچینە لە بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری و پێک هاتی کۆمەڵایەتی ئەو چینەدا دەخاتە ڕوو و ئامانجی بەیانی ژێرەو ژوورکردنی ئەو سیستەمەیە. بەڵام بەرنامەی (دنیای باشتر) نەیتوانیوە کارلێکەرییەکانیووردە بۆرژوازی ئەوروپی لەسەر ناوەڕۆکی بەرنامەی خۆی لابدات و لەبەرامبەر کێشەی کۆمەڵایەتی چینایەتی و نەتەوایەتی یەکاندا، هەڵوێستی پێچەوانەی لیبرالیزم لە ئەستۆ بگرێت. بەهیچ واتایەک هەتا لەسەر ئاستی شیکردنەوەی سیستەمی سەرمایەداری نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی مارکسیستی بەرجەستە بکات و کارامە نەبووە تاپایەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی چینی کرێکار لەبەرامبەر سەرمایەداریدا دیاری بکات و دەووری مێژوویی ئەو چینە دەست نیشان بکات، وەک تاقە چینی شۆڕشگێڕ.

نزارعبداللە ئەوەندە کوێر کوێرانە ڕەدووی بەرنامەی دنیای باشترە کەوتووە، نەیتوانیوە لە لێک دانەوە کانیدا جیهان بینی و دیدێکی ڕوون و ئاشکرای ماددی و بابەتی و سروشتی ماددی بەکاربەرێت .

هەروەها ئەم کردەیەو بەکارهێنانە تەنها ئاکاری ئەم لایەنە نی یە بەڵکو ئاکاری ئەو لایەنانەی تربوو کە ڕەدووی (ک.ک) کەو تبوون. لەم سۆنگەیەوە ناوەڕۆکی ووتارەکانی نزار عبداللە تەنها بۆ بەڵگەهێنانەوەی پەیوەست بوون بە (ک.ک) و دابڕان لە (حککع)وە جێ بەجێ دەکران و دەردەبڕان. بەڵام ئەو ووتانە زیاتر کاڵ فامی یان پێوە دیارە تاوەکو بەرچاو ڕۆشنی و هۆشیار بونێکی مارکسیستی یانە. هەروەها (نزار عبداللە) دەڵێت [ بەرنامەی دنیای باشتر خۆپارێزی کردووە لە باسکردنی ئیمپریالیزم و هەروەها نارۆشنی هەیە لە پەیوەندی کردنی هێڵی بەرنامەیی و پەیوەندی پراکتیکی و ئاسۆی خەباتی چینایەتی و بەرنامەکەیدا] لێرەدا نووسەر بەڵگەی ئەوەش دەدات کە ئەو بەرنامەیە ناچێتەوە سەر هێڵە فکری و سیاسی و چینایەتی یەکانی ناو مانفێست. بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو بەرنامەیە ناتوانێت بەرنامەی بزوتنەوەی چینایەتی چینی کرێکارو کۆمۆنیستە زانستی یەکان بێت. تەنها بەڵگەی بەرنامەیەکی وردە بۆرژوازی یەو دوورە لە ئامانجی شۆڕشی چینی کرێکار. بەرنامەی دنیای باشتر لە هەر دووبەشەکەیدا نارۆشنی

و بێجگەلە وەی کەلە بەشی یەکەمدا چەند پێناسەیەکی سەرپێ یانەی بۆ ووتەزاو لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی دنیای ئێستاو کۆمۆنیزمی کردووەو سپاردوویەتی بە جێ بەجێ بوونی بەشی دووەمی بەرنامەکەی کەلەبەشی دووەمیشدا بەلایەنی ریفۆرم کردنی سەرمایەداریدا ئاکاری ڕامیاری خۆی ڕێچکە پێداوە. دروست بوونی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای لەچوار چێوەی کردەیەکی ریفۆرم کراوی سەرمایەداری ناوزەند کردووە.ئەمانەو زۆرێکی تریش لە ووردەکاری تر کە بەهەڵەو لیبرالیانە بەیانی هەموو لایەنەکانی تری کردووە... بێگومان ئەو باسەش شوێنێکی تایبەت و پەرتوکێکی تایبەتی دەوێت کە لێرەدا شوێن و کاتی ئەوەمان نی یە زەمەن یاربێت ئەوەش هەڵدەگرین بۆ هەوڵێکی ترولە شوێنێکی تردا .

بەڵام لەلایەکی ترەوە لەلای نزار عبدالله و هاورێکانی بەرنامەی ڕاست ودرووستیانە. ئەمانەش ئەوە دەردەخەن و دەردەکەوێت کەچەپ و لەناویاندا (ک.ک)ی نەیتوانیوە لە گێژاوی ناکامڵی و کەم مافی دوور بکەونەوەو درکی ڕۆشنیان لەسەر ناوەڕۆک و فۆرمی بەرنامە جیاوازەکان هەبێت. هەروەها دوبارە کردنەوەشیان بەڵگەی خۆبە دەستەوەدانی ئەم لایەنەو (حککع)ە بە بەرنامەو ستراتیژی کۆمۆنیزمی کرکاری.

نزار عبدالله لەهەمان ووتاردا دەڵێت [ ئەو هێڵە سەرەکیانەی لەوێدا هاتوون هێڵی سەرەکی بەرنامەیەکی ئەنتەر ناسیونالی ئەمرۆیەو بەهەمان ماناوە دەکرێ هێڵی سەرەکی بەرنامەی بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریش لە عێراق پێک بهێنێ. بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق هەر لەسەرەتاوە تەئکیدی لەسەر هێڵە سەرەکی و بنچینەیی کانی ئەو بەرنامەیە کردۆتەوەو سەرەڕای هەرتێ بینی یەک کە هەریبوبێت بەهێڵی بەرنامەی خۆی زانیوە.(ل8-ژمارە 12-پەیامی کۆمۆنیزم) ] لێرەدا ئەوەدەر دەکەوێت کە ئاستی خۆبەدەستەوەدانی ئەم بەرێزانە بۆ (ک.ک)ی مانای دیالێکتیکی لە ناوەڕۆکی هەڵبژاردنی بەرنامە هەڵ بچڕیوەو دووری خستووە تەوە لەوەی کە مرۆڤ بە پرسیارو هەڵسەنگاندنەوە بەرنامەیەک قبووڵ بکات. ئەو چەند ووتە بێژانەی کە لە سەردەمی پێش ئەو بەرنامەیە کراوەو بەرنامەی دنیای باشتر کراوە بە فۆرمێکی زیندوو جیهانی کێشەیەکی دوور لە زانستی و ماددی سروشتی ئەمرۆکەی جیهانە. چونکە ئەو بەرنامەیە ئەوەندەی ناوەڕۆکی میتۆد و ڕامیاری لە خواستی چینایەتی لیبرالیزمی هەڵگرتووە، لەگەڵ ڕامیاری و ئامانجەکانی بەرنامەی کۆمۆنیستی زانستی و چینی کرێکاردا جووت نی یە. هەموو ئەو باسانەی سەرەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە جیا بوونەوەکانی ناو (حککع) لەو کاتەدا جیابوونەوەیەکی بێ

ناوەڕۆکە و کێشەی کەسێتی و وەرگرتنی پایەو پلەی حیزبی پێوە دیارەو ناوەرۆکی جیابونەوەکانە. دوورە لە هەڵبژاردنی زانستی یانەی بەرنامەیی و میتۆدی زانستی وگونجاو بۆ ڕابەری بزوتنەوەی چینی کرێکار .

چونکە جیابوونەوە بەمانای دابڕان لەبەرنامەو بیۆس پۆلیتیکۆس و ئامانجی ڕابردوو ئەنجام نەدراوە. بەڵکو دووبارە کردنەوەی هەمان پراکتیک و تیۆری و ئامانجەکە (ک.ک)ی هەڵیگرتووە.

************************************************************

## -6-

## {جیایی یەکان بەڕێگای ڕەدووکەوتن}

لەبەشی پێشووتری ئەم پەرتووکەدا، لێکۆڵینەوەو باسێکی ووردترمان لەمەڕ جیابونەوەو جیاوازی یەکان کردووە. لێکدانەوەیەکی دیالێکتیکیمان خستووەتەڕوو لەبارەی جیابوونەوەکان.

جیاوازی یەکان لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟! جیاوازیەکان چۆن بەئەنجام دەگەن؟ ئایا جیاوازی یەکان لەڕووکاری دەرەوەیە یان لەناوەڕۆکدایە؟!یان هەردوو لایەنی پێکهاتە ماددی یەکەی سەرچاوەن بۆ جیاوازی؟ بێگومان ئەم پرسیارانەو چەند پرسیاری تریش بەڕۆشنی وەڵامیان پێدراوەتەوەو شیکاری یەکی دیالێکتیکی مان بەئەنجام گەیاندووە. بنەڕەتی جیاوازی یەکانمان ڕاگەیاندووەو خستووتەڕوو.

بەڵام جیاییەکان لەلای بزوتنەوەی بنیات نان و دەستەی جیابووەوە لە (حککا)، هەڵوێستەو لێکدانەوەیەکی میتا فیزیکانەی بەخۆیەوە گرتووەو نەیتوانیوە کرۆکی جیابوونەوەکان بەفۆرمی دیالیکتیکی یانەی خۆیدا ببرێت و جیاوازییەکان بنەمایەکی ماددی یان هەبێت.

(رضای مقدم) لەڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری وازهێنانی لە (حککا) کەمێژووی 9ی نیسانی 1999 پێوەیە. هیچ لێکدانەیەکی ڕۆشنی تێدانی یەو نەیتوانیوە هەر هیچ نەبێت سەرەداوێک لەلایەن و خاڵی جیاوازی هزری لە هۆی جیابوونەوەکانی لەباری تیۆری و ڕامیاری یەوە دەربخات و لە نامەی جیاوازبوونەوەیدا بەیان بکات. تەنها ئەوەندەی ڕاگەیاندووە کە ئەو حیزبە ئینتقالی چینایەتی نەکردووەو نەی توانیوە ببێت بەحیزبی سۆسیالیستی چینی کرێکار،

یان بەیانی ئەوە دەکات ئەم کارە کە جێ بەجێ نەکراوە ئەوا بەپێی  لێکدانەوەی سەرەتای دروست بوونی (حککا) ئیتر ئەو حیزبە دەبێتە حیزبێکی ناکرێکاری. یان لەفۆرمی مارکسیست بوونی دەردەچێت.

هەروەها دەڵێت لە سنووربەندی یە بەرنامەیی و تاکتیکی یەکاندا بەشوێن شوناسەکەیدا بگەڕێی، لە ئەنجام دانیدا شکستی هێنا. واتا تەنها قسە و قسەڵۆکی لەسەر ئەوەیە کە ئینتقالی چینایەتی پێوە دیار نی یە یان بەیانی جێگەو ڕێگەی گۆڕان بەحیزبی چینی کرێکار ئەنجام نەدراوە.

ئەم لێکدانەوانەی (رضای مقدم) خود هەڵخەڵەتاندنی پێوە دیارە نەوەکو خود هوشیاری. چونکە لەبەرواری دروست بوونی و هەوڵەکانی لە پێناو دروست بوونی (حککا)دا بەشدار بووە هەروەکو خۆشی ڕایگەیاندووە.

بەرنامەی حیزب لەیەکەمین جاردا چۆن قبوڵ کراوە! چۆن ڕێگەی پێ درا کە بەرنامەی ڕاگەیاندراوی حیزب بێت؟! هەڵبەت مەبەستمان بەرنامەی (دنیای باشتر)ە کەخۆشی هەر ئەو مەبەستەی هەیە. یان کارێکی بەئەنجام گەیاندووە کەلەڕێگەی ئەوەی کە پرۆسیسی بەرنامەی (حکا)ی کردووەو دواتر لێی هاتنەدەرەوەو هەروەها بۆ بەرنامەی (حککا)یش دەبێت بەهەمان ئەزموونیدا بباتەوە. واتە کارێک کە (رضای مقدم) و هاوڕێکانی ئەنجامیان داوە هەوڵێکی ئەمپریستی یانەیەو هۆشیاری تیادا پرۆسیس نەکراوەو ئاوەزی هۆشیارانە جێگای بەئاوەزێک کەلەسەر ئەزموون گەری بنیات نرابێت  نەگرتووەتەوە. ئەم لایەنانەی بیرکردنەوەو پراکتیک کردنی لە بزووتنەوەی چینی کرێکاردا، ترسناکی یەکەی بەئاستی هێرش کردنێکی هەمەلایەنەی بۆرژوازییە بۆسەر بزوتنەوەکەیان، لەبەر ئەوە دەبێت لەسۆنگەی ئەمەوە ئاوەزێک بەکار بهێنرێت کەلەسەر بنەڕەتی ئەزموون گەرایی بنیات نەنرێت و هەروەها چاوەڕێی ئەوە نەکرێت کە بزانرێت ئەو میتۆدە جێ بەجێ دەبێت لە دیفاکتۆی کۆمەڵایەتی و بیۆس پۆلیتیکۆس ی چینایەتی و ئابووری کۆمەڵگادا. بەڵکو تێزەکانی بزوتنەوەکە و هەروەها تێزی ناو بەرنامەیەکیش هەموولایەنەکانی هەڵبسەنگێنرێت و پەیڤینی دیالێکتیکانەی بۆ بکرێت.

ئاستی پەیوەندی و هەوڵ و کۆششەکانی بۆ ئاسۆدار کردنی بزوتنەوەی چینی کرێکار تیدا لێبکۆڵرێتەوە و ئینجا وەک بەرنامەی حیزب دا بنرێت لەسەر ئاستی پرۆسیس کردن و لەڕەوشە جیاجیاکاندا وەڵامی گونجاوی زانستی و پراکتیکی خۆی هەبێت. سانا نی یە کەسێک یان ئەندامێک لەدروست بوونی حیزبدا دەست و نەخشەی هەبێت و پاش چەند ساڵ بڕیاری لەسەر بەرنامە بڕیارێکی پێچەوانە بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆنگرەو هەروەها لەسەرەتایی دروست بوونەکە شدا بەرنامەی پێ هەزم کرابێت و وەک خۆراکی بزاوتنی چینی کرێکاری چواندوو بێت. بەڵام بێ ئەوەی بڕیارێکی زانستی لە پشت بۆ چوون و دیدگا نوێ کانیەوە بێت. بڕیاری نەگەتیڤی بەرنامەیی خۆکردو ڕابردووی دەدات.

بە بڕوای من دەبێت ئەم ئاوەزە بەتەواوی لەناو بزاڤی چینی کرێکاردا لەبەین ببرێت و هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەکرێت و نەبێت بە ئاوەزی جوڵان و پرۆتستۆکردنی. چونکە ناتوانێت جێگەی هەوڵێکی پرۆتستۆی ماددی سروشتی و زانستی ئاوەزێکی دیالێکتیکی و ماددی مارکسیست بگرێتەوە. لەبەر ئەوەی لۆجیکی ئەو بیر کردنەوەیە ناتوانێت جووت بێت لەگەڵ خواست و هەوڵە تیۆری و پراکتیکی یەکانی بزاڤی کۆمۆنیستی زانستی و ڕابەرایەتی و سەرپەرشتی بزوتنەوەی چینی کرێکارو بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی زانستی بکات. چونکە ئاوەزێکی دیالێکتیکی بوونی نی یە لەلای تووێژەرو لێکۆڵیاری ئەو سەرکردەیەو بە تەواوی نەیتوانیوە درکێکی مارکسیستی لەسەر دیفاکتۆی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و چینایەتی و ئابووری هەبێت و لە بنەماکانی فەلسەفەی بزاوتنی چینی کرێکارو هەوڵەکانی لەپێناو بەدەست هێنانی دنیایەکی تەواو گۆڕاو دا تێگەشتبێت، لەبەرئەوەی ئاوەزی چەپی ئێران و عێراق، ئاوەزێکی ئەبستراکتەو دوورلە دیالێکتێک و لۆجیکی ئاوەزێکی زانستی و چاو ڕوون و جیهان بینی قووڵ و ڕاستە لەبەرامبەر جیهانی دەرەوەی ئاوەزدا.

لەلایەکی ترەوە (ئیرەجی ئازەرین) لە وەڵامی نامەیەکی (اضغری کریمیدا)و هەروەها وەک ڕاگەیاندنی وازهێنانی لە (حککا)دا لەبەرواری 16/حزیران/1999دا، چەند پەیڤینێکی خۆی لەگەڵ مەنسوری حیکمت و اضغری کریمی دا ئەنجام داوە. هەروەها پەیڤینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (ک.ک) لەڕابردوودا جیاوازی یەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئێستایدا هەیە. چونکە بەپێی ئەو بڕوایەی ئیرەجی ئازەرین و هەروەها منسوری حیکمت (ک.ک) ناڕەزایەتی چینی کرێکارە. (ئیرەجی ئازەرین) ئێستا ئەوە دەبینێت لەناو (حککا)دا، کە ئەو میتۆدە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتووەو دەرچووە لەوەی کەجارێکی تر بگەڕێتەوە سەریان، بەڵام ئەم لێکدانەوەی (ئیرەجی ئازەرین) بێ بەهای و نەزۆکی بەئاستی نازانستی بڕواو بۆ چوونەکانی (ک.ک)ییە. چونکە فەلسەفەی بیرو هۆشی (ک.ک) لەسەر ئەو بنەڕەتە بنیات نراوەو هەروەها بەرنامەکە شیان ڕەنگدانەوەی هەمان میتۆدەو ئەو میتۆدەشی دروست کردووە کە سیستەمی ئێستا تەنها لەڕێگەی چارە سەرسازی یەوە دەگەیەنێت بە سۆسیالیزم. ئەگەر ئێمە لەناوی بەرنامەی (دنیای

باشتر)ەوە باس و خواست بکەین، ئەوا بەوئەنجامەی دەگەین و ئەوە دەردەکەوێت کە ڕەنگدانەوەی لۆجیکی ئەو بڕواو بۆ چوونە یە کە دەڵێت(ک.ک)ی نارەزایەتی چینی کرێکارە.ئەمەش ڕاستی یەکی حاشا هەڵنەگرەو کە سیش ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات ئەگەر خۆی هەڵ نەخەڵەتێنێ، یان نەیەوێت خۆڵ بکاتە چاوی دەوروبەری چونکە لەزۆرترین شوێن و نووسراوەدا دەبینرێت و بەبەشێکی گەورەی بەئەنجام گەشتنیان لە قەڵەم دەدەن، لێرەدا هەڵوێسەیەک دەکەین و دەگەڕێینەوە سەر بابەتی مەبەستدار.

بەڵام ئەوەی دەگەڕێنەوە سەر ئەو جیابوونەوانەوو لێکدانەوەکانیان لەسەر ئەوەی کە (ک.ک) ناگەڕێتەوە سەر ڕیشەی فەلسەفەی مارکسیزم ئەمە ڕاستەو لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستی ئەو لێکدانەوەیە لەویۆوە دەبینرێت کە (ک.ک) کۆمۆنیزم بە نارەزایەتی چینی کرێکار بەیان دەکات، بەڵام کێشەی مارکسیستی نەبوونی (ک.ک)ی هەرلەو میتۆدەوە دەردەکەوێت کە لەسەرەوە باسمان کردووە. هەروەها بووە بە بەڵگەی کارو کردارێکی نامارکسیست و ئیتر ئەوە ڕۆشنە کە (ک.ک) لەسەرەتاشەوە ڕەوتێکی سەربە مارکسیزم نەبووەو میتۆدێکی وردە بۆرژوازی یانەی هەبووە و دوور لەپرنسیپەکانی مارکسیزم و بەرنامەی بزووتنەوەی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی بووە. لەم سۆنگەیەوە (ئیرەجی ئازەرین) نەیتوانیوە دەست نیشانی تەنگژەکانی (حککا) بکات و هەروەها دیفاکتۆی ئەو تەنگژانە ببینێت و باکگراوندی بنەڕەتی کێشەی نامارکسیست بوونی دەست نیشان بکات.

وادەردەکەوێت کەکێشەکان زیاتر کێشەی کەسێتی ڕابەریبێت و هەوڵەکان لەپێناوی لەسەر ڕێکەوتنی بزوتنەوەی ماددی سروشتی چینی کرێکارو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پێوە دیار نەبێت.

هەروەکو ووتم نەتوانراوە بەئاوەزێکی زانستی یانەوە لە دیاردەو ڕووداوەکان بڕوانن و بێ ئاوزێکە شکستی ئەو ڕەوتە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، بێگومان لەنووسینەکانی ساڵانی پێشووتردا زیاتر لەسەر نامارکسیست بوونی (ک.ک)ی لێکدانەوەمان ئەنجام داوە و ناگەڕێمەوە سەریان بەڵام ئەوندە هەیە کە جیابوونەوەکان و پەرچەکردار بەرامبەر بەجیابووەکان، پەرچەکرداری نازانستی و دوور لەهەڵسوکەوتێکی پێویستی بیۆس پۆلیتیکۆس و زانستی ڕاڤەکراوە.

لێرەدا لێکدانەوەی ئەم لایەنە کاری ئێمە نیە تەنها ئەوەندەی لێوە هەڵەئینجێنین کە هەڵسوکەوتی لەو جۆرە بەرەنجامەی بێ وەڵامی و بەدەرکەوتنی دەستی ڕەشی شاراوەیە. ئەمەش زیاتر لەوەڵامەکانی مەنسوری حیکمەت دا

دەردەكەوێت بەرامبەر بەئیرەجی ئازەرین و رضای مقدم و هەروەها دروستكردنی ئەنجومەنی (ها – هوو) لە ئەنتەرنێت، كەدووره لەوەڵامی هەموو پەرەنسیپێكی ڕامیاری و هزری و حیزبی و هەتا تێزی پەیڤینی سەردەم و دیاردەكان و ڕووبەڕووبوونەوەیەكی ماددی یانەو دیالێكتیكی یانە تیایدا بەتەواوی لەبەین براوە.

ئەم ئەنجومەنی (ها.هوو) كە (حككا) دروستی كردووە، لەبەرامبەر ئەو دەستەیەو كەسانەی كەلە(حككا)ی جیا دەبنەوە و بەكاریدەهێنن مەنۆلۆژییەكی زۆر زۆر بآناوەڕۆک و بێ تامی پێوە دەبەستن و دوور دەكەوێتەوە لەهەموو پەرەنسیپەكانی دیالۆگ. هەروەها وەڵامی مەنسوری حیكمەت كەلە ژۆئیەی 1999دا لەژێر ناونیشانی (ناقارەمانان) وەڵامی ئیرەجی پێ داوەتەوە، بەڕاستی وەڵامێكی دوور لەپەیڕەوی سیاسی و وەڵامێكی نازانستی یە، چونكە ئەمانە جام و ڕەسمەكەیان لێیان بووە بەشەڕ، بۆیە لەو بارە مەهزەلاوییە زیاتر هیچی تری لێوە بەرهەم نایەت و ئەنجام گیریەكانیشییان هەر بەو پلەو ئاستە دەگات كە ناتوانن بچنە چوارچێوەی پەرەنسیپێكی دیالێكتێكی یانەوەو دوربێت لەهەڵخەڵەتاندن و دروستكردنی جەستەیەكی ناشیرینی ڕامیاریست و پەیڕەویی.

بەرەنجامی هەموو ئەمانە كاریگەری خراپی یان بۆسەر دەوروبەریان دەبێت، و گۆشكردنیان بەشێوەیەكی زۆر زۆر بۆگەن و دوور لەئاوزانی پێویست بوونی ماددی سروشتی جیابوونەوەكان بەرجەستە دەبێت. كەواتا دەبێت ئێمە شێوەی كارو هەڵسوڕانمان بەدوور بگرین لەهەموو پەیڕەوێكی میتافیزیكیء خۆ هەڵخەڵەتاندن و بتوانین جیابوونەوەكان بەشێوەیەكی زۆر ماددی یانە جیابكەینەوەو تێڕوانین و لێكدانەوەیەكی دیالێتیكیانەی بۆ بكەین و ڕەگەی جیابوونەوەكان بەتەواوی لەهێڵە هزری و ڕامیارییەكان و میتۆدەكەیدا دەستنیشان بكەین و ئاوات و ئامانجی بزووتنەوەكە بەرجەستە و پراكسیس بكەین.

دەبێت میكانیزمی هەڵسووڕانمان لەڕووتەختێكی تردا نەخشە ڕێژ بكەین، بۆئەوەی بتوانیت دروستبوونی ساختمانی بزوتنەوەكەمان توندوو تۆڵ و بەهێز بێت و لەتوانایدا بێت كەمێژوویەكی زیاتر بەرگەی هەڵچوون و داچوونەكانی سیستەمی سەرمایەداری و هێرشەكانی بگرێت و بتوانێت سەركەوتن بەدەست بهێنێت. ئەوەشی دەگەڕێتەوە سەر بزوتنەوەی بنیات نان و جیابوونەوەیان لەڕەوتی هزری (ک.ک)، نەیانتوانیوە ڕاستی ڕووداوەكانی ناو (ک.ک)ی بەدیفاكتۆیەكی ترەوە هەڵبسەنگێنین كە دوور بێت لەمەسەلەی خەون و خەیاڵ و هەڵسوكەوتی ناڕاست و دروستكراوی تیا نەبێت.

لەم سۆنگەیەوە (ئاسۆ غریب) لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزمی ژمارە (9)ی حوزەیرانی 1999 دا لێی کراوە بە ناسروشتی و نامادديانەو زۆر ناڕاستگۆیانە باسی پێشووی کردووەو دەڵێت [ ئێمە لەمێژە دەربارەی تەجروبەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق قسەمان کردووەو بەکولی بەم تەجروبەیەو کارو پراکتیکی ئەم حیزبەدا پیاچوونەوەیەکی سیاسی قووڵمان هەبووەو هەمەلایەنە تاوتوێ مان کردووە، بەدروستی قەیرانی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەم بزووتنەوەو حزبەمان دیاریکردووە، و شکست و بن بەستەکانیمان خستۆتەڕوو. هەروەها بۆ هەستانەوەی سەر لەنوێی کۆمۆنیزمی کرێکاری و بۆ وەڵامی دروست بەکێشە حیزبی و سیاسی یەکانی بزوتنەوەیەکی فعلی و مادیمان بەڕێ خستووەو خۆش بەختانە شەوگێکی باشمان بڕیووە (پەیامی کۆمۆنیزم ژمارە 9- ل9- حوزەیرانی – 1999) ] ئەو پەرەگرافە بەشێکی ئەو وەڵامەیەکە لەسەر جیابوونەوەکانی ناو حیزبی ک.ک.ا دراوەتەوە لەلایەن بەڕێزان ئیرەجی ئازەرین و رضای مقدم و دەستەکەی ئەوانیش. ئەم وەڵامە هێشتا قسە وباسیان لەسەر جیابوونەوە لە(ک.ک)ی نەکردووە. واتا هەتا کاتی دەرچوونی ئەو ژمارەیەو ژمارەکانی هەتا (14)چواردەی ڕۆژنامەکە جیابوونەوەیان ڕانەگەیاندووە لە ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری. بەڵام ئەوی دەگەڕێتەوە سەر ئەو دەربرینانەی ئاسۆ غریب، بەڕاستی ناڕاستی پێوە دیارەو دوور لە دیفاکتۆی هەڵسەنگاندنەکانی پێشووتریانە دەربارەی (ک.ک)و تەنگژەو شکستەکانی ئەوان لەپێشتردا بەشان و باڵی (حککا)و مەنسوری حیکمەتدا هەڵیان دەداو (حککع) یان دەکرد بەوەی کە ڕەوتی سەر بە(ک.ک)و بزوتنەوەکەی نی یە، بەڵام هەموو ئەو بەڵگانەی ئەوان پۆزشیان تەنها لەپێناوی ئەوەبوو کە جیایی یەکانی خۆیان لەو حیزبە بەڕاست و دروست بۆ دەوروبەریان بەیان بکەن. ئەگینا لە چ شوێنێکداو لەچ سات و سەودایەکدا دەستخراوەتە سەرئەولایەنەی کە هۆیەکی گرنگی تەنگژەی بزووتنەوەکەیەو نەی هێشتووە گەشە بکات، لەبەر ئەوەی لایەنی میتۆدی گرنگی خۆی هەیە لەجیابوونەوەدا پلان و پراکتیکەکان و جۆری پەیوەندی یەکان و هەروەها ئەلتەرناتیڤ و هەڵوێستی ڕۆژانەو پەرەنسیپی ڕێکخستن و فەلسەفەو هزرو هەر هەموویان و گەلێک لایەنی تر کە گرنگن لەبەیانی جیابوونەوەو دابڕاندا. بەڵام ئەو بزوتنەوەیە لەسەر بناغەی ئەم لایەنانە پێی هەڵنەگرتووە.

هەروەها بۆخۆشی میتۆدی هزری (ک.ک)ی لەباری تیۆوری یەوە شۆکێکی گەورەی هەیەو نەیتوانیوە بچێتەوە سەر میتۆدی مارکسیزم و جیهان بینی ئەو لەلێکدانەوەکانیدا بەکار بەرێت، هەتا ئەوکاتەش کەئەو پەرەگرافەی

بەیانکردووە، بیژان و ئاوەزییان لەسەر ئەوەیە کەئەمان کارییان هەر لەخولگەی (ک.ک)ی دا دەسووڕێتەوەو، تا بتوانن ئەو تەنگژەی کە(حککع) تیادا دەتلێتەوە، فریاد رەسی ئەو بزوتنەوەیەبن.

بەلاّم ئەمانە هەر هەموویان ناڕاستی و ناسروشتی ماددی تێڕوانینی ئەو نوسەرە دەردەخات و کایەکردن بەهەل و مەرج و پەیڤینەکانەوەیە، ئەگینا ئێمە لەبەشە جیاجیاکانی پێشووتری ئەم پەرتوکەدا، ئەوەمان بەدیفاکتی ماددی ڕوونکردۆتەوە کە جیاوازییەکان جیاوازییەکی بنەڕەتی نین. وە لەسۆنگەی ئەمەشەوە ئەو دەستەیە نەیان توانیوە لەقۆزاغەی مت بوون و پووکانەوە دەربچن.ئێستاش بۆمەسەلەی جیاکارییەکانیان و جیابوونەوەکانی ناو (حککا) قسەو قسەلۆکی تری بۆدەکەن. بێگومان بەڕوون و ئاشکرایی دەردەکەوێت جیابوونەوە لەڕەوەندێک کەلەتواناییدا نەبێت خزمەت بەبزووتنەوەی چینی کرێکارو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بکات. کۆمەڵێک دیالۆگ و مەنەلۆجی جۆراوجۆر دەهێننە سەر ڕووپەڕی پەڕاوو ڕۆژنامەی سیاسیان.

بەلاّم ئێمە ئەوەش بەگرنگ دەزانین کە جیابوونەوەکان دەبێت گۆڕانێکی چۆنایەتی بێت بۆ بەدەستهێنانی چەندایەتی لەڕووی ئەندام و کارو هەڵسووڕانەوە.نەوەکو گۆڕانەکان لەسەر بنەڕەتی مانەوە لە هەمان خولگەداو دابڕینی ناونیشانێکی تربێت .

گێمی یاری یەکانیان نەی توانیوە بردنەوەی تیادا دەستەبەر بکرێت. تەنها گێمەکانیان لەپێناوی پەیوەستی ڕاگەیاندنی دڵسۆزی بۆ (ک.ک)ی بەئەنجام گەیاندووە. هەروەک ئەو پەرەگرافە ڕاگەیاندنێکی ڕوون و ئاشکرای نامادی جیابوونەوەی تیادایە. هەروەها لەهەمان وەلاّمدا و لەدوای هەمان پەرەگرافەوە ئاسۆ غریب ڕادەگەیەنێت [ لەم پرۆسەیەدا هەمیشە ئیشکالات و بن بەست و کەم و کوڕیەکانی تێکرای کۆمۆنیزمی کرێکاری و(حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران) پشمان دیاریکردووەو لێکمان داوەتەوە (ل9 –ژمارە – 9- پەیامی کۆمۆنیزم – حوزەیرانی –1999) ] ئەم دەستەواژەیەش دەستەواژەیەکی دوور لەڕاستین و بادانەوەی قسەو باسەکانیان بەشێوەیەکی زۆر ناشی یانەو دوورن لەهەندێ ڕامیاری و دوور لەهەموو ئەو پەرەنسیپانەی کە دیفاکتۆی ڕامیاری و کۆمەلاّیەتی و ڕێکخراوەیی هەڵدەسەنگێنین و دەیخەینە ژێر نەشتەری تاوتوێکردنەوە. ئەگینا ئێمە لەسەرەتای ساڵەکانی نەوەتەوە بەدەلیلی هزری و ڕامیاری و چینایەتی ڕۆشنەوە دەستی ریڤیژنیزمی و ئیکۆنۆمیستانەی ئەو ڕەوەندە هزری و ڕامیارییەی (ک.ک)ی مان خستۆتە ڕوو.

پرسیارێک لەسەر ئەو دەستەواژانەی سەرەوەی ئاسۆ غریب خۆی قوت دەکاتەوەو ئەویش لەکام شوێندا و لەچ باس و لێکدانەوەو پلیمێک و دیالۆگداو بەپێوەری کام دیالێکتیک قسەو باس لەسەر تەنگژەکانی حککاو (ک.ک)ی کراوە؟ بێگومان هەتاکاتی ئەو وەڵامەو بەشێوەیەکی گشتی هەتاکاتی ئەم نوسینەی منیش لێکدانەوەیەکی ئەوتۆو ڕەخنەیەکی هزری و سیاسی و چینایەتی قووڵ لە (ک.ک)و ڕامیاری پارتایەتی ئەو ڕەوەندە نەگیراوە لەلایەن بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی ... عێراقەوە بێگومان لەدەرەوەی ئەو ڕەوەندەش لێکدانەوەیەکی ئەو تۆش لەسەر لایەنە جیاجیاکانی مارکسیزم و جیاوازییان لەگەڵ (ک.ک)ی نەکراوە بێجگە لەو لێکدانەوانەی ئێمە کەلە پێش ئەم نووسینەدا لەسەر لایەنەکانی چەپ و (ک.ک)کراوە دەتوانن جارێکی تریش بگەڕێنەوە سەر نووسینەکانی ئێمە.

ئەو قسەو باسانەی ئاسۆ غریب هیشتا نەیتوانیوە لەسەر سکەی (ک.ک) لابدات و بچێتەوە سەر سکەی تێزو جیهان بینی مارکسیزم. بۆیە نەی توانیوە جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ (ک.ک)ی دا ڕابگەیەنن و هەروەها دابڕانی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هزری جێ بەجێ بێت. لێکۆڵینەوە لەکام شوێنی تەنگژەی سیاسی و ڕێکخراوەیی (ک.ک)ی کراوەو چ میتۆدێکی تیادا بەکاربراوە؟! بێگومان هیچ هەوڵێکی بۆ میتۆدی و هزری بۆ گۆڕانی میتۆدی تیادا رووی نەداوە.

هەروەها لەلایەکی ترەوە ئاسۆغریب لەبارەی تەنگژەی ئەو ڕەوەندەو هەوڵەکانیان بۆ دەرچوون لێیان بەتێزی خۆی دەڵێت [ ئەم قەیرانە پێویستی بە وەڵام و چارەسەر هەیەو پێویستە هەم بەجدی وەربگیرێ و هەم مەسئولانە مامەڵەی بکرێ. پیاچوونەوەیەکی سیاسی قوڵتر بەتەجروبەی هەردوو حیزب و قولی کۆمۆنیزمی کرێکاری و تاوتوێکردنی، قوڵبونەوەی سیاسی و فکری بەمەبەستی وەڵامێکی چارەنووس سازو مێژوویی و .... ئەمانە وەزیفەو ئەرکێکی سەرەکی ئەم دەورانەن و دەبێت خۆمانی بۆ ئامادەبکەین. هەر لەسەرەتاوە ئەمە فەلسەفەی وجودی (بزوتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری – عێراق) بووەو بۆ پێشوازیکردن لەم ئەرک و مەسئولیەتە مێژوویی یە بەڕێکەوتووە. (ل9 – ژمارە -9- پەیامی کۆمۆنیزم – حوزیرانی – 1999) ] ئەم پەرەگراڤە تەواو پەرەگراڤێکی میدیایی یەو ناوەڕۆکی ئەرک و پراکتیکێکی بەبڕشت و بەرجەستە نی یە. چونکە بزوتنەوەکەیان هەتا کاتی ئەم نووسینەش نەیان توانیوە لە قەیرانەکانی (ک.ک)ی بکۆڵنەوەو دەورو کاریگەری خراپی ئەو ڕەوندە لەسەر

ڕەوشی بزوتنەوەکەو گەیاندنی بزاڤەکەی بە ئاسۆیەکی ڕیفۆرمیستی، درک بکات و لەبەرامبەریدا موورادیفیکی گونجاوی هزری بەیان بکات- بێگومان قەیرانەکانی (ک.ک) بێ وەڵام، بێ لێکدانەوەن لەلایەن بزوتنەوەی بنیاتنانەوە.

ئەم بیژانەی ئاسۆ غریب لەسەرەتای جیابوونەوەیان دا لە(1998ز)دا بەیانیان بەم شێوەیەنەکردووە هەتاکاتی جیابوونەوەکانی رضای مقدم و ئیرەجی ئازەرین و دواتر هەوڵەکانیان لێکدانەوەکانیان پەیڕەوێکی ڕەدووکەوتن بەخۆیەوە گرێداوە. ئەگینا ئەوە بێژانی ساتەوەختی ساڵێک لەوەو پێش نی یە. ئەوەشی کەلەکۆنفرانسی دووەم و دوایی ئەو کۆنفرانسە لێکدراوەتەوە. بێگومان نەیتوانیوە قەیرانی (ک.ک) وچەپ تێ پەڕبکات. بەڵکو پێکووتەو تەپاو تلانکردنە لەهەمان تەنگژەدا. کەواتە ئەو ڕەوەندەی کە دەیەوێت بەپەیڕەوێکی نادیفاکتۆی ماددی و نامادی بەیانی ڕەووشی تەنگژە بکات. ناتوانێت لە ڕووتەختی تەنگژە دەربچێت و شیکاری ڕامیاری و هزری و پراکتیکی چینایەتی خۆی لەڕووتەختێکی تردا ڕاڤەبکات.

هەروەکو ئەو هەل و مەرجەی کەئێستای بزووتنەوەی بنیاتنان و چەپی تێدایە. دووبارەکردنەوەی لێکدانەوەکانی پێش کۆنفرانسی دووەم لە کۆنفرانسدا بەڵگەیەکی ڕوونی بێ توانایی وکەم هێزی و ناگورجوگۆڵی ئەوان دەردەخات لەدووبارەکردنەوەیدا، لەپێناوی دەرچوون لە تەنگژەی ڕامیاری و هزری ڕابردوو و ئێستاشیاندا. بێگومان تەنها ئەوەندە بەس نی یە و نامانگە یەنێتە دەرچوون لەتەنگژە تەنها بەبێژانی ڕستەیەک و بووترێت دەبێت مارکسیزم بەکاربهێنینەوە. چونکە زیاتر دەرچوون لە وتەنگژەیە پەیوەندی بە بەوەوە دەبێت کەبەکارهێنانی مارکسیزم دەبێت بەپراکتیک پرۆسیس بکرێت بێجگە لەوەی دەبێت ئاوەزێکی مارکسیستی یانە ڕێنوێنی پراکتیکی بزاڤی چینایەتی چینی کرێکارو خەبات و تێکۆشانە مارکسیستیەکان بکات .

لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش ئاوەزی مارکسیستی یانە لەلای بزووتنەوەی بنیات نان و چەپ وونە. بۆیە هزری مارکسیزم پەیڕەوی پراکتیکی یان نی یە. چونکە هێڵە هزری یەکانی لەلای ئەوان ڕوون و ئاشکرانی یە، واتە چەپ و بزووتنەوەی بنیاتنان ئاوەزێکی دیالێکتیکیان نی یە و لەبیرکردنەوەشدا ماددی یانە بەکارهێنانی زۆر لاوازەو هەتا ئاستی نەبوونە، لەم سۆنگەیەوە ئیتر ئەو چەپ و بزوتنەوەی بنیات نان چۆن دەتوانن تەنگژەی سیاسی تێ پەڕبکەن؟! بێگومان هەموو بەکارهێنانەکانی ئێستای ئاسۆغریب لەوەڵامەکەیدا مۆراڵی ڕەدووکەوتن یان پێوە دیارەو لەپێشیندا هیچ جۆرە لێک دانەوەیەکی وەهایان بەئەنجام نەگەیاندووە، تابتوانێت ببێتە سەرچاوە بۆ هەڵگرتنی

جۆگەیەکی جیاوازی هزری و ڕامیاری و چینایەتی، تەنها یەک لێکدانەوەو ڕەخنە ئەبێت کەلەگۆشەی ئازادی ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزمدا لەلایەن (سەلام یونس)ەوە لەسەر بەرنامەی دنیای باشتر کراوەو بەلێکدانەوەی ڕەسمی ئەو ڕۆژنامەیەش بەیاننەکراوە ئیتر ئەو نووسینەش هەر چۆنێک لێکدانەوەی تیاداکرابێت، تابتوانین ئێمە هەمووی بەلێکدانەوەی ئەوان وەربگرین، بەهەرحاڵ ئێمە ئەگەر لێکۆڵینەوەی جیاوازیشمان لەگەڵیدا هەبێت، ئەم نووسینە جێگای ئەو باسە نی یە، کەواتا لەبەر ئەوەی ئەو نووسینەی (سەلام یونس)یش هیچ پەیوەندی یەکی بەبڕواو بۆ چوونەکانی ئەوانەوە نەبووە یان مۆری ڕازی بوونیان لێنەداوە .

لەم سۆنگەیەوە بزووتنەوەی بنیات نان هیچ پانێڵ و لێکدانەوەیەکی لەبارەی ئەو تەنگژەیەوە نەهێناوەتە بەرهەم، لەلایەکی ترەوەو لەهەوڵێکی تری ئەواندا هەر چۆنێک بێت کەلەهیچ ڕوویەکی یەوە جێگای ڕازی بوونی ئێمە نی یە، ئیتر وەڵامەکانی منسوری حیکمەت چۆنەو چۆن نی یە، بەڕاستی ئەوە مەسەلەیەکی ترەو پەیوەندی بە پەیڕەوێکی زۆر ناڕامیاریستەوە هەیەو، لەبەر ئەوەیە وەڵامەکانیشیان دەستەی (ها – هووی) لێوە بەرهەم هاتووە، واتا تێزی (ها –هوو) بەرهەمی ئاوەزی مەنسوری حکمەت و هاوەڵەکانیەتی، بەڕاستی هیچ ئەندامێک کە یەک تۆز لەگەڵ ڕامیاری و پەرەنسیپەکانیدا مامەڵەی کردبێت، مۆرالێکی لەو جۆرە بەرجەستە ناکات لەبەرامبەر نەیارەکانیدا چونکە هەموو جۆرێکی ئەو هەڵسوکەوتانە بەرەنجامی بێ وەڵامی هزرییە و کەم فامی سیاسی یە. بەڵام مەنسوری حیکمەت کاڵ فامی ڕامیاری نی یە، میتۆدی پێچەوانەی مارکسیزمی هەیە و ئاوەزی وورده بۆرژوازی بنەڕەتی فۆرم و هەوڵی لێکدانەوەکانیەتی.

بەئاوەزێکی زۆر سەیرو سەمەرەوە ئاسۆ غریب بەیانی ناوەڕۆکی ئاوزانی ڕامیاری و هزری خۆی دەکات و دەبێژێت: [ (بزوتنەوەی بنیاتنانی حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری – عێراق)یش بەووردی چاودێری ئەم ڕووداوو گۆڕانکاریانە دەکات و هەڵوێستی هەردوو تەرەف و بەڵگەنامەکانیان و لێکدانەوە جیاوازەکان تاوتوێ دەکات و هەڵیان دەسەنگێنێ و لەسەر ئەم بنەمایەوە لەئایندەیەکی نزیکدا بەیانی هەڵوێستی ڕەسمی خۆی لەم بارەیەوە ڕادەگەیەنێت. (ل9 – ژمارە (9) – پەیامی کۆمۆنیزم – حوزەیرانی – 1999-) ] ئەم پەرگرافە جیاوازی هەیە لەگەڵ وەڵامەکانی هەمان پرسیارو وەڵامدا چونکە لەلایەک لەپێشدا دەڵێت ئێمە لێکدانەوەی خۆمان لەسەر (حککا) و (حککع) کردووەو هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرامان هەبووەو لەلایەکی تر دەڵێت بزووتنەوەی بنیات نان لەسەرەتاوە لەو

پێناوەدا دروست بووە کەچەپ لەتەنگژەی ئێستا و لێکدانەوەکانی لەمەر (حککع) و(حککا)و هەڵوێستی گیری ڕۆشنیان لەسەری هەبێت.

لەم پەرەگرافەشدا زۆر بەسانایی هەموو ووتەکانی پێشتری پێچەوانەی ڕاستی ڕادەگەیەنێت و دەڵێت ئێمە چاودێری ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی دواتر دەکەین و بەیانی هەڵوێستی خۆمان دەکەین. ئەگەر لەوەو پێش لێکدانەوەی ڕۆشنیان هەبووبێت، ئیتر ئێستا چاوەڕێی ئەوە بۆ دەکەن کەبزانن لێکدانەوەو جیاوازییەکانی دواتری باڵی جیابووەو جیانەبووەوەی (حککا) چی بەسەردێت، بێگومان هەر هەموو ئەو لێکدانەوانە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەمان خۆیان توانای بیرکردنەوەیان نی یە بەڵکو بیریان بۆ دەکەنەوەو هەروەها ئاوەزی ئەوەیان نی یە کەئاوزانیان لەسەر ڕووداوەکان هەبێت. بێگومان هەتا ئێستاش نەیان توانیوە لە (ک.ک)و جیاوازییەکانیان لەگەڵ مارکسیزم تێبگەن .

لەو سۆنگەیەوە هەڵوێستێکی بۆ دروستکردوون کەگیان و بیرکردنەوەیەکی ڕەدووکەوتووانەی بێ پرسیار لەپراکتیکیاندا بەرجەستە بکەن، بێگومان هەتا وەکو ئاوەزی چەپ لەفۆرم و پراکتیکی لەو جۆرانە لەهەڵوێستگیری و بیرکردنەوەدا تێی نەپەڕێنن. تەنگژەی خۆی تێناپەڕێنێت و ناتوانێت هەوڵ و تێکۆشانەکانی بەقازانجی بزوتنەوەی چینی کرێکارو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی زانستیدا ئاراستە بکات، لەبەرئەوەی ئاوەزی ڕەدووکەوتن ئاوەزی باوی ناو چەپی عێراق و کوردستانەو ئەو بزووتنەوەیەی بەپاشکۆی بزوتنەوەکانی تری ناوچەکەوە پابەندکردووە..

بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی ئاوەزێکی نامادی بابەتی وەک ئەوەی ئەوان کەباسمانکرد دەربچێت و پێویستە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەکوردستان و عێراقدا خاوەنی دەزگایەکی هزری سەربەخۆبێت و هەڵێنجاوی ناو هزرو میتۆدی مارکسیزم بێت. بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ڕووداو و ڕەوشی ناوخۆو ناوچەکەدا هەڵوێستی زانستی و بەپراکتیکی هەبێت و هەنگاوێکی زیاتر بەبزوتنەوەکە بۆ پێشەوە هەڵبگرێت، دەبێت چەپ لەکاری ئەبستراکت دەربچێت.

سەرووتاری ژمارە یازدەی پەیامی کۆمۆنیزم کەلە ئابی 1999دا دەرچووە بەئاوەزێکی زۆر ناڕاست، بەڵگەی لەسەرخۆ دوورخستنەوەو دابڕان لەپێشینەی ڕامیاری و پراکتیکی هێناوەتەوەو دەڵێت [ هەڵبەتە بزووتنەوەی بنیاتنان لەکۆنفرانسی یەکەمەوە تاکو ئەمڕۆ هەنگاوی سیاسی و تەشکیلاتی جددی هەڵهێناوەتەوەو لەخاڵی سەرەتای خۆیەوە بەئەندازەیەکی باش دوور کەوتۆتەوە، تێکڕای بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریش نەک هەر لەعێراق بەڵکو لەئێرانیش ئاڵوگۆڕی جددی بەسەر هاتووە. ل1 – ژمارە (11) پەیامی کۆمۆنیزم – ئابی – 1999) –

سەرووتار ] بێگومان ئەم پەرەگراڤە خۆ هەڵ خەڵەتاندنێکی تێدایەو کایەکردن و ووتەو ڕستەی جیاواز جیاوازی کردووە بەبەڵگەی جیابوونەوەو دووركەوتنەوە لەڕابردوو و بەیانی خۆدابڕانی پێدە ەكات. بەلام گۆڕانی كرۆكی لەپلمک و شیکاریەكاندا بوونیان نی یە ئەم پەرگراڤەش هەر ئەوەندە هەڵدەگرێت بۆیە گفتوگۆی زیاتری لەسەر ناكەین و لیرەوە لەژمارە (11)ی پەیامەوە بگوێزینەوە بۆ ژمارە (12)ی پەیام و ئەو ووتارەی کە نزار عبدالله لەو ژمارەیدا نووسیوویەتی و لەژێر ناونیشانی (بەرنامەو حزبیەتی کۆمۆنیستی) ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەهێشتا دانەبڕان و جیانەبوونەوە سیماو ڕووخساری بزوتنەوەو لایەنی بزووتنەوەی بنیاتنانە، ئەویش بەوەی لەو ووتارەدا دەڵێت:

[ بەتایبەتی و بەدیاریکراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو بزوتنەوەیەکی ماددی و چینایەتی کرێکاران پێناسەکردووەو لەکۆمۆنیزم و سۆشیالیزمی بۆرژوازی جیای کردۆتەوە. (ل7،ژمارە(12)- پەیامی کۆمۆنیزم) ]. ئەم بەشەی ووتارەکەو بەشەکەی پێشووتری کەلە ژمارە(11)داهەیە، گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن کەنووسەر کایەو ئاڵوگۆڕ بەووتەو ووتەزاكانی خۆی دەكات و ناتوانێت جێگیری لەسەر یەک ڕەوەندی بیروتێزی بەیەک ئاراستەی لێکدانەوەو تێزو تێڕوانین دا بڕوات.ئەمە بێجگە لەوەی کەهەردوو لێکدانەوەو ڕستەڕیزکردنەکان یەک سەرچاوەو یەک تێزییان هەیە.

ئەوەی کە لەژمارە (12)دا ئەو بڕواو بۆ چوونەی هەبێت و ژمارە (11) پێچەوانەی ئەو بابەتەی تێدابێت بێجگەلە دووڕوویی و لێکدانەوەی جیاوازو ئاوازە و دوالیزمەی تێزو تێڕوانین و بێ میتۆدی ئەو بەڕێزەو بزووتنەوە کەیان هیچی تری تیادا بەدی ناكرێت. ئیتر چۆن چۆنایی بڕوابەو ڕستەیە دەكرێت کە ماددیەتی دەربڕی جیابوونەوەو دووركەوتنەوەیان بێت لەسەرەتادا. ئەمانە بەڵگەی خۆبەدەستەوەدان و کاڵ فامی تیۆری و ڕامیاری و هزری یانە. چونکە نەیان توانیوە ئاوەزی (ک.ک) لەهەڵسووکەوتیان دەربکەن و دیدگایەکی تریان بۆ گێتی و پەیوەندی کۆمەلایەتی و ڕامیاری و ئابووری هەبێت!.

هەروەها چۆن دەكرێت لەسەرەتای خۆت دووربکەویتەوە! ئەگەر گۆڕانکارییەکی چوونایەتی نەهێنرێت بەسەر لێکدانەوەی پێشووترو چۆنایەتی هزر نەگۆڕێت و بەیانی گۆڕانێکی بنەڕەتی بکەین! ڕامیاری و ئاوەزی میتۆدی ڕەدووکەوتن پراکتیک و پرۆسیسی میتۆدی بەرجەستەی ناوچەیی (ک.ک)ء وچەپ بەگشتی بوو.

پرۆتستۆكردن لەلای ئەوان ببووە ناوكی ئاوەزانەیان و كارێكی ساناو بەردەوامی یان و بێ میتۆدی دەربارەی هەموو جۆرە لێكدانەوەیەكی دەرەوەی خۆیان بوو هەروەها پەردەپۆشی تێزی میتافیزیكیانی پێ بكەن و بەبێ بەڵگەش ئەو كارەیان ئەنجام ئەداو تەنها لەچوارچێوەی بێژاندا دەمایەوە. بەڕاستی ئەمەش بەرەنجامی نەبوونی ئاوەزێكی دیالێكتیكی یە لەناوچەپ و بزوتنەوەكەیاندا .

هەڵوێستی بەدیالێكتیك و ماددی هۆیەكە بۆ چوونە پێش و دەبێت ببێت بەگرنگترین لایەنی جووڵەو پێشكەوتنی بزاڤی چەپ، چونكە میتۆدی ماددی و بابەتیانەو ئاوەزێكی دیالێكتیكی پرۆتستۆی ئاوەزێكی ئەبستراكتە واتە بوونی ئاوەزێكی بەوشێوەیە چونێتی یەكەی دەركردنی گیانی ئەبستراكتی ناو چەپەو بەرێگا ڕۆشتنی بزووتنەوەكەیە و بەئاقارێكی گونجاو ڕاستە ڕێگەی خۆی دەگرێت. هەروەها لەسەر ووتاری ژمارە (11)دا دەیەوێت ئەوەش پێش نیاز بكات كە دەبێت كۆنفرانس تێڕوانینێكی ڕوونی لەبارەی ئاڵوگۆڕەكانەوە هەبێت و لە كۆنفرانسیشدا بەگرنگی یەكی زیاترەوە هەڵوێست بگیرێت.

بەڵام لەژمارە (12)ی پەیامی كۆمۆنیزم دا هەموو ئەو لایەنەنانەی پێش سەرووتاری (11)و هەڵوێستی بێ هەڵوێستەكانیان دووبارەو سێ بارە دەكاتەوە هەروەها لەسەر ووتاری ژمارە (11)دا جارێكی تر دەڵێت [ سەرەنجام ڕابەرایەتیەكی كۆمۆنیستی و حیزبی كارامەو لێهاتوو، ماركسیست و مطلع،و زاڵ  بەسەر مەیدانەكانی خەباتی چینایەتی كرێكاراندا بەتوانا لەبواری وەڵام دانەوەی گرێ و ڕێگریەكانی بەردەم پێك هێنانی سیاسی و عەمەلی حزبی كۆمۆنیزمی كرێكاری – عێراقدا بۆ داهاتووی بزوتنەوەكە هەڵبژێررێ و دیاری بكات (ل1-ژمارە – 11- پەیامی كۆمۆنیزم – ئابی – 1999- سەرووتار)] ڕابەرابەتی كۆمۆنیستی و لێهاتوو و ماركسیست دوور كەوتنەوەیە لەهیواو ئامانجی سۆشیال لیبرالیزم و هیوا پەیداكردن بە(ك.ك)ی یە، بەمەرجێك تێزی ڕابەرایەتی هەڵێنجاوی ناو هێڵە هزری و فەلسەفی یەكانی ماركسیزم بێت نەوەكو بەیانی ووردە بۆرژوازی بە ماركسیزم بكرێت و لەگەڵ جۆرێك  لەنوێگەریدا بەیان بكرێت و بەترۆپكی بیرو دیدێكی ڕابەری بزووتنەوەی چینایەتی و كۆمەلایەتی چینی كرێكار پیشان بدرێت،

بێگومان ئەم لێكدانەوەیەی سەرووتار زۆر پێچەوانەی بەشی پێشووتری هەمان سەرووتارە، چۆن دووركەتنەوە ڕوودەدات هەمان میتۆدو پەرەنسیپ بەیانی ڕامیاری و هزری بزووتنەوەكەت بێت! بێگومان هەموو ئەو لێكدانەوانەی

سەرووتار تێکەڵی خەون و خەیاڵی ئەبستراکت و تیزی میتافیزیکانەی ووردە بۆ رژوازی یە، ئەگینا دوورکەوتنەوە لەهەر ڕەوەندێک دەبێت دوورکەوتنەوە بێت لەهزری ئەو ڕەوەندە، لەمیتۆدو تاکتیکی و ستراتیژی بۆ پرۆسیس کردنی ئەو بەئەنجام گەیشتنەی بەلۆجیکێکی زانستی یانە دەتوانرێت پەرینەوە بەرهەم بهێنرێت و لەرووپێوێکی تردا دەواری هزری و ڕێکخراوەیی خەباتی چینایەتیت هەڵبدەیت. ئەگینا جیاوازبوون ڕووناداو و دەرچوونی ڕەوەندی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەتەنگژەکەی خۆی دەبێتە کارێکی مەحاڵ و دووردەست، کەلەبنەڕەتیشدا ئاوەزێکی دیالێکتیکی دەتوانێت مامەڵەیەکی لۆجیکانەی لەگەڵدا بکات و گۆڕانێکی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەم بهێنێت.

ئیتر دوورکەوتنەوە لەمیتۆدی ڕابردوو دەتوانێت دوورکەتنەوە لە پراکتیک و سیاسەت و تاکتیکی ڕابردوو بەئەنجام بهێنێت، چونکە ناتوانرێت بەهەمان میتۆدی تەنگژەگرتوو، میتۆدی ڕابەرایەتی ڕابردوو مسۆگەر بکات. ئەمانەی سەرەوەی بزوتنەوەی بنیات نان ئاوەزی چوونە ناوەوەی کۆنفرانسی دووەم یان دەبێت. بەلاّم نازانین چۆن چۆنایی وەک هەڵ کردن و کوژانەوەی پلاکێکی کارەبایی گۆڕانەکان لەیەک چرکەساتی دیاریکراودا ڕوویان داو هەڵگەڕانەوەی بێ میتۆد گۆڕاویان جێ بەجێکرد، بێگومان هەر هەموویان سەرچاوەکەیان لە ڕامیاری رەدووکەوتنی بێ پرسیارە وە سەرچاوەی گرتووە.

هەروەها لێرەدا دەچینە ناو باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنست – عێراق، کە کانوونی دووەمی (2000) چاپ و بلاّویانکردووەتەوە. پێشەکی یەکەی کەبەلێپرسراوی کۆمیسیۆن نووسراوە لەلایەن (احمد معین)ەوە بەیانی جیایی یەکانیان بەم شێوەیە دەکات [ ئەو بنەما فکری و سیاسی یەی کە ئێمە خۆمان بەپێی ئەو ناساندووە (جەرەیانی کۆمۆنیزمی کرێکاری) کە ناوەندە ئەسڵیەکەی و مەرجەعە فکری و ڕابەریەکەی لەریزی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا، خۆی دەبینێتەوە، تووشی ئەزمەو وەرچەرخان و سەرەنجام جیاییەکی گەورە بووە وە لە ڕیزەکانیدا کە ئاکامە ڕاستەو خۆکەی بریتی بوو لە چونە دەرەوەی نزیکی (100)کەس لەکەوادری رابەری و ئەندامانی ئەو حزبەو ئیعلانی جیایی خۆیان لێی لەئەنجامی شکستی پرۆژەی حزب و جەرەیانی ناوبراو بۆ تەبدیل بوونی بەحیزبی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری. گشت ئەوانە کۆمەڵێک ئەرکی تازەو پرسیاری نوێی خستە دەستووری کاری ئێمەوە، و هە ر بەو پێیەش ئاڵوگۆڕێکی هێنایە سەر پرۆسەو ڕەوت و هەنگاوەکانی ئێمە بۆ بنیاتنانی حزب (باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی پێشەکی (ل4-5)/

دووەمی کادرانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست – عێراق) – کۆتایی ئۆکتۆبەری –1999) ] ئەم پەرەگرافەش ئەوە دەردەخات کە جیایی یەکان چەندە بەکاریگەری و شێوەکاری ڕەدووکەوتنی بێ پرسیار ئەنجام دراوە.

هەر لەوباس و خواستانەی کە رضای مقدم و ئیرەجی ئازەرین، لەنامەو ڕاگەیاندنی جیایی یەکانیان لەم پەرەگراڤەدا زۆرترین هەڵوێست و لێکدانەوە لەسەرچاوەی بیروودیدگای ئەوانەوە هەڵئێنجراوە. هەرووەکو چۆن رضای مقدم دەڵێت ئەحمەد معین و بزوتنەوەی بنیات نان... ش بەوشێوەیە بەیانی ئەو دەکەن کەحیزبی یان نەبووە بەحیزبی هەڵگری بیروڕای سۆسیالیزم. ئەم هەڵوێستەی بزوتنەوەی بنیاتنان... دوای ئەو جیابوونەوانە دروست دەبن کە ئەو دەستەی (100)کادرە هەڵوێستیان لەسەرگرتووە، بەڵام لەپێشتردا قسە لەسەر هیچ کام لەو لێکدانەوانە نی یە، لەگەڵ ئەوشدا میتۆدیان هەمان میتۆدی ئێستایە. ئەو ئەنجامگیرییەی (ئەحمەد معین) ئەوە بەڕۆشنی دەردەخات کەچەندە ڕامیاری و پراکتیکی یان پابەندی ئەو جیابوونەوانەبوون و لێشاوی ڕووداوەکانی ئەوانیش لەگەڵ قوڕاوی خۆیدا ڕاپێچ دەکات.

بۆ دەبێت ئەنجام گیری جیابوونەوەکان لەسەرچاوەی چوونە دەرەوەی (100)ئەندام بێت؟! ئەی بۆ نابێت پرۆسیسی لێکدانەوەکان و هەڵسەنگاندنە تیۆرییەکان و میتۆدییەکەی، هۆیەک بێت بۆ ڕاگەیاندنی جیاوازی پراکتیکی و چینایەتی و لێک جیابوونەوەو دابران. کەواتا دەبێت ئێمە لەسەرچاوەی ماددی سروشتی بزوتنەوەو جێگەو پێگەی چینی کرێکارو توانای سیستەمی سەرمایەداری و پەیوەندیگرتنی ڕێکخراوە بەچکەکانی و لەهەوڵێکی میتۆدییەوە سەرچاوەی جیاوازییەکان بێت، نەوەکو کاری ڕەدووکەوتن و لاسایی کردنەوە کاری ئەندامی جیابووەوە یان و ڕێکخراووگروپ بێت. ئێمە پێویستمان بەوەیە بەئاوەزێکی دیالێکتیکی یەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنەکانی ڕووداوەکان و پەیوەندی یە ماددییەکان و توانای ڕاڤەکردنی دیالێکتێکی ماددی و بابەتی یانە ئەنجام گیری یەکی لۆجیکی یانەی لێ بەدەست بهێنێت.

(ئەحمە معین) لەو پێشەکی یەیدا ئەوەی بەیانکردووە کە ئاڵوگۆڕو جیایی یەکانی (حککا) هۆیەک بووە بۆ ئاڵۆگۆڕیش لەناو ڕەوەندی بیروئاوەزی ئەمانەدا. ئەم بەیانکردنە زۆر بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێتء جۆرێک لەڕاست گۆیشی پێوە دیارە ئیتر کەپێی بزانێت یان نا چۆن چۆنایی هەڵوێستی ڕەدووکەوتنی یانی بەیانکردووە.

هەروەها ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەئاوەزی (ئەحمەد معین) ە وە هەیە بەڵام بۆ ئێمە ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە کەلێک جیایی یەکانیان و جیابوونەوەکانیان و لاچوون لەسەرسکەی ڕەوەندێکی هزری، بێ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە ئەنجام گیریان لێوە بەرهەم هاتووە. ئەمەش لەهەموو لایەنەکانی یەوە خراپترین ئەنجام دروست دەکات. کەئەویش لێکۆڵینەوەو شیکاری بیرودیدگا بۆ ڕینوێنی کردنی بزووتنەوەکە دەخاتە کەنارەوە و بەنەبوونی دەسپێرێت. واتا لەکاتی پێشتریشدا ڕەوەندی (ک.ک) سەرچاوەو بیردانیانی خۆیان بووە هەروەکو لە لێکدانەوەکانی پێشووترو لەوپێشەکییەشدا دووبارەیان کردووەتەوە.

شکستی پرۆژەی حزب شکستی پرۆژەی میتۆدی رەوەندی (ک.ک)ی یە. هەر بۆیە شکستی ئەو لایەنە لەسەردەمێکی پێش جیابوونەوەکانەوە دەرکەوتبوو، بەڵام بۆ لەکاتی خۆیدا قسەوباس لەسەر ئەو لایەنە نەکراوە، ئەگەر ئەو قسەو باسانەی پێشووتر بەدەلیلی بەڵگەو لێکدانەوەی جیاوازی یان بەیان بکرێت هیچی بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو دووبارە و سێ بارەی هەمان کێشەو باری میتۆدی پێشووترە.

هەتا ئێستاو لەناو کۆنفرانسیش دا هیچ پلمیکێکی ڕۆشن و ماددی نی یە کە شیکردنەوەی جیاوازییەکان بەیان بکات، هەتا ئێستا هێڵێکی میتۆدی و هزری ڕۆشن نی یە بۆ بەیانی جیابوونەوەو دابڕان لەناو ڕەوەندی بزوتنەوەی بنیاتناندا. لەم سۆنگەیەوە بەرهەمی ئەو بەرهەم هێنەرە بەرهەمێکی بەسەر چووە و ناتوانرێت بەکاڵایەکی ئێستا و باش بەکاربهێنرێت. کەواتە ئێمە لەسەرەتاوە پێویستمان بەوە هەیە کە میتۆدێک، ڕێنوێنی جیابوونەوەکانمان بکات هەروەکو ئێمە لەپێشتردا بەئەنجاممان گەیاندووە.

بەڵام لەلای ئەوان ئەم پەیڕەوە بەهای خۆی لەدەست داوەو، ملی ڕێگرتنی بێ پرسیار بووەتە مۆراڵی ڕامیاری و ڕێکخراوەیی ئەوان، ئیمە جیاییەکانمان بەڕێگەیەکی زانستی و بەدیفاکتێکی بەڵگەدارەوە دەچێتە مەیدانی جیابوونەوەوە، بەڵام لەلای بزووتنەوەی بنیاتنان مۆراڵی ڕەدووکەوتن، مۆراڵی پرۆسیسی ڕامیاری و پراکتیکی ئەوانە. ڕەدووکەوتنی بێ پرسیار هەڵدێری ڕامیاری و ڕێکخراوەیی و میتۆدی بەرهەم دەهێنێت، هەروەها جیاوازی هزری لەجیاوازی چینایەتی وە فەرامۆش دەکرێت و بەرەنجام نابێت.

بەڕاستی ئەم کارەش ناتوانێت بزووتنەوەکە لەبارێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ بارێکی باشترو دیفاکت تری خەبات و تێکۆشان، بۆ ئەوەی لە بەرەنجام دووربین و پرۆسێسی ڕامیاری وهزریمان نەکرۆژێ لەم سۆنگەیەوە، بەڵکو دەبێت

بەلۆجیکی زانستی و بەئاوەزێکی دیالێکتیکی مامەڵەی ڕووداو دیاردەکان بکەین، و لەبەرامبەریشدا هەڵوێست و پلانێکی بەمیتۆدی زانستی و لیبراوانە بگرین. نەوەکو ووتاری پێش جیابوونەوەو ببێتە ووتاری دوای جیابوونەوە لەسەر حیزب. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو میتۆدەی کەلێی جیابووەتەوە، میتۆدی ووتاری پێش جیابوونەوەو دوای جیابوونەوەیە. وەک ئەو ووتارەی کە (ئەحمەد معین) لەسەر حیزبی کۆمۆنیست ((زەرورەت و ماناکان و پایەکانی و پێش مەرجەکانی)) کەلە پەیامی کۆمۆنیزمدا بڵاوی‌کردۆتەوە و دواتریش بەشێکی کۆنفرانسی دووەمیان پێوە گیرکردووە وەک پلیمێکی ناو کۆنفرانس بەهەند وەرگیراوە.

هەروەها لەلایەکی ترەوە لەلاپەڕە (4) و (5)ی باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمدا دووبارەی بنیات نانەوە و هەنگاو هەڵگرتن لە پێناوی بنیاتنانی حیزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری-عێراق دووبارە و سێ بارە دەکاتەوە. بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست – عێراق خۆشیان نازانن ئاڕاستەی کام لا دەگرن و لەگەڵ کام بارو جیاوازیدا جووت دەبن. هەر هەموو ئەولایەنانەی لێکدانەوەکان بێ میتۆدی و نەبوونی هزری جیابوونەوەو هەڵوێستی پراکتیکیش ڕووبەڕووی سەرگەردانی و بێ ڕێچکەیی کردووە، (ئەحمەد معین) لەکۆنفرانسی دووەم داو لەووتارێکی بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی (ک.ک)ی و بنەماکانی تەحەزوبی کۆمۆنستی) هەمان بڕواو بۆ چوونی ڕابردووی مەنسوری حیکمەت بەیان دەکات لەسەر (ک.ک)ی و پەیوەندییەکانی بە شۆڕشە جیا جیاکانەوەو، بە کاربردنی ئەو دەستە واژانە لە پێناوی ئەوەی کە بتوانێت (ک.ک)ی بەلێکدانەوەو شیکارییەکی سەردەم بەیانی بکات.

(ئەحمەد معین) بەشێوەیەکی زۆر سانایی دووبارەی هەمان لێکدانەوەدەکات و دەڵێت [ کۆمۆنیزم جەرەیانێکە لەڕووی مێژوویشەوە لەناوچینی کرێکارەوە، وەکو مەیل و حەرەکەتێک هەبووەو کۆمۆنیزمی کرێکاری فۆرمۆلێکە، پێش گشت شتێک، بۆ وەسف و تەعریف کردنی ئەو حەرەکەتە چ بەمانا کۆمەڵایەتیەکەی چ بەمشەخەساتە سیاسی وفکری و تیۆری و بەرنامەیی یەکەیەوە، ل8 – باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنسیت – عێراق – کانوونی دووەمی (2000) ] ئەم لێکدانەوەیەو باس و خواستکردنە لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاری، هەمان لێکدانەوەی مەنسوری حکمەتە کەلە ڕابردوودا لەبارەی ماتریال بوونی بڕواو بۆچوونی (ک.ک)ی پەوە کردوویەتی.

بەڵام دووبارەکردنەوەی لەهەمان ووتاری (ئەحمەد معین) دا بەڵگەی مانەوەی هەمان کاریگەری و هەمان میتۆدی ڕابردووە لەئاوەزدان و ئاوەزی سیاسیدا هەروەها کەم توانایی لەباری شیکردنەوەو لێکدانەوەی دیاردەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بێجگە لەوەی کەنەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی ڕاست لەسەر مەسەلەی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەیان بکات و مەیلی و بۆچوونەکانی ناوچینی کرێکار شی بکاتەوە. لەم سۆنگەیەوە بەڕاستی ناونیشانی (ک.ک) تەنها ناونیشانی هێڵی هزری ووردە بۆرژوازی یەو هیچی تر پەیوەندیشیان بەبزووتنەوەی چینی کرێکارو شۆڕشەکانی پاریسیش و ئۆکتۆبەرەوە نی یە، هەموو ئەو موراديڤە کەکراوە بۆ کۆمۆنیزم هیچ شتێک نی یە بێجگە لە کایەکردن بەدەستەواژەکان و ڕەنگکردنی ئەندێشەو خەونە سەوزو زەردە دروستکراوەکانیان. بێجگە لەوەی کەلەو ڕێگەیەوە دەیەوێت بڕواو بۆ چوونەکانی (ک.ک)ی بەتێزی بزووتنەوەی چینی کرێکار بەراورد بکات هیچی تری سەوز نەکردووە.

بەڵام ئەو ڕەوەندە ناتوانێت بەزیندوویی بمێنێتەوە. چونکە ناتوانێت هەتا سەرلایەنە داپۆشراوەکانی دژ بەکۆمۆنیزم و چینی کرێکار لەژێر پەردەی بەناو کۆمۆنیست بووندا بمێنێتەوە. بەڵکو سەنەدو دیفاکتۆی ڕووداوەکان و خەباتی چینی کرێکار زۆر بەزووی ئەودیووی دارەستانەکان دەردەکەون و دەیانخاتە کەنارەوەو، لەگەڵ تەلیسمەکانی شەپۆلی ڕیڤیژنیزمدا تێکەڵیان دەکاتەوە.

کاریکاتۆرییە کاتێک (ک.ک) ی دەکرێت بەفۆرمۆلێک بۆ پیاهەڵدان و پیناسەکردنی ئەو بزاڤانەی چینی کرێکار لەهەموو ڕوویەکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و بەتایبەتمەندی ڕامیاری و هزری و تیۆری و بەرنامەیی یەکەیەوە بەند بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەک (ک.ک)ی بەیانی ووردە بۆرژوازی و لەدەرەوەی چینی کرێکار ڕیزی گرتبێت و لەلایەکی تر پیاهەڵدان و لێکدانەوەکان لەسەریان، جیاوازی لەگەڵ دوودێڕی پێش ئەو بێژانە هەبێت.

ئەم لێکداوانەی (ئەحمەد معین) سەرلێتێکدەرو ناوەڕۆکێکی میتافیزیکیان هەیەو لەناوەڕۆکی ماتریالیزمی دیالێکتیک دوورکەوتووەتەوەو ناتوانێت ڕاست و دروستی بەیان و ئەلتەرناتیڤی (ک.ک)ی بێت .

کەم توانایی لەباری تیۆری یەوە سەر لێشێواوی لێوە دروست دەبێت و ناتوانێت هەڵوێستی دروست لەکات و شوێنی گونجاودا بگرێت. بێجگە لەوەی کە تێکەڵ و پێکەڵیەک لە بەدڵ بوون و کەنارکردن لەزهنیدا دروست دەکات هیچی تری لێ سەوزنابێت، کەواتە ئەو تیۆورەی کە ووتارەکەی پێنوسراوە تیوریکی نەزۆک و مۆلەقەی هزری و دوور لەلۆجیکی شیکردنەوەو دروستکردنی ئەلتەرناتیفی بەرامبەرە.

هەموو  ئەو لێكدانەوانە فاكتەری ڕەدووكەوتنی بێ پرسیارو ڕاڤەنەكردنی زانستیانەی هزرو تەرزی بیرو بۆچوونی بەرامبەرە.

(ئەحمەد معین) لەهەمان ووتارو هەر لەدێروو ڕستەكانی دواتریدا دیدگایەكی تر لەبارەی ڕەخنەو جیایی یەكانی لە (ك.ك)ی بەیان دەكات و هەمان بڕواو بۆچوونی (رضای مقدم)دووبارە دەكاتەوە كەلەبەیاننامەی جیابوونەوەیدا، لەبارەی (ك.ك) و (حككا) وەڕایگەیاندووە [ ئەم ڕەوتەیان لە دێژەی تەفاعولات و قوڵ بوونەوەو گەشەو فعل و ئینفیعالاتی ناو بزوتنەوەی كرێكاری یەوە سەری هەڵنەداوەو ڕیشەی مێژووی ئەم ڕەووتە ئەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێكۆشانی هەڵسوڕاوانێكی ماركسیست بەهەدەفی دەست گەیشتن بە ئاسۆیەكی فكری و سیاسی و تەنانەت هەویەتی لەبارو دۆخێكی تایبەتدا كە شۆڕشی ئێران و دەورو نەخشی ((بزوتنەوەی كۆمۆنیستی ئەو سای ئێران بەو جودی هێنابوو.(ل9-باس و بەڵگەنامەكانی كۆنفرانسی دووەم ی كادرانی بزوتنەوەی بنیاتنانی حیزبی كرێكارانی كۆمۆنیست-عێراق- كانوونی دووەمی –2000ز) ] ئەم پەرەگراڤە ئەگەر بەتەواوی وەرنەگیرابێت لەبەیانی ڕۆژنا مەگەرییەكەی (رضای مقدم) ئەوا بەگشتی هزری ناو ئەو پەرەگراڤە لە هزری جیابوونەوەی (رضای مقدم) وەرگیراوە. ئەو بەیانەی ڕوونكردنەوەو ڕەخنە ئامێزەی كەلە پێشتردا لەسەر (ك.ك)ی كردبووی ناوەڕۆكەكەی لە مێژووی لەوەو پێشدا هیچ بەڵگەیەكی مێژوویی نی یە و نەی توانیوە ئەو ڕاستیەش بەیان بكات كە (ك.ك)ی وەك فۆرم بەیان و پیشاندەری تێزی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی زانستی ئەو كاتە نەدەكرد .

هەروەها بەناوە ڕۆكیش نەیتوانیوە جووت بێت لەگەڵ بزوتنەوەی  كۆمۆنیستی زانستی لە مێژووی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەووەی كە كۆمۆنیزمی زانستی ناسراوە تەوە بەوەی كە دیدگاو بۆچوونی جیاوازی ماركسیزمە لە سۆسیالیستە خەیاڵی یەكان (طوباوییەكان)و ئەوانەی كە كۆمۆنیزمیان دەكرد بە بەرگ و ناونیشان و لە ژێر پەردەدا گەورەترین بزاڤی ئانارشستی یان بە ڕێدەخست و ئامانج و ئاواتەكانی چینی كرێكاری دەكرد بە قوربانی مەرام و خواستی ووردە بۆرژوازی یانەی خۆیان.

بەڵام بەباس و خواستی مەنسوری حیكمت و دووبارە كردنەوەی لەلایەن (احمد معینەوە)، ناتوانێت ئەو ڕاستی یە بشارێتەوە كە (ك.ك)ی بەم میتۆدەی (15)ساڵ پێش ئێستاو ئێستاشی لە سەر بێت، میتۆدۆلۆجی چینی كرێكارو بزوتنەوەی كۆمۆنیستی بێت لە ڕابردوو ئێستادا. ئەو شەن و كەوكردنەی كە بۆ (ك.ك)ی بەفاكتەری ئەوە دەكرا كە

بکرێت بەچاوگی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، بەڵام میتۆدی ئەو سیستەمە هزری یە، پەیوەندی بەبزوتنەوەی ڕاست و دروستی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی یەوە نی یە.

لە ئێستاو ڕابردووشدا بە بەڵگەی ئەوەی کە کۆمۆنیزمی هێناوەتە ئاستی نارەزایی چینی کرێکار و داخوازی ئابووری ڕۆژانەو هەنووکەیی و ڕیفۆرمی ئەو چینەوە. بەپێچەوانەوە بێجگەلەوەی کە کۆمۆنیزم گۆڕانی ڕیشەییە لە پەیوەندی ڕامیاری وکۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگادا، هیچ پێناسێکی تر هەڵناگرێت. ئەم پێناسەی مارکس جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ پێناسەی (ک.ک)ی داهەیە. ناکرێت بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بدرێتە دەست ڕووداو قەدەری کۆمەڵگا بەرهەمی بهێنێت. بەڵکو هەوڵ و کۆششی کرێکارانی کۆمۆنیست و کۆمۆنیستە زانستی یەکانە، کە گەشەی زیاتر بە بزاڤی کۆمۆنیستی دەدات لەناو چینی کرێکاردا.

هەروەها ڕەهای گۆڕانی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگایەکی بێچین خێراترو گەشەدار تر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەنجامە تەنها لە خۆیەوەو خود بەخود جێ بەجێ نابێت و نابێتە لایەن و گەشە کردنی بزوتنەوەی چینی کرێکار.

ئەم لێکدانەوەی کە (ئەحمەد معین) و (رضای مقدم) دەیکەن. لەڕابردووشدا بە شێوەو جۆرێکی ترو لە شوێنێکی تردا مەنسوری حیکمەت بەیانی کردووەو کردوویەتی بەناوەڕۆکی دارشتن و دروست بوونی هزری خۆی. ئێمەلە نووسراوی (ئیکۆنۆمیستەکان نوێنەری زانستی..) دا ڕەخنەی میتۆدی و مارکسیستیمان ئاراستە کردووەو لە بەرامبەریشدا دیفاکتۆی بزوتنەوەی مارکسیستی و و کۆمۆنیستی زانستیمان بەیان کردووە. ئەو ووتەیەی سەرەوەی (ئەحمەد معین) زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ودروست بوونی حیزبی خۆی دەسپێرێت بەکارێکی خود بەخودی و دوور لە دەست و نەخشەی کۆمۆنیستەکان. گرنگترین لایەن و ئەندامی دروست بوونی حیزبە کۆمۆنیستەکانن بەهاوکاری و هەماهەنگی چینی کرێکار .

جارێکی تریش لەلایەن (ئەحمەد معین) و دەستەکەیان بەشێوەیەکی تر لە لێکدانەوەکاندا پەنابراوەتە بەر قسەو باسی (رضای مقدم) و کراوە بەسەرچاوەو ڕەگی لێکدانەوەی خۆیان بەرامبەر بەدەستەی ئێستای نەیاریان. بەڵام سەرەنجامی پرۆسیسی لەو جۆرە هەموو ئەو لایەنانە بە شکستی بزوتنەوە کە دەشکێتەوەو ناتوانێت هەنگاوێک بڕواتە پێش بێجگەلەوەی کە پاشە کشە دەکات. واتە ڕەدووکەوتنی بێ پرسیار مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگە کە دەبێت هەموو لایەک ئاگاداری بێت و شێوەی هەڵسوڕان و ئاوات و ئامانجە کانی بەو شێوەو ڕێگایە دەست نیشان

نەکات. چونکە لێکدانەوەکان دەچنە خانەی بێ پەیوەست بە دیفاکتۆی بزاڤی چینی کرێکارەوە و لەگەڵ ئامانج و هزری میتافیزیکا یەک ئامانجە. لەسۆنگەی هەموو ئەوانەوە ئەگەر (ک.ک) پایەی کۆمەڵایەتی خۆی لەدەست داوە! بۆ دەبێت لەکاتێکی لەوەو پێش بەشان و باڵی دا هەڵبدرێت و بکرێتە لایەنی سەرەکی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی! بێگومان ئێمە زۆر لەوەو پێشەوە لەساڵی یەکەمی ئەو بزوتنەوەیەوە قسەو باسمان بەڕوون و ئاشکرا و ناکۆک و جودا لەگەڵ تێزی هزری کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بەیان کردووە لەبنەڕەتەوە (ک.ک)ی پایەی کۆمەڵایەتی و دروست بوونی هزری و بزاڤەکەشی لەناو ووردە بۆرژوازییدا بووە. هەرلە ناو ئەوانیشدا مابووەوەو ئێستاش ماوەتەوە. ئیتر پەیوەست بوونی و نەبوونی بە چینی کرێکارەوە هەنگاوێکی ئەوبزوتنەوەیە نەدەبردە پێشەوە لەبەر ئەوەی میتۆدو فەلسەفەی ئەو ئاوەزە خواستی جووت و یەک ڕێبازی لەگەڵ ووردە بۆرژوازیدا بووە.

بەڵام لێکدانەوەی ئێستای (ئەحمەد معین)ء بزوتنەوەی بنیات نان جارێکی ترو وەک لەوەو پێش ڕەدووی (ک.ک) کەوتوو بوون، ئێستاش بەهەمان میتۆدو شێوە ڕەدووی ڕووداوەکانی ناو (حککا) نن و چوونەتە پاڵ لایەنی جیابووەوە کەبەهەمان فۆرم و بەناو نیشانی جیاوازەوە بەیانی هەمان ڕامیاری وستراتیژ دەکەن و لەگەڵ توێژگەلی ووردە بۆرژوازیدا دەست لە ناو دەستن.

لەڕوانگەی خۆیدا و لەهەمان ووتاردا ئەحمەد معین دەڵێت [ کاتێکیش ئەڵێین جەرەبانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەڕووی ئاسۆی سیاسی و بنەمای فکری یەوە ڕادیکالترین بەشی ئەو (بزوتنەوە کۆمۆنیستی) یەیە. ئیتر ئەوە لە خۆشیدا بەشێکی بنەڕەتی لە سیماو تایبەتمەندیەکانی ئەویش دەردەخات. ل-10-(باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی بزوتنەوەی بنیات نانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست-عێراق)-کانوونی دووەم -2000)] ڕادیکاڵ بوون بوو بووە بەشێکی گرنگ و سیاسەتێکی لەبەر جاوگیراوی بیۆس پۆلیتیکۆسی بزاڤ و ڕەوەندی چەپ لە کوردستانی عێراق و ئێراندا .

واتا کە دەوترا ڕادیکاڵ ئیتر وابەیان دەکرا کە تەواو تەواو  سەر بە هزرو میتۆدی تێزی مارکسیزمەو عەیاری (24)ی بۆخۆی بەدەست هێناوە. بەڵام ڕادیکاڵ بوونی و یان بەیانی ڕادیکاڵ دیووی ئەو دیوی ڕامیاری و پرۆسیسی ناو میتۆدۆلۆجی بۆرژوازی یە. چونکە مارکسیزم مەسەلەیەک و تیۆرێکی ڕاگەیەنێری حەقیانی یەو دوور لە خەوش و خاڵی ووردە بۆرژوازی و بۆرژواوی یە.

**لەبەرئەوە مەسەلەی ڕادیکاڵ بوون بەیانی خەوش و خاڵی بزوتنەوەکەیە، ڕادیکاڵ بوون لە ئێستادا هیچ ناگەیەنێت بێجگە لەوەی کە خۆیان و دەورووپشتی پێ هەڵ خەڵەتێنن.. ڕادیکاڵی لەئێستادا لەگەڵ سیاسەتی بۆرژوازیدا جووت و یەک فۆرمن. لەم سۆنگەیەوە ڕادیکاڵ بوون فۆرمێکی بەسەر چووە بۆ ئێستاو ناتوانێت ناونیشانی کۆمۆنیستەکان بێت. بۆیە دەبێت کۆمۆنیستەکان بەزووترین کات لەژێر کاریگەری بەناوی ڕادیکاڵ بوون و ڕادیکالیسیۆنی ڕامیاری بوونەوە دەربچن و پابەندی مەسەلە تیۆری و هزری یەکانی مارکسیزم بن و بەئاوەزێکی کراوەو ئاوزانێکی دیالێکتیکی یەوە پرۆسیسی تیۆری یەکانی لە پراکتیکدا بکەن .**

**بەڵام هەتاکاتی ئەو نووسینەش(ئەحمەد معین) نەیتوانیوە کاریگەری یەکانی (ک.ک) لە ئاوەزوبیرو دەروونی دەربکات و بەتەواوی ڕەخنەی ڕیشەیی لە (ک.ک) بگرێت و ئاسۆ یان جیاوازبێت لەگەڵ ئاسۆی (ک.ک)و دەستە خوشکانی وورده بۆرژوازی تریاندا.**

**بەڵگەش ئەوە نی یە کە لە ڕابردوودا پێوەی پەیوەست ببێت و ئێستاش مەسەلەی ڕادیکاڵ بکەیتە پێوەرێک کەلە پایەی ڕامیاری و هزری یەکانی (ک.ک)ی بەتەواوی نە دەیت. بەڵام هەموو ئەو لێکدانەوە تێکەو لێکەیی یانە بەڵگەی نەبوونی سیستەمێکی هزری مارکسیستی ڕۆشن و ئاوەزێکی دیالێکتیکی و لێکدانەوەیەکی ماددی یە و خواستنی بەرژەوەندی توێژ گەلی و ڕاستی داخوازی وورده بۆرژوازی یە.**

**لەم سۆنگەیەوە پراکتیکی ڕامیاری و خەبات و تێکۆشان بەو شێوەیە ناتوانێت هەنگاوێک بچێتە پێشەوە. ڕامیاریست خاوەنی ئاوەزێکی ڕۆشن و کراوەو دیالێکتیکی نەبێت و بەشێک لە مارکسیزم شارەزانەبێت، ناتوانێت هەوڵەکانی لە پێناوی خەباتی چینی کرێکارو بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا بێت. هەروەها بۆ کێشەو بابەتی ڕابەرایش گرنگترین لایەنی شارەزابوونە لە مارکسیزمدا، کەلە پێشدا و لەبەشی (ڕابەر لە حیزبدا) زیاتر لێمان کۆڵیوەتەوە، جارێکی تر دووبارە کردنەوەی بەگرنگ نازانم، لەهەمان ووتاردا (ئەحمەد معین) دان بەوەدادەنێت کەلە پێشداو لە سەرەتای جیابوونەوە یان لە (حککع) ڕەخنە یان لەبنەمای هزری و ڕامیاری کۆمۆنیزمی کرێکاری نەبوو، بەڵکو زیاتر ڕەخنەکەیان لەڕووپۆشی دەرەوەی (ک.ک)و (حککع) خولگەی گرتبوو .**

**بەڵام ئەوەش بەڵگەی ئەوەن کە تەنها لێکدانەوەکانیان لەچوار چێوەی بەڕاست نیشاندانی بڕواو بۆچوونەکانیان بوو، بێجگە لەوەی کە جیابونەوە لە ڕووی میتۆدی یەوە لە هەگبەی بیرو پراکتیکیاندا بەهای نەبوو، و لەگەڵ**

کرۆکی هزری (ک.ک)ی تێڕوانینی خۆیان و ڕەخنە یان دەرنەبڕیبوو، ئەمەش زیاتر لە نووسراوی (چەپ و مێژوو لە کوێدان!) ڕوونم کردووەتەوە .

بەڵام (ئەحمەد معین) لە کۆنفرانسدا بەشێوەی تێکەو لێکە باس لەسەر جیابوونەوە دەکات و بەم شێوەیە لێیان ئەدوێت [ ئێمە سەرەتا بە جۆرێکی تر دەستمان کرد بەڕەخنە لەو تاقیکردنەوەیە لەو قۆناغەدا ڕەخنەی ئێمە (سەرەتای وازهێنانمان لە حککع) لە کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو جەرەیانێک، ڕەخنە نەبوو لەبنەماهەویەتی یەکانی و بنەما بەرنامەیی یەکانی ڕەخنە نەبوو لە لەپایە فکری یەکانی، بەڵکو لە تەجروبەی تەشکیلی حیزب و هەڵسوڕانی دواتری لەعێراقدا، تەنانەت سەبارەت بە عێراقیش ئێمە تەنها ئەوزاعی سیاسی عێراقمان کردبووبە بەپێوانەو مەبنای ئەسڵی بۆ ڕەخنەو جیاوازەیەکانمان. بۆیە سەرباری دروستی ئەو ڕەخنەو سنوور بەندیە هێشتا بەتەواوی جوابدەرەوە نەبوو و هاوتای کۆمەڵایەتی نەئەبوو بۆکۆمەڵ و بزوتنەوەی کرێکاری و کرێکارانی سوسیالیست بەتەواوی قابیلی دەرک نەبوو. (ل12-باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی .............کانوونی دووەمی –2000) ]

لەم پەرەگرافەدا تێکەو لێکەیەکی زۆر ڕوون و بەئاشکرایی دیارەو هێشتا دەست بەرداری جۆری ڕەخنەکانی پێشووتری نابێت و لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت (ڕەخنە نەبوو). ئەم لێکدانەوانە بەرەنجامی کاڵ فامی و نارۆشنی درک و ئاوەزی نووسەرەو نەی توانیوە لەسەرەتاشدا لێ توێژینەوەی ووردو زانستی هەبێت، تابتوانێت بەیانی جیاوازی یەکانی بەیانێکی ماددی و بابەتی بێت.

لەم سۆنگەیەوە تەنها لە چوار چێوەی قسەو باسێکی خاو خلیچک و بێ پەرەنسیپ و بێ میتۆد خولگەی گرتووە، بیردانی سووڕانووەتەوە. ئەگەر ڕەخنەی پێشوو دروست بووە،

بۆچی دەبێت لە بارێکی تردا جارێکی تر ڕەخنە نەبووبێت؟! ئەگەر ڕەخنەشنەبووە! ئیتر ڕاست و دروستی ئەو ڕەخنەیە لە کوێدایە! بێگومان ئەو باس و لێکدانەوانەی پێشووتریان سەرچاوەی تێکەو لێکەیەکی ڕوون و ئاشکراو نامادی بابەتی قسەو باسەکانە، بێجگە لەوەی هەتا ئەو کاتەش دەست بەرداری ئەو جۆرە لەدرک و تێڕوانینی پێشووی نەبووە، نامارکسیست بوونی بڕواو بۆ چوون و لێکدانەوەکانی (ئەحمەد معین)، بێگومان ڕاڤەکردنێکی تێکەو لێکەی لەسەر بابەتی ناوڕامیاری و خۆی و دەستەکەیان لێدەکەویتەوە. لە بەرئەوەی پەیڤینەکانی پێشووتریش لەسەر (حککع)و پێکهاتی حیزبیەکەی قسەو باس بووە لەسەر ڕووپۆشی دەرەوەی حیزب. چونکە پەیڤین نەبووە

لەسەر پەرەنسیپی حیزب و زۆرتر رووپەکی کەسێتی پێوە دیار بووە نەوەکو لەجەوهەری پێکهاتەی حیزب و فۆرمی دروست بوونی شیکاری ڕوون وئاشکراکرابێت .

بەڵام ئەم پەرەگرافەی پێشەوەی (ئەحمەد معین) کە هێناومانەتەوە دەرکەوتەی و سەرچاوەی هەڵپەی ڕەدووکەوتنێکی پێوە دیارە کە پرسیار لەسەر ڕابردوو لەسەر ئێستاش ناکات، تەنها هەوڵیان ئەوەیە فریای ڕەوەندی جیابووەوەی (حککا) بکەوێت و لە گەڵیاندا تەنگژەو شکستی ڕەوەندی پێشووتریان بڕەوێننەوە. بەڵام ئەمە تەنها لەئەندێشەی خەیاڵ و خەونی وورده بۆرژوازیدا جێگایان دەبێتەوە. لەبەرئەوەی ئەو جۆرە لەبابەتی هەڵوێست و تێڕوانین و پراکسیس کردنی دیدو بۆچوونی یان ناتوانێت هەل و مەرجێک ئالووگۆڕ پێبکات و هەل و مەکرجێکی تر بهێنێتە ئاراوە. ڕاست دەکات کەلە پاڵتوکەی گۆگۆڵەوە هاتبوونەدەر، بەڵام جارێکی تر و لە ڕێگایەکی ترەوە چونە ناو پاڵتۆکەوە. لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە بیر لە پاڵتۆکە نەکرابووەوەو هەروەها لێکدانەوەی لەبارەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و پەیوەندی بەچینی کرێکار و تێزی ئەو هزرەو لێکدانەوەکانی لەسەر هەل و مەرجەکان و ئەلتەرناتیڤی ئەو بزوتنەوەیەوە و ..........هیچ شیکاریەکی بۆ نەدەکراوو بێ پرسیار لەناو پاڵتۆکەدا جێگایەکیان بۆ خۆیان کردبووەو ئێستاش پاڵتۆکەیان گۆڕیوە بەپاڵتۆیەکی تر بەڵام هی گۆگۆلێکی ترە .

هەروەها لە کۆنفرانسی دووهەمدا ڕە دووکەوتنی (نزار عبداللە) ش بەهەمان پێودانگی ڕەدووکەوتنی (ئەحمەد معین)ە چونکە دووبارە کردنەوەی هەمان بەهای هزری و ڕامیاریستی (رضای مقدم و ئیرەجی ئازەرین) و نزار عبداللە زیاتر لەووتاری (دەرک و میتۆدۆلۆژی کۆمۆنیزمی کرێکاری (ئینتقالی چینایەتی))دا، بەڕوونی دەردەکەون کە کێشەو بابەتی جیاکاری یەکانی و جیاوازبوونەوەی (رضای مقدم) و هەروەها لێک ترازانیان لەگەڵ (حککا)دا بووەتەهەمان میتۆدۆلۆجی جیابوونەوە لە (ک.ک)ی .

بەڵگەش بۆڕاستی بۆ چوونەکانمان (نزار عبداللە) لەم پەرەگرافەوە دێتە گۆو دەبێژێت [ بۆڕوون کردنەوەی زیاتری ئەم مەسەلەیە من لەو دەرکەوە دەست پێ دەکەم هاوڕێ (رضای مقدم) لە ڕاگەیاندنی وازهێنانی خۆیدا لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بەیانی کرد. ئەو ووتی ئێمە کە ئەو حیزبەمان پێک هێنا وویستمان لەجەرگەی سۆشیالیزمی کرێکاریدا قەرار بگرین، ویستمان ئەو حیزبە ئاڵو گۆڕ بکا و ببێت بەحیزبێکی چینایەتی و کرێکاری، ئیتر سنوربەندی ئایدۆلۆژی و فکری بەبێ گۆڕینی پایەی چینایەتی تەنها وەکو جەرەیان و حیزبێکی غەیرە کرێکاری

لەپاڵ حیزب و هێزەکانی تردا دەمان هێڵێتەوە. ئەو کاتێک ڕەخنە لە وەدەگرێ نەیتوانیوە ئەو ئاڵو گۆڕە چینایەتی یە لەخۆیدا پێک بهێنێ و شکستەکەی بەوە لێک دەداتەوە دیارە بەهەمان دەرک و متدۆلۆژی یەوە لێکی دەداتەوە.

ل35- باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی .....کانوونی دووەم –2000) ] ئەم بەشەی سەرەوەی پەیڤینەکانی نزار عبداللە و دووبارە کردنەوەی یان خستنە ڕووی لێکدانەوەکانی (رضای مقدم)ە لەبارەی (حککا.(

بەڵام ئەو لێکدانەوەیە هەروەک ڕاڤەکردنەکانی پێشووتری نەیان توانیوە ڕووپۆشی پێکهاتە ماددی یەکەی ببڕن و لەگەڵ کاکڵەی کێشەو بابەتەکەدا مامەڵە بکەن .

واتا لەلایەک درکی (رضای مقدم) بەناڕۆشن و هەمان میتۆدی ڕابردووی خۆی بەیان دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا (رضای مقدم) تەوقی دەست و پێ یانی بۆ شکاندوون و ئێستا ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر ڕووپایی و بێ ناوەڕۆکیشە قسە لەسەر لایەنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بکەن .

بەڵام قسە کردنەکانی ئەوان و شیکاریەکانیان ناتوانن ئێمە ڕازی بکەن بەوەی کە میتۆدۆلۆجی وورده بۆرژوازی یان تێک شکاوەو لەگەڵ میتۆدی مارکسیزم دا مامەڵە دەکەن. چونکە هەتا ئەو ئاستەش درک و تێزی مارکسیستی بۆ جیابوونەوەکان بوونیان نی یەو بە ئەندێشەی خەون و خەیاڵ سپێردراون. چونکە ئەوان و (رضای مقدم) دەڵێن کە ئێمە سنووربەندی یەکی ئایدۆلۆژی و هزری مان هەیە بەڵام پابەندو تێکەڵ نین بە چینی کرێکار .

واتا سیستەمە هزرییەکەی ئاڵوگۆڕی چینایەتی نەهێناوەتە بەرهەم، لە پرۆسیسی پراکتیک کردنی ڕامیارییاندا و لەگەڵ چینی وورده بۆرژوازی و داخوازییەکانیاندا دوورنین و لەیەک تری دانەبڕاون. بێگومان میتۆدۆلۆجی دەتوانێت پەیوەستی چینایەتی بەیان بکات و دەست نیشانی ناوەندە چینایەتی و هەڵسورانی ناو ناوەندەکەی خۆی بکات و پابەندی پەیوەستی کام چینە.

هەرلەهەمان ئەو باس و خواستانەی سەرەوەی نزار عبداللە جارێکی ترو بەدوای ئەو ووتنانەییدا دەڵێت [ هەڵبەتە لەکاتی جیابوونەوەکاندا لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران یەکێک لەو پرسیارە واقیعییانەی کەبە دروست دەردەبڕان، ئەوە بوو کەئایا ئەم حیزبە بۆ نەیتوانی ئەم ئینتقال و ئاڵووگۆڕە بکات؟ بۆنەیتوانی ببێ بە حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری، بۆ نەیتوانی ببێ بەمەیدانێک بۆ دەربڕینی ئارەزایەتی سۆشیالیستی کرێکاران؟ ئەمە پرسیارێکی واقعی بوو زۆر جار تەرح دەکرا و تاڕادەیەکی زۆر بێ وەڵام دەمایەوە، هەتا کو دەوترا ئایا کاتێک

حیزبمان پێک هێنا ئایا هەموومان هوشیار بووین بەوەی کە دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕە لەپایەی چینایەتی دا بکەین، یاخود نەخشەیەکی ڕۆشنمان نەبوو لەو بارەیەوە؟ل35-باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی .......کانوونی دووەم-2000)] لێرەدا ئەوە دەبینین کە نزار عبداللە دولایەنی جیاوازی گرتووە لەلایەک درک و تێزی (رضای مقدم) بەنەگۆر لەقەڵەم دەدات و لەلایەکی تر پرسیارەکانی کە وروژاندوونی بەپرسیاری دیفاکت و ڕاست بەیان دەکات. بێ گومان دەبێت پرسیار لەسەرچاوە یەکەوە هەڵقوڵابێت کە درک و تێڕوانینی جیاواز هەبن. بۆ ئەوەی بەیانی خۆجیاکردنەوە بکات لەگەڵ لایەنی پرسیار لێ کراو ئەمە بۆ هەموو ساتەکان نا بەڵکو هەندێک سات ئەم ماددی سروشتی یە بەخۆیە وەگرێ دەدات.

نزار عبدالله زۆر بەڕۆشنی ڕەدووکەوتنەکەی دەرناخات و هەروەها لاسایی کردنەوەو خۆ بەدەستەوەدانەکانی تۆزێک ڕامیاریستانەتر مامەلەی لەگەڵدا دەکات. ئەگینا لەبنەڕەتدا ڕەدووکەوتووی هەمان میتۆدۆلۆجی یە کە (رضای مقدم) جیاوازی خۆی پێ بەیان کردووە لەبەرامبەر (حککا)دا. ئەو پرسیارانەی کە باڵی جیابووەوە لە (حککا) دەریان بڕیوە، ئەگەر میتۆدێکی جیاوازی بەدوادا نەیەت ناتوانن لەهەل و مەرجی بزوتنەوەی (ک.ک)و ڕامیاریستی و ئیدەکانیان دەربچن و ڕووانگەیەکی جیاواز بکەنە سەرچاوەی هەڵسوڕان و پرۆسیسە سیاسی یەکانیان.

نزار عبداللە لەلاپەڕەکانی تردا تۆزێک بە شان و باڵی (ک.ک)ی دا هەڵدەدات و دەڵێت [ من لێرەدا ناچمە ناو تەفصیلاتێکەوە کەئەم جەرەیانە هێنای، کەحەتمەن زۆر دەسکەوتی نەزەری و مارکسیستی تێدا بوو، بەڵام لە کولیەتی خۆی دا بۆ سەردەمی خۆی پیاچوونەوەیەکی ڕادیکاڵ و بەکەڵک بوو. ل39-باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی ........کانوونی دووەمی–2000)] ئەم پەرەگراڤە و میتدۆلۆجی بیریاری و دیدگاکەی بەیانی ئەوەدەکەن لە پێشتردا واتە دوای جیابونەوە یان لە (حکا) و (ک.ک) باڵێکی ڕادیکاڵی و مارکسیست بووە. دوای ئەوەی کە تیۆری میتۆدی (حکا) شکستی خوار دووەو ئەوان وەک باڵی ئەرسۆدۆکسی مارکسیست هاتوونەتە مەیدانی جەنگی تیۆری و هزری و خەباتی چینایەتی یەوە.

بەڵام ئەو دەربڕینانەی (نزار عبدالله) و هەموو ئەو هەڵسەنگاندنەی مێژووی (ک.ک) هیچی لە تێزێکی مارکسیستی یەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکو کاریگەری تێزی (ک.ک) لەڕابردوو ئێستاشدا، هەتا وەکو لە

ئێستاش مانەوەی ڕەگەی هزرو دیدگاکانی لە هزرو ئاوەزیدا پانتاییەکی گەورەی گرتووە. بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشان و باڵیدا هەڵبدەن.

ئەگەر تێزی (ک.ک) ی دەست کەوتی مارکسیستی زۆری هەبووەو گەڕاوەتەوە سەر مارکسیزم، بەیانی جیابوونەوە مانای بەیانی جیابوونەوەیە لە مارکسیزم! چونکە گەڕانەوە بۆ تەرزی ئەو تێزە، فراوان کردنی ئاوەزەو ئاوزانی گەورەتر دەبن لە خەبات و تێکۆشانی چینایەتیدا. بەڵام بەبڕوای من (ک.ک) بەیانی تیۆری مارکسیستی نەدەکردوو نەگەڕابووەوە سەرپایەی فەلسەفی و (ئەبستمۆلۆجی) دەزگای ئایدۆلۆجی یەکەی. هەروەها دەستکەوتیش نەبوو لەو ڕووەوە. چونکە پێچەوانەی تێزی خەبات و جیهان بینی مارکسیزم، بەیانی جۆرێک لە جووڵانی ڕامیاری وهزری سوشیال-لیبرالیزم دەکرد. لەبەرئەوەی تێکەڵەی ئەم دوو تەرزەی دەکرد بەناوەڕۆکی تێزەکانی. بەڵام (نزار عبدالله) نازانێت چۆن و بەچ ڕێگایەک بەیانی هەموو ساتەکانی ڕابردوو ئێستاش بکات. کاڵ فامی ئەم دەستەیە نارۆشنی خستووەتە بەردەم جووڵان و بزاڤەکەیانەوە (ئەگەر بزاڤێکی ماددی سروشتی بن) لەبەرئەوەی قسەکان و لێکدانەوەکان دژبەیەکن و ناتوانن بێ ئاسۆی لابەرن و ئاسۆیەکی تربنیات بنێن. بەڵکو وا دەردەکەوێت کە (نزار عبدالله) بە هەڵواسراوی خۆی لەنێوان هەردوو لاکەدا دەهێڵێتەوە تا بزانێت کامیان زیاترو زووتر گەشە دەکەن و ژمارەو ئەندامیان زۆر تر دەبێت. ئەگینا بۆ لە هەڵوێستی ڕامیارییانەدا هەڵوێستی یەک لاکەرەوە نانوێنێت.

هەموو ئەو باس و خواسانەی نزار عبدالله و دەستەکەیان کەم توانایە لە گۆڕانی باری تیۆری ڕابردوو دەرچوون لە گێژاوی هەڵوێست هەڵواسراوی. هەروەها گومانم لەوە هەیە سەروبەر بنەمای تیۆری و میتۆدۆلۆجیەکە یان بگۆڕن و دەست بە تیۆری مارکسیزمەوە بگرن. چونکە کەم توانایی وپەی نەبردن بە میتۆدۆلۆجی مارکسیزمەوە دەردەخات. بۆیە ناتوانن ئاڵوگۆڕی چینایەتیش پێک بهێنن و لەگەڵ چینی کرێکاردا مامەڵەی هاوخەباتی و تێکۆشانیان بەیەک ئاڕاستە تاوبدەن. چونکە مارکسیزم تیووری ڕابەرایەتی کردنی چینی کرێکار و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی تیادا بەرجەستەیەو بەشێکی گرنگی فەلسەفەکەیەتی. بۆیە گوێزانەوەکەی ئاڵوگۆڕی هزری و میتۆدیشی دەوێت. چونکە تەنها بەیەک لایەن ناتوانێت ئەنجامی هەبێت و ڕووتەختی جیاواز بۆ وازی کردنی ڕامیاری خۆی بەدەست بهێنێت. هەروەک لەوەوپێش باسمان لەسەر نامارکسیست بوونی هزری (ک.ک)ی کردووە. بەو پێ یەی کە ڕوونمان کردووەتەوە

هێشتا نزار عبدالله لایەکی پاڵتۆکەی گۆگۆلی لەسەر شان هێشتوەتەوەو، دەیەوێت بچێتە لایەکی پاڵتۆی گۆگۆلی دووهەمەوە.

جارێک بەدروستی بەیان کردنی تێڕوانینەکانی (رضای مقدم) و جارێکی تر ڕەخنە گرتنێکی بێ ناوەڕۆک و بێ میتۆد لە بۆ چوونەکانیان، بووەتە ناوەڕۆکی بیرو بۆ چوونی نزار عبدالله. تەنها ڕەخنەش لە (رضای مقدم) ئەوەیە کە دەڵێت باسی بەڵگە نامەکانی ناو (حککا) کردووەو بەڵام مەسەلەی ئینتقالی (گوێزانەوەی) چینایەتی لەباس و بەڵگە نامەکاندا شک نابات . لەگەڵ ئەوەشدا هەردوولا کۆ کن لەسەر ئەوەی کە پێویستە حیزب ئاڵووگۆڕی چینایەتی بکردایەو بەرەو حیزبی چینی کرێکار هەنگاوی بنایا.

بەڵام لە پێشدا ئەم بڕواو بۆ چوونە لە لێکدانەوەکانی نزار عبدالله دا بوونیان نەبوو، بەڵکو تەنها بەشان و باڵ هەڵدانیدا مەسەلەیەک بوو کە وەک یەک تێزی ئاوەزی ڕەها مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا. بیر کردنەوەی ئەو دەستەیە لە ڕابردوو ئێستادا ناچێتە وە سەرمارکسیزم بەڵکو لەپرۆسەی بیرو بۆ چوونی ڕابردوو وپەیوەندییان دەرناچن و پابەندی خۆیان بە جۆرێکی ڕەدووکەوتن و بێ پرسیار کردن بووە .

نزار عبدالله لەهەمان ووتاردا هەمان ئاست و تێڕوانینی نادیفاکتۆی و یۆتۆپیایانەیان دەکات و ئاوەزێکی میتافیزیکانەی هەیە لە هەڵسەنگاندنەکانیدا وەک لە ئەم پەرەگراڤەدا دەردەکەوێت [ وەختێک هاوڕێ ئیرەجی ئازەرین کەم ڕەنگ بوونەوەی مارکسیزم دەکات بەبنەماو هۆیەکی سەرەکی شکست، ڕۆشنە کەلە سنورو چوار چێوەی میتدۆلۆژی ڕابووردوو دەرنەچووە. ناکرێ ئەو ئاڵوگۆڕە سەرەکی و پایەیی یانە بۆ ئەو مەسەلە مەعریفە تی یە بگێڕ درێتەوە. هەڵبەتە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی تەجروبەی ئەم جەرەیانە مارکسیزمەکەی بووە، جا ئیتر تۆخ یان کەم ڕەنگ بووبێ، ئەم ڕەوتە مارکسیستە کاتێک باوەشی کردبێ بەمەسائلی نەزەری‌دا چ بەرامبەر بە نەیارانی خۆی چ بەرامبەر بەدنیای دەرەوەی. دەسکەوتی هەبووە. زۆر تێڕوانین و مەفاهیمی مارکسیستی ڕۆشن کردۆتەوەو کردوویەتی بە هێڵی بەرنامەیی. ئەو هێڵە سەرەکیانە بەبڕوای من دروستن و (کماکان) دەست دەدات تاکو هێڵی بەرنامەیی هەر هێزێکی کۆمۆنیستی و کرێکاری بێت. ل47-باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی ...... کانوونی دووەم....(2000) ] ئەم لێکدانەوەیەی نزار عبدالله لەبارەی دیدی ئیرەجی ئازەرین و هەوڵەکانی جیابوونەوەو لەبارەی مارکسیست بوونی (ک.ک)ی یەوە، چەند لایەنێکی نادروست و هەڵەی تیادا بەرچاو دەکەوێت.

**ڕاسته كه ئیرەجی ئازەرین هەتا ئێستاش هێزو فشاری هزری (ك.ك)ی لەسەرەو هێشتا بەتەواوی ئەو كێشەیەی لە ئاوەزو پراكتیكی خۆی دا نەمالاندووە، بەڵكو وەكو لایەنێكی تری كێشە ڕامیارییەكان مامەڵەی پێوە دەكات. بەلام یەک هۆ گرنگە ئەویش جیابوونەوەی نزار عبدالله و دەستەكەیان لە (ك.ك)و، بۆچی بەڵگەی جیابوونەوەی كادرانی (حككا) یان وەک بەڵگەی جیابوونەوەی خۆشیان بەیان كردووە! بێجگە لەوەی لەلایەكی ترەوە كە نزار عبدالله سەرنوسەری ڕۆژنامەی پەیامی كۆمۆنیزمەو هەروەها لەسەر ووتاری ژمارە (11)ی هەمان ڕۆژنامەدا، هۆیەكی جیابوونەوەكانیان دەكات بەجیایی یەكانی (ئیرەجی ئازەرین) و (رضای مقدم) لە (ك.ك)ی و (حككا.(**

**ئەم جۆرە لە پراكسیس كردنی ڕامیاری و هەڵێنجانی تیۆری بەو شێوەیە و لەم لایەنەوە ڕەدووكەو تووی ئەو ڕەوەندەن كە رضای مقدم و ئیرەجی ئازەرین بە گرنگی یەوە مامەڵەی دەكەن و لەگەڵ ئەوەشدا هەمان مۆراڵی ڕامیاری ڕابردوو ساتی جیابوونەوەیان لە (حكا) بۆ جیابوونەوەیان لە (حككا) دووپاتە دەكەنەوە. بێ گومان سەرباری ناتەواوی و دوور دەستی (ك.ك)ی لە ماركسیزم، ئەوانیش بەهەمان شێوەو لەلایەنێكی تریشەوە زیاتر پەیڕەوی سیاسەتی ئۆپۆرتۆنیستی پراكسیس دەكەن.**

**بەلام ئەوان واتا (پەیامی كۆمۆنیزم و دەستەكەیان) دەیانەوێت جیایی یەكانی خۆیان پەیوەند بەهۆی جیای یەكانی ئەوانەوە بەیان نەكەن و گفتوگۆیەكی جیاوازی خۆیان بۆ جیابوونەوەكان هەبێت. هەروەها لەم سۆنگەیەوە پەیڤین و باسەكانییان نەیتوانیوە لەگەڵ میتۆدو هزری كۆمۆنیزمی كرێكاریدا لێک دابڕانێكی تەواوەتی بەرجەستە بكەن و لە تێزەكانیاندا سەربەخۆی هزری و میتۆدۆلۆجی تایبەت بە ڕامیارییان هەبێت. ئەمەش هۆیەكی گرنگی كەم فامی هزری ماركسیستی یەو هەروها هەژاری میتۆدی یەكە لە پراكتیكی سیاسی یاندا پرۆسیس كراوەو هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. چونكە هەتا ئێستاش ئەم بزوتنەوەیە نەیتوانیوە هێڵە هزرییەكانی خۆی بەسەر بەش لە هێڵە هزرییەكانی دەووروبەری بەیان بكات و، ڕەوەندێكی سەربە خۆیان لەگەڵ ڕەوەندەكانی تردا هەبێت، كەلە بنەڕەتدا (ك.ك)ی بەیانێكی جیاوازی لە ماركسیزم هەبوو. چونكە ناكرێت بەبەكارهێنانی یەک دوو ووتەزای ناو ماركسیزم ئەوەمان لەبەردەمدا دروست بكات كە (ك.ك)ی بەڕەوەندێكی سەر بە ماركسیزم بزانین. ئەمەش ناكاتە ئەوەی كە خودی ئەندامانی تیۆری زانی ناو (ك.ك) كەم هەست و ماركسیزم شارەزانەبن .**

بەڵام ئەمەش بەڵگەی بێ تاوانی ئەوانیش نی یە بەڵکوو لەبنەڕەتەوە بەڵگەی گەورەیی تاوان باربوونی ئەو دەستەیەیە بەرامبەر بە بزوتنەوەی مارکسیستی و کۆمۆنیستی لەناو ئەو ناوەندانەی کە ئەمان ئەندامیان تیادا هەیە. چونکە پێ زانین و بەکار نەهێنانی سەرچاوەیەکی گەورەن بۆ تاوان باربوون. وەک لەئەوەی کەپێ نازانێت و هەڵوێستێکی تر بەیان دەکات.

ئەمانەش ناکاتە ئەوەی کە ئەم لایان لەو لایان باشتربن یان پێمان قبووڵتربن. بەڵکو ئاستی دوورکەوتنەوە لە مارکسیزم یان پرۆسیس کردنی میتۆدێکی تری میتۆدی (ک.ک)ی. ئەرکی سەرشانی هەر کۆمۆنیستێکە کە ئەو دەستە لەناو دەست کێشی شاراوەیدا دەربهێنێت و بەیانی ڕووە ڕاستی یەکەی بکات.

کەواتا لە بنەڕەتدا مارکسیزم گرنگی هەیە بۆ ئاوەزو هەست ڕۆشنی ئێمە و جیهان بینیشمان بێجگە لەوەی کە مارکسیزم ڕێنوێنی یەکی زیاتر و دیفاکتۆی ڕەووشی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ڕوونتر و ئاسانتر دەبینێت. ئەمانە هەموو دەبنە هزرو لە ئاوەزماندا هەوڵی پراکسیس کردنی بکرێت. هەروەها جیهان بینی مارکسیزم جیاوازی جیهان بینی هێڵە بۆرژوازی و ووردە بۆرژوازییەکان و دەووروو کاریگەرە مێژووییەکەی چینی کرێکار بە باشتر دەست نیشان دەکات و مەشخەڵی ڕێگاو ڕێبازی کۆمۆنیستە زانستی یەکان و کرێکارانی کۆمۆنیستەو هەروەها زیاتر دەتوانێت هووشیاری چینی کرێکار وەک چینی شۆڕشگێڕ لەناو ئەو چینەدا بەرجەستە بکات و جیهانی بینییان بەبەرژەوەندی چینایەتی خۆیان و لە پێناوی بزوتنەوەیەکی توندو تۆڵ و بەهێزدا لەناو حەشاماتی ئەو چینەدا هێز و ئینریژ و هووشیاری زیاتر بەبزوتنەوەکە ببەخشێت و بەسود و قازانجی مرۆڤایەتی بەکار بهێنرێت. ئەگەر ئەمانە ئاوات و ئامانجی ئەو فەلسەفەیەو هێڵە هزری و پراکتیکەکانی بێت. ناکرێت بەهیچ شێوەیەک لەشیکردنەوەو بەیان کردنی هەموو مەسەلەکاندا گۆشەنیگای ئێمەی لێوە سەرچاوە نەگیرێت، کەواتا لایەنێکی گرنگی ناسینەوەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی مارکسیزمەکەیەتی و میتۆد و فەلسەفەی ئەو هێڵە تیۆری و پراکتیکەیە کە ڕێنوێنی بزاڤەکانی چینی کرێکار دەکات.

کاتێک نزار عبدالله باس و خواستی زانیاری هۆشیارو ئاگایی یە بەهەند وەرناگرێت. ئەوا لەگەڵ هەڵەیەکی گەورەدا ئاوێزان بووە و هەروەها پێچەوانەی پەیڤینەکانی ڕابردووی دەجووڵێتەوە کەلە ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزمدا بەیانیان دەکات.

**بەلام هەموو ئەو گەواهی هێنانەوانە لەپێناوی ئەوەدا دەیکات کە لە چاوی خۆیان و ئەندامانی و خەڵکانی دەووروبەریدا پرۆسەی ڕەدووکەوتن وون بکات.**

**ئەو شێوەیەش ڕەدووکەوتنێکی ڕامیاریستانەیەو بەفێڵ و تەڵەکەی خۆیان دەیانەوێت وا ڕابگەیەنێ کە ئەمان لەم بەشە بچووکەی دنیادا خاوەنی تیۆری و ئیدی خۆیانن. بەلام ماددیەتی پلمیک، نووسینەکان بەڕوونی دەری دەخات، (180) پلە پێچەوانەی ئەوەن کە خاوەن ئاوەزو بیرێکی سەربەخۆی خۆیان بن.**

**ڕەگ و ڕیشەی ڕاستی باسەکانی ئێمە لە باسەکانی پێشترداو هەروەها لەدواتردا دەردەکەون. یەک کێشەی زۆر گرنگ دەخزێنێتە بەردەممان، ئەویش ئەوەیە کە چەند ڕەوەندێکی هزری و ڕامیاریستن و خۆیان بە کۆمۆنیست بەیان دەکەن و دەڵێن لەپێناوی ئامانجی بەرزی کۆمۆنیزمدا تێ دەکۆشین. ئەوانیش هێڵە هزری یەئانارشیستەکان و، یتۆپیایی یەکان، ماوی یەکان و ترۆتسکی و ئۆرۆکۆمۆنیزم و هەروەها یەکێتی سۆڤیەتی یەکان و حیزبە شیوعیەکانی ناوەڕۆک نیشتمانی و سۆشیال-دیموکراتەکانیش بە ئاستێک خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیست لە قەڵەم دەدەن. بەلام هێڵی هزری مارکسیزم. ناسینەوەی هێڵی هزری کۆمۆنیستە زانستی یەکانەو هەروەها ناوەڕۆکی تێڕوانینەکان و جیهان بینی یەکانی ئەو هێڵە هزری و کۆمەلایەتی چینایەتی و ڕامیاریستی ناوچینی کرێکار دەنوێنێت.**

**هەروەها دەتوانێت لە ڕێگەی مارکسیزمەوە ستراتیژو داخوازی ئایندەی بزوتنەوەکەی لەگەڵ لایەنەکانی تری بەناو کۆمۆنیست جیاواز بێت و لەسەر کۆڵەکەی بەهێزی میتۆدی خۆی ڕابگرێت. جارێکی تر نزار عبدالله لەبارەی جیابوونەوەی (ئیرەجی ئازەرین و رضای مقدم) ەوە دەڵێت ئێمەش لەهەوەڵ جاری جیابوونەوەماندا لەگەڵ (حككع) هەمان لێکدانەوەمان ئەنجام دا. بەلام ئەی ئێستا یان (واتە کاتی جیابوونەوەیان لە (ک.ک)ی) لەسەر چی بنەڕەتێک و بەپێی چ پێودانگێک جیاوازی خۆیان لە ئامانجی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و چینایەتی هەمان حیزب ڕادەگەیەنن!. بێگومان هەتا ئێستاش دیدگای ڕۆشن و جیاوازی بنەڕەتی جیابوونەوەیە وونەو نازانین کەی و لەکوێدا سەر دەردەهێنێت ئەگەر هەبێت.**

**بەلام ئەوەندەی کە ڕوون بێت لەلای ئێمە لەپێشدا ئەوان تێڕوانینەکانیان بەرامبەر (حككع) بە دروست دەزانی و هەتا کاتی نوسینی ئەو پەرەگراڤەشیان هەر بە شان و باڵی (ک.ک)و مارکسیست بوونە کەیدا (بی گومان بەبڕوای نزار عبدالله) هەڵدەدا. بەلام ڕێکەوتێکی سەیرە، دەڵێی ئەوان ماددی یانە بەوڕێکەوتەدا ڕۆشتوون وهاتووەتە بیۆس**

پۆلیتیکوسیانەوە کەدوای جیابوونەوەی (ئیرەجی ئازەرین و رضای مقدم)، بەیانی جیابوونەوەی خۆیان لە (ک.ک) بکەن. وەکو ئەوە وایە لەدەورانی ڕابردوودا هیچ ئاگایی یەکیان لە مارکسیزم نەبوویێت! ئێستا کە هایانەو، بۆ هەتائێستا نەیان کردووە بە بەڵگەو بەهەندی وەربگرن لە لێکدانەوەو شیکردنەوەکانیاندا؟

بەڵام ڕامیاری ناڕۆشن و تێکەو لێکە پراکتیکی نادروستی بۆ هێناوونەتەپێش و لەگەڵ زانستی جیابوونەوەدا مامەڵە ناکەن. نزار عبدالله هەتا کاتی نووسینی ئەو پەرەگرافەو پێشکەش کردنی بەئەندامانی کۆنفرانسی دووەمیان، بەشان و باڵی (ک.ک)ی‌یدا هەڵدەدات و هێشتا هەر بەمارکسیست دەزانرێت و هێڵە هزری یەکەشیان دەباتەوە سەر هێڵە هزری یەکانی مارکسیزم. بێگومان ئەو دەربڕینانە زۆر پێچەوانەی مارکسیزمە. ئاڕاستەیەکی میتۆدی جیاوازی لە مارکسیزم بەرهەم هێناوەو ناتوانێت لەگەڵ هێڵە هزری یەکانی مارکسیزمدا بچنەوە سەریەک ڕێگا.

بەڵام لەو پەرەگرافەی پێشوودا (نزار عبدالله) ئەو مارکسیست بوونەی کردووە بەهۆی ئەوەی کە بتوانێت بە پێوەری خۆی پەیڤینی جیاوازیش لەگەل (رضای مقدم و ئیرەجی ئازەرین) بکات. چونکە هەر دەربڕینێکی جیاواز لەگەڵ هەرکامێکیان لەلای نزار عبدالله و دەستەکەیان، دەربڕینی لای جیابووەوەیان لایەنی (حككا)ە دەبێت. ئەگەر (ک.ک) هێشتا بزوتنەوە مارکسیستەیەکەی دەتوانێت هێڵە بەرنامەی یەکانی حیزبێکی کۆمۆنیستی و کرێکاری بێت؟! چی وا لە (نزار) دەکات لە (ک.ک)ی جیابێتەوە؟! لەبەرئەوەی دوو مارکسیزم نی یە، بەڵکو تەنهایەک میتۆدی مارکسیزم هەیە. لەبەر ئەوەی یان دەبێت نزار عبدالله لەگەڵ مارکسیزمدا جووت نەبێت یان دەبێت (ک.ک)ی لەگەڵ مارکسیزمدا یەک سەرچاوەیان نەبێت. چونکە ئەگەر (ک.ک) مارکسیست بوو، ئەوا نزار عبدالله و دەستەکەیان و تێڕوانینەکانیان مارکسیست نی یە، یان بە پێچەوانەوە. بەڵام هەردوولا بە بۆچوونی من و لە ڕاستیدا ناچنەوە سەرمارکسیزم بەڵکو ڕووپۆشی ناو نیشانی مارکسیزمیان کردووە بەهۆیەک بۆ شاردنەوەی ڕامیاری و میتۆدۆلۆجی وردە بۆرژوازی یانەی خۆیان. سەیروو سەمەرەی ئەم بەرێزە و دەستەکەیان لەوەدایە کە بە دوو فاقی بیر دەکەنەوە.

لەشی کردنەوەی هەردیاردەیەکدا ناتوانن زانستیانە مامەڵە بکەن و بەئاوەزێکی دیالێکتیکی یەوە لەدیاردەکان بکۆڵنەوەو هەڵوێستێکی ماددی یانە لەبەرامبەر هەموو دیاردەکاندا وەربگرن. ئەگەر خاڵی بەهێزی ئەزموون و تیۆری و تێڕوانین و تێگەیشتنی مارکسیستی هەبوویێت! جیابوونەوەی ئەوان لە (ک.ک)ی دەبێت چ پێناسەیەکی بۆ بکرێت؟!

لەم سۆنگەیەوە بێجگە لە پێناسی ڕەدووکەوتوی بێ پرسیار، هیچ لێکدانەوەیەکی تریان بەرامبەر و بەمرادیڤ وەرناگیرێت.

هەروەها لەلایەکی ترەوە، یەک لایەنی تری ناو ئەو پەرەگرافە ئەوەیە. کە لەلایەک ئیرەجی ئازەرین دەخاتە چوار چێوەی ئەوەوە کەلە جیابوونەوەکانیدا دەستی بەهەمان میتۆدۆلۆژی ڕابردووەوە گرتووەو لەلایەکی تریش نزار عبدالله هەر خۆی ئەو ڕابردووە بە پرشنگدار و مارکسیست لە قەڵەم دەدات. تێکەولێکەی ناو ئەو نووسراوەی نزار عبدالله لەوە دایە کە ڕستەی پێش و پاش یەک ئەوی تر بەتاڵ دەکاتەوە.

بەڵام نابێت هەوڵکان لە پێناوی جیابوونەوەدا بەوشێوەیەی نزار عبدالله بێت. جیابوونەوەمان دەبێت وەک جیابوونەوەی دوو ناوەندی جیاوازی ماددی بێت لەبەرئەوەی هەوڵەکانیان هەوڵێکی نەزۆک و بێ ئامانجە. چونکە ئێمە کە جیا بووینەوە دەبێت ئەلتەرناتیڤی جیاواز هەبێت و ستراتیژی جیاواز. نەوەکو جیاوازبیینەوە لەگەڵ ئەوەشدا نەزانین چ بەکار دەهێنرێت و چۆن ڕەوشەکە لێکدەدەینەوە و هەڵدەسەنگێنین. هەوڵی خۆمان بۆ جیابوونەوە دەست نیشان نەکەین. چونکە (ئیرەجی ئازەرین) یەکێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری بووەو بەشێکی پێک هێنانی هزری (ک.ک) یش لەئەستۆیدا بووەوکاری لیبڕاوانەی بۆ بەئەنجام گەیاندووە. لەلایەک نزار عبدالله بەشان و باڵی ئەو ڕابردووەدا هەڵدەدات و لەلایەکی تریشەوە ئیرەجی ئازەرین بەوە تاوان بار دەکات، کەبەهەمان میتۆدی ڕابردوو جیابوونەوەکانی خۆی ڕاگەیاندووە.

میتافیزیکی ئاوەزوویری توێژینەوەی نوسەر زۆر بەڕۆشنی دەردەکەوێت، شێوەی پراکسیس کردنی ڕامیاری یەکی بێ ئەنجامی هەیە. بەبڕوای من و کۆمۆنیستە زانیستی یەکان هەردوو لێکدانەوەکانی (نزار و ئیرەجی ئازەرین)و هەروەها (ک.ک)یش ناچنەوە سەر لێکدانەوەیەکی مارکسیست و دوورن لە میتۆدی فەلسەفەو هزری و جیهان بینی و سیستەمی پراکسیس کردنی ناوەڕۆکی ماددیانەی مارکسیزم. لە نووسراوەکانی پێشووتردا لایەنەکانی نامارکسیست بوونی (ک.ک)ی ڕوونم کردووەتەوەو لێرەدا ناچمەوە سەریان. لە کۆنفرانسی دووەمی یاندا زۆر ڕووی تریان دەرخستووەو لەبەشەکانی پێشووتردا ڕەخنەمان لێ گرتووەو لە دواتریشدا لایەنە جیاجیاکانی و نامارکسیست بوونەکانیان ڕوون دەکەینەوە.

هەروەها لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەو پەیڤینەی کەلە ژمارە (15)ی ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزم بە بەرواری (کانونی دووەمی-2000) دەرچووەو ئەو پەیڤینەش دەربارەی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی بزوتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیستی-عێراق)ە ئەحمەد معین لەو چاوپێکەوتنەدا دەڵێت [ میتۆدی تەعامولی لەگەڵ چینی کرێکارو خەباتی چینایەتی، تێڕوانین بۆ پەیوەندی حیزبی کۆمۆنیست و چینی کرێکار، سونەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەبواری ڕێکخستن پەیوەندی یە حیزبی یە ناوخۆی یەکان، شێوەی بەرخوردیان بە موخالیفینی سیاسی خۆیان، تێڕوانینیان بۆ خەباتی جەماوەری و ڕێکخراوە جەماوەری یەکان، جێگاو شوێنی تاکتیک لەدەزگای سیاسی ئەواندا...... و زۆرێک مەسەلەی تر بۆ ئێمە بوون بە مەوزوع بەتایبەتی کە تەجروبەی نزیکەی ساڵێک لە خەباتی ڕێکخراوی سیاسیمان پشتی سەرنابوو. سەرجەم ئەو لێکدانەوەیەو هاوکات لەگەڵ ئەویش ئاڵۆگۆڕەکانی (2-3) ئەو ڕەوتە ئەو باسانەی کەلە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراندا بوون بەمایەی جیاوازی و جیابوونەوەی بەشێکی زۆر لە ڕابەران و کەوادرو ئەندامانی ئەو حیزبە، هۆی ئەسلی دەست بەرداربوون و خۆجیا کردنەوەی فکری و سیاسی یەکجاری ئێمە بوو لە کۆمۆنیزمی کرێکاری. ل-7- ژمارە-15- پەیامی کۆمۆنیزم-کانوونی دووەمی-2000) ] ئەو پەرەگرافە لەچاوپێکەوتنەکەی (ئەحمەد معین) زۆر لایەنی ڕۆشن کردووەتەوە بۆ ئێمە کەئەم دەستەیە چۆن چۆنایی دەست بەرداری خۆیان بەرجەستە کردووەو هاتا ئێستاش بەتەواوی لەخەوش و خاڵی ئەو بزوتنەوە هزرییە خۆی دانەبڕیووە. ئەو لایەنانەی باسی لێوە دەکات، لە پێشتردا تێڕوانینێکی وا بوونیان نەبووە. هەروەها هەتاکاتی بەستنی کۆنفرانسیش هەر لەگەڵ ڕەوەندی (ک.ک)ی یدا دەستە خووشک بوون. لەلایەکی ترەوە ئەو پرسیارانەش هێشتا لەلای ئەوان نەچونەتە چوارچێوەی شیکردنەوەی تێزەکانی (ک.ک)ی یەوە و هەروەها نەبووەتە سەرچاوەی لێکدانەوەی ڕەوشی ئاڵوگۆڕەکان. لەم سۆنگەیەوە تەنها قسەو باسێک و لە چوارچێوەی گفتووگۆیەکدا هاتووەتە دەرەوە و لەلایەکی ترەوە ئەگەر بگەڕێنەوە سەرکۆنفرانس ئەوە بەڕوونی دەردەکەوێت کۆنفرانس و ووتارەکانیشی هێشتا ئەو لایەنەی بەخۆیەوە نەگرتووە کە ببێتە هۆی پرسیار و دور کەوتنەوە لە (ک.ک)ی. چونکە هەتا ئێستا لە هیچ بەڵگەیەکی میتۆدی یەوە سەرچاوەی نەگرتووە لەناو بەڵگەکانیشدا هیچ لێکدانەوەیەکی ڕۆشنی لەسەر نەکراوە. هێشتا ئەو خۆجیاکردنەوەیەو ئەو فۆرمەی خۆجیاکردنەوەیە نەیتوانیوە دیدگایەکی ڕۆشنی جیابوونەوەو لێک دابڕانی ڕێکخراوەیی و ڕامیاریست و هزری لێوە سەرچاوە بگرێت. بەڵکو ئەوانە ئەوەندە ڕەدووی ڕووداوەکانی ناو (حککا) کەوتوون ئەوەندە بەلۆجیکێکی هزری و سیاسی و چینایەتی، جیاوازییەکانیان بەئەنجام نەگەیاندووە، واتە نەیان

توانیوه تیۆرێکی تر بکەن بەسەرچاوەی میتۆدی وهرزیان و جیاوازبوونیان دەربخات، چونکه هەموو ئەو بیژانەی ئەحمەد معین نەیتوانیوه له میژوویەکی زۆر کورتی ئەوان ئەوەمان بۆ دەربخات که چەند ووتارو شیکردنەوەیان لەو خولگەیەدا سوورِاوەتەوە. بێجگە لەوەی (جیایی یەکانیان لەدوای جیابوونەوەی کادرەکانی ناو حیزبی (حککا)بووەتە هۆی جیابوونەوەیان هێشتا ئەنجامی هزری و میتۆدیان نی یەو هەمان سەرچاوەی رِابردوو دەست نیشانی هەلویست و ستراتیژیان دەکات. چونکه قسەکانی لەو پەرەگرافەدا گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن کەرِەدووی جیابوونەوەکانی ناو (حککا) کەوتوون و کردوویانەتە بەلگەو هۆیەک بووە بۆ رِاگەیاندنی جیایی یەکانیان. چونکه دەلیت هۆی بنەرِەتی و سەرەکی جیابوونەوەی ئیمه له (ک.ک)ی و هیلە هزری یەکانی جیابوونەوەی کادرەکانی ناو (حککا)بووە. ئەگەر ئەمە بەوشیوەیە نەنووسرابیت.

بەلام ناوەرِۆکی پەرەگراەکەو هەروەها شیوەو کاتی جیابوونەوەکە ئەوە دەردەخات، ئەم ئاوەزە ئەوە رِوون دەکاتەوە کە بنەرِەتی جیابوونەوەکان بە لیکۆلینەوەو دیالیکتیکی ماددی و بابەتی ئەنجامیان لیوەدەست نەکەوتووە. بیجگە لەوە کە چاوەرِوانی و سەیرکردنی رِووداوەکان و دواکەوتنی یان، بەرەنجامیکی رِامیاری خراپیان لیوە سەرچاوە گرتووەو ئاوەزی ئینسان رووبەرِووی دوگماو، ئەزموون گەرایی دەبیتە هۆی بەدەست هینانی ئەنجام و ئاکامی بەرهەم و سەیرکردنی رِەووتی رِوداوەکان. ئەو کاتەی دەلیت جیابوونەوەی کادرەکان هۆی بنەرِەتی جیابوونەوەو دەست بەردار بوونیانە له (ک.ک)ی. ئەم بیژانە ئەو پەیڤەی پیشووتری دەداتە دواوەو دەیخاتە خانەی هەلمبووەوە. چونکه ناوەرِۆکی ئەو ووشەیە دەست نیشانی ئەوە دەکات کەلە بنەرِەتدا ئەم دەستەیە له ئەنجامی لیکدانەوەو شیکاری یەکانی خۆیانەوە بۆ (ک.ک) و هەلویست و پەیوەندی یەکان و ئەلتەر ناتیف و بەرنامەی (ک.ک)ی تیّ نەگەشتوون لە ئەو بەدەست هاتووەیان. بیجگە لەوەش کە هەتا ئیستاش هیلە هزری یەکانیان رِوون و ئاشکرا نی یەو هەروەها نازانریت لەچ کەنالیکەوە پەیوەستیان بە مارکسیزمەوە کردووەو چۆن چۆنایی تیزی مارکسیزمیان کردووەتە سەرچاوەی بزاڤی هزری رِامیاری و رِیکخراوەیی و چینایەتی خۆیان، لەبەرئەوەی هەتا ئەوکاتی لیکۆلینەوەو شیکاریان لەم لایەنانەدا بەئەنجام نەگەیاندووە. بێجگە لەوەی کەئەوان لەپیشتردا ئەوەیان نەدەزانی کە (ک.ک) سەر بەئایدیۆلۆجیای مارکسیزم نی یە؟ !

ڕوون کردنەوەیان لەم بارەیەوە چی یەوچی یان کردووە! بێگومان هیچ ڕوون کردنەوەیەکی ئەو تۆوسەربە مارکسیزم بوونی نی یە. تەنها ئەوە نەبێت کە لەووتارە نامارکسیستی یەکانیاندا، ووتەزای مارکسیزم بەکاردەهێنن. بێگومان ئەمەش ناتوانێت ڕاستی نامارکسیست بوونی ئەو ڕەوەندەمان لەلا بڕەوێنێتەوەو بشارێتەوە. چونکە لەهەمان وەڵامدا (ئەحمەد معین) لێکدانەوەیەکی زۆر نادروست بەیان دەکات لەسەر شکست و نامارکسیست بوونی (ک.ک)ی بێ ئەوەی کەلە پێشتردا لە هێڵە هزریەکانی ئەو ڕەوەندە بکۆڵێتەوەو خاڵەکانی سەربە مارکسیزم دژ بە و ڕەوەندە تاووتوێ بکرێ. هەروەک دەڵێت: [ بەلێکدانەوەی تاقیکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەسەرجەم ئەو بوارانەدا، ڕۆشن ئەبێتەوەکە ئەو ڕەوتە وەکو هێزێکی کۆمۆنیست دەوری نەگێڕاوەو کاری نەکردووە، مێژووی هەڵسووڕانی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە عێراق و ئێراندا مێژوویەکی کەم نی یە-ل7- ژمارە (15)-پەیامی کۆمۆنیزم-کانوونی دووەمی (2000) ] مارکسیزم بە هیچ جۆرێک لەرێگەی تاقی کردنەوەوە نە چووتە سەر لێکدانەوەو شیکردنەوەی ڕەوەندە هزریەکانی پێش خۆی و دوای خۆی و لە ساتەوەختی خۆشیدا. بەڵکو لەبنەمای هزری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و چینایەتی یە کەیەوە شیکاری خۆی لەسەر ئەنجام داوەو باری جیاوازی خۆی و ڕەخنەی ماتریالیستی یانەی ئاراستە کردووەو شیکردنەوەیەکی ماددی و ئاوەزێکی دیالێکتیکی یانەی بۆ بەکارهێناوە. کەواتا بەئەزموون ئەنجامی هەڵسەنگاندنی بڕیار نەداوە، بەڵکو ئەوە ئەزموون گەراکانن کەلە ڕێگەی چاوەڕوان کردنەوە دەگەنە ئەو ئەنجامەی کەبە پۆزەتیف یان نەگەتیف بڕیار لەسەر ئەنجام بدەن، یان شکست خواردن یان گەشە دار بوونیان بە باش و خراپی ئەو لە قەڵەم بدەن.

بەڵام ئەو ڕێگەیەی ئەوان ناتوانێت بزوتنەوەی چینی کرێکار و کۆمۆنیستە زانستی یەکان ڕێنوێنی بکات و لەشکست و پاشەکشە بەدووریان بخات. لەبەرئەوەی چاوەڕێ کردن لە ڕێگەی ئەزموونەوە ڕێگەکردنەوەیە بۆ هێرشی زیاتر و لەبەرامبەر هێزی دژدا مەیدان چۆڵ کردنە لە جەنگدا .

واتا بەهەموو پێوەرێکی هزری و ئایدیۆلۆجی مارکسیستی ئەو لێکدانەوەیەی (ئەحمەد معین) لێکدانەوەیەکی نادروستەو دوور لە ماددی زانستی جیابوونەوەو تێزی مارکسیستیە. بەڵام لەگەڵ تێزی چاوەڕوان کردن و وردە بۆرژوازیدا هاوتایە.

ئێمە لە ڕابردوودا ڕێگەی دەربڕینەکانی ناو (ک.ک)ی یەوە لێکدانەوەی مارکسیستیمان دژی ئەوتێزەی ئەوان ئەنجام داوە.چونکە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەو تێزەوە ئێمە رەخنەی خۆمان ئاراستە کردووە. کە ڕێنوێنی یەکانی ناو تێزی (ک.ک) ناتوانێت لەگەڵ ڕێنوێنی یەکانی مارکسیزمدا جووت بێت بۆ هەنگاو هەڵهێنانی بزاڤی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان بەرەو خەباتێکی تووندو تۆڵ و بەهێز لەبەرامبەر سەرمایەداریدا و، ڕێنوێنی کردنی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەهەموو مەیدانەکانی خەباتداو دەست نیشان کردنی ستراتیژی ئایندەی بزوتنەوەکەو هەروەها پەیوەست بوونی ئەو چینە بەمێژووی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆیەوەو بێجگە لەوەی کەلای داوە لەوەی کە ڕێنوێنی یەکی مارکسیستی بکات. هەروەها نەشی توانی تێزی چینی کرێکار بێت.

مارکسیزم تێزەکەی و ناوەڕۆکی سپاردنی ئەرکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری کۆمەڵگا بە چینی کرێکار پەیوەست کردووە. بەجیاواز لە تێزەکانی ناو هزری (ک.ک)ی کە تەنها کرێکاری لە چوارچێوەی ڕیفۆرمدا پێ کوتەی پێ دەکات. هەروەها ئەکتەری ئەو شانۆنامەیەی کە ئەوانیش شانوونامەکەیان و سیناریۆکەیان لە ژیان و ئایدۆلۆجیای وورده بۆرژوازیەوە سەرچاویان دەگرت. لەسۆنگەی ئەمەوە (ک.ک) ناتوانێت بەپراکتیک ببێت بەئەلتەرناتیڤی مارکسیزم یان مارکسیزمی تیادا پرۆسیس بکرێت. چونکە تیۆری مارکسیزمی بەسەرچاوەی میتۆدی خۆی بەیان نەکردووە. لەگەڵ ئەوەی کە بەووتەش دەریان بڕیبێت سەربە مارکسیزمن.

تێزەکانیان دەست نیشانی پێچەوانەی ئەو پەیڤەیان دەکات. لەم سۆنگەیەوە پێویستە ئاوەزی چەپ بگۆڕێت و لە دیدێکی ڕەدوو کەوتووی بێ پرسیار دوور بکەوێتەوەو سەرچاوەکانی دەرەوەی خۆی بەشێوەیەکی ئۆبجێکت (موضوعی)شی بکاتەوەو هەڵوێستی دروستیان لە شوێنی گونجاودا لەبەرامبەر بگرێت. لەبەرئەوەی بتوانێت لە چرکەساتی خۆیدا تیۆری گونجاوی ناو مارکسیزم وەرگرێت و قبوولی بکات. نەوەکو جارێکی تر لە ڕێگەی ئاوەزێکی دۆگماو بەڕاڤەکردنی ئەبستراکتەوە پەیوەست بێت و سروشت لە گۆشەنیگایەکی تەسکەوە تێ بڕوانێت.

نزار عبدالله لە کۆنفرانسدا (ک.ک) دەباتەوە سەر مارکسیزم و ئەحمەد معینیش دەڵێت لەگەڵ مارکسیزمدا جووت نی یە. دەبێت مارکسیزم بکرێت بە پێوەر بۆ لێکدانەوەو تێڕوانین لە (ک.ک)و ڕاست و دروستی و ناراستی لە خەباتی چینایەتیدا تیادا بەیان بکرێت .

هەروەها ئەو دوولێکدانەوەیە تائاستێک لێک جوودان لەڕووکاری دەرەوەیدا بەڵام لە شیکاریەکاندا بەئاستێکی نزیک لە یەکتری نزیک دەکەونەوە. کە دواتر لە ڕوون کردنەوەیتردا زیاتر لە سەریان دەدوێم و ئێستاش ئەوە ڕوونە کە هیچ کامێکیان لێکدانەوەو شیکردنەوەیەکی ڕۆشنیان نی یە لەو بارەیەوە.

(ئەحمەد معین) لە هەمان چاوپێکەوتندا و لەوەڵامی پرسیارێکی تردا بەڵگەی ڕەدووکە وتوویی پێشوو ئێستاشیان دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت [ ئێمە کۆمۆنیستین و بەو ئومێدە ڕوومان کردبووە کۆمۆنیزمی کرێکاری کە بتوانین لەسایەی ئەودا پێویستی یەکانی سەروسامان دان بەحەرەکەیەکی کۆمۆنیستی بەهێز لە ڕووی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە دابین بکەین. (ل7-ژمارە-15-پەیامی کۆمۆنیزم-کانوونی دووەمی (2000)) ] ئەم بێژانە هی ئەوەیە کە مرۆڤ لەڕابردوو ئێستاو ئایندەدا، ڕەچاوی ڕابەری لێ بکات؟!

ناوەڕۆکی ئەو پەرەگاراڤە چەندە ساویلکەیی پەیوەست بوونی ڕابردووی بە (ک.ک)ی یەوە دەردەخات و چەندە بێ پرسیارو ڕۆچوو لەبێ توانایی و نەزانی لەمارکسیزم دا دەبێتە چوارچێوەی پراکتیک و پەیوەست بوونی بەبزووتنەوەیەکەوە. ئەوەندەی ئەو بەرێزە ڕەدووی ڕووداوەکان دەکەوێت، ئەوەندە بەئاوەزێکی دیالێکتیکی یەوەدیاردەکان هەڵنا سەنگێنێت و لەبەرامبەریشدا هەڵوێستی زانستی ناگرێت. واتا لە ڕابردوودا، کەم شارەزایی و کەوتنە ژێر کاریگەری (ک.ک)ی و ئەو بەرێزانەی پێوەدیارەوە نەشیان توانیوە لە هێڵە هزری یەکانی و سیستەمە فەلسەفی یەکانی ئەو ڕەوەندە ڕامیاری یە شارەزابێت و ناوەندە هزری یەکانی بەئەو پەڕی دیفاکتۆی خۆی بەیان بکات و بەراوردی نەکات بە مارکسیزم و ئاوەزی ئەو بزافە وورده بۆرژوازی یە پرۆتستۆبکات و ئەگەر لەناو چینی کرێکاردداو لەناو بزوتنەوەکەیاندا سەربزێوی یەکی هەبێت سەرکوتییان بکات .

چونکە سەرکوت کردنی بزاڤی وورده بۆرژوازی و هێڵە هزرییەکانی، هەنگاوێ بزووتنەوەی چینایەتی چینی کرێکار دەباتە پێشەوە. ئەوە چ ئاوزانێکە کە (ئەحمەد معین) دەڵێت (بەو ئومێدە ڕوومان کردبووە کۆمۆنیزمی کرێکاری کە بتوانین لەسایەی ئەودا......) ئایا ڕووکردنە کۆمۆنیزمی کرێکاری بە چ ڕاڤەکردن و پێوەرێک جێ بەجێ کرا؟. بێگومان جێ بە جێ کردنی ئەو پەیوەستی یە دەگەڕێتەوە بۆ نە ئاوزانی چەپی کوردستانی عێراق و کەوتنە ژێر کاریگەری چەپی ئێران و لێک نەدانەوەی هەموو جۆری پەیوەستی یەکان و چۆنێتی پەیوەست بوونەکانی بە (ک.ک)ی یەوە بوونەتە فاکتەرێکی سەرەکی لە قاڵبدانی ئاوەزی چەپی کوردستانی عێراق. ئێمە نائێین هەرشتێک لەدەرەوەی

خۆمان هەبوو پرۆتستۆی بکەین. بەڵکوو دەڵێین هەرشتێک لەدەرەوەی خۆمان دەهێنینە ناو خۆمان، دەبێت هەڵسەنگاندنی لەسەر بکەین و ئاستی پەیوەست بوونەکانی بە ئێمەوەو گونجان و نەگونجانی تیۆری دەرەوەی خۆمان بە بزوتنەوەی چینی کرێکارەوە دەست نیشان بکەین، لەرێگەی ئەوەی کە ئێمە شیکاری لەسەر هەموولایەنەکانی لە هێڵە هزری و رامیاریەکانی لەسەر داخوازی و ستراتیژییەکانی بکەین و ئینجا بریاری پەیوەستی بوونی بدەین. بەڵام نابێت ئێمە لەسەرەتاوە چاوەرێی ئەوەبکەین بزانین لە جێ بەجێ کردنیدا چەندە رووبەرووی گەشە دەبێتەوە یان لەگەڵ پاشەکشەدا پەیوەستە .

بەڵام ئەوە لایەنێکی روون و ئاشکرای بزوتنەوەی چەپە لە کوردستانی عێراق کە بێ پرسیار رەدووی رووداوو بزوتنەوەکانی دەکەوێت. ئەوە لۆجیکی چ جۆرە رامیاریستێکە کە ئومێدیان وابووە باش بێت لەگەڵیاندا و بتوانێت لە رێنوێنی بزاڤەکەیاندا دەور بگێرێت بێ ئەوەی هەڵسەنگاندنی لەسەر لا یەنە جیاجیاکانی کردبێت.

ئێمە بەروونی ئەوە دەبینین، چونکە ئەگەر کراوەتە تێز بۆ بەئومێدی ئەوە دەبوون و دواتر لێی جیا دەبێتەوە. سەرئەنجامی پراکتیک و ئاوەزی بەو جۆرەو کەم شارەزایی و کاڵ فامی ئەم دەستەیەو بەشێکی گەورەو گرانی چەپ بوونەتە هۆی ئەوەی هەر رۆژەی دیاردەیەک رێتمی رامیاری و هزری یان رێبەرایەتی دەکات.

رەگەی میتافیزیکی لە زۆر ترین بەشی نووسینەکانیاندا هەیە بۆ نموونەی ئەمەش لە ووتەکانی ئەحمەد معیندا دەردەکەوێت و دەڵێت [ بەو پێ یە ئێمە سەرەتا کۆمۆنیست بووین و بەپێی پەیرەویمان لەکۆمۆنیزمی کرێکاری تەفسیرو ئیستینتاجاتێکی سیاسی و فکری و تایبەتیمان هەبووە لە کۆمۆنیزم، (ل7-هەمان سەرچاوەی پێشوو) ].

لێرەدا (ئەحمەد معین) بەپێی ئەو وەڵامەی کە پێشتر دەری بریبووی و لە پێش ئەم رستەیەدا، رستە رێژی کردبوو. ئەگەر یەک تۆز مرۆڤ ئاوەزی بەکاربهێنێت و ئاوزانی بەرامبەر بەمارکسیزم هەبێت چۆن لە پێشدا بەو شێوەیە بەهەند وەرگیرانی (ک.ک)ی لەپێشچاویدابوو هەروەها پەیرەوی بێ پرسیار لەسەرچاوە، وەریگرت بوو بە میتۆدی پراکتیک و شیکاری خۆی بۆ جیهانی دەرەوە دانابوو. و ئێستاش پۆزش بۆ پرۆتستۆکردنی دەهێنێتەوە! بێجگە لەوەی هیچ بەڵگەیەکی تیۆری و هزری لە پرۆتستۆ کردنیدا نی یە. کە بەناماددی ترین هەڵسەنگاندن و تێروانین دادەنرێت. چونکە هەتا ئێستاش لەسەر هێڵە هزری یەکانی و لەسەر پلاتفۆرمەکانی بەڵگەی رەخنەی زانستی لەئاوەزدانیدانی یە .

هەروەها ڕاستی دەربڕینەکانی ئێمە دەردەکەوێت، چونکە ڕستەکانی دوای ئەو ڕستەیەی سەرەوەی (ئەحمەد معین) لە وەڵامی پرسیارەکەدا بخوێنیتەوە دەبینیت کە جیابوونەوەی دوو ئەندام لە پێک هێنەرانی (حککا)ی کردووە بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو ڕەوەندەی (ک.ک)ی شکست خواردووەو لەسەر بەڵگەو سەنەدی پەیڤینەکانی ئەوان بە سەنەدەوە پەیڤەکانی خۆیان بەرامبەر بە (ک.ک)ی بەیان دەکەن .

بەڵام ئێمە لە پێشداو لە ئێستاشدا دەڵێین هەردوولا هێشتا دەستیان بەهێڵە فەلسەفی و هزری یەکانی مارکسیزمەوە نەگرتووەو میتۆدی مارکسیزم لە میتۆدی هەڵسووڕان و بیرکردنەوەیاندا وونە.

ئەم ڕەدوو کەوتنەی ئێستاش بەهەمان ئاستی ڕەدووکەوتنی پێشووتریان و سەردەمی (ک.ک)ی یانە. جارێکی تر بە ئاوەزێک کە لۆجیکی تێدا نی یە ئاوەزێکی هزری ئەبستراکت و دوگمایان بەرهەم هێناوەو ڕەدووکەوتن سیستەمی بیرو هۆشیانەو هەروها بیرکردنەوەیان بووەتە بەشێکی گرنگی دارشتنی  پراکتیک کردنی سیاسەت.

لەم سۆنگەیەوە میتۆدی ڕەدووکەوتن بووە تە هۆی بڕیارە ناوازەکان و دوور کەوتنەوە لە مارکسیزم. ئەوان وای دەبینن کە دەست بەرداری (ک.ک)ی بەتەنهایی، دەتوانن پەرە بەجموجۆڵی ڕامیارییان بدەن و ئاسۆیەکی کراوە تر لە بەردەم گەشەی هزری خۆیاندا بکەنەوە، بێ ئەوەی گرنگی بەفۆرمی جیاواز بدەن. ئەمەش هۆیەکی گرنگە بۆ دوور کەوتنەوە لە کۆمۆنیزم.

هەروەها (ئەحمەد معین) فاکتەری [ کۆمۆنیزمی کرێکاری کۆمەڵێک ئیستنتاجات و ئەحکامی نادروست لەڕووی فکری و بێ پایە لەڕووی کۆمەڵایەتی یەوە بوون لەسەر کۆمۆنیزم (ل7-ژمارە-15-پەیامی کۆمۆنیزم-کانوونی دووەم-2000) ] دەکاتە بەڵگەو دەست بەرداربوون و گۆڕان لە دۆخێکی ترەوە بۆ دۆخێکی تر .

بەڵام گرنگترین کارێک ناوەڕۆکی فۆرمی گۆڕاوە.لەڕاستیدا (ک.ک) هیچ پایەیەک وخەسڵەتێکی مارکسیستی پێوەنی یە بۆیە هەر تێڕوانینێک لەبارەی کۆمۆنیزمەوە لەئاوەزو هزری (ک.ک)دا تێڕوانینێکی ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازییانە و فۆرمێکی  سۆشیال-لیبرالیزم دەبێت. بەڵام یەک پرسیار لێرەدا خۆی بەدەر دەخات-ئایا جیابوونەوە لە (ک.ک)ی چۆن بەرهەم دەهێنین؟ چۆن دەتوانین ئەو بارە ناوازەی بەناو کۆمۆنیزم تێ پەڕێنین؟! دەبێت چ لایەنێک و بەچ میکانیزمێک هەڵوێست و میتۆدی چینایەتی خۆمان جیابکەینەوە؟ بێگومان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت ئێمە هەوڵێکی میتۆدیمان هەبێت لە جیابوونەوەو دابڕاندا وەک لە پێشەوە و لە نووسینەکانی تردا ئێمە ئەم لایەنەمان

بەرجەستەو ڕوون کردووەتەوە. هەروەها بۆ تێپەڕاندنی بارە نا وازەکانیش بێگومان پێویستمان بەوە هەیە کە خەسڵەتی چینایەتی و ماهیەتی میتۆدی و هزری (ک.ک)ی بەتەواوی بناسین و لەسەر بنەڕەتی ئەو ناسینەوەش جیاوازی و لێک جودایی یەکانی لەگەڵ مارکسیزمدا بەیان و شیبکەینەوە.

ئێمە زیاترمیکانیزمی شیکاری و ڕاڤە کردن بەکار دەبەین و پەیوەست کردنی بە دیفاکتۆی بزاڤەکانی چینی کرێکار و هەل و مەرجی هەڵسووڕانەوە، ئەنجامی شیکاری یەکان دەبینین. نەوەکو بەئەزموندا بڕۆین ولەڕێگەی پرۆسە پراکتیکی یەکانەوە ئەنجام بەدەست بهێنین. چونکە ناتوانین دەوراتێکی باش لە هەڵسوڕان ببینین و کاتێک ڕووبەڕووی شکست بووینەوە ئینجا بەڕەووتی ناوازەی میتۆدی ئەو هزرەی بزانین و لێی بگەڕێینە دواوە.

ئێمە دەبێت فاکتەری دیفاکتۆی ئێستا بناسین و،هەوڵەکانی پرۆلیتاریاش لەپێناوی گۆڕینی دا پەی پێ ببەین و ڕێگای بەدەست هێنانی ئامانجی دووریشمان لەلاڕۆشن و دیاربێت هەڵبەت ئەمە بەشێوەیەکی عەقڵ خوازانە نا، کەواتە ئێمە بەئاوەزێکی دیالێکتیکی بۆ ناسینی پایەکانی کۆمۆنیزمی زانستی، دەتوانین لایەنە جیاوازەکانی بەناو کۆمۆنیزم بەدەر بخەین و بزانین لەگەڵ ئاراستەی ڕەووتی مێژوودا چەندە بەپێچەوانەی ئەو ڕەوەندە لە جوڵان وپراکتیک دایە.

بەڵام لەلای ئەحمەد معین و دەستەکەیان هەتا ئێستاش هێڵە ڕۆشنەکانی جیاوازی دیار نین و پەیوەستن بە ڕەدووی دابڕانی دوو ئەندامی پێک هێنەری (حککا)، ئەو حیزبە دەکات بەسەنەدو بەڵگەی جیای یەکانی خۆیان.

جارێکی ترو لە شوێنێکی تردا (ئاسۆ غریب) بەهەمان پەرەنسیپی ئەحمەد معین هەڵوێست دەگرێت لەبەرامبەر (ک.ک)یدا. لەڕێگەی ووتارێکی یەوە کە لە ژمارە (15) (16)و (17)ی ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزمەوە بڵاو کراوەتەوەو دوپاتی هەمان بۆ چوون دەکاتەوە کە لە پێشتردا لەسەری دواویین وەک دەڵێت [ لەبواری بەرنامەدا زۆر حوکمی پایەیی مارکسیستی لەگەردووتۆزی بۆرژوازی پاک کردەوە لەڕووی تیۆرییەوە لەبەرامبەرکێ لەگەڵ چەپی سونەتی و پۆپۆلیستی ئێران سەرکەوتوو هاتەدەر. (ل1-ژمارە-15-پەیامی کۆمۆنیزم-کانوونی دووەمی-2000) ] ئەمەش دووبارە کردنەوەی هەمان دیدگای (ئەحمەد معین) و دەستەکەیانە،و لە پێشتر دا پەیڤینی لەسەر کراوە .

هەروەها هەرلەدوایی ئەم پەرەگرافە، پەرەگرافێکی تر دێت، و ئەویش بەهەمان دیدگای پێشووترەوەی (ئەحمەد معین) پەیڤینی لەسەر دەکات [ ئەم حەرەکەتە لەهەموو ئەو حیزب و لایەنە کۆمۆنیستی یانەی کەلە دوای شۆڕشی

ئۆکتۆبەرەوە پێک هاتبوون زیاتر دەگەڕایەوە سەرمارکسیزم و لە هەمووانیش زیاتر کۆمۆنیزمی لە پەیوەند بەچینی کرێکارەوە نیشان دەدا. ئەمە ئومێدێکی زۆری لەناو کۆمۆنیستەکانی ئێران و عێراقدا پێکهێناو ئێمەش هەربەو ئومێدەوە تائەم دوایی یانە سەرباری زۆر ئیختلاف و جیاوازیش. وابەستەیی خۆمان بە کۆمۆنیزمی کرێکاری یەوە ڕاگەیاند. (ل10-ژمارە-15-پەیامی کۆمۆنیزم-کانوونی دووەم-2000) ] ئەمەش دووبارەیەکی ترو بەهەمان ڕیتمی پێشووتر کردویانەتە ڕانانی خۆیان و هۆیەک بۆ ئەوەی لەو سۆنگەیەی خۆیانەوە جیاوازی دروست بکەن. بەڵام هۆی چی یە کە بێ پرسیار دەچوونە سەر سرووتی وەرگرتنی سیماو تێزی (ک.ک)ی.!. ئایا هیچ ڕانانێکی بۆ (ک.ک) ی و پێکهاتی سروشتی ماددی و ڕاستڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی کردووە؟ یان جیاوازییەکان لە کوێدا هەبوون و کەی بەیان کراون و کوا نووسراوو باک گراوندی ڕاستڕووی ئەو جیاوازی یانە! بێگومان ئێمەلە پێشتردا ئەوەمان بەرچاوئەکەوتووەو چاوبینی نیەو گوێ بیستی پەیڤینەکانیان نەبووین چ لە ئەندامانی (حککع)و ئەندامانی بزوتنەوەی بنیات نان.

هەروەها ڕۆژێک لە ڕۆژان بێجگە لەوەی کە بەشان و باڵی(ک.ک)ی دا هەڵبدات دیدگایەکی تۆزێک یان پیچێک جیاواز بەیان ناکات. لەبەر ئەوەی ڕێگەو تێزی ئەو دیدگا یەیان ئەوەندە بەقووڵی بەناخیاندا هەڵگرتبوو، بێ ئەوەی هێڵە ڕامیاری و هزری یەکانی پەی پێ ببات، پەیوەستی خۆیان ڕاگەیاندبوو، چونکە ئەگەر ئەو پەی بردنە بوونیان هەبووایەو چاوبینی ناو دیدگاو ڕا نانەکانیان ببوایەو ئاوزانێکی مارکسیستی لەئاوەزوو ڕووبینی یاندا هەبوایە! ئەوا بێگومان هەڵوێستێکی زانستی تریان لە پێشتردا دەبوو. بەڵام ئەم لایەنە هیچیان بوونیان نەبوو، بەڵکو سۆزو هەستی کوێرانە جێگای بەئاوەزێکی زانستی و دیالێکتیکی گرتبووەوە. لەبەرئەوەی لۆجیک بۆ بیرکردنەوەو کارکردن فڕێ درابوو، ئەندێشەی خەون و خەیاڵ جێگەی گرتبووەوە. چونکە هەتا ئێستاش بۆ جیابوونەوە کانیان و دابڕان لە (ک.ک)ی هێشتا لە پرۆسەی پراکتیک کردندا نی یەو سەر ئەنجامی جیابوونەوەکان نەبوونەتە جیاکاری یەکی ماددی و بابەتی.

سروشی (ئیلهام) وەرگرتن لەلایەنی ترەوە بوو بوە سرووت ی پیرۆزو بێ دەست کاری. پەڕاوەکان بە پیرۆزی و دەست لێ نەدەری دەچوونە جێگای هزرێکی دیالێکتیکی و بەپرسیار. ڕەووشی هەڵسووڕان و پرۆسیس کردنی ڕامیاری و پراکتیک کردنی تیۆری یەکەیان، بەڕێگەی چاولێکەری و ڕەدوو کەوتوویی پرۆسیس دەکرا.ئەم لایەنە لە بیرکردنەوە

و پراكتيك كردندا، شۆكی بزوتنەوەكەيان دەردەخات و ناتوانێت هەنگاوێك بەبزوتنەوەكە هەڵبهێنێت . لەلايەكی ترو هەروەها (ئاسۆ غەريب) لەهەمان ووتاردا دەڵێت [ بەئيعتيماد بەخۆمان و بەپشت بەستن بە باسە پايەی يەكانی كۆمۆنيزمی كرێكاری دەستمان بەكاركرد.(ل10 _ ژمارە(15) _ پەيامی كۆمۆنيزم _ كانونی دووەمی_2000) ] لێرەوە دەيانەوێت ئەوە ڕابگەيەنن كەئەوان پشتيان بەرابەرايەتی نەبەستووە و بەردەواميان داوە بەهەوڵەكانيان لە چوارچێوەی كۆمۆنيزمی كرێكاريدا.بۆرێكخستنی و تاودانی بزوتنەوەكەيان،ئەم لێكدانەوەيە زۆر خاوخليچكە و ناتوانێت تێزی زانستی بزوتنەوەی چينی كرێكار بێت بێجگە لە تێزێكی ڕەدوو كەوتووی بێ پرسيار و دوور لە بزووتنەوەی چينی كرێكار و بزووتنەوەی كۆمۆنيستی.ئەمانە بەڵگەنين بۆ ئەوەی كە پێمان بڵێن ئەوان هۆشيار بوون بەرامبەر بە ناكۆكی لە كاركردنياندا. بێجگە لە هەڵخەڵەتاويی و بێ توانايی لە ڕووی ڕانان و هەڵسەنگاندنەوە و تێبينی كردن لەسەر لايەنە تێوری و هزری يەكان و فەلسەفەی كێشە ڕامياريەكانی بزووتنەوەكە .

ئەگەر دوو بزووتنەوەی جياوازبوون،چۆن يەك پێناسەی هاوبەشيان بۆ ( كۆمۆنيزمی كرێكاری) ی دەبوو. چونكە يەك پێناسە، يەك بزووتنەوە ی هەيە و يەك ميتۆد، يەك تێڕوانيين، و يەك ديدگای هەيە.

كاتێك لە ساتی جيابوونەوەشياندا ئەوانيش بە هەمان لێكدانەوەی (حككع).مەنسوری حيكمەت يان كردووە بە (چاووگ) و تێوری سەنی بزاڤەكەی خۆيان . هەروەها بەڵگەی جيابوونەوەكانيان بەوە ڕادەگەياند كە (حككع) ناچنەوە سەر (كۆمۆنيزمی كرێكاری)ی و لەگەڵ پەرەنسيپەكانيدا مامەڵەيەكی توندوتۆڵ ناكەن و بەلادانی لە (كۆمۆنيزمی كرێكاری)ی بەيانيان دەكرد. ئەمانەش هەموويان ووتارو بڵاوكراوەكانيان شايەتی لە سەر دەدەن، بەتايبەتی لە ڕۆژنامەی پەيامی كۆمۆنيزمدا زۆر بە ڕوونی بەرچاو دەكەون.

هەر تاوان باركردنێكی (حككع) بەرامبەر بەوەی كە (كۆمۆنيزمی كرێكاری) يان يەكسان كردووە بە كۆمۆنيزمی ماركس بەهەمان ڕێژە خۆشيان دووپاتەو سێ پاتەی هەمان ميتۆدۆلۆجيان كردووەتەوە وەك (ئاسۆ غريب) ئەئاخفێ [ ئێمە ووتمان كۆمۆنيزمی ماركس بە كۆمۆنيزمی كرێكاری دەزانين و ئەوباسانەی بەناوی كۆمۆنيزمی كرێكاری يەوە بڵاوبوونەتەوە لە كوليەتدا وەك بەشێك لە كۆمۆنيزمی ماركس چاو لێدەكەين و بەكورتی تەجرووبەی كۆمۆنيزمی كرێكاری بە بڕگەيەك لە مێژووی كۆمۆنيزم دەزانين و تەنها بەم مانايە كۆمۆنيزمی كرێكاری بووين و پێناسەی سەرەتاشی هەرئەم معنايەی هەبوو.(ل10_ژمارە(15)_پەيامی كۆمۆنيزم_كانوونی دووەم_2000) ] بەم

پێناسەیەی ئاسۆ غریب بێت دەبێت چ جیاوازی یەک لەگەڵ (حككع)دا بەدی بکەین! بێ گومان جیاوازی یەکان لە هیچ ڕوویەکەوە واتای پەیدا نەکردووە.

کێشەکان لە و کاتانەدا لە سەر ئاستی کەسێتی بووەو شوێن و کورسی گرتن خواست و ئامانجی جیاواز بوون بوو، لەناو حیزبدا. چونکە هەمان پێناسەیان بۆ (کۆمۆنیزمی کرێکاری )ی و دیدی (مەنسوری حیکمەت) هەیە. چونکە ئەوانیش دەڵێن کۆمۆنیزمی کرێکاری سەربە کۆمۆنیزمی مارکسە.ئەمانیش بەهەمان شێوە هەمان دیدو بۆچوون بەیان دەکەن، ناڕاستی لەوەی کەگوایە ئەمان جیاوازبوون لە ئەوانی دی بووەتە مۆراڵی ڕامیاری ناو چەپ و بەشێک لەهەوڵەکانیان بووە.لە سۆنگەی دیدێکی واوە بتوانن یەکسانیان بەجیاواز بەیان بکەن.

لەساتی خۆیدا ئەمان و ئەوان ڕەسم و جام بوون بوو بوو بە شەڕیان. واتە لە ساتی خۆشیدا نەیان دەزانی جیاوازی لەچ بەیان دەکەن و، بۆچی جیاواز دەبن لەگەڵ(حككع).! هەروەها نەیان دەتوانی دەست بەرداری (کۆمۆنیزمی کرێکاری )یش ببن و وەک فۆرمێکی نا ماددی و ڕاست ڕووی بابەتی و دوور لە پەرەنسیپەکانی مارکسیزم و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی چاو لێ بکەن.

بەئاوەزی ئەوان بڕگە یەکە لە مێژووی کۆمۆنیزم، بەڵام لەڕاستیدا بڕگەیەکە لە مێژووی فۆرم و پراکسیسی کردنی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی توێژ گەلی وورده بۆرژوازییەو، سەر بەو سوونەت و ناوەڕۆکەیە کە جیاوازییەکی بنەڕەتی یان لەگەڵ پەیام و ئاسۆکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی و چینی کرێکاردا هەیە.

(ئاسۆ غەریب) دەیەوێت لە ڕێگەی ڕستەیەکی ئەو پەرەگراڤەوە کە دەڵێت ئێمە بەو مانایە کۆمۆنیزمی کرێکاری بووین و تیایدا ڕوونی کردووەتەوە.ئەوە ڕابگەیەنێت کە لە ڕابردوودا پەیوەندی یەکی دیالێکتیکی یان لە گەڵ لێکدانەوەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا هەبووە و، ڕەدوکەوتوویەکی کوێر کوێرانە نەبوون و لە گەڵ ڕاستی یەکانیدا مامەڵە و هەڵوێستیان گرتووە.

بەڵام لە ڕابردوودا شێوەی ڕامیاری ڕەدووکەووتن و دواکەوتنێکی کوێر کوێرانە و بێ پرسیار، پەرەنسیپی هەڵسووڕانی یان بووە. هەروەها لە ئێستاشدا بەهەمان شێوە و بەهەمان پێودانگ ئەو پرۆسەیەیان دووپات کردۆتەوە، بەوەی کە جیابوونەتەوە لە (کۆمۆنیزمی کرێکاری) و ڕەوەندی جیابوونەوەکەشیان ڕێچکەی گرتووی دوای جیابوونەوەی (رضای مقدم و ئێرەجی ئازەرین) بەیان دەکەن و بەهەمان ڕیتم هەڵوێستیان لە بەرامبەر(حككا) و

(حككع) و (كۆمۆنيزمی كرێكاری)ی گرتووه‌و ڕه‌دووی بیروو بۆچونه‌كانی ئه‌وان كه‌ووتون و دووپاتی دیدو بۆ چوونه‌كانیان له‌ چوار چێوه‌یه‌كی فێڵبازیانه‌یاندا به‌یان كردووه‌.بێ ئه‌وه‌ی هه‌ڵسه‌نگاندنێكی ماركسیستی و زانستی به‌یان بكات و له‌ هێڵه‌ هزری و فه‌لسه‌فه‌ی یه‌كانی ماركسیزمه‌وه‌ له‌ (كۆمۆنیزمی كرێكاری )ی ڕابمێنن.

له‌به‌رئه‌وه‌ی نابێت به‌هه‌مان میتۆدی پێشوو هه‌وڵ بده‌ین ڕه‌خنه‌ له‌ ڕابردوو بگرین. ده‌بێت بزووتنه‌وه‌ی چه‌پ له‌ چاولێكه‌ری و ڕه‌دووكه‌وتن دوور بكه‌وێته‌وه‌ و هه‌ڵسه‌نگاندنێكی چاوبینی و بابه‌تی له‌سه‌ر هه‌موو لایه‌نه‌كانی بزووتنه‌وه‌كه‌، به‌ده‌سته‌وه‌ بدات و دیدو بۆچونی له‌سه‌ر ئاستی بزووتنه‌وه‌كه‌ تیادا ڕاڤه‌ بكرێت و به‌یان بكات.

ئاوه‌زێكی وه‌ك ئه‌وه‌ی (ئاسۆ غه‌ریب) پێی ده‌رده‌برێت، هه‌مان ماناو دیدێكی ڕابردووه‌ و له‌به‌رگێكی ترداو ده‌ڵێت [ ئاڵوگۆڕه‌كانی ئه‌م دوایی یانه‌ی كۆمه‌كێكی زۆر گه‌وره‌ی به‌ ئاڵوگۆڕی ئێمه‌ش كرد، به‌ڵام به‌دوو ئاڕاسته‌ی جیاوازدا، ئه‌وان به‌ره‌و ڕاست و ئێمه‌ به‌ره‌وچه‌پ.(ل10_ژماره‌(15)_په‌یامی كۆمۆنیزم_كانوونی دووه‌می_2000) ] سه‌یرو سه‌مه‌ره‌ی ئه‌م په‌ره‌گراڤه‌ی بڕواو بۆچوونه‌كانی ئاسۆ غه‌ریب له‌سه‌ر جیاییان له‌ (كۆمۆنیزمی كرێكاری)ی له‌وه‌دایه‌ كه‌ له‌ پێشتردا و له‌هه‌مان ووتاردا (كۆمۆنیزمی كرێكاری) یان به‌ كۆمۆنیزمی ماركس به‌یان ده‌كرد و له‌ لێكدانه‌وه‌كانیاندا هێشتا بڕواشیان وایه‌ كه‌ زۆر پایه‌ و یاسای كۆمۆنیستی و ماركسیستی تێدایه‌. به‌ڵام له‌ چه‌ند ڕسته‌یه‌ك دوای ئه‌و بڕوا بۆچوونه‌ ئه‌و په‌ره‌گراڤه‌ ده‌هێنێته‌وه‌ و به‌ باك گراوندێك ده‌یكاته‌ به‌ڵگه‌و سه‌رئه‌نجامی جیابوونه‌وه‌كانیان.

سه‌رچاوه‌ی ئه‌م لێكدانه‌وه‌یه‌ له‌ چ پنتێكه‌وه‌ ده‌ستی پێكردووه‌ و پێی گه‌یشتن و چۆن چۆنایی ئه‌م دیدگایه‌ یان هه‌ڵێنجاوه‌ له‌ تێوری ڕابردویان، كه‌ سه‌رچاوه‌ی كرداری بیروهۆشیان بووه‌. بێگومان (كۆمۆنیزمی كرێكاری) ڕه‌وه‌ندێكی سه‌ر به‌ ڕاسته‌و تێكه‌ڵ و پێكه‌ڵه‌یه‌ك له‌ دیدگای لیبرالیزم و سۆسیال دیموكراتی ئه‌وروپایه‌ و ئاوه‌زێكی ووردە بۆرژوازی پێكهێنه‌رو سه‌رچاوه‌ی میتۆدی و فه‌لسه‌فی ڕه‌وه‌ندو هزری ده‌ست نیشان ده‌كات. ئه‌گه‌ر ئاوه‌زی ئاسۆ غریب ڕووی له‌ ئه‌ندامان و كادرانی(حككا)ی ئێران بێت كه‌ له‌ ئه‌و ڕه‌وته‌ جیا بوونه‌ته‌وه‌، ئه‌وا بێ گومان خۆشیان له‌ ڕه‌چه‌ شكێنی ئه‌وان بۆ ده‌ووربه‌ره‌كه‌ی خۆیان سوود و كه‌ڵكیان وه‌رگرتووه‌ و به‌ پێی هه‌واڵ و باسه‌كانی ئه‌وان ئه‌مانیش ، ده‌سته‌سڕی شایی و لۆغانی جیابونه‌وه‌یان له‌ (كۆمۆنیزمی كرێكاری)ی ڕاوه‌شاندووه‌. كه‌بێگومان هه‌مان ده‌سته‌سڕ و هه‌مان ئاوازیش هه‌ڵیان ده‌په‌ڕێنێت. واتا نازانین به‌ چ پێوه‌رێكی ئه‌وان دوایان ده‌كه‌ون و به‌ باڵی ڕاستیش له‌

قەڵەمیان دەدەن و خۆشیان بە چەپ بەیان دەکەن ! ئەمەش پرسیار و سەرسوڕمانێکە وەڵامەکەی بۆ خۆیان. لێرەدا پێویستە نوکە پێنوسێک بە دەربخەم کەئەم پرسیار و سەرسوڕمانە داکۆکی نی یە لە ئەندامان و کادرانی (حککا) کە جیابونەتەوە لەو حیزبە. هەروەها جارێکی تر ئەو پەرەگرافەی سەرەوەی ناو پەیامی کۆمۆنیزم دەپات کردنەوەیەکی ترو،هەمان تێڕوانینی ڕەدووکەوتوانەی بۆ جیابونەوەکانی ناو (حککا) دەست نیشان دەکات و دەبێتە پنت و خاڵی وەرچەرخانی میتۆدی بێ فەلسەفە.

لە سۆنگەی هەموو ئەمانەوە، لێکدانەوەیەکی میتا مێژوویی بووەتە سەرچاوەی دیدگای (کۆمۆنیزمی کرێکاری ) و باڵی جیابووەوە. ئەمانیش لێک جودایی یەکان بەهەمان هێڵ و ڕێچکەدا ڕێگە گرتووی ڕێگەی جیابوونەوەی لە (کۆمۆنیزمی کرێکاری ) گرتووە.لەبەرئەوەی دیدگایەکی وەک ئەو شێوەیە لە چرکە ساتەکانی ڕابردوودا هیچ ئامادەگی یەکیان نەبووە و نەبووەتە سەرچاوەی بیرو هۆشی ئەوان بێجگە لەوەی کە هەتا ئێستا ووتەکان لە ئاستی شێوەی دەرەوەی ڕەخنەدا دەردەکەون و لە سەرناوەڕۆکی هزری و سیاسی و فەلسەفی ئەو ڕەوەندە هیچ بیژانێکی ڕۆشن و زانستی بوونیان نی یە. لەم سۆنگەیەوە ئەوان ڕووداوەکان ڕاپێچیان دەکات و ڕەوتی ڕوداوەکان وەک هەڵپێچ لەگەڵ باڵ بەدەن و لایەنەکانی تردا هەڵپێچیان دەکات و لەسەر یەک لاشە کۆیان دەکاتەوە.

ڕووداوە لاوەکی یەکان کاریگەری یان لەسەر دادەنێت و هەر ڕووداوە گۆڕانێکیان بەسەردا دەهێنێت. بە پێی ویستی ڕوداوەکان نەوەکو بەپێی ویستی بەرەنگاربونەوە لەگەڵ ئاڕاستەو تەوژمی ڕوداوەکان. هەرهەموو ئەو هەڵوێستانەش سەرچاوەیان لە بێ میتۆدی و کەم فامی لەبارەی مارکسیزم و پەرەنسیپەکانی یەوە بەسەریاندا دەهێنرێت.

هەروەها لە هەڵسوکەوتی بیۆس پۆلیتیکوس و چینایەتیاندا ئاڕاستەکەیان خول خلۆکەی ڕەوتی ڕووداوەکان دەبێتە جوڵێنەرو ئاڕاستە کردنی بیۆس پۆلیتیکوس و پراکتیک کردنی، بێگومان ئەم ئەنجام گیریە دەبێتە یەکێک لە هەرە لایەنە شۆک دارەکانی بزوتنەوەکەو دەرچون لێیان بەئەرکێکی گرنگ و ژیانی دەزانم، بۆ نەشونمای بزوتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی لە ناوچینی کرێکاردا. بێگومان دەرچون پێویستی بە هەوڵی ئەنجامگیری یە لە تیۆور و بەدەستەوە گرتنی میتۆدێکی زانستی یە لە پراکتیک و ئاڕاستە کردنی بیۆس پۆلیتیکوس دا.

هەروەها سەلماندنی بڕواو بۆ چونەکانی ئێمە لەمەڕ ئەو ڕەوەندەو وەلەلایەکی ترەوە (ئاسۆغریب) خۆی دەیسەلمێنێت و دەڵێت [ بەبەراورد لەگەڵ باسە سەرەتایی یەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری (نەک مارکسیزمیش)

ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی یان تێدابوو، جیابونەوەکانی چەند مانگ لەمەوبەری بەشێکی بەرچاو لەکادرەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریئێران و بەر خوردی تەشکیلاتی و غەیرە سیاسی ئەو حیزبە بە هاوڕێ یانی جیابۆوە، (ل10_ژمارە(15)_پەیامی کۆمۆنیزم_کانوونی دووەم_2000)] باسە سەرەتایی یەکان لەلای (ئاسۆ غەریب) لەسەر حیزب و دەسەڵاتی سیاسی حیزب و کۆمەڵگا، حیزب و شەخسیەتەکان و دانانی جمهوری سۆسیالیستی لە جێگای حکومەتی کرێکاری و تاکتیکی پەیوەندی لە گەڵ دەوڵەتان، لە جیاتی هاوکاری و هاوخەباتی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکاری دەکات بە بەراوردی تێزەکانی ئێستای (کۆمۆنیزمی کرێکاری )، کە لە هەردوو بارەکەیدا یەک فۆرم و یەک میتۆدی ڕانانیان هەبووە لە بارەی ئەو کێشە ئەتۆمی یانەوە.

هەروەها لە زۆر بۆنەو لەهەندێ جێگاش بۆ سەلماندن و بەڵگەی تیۆری خۆیان لە نووسینەکانیاندا جارێکی تر (حککع)و(حککا) گەڕاونەتەوە سەر تێڕوانینە سەرەتایی یەکانی (کۆمۆنیزمی کرێکاری )نەوەکو دوورکەوتنەوە لێی ئەوەی دەچێتە سەر مرادیقی جمهوری سۆسیالیستی و دانانیان لە بەرامبەر حکومەتی کرێکاری، هەمان بەیان و هەمان توێژینەوەیان بۆیی هەیە.هەروەهاهەمان کاکڵەی پلاتفۆرم و ستراتیژ دەگەیەنێت.

ناوەڕۆک و پێکهاتی دەسەڵاتی جیاوازو یان فۆرمی شایستەی سەردەستیان نی یە. بەڵام لەدەرەوەی شێوەی نووسینەکەدا گۆڕانیان بەسەرداکردووە. لەبەشی دواتردا دەکەونە بەر ڕانان و ڕاڤەی هزری ئێمە. ووردتر لەوبارەیەوە شیکاری بەئەنجام دەگەیەنین. هەروەها لێرەدا نامەوێت دوبارەی هەندێک تێڕوانینی لەوەو پێش بکەمەوە و لە چێوەی ئەم بەشەدا ببینرێت.

لە سۆنگەی دیدو هزریانەوە هەمووڕێگاکانیان دەچنەوە سەر یەک میتۆدو لەگەڵ یەکدا جووت و تەبان. ئیتر بەکار هێنانی هەندێک ووتەزای بێ لێکۆڵینەوە، نامان خاتە ئەو خەیاڵەی کە پێی مەستبین. وابیبینین ئەوان پەرەنسیپی جیاوازیان بەئەنجام گەیاندووە و جیاوازی یەکی بنەڕەتیان دروست کردووە، چونکە لە لێکدانەوەکاندا و هەروەها لە کۆنفرانسی دووەمیشیاندا هیچ هەنگاوێک بەرەو ڕەوەندی مارکسیزم هەڵنەهێنراوە و تەنها لە چوار چێوەی بەکارهێنانی ووشەی مارکسیزم داماوەتەوە و توێژینەوەکان نەچونەتەوە سەر پەرەنسیپەکان و میتۆدی فەلسەفەی مارکسیزم. هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی کە (حککا) پێکیان هێناوە لەئەنجومەنی (هوها) دا لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت،ڕاستە بەرەنجامی شکستە بەڵام دەبێت ئێمە شکستی ئەو ڕەوەندە بزانین و چاوگەکەی بدۆزینەوە و بۆ

ئەوەی بتوانین پراکسیسی زانستی لێوە بەئەنجام بگەیەنین و ڕەدوی هیچ ڕەوەندێکی هزری نەکەوین. هەتا ئێمە نەزانیین بەکەڵکی بزووتنەوەکەمان دێت. بەڵام ئەم کارە بە شێوەیەکی ئەمپریستی نا، لەبەرئەوەی ناکرێت گۆڕەپانی بیۆس پۆلیتیکوس و پارتایەتی ببنە کێڵگەی ئەزموون و تاقی کردنەوە. بەڵام ئەم شێوە بۆچونە ، ئاوەزی کرداره بوونیان لە تێڕوانین و کرداری ئەوان دا نی یە.تەنها ڕامیاری و کرداری ڕەدووکەوتن بووەتە بەشێکی گرنگی جێ بەجێکردنی هەڵوێست و بەرامبەر گرتن ، لە بەرامبەر مەرجی ڕامیاریست بوون و ڕامیاری کردن.

لە لایەک ئاسۆ غریب دەڵێت ئێمە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەوانەوە گەشتووین بەوەی کە کێشەی(کۆمۆنیزمی کرێکاری) لە میتۆدە ڕامیاری و هزری یەکەیدایە. بەڵام هەتا ئێستا هێڵی ڕامیاری و هزری و میتۆدی و فەلسەفی جیاوازی ئەمان نەلە کۆنفرانسی دووەمدا و نە لەباس و خواس و وتارەکاندا دەردەکەوێت و، نەبونەتە هەوڵێک بۆ چاکبون لە ئایندەدا. لە لایەک درکێکی ناکامڵ هەیە لەسەر ئەوەی کەمیتۆدەکەی دەبێت بەفەلسەفەکەیەوە بگۆڕێت. چونکە گۆڕانی میتۆدی لە گۆڕانی فەلسەفییەوە ئامانجداردەبێت. وەلە لایەکی تر هەتا ئێستا (کاتی نوسینی ئەم پەرتۆکە) هیچ توێژینەوەیەکی گرنگ و ژیانی نی یە، لەسەرکارو کرداری ڕابردوو لە کەناڵی ڕامیاری و پارتایەتی و دەست گرتن بەسەرچاوەیەکی پێگەیشتووە وە.

نەیتوانیوە بچێتە سەر ڕەگەی جیاوازی یەکان، و هێڵە ئاشکراکانی لادانی ئەو ڕەوەندە لە مارکسیزم دەربخات، بەڵکو ئەوان دەیانەوێت بەچەند پلانێکی جیاواز و دژبەیەک جێگای میتۆدی (کۆمۆنیزمی کرێکاری) پێ بگرنەوە. بەڵام ئەم لایەنەش لەهەوڵداندا ناتوانێت ئامانجێکی ڕۆشن و زانستی بزووتنەوەی چینی کرێکار بێت. چونکە گرنگترین هەوڵ ئەوەیە ئێمە لایەنە هزری و ڕامیاری و فەلسەفی یە جیاوازەکانی چینایەتی خۆمان دەربخەین و لە ڕوی ڕامیاری و ئاکاری ئەوان دایان بنێین و هەموو ئامانجەکانیش زانستی یانە ڕاڤە بکەین. بەڵام ئەمانە زانستی بیرکردنەوەی بزووتنەوەی بنیاتنان و (حککع) و دەستەکانی ناو چەپ نی یە. لەبەر ئەوە کۆنفرانسی دووەمی ئەوانیش نەیتوانیوە ئەم ئەرکە لەبەردەم بزووتنەوەکەدا تەخت و لێقڵ بکات و نەخشەی بزاڤێکی زانستی ترو دیفاکتۆترو بەپراکتیک ئەنجام بدات.

ناوازەیی زیاتری ئەو بارە ڕێکخراوەیی ئەندامگیریە لەو ووتەیەی (ئاسۆ غریب) دەردەکەوێت کە لەهەمان وتاردا ولە ژمارە (17) ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزم دا بەیانی کردووە. [ ئەم خۆجیاکردنەوەیە قوڵ بوونەوەیەکی فکری و تیوری

ئێمه نی یه، بەڵکو بەرەنجامی واقعی هەڵسەنگاندنی تەجروبەیەکی عەمەلی و سیاسی یه کە ماوەی زیاتر لە 15 ساڵ جەرەیانی هەبووە و لەماوەی ئەو 15 ساڵەدا هەم ئەنجامی کارەکانی دەرکەوتووە و هەم لەگەڵ ئەو ئەنجامانەدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.ل 10 _ژمارە (17)_ ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزم _ مارس 2000 ) ]

زیاتر ئەوەی لەم پەرەگراڤەدا دەردەکەوێت، ئاوەزێکی ئەمپرێستی یە و دوور لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەیە، هەروەها زۆر تر پابەند بونیانە بەئەنجامی ئەزمونەکانەوە و لە چوار چێوەی دوتوێی بەرهەمەکانەوە دەچنە سەر بەچاک و خراپ پیشاندانی تیۆری ئەزمون کراو. خۆجیاکردنەوەکانیان بەرێساى خۆشیان لە قوڵ بونەوەیەکی هزری یەوە سەرچاوەی نەگرتووە و هیچ لێکدانەوەیەک لەسەر بەهای هزری و تیۆری ئەو میتۆدە ئەنجام نەدراوە و،بۆیە ئەنجامی لێک جودایی یەکانی خۆیان بەرئەنجامی هەوڵ و تەقەلای کۆمەڵێکی ترەوە لەهەڵوێستەکانی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە و، بێ ئەوەی لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششەکانی ئەوان بکۆڵرێتەوە.

هەڵوێستی هەماهەنگی لە گەڵیاندا پرۆسێس کردووە و لە ئەنجامی لێکدانەوەیەکی دیماگۆجیانەش و جارێکی تریش دووبارە کردنەوەی هەمان دیماگۆجیەتی پێشوو هەڵوێستیان لە بەرامبەر (ک.ک)ی داگرتووە.

لەم سۆنگەیەوە ئەگەر لێکدانەوەیەکی هزری و میتۆدی قووڵ نی یە! ئەی دەبێت هۆی جیابوونەوەیان لەچی یەوە سەرچاوەی گرتبێت؟! بێگومان ڕامیاری ڕەدووکەوتن و هەروەها دەرکەوتنی ئەنجامی باش و خراپی تیۆری خۆ پێوە هەڵواسراو لە ڕێگەی ئەزموونەوە بووەتە بەرئەنجامی جیابوونەوەکان و بەرامبەرگرتن لە تیۆری ڕابردوو. بەڵام ئەم سەنگەرە لاوازو بێ ئەنجامە چونکە سەنگەریان بێ چەک و چۆڵە و ناتوانێت سەنگەری دیفاکت و زانستی کۆمۆنیستەکان بێت، و لە بەرامبەر ڕیڤیژینزم و ووردە بۆرژوازیدا خۆی بگرێت و پێشڕەوایەتی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری بکات.

لەم سۆنگەیەوە زۆر بەڕوونی دیارە کە لە ڕابردو و ئێستاشدا هیچ کاتێک ئەمانە ئاوەزێکی تایبەتی خۆیان لەسەر بزاڤی چینی کرێکار و بزاڤی کۆمۆنیستی ناوچەکە نەبووە و هەروەها لە هەڵوێست گرتنەکانیشدا هیچ کاتێک بەگیانێکی هووشیاریانەو ئیرادە درووست کەری بزووتنەوەکەوە ئەنجامیان نەبوو و چونکە لە بەرەنجامی لێکدانەوەیەکی زانستی یەوە سەرچاوەی نەگرتووە. بەڵکو بۆیان داڕێژراوەو ئەمانیش بێ لێ پرسینەوەی.پرۆسیسیان کردوە و (ئەگەر واش بێت ) هەموو دەووروبەریشیان تەکفیر کردووە.

له ڕاستیدا ئاوەزی ئەم دەستەیە و (كۆمۆنیزمی كرێكاری ) ناتوانێت ڕێنوێنی ماددیی بابەتی و چاوپێنی چینی كرێكار و بزووتنەوەی كۆمۆنیستی بێت، و سەنگەری كۆمۆنیستەكان بێت لە بەرامبەر سەرمایەداری و سیستەمەكەیدا. واتە كاتێک کەلە ڕابردوودا لێكدانەوەی سەیروسەمەرەی لەمەڕ (كۆمۆنیزمی كرێكاری ) دەكراو بەچەند جۆرێک لەلێكدانەوەی بێ سەروبەرە دەیان خستەوە چوار چێوەی كار و هەڵسووڕانی خۆیانەوە. بەو بەڵگەیەی كە گوایە بەپراكتیک كردنێكی نادروست میتۆدی (كۆمۆنیزمی كرێكاری ) پرۆسیس دەكرێت . هەروەكو (ئاسۆ غریب) دەڵێت و ئێمەش لە نووسینەكانی ڕابردوودا ئەم لێكدانەوەیەمان كردووە و بەشێكی لێكدانەوەی ئێمە بووە، لەسەر بزووتنەوەی بنیاتنان و (كۆمۆنیزمی كرێكاری.(

هەروەها وەكو خۆشی دەڵێت، لێكدانەوەیەكی قووڵیان بۆ جیابوونەوە كردووە. بەڵام لە ڕابردووشدا ئەمە شێوە و گوزارشت بووە لە بزووتنەوەی كرێكاری و چەپ و جیابوونەوەكانی خۆیان لە (حككع) لەدواتریشدا لە (كۆمۆنیزمی كرێكاری). هەژاری ئەم بڕواو بۆچوونە و میتۆدی ئەم دەستەیە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ڕەدوكەوتن هۆیەک و ئەنجامێكی گەورەی بەدەست هاتووەكانیان دەبێت، نەوەكو لێكدانەوە و توێژینەوە بڕیار لەسەر جیاكاری یەكان بدات. واتە ئەو ئەبستمۆلۆژیەی ئەوان زیاتر بەرئەنجامی ئەزموونە و ئەزموونكارییەكان دەستنیشانی هەڵوێست و بڕواو بۆچوونەكانیان دەكات. بێگومان دەبێت بزووتنەوەی كرێكاری و بزووتنەوەی كۆمۆنیستی ئەو ئاوەزە تێپەڕێنێت و بەم شێوەیە لە گەڵ ڕووداوەكاندا مامەڵە نەكات. بەڵكو دەبێت لەسەر هەموو دیاردەكان توێژینەوەی ووردو زانستی یانە لەسەر هەموو لایەنەكانی ئەو تێووره هەبێت كە دەیكەن بەسەر مەشقی بڕواو بۆچوونەكانیان و لە پرۆسەی ڕێكخراو وپراكتیک كردندا بەكاری دەبەن.

زۆر تر ئەوەی لەم بەشەدا لەسەری دواوم پەیڤیین و ڕانانم لەسەر كردوون، ئەوەیە كە دەبێت ئێمە قبوڵكردنی و نەكردنی هەر تێوور و فەلسەفەیەک لە ناوەڕۆكی هزری ئەو فەلسەفەیە تێبگەین و لێكدانەوەی ووردی لەسەر بكەین و پێش بەكارهێنانی لە نەگەتیڤیەت و پۆزەتیڤیەتی ئەو تێوره بگەین. میتۆدی كارو هەڵسووڕانی بەئەنجامی پراكتیكی زانستی بگەیەنیین. چونكە وەک لە پێشدا ڕوونم كردووەتەوە ناتوانین پرۆسەیەک لە مێژوودا بەرجەستە بكەین و لە ئامانجەكانی دواتریدا لە ڕاستی ودروستی بە پێی خراپ و چاكی ئەنجامەكانی بڕیار بدەین. لەبە ر

ئەوەی ژیانی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار بەرگەی دوو ئەزموونی وا ناگرێت، ناتوانێت بەوشێوەیەش ڕێچکە بگرێت.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

## -7-

## {پەیوەندی تیۆر و پراکتیک لە حیزبی کۆمۆنیست دا}

بوونی بەکردار و بەرجەستەی حیزبی کۆمۆنیست، لە تیۆرو پراکتیکدا ئەتوێتەوە. واتە تیۆری هەر حیزبێک، چاوگی زانستی بەکرداری کردنی یەتی لە ناو کۆمەڵدا، هەروەها پراکتیکیش لایەنی پرۆسیس کردنی چاوگی حیزبە.

لەم سۆنگەیەوە تیۆرو پراکتیک پەیوەندی یەکی دیالێکتیکی دەیان بەستێت بەیەکەوە،، ئەو پەیوەندی یە دیالێکتیکی یە دەتوانێت ئامانج و هەوڵەکانی حیزبمان بۆ دەستنیشان بکات.

تیۆر لایەنێکی ووتەیی و نووسراوی حیزبە، لەبەر ئەوەی زیاتر هەموولایەنەکانی ڕامیاری و هزری و دەربڕی ئایدۆلۆجیای حیزب دەبێت، هەروەها دەستنیشان کردنی ستراتیژ و دیالۆگ کردن لەگەڵ دەوروپشت و هەموو ئایدۆلۆژیەکانی، تاودانی ڕەخنەو جیاوازبوونەکانی لەگەڵیاندا، ناوەڕۆکی تیۆری حیزب پێک دەهێنێت.

بەڵام پراکتیک کردنی تیۆری لە لایەن ئەندامەکانی حیزبەوە بریتی یە لە بەرجەستە کردنی تیوورو پرۆسیس کردنی ئامانج و هەڵوێستەکانی لە ناو کۆمەڵ و چینی کرێکاردا. واتا ناتوانرێت تیۆر بێ پراکتیک دەورە زانستی یەکەی خۆی ببینێت و، هەروەها پراکتیکیش ناتوانیت بە ئامانجی کرداری خۆی بگات،هەتا تیۆر چاو ساغی نەکات. واتە خواستەکانی تیۆر لە ڕێگەی پراکتیک کردنی یەوە جێ بەجێ دەبێت.

پراکتیکیش پرۆسەی بە کرداری کردنی تیۆرەو بەرجەستەکردنی مێشکی حیزبە. بەم پێودانگە تیۆرلایەنی مێشکی حیزب پێکدە هێنێت و پراکتیکیش دەووری دڵی حیزب دەبینێت. کەواتە ئەم دوو لایەنەی حیزب پێکەو بوونیان لە یەک کات و ساتدا. گرنگی و بەهاکەیان دەتوانێت دەستنیشانی پەیکەرو ناوەڕۆکی حیزب بکات.

هەروەها دەتوانرێت لە ڕێگەی پەیوەستی ئەو دوو لایەنەوە ئاسۆکانی حیزب و هەوڵەکانی و ئامانجەکەی دەستنیشان بکرێت. واتا ئەگەر تێور چووەسەر ئەوەی ئامانج و ئاواتەکانی چینی کرێکار دەربڕێت. ئەوا پراکتیکیش بەپێی ڕێنوێنی کردنی تێوری و جووت کردنی لە گەڵدا، دەتوانێت خواستەکانی پرۆلیتاریا بەرجەستە بکات لە ناو کۆمەڵدا.

لێرەوە و لەم سۆنگەیەوە دەچینە سەر ئەوەی  کە پێوانێکی زانستی بۆ(حککع) و بزووتنەوەی بنیاتنان بکەین و بتوانین لەسەر پەیوەندی ئەو دوولایەو هەوڵەکانیان لە پێناوی چ دایە بخەینە ڕوو.

ئەوەندەی (حککع) یاری و باز بازێنی بەڕێنوێنی و لایەنی تێوری خۆی دەکرد، ئەوەندە بەئامانجی بزووتنەوەی چینی کرێکار مامەڵەی نەدەکرد. هەر لایەنێکی لە لایەنەکانی ناو تێوری ئەو حیزبە بگرێت.بەرگەی یەک هەڵوێستی بە پراکتیک کردنی ئامانجێکی حیزبەکانی دەرەوەی خۆی نەدەگرت، بێجگە لەوەی کە هەموو بەهاکان لەحیزبدا لە ڕێگەی ئاوەزێکی برنیشتاینی یەوە  جێ بەجێ دەکرا، دەوترا تێور هیچ شتێک نی یە بەڵام پراکتیک هەموو شتێکە. واتا ئەگەر ئەمەش لە سەرەتا دا لە ڕێگەی دیالۆکە نادیالێکتیکی یەکانییانەوە دەرکەوت، بەڵام لە دواتردا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەو ووتە زایە دەرنەدەبڕا بەڵام لە هەڵسووکەوتی پراکتیک کردنیدا، زاناو لێهاتوویان تاودەدا. هەتا گەیاندبویانە ئەو ئاستەی کەئەندام وەرگرتن لە حیزبدا، پەیوەست نەدەکرا بەوەوە کە چەند تێوری حبزب یان ستراتیژوو سیاسەتی حیزب وەردەگرت و قبووڵە، بەڵکو کۆمەک کردن مەرج بوو و هەروەها دەستنیشانی ئەندامێتی حیزبیشی دەکرد. بێجگە لەوەی کەتێوری و ئایدۆلۆژیای حیزبیان سەربە چینی کرێکار و هەڵێنجاوی ئایدیای مارکسیزم نەبوو. بەڵکو تێکەڵ وپێکەڵ کردنی چەند هزری ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی بوو و دەیانکرد بە ترۆپکی لێکدانەوەو توێژینەوەی مارکسیزم.

بزووتنەوەی بنیاتنانیش لە هەمان خانەدابوون و لەهەمان چوارچێوەی تێوریدا مامەڵەیان دەکرد. واتا ئاوەزی تێور هیچ شتێک نی یە و پراکتیک هەموو شتێکە. ئەم ووتەزایە بۆخۆی خاوەنی تێوری یەکەیەتی. بۆیە ئێمە لێرەشدا دەڵێین مامەڵە کردنی لەگەڵ ئەو تێورەدا و بەو شێوە ناوازە پارتایەتی یە،تا کاتی گرتنی کۆنفراسی دووەمیان شتێکی  ڕوون و ئاشکرابوو.

هەروەها لە دوای ئەوەشەوە ناتوانرێت جیاوازیی یەکی ئەو تۆ ببینرێت چونکە ئاوەزییان بیرکردنەوەیەکی جیاوازی لە گەڵیاندا تێ نەپەڕاندووە. بۆیە لە زۆر لایەنیدا چوونەتەوە سەریەک سیستمی ئاوەزی هزری و یەک دیدوتێز ڕێنوێنیان دەکات،ئەویش بەهۆیەکی یەک جیهان بینی نادروست و نە خۆش.

نزار عبداللە لە ووتاری (دەرک و میتودلۆژی کۆمۆنیزمی کرێکاری (ئینتقالی چینایەتی)دا کەلە کۆنفرانسدا خوێندویەتی یەوە درکێکی زۆر نارۆشنی لەسەر پیوەندی تیۆر و پراکتیک هەیە لەناو حیزبداو هەروەها لێکدانەوەیەکی زۆر کورتی لەسەر ئەو لایەنە کردووە و نەیتوانیوە ئاوەزێکی دیالێکتیکی ڕاڤە بکات لەبەرجەستە کردنی پەیوەندی تیۆرو پراکتیک.

نزار عبداللە لە بارەی تیۆرو پراکتیکەوە دەڵێت [ کاتێک منسوری حیکمت لەوەڵامی پرسیارێکدا پێناسەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات لە نووسراوی (جیاوازیەکانمان)دا دەڵێت کۆمۆنیزمی کرێکاری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یە، مەکتەبێکی فکری یە و بەچەند شتێکی تریش پێناسەی دەکات. لێرەدا تیۆرو پراکتیک لەیەک جیاناکاتەوە و بەیەک شت تەعریفی دەکات. دروستە کە مارکسیزم لەگەڵ کۆمۆنیزمی کرێکاری دا وەکو بزووتنەوەیەکی ماددی ئاوێزان بووە و مورشیدە عەمەلیەکەیەتی، بەلام ئەمە هۆیەک نی یە بۆ جیانەکردنەوەی تیۆر لە پراکتیک (ل _48 _ باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست _ عێراق _ کانوونی دووەمی_2000) ]

بێگومان هەموو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەیەکی هزری خۆشی هەیە. بەلام مەرج نی یە هەموو بزووتنەوەیەکی هزری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەپشت بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بزووتنەوە هزری یە سەر بە ڕەوەندێکی چینایەتی بۆرژوازی یان ووردە بۆرژوازیش بێت. چونکە جاری وا هەیە ئەندێشەکانی ئەندێشەمەندێک تەنها لەچوارچێوەی توێژینەوە و نووسراوێکدا دەمێنێتەوە و ناچێتە ناو دنیای پراکتیکەوە.

بەلام بۆ (کۆمۆنیزمی کرێکاری ) ئەم لایەنەیان جیاوازی یەکی هەیە. چونکە ئەگەر چەند ئەندامێکی کەمیش بن یان لەناوچەیەکی بەرتەسکدا بجووڵێن لەگەڵ ئەمانەشدا سەرچاوەیەکی هزری یان هەیە. بەلام ئەم سەرچاوەیە لەگەڵ خواست و بەرژەوەندی یەکانی چینی کرێکاردا لێک جوودا و ناوازەن. بۆیە پراکتیک کردنیان بەپێی تیۆرەکەی پراکتیکێکی ووردەبۆرژوازی یانە دەبێت. لە پەڕەگراڤەکەی سەرەوەدا لە تێڕوانینەکانی منسوری حیکمت دا، کێشەی

تیۆر و پراكتیک جوداكراوەتەوە و هەروەها بزووتنەوە كۆمەڵایەتی یەكەی و لایەنە تیۆری یەكەی سەر بەچینی كرێكار و هەڵئینجاوی میتۆد و هزرو فەلسەفەی ماركسیزم نی یە.

بۆ زۆرترو ڕوون تر ڕوون بوونەوەی ئەم دیدەی ئێمە لەو پەرەگراڤەی سەرەوەیدا، زۆر بەڕوونی دیارە و دەڵێت بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی بریتی یە لە هەوڵە پراكتیكەكەی و مەكتەبی فكری یەكەیشی بریتی یە لەلایەنە تیۆری یەكەی.

بەڵام ڕەخنەی نزار عبدالله تەنها لەپێناوی ئەوەدایە كە بەرگی ناماركسیست بوونی ڕەخنەكەی خۆی لەڕێگەی دركێكی ناڕۆشن و دۆگماوە پەردەپۆش بكات. ئەگینا نەچووەتە سەر ئەوەی كەلایەنی پەیوەندیدار و سەرچاوەی ئەو تێروانینانە ڕیڤیژنیزمە، وەلەبەر ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ناتوانێت ئامانجێک بە لێكدانەوەكەی نزار عبدالله ببەخشێت، بێجگە لەسەر لێشێواوی و دڕدۆنگی لەڕەخنەكاندا. هێشتا ئاوەزی نزار عبدالله لەسەر ئەوە بنجی گرتووە، كەمورشیدی (ڕابەری) پراكتیكی (كۆمۆنیزمی كرێكاری) ماركسیزمە. ئەمە بێجگە لە لێكدانەوەیەكی هەڵە هیچی تریان لێ سەوز نابێت. ئەگینا تیۆر و پراكتیک بە هەردووكیان لە دوو شوێندا یەک جەستە پێک دەهێنن. چونكە ماركسیزم ئەتوانێت تەنها لە چوارچێوەی نووسراوێک یان ئەندێشەی ئەندێشمەندەكەوە بمێنێتەوە و لە خولگەی خۆیدا سووڕبخوات. لەلایەكی تریشەوە دەتوانێت پراكتیک بكرێت و ببێتە كایەی پرۆسەی هەڵسووڕان و خەباتەوە.

ئەمە بێجگە لە فۆرم و فەلسەفەی هەڵقوڵاوی ناوكایەی كۆمەڵی سەرمایەداری. بەڵام ئەمەیان كەم بایەخەو نازانستی دەبێت كە تیۆر و پراكتیک لەیەک شوێندا دابنێین. چونكە وەک ئێمە بۆی دەچین تیۆر مێشک و پراكتیكیش دڵی جووڵاندنی جەستەیە.

لەم سۆنگەیەوە جەستەی زیندوو بێ هیچیان ناتوانێت جەستەی لەسەر پێ ڕاوەستاو و بزۆک بێت. ئەگەر ماركسیزم لە تیۆری و ئایدۆلۆژیای خۆیدا بیری زانستی گۆڕان و شۆڕشی هەڵنەگرتایەو دەستنیشانی چینەكان و ئەركی مێژوویی چینی شۆڕشگێڕی نەكردایە بێ گومان تەنها هەوڵەكانی لە چوارچێوەی تیۆردا دەبوو، وەنەدەزانرا پراكتیک كردنی تیۆر لە لایەن چ لایەن و چینێكەوە دێتە پێشەوە و چۆن حیزبی ئەو چینە لەسەر پێ ڕادەوەستێت ودەست بەچەمكەكانی گۆڕان و ژێروژوری دەسەڵاتی چینایەتی یەوە دەگرێت. بێگومان تیۆری و ئایدۆلۆژیای ماركسیزم، دەووروكاریگەری سپاردنی گۆڕانی مێژوویی كۆمەڵایەتی بەچینی كرێكار لە گۆڕانكاریدا، هەمووی هەڵئینجاوی ناو

ڕەوەندی مێژوو بووە وهەروەها لەگەڵ شیکاری یەکانی گۆڕانی مێژوو و لێکدانەوە و شیکاری کردنی دیالێکتیکی بۆیان، هەلوومەرجی پەیوەندی ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی سیستەمە جیاجیاکان و بەتایبەتیش پرۆسەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و دەووری و کاریگەری چینی کرێکار لەو پرۆسەیەدا و سەرچاوەی زێدەبایی و بەرهەمی زیادەی کۆمەڵ لەڕێگەی هێزی کاری ئەوانەوە بەرجەستە دەبێت.

ئەمە سەرچاوە بوون لە گۆڕاندا، چونکە سەرچاوە بووە لە زیاد بوونی سەرمایەدا. بێجگە لەوەی کە سیستەمی ئایندەی ڕۆشنکردووەتەوە و دەوری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و سۆسیالزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستی هەموو ئەمانەی کردووە بە سەرچاوەی تێوری فەلسەفەکەی و هەروەها بووەتە هۆیەک بۆ ئەوەی کە دەوری پراکتیک کردنی ئەو تێورە و گۆڕانیش لە ئەستۆی چینی کرێکاردابێت. چونکە لەپێش مارکسیزمدا، چەند تێوری و داڕشتنێکی طوباویانە لەسەر سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بوونیان هەبووە.

هەروەها دەوور گێڕانە مێژوویی یەکەو ژێر و ژوور کردنە یەک جاریەکەی دەسەڵاتی چینایەتی ڕۆشن نەبوو لەلای ئەو بیریارانە. لە ڕێگەی چەند لێکدانەوەیەکی ئەندێشەیی یانەوە دەیانویست لە ڕێگەی داڕشتنی سیستەمی بەرەبەرەوە، سۆسیالیزمە طوباویی یەکەی خۆیان بنیات بنێن.

لەم سۆنگەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە شۆڕش بە پێی لێکدانەوەیەکی مێژوویی، ئەو ڕەووشی ناو سیستەمە مێژووی یەکان، دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە شۆڕش ڕوودەدات. بەڵام نازانرێت ئامانجی کۆتایی شۆڕش لە ڕێگەی کاری خودبەخودی و بێ ڕێنوێنی زانستی چی بەسەردێت.

ئایدۆلۆژیای مارکسیزم چەند لایەنی شیکاری سیستەمی چینایەتی تیادا ڕاڤە کراوە ئەوەندەش وانەی ڕێنوێنی کردن و دامەزراندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی بێ چینی دەستنیشان کردووە.

هەروەها ئێمە ناڵێین کاتێک مارکسیزم نەبووایە سیستەمێکی هزری تر دانەدەمەزرا. ڕاستە مارکسیزم بەرهەمی هەلءمەرجی گۆڕانکاری یە مێژوویی یەکانە. بەڵام مارکسیزم لایەنێکی گرنگی ڕۆشنکردنەوەی ئامانجی کۆتایی چینی دەسەڵات و بێ دەسەڵاتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئێستایە و ئامانجی کۆتایی چینی کرێکارو ڕێنوێن و مامۆستای پراکتیکی شۆڕشگێڕانەکانی یەتی.

واتا كاتێک مارکسیزم لە چوارچێوەی پراکتیکدا پرۆسیس ناکرێت، ئەوا تەنها فەلسەفەیەکە لەچوارچێوەی پەرتۆکەکەیدایە. هەروەها ئەگەر پراکتیک ئەنجام دەدرێت و مارکسیزم ڕێنوێنی ناکات ناتوانیین بڵێین سەد دەر سەد بەئامانجی مێژوویی پرۆلیتاریا دەگەین. بەڵام پێکهاتی میتۆدی مارکسیزم تیۆورو پراکتیک تیایدا پەیوەندی یەکی دیالێکتیکی دەیان بەستێت بەیەکەوە،ئەو پەیوەندیەش دەتوانێت مامەڵەیەکی ماددی و بابەتی خەبات و تێکۆشانی پرۆلیتاریا بێت.

بەم پێوودانگە ئیترئەو تێڕوانینانەی نزار عبدالله و منسوری حکمت و ئایدۆلۆژیەکەیان لە گەڵ مارکسیزمدا ناوازەو لێک جودان. لەبەرئەوە ئەو هزرە ناتوانێت ئامانجی ماددی و چاوبینی چینی کرێکار بێت.

نزار عبدالله بۆ دەرخستنی دیدو بۆ چوونی خۆی لە هەمان ووتاردا، لە ڕێگەی کاڵ فامی یەوە دەیسەلمێنێت کە [ لە سەرەتایی ئەم سەدەیەدا مەسەلەکە بەجۆرێکی تربوو. کۆمۆنیزم و مارکسیزم بەرۆشنی دیاری دەکران و جیاش دەکرانەوە لەیەک. بەڵام لە تەجروبەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ئەم جیاکردنەوەیەو پەیوەندییە دیالێکتیکی یە وجودی نەبووە. لەبناغەدا (پراکتیک ) زەعیفترین ئەڵقە بووە لە سیستمی سیاسی و فکری ئەو جەرەیانەدا. ئەوەی ووتراوەو کراوە و وجودی بووە هەم وەکو پراکتیک هەم وەکو تیۆر پێناسە کراوە.( ل 48_باس و بەڵگەنامەی کۆنفرانسی دووەمی ......کانوونی دووەمی-2000)] ئەم پەرەگراڤە دەربڕی کاڵ فامی پێناسەی پەیوەندی تیۆرو پراکتیکە، کە پەیوەندی تێۆروپراکتیک چی یە؟

لەپێش ئەو پەرەگراڤەدا و ئەوەی کە لە پێشدا ڕەخنەمان ئاڕاستە کردووە، لێک جوودان و دوو تێروانینی دژ بەیەکن. بەڵام ئەم لایەنە لە تێکەڵ و پێکەڵی نیشاندان و بێ پەرەنسیپی و کاڵ فامی یە لەسەر پەیوەندی تێوروپراکتیک. لەلایەک پەیوەندی تیۆرو پراکتیک بەیەک ناوەندو مەبەست پێناسە دەکات و دەڵێت مارکسیزم مورشیدە پراکتیکی یەکەیەتی و لەلایەکی ترەوە دەڵێت لە کۆمۆنیزمی کرێکاریدا ئەم جیاکردنەوەو و پەیوەندییە دیالێکتیکی یە بوونیان نی یە. واتە ئەمە ڕەخنەیەکە کە دوولایەنی دژ بەیەکی هەیە و ئاڕاستەی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.

دوالیزمەی ئەم لێکدانەوەیە نادروستی لە هەڵوێستەکانشیاندا هەیە و ناتوانێت ڕەگەی ڕیڤیژنیزمی. لێوە هەڵبوەشێنێتەوە،بەڵکو جارێکی تر بەرهەم هێنانەوەی ڕیڤیژنیزمە. لەبەرئەوەی نەئەزانێت پەیوەندی تیۆرو

پراكتیک چ پەیوەندی یەكەو لەكۆی پەیوەندی یەكاندا چ بەرهەم دەهێنێت؟! لەپێشدا ڕوون كردنەوەی زیاتر و فراوانترمان لەسەر  پەیوەندی تیۆرو پراكتیک كردووە جارێكیتر پێویست بەدووبارەكردنەوە ناكات.

لەلایەكی ترەوە ئەحمەد معین لەهەمان كۆنفرانسدا و دوابە دوای قسەو باسەكانی نزار عبدالله لەسەر تیۆری ماركسیزم و پەیوەند نەبونی (كۆمۆنیزمی كرێكاری) بەو هێڵە هزری و فەلسەفەیەكانی ماركسیزمەوە، جەخت لە سەر ئەوە دەكات كە تێڕوانینێكی جیاوازی یان هەیە.بەڵام ڕەخنەیان لەسەر ڕامیاری و ستراتیژ و تاكتیک ی ئەوحیزبە نی یە.

(ئەحمەد معین) ئاوا باس دەكات [ لەچوارچێوەی قسەو باسەكانماندا ئیشارەم پێكرد كە جیاوازی ئێمە لەگەڵ جەرەیانی كۆمۆنیزمی كرێكاریدا لەچوارچێوەی جیاوازیە لەبواری تیۆری و ماركسیزمدا نەک ڕخنە لەئاست تاكتیک و سیاسەت بەگشتی، ئێمە ڕەخنەی جەوهەریمان هەیە لە جەرەیانی كۆمۆنیزمی كرێكاری لە بواری مەسائیلی پایەیی و نەزەری و دەركی ئەوان لەسەر ماركسیزم و مەسەلە بنەڕەتیەكانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی. بەو پێ یە ئێمە جیاوازی بنەڕەتیمان هەیە لەگەڵ ئەو جەرەیانەدا ( ل50_باس و بەڵگەنامەكانی كۆنفرانسی دووەمی كادرانی...... كانونی دووەمی _2000) ] بەڕاستی بەم پەرەگراڤەی ئەحمەد معین ناتوانێت جیاوازی بنەڕەتی و تیووری لەگەڵ (كۆمۆنیزمی كرێكاری ) بەیان بكات.

چونكە بەیانكردنی جیاوازی لە ڕووی تیۆری و پراكتیكی یەوە، تەنها بەدەربڕینی ڕستەیەک تەواو نابێت بەڵكو توێژینەوەی پایە هزری و فەلسەفی یەكانی ماركسیزمە و پراكتیک كردنی یەتی لە چوارچێوەی هەڵسووڕان و پەیوەندی گرتنی یان بەكۆمەڵ و چینی كرێكارەوە، واتا ئەمان بە بێژان سۆسیالیستین، بەڵام بەپراكتیک ووردەبۆرژوازین. ئەمەش ناكاتە ئەوەی كە بە پەیقین و تیۆر سۆسیالیستیبن. مانای ماركسیست بوونیان دەسنیشان بكات، بەڵكو تەنها بەكارهێنانی  دەستەواژەی ماركسیزم و سۆسیالیزم و هاوشێوەكانی خۆیانی بەماركسیزم پێ بەیان دەكەن.

سەیرو سەرسوڕهێنەرە لەلایەک دەبێژن جیاوازی ڕامیاریمان هەیە و جیاوازی تیۆرییمان نی یە و لەلایەكی تر و لە دواتردا دەڵێن جیاوازی تیۆریمان هەیە و لەسەر ڕامیاری و تاكتیک پەیڤینمان نی یە.

هەردوو لایەنی لێکدانەوەکانیان لە ناڕۆشنی و کەم فامی مارکسیستی یەوە سەرچاوە دەگرن. چونکە کاتێک جیاوازی ڕامیاریست هەبوو بێگومان ئەو جیاوازی یە هەڵئینجاوی کێشە تیۆری و چینایەتی یەکانەو هەروەها کاتێکیش جیاوازی تیۆریت هەبوو بێ گومان جیاوازی ڕامیاری و چینایەتیت هەیە.

هەروەها بەکارهێنانە تاکتیکی و ستراتیژە ڕامیارییەکان بەشێوەیەکی گشتی لە پێناوی ئامانجێکی جیاوازتردا بەرجەستە دەبێت. بۆیە پایەی ڕامیاری جیاوازیش لە پایەی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت، و هەردوو پایەکەش بەپێی تیۆرەی بەکار هاتووی یانەوە دەتوانرێت ئامانجی ئایندە و ئێستاشیان دەستنیشان بکرێت. چونکە لەهەندێک ڕەوشدا چینی کرێکار بەتیۆرێکی تر ژەهر خوارد دەکرێت.لەبەر ئەوە دەبێت جەستەیەکی مردوو و لەگەڵ ڕەووتی شۆڕش و بزووتنەوەی چینایەتی و مێژوویی خەباتی چینی کرێکاردا ئاڕاستەی جیاواز وەربگرێت. کەواتە ئەو لێکدانەوەیەی ئەحمەد معین لێکدانەوەیەکی میتافیزیکی یانە و بێ ناوەڕۆکە، چونکە لە تێڕوانیین و دیدی پێشووتر و لە دوای جیابوونەوەیان لە (حککع) جیاوازی دەخاتە نێوان تیۆورو پراکتیکەوە. چونکە هەڵسووڕانی ڕامیاری حیزب و چینەکەی پێناسی پراکتیکی تیۆری حیزبە.

بۆ یە ڕخنە لەسەر ئاستی تیۆری یان پراکتیکی دەبێت ڕەخنەش بێت لە پراکتیکی و تیۆری دروست بوو. لەبەر ئەوەی ئەم دوانە یەک جەستە پێک دەهێنن و دەتوانن یەک جەستەش وەک ماتریالێکی زیندوو ڕابگرن. کەواتە تاکتیکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زانستی جیاوازە لەپراکتیک و تاکتیکی حیزبە بۆرژوازی یەکان. بەهۆی ئەوەی تاکتیکی ئێمە لە پێناوی ئەوە دایە کە دزیکەر و فێرکەری بەشێوەیەکی ماددی و چاوبینی بگرین و ڕێگەی ستراتیژ و مێژوویمان تەخت (لیڤڵ) بکەین و کۆسپەکانی بەردەممانی پێ لابەرین.

بەڵام حیزبە بۆرژوازی یەکان لەپێناوی هێشتنەوەی دەسەڵات و سیستەمی چەوسێنەرانەیاندا بەکاری دەبەن و دەبێتە بەشێک لەهەوڵەکانیان لەپێناوی هەڵخەڵەتاندن و خۆڵکردنە چاوی چینی کرێکار و بەلاڕێبردنی بزووتنەوەکەی.

لەم سۆنگەیەوە لەدیدو بۆ چوونی ئەواندا هێشتا جیاوازی پراکتیکی و تیۆرییان بەتەواوی لەگەڵ (کۆمۆنیزمی کرێکاری) دا نی یە. بۆیە هەتا ئەم ساتەوەختەش ئەوان هێشتا شۆکی ڕامیاری و تێزەکانی ڕابردوویان پێوەیە، و نەیان توانیوە جیاوازی یەکی پراکتیکی و تیۆری دروست بکەن لەنێوان خۆیان و میتۆدی (کۆمۆنیزمی کرێکاری ) دا . لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا دیدگایەکی ڕوونی مارکسیستی یان نی یەو هەروەها هەڵسەنگاندنی چاوبینی ئێستاو

ڕابردوویان نی یە،و درکێکی تەواو ماددییان لەسەر ڕەووشی دەوورووبەریان نی یە. بۆیە هەتا ئێستاش نەیان توانیوە بەشێوە زانستی یەکەی، بەبینیین و ڕانانەوە دیالێکتیکی یەکەی پەیوەندی تیۆری یان هەبێت لەگەڵ مارکسیزمدا و لە پراکتیکیشدا ڕامیاری و ئامانجەکانی چینی کرێکار بەرجەستە و چاوبینی بکەن.

ئەو ئاوەزەی ئەحمەد معین لێکدانەوەیەکی ئەبستراکت ی پێکردووەو دیدی خۆی ڕوونکردووەتەوە لە پەیوەندی تیۆرو پراکتیکەوە. لەبەرئەوە لێکدانەوەیەکی وەک ئەوەی سەرەوەی (ئەحمەد معین) ناتوانێت لێکدانەوەیەکی مارکسیستی بێت لەسەر پەیوەندی تیۆر و پراکتیک و ناتوانێت لەشۆک و جێ دەستی ڕیڤیژنییزم و بیرکردنەوەیەکی ووردە بۆرژوازی دەربچێت.

بۆ زیاتر ڕوون بوون و دەرکەوتنی برواو بۆچوونەکانی ئێمە پەرەگراڤێکی (ئەحمەد معین) لەهەمان شوێندا دەخەینەڕوو و دەڵێت [ بەڵکو شکستی ئەونەزمریە و دەرکە لە کۆمۆنیزم و مارکسیزم و بینای ئەحزاب حەتمی دەبوو، بەڵکو شکستی دکتریین ئینتیقالی چینایەتی کە پێشتر بە دوورو درێژی قسەمان لەسەر کرد.(ل 52_باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی ...کانوونی دووەم_2000) ] لەپێشتردا پەیڤینێکی بێ پەرەنسیپ بێ ئەوەی بتوانێت لە کێشەی بنەڕەتی ئەو شکستە بکۆڵێتەوەو ڕەگەی شکستەکانی بزانێت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و تەنها بە ڕامیاری و ئامانجێکی ڕەدووکەوتن جێگای (کۆمۆنیزمی کرێکاری )یان بەجێ هێشتووەو لە هەوارێکی تر لەهەمان خێڵ هەواریان گرتووە. بێگومان لەپەرەگراڤەکەی پێشتردا ئەوەمان ڕوونکردەوە کە چۆن ناوەندی بیروهۆشی یان ناچێتەوە سەر بیروهۆشی مارکسیزمی مارکسیستەکان.

چۆن و بەچ مەبەستێک ئیش لەسەر جۆری تێڕوانینەکان دەکەن؟! ئەم درکە درکی ناو کۆنفرانسی یانە بەڵام درکی پێشووتریان جیاوازی هەیە. ئێمە لەهیچ شوێنێکی تری ئەو لێکدانەوانەدا نەمان بینیوون، دەستنیشانی ڕەگەی جیاوازی یەکان و لەبنەڕەتی مارکسیزمەوە جیاوازی خۆیان هەڵئینجابێت.

ئەوان دیدگایان لەسەر پەیوەندی تیۆرو پراکتیک، دیدگایەکی میتافیزیکانەیەو دوور لە لێکدانەوەو توێژینەوەیەکی دیالێکتیکی یە. لەبەر ئەوە لەم پەرەگراڤەو لە نووسینەکانیشدا نەیانتوانیوە شیکاری یەکی مارکسیستی لەمەڕ جیاوازبوونەوە بکەن. بەڵام ئەووشی دەگەڕێتەوە سەر گوێزانەوەی چینایەتی هەتا ئەو کاتەش هیچ لێکدانەوەیەکی زانستیان و هەڵوێستێکی ئاشکرایان نابینرێت. چونکە گوێزانەوەی چینایەتی پێویستی بە گوێزانەوەی تیۆری هەیە بۆ

ئەوەی لە پراکتیکی چینایەتیدا پرۆسیسی بەها چینایەتی یەکان و ئاوات و ئامانجە چینایەتی یەکان بکات. لەبەر ئەوەی تیۆری (کۆمۆنیزمی کرێکاری )نەدەچووەوە سەر مارکسیزم، بۆ یە ئیش و کارەکانیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی یەکانی ووردەبۆرژوازییدا، ڕامیاری وئامانجی ئەو توێژگەلەیان پرۆسیس دەکرد. کەواتا بۆ گوێزانەوەی حیزب بۆ ناو چینی کرێکار پەیوەندی بە گۆڕانی تیۆری یەوە هەیەو هەروەها پڕۆسیس کردنییەتی لەناو چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیدا، واتا چینی کرێکار و بزووتنەوەکەی لە ڕێگەی تیۆری یەوە دەتوانێت ئامانجی پراکتیکی دەستنیشان بکات.

لەبەرئەوەی گۆڕانە چینایەتی یەکان پێویستی یان بەگۆڕانی ئایدۆلۆژی و پراکتیکی بزووتنەوەکەی هەیە، بۆیە گۆڕانە چینایەتی یەکان تەنها لە چوارچێوەی گوێزانەوە بۆ ناو چینی کرێکار ناکرێت، بەڵکو لەگەڵیدا پێویستی بە گۆڕانی تیۆری هەیە.

واتا هەردوو لایەنەکەی پێک هێنەری خەباتی چینایەتی دەتوانێت بزووتنەوەی چینایەتی جیاواز بنیات بنێت.

لەم سۆنگەیەوە تیۆرو پراکتیک، بەشێک و پێکهاتەیەکی گرنگی و مەزنی خەباتی چینایەتی و ڕامیاری و حیزبی چینی کرێکارە. هەروەها ناتوانرێت فەرامۆشی هیچ لایەکیان لە هەنگاوناندا بکرێت بۆیە تیۆر مێشکی حیزب و پراکتیک دڵی پێک دەهێنێت.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

## -8-

## {کێشەکان و ڕێگا چارەی حیزبەکان}

سیستەمی سەرمایەداری، لەڕێگەی پێویستی بەکارهێنانی بۆ بەرجەستەکردنی دەسەڵات و پرۆسەی بەرهەم هێنانی، چەندین کێشە و گرفتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی تێدایە. لەلایەک ناوک و کاکڵەی فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوری سیستەمی چینایەتی هەڵگرییەتی و لەلایەکی تریشەوە زیاتر پانتایی قڵشت و کەلێنەکان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا شەبەقی گەورەی تێ دەکات.

بەپێی بەرهەمی دەسەڵات و ڕاڤەکردنی پێویستی یەکانی ڕاگیرکردنی سیستەمی سەرمایەداری بەشێوەو ئێرژی لێکنەچوو کەم و زۆر جیاواز دەیەوێت لەسەر پێ خۆی ڕاگیربکات. هەموو کێشەکانیش سەرچاوەی بنەڕەتیان دەسەڵاتی ئەو سیستەمەیە. هۆیەک و فاکتەرێکی مەزنی مانەوەی لە دەسەڵاتی خۆیدا بەدەست دەهێنێت.

کێشەی نەتەوایەتی یەکێکە لەو کێشە ڕامیاریانەی کە لە سەرەتایی دروست بوونی سیستەمی سەرمایەداری یەوە هاتە بوون. بێگومان پێویستی سیستمی ڕامیاری و ئابووری سەرمایەداری و کۆمەڵی سەرمایەداران، لەبرەودانی هەستی نەتەوایەتیدا و هەروەها پابەندکردنی مرۆڤ بە چوارچێوەی دەسەڵاتێک و بەرهەم هێنانی ئەو دەسەڵاتەوە گرنگ بووە.بۆ جیاواز کردنەوەی بازاڕە جۆراو جۆرەکان بێجگە لە ئێستای گلوبالیزم(جیهانگیری)و (بازاڕ و پچڕاندنی سنوور). ئەو هەست و هۆشیاری نەتەوایەتی چاندنە لە ئاوەز و بیردانی مرۆڤدا، زیاتر لە ڕام کردنی کۆیلەی بەرهەم هێندا هۆیەکی گرنگ بووە و بێجگە لەوەش بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی چاوچنۆکی دەسەڵاتدارانی سەرمایەداری ئەرکێکی گرنگی بۆ گێڕاوە.

لەلایەکی ترەوە دەووری لەکەم کردنەوەی هەست و داخوازی چینایەتی چینی کرێکاردا هەبووە. چونکە بە پێی سنوورە جیاوازەکان و بەپێی گوزەرانی نەتەوە جیاواز جیاوازەکان لەگەڵ یەکتریدا بەشێواز و فۆرمی جیاوازی چەوساوەو چەوسێنەرەوە لە ڕووی نەتەوایەتی یەوە هاوخەباتی خۆی لەگەڵ ئەوی تردا لەئاوەز و پراکتیکی پەیوەندی یەکانیدا لێی دوور دەکەوتەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە یەکێک لە پێویستی یەکانی ئەو سیستەمە، بۆ ئەوەی بتوانێت دەسەڵاتی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی بۆ ڕۆژانێکی زۆرتر درێژە پێ بدات و بتوانێت زۆرتر لە بەرهەم و ڕەنجی کرێکاران بخوات.

هوشیاری نەتەوەیی و دروستکردنی لە ئاوەزدانی مرۆڤدا زیاتر بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و چوارچێوەیەکی ڕامیاری و جیۆپۆلۆتیکێکی داخراو لە ڕووی پەیوەندی چینایەتی جیهانی چینی کرێکار و گۆڕانی خەباتی چینایەتی بەهەستی نەتەوایەتی و دروستکردنی جوغرافیایەکی ڕامیاری و ئابووری سەربەخۆ لە ڕووپێوی سەرمایە و دەسەڵاتدا. بۆ ئەوەی بتوانێت مل ملانێی ڕامیاری وئابووری و سەربازی خۆشی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەووروبەریدا بکات و گەشەی سەرمایە و مل ملانێکانی لەڕێگەی لایەنەکانی ئەو دەسەڵاتەوە بەرجەستە بکات. بێگومان ناوەڕۆکی سەرمایەداری لە ناو خۆی جیۆپۆلتێکێکی دیاری کراودا وەک ناوەڕۆکی مل ملانێیەکی جیهانی هەمان سەرچاوە و ناوەڕۆک پێک

دەهێنێت. واتە مل ملانێکەی ناو سەرمایەدارانی یەک پێکهاتەی جوگرافیای ڕامیاری هەمان ناوەڕۆک دروستی دەکات کە لە ڕکەبەری سەرمایەداری جیهانیدا هەیە.

بێگومان لە زۆرترین ساتی مل ملانێکاندا لەسەر ڕووپێوی گێتی، هاوکاری و هەمەئاهەنگی بەشەپێکهاتووە جوگرافیا ڕامیاری یەکانە، لەگەڵ بەشە جیاجیاکانی گێتیدا، بۆ پارێزگاری کردنی بەش و پێکهاتەی سەرمایەیان لەسەر ئاستی گێتی. بەڵام قەبەی و گەورەبووی قەبارەی سەرمایە لە جیهاندا سنوورو یەکێتی یە ئابووری یەکانی بڕیوە و بەشێوەیەکی شکڵی هێشتوویانەتەوە تەنها لە پێناوی بەش بەش کردنی یەک ڕیزی چینی چینی کرێکار لە گێتیدا.

لەبەر ئەوە هوشیاری نەتەوایەتی و ووتاردان لەبارەی جیاوازی و پێکدادانی شارستانی یەتە جیاوازەکان دەکەنە هۆیەکی تر بۆجیاوازکردنەوەی یەک ڕەگی چینایەتی چینی کرێکار. بێگومانیش مرۆڤایەتی بەسەرجەمی یەوە یەک شارستانیەتی مرۆڤایەتی پێکک دەهێنن. واتا هەستی نەتەوایەتی لە دروستکردنی هوشیاری نەتەوایەتیدا سەرهەڵدەدات. بەڵام ئەم هەستە لەسەردەمەکانی تری کۆیلەداری و دەرەبەگایەتیدا فۆرمێک نەبووە بۆ دەستنیشانی ڕەگ و ڕەگەزی مرۆڤ.

بێجگە لەوەی کە ئێستا نەتەوەیی یەکان لەم کون و لەو کون شانازی بە دەسەڵاتی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتی یەوە دەکەن و دەیخەنە زرێی بنەڕەت و وەچەی نەتەوایەتی یەوە. بەڵام ئەم لایەنە تەنها بۆ بریقەدارکردنی هەستی نەتەوایەتی یەو هەروەها لە سەرپێ مانەوەی دەسەڵاتی چینایەتی یانە و پاساو هێنانەوەیە بۆ بەڕاست نیشاندانی ئاوەز و هزری دروستکراویان.بەڵام لەوە واوەتر دەچن کە هەستی نەتەوایەتی مەمەسەلەیەکی ئەوتۆنەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس لەڕێگەی نەتەوایەتی یەوە خۆی پێناس نەدەکرد یان پێناس نەدەکرا.

لەبەر ئەوەی پەیوەندی ئەو بەخاوەن کۆیلەکەیەوە کۆیلەیەتی بووە هەروەها بەزەوی و شوێنی ژیانیشی هەر هەمان فرماسیۆن دەیبرد بەڕێوە. هەروەها لە دەرەبەگایەتیشدا پەیوەندی جووتیاری بەکرێ و بەش کار بووە لە کێڵگەکانی دەرەبەگەکاندا. لە کۆیلەداریدا دەسەڵات و سیستەمی ئەوانیش تەنها پابەندی ڕێکخستنی پەیوەندی کۆیلەو کۆیلەدار و کڕین و فرۆشتنیان بووە و هەروەها بۆ دەرەبەگایەتیش ڕێکخستنی و پارێزگاری کردنی بووە لەپەیوەندی یەکانی ناو ئەو فرماسیۆنە کۆمەڵایەتی یە.

بەلام لەسیستەمی سەرمایەدارییدا پێش کەوتنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندی چینی کرێکار بەخاوەن کارەوە، هەروەها لەلایەکی تر چینی کرێکار تەنها هۆی ژیانی هێزی کارەکەی بووە بێجگە لەوەی کە ئەم چینە لەگەڵ کۆیلە و جووتیاری بەکرێ چەند جیاوازی یەکی کۆمەڵایەتی یان هەبووە، و چەند سیستمێکی جیاوازیان هەبووە. لەم سۆنگەیەوە بۆ ڕام کردنی و زیاتر کۆیلەکردنی چینی کرێکار و دەستگرتن بەسەر جووڵە و بزاڤیاندا و هەروەها دابڕانیان لەبزاڤی ئەنتەرناسیۆنالیستی یەکەی وەک یەک چین، گرنگی پێک هاتنی دەووڵەتی نەتەوەیی بووە ئەرکێک و جێ بەجێ کردنیشی بووە هۆیەکی گرنگی لەسەر پێ ڕاوەستانی ئەو سیستەمە و بۆ ماوەیەکی درێژتر ژیان بگوزەرێنێ.

لەلایەکی ترەوە لە ڕێگەی کۆلۆنیال کردن و داگیرکاری و خزاندنی چەند نەتەوەیەک لە چوارچێوەی سنوورێکداو دەسەلاتی گرتنە دەستی یەک نەتەوە بووە هۆی دەرکەوتنی کێشەیەکی گرنگی ئەم سەردەمەو کۆسپێک لەسەر ڕێگای خەباتی ئەنتەرناسیۆلیستی و چینایەتی چینی کرێکارەوە، لە ڕێگای ئەوەی کە هۆشیاریەکی نەتەوەیی ئاوەزی ئەو چینەی دادەگرت و مەسەلە بنەڕەتی یە چینایەتی یەکەی خۆی دەگۆڕی بەمەسەلە و کێشەی نەتەوایەتی بەناو نەتەوەکەی خۆی لە ڕێگەی ژێردەستە و سەردەستەی نەتەوەیی ترەوە. لەلایەک ئەم مەسەلەیە هۆیەکی بنەڕەتی یەو بۆ بەردەوام بوونی کێشەی ڕامیاری لە ناو یەک چینداو هەروەها هێشتنەوەی دەسەلاتی سەرمایەداری یە وەک دەسەلاتی چینایەتی چەوسێنەری چینی کرێکار بە سەرکۆمەڵدا.

ئێستاش بەپێی پراگماتیزمی ئیمپریالیزم، هێشتنەوەی ئەم کێشەیە بووەتە بەشێک لە جێ بەجێ بوونی ڕامیاری وهەندێک جاریش چارەسەرێکی نیوە ناچڵ و لەڕێگەی(NU)ەوە بووەتە بەشێکی ڕاڤەکردنی ڕامیاری ئیمپریالیستیانەی دەوڵەتە زل هێزەکانی گێتی، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەم پایەی ڕامیاری و ئابووری خۆیان دەسەلاتدار بکەن و لەلایەکی تریشەوە ئۆرگانە گەشەکردووەکانی ئابووری وولاتان ڕووبەڕووی شکست و تەنگژە بکەنەوە.یان ڕەواندنەوەی تەنگژەی خۆیان و گوێزانەوەی بۆ ناوچەیەکی تر بەئەنجام بگەیەنن. بۆ نموونە لە ئەمریکاوە ڕەش پێستەکان و کۆچ کردوەکان و نەتەوەکانی تر پلەدوون، بەلام لە لایەکی ترەوە داخوازی چارەسەرێکی هەندێک کێشەن و مانەوەی هەندێک کێشەی تر لەڕێگەی ( UN ) وە بەگرنگ دەزانن.

هەموو ئەو كێشانەو كێشەی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری تر كاریگەری لەسەر هەندێك لایەن و ڕێكخراو و حیزب داناوە. ڕێگە چارە و خۆ قوتاركردن لە ناوكی هێزی جووڵەو بزاوتی ئەو كێشانە بووە بەكێشەیەكی گرێ كوێر خواردووی و نەكراوە بەهۆی ئەوەی نەبوونی توانای ئاوەزشكان بە ناوك و كاكڵەی پێكهاتی بابەتی كێشەو مل ملانێكان. بەمانایەكی تر دووبارە كردنەوەی ڕامیاری یەكانی ناو پرۆژەكانی( UN) و دەورانی ڕابردووی خەباتی چینایەتی چینی كرێكار بە شێوەیەكی تر جێ بەجێ دەكەن.

واتا لەسەرەتای ڕێگا چارە بۆ كێشەی نەتەوەیی لە عێراقدا، كاكڵەی هەمان بڕواو بۆچوون هەبووە لە سی یەكانی سەدەی بیستدا. ئێستای پارتە چەپ و ڕاستەكان ڕاڤەی دەكەن و لە چوارچێوەی نووسراوێك یان گوتارێكی میتافیزیكدا بەدەری دەخات، لەمەڕ ڕفراندۆم و سەرپەرشتی كردنی لەلایەن كۆمەڵەی ئاسایشی نەتەوەكان، هەمان ڕامیاری ئێستایان هەڵئینجاوی لاسایی كردنەوەی سیاسەتی ڕابردووی چەپی عێراقە. لەو ڕابردوودا لەژێر كاریگەری بڕواو بۆچوونەكانی سۆڤیەت و پەیمانگای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵات ناسەكاندا بوو.

لەم سۆنگەیەوە و لە ڕێگەی پەیمان و ڕێگەچارە ئیمپریالیستی یەكانی دەكرد بە ڕێگا چارەو،خواستە چەپی یەكانی ناوبزاوتی چینی كرێكار و بزاوتنەكەی بە ڕێگەیەكی گونجاو و شیاوی چارەسەركردن بێت. جارێكی تر پاش زیاتر لە شەست ساڵێك هەمان میتۆد، هەمان پرەنسیپ دووبارە كرایەوە لەلایەن چەپی كوردستانی عێراق و ئێرانەوە.

بێگومان دەرچوون لە تەوەرەی خەباتی ئەنتەرناسیوونالیستی و ڕێگە چارەی چینایەتی و هاو خەباتی چینی كرێكار كێشەی بیۆس پۆلتیكوس ئەو میتۆدە بوو. بۆیە ئەو كێشەیە لەئێستادا و لە ڕابردوودا جەختی لەسەر ئیرادە و هوشیاری چینی كرێكار لە گۆڕاندا نەدەكردەوە وبەڵكو ئیرادە و خەباتی چینی كرێكاری پێش كەش بە ڕامیاری ومیتۆدی(UN) و ڕامیاریە ئیمپریالیستی یەكان دەكرد.

ئەم تێڕوانینە زیاتر لە نووسراوی ( مەسەلەی نەتەوایەتی و خۆش باوەڕی ووردە بۆرژوازی ) دا باس و پەیڤێكی زێترمان لەسەر كردووە. لەبەرئەوە دووبارە كردنەوەی دەگێڕمەوە بۆ خوێندنەوەی گوتار یان نامیلكەكە.

بەڵام لێرەدا دەچینە سەر ئەو پێشنیارانەی كە بزووتنەوەی بنیاتنان لە كۆنفرانسی دووەمیاندا دەریان بڕیووە لەم ڕوووەوە (نزار عبدالله ) لە لێكدانەوەی دوا گۆڕانكاریەكانی ڕەووشی ڕامیاری عێراق و هەڵوێستی ئەواندا. بەم شێوەیە چارەسەری كێشەی نەتەوایەتی كورد دەكات لە چوارچێوەی عێراقداو دەڵێت [ هەڵبەتە تەرحی ڕیفراندۆم بۆ

چارەسەری ستەمی میللی ئەمیش چارەسەریکە، بەلاّم خودی ئەمەش مەسەلەیەک نی یە خۆی لە خۆی دا باس بکریّ و تەنانەت پاشگروپیّشگری بۆ زیاد بکریّ لە بابەتی بزووتنەوەی ریفراندۆم و ئەم جۆرە مەقولاتە زهنیانە. ریّکخستنی ریفراندۆمیّک وەکو ریّگا چارەیەکی کەم دەردی سەری، لە گرەوی فەزایەکی سیاسی موناسیب و پەرەگرتنی ریّگاوچارەی رادیکالّ و شۆرشگیّرانەدایە. تەرحی فەوری ریفراندۆمیّک لەم فەزایەی کوردستاندا و بەم ململانیّ و کیّشمەکیّش وسات و سەودایانەی بۆرژوازی و بەم نائامادەیی یانەی چینی کریّکارەوە، تەرحیّکە بەروالّەت رادیکالّە، بەلاّم نەعەمەلی یەو نە ئیمکانی جیّ بەجیّ بوونی هەیە ( ل160_161_باس و بەلّگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادران ... عیّراق _(کانوونی دووەمی _2000 )] لەم پەرەگرافەدا ئەوە دەبینریّت کە دیدگایەکی روون لەسەر ریّگای چارەی ریفراندۆم نابینریّت. چونکە دوا لیزمەی تیّروانینەکان دیفاکت نی یە و نەگەتیڤی دیدوو نامادەی رانانەکان دەردەخات.

بە دیدی من مەسەلەی ریفراندۆم لەژیّر چاودیّری (UN) دا بە دەستەوەدانی ریّگا چارەی ئیمپریالیستیانەیە بە رامیاری و میتۆدی (UN).واتە دیل بوونی ریّگا چارەی زانستی و کۆمۆنیستی یەکانە بەریّگا چارەیەکی ئیمپریالیستی، لەمەوە ئیتر مەسەلەی رەووشیّکی رامیاری گونجاو و ریّگاچارەی رادیکالّ و شۆرشگیّرانە ناتوانیّت وەلاّمی پراو پری ئەو مەسەلەیە بیّت. چونکە فۆرمی ریّگاچارەکە بە میتۆدیّکی بۆرژوازییانەی (UN) دا چارەسەری وەردەگریّت. واتە کیّشە لەسەر ئاوەلاّبوونی رەوشی رامیاری نی یە، بەلّکو وەلاّم و خواستی ئەو ریّگا چارەیەیە لەکیّشەی نەتەوایەتی کورد لە عیّراق و ئیّراندا. لەگەلّ ئەوەشدا ئەم فۆرمە دوور دەکەویّتەوە لە ریّگا چارەکانی مارکسیزم و ناتوانیّت رەوشی نەگەتیڤانەی رامیاری ئەو کیّشەیە بنەبر بکات.

نزار عبدالله ئەو پیّشنیارەی قبولّە تەنها لەبەرئەوە ناچنەسەری کە رەوشی رامیاری بەگونجاو نازانن. ئەگینا بەروالّەتیش بیّت پیّیان رادیکالّە. ئیمەی کۆمۆنیستە زانستی یەکان ریّگا چارەی کیّشەی نەتەوایەتی نابەستین بەکیّشەو مل ملانیّکانی سەرمایەداری یەوە. واتە کەم و زۆری چارەکردنی کیّشەکان لە هەلّچوون و داچوونی رەووشی رامیاری و ئابووری جیاوازدا دانانیین. بەلّکو ئەیبەستین بە بوونی مادییانەی کیّشەکەوەو میّژووی کیّشەکە سەرچاوەی بۆ وەلاّم دانەوەی، لە رەوەندی میّژووی خۆیداو لە ریّگەی ئەوەی کە بەربەستیّکە لەبەردەم چوونە پیّشەوەی

هاوخەباتی چینی کرێکار لە ناوچەکە و گێتیدا. دەبێت بەهەرشێوەیەک بێت ڕامیاری نەتەوەپەرستی و مانەوەی کێشەی نەتەوایەتی یەکان تێک بشکێنیین.

لەرێگەی هوشیارکردنەوە و دانانی پرۆسیسی رێگە چارەیەکی زانستی یانەی مارکسیستی، ئێمە هەوڵ بۆ لەبەین بردنی هەست و سۆزی نەتەوەیش دەدەین و دەمانەوێت رێگە چارەکان نەبێتە هۆی دروستکردنی چوارچێوە و سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی و هەست و سۆزی نەتەوەیی لە دیدو بۆچوون و هەڵسوکەوتیاندا بەرجەستە ببێت، بێجگە لە وەی کە ڕێگا چارەی (UN) بۆ ئەو کێشەیە لە سەردەستی بۆرجوازی و سەرمایەداری جێ بەجێ نابێت و رێگە چارەیەکی بۆرژوازییانەیە. هەروەها ناتوانێت ڕێگا چارەیەکی کۆمۆنیستی و کرێکاری بێت و خواست و بەرژەوەندی یەکانی ئەو چینە بباتە پێشەوە.

نزار عبدالله ئەو ڕێگا چارەیەی بەتەواوی پرۆتستۆ نەکردووە. بەڵکو هۆو بەرئەنجامی جێ بەجێ نەبوونی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە چینی کرێکار نائامادەیەو، ڕەوشێکی شۆڕشگێڕانە بوونی نی یە. ئەمانە تەنها پۆزشی ووردە بۆرژوازی یەو هەڵوێست و کرداری ڕاستەوخۆ و دابڕاو نی یە لەبۆرجوازی.

بێگومان نزار عبدالله دەڵێت دەمانەوێت ڕێگا چارەیەکی لینینی پەیڕەو بکەین لەسەر کێشەی نەتەوایەتی کورد و لەهەڵوێستەکانماندا جێ بەجێ یان بکەین. بەڵام نازانین چۆن و بەچی ڕێگا و تێڕوانینێک ئەو هەڵوێستە جێ بەجێ دەکەن ؟ چونکە هەتا ئێستا هیچ نووسراوێکی وایان نی یە، کە بەتەواوی لەسەر کێشەی نەتەوایەتی بدوێت و ڕێگا چارەکانیان دەربخات. بەڵام تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی ووتەزای بڕواکانی لینینەوە(تەنها بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە) دەکەن بە بەڵگەی ڕێگە چارەی جیاواز و لێک دابڕاویان لە (حککع)و (حککا) و (ک_ک)ی.

بەڵام وەڵام دانەوەی هەموو ڕێگە چارەیەک پێویستیان بە ڕوونکردنەوەی هێڵەکانی ڕێگە چارەکەیەو بەووردی لە ڕامیاری و پەیامەکانی بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی تێکەڵ و پێکەڵ نەکرێت لەگەڵ ڕێگەچارەی سەرمایەداری و بۆرژوازییدا. هەتا ئێستا (کاتی نووسینی ئەم پەرتوکە ) لەو پەرەگراڤەی نزار دا دیار نی یە کە پرۆتستۆی ئەو پێشنیارو هەڵوێستانەی (حککع) و (حککا) دەکەن یان پرۆسیسی هەمان ڕامیاری و میتۆد دەکەن.

هەروەها نزار عبدالله پێی وایە کە خەڵکی کوردستان مەیل و خواستیان جیابونەوەی کوردستان نی یە. ئیتر بەهەر شێوەیەک بێت و یان فۆرمی جیابوونەوەی کوردستان لەلایەن پێشنیارەکانی (کۆمۆنیزمی کرێکاری) و مەنسوری

حیکمەتیشەوە بێت خەڵکی کوردستان خواستێکی دێرین و مێژوویی یەتی چونکە لە ڕێگەی ناهوشیاری یەوە هەموو مەینەت و دەردەسەری یەکانی لەم سیستەمەدا بەهۆی بەرەنجامی چەوسانەوەی نەتەوایەتی یەوە گرێداوە. بۆیە خواستی هەموو سات و ڕۆژێکی یەتی.

لەم سۆنگەیەوە ئەو درکەی نزار ڕاست نی یە، هەتا هەل و مەرجی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی جیهانیش ڕێگیربێت، چونکە جیابوونەوەی کوردستان بەهەر شێوەیەک بێت ئاواتێکی دێرینی خەڵکی کوردستان و کرێکارانی یەتی. بەڵام ئێمە هەموو جیابوونەوەکان و فۆرم بۆ جیابوونەوەکان بەهەند وەرناگرین. چونکە ناتوانین فۆرمێکی بۆرژوازی و وورده بۆرژوازی بەسوود و قازانجی چینی کرێکاری وەربگرین.

لەم سۆنگەیەوە کێشەی ئێمە لەگەڵ ڕێگەچارەکانی و هەوڵەکانی ناویەتی لەپێناوی جیابوونەوەدا. بۆیە ئیترخەڵکی کوردستان فۆرمی ئەمیان بەدڵە یان هی ئەویان پرۆتستۆ دەکەن. کێشەیەکە پەیوەندی هەیە بە هوشیاری ئەو چینەوە چونکە هەتا ئێستاش چینی کرێکاری کورد و عەرەب هوشیاریان لەسەر پەیوەندی چینایەتی و هەمەئاهەنگی یان نی یەو ژەهر خواردی نەتەوەیی کراون و جەستەیەکی بێ گیانن لە بەرامبەر هەموو پێشنیارەکانی وورده بۆرژوازی و بۆرژوازیدا. لەبەر ئەوە نابێت بە هەر شێوەیەک بێت جیابوونەوە و جیانەبوونەوە بەهەند وەربگیرێت. ئەگەر جیابوونەوە لە ڕێگەی زامن کردنی بەرژەوەندی یەکانی چینی کرێکارەوە نەبێت و لە پێناوی زیاتر گەشە و چوونە پێشەوەی خەبات و تێکۆشان و ستراتیژیەتی یەوە لە مێژوو بە ئاڕاستەی ڕەووتی مێژوو نەبێت، ڕێگەیەکی پووچ و بەتاڵە. ئەو دەستە واژانەی کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی(حککع)دەری دەبڕن و جیابوونەوە بە هەرشێوەیەک بێت پێیان باش و ڕاستە. بە بەڵگەی ئەوەی کە هیچ نەبێت چینی کرێکار لە مەسەلەو کێشەی نەتەوایەتی ڕزگاریان دەبێت و...هتد. بەڵام ئەم دیدگایە نادروستە. چونکە زۆرترین جارەکانی جیابوونەوەش ئەگەر بە هوشیاری یەوە نەبێت، دیدگای نەتەوەیی و هوشیاری نەتەوەیی دەبێتە بەشێکی گرنگ و گەورەی هەڵسوڕاوان و پارێزگاری کردن لە سنووری وولاتی خود. بەڵام بێجگە لەوەی کە (حککع)بەشێکی گرنگی جیابوونەوەی کوردستان بەووەوەگرێ دەدەن کە هیچ نەبێت کوردستان دەچێتە چوارچێوەی سنور و ناوی وولات و بە وولات دەست نیشان دەکرێت ئەمە بێجگە لە ڕامیاری و بەرژەوەندی بۆرژوازی کوردی و ئەگەر عەرەبی نەبێت هیچی تر نی یە .

هەروەها ئەو تێڕوانینەش بەشێکی گرنگی تێڕوانینەکانی ووردە بۆرژوازی و بۆرژوازی و ئەگەر سەرمایەداران هەبن پێک دەهێنێت. ئەمەش ناتوانێت ببێت بە دیدگاو بۆچوونی ئێمە و پێشنیاری کۆمۆنیستەکان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی کوردستان دڵیان بە ڕامیاری و میتۆدیکی ئاواش ئاو بدرێت، دەبێت کۆمۆنیستە زانستی یەکان لە هەموو کێشەکاندا ڕەدووی ڕامیاری و ئامانجێکی بۆرژوازی نەکەون و هەر کارێک کە دەکرێت و پێشنیاری دەکەن، دەبێت لە لێکدانەوەکانیاندا بە تەواوی ڕەچاوی چوونە پێشەوەی خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی ستراتیژی چینی کرێکاری تیادا بکرێت و لە سۆنگەی ئەوەوە بڕیار لەسەر میتۆد و فۆرمە ڕامیاری یەکانی بدرێت. ئەگینا بە ڕیتم و ئاوزانی ڕامیاری و بەرژەوەندی یەکانی سەرمایەداریدا گۆڕانی چۆنایەتی وەک ئەوەی کە (حککع)و(حککا)تیایدا بوونەتە فاکتەری جێ بە جێ کردنی ئاوات و ئامانجەکانی سەرمایەداران .

نزار عبدالله لە هەمان توێژینەوەدا، یەک دیدی و یەک میتۆدی بە شێوەیەکی جیاوازی دەستەواژەیی لەگەڵ (حککع)و (ک.ک)دا، پەیڤینی خۆی دەکات. دەیەوێت ڕێگە بگرێت لەوەی کە ڕژێم بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەڵێت [ بە ئاشتی بێت یان بە شەڕ. ئەمە پێویستە ببێ بە هوشیاری گشت خەڵکیش. لەبەر ئەوە تەحریم کردنی گەڕانەوەی ڕژێم پێویستە شیعاری سەرەکی ئەم دەورەیە ئێمە بێت.(ل162-باس و بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی دووەمی کادرانی......عێراق-کانوونی دووەم-2000] پەیڤینی ئەم پەرەگرافەی نزار عبدالله لە کۆنفرانسی دووەمیاندا، جیاوازی نی یە لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانەکانی (حککع)لەو پێناوەدا. ئەوانیش جیابوونەوە تەنها لە پێناوی ئەوەدا بەیان دەکەن کە ڕژێم نەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. بەڵام ئەم هەوڵانە هەموو کێشەی پەیڤینە و لە پڕاکتیکیدا جێگایان چۆڵە. لەبەر ئەوەی لە پلان و پرۆسیسدا ئەرکی نەگەڕانەوەی بە شێوەیەکی گرنگ و هەمەلایەنەی پرۆتستۆ کردنی بەرجەستە نی یە، لەبەر ئەوەی ڕامیاری ڕێنوێنی پڕاکتیک تێکەڵ و خواستی ووردە بۆرژوازیانەی هەیە. چونکە هەتا ئێستاش ئاڕاستەی ڕەوشی ڕامیاری بە دەستی ووردە بۆرژوازی و حیزبە ناسیووناليستەکانەوەیە .

کێشەی ئاشتی لە جیابوونەوەی کوردستاندا و سەپاندنی داخوازی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان مەسەلەیەکی مەحاڵە وە ناتوانرێت وەک ئاسۆی ئایندە چاوی لێ بکرێت. چونکە شەڕ و ماهیەتەکانی بەشێکی گرنگی وەڵامەکانی سەرمایەداری یە لە بەرامبەر هەر گۆڕانکاری یەکی دڵخوازی خۆی نەبێت و لەگەڵ بەرژەوەندی یەکانیدا جووت نەیەتەوە، بەڕاستی پرۆتستۆ کردنی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی سەرمایەداری عێراق، لە هەموو ساتەکاندا

مەسەلەیەکە پەیوەندی بە ڕەوەندی پێشوو و ڕەوشی ڕامیاری و هەل و مەرجی پرۆسەی کار کردن و بەرهەم هێنان و دیالێکتیکی پەیوەندی کرێکارانی کورد و عەرەب و سەرمایەدارانەوە هەیە. چوونکە زاڵبوونی ڕامیاری پان عەرەبیزم و گۆش کردنی ئەندامانی عێراق و دروست کردنی پەیوەستی مەسەلەی نەتەوایەتی و پەیوەست بوون و پابەندی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی پێوە بووەتە بەشێکی گرنگی ژیانی کرێکاران. کەواتا پرۆتستۆکردنی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەند لە عێراقدا و هەروەها جیابوونەوەی کوردستان بە ڕێگا چارە کۆمۆنیستی و مارکسیستی یەکەی خواستی هەموو ڕۆژێک و ئەرکی هەموو ساتێکی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکانە هەتا کاتی وەڵام وەرگرتنەوەی ئەو کێشەیە .

لێرەدا و لە لایەکی ترەوە نزار عبدالله دوای چەند ڕستەیەکی کورت دیدگایەکی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەیان دەکات و دەیکاتە هۆیەک لە هۆیەکانی چارەسەری و ڕێگا نزیکی، لە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بەم شێوەیەی بەیان کردووە [ دیارە بەو پلەیەی دەتوانین چینی کرێکار ڕێکخراو بکەین، بزووتنەوەی کرێکاری ببوژێنیتەوە و ئەم تەحریمە بسەپێنین، زیاتر لە چارەسەری ستەمی میللی نزیک دەبێتەوە، زیاتر دەتوانین کوردستان وەکو مەرکەز و ناوەندێکی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ بە نیسبەت کولی عێراقەوە بپارێزین و کەڵکی لێ وەربگرین بۆ بەهێزکردنی بەرەی شۆڕشی کرێکاری لە عێراقدا.(ل162-هەمان سەرچاوەی پێشوو)] ئەم ڕانانە بە هۆکردنەوەی نەگەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەند یەکێک لە دەربڕین و پێشنیازەکانی ئۆپۆزسینی بۆرژوازی عێراقی یە بە هەموو باڵ و لایەنەکانی یەوە هەروەها هەمان دیدگای هەیە لەمەر کوردستان کردن بە ناوەندی هێرش کردنە سەر عێراق و دەسەڵاتەکەی و ڕووخاندنی .

هوشیار کردنەوەی چینی کرێکار لە پێناوی تەنها مەبەستێکدا و لەو ڕێگەیەوە کردنی بە هۆیەک بۆ ئەوەی پرۆتستۆی هاتنەوەی ڕژێم بکات و ببێتە هۆیەک بۆ چارەسەر و یان ڕێگەیەکی نزیک لە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و بە ڕاستی خۆش باوەڕی وردە بۆرژوازی یەو ئەمەش وەکو خۆی دەڵێت زهن گەرایی و لە ئاوەزێکی ڕاسیۆنالیستی یە وە سەرچاوەیان گرتووە. بەهۆی ئەوەی کە دیدگایەکی ڕوون و ئاشکرایان نی یە لەسەر چارە سەری کێشەی نەتەوایەتی، ڕوانگەکان بە شێوە و ڕووکاری جیاوازەوە دەچنەوە سەر یەک مانا و مەبەست،و بە یەک میتۆد دەریان دەبڕن. هەوەها ئەمەش زۆر زۆر ناڕاستە کە کێشەیەکی نەتەوایەتی وەک ئەوەی کورد بە شێوەی زۆر نادروست و دوور لە دیفاکتۆی چارەسەری و ڕزگار بوونی چینی کرێکاری کورد پێشنیاری لێکدانەوە و بۆچوونەکانیان بکەن .

پرۆتستۆی گەڕانەوەی ڕژێم بەڵگەی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی نی یە. بەڵکو دەتوانێت بەشێکی زۆر بچووکی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی بێت ئەویش تەنها لەو ڕوانگەیەوە کە دەسەلاتی بۆرژوازی و سەرمایەدارانی عەرەب بەسەر بزووتنەوەی چینی کرێکاری کوردەوە لادەبرێت.. ئەگینا ئەو پرۆتستۆیە ناتوانێت چارەسەری بنەڕەتی بێت و تەنها وەلام بێت وەک ئەوەی کە (حککع)و نزار عبداللە و دەستەکەیان بڕوایان وایە. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لەلای نزار عبداللە فۆرمێکی زۆر جیاوازی وەرگرتووە لەوەی کە شۆڕش بە مانا زانستی یەکەی بەیان بکرێت. واتا نابێت ڕەوشی شۆڕش لەسەر کۆمەڵگایەک تەنها لە یەک دیدگاو لەیەک گۆشەی بچووکی یەوە ببینین. لەبەر ئەوەی شۆڕش ماهیەتی پەلامار و هێرش بردنی هەیە. بێجگە لەوەی کە ستراتیژ و هەروەها ڕێگە و ڕوانگەی جیاوازی خۆشی هەیە. کەواتا نابێت تەنها شۆڕش فۆرمێکی بچوک و بەرتەسکی هەبێت.لەبەر ئەوەی لەلایەک چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی لە دیدو ڕەهەندیاندا ڕێچکەیەکی بۆرژوازییانەی بە خۆوە گرتووە. لەلایەکی تریش دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە بە ناوەندکردنی شۆڕش لە عێراقدا، کوردستان بکەنە بارەگا و جێگای شۆڕشی کرێکاری .

ئەگەر فۆرمی چارەسەری کێشەکان کرێکاری نەبێت ئیتر چۆن و بە چ ڕێگایەک دەتوانن شۆڕشی کرێکاری بەرپابکەن! بێگومان تەنها دانانی ڕستە و دەستەواژە ڕیزکردنە و هیچی تر. ئەگینا هەتا ئێستا فۆرمی شۆڕش و خەبات لەو پێناوەدا و هەوڵ و ڕوون کردنەوەی ئامانجەکانی شۆڕش بوونیان نی یە لە هزری یاندا .

لەلایەکی ترەوە ناکرێت پلاتفۆرمی (نان،کار،ئازادی،حکومەتی شورایی)بکەن بە ئەلتەرناتیڤ و ڕێگا چارەی دەسەلاتی سەرمایەداری. بێگومان ئەم پلاتفۆرمەش هەمان ناوەڕۆکی پلاتفۆرمی (ئازادی، یەکسانی،حکومەتی کرێکاری،یان جمهوری سۆسیالیستی)یان هەیەو، لە بەشی دواتردا دەچمە سەریان. بێگومان زۆر خەیاڵیانە و ڕاسیونالیستانە پرۆسەی نوسین و پەیوەندی بە ماددیەتی سروشتەوە یان چاوبینی یەوە دروست دەکەن. ئەگینا وەڵامەکان و ڕێگا چارەکان فۆرمی جیاوازییان هەیە هەروەها وەڵامی زۆرترین بەشی کێشەکانمان لەم نووسینەو لە نووسینەکانی پێشتردا داوەتەوە دەتوانن بگەڕێنەوە سەریان .

لەلایەکی ترەوە (ئاسۆ غەریب) لە پەیڤینەکانی خۆیدا تێزی وایە کە ڕێگە چارەی لینینی بۆ کێشەی نەتەوایەتی کورد، ڕێگە چارەی شیاوو دروستی کێشەی نەتەوایەتی کورد نی یە لە عێراقدا. بە بەڵگەی ئەوەی لە گۆڕانی ڕابردووی مەسەلەی نەتەوایەتی و داخوازی لەسەر ئەو گۆڕانە هۆیەک بووە بۆ جێ گرتنەوەی ئابووری یەکی

پێشكەوتوو بە ئابوری یەكی دواكەوتوو. لەو ڕێگەیەشەوە ڕەووشی كۆمەڵایەتی دواكەوتوو تێ دەپەڕێنێت و ڕەووشی كۆمەڵایەتی پێشكەوتوو شارستانی دادەمەزرێت. بەڵام تەنها ئەمە هۆیەک نەبووە لە ڕێگە چارەكانی كێشەی نەتەوایەتی لە ڕووسیادا، چوونكە لە كاتی خۆیدا ڕووسیا لەچاو وولآتانی تری ئەوروپادا لە هەموو ڕوویەكی بەرهەم هێنانەوە لە شوێنێكی زۆر لە دواوە جێگای گرتبوو. واتا ئەمە تەنها بە كارهێنانێكی بەو شێوەیە نەبوو كە (ئاسۆ غەریب) دركی بۆی هەیە. واتا كێشەی نەتەوایەتی و وەڵام وەرگرتنەوەی، پەیوەندی بەوەوە هەیە كە مەسەلەیەكە لەو مەسەلانەی كە ڕێگری لەبەر دەم هاو خەباتی و یەک ریزی چینی كرێكار دەگرێت و لە هێز و ئنرێژی خەباتیان كەم دەكاتەوە و هەندێک جاری زۆریش دەكەونە بەرەی دژ بە یەک و لە سەنگەری جیاوازی یەكتریدا ئەجەنگن. بۆیە كێشەی نەتەوایەتی لەلای لینین و هەروەها بە دووبارە كردنەوەی هەمان تێڕوانینی ماركسیش لەسەر ئێرلەندا و ئینگلترا، لە هەموڵی ئەوەدابوون كە ئێرلەندە جیا بێتەوە لە ئینگلترا بۆ ئەوەی بتوانن كرێكارانی هەردوو لا لەیەک بەرەدابن و لە سبەی ڕۆژی جەنگی چینایەتیاندا دوو سەنگەری جیاواز لە یەكتری نەگرن .

ئیتر ئەو ئاوزانەی (ئاسۆ غەریب) ئاوزانێكی نا ماددی و نابابەتی یە، بۆیە ناتوانێت لە بەهای هزری بیر و بڕواكانی لینین و ماركسەوە سەرچاوە بگرن. تەنها لێكدانەوەی ئەندێشەی خۆیەتی و بەكارهێنانێكی ئاوەزیانەی تیادا پرۆسیس كراوە ئەگینا دیڤاكتۆی ڕووداوەكانی ڕابردوو و لە ئێستاشدا هەرچەندە جۆرەكانی یان ئاستی گەشە و دواكەوتنەكانیان لە یەكتری جیاوازبێت، ناتوانێت كاریگەری لەسەر جۆری داخوازی یەكان لە كێشەیەكی نەتەوایەتیدا بگۆڕێت، وەک ئەوەی كێشەی نەتەوایەتی و وەڵامدانەوەی بە ڕێگای دابین كردنی مافی چارەی خۆنووسین، بگۆڕێت بە وەڵامێكی تر، لەبەر ئەوەی ئێمە سەردەم و سیستەمی سەرمایەداریمان تێ نەپەڕاندووە .

لە مێژووی سەرەتایی دروست بوونی ئەو سیستەمەو لە ئێستاشدا كێشەی نەتەوایەتی هۆیەک بووە و هەم بۆ ئیستثمار كردنی (وەبەربردن)ی ناوچەی كێشەكە و هەم بۆ شێواندنی خەباتی چینایەتی بە خەباتی ناسیونالیستی و دابڕانی یان لە هاو خەباتی چینایەتی چینی كرێكاری ناوچە جیا جیاكان. بێجگە لەوەی سیاسەتی ئیمپریالیستی لە ڕێگەی ئەو كێشانەوە زیاتر و زیاتر دەتوانێت دەرگای چوونە ناوەوەی بۆ ناوچە جیا جیاكان بكاتەوە و هەروەها درێژە بە دەسەڵاتی سەرمایەداری بدات .

بێجگه له ڕابردوو و لەلایەکی ترەوە و له سۆنگەی بیر و بۆچوونی (ئاسۆ غەریب) له کۆنفرانسی دووەمیاندا بڕوای وایه لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی [ من پێم وایه کێشەی میللی له هەلو مەرجی ئەمڕۆدا جیاوازی یەکی هەیه لەگەڵ سەردەمی لینیندا. کاتێ لینین ئەم شیعارەی بەرزکردۆتەوە بە جێی خۆی مەسەلەیەکی دروست و تاکتیکێکی ڕەوا بووە له چوارچێوەی کوللی سیاسەتی کۆمۆنیستی کرێکاریدا، بەڵام لە زەمانێکدا کە لینین تیا ژیاوە، کۆتایی هێنان بە کێشە میللی یەکان، کۆتایی هێنان بە ستەمی میللی و تەنانەت دەرکێشانی سەربەخۆی میللی لەژێر دەستی ئیمپریالیزم سەرباری مەکانی بوونی، خۆی ڕێگەیەکیش بووە بۆ گەشەی ئابووری سەرمایەداری و زاڵ بوونی بەسەر ئابووری دواکەوتوودا و بەو مانایە هەم لە بارەی ئابووری و هەم لە باری کۆمەڵایەتی یەوە ئاڵووگۆڕی بە قازانجی سیاسەتی کۆمۆنیستی بە وجود هێناوە، بەڵام لە حاڵەتی ئێستادا هیچ حاڵەتێکی لەو بابەتە مەوجود نی یە،...(ل188-189-باس و بەڵگە نامەکانی کۆنفرانسی دووەمی...کانوونی دووەم-(2000)] ئەم پەیڤینەی (ئاسۆ غەریب) لەسەرەوە پەیڤی خۆمان لەسەر ئەنجام داوە. ئەم لێکدانەوەیەی (ئاسۆ غەریب) بێجگە لە ئایدیالیزم هیچی ترنی یە. لە ئێستاشدا مەسەلەی دواکەوتووی ئەو ناوچانەی کە کێشەی نەتەوایەتی تیادایە، لەلایەنێکی ڕوون و ئاشکرای ژیان و پرۆسەی بەرهەم هێنانی یەتی .

بێجگە لەوەی کە بەدەستی ئەنقەستیش بێت ئەو ناوچانە دەکەنە ناوچەیەک کە هۆیەکانی بەرهەم هێنانی لێ دابڕن. لەبەر ئەوەی هەرکاتێکی جیابوونەوە و سەر بە خۆییان ئەگەر سیاسەت و ئامانجێکی کرێکاری و کۆمۆنیستی سەرمەشقی نەبێت. ئەوا ناوچەیەکن بە بەردەوامی بۆ گوێزانەوەی ڕامیاری مۆنۆپۆلی و پڕاگماتیانەی وەبەربردن. هەروەها بێجگە لەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی و بیری نەتەوایەتی دەبێتە هوشیاریەک و بۆ ماوەیەکی درێژتر لە بیردانی مرۆڤی کرێکاردا جێگە دەگرێت .

له سۆنگەی ئەمانەوە ڕێگە چارەی کێشەی نەتەوایەتی فاکتەرێکی تاکتیکی یە بۆ گەشەی زۆرتری خەبات ی چینایەتی و هەم وەڵامێکی پڕاکتیکی کۆمۆنیستەکانە بە داخوازی و تێوەگلانی چینی کرێکار بە کێشەکانی سیستەمی سەرمایەدارییەوە و، جێ بە جێ کردنی هەموو خواستەکانی مرۆڤە بەپێی گەشە و ڕەوەندی چوونە پێشەوەی مرۆڤ بۆ ژیانێکی دادپەروەرانە و ئازادی و یەکسانی نێوان مرۆڤ بێت لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمۆنیستی یدا. واتە

مانەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی چینی کرێکاری نەتەوەیەک لەگەڵ ژیانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادایە، تا چرکە ساتی ژیانی ئەو ژیان دەکات، کە بەرجەستەی ژیانێکی پێکەوەیی و هاوبەشی مرۆڤ دۆستی دەگوزەرێنن .

ڕێگە چارەی کۆمۆنیستەکان بەو شێوەیەی سەرەوەیە، کە خستوومانەتە ڕوو. بەم پێ یە نابێت خواستی جیابوونەوە لەسەر گەردانی ڕامیارییەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو خواستی جیابوونەوە لە پەیوەندی مێژوویی چینی کرێکاری نەتەوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و چۆنیەتی پەیوەندی یەکەیان دەتوانێت دەست نیشانی ئەو داخوازی یە بکات. لەبەر ئەوە خواستنی مافی چارەی خۆنووسین خواستێکی بەر هەقی چینی کرێکارە لە ئێستاو ئایندەشدا، هەروەها لە ڕابردووشدا زانستی بڕواو بۆچوونەکانی چینی کرێکاری دەنواند. دەربڕینی داخوازی (حككع)بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی لە ڕێگەی ڕیفراندۆم و چاودێری کردنی لەلایەن(U N) ەوە بۆ ئەم خواستنەش فاکتەری سەرگەردانی ڕامیاری و یان بێ ناونیشانی وولاتی بێت. بە شێوەیەکی چاوبینی ئەم دیدە لە بێ بەهایی دید و دەربڕینەکان و فەلسەفەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت و وەک کێشەیەکی ڕاست ڕووی مامەڵەی ناکرێت. ئەو خواستنەش وەک خواستی ناسیۆنالیستەکان یەک ڕیتم و میلۆدی دەخوێنن .

لەلایەکیترەوە حیزبە بۆرژوازی و وورده بۆرژوازی یەکانی تر کە خۆیان بە نوێنەری لیبرالیزم و پان ئیسلامیزم و نەتەوە پەرستی و نیشتمانیەکان، هیچیان ناتوانن وەڵامی پڕا و پڕی کێشەکە بدەنەوە و، ئەگەر وەڵامێکیش هەبێت، لە چوارچێوەی قازانج و ڕامیاری پراگماتی یانەی خۆیانەوە چاو لێدەکەن و دەیکەنە بنکەیەک بۆ سوود و قازانجی کۆمەڵێکی کەمی ڕێڤە بەرییەکەیان. دیدی چاوە چاوی بۆ .(UN) تیزێکی ڕازیبوون و خواستی ئیمپریالیزمی جیهانیشی بۆ دەستەبەر دەکەن .

لەبارەی پلاتفۆرم و ڕێگە چارەکانیان و، هەروەها دیدی ڕەدوو کەوتوویان بۆ ڕەوەندێک. کە دوای جەنگی سارد لە گۆڕەپانی ڕامیاری و بەرژەوەندی یەکانی جیهانی سەرمایەداری یدا هاتۆتە بوون. لەبەر ئەوەی لە ڕێگا چارەیەکی کۆمۆنیستی یەوە کار بۆ ئایندەی کێشەکەیان بە ڕێ ناکەن، هەر جارەی لە سنووریکەوە هێزێکی دەرەکی و وولاتێکی دراوسێیان دەهێننە گۆڕەپانی ڕامیاری و جەنگی سەربازی یەوە و دەیکەنە پشت و پەنا بۆ هێز و لەشکری خۆیان تا بتوانن پشتی مێملی خۆیان لە زەوی بدەن .

ئاسۆی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوان، تەنها پاوەن خوازی خێزانی و حیزبی یە و دوورە لە خواست و ئاواتەکانی چینی کرێکار و هەتا ئەندامانی نەتەوەکەشیان (بە بیری خۆیان). لێرەدا کوردستان بووەتە پرۆژەیەکی بازرگانی و لە ڕێگەی حیزبەکانەوە کە دەووری کۆمپانیا بازرگانی یەکانی تیادا دەبینن و سوود و قازانجە کانیان ی تیادا جێ بەجێ دەکەن. ئەگینا هیچ لایەکیان لە هەوڵی گۆڕان و جێ بەجێ کردنی خواستەکانی خەڵک بە مانای ووشەکەنی یە، بەڵکو ئاوات و خواستی کۆمەڵێکی کەمی خۆیان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە جێ بەجێ دەکەن. لێرەدا خەڵک ناخەمە ناو چوارچێوەی بیر و هۆشی خۆمەوە، تەنها گۆڕان کاری یەکان بە قازانجی چینی کرێکار لە ڕێگەی چینی کرێکاردا دەبینمەوەو یەکێک لە ئەرکە گرنگ و ڕۆژانەیی کانی ئێمەیە. ئەگینا (خەڵک) وەک ووشەیەک بێجگە لە ووشەیەک کە دەربڕی هەموو کۆمەڵی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ نەبێت هیچ کاکڵەیەکی تری تیادا نی یە .

کەواتا ئێمە ڕێگا چارەی لینینی و مارکسیستی ئێستاش بە ڕێگا چارەیەکی شیاو و زانستی دەزانین لەسەر ڕێگای چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی کورد لە عێراق و ئێران و هەموو ناوچەکانی تری گێتی یدا. ڕێگە چارەکانی تر بێجگە لەسەر لێشێواندن و ڕەدووی ڕامیاری و بەرژەوەندی یەکانی ئیمپریالیزم هیچی تریان لێ سەوز نابێت .

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

## -9-

## {ئەلتەرناتیڤ و حیزبەکان}

مێژوو پێکهاتی دەستی مرۆڤایەتی یە. ئەو کاتەی کە چەرخی مرۆڤایەتی پەیوەندی یە خێڵەکی یە ناچینایەتی یەکانی گواستەوە بۆ پەیوەندی چینایەتی،و تیایدا دوو چینی جیاوازی ژێردەستە و سەردەستەی لەسەر زەوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هێنایە بوون. ئەم گوێزانەوەیە کە لە ڕێگەی چاو چنۆکی مرۆڤە وە سەرچاوەی گرت و تیایدا دەسەڵاتی خۆی بە شێوەیەکی بەرە بەرەیی بەسەر مرۆڤەکانی تردا پرۆسیس کرد. و بەری ڕەنجی ئەوانەی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە بۆ خۆی دەبرد و زیاتر و زیاتر خاوەنداریتی بۆ مەیسەر و مسۆگەردەکرا و هۆیەکی کاریگەریش بوو لەسەر دامەزراندنی دەسەڵاتی دەوڵەت .

سیستەمی چینایەتی لەوکاتەی گوێزانەوەی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێ چینەوە بۆ پەیوەندی یەک لەسەر بنەڕەتی بەرژەوەندی دروست بووبێت، ئەوکاتە پێش هاتێکی گەورە بوو بۆ مرۆڤایەتی، چونکە زانستی ئەو پەیوەندی یەی گۆڕیوە بۆ پەیوەندی یەک، کە لە ناو خۆیدا هەڵگری گۆڕان و گۆڕانی بەردەوامی پێشکەوتوو ترەو مرۆڤ پێشهاتی زیاتری لێوە بەرهەم دەهێنێت. لە سۆنگەی ئەمەوە گۆڕانی کۆمەڵی خێڵەکی، بێ چین، بۆ کۆمەڵی چینایەتی، پێشهاتێکی گەورەبوو بۆ مرۆڤایەتی.و سیستەمە کۆمەڵایەتی یەکانی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری بە دوای خۆیدا هێناو پەیوەندی یەکانیان یەک بە دوای یەکدا بەرهەمی دوا بە دوای سیستەمەکانیان بەرهەم دەهێناو بە دوایدا شارستانیەت و شارنشینی پێک دەهات لەبەر ئەوەی شارەکانی دروست بوون، گەورەبوون و پێشکەوتن. بوو بە هۆی ئەوەی مرۆڤایەتی سیستەمی چینایەتی کۆیلەداری بکات بە ئەلتەرناتیڤی سیستەمی کۆمەڵایەتی بێ چین .

هەروەها لەناو سیستەمی کۆیلەداریش دا، بەهۆی گەشەی زیاتری بازرگانی وبەرهەم هێنانی کشتوکاڵی یە وە چینێکی تر و توێژ گەلێکی تری چەوسێنەری دەرەبەگایەتی پێک هاتوو سیستەمی دەرەبەگایەتیان کرد بە ئەلتەرناتیڤی سیستەمی کۆیلەداری.

هەروەها بۆ ئەلتەرناتیڤی سیستەمی سەرمایەداری لە بەرامبەر سیستەمی دەرەبەگایەتی دا، هەمان پێڕە و ڕاستە، واتا سەرجەمی سیستەمی گۆڕاو بریتی یە لە بنەڕەتی گۆڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری ڕابردوو بۆ سیستەمی ناو ژیاری مرۆڤایەتی ئەو ساتانەی کە ژیانی ئەو سیستەمانە زیندوو بوون. لە سۆنگەی ئەم لێکدانەوەیە وە ئەلتەرناتیڤ بوونی بنەڕەتی پێک هاتەیەکی تەواو گۆڕاوە لە ڕووەکانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی یەوە لەچاو سیستەمی پێشووتردا. بەم پێ یە کۆمۆنیستە زانستی یەکان ئەلتەرناتیڤی سیستەمی چینایەتی سەرمایەداری بە سیستەمی بێ چینی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو وەڵام دەدەنەوە .

واتە گۆڕانی بنەڕەتی یە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری سەرمایەداری بە پێک هاتووی یەکی ئابووری ڕامیاری لەسەرەتادا و دواتر بە پێک هاتوویەکی ناڕامیاری. لەبەر ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری، دەبنە بنەڕەتی پێوەندی مرۆڤایەتی سیستەمی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی. لەبەر ئەوەی فرماسیۆنە ڕامیاری یەکەی پێش ئەو سیستەمە چینایەتی یە لە پێک هاتەی ڕامیاری دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریادا خۆی دەنوێنێت. چونکە ئەم پێک هاتە ڕامیاری و چینایەتی یە، پێک هاتێکی ڕاگوێزەرە و ناتوانێت وەک سیستەمی سەرمایەداری لەسەر پایەی

چینایەتی خۆی بمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەرکەکانی ئەو سیستەمە ڕامیاری یە جیاوازی یەکی بنەڕەتی و گۆڕانکاری هەیە لەگەڵ سەرمایەداریدا. چونکە ئەو پایە ڕامیاری یە هەوڵی لە پێناوی نەهێشتنی پایەی چینایەتی خۆیدایە. بۆ ئەوەی پایەی ڕامیاری و چینایەتی و ئابووری سەرمایە داریش نەهێڵێت. بەم پێیە دەبێت ئەلتەرناتیڤی کۆمۆنیستە زانستی یەکان ڕوون و ئاشکرابێت، بتوانێت بەکارهێنانە موراديڤی یەکان و تیۆری یەکانی دەست نیشانی ناوەڕۆکی ئەلتەرناتیڤی مارکسیستی بێت لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداری. لەبەر ئەوە هەموو ئەو دانراوانەی بەرامبەر سەرمایەداری ناتوانێت ئەلتەرناتیڤی سەد دەر سەد بێت و بە هەند وەربگیرێت. هەتا تێڕوانینەکان لێکدانەوەکانی دەربڕی تەواوی بەدەست هێنانی سیستەمی بێ چین نەبێت. واتا ناتوانرێت لە ڕێگەی تێکەڵ و پێکەڵی پلاتفۆڕمی ڕامیاری و ستراتیژییەوە، بە ئەلتەرناتیڤی سەرمایەداری وەربگیرێت ئەوەی هەتا ئێستا لە ناوەندی گۆڕەپانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و چینایەتیدا هەیە، ئەلتەرناتیڤی ئەو سیستەمە چەوسێنەرە نی یە. بەڵکو نەشی توانیوە هەنگاوەکانی بەشێوەیەکی زانستی لە بەرامبەر سیستەمی سەرمایەداریدا هەڵبهێنێت و لە ڕێگەی ئەوەوە هەنگاوەکان و هەڵهێنانیان بە ئاڕاستەی گۆڕینیدا بێت .

واتا فدراڵی و هەروەها سەربەخۆیی کوردستان بە شێوەی حیزبی زەحمەت کێشان و سەربەخۆی بە شێوەی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان لەلای (حككع)و، هەروەها سەربە خۆیی بە فۆڕمی(P.K.K) ی و هەروەها ستراتیژی ئێستایان کە خزمەت کردنی دەوڵەتی تورکیا بە هاوبەشی بکەن. هەروەها ئەو ئەلتەرناتیڤانەی تر کە لەمەودوا ڕەخنەیان ئاڕاستە دەکەین، ناتوانێت وەڵامی پڕا و پڕی، گۆڕانی ئەو سیستەمە و داخوازی یە ڕامیاری و تاکتیکی یەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بێت. لەبەر ئەوەی فیدراڵی لەلای ئێمە و لە هەموو سەر زەویدا گۆڕان بەسەر پەیوەندی سیستەمی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداریدا ناهێنێت و بەڵکو مانەوەی هەمان سیستەم و بەرژەوەندی یە لە ڕێگەی هاوکاری و هەمە ئاهەنگی ڕامیاری و چینایەتی چینی سەرمایەداری هەردوولای پێک هێنەری دەووڵەتی فیدڕاڵی یە. بۆ ڕیفراندۆمی (حككع)،و سەربەخۆیی حیزبی زەحمەت کێشان. و هەوەها، P . K. Kو موراديڤی ئەم دوایی یانەی هەمان سیستەم بەرهەم دەهێننەوە. لە سۆنگەی ئەمەوە ئەو بەرامبەرێکەیەی کە ئەوان جێ بە جێی دەکەن ناتوانێت، ئەلتەرناتیڤی ئەو سیستەمە چەوسێنەرە بێت، کە کێشەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ناوازە و جۆر بە جۆری زۆر و زەبەندی هەیە .

ئەلتەرناتیڤی هەموو ئەو کێشانە و وەڵام وەرگرتنەوەیان بە پەیوەندی بە ستراتیژی گۆڕان و لەناو بردنی پێکهاتی ڕامیاری کۆمەڵایەتی ئابووری یەکەیەوە گرێ دراوە. چونکە هەتا گۆڕانی بنەڕەتی لە ستراتیژ و بەرنامەییدا هەڵنەگرێت ناتوانێت ڕێگە چارەی بنەڕەتی پێکهاتی ڕامیاری و پراکتیکی بێت. کەواتا ناتوانێت ئەلتەرناتیڤیش بێت و هەروەها ناتوانێت لە ئایدیایەکی ڕیفۆرمیستی یەوە سەرچاوەی ئەلتەرناتیڤی سیستەمی ئێستا هەڵبگرێت و،یان بتەوێت ئاوەزێکی ڕیفۆرمیستی بە ڕێگا چارەی بنەڕەتی و زانستی هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووریان بزانیت. لەم ڕوانگەیەوە (حککع)و بزوتنەوەی بنیات نان لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکەیەوە کە هەڵئینجاوی ناو ڕامیاری و میتۆدێکی تێکەڵ و پێکەڵە ناتوانێت لە جێگەیدا کۆڵەکەی سیستەمی سەرمایەداری لەق بکات و لە بەرامبەریدا سیستەمێکی تری کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی بێ چین بنیات بنێت. چونکە پێکەوە گرێدانی دوولایەن و دوو پێک هاتەی کۆمەڵایەتی و دوو سیستەمی جیای چینایەتی و بێ چین، ناتوانێت بە لێک هەڵپێکانیان لە چوارچێوەی پلاکارتانێکی دا بیۆس پۆلیتیکۆس و ستراتیژێکی ڕۆشنمان بخاتە بەر دەست، بەڵکو بە تەنها ڕامیاری سەرلێتێکدان و بە یەکسان کردنی دوو سەردەمی جیاوازی دەسەڵاتی چین و سیستەمی هاوکاری و هەمە ئاهەنگی ژیانی پێکەوە یەکسان و ئازاد گوزەراندن تیادا بەرجەستە بووە. بەم پێیە پلاتفۆڕمی (حککع)و بزووتنەوەی بنیات نان لە سەرەتای جیابوونەوەیاندا هەمان پێکهێنانی یان هەبووە. واتا پلاتفۆڕمی (ئازادی،یەکسانی،حکومەتی کرێکاری)لەسەرەتادا پلاتفۆڕمی هەردوولایەن بووە. بەڵام لە دواتردا لەلای (حککع)و(حککا)ئەم پلاتفۆڕمە بە هەمان ناوەڕۆکەوە بووە بە (ئازادی،یەکسانی،جمهوری سۆسیالیستی)و لای بزووتنەوەی بنیات نان بوە بە (نان،کار،ئازادی،حکومەتی شورایی) هەرسێ لایەنی پلاتفۆڕمەکە یەک ناوەڕۆکو یەک فۆڕمی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی یان هەیە. چونکە لەم کاتەدا حکومەتی کرێکاری یەکسان کراوە بە جمهوری سۆسیالیستی و بە حکومەتی شورایی. کەواتە ئەو ناوەڕۆکە هەمان ناوەڕۆکی سیستەمی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری دەوڵەتی یە. چونکە ئەوانیش وەک بۆرژوازی لە سیستەمی چینایەتی خۆیاندا باسیان لە ئازادی و یەکسانی دەکرد و ئەو سیستەمەیان لە ووتەزای ئازادی و یەکسانیدا پڕ دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ووتەزای ئازادی، یەکسانی، پەیوەندی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی بێ چینەوە هەیە، بەڵام حکومەتی کرێکاری، جمهوری سۆسیالیستی حکومەتی شورایی، بێجگە لەوەی کە جمهوری سۆسیالیستی هەمان واتای دەسەڵاتی سیاسی و چینایەتی هەیە و ناتوانێت لە ناوکی پێکهێنانەکەی خۆشیدا پەیوەندی یەکان سۆسیالیستی بێت. بەیەک واتا و یەک فۆڕم دەبەخشن لەلای هەردوولا. بێگومان جمهوری سۆسیالیستی بێجگە لە

دەربڕینێکی سۆڤیتی یانە و سەرمایەداری دەوڵەتی هیچ واتا و مانایەکی تر نابەخشێت، و ناتوانرێت جمهوریەت بە دیموکراتی و نادیموکراتی یەوە لە چوارچێوەی سیستەمی چینایەتی کرێکاران یان سەرمایەداران دەربچێت و ناتوانێت پەیڕەوێکی سیستەمی بێ چینی کۆمۆنیستی بێت .

سیستەمی هەرسێ ناوزەندکراوە کە چینایەتی یە. هەروەها سەر بە چینێکە و ناتوانێت، ئازادی یەکسانی پەیڕەو بکات، بێجگە لە سیستەمی دەسەڵاتی دیموکراتی ئیتر بە ناوەڕۆکی دەسەڵاتی چینایەتی چینی کرێکار یان سەرمایەداری بێت. لەبەر ئەوە ئەم پلات فۆڕمە ناتوانێت جێگەی سیستەمی سەرمایەداری لەق بکات و بنکەی ماددی سروشتی خۆی هەڵبکەنێت و بناغەکانی هەڵبوەشێنێتەوە. لێرەویە بەیانی پابەندبوونی بزووتنەوەی بنیاتنان دەخەینە ژێرنەشتەری ڕەخنەوە و دیدگا نازانستی و نا مارکسیستی یەکەیان دەخەینە ڕوو .

(ئەحمەد معین) لە گفتووگۆیەکی ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزمی ژمارە (2)دا لەسەر ڕەووشی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە عێراقدا ئەلتەرناتیڤی خۆیان بەم شێوەیە لە سەرەتای جیابوونەوەیاندا بەیان دەکات [ ناوەڕۆکی ئەلتەر ناتیوی ئێمە لەبەرامبەر سەرجەم وەزعی مەوجوددا، شتێک نی یە جگە لە تەحقیقی عملی شیعاری (ئازادی ، یەکسانی، حکومەتی کرێکار) ئەو شیعارە لە ڕوانگەی ئێمەوە هەم زامنی بە دیهێنانی قوڵترین ڕیفۆرمە لە مەیدانەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دا هەم ڕووی لە بەدیهێنانی ڕیشەیی ترین ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە لە سەرجەم کۆمەڵگای مەوجوددا،هەم داخوازیەکانی کرێکاران و سەرجەم خەڵک ئەگرێتە خۆی و هەم بەدیلێکە بۆ دەسەڵاتی سیاسی. (ل3-پەیامی کۆمۆنیزم-ژمارە(2) تشرینی دووەم-1998) ] ئەم پەیڤینە زۆر بە ڕۆشنی ناوەڕۆکی ئەو پلاتفۆڕمەی دەرخستووە. بێجگە لە تێکەڵ و پێکەڵی بەرژەوەندی یە جیاوازەکان و پارێزگاری کردن لە هەردوو لایەنی نا یەکسان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ڕامیاری یەوە بەیانی هیچ جیاوازی یەکی تیادا نی یە، ناکۆک نی یە لەگەڵ سیستەمی بەڕێوە بردنی سەرمایەداری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیدا. لەبەر ئەوەی پلاتفۆڕمەکە خۆی هەڵگری کاکڵەی سیستەمێکی لەو جۆرەیە و هەروەها لە ڕێگەی دووبارە کردنەوە و جەخت کردنەسەر بەرژەوەندی یەکانی خەڵک، کە بە پەیڤێکی دوولایەنە ناوی کرێکار هاتووە. واتا ئەگەر ئەو پلاتفۆڕمە لەگەڵ بەرژەوەندی یەکانی چینی کرێکاردا جووت بێت ئەوا لەگەڵ بەرژەوەندی یەکانی سەرجەم خەڵک لە پێک هاتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی سیستەمەکەدا جووت نابێت. ئەگەر لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکیش دا جووت بوو ئەوا بە

سوود و قازانجی چینی کرێکار نایەتەوە. بەڵام ڕاستی دەربڕینی (ئەحمەد معین) لەوەدایە کە ئەو پلاتفۆڕمە وناوکۆکەی بەرژەوەندی یەکانی خەڵکە هەروەکو لە پێشدا باسم کردووە، کە چۆن پەیوەندییان لەگەڵ سیستەمی کۆمۆنیستی و دەسەڵاتی چینی کرێکاردا ناجۆرە. هەروەها لە بەشی دواتردا بە ڕوون کردنەوەیەکی زیاترەوە باسیان دەکەین .

لە لایەکی ترەوە پلاتفۆڕم دەبێت ناوەڕۆکی ستراتیژیەتی ڕێکخراو دەربڕێت. ستراتیژیەتی هەموو ڕێکخراوە کۆمۆنیستە زانستی یەکان دەبێت لە پێناوی دەربڕینی کۆتایی هێنانی سیستەمی سەرمایەداریدابێت،و بەیانی دەسەڵاتی کۆتایی هێنەری ئەو سیستەمە بێت. بەڵام لێرەدا بەیانی ئەو پلاتفۆڕمە وەک (ئەحمەد معین) دەڵێت [ هەم زامنی بەدیهێنانی قوڵترین ڕیفۆرمە لە مەیدانەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دا ]. لێرەدا ستراتیژ و تاکتیک جێگایان بە یەکتری پڕکردۆتەوە، واتا بە پێی لێکدانەوەکەی سەرەوەی (ئەحمەد معین). تاکتیک لە ڕیفۆرمدا خۆی دەبینێتەوە. بێجگە لەوەی ستراتیژ بریتی نی یە لەڕیفۆرم کردنی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەگەر ڕێکخراو ستراتیژی ڕیفۆرم کردن ئەبێت واتە ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیست ئەبێت. بەڵام پێناسەکەی (ئەحمەد معین)لەسەر ستراتیژ، پێناسێکی تاکتیکی یە، بۆیە ناتوانێت ئەو فۆڕمە لە ستراتیژ، ناوەڕۆک و ڕامیاری، دەربڕی ئامانجی ڕامیاری و میتۆدی کۆمۆنیستە زانستی یەکان بێت، لەبەر ئەوە ئەم دەربڕینەی پلاتفۆڕم و ناوەڕۆکەکەی، تەنها میتۆدی وردە بۆرژوازی یە. کە بەش و خواستی خۆیان تیایدا بەرجەستە دەبێت. کەواتا ئەو پلاتفۆڕمەی حکومەتی کرێکاری یەکەی ڕیفۆرمیستە، پابەندی پلان و ستراتیژی خواستی لیبرالیزمە. لەبەر ئەوەی بەپێی ووتەزای ئازادی و یەکسانی یەکەیان لایەنی میتۆدی بەرجەستەی ئەو پلاتفۆڕمە ڕیفۆرمە. ئەمەش واتای دەسەڵاتی پرۆلیتاریا ناگەیەنێت و ناتوانێت بە ئاستی سەرە دەزوو یەک پابەندی پەیوەستی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریابێت. بەم پێ یە لەلای (ئەحمەد معین) و ناوەڕۆکی پەیڤین و پلاتفۆڕمەکە، تاکتیک دەبێتە ستراتیژو و ستراتیژ لە جێگەی تاکتیک دادەنرێت. بێگومان ئەم هەڵوێستە ناتوانێت خواستی شۆڕش هەڵگرێت. لەبەر ئەوەی شۆڕش ناوەڕۆکی گۆڕان و بەدەست هێنانی سەردەمی نوێ دەبێت .

ڕیفۆرم لە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بەرهەم هێنانەوەی هەمان سیستەمی ڕیفۆرم کراوە. بەڵام ستراتیژی کۆمۆنیستەکان و هەوڵیان لە پێناوی بەدەست هێنانی پلەیەکی بەرزی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری یە. ئەم

ئەرکەش پێویستیان بە گۆڕانی بنەڕەتی سیستەمی سەرمایەداری هەیەو، هەروەها لەو ڕێگەیەوە دەتوانین ئامانجەکانی خۆمان جێ بە جێ بکەین. ئەگینا ڕێگاکانی تر لە ڕیفۆرم دا تاکتیکە .

لە سۆنگەی ئەوانەی سەرەوە، ئەوان دروشمەکەشیان هەڵگری ڕیفۆرمە. واتا ستراتیژیان ڕیفۆرمە، ئەگینا ستراتیژ و تاکتیک ناتوانێت لەیەک دروشمدا هەبێت، بێگومان نازانستی ئەو ووتەیە لەوەدایە، کە ناتوانێت لە خەباتیدا تاکتیک دەست نیشان بکات و سوودی لێوەربگرێت لە پێناوی ستراتیژدا. نابێت تاکتیک لەپاڵ ستراتیژدا و وەک یەک سەیربکرێت. سەیر و سەرسوڕهێنەرە، حکومەتی کرێکاری ڕیفۆرمی تیایدا بێت. ئەگەر حکومەتی کرێکاری ئەوان بە مرادیفی ووشەیی حکومەتی بۆرژوازی پێناسە ناکەن. دانانی ئەو دروشمە لەلای (ئەحمەد معین) لە بەرامبەر هەموو هێزەکانی تردا بە دروشمێکی کۆمۆنیستی دەزانێت. بەڵام ئێمە ناوەڕۆکی پەیڤینەکانی (ئەحمەد معین) و ئەو دروشمەمان ڕوون کردووەتەوە کە هەڵگری کاکڵەی دەوڵەتی لیبرالیزمە .

لێرەدا (ئەحمەد معین) جارێکی تر بە ڕاستەوخۆ دوای ئەو پەرەگراڤەی پێشووتر دەڵێت [ ئێمە بە دیلی حکومەتی کرێکاری نەک تەنها لە بەرانبەر حکومەتی مەوجوودا، بەڵکو جگەلەوەش، هەم لە بەرانبەر سەرجەم دام و دەزگاکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی و دەوڵەتەکەی هەم لەبەرامبەر گشت بەدیلە بۆرژوازییەکانی تردا مەترح ئەکەین و سەر سەختانە بۆی تێدەکۆشین و لەهەوڵی دابین کردنی گشت پێویستیەکانی دا دەبین. (ل3-پەیامی کۆمۆنیزم- ژمارە (2) –تشرینی دووەمی-1998 ] لەبەر ئەوەی ئەو ئەلتەرناتیڤەی ئەوان کە لە دروشمی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری)دا بەرجەستەی دەکەن نەیتوانیوە بە تەواوی دژ بە ڕامیاری و میتۆدی بۆرژوازی بدات. کەواتا ناتوانێت ئەلتەرناتیڤی بەرامبەر ڕامیاری و میتۆدی بۆرژوازی بێت.

لە سۆنگەی ئەو باسانەی سەرەوەدا کە کردوومانە، ئەتوانین ئاسۆی سەرمایەداری لە ئاسۆی ئەو دروشمەی ئەواندا بدۆزینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ووتەزای (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری)ش بەیان دەکەن و کردوویانە. بەڵام ووتەی (حکومەتی کرێکاری) نەیتوانیوە لە تەواو کرداری ئەو دروشمەدا جێگەی فۆرم و ناوەڕۆکی حکومەتی کرێکاری بێت. ئەوەندە لەگەڵ ڕامیاری و پراکتیک کردنی ئەو پێکهاتە چینایەتی یەدا ناجۆرو لێک جودان، ئەوەندە بە ئاسۆ نواندنی حکومەتی سەرمایەداری یە. هەرچەندە بەکارهێنانی دەستەواژەکەش ببینین ناتوانین جێگەی تەواوی بدەینێ و جێگای ڕازی بوون و بەهەند وەربگیرێت. چونکە نەیتوانیوە ئاسۆی ڕامیاری و میتۆدی

حکومەتی کرێکاری دەربیبڕێت و ڕاڤە بکات. کەواتا ئەو پەرەگرافەش لە وەڵامەکانی (ئەحمەد معین) تەنها بەکارهێنانە ووتەیی یەکانەو هیچی تر. ئەگینا نەیتوانیوە لە سروشی وردە بۆرژوازی و داخوازی یەکانی دەربچێت و بەکردار لە کردەی جێ بەجێکردنی ناوەڕۆکی حکومەتەکەیدا جێگاو شوێنی داخوازی و ئامانجی مێژوویی پرۆلیتاریادا جێگای بکاتەوە.

دووبارە دوابەدوای ئەو پەرەگراڤەی (ئەحمەد معین) پێناسێکی تری ئەو پلاتفۆرمە دەکات و دەڵێت [ لە سایەی. ئەو بەدیلەدا، هەر لەگەڵ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و جێگرتنەوەی بە حکومەتی کرێکاری نەک هەر بە قوڵترین و هەمەلایەنترین شێوە ئازادی یە سیاسی و مەدەنیەکان جێ ئەخرێن و ئەمنیەت و خۆشگوزەرانی تێرو تەسەلی ئابوری خەڵک ئەچەسپێ وەکو مافی سادەی خەڵکی عێراق، بەڵکو بەجێ بەجێ کردنی بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەڵ و مەرجی ڕزگاری یەکجاری و یەکسانی ڕاستەقینەی هەموو خەڵک دێتە دی (ل3–پەیامیکۆمۆنیزم–ژمارە(2)- تشرینی دووەمی-1998)] لەم پەیڤینەدا ئەوە دەردەکەوێت کە سیستەمی حکومەتی کرێکاری بەسیستەمی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەیان دەکات. کەواتە لەلای ئەوان سیستەمی سۆسیالیزم پێکهاتێکی چینایەتی هەیە. بێگومان تەنها لە ئاوە زی (ئەحمەد معین و منسوری حکمەت) و هەموو هەڵگرانی ئەو بیرو باوە ڕە، جێگای دەبێتەوە. ئەمەش ئەوە دەنرخێنێ کە ئێمە لە پێشتردا پەیڤی خۆمان لەسەر ئەنجام داوە. هەروە ها ئەوە ش بەهەند دەگرێت کە حکومەتی کرێکاریان سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەنوێنێت. ئەگینا دەسەڵاتی چینایەتی یەکسانی تیادا جێگای نابێتەوە، لەبەر ئەوە ی یەکسانی پەیڕەوی دەسەڵاتی بێ چینە، هەرءەها ئازادیش بەشێکی دانەبڕاوی پەیوەندی یەکسانی یە، لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئابووری بێ چیندا، چونکە یەکسانی ناتوانێت هەبێت هەتا ئازادی لە پرۆسەی ژیاندنی پەیوەندی یەکاندا بوونی نەبێت. هەرءەها پەیوەندی ئازادیش ناتوانێت بەهای هەبێت و پرۆسیس بکرێت، هەتا یەکسانی لە کارای خۆیدا بەکار نەبێت، لەگەڵ ئەوە شدا ناتوانین پەیوەستی بکەین بەدەسەڵاتەوە، ئەو سیستەمە هەر دەسەڵاتێکیش بێت، چونکە دەسەڵات ناوە ڕۆکێکی دیموکراتیکی هەیە.

لەلایەکی ترەوە بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کەلە ژێر ناونیشانی (دنیای باشتر)دا دەریان بڕیوە، بێجگە لە بەرنامەیەکی ڕیفۆرمیستی و ناوە ڕۆک سۆسیال – لیبرالیزم هیچی تر نی یە. ستراتیژی ئەو بەرنامەیە لە پلاتفۆرمی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری) یان (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) یان (ئازادی ،

یەکسانی ، جمهوری سۆسیالستی)دا بەیان کراوە ، هیچ نی یە بێجگە لە خواست و ئاکاری پراکتیکی خواستنی ووردە بۆ رژوازی و داخوازیی ناوە رۆکی سەرمایەی دەوڵەتی .

حکومەتی کرێکاری، بریتی نی یە لە حکومەتێکی درێژ خایەنی دەسەڵاتی چینایەتی و لە رێگەیەوە بتوانین مافە ڕامیاری و مەدەنی یەکانی خەڵک بەپەیڤی (ئەحمەد معین) تیادا دابین بکەین. بەڵکو دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی پرۆلتیاریا دەسەڵاتێکی توند و تیژی دژ بەسەر دەرهێنان و هەستانەوە ی ڕامیاری و ئامانجەکانی سەرمایە داری یە و پەیوەندی یەکی ڕاگوزەرە و هەرەوها، شوێنی ئازادی ڕامیاری سەرمایەداری تیادا نابێتەوە. تەنها بەوشێوە دەربڕینەی (ئەحمەد معین و منسوری حیکمت) نەبێت، کە پەیڤینیان بۆ ئەنجام داوە. لەبەر ئەوە ی دیکتاتۆریەتی پرۆلتیاریا دەسەڵاتێکی ڕاگوزەرە و لە پێناوی زیاتر بەدەست هێنانی سۆسیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستی یدا پێک دێت، هەرەوها سۆسیالیزم لە بیروهۆشی ڕابەرانی ئەو دیکتاتۆریەتە و چینی کرێکاری شۆڕش گێڕدا هەیە. بەڵام ناوە ڕۆکی ئەو دەسەڵاتە پرۆسەی بە دەست هێنانی جێ بەجێ کردنی سیستەمی سۆسیالیزمی زانستی نی یە. لەبەر ئەوەی هەوڵی لە پێناوی لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆی و چینی بەرامبەریەتی، تابتوانێت سیستەمی سۆسیالیزمی زانستی لە پرۆسەی ژیانی مرۆڤ و هەوڵەکانی لە جێ بەجی کردنی پەیوەندی یەکی ئازاد و یەکساندا پرۆسیس بکرێت. بەڵام لەلای ئەحمەد معین و منسوری حیکمت و (حککع) و لە (ک–ک) یدا ئەو فۆرمە پرۆسیسی پێچەوانە دەکاتە هەوڵەکانی لە پێناوی سەقام گیربوونی دەسەڵاتی چینایەتیدا. لەبەر ئەوە ی حکومەتی کرێکاری و حکومەتی شورایی و جمهوری سۆسیالیستی بەسیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری سۆسیالیزمی بێ چینی دادەنێن. کەواتا ئەو فۆرمەو مانیفیستۆی ئەو فۆرمە ناتوانێت مانیفیستۆی سۆسیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستی بێت، هەروە ها ناتوانێت ببێت بە هۆشیاری بۆ دامەزراندن و بەرجەستەکردنی سیستەمی سۆسیالیزمی زانستی. تەنها هۆشیارییەکی سۆسیالیزمی ووردە بۆ رژوازی و هەندێ جاریش بۆ رژوازی لیبرالیستە.

(ئەحمەد معین) لە هەمان وە لامدا، بۆ دروشمی (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی). بەشێوەیەکی جیاوازترو گونجاوتر بۆ سەردەمی نووسینەکەی دەبینێت. واتا بۆ کاتی وە لامی نووسینەکە. ئەم هەوڵەش بەدەست پێکێک دەزانێت بۆ جیاوازی دەربڕین لەگەڵ پلاتفۆرمی (حککع)، هەوڵەکەشی بەپەیڤینی ئەم پەرەگرافە دەست پێ دەکات [ ئەڵبەتە بەپێی بارودۆخی تایبەتی ئێستای عێراق و ئاست و توانای دیاری کراوی چینی کرێکار و خەڵک،

جێگە و شوێنی بزووتنەوە ی کرێکاری و کۆمۆنیزم لە کۆمەڵدا و گەلێ فاکتەری سیاسی عملی تر لە عێراقدا، تەحقیقی عەمەلی ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری وە کو تەنیا بەدیلێک، لەم بارودۆخەدا، لە قالب و فۆرم و چوارچێوەیەکی تایبەت تر و بەرجەستەتردا دەردەکەوێ کە تجسیدی عەمەلی و حەلقەی مەرکەزی یە بۆ ئەو ستراتیژی یە، من پێم وایە بەشیعاری (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) لە پایە ترین ئاستدا، ئەو قاڵبە دیاری کراوە یە ( ل4–پەیامی کۆمۆنیزم – ژمارە (2) – تشرینی دەەمی (2000)) ] ئەم پەرەگراڤە دەیەوێت لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانی ناوی یەوە ئەوە بەیان بکات کە ئەم درەشمەی (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورای) پلاتفۆرمی ڕۆژە و دەتوانێت لەڕێگەی جێ بەجێ کردنی ئەممەوە پلاتفۆرمی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری) بەدەست بهێنن. بەڵام ئەم ڕانانەی ئەوان تەنها لە داڕشتنی ئەندێشە یانەوە یەو پەیوەندی بەدیفاکتۆی پراکتیکی ئەمڕۆکەی خەباتی چینی کرێکارەوە نی یە .

ئەو بەکارهێنانە تەنها لەڕێگای ڕامیاری دیماگۆجی یانەوە سەرچاوە دەگرێت و ناتوانێت پێکهاتێکی زانستی هەبێت لە دەربڕین و پرۆسیس کردنی لەبەردەم خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەی چینی کرێکاردا. چونکە ڕەووشی عێراق ڕەوشێکی تایبەتی ناو سیستەمی سەرمایەداری جیهانە. لەگەڵ ئەوە شدا بەهەموو پێک هاتەکانی خۆیەوە بەهەموو ئەو پەیوەندی یانەی تری ناو سیستەمی ئابووری ئەم دەسەڵاتەوە و پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری گۆی زەوی یەک پەیکەر پێک دەهێنن. لە پەیکەری سەرمایەداری گۆی زەوی ڕەنگاوڕەنگدا، ئەوە ی تەنگژەی ئابووری و ڕامیاری سەرمایەداری گێتی و گوێزانەوە ی بۆ ناوە ندی عێراق، پەیوەندی پراکتیکی یدا بوونی ڕاست ڕوویی نی یە. لە بەشی دواتردا زیاترو زیاتر جیاوازی نەبوونیان دەردەخەین. بەپرۆژە ڕامیاری و ئابووری یەکانی سەرمایەداری گێتی یەوە هەیە. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە ناتوانێت یەک زەرە لە ستراتیژی کۆمۆنیستە زانستی یەکان بگۆڕێت و پرۆژەی ڕۆژانەی بۆ دابنێت و ستراتیژی پرۆژەکانییان لەگەڵ تەواوی پرۆژەکانی کەبۆ سەرمایەداری جیهانی دادەنرێت جیاوازبکرێتەوە. واتە دروشمی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی) وە لامی پڕاوپڕی پرۆژەی دژ بەسیستەمی سەرمایەداری عێراق نی یە. چونکە هەمان پرۆژەی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری–یان جمهوری سۆسیالیستی)یە. واتە (نان، کار) دەربڕی پەیوەندی یەکسانی یە. چونکە یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا، لەدەست

ڕاگەشتنیان بە نان و پێویستیەکانی ڕۆژانەی مرۆڤە بەشێوەیەکی تێرو تەسەل و،  کاریش پرۆسەی جووڵەی بەرهەم هێنانی پێویستی یەکانەو مۆراڵی پەیوەندی یە مرۆڤایەتی یەکانە .

بۆ دەست نیشان کردنی هاوتابوونیان لە بەرهەم هێناندا واتا جیاوازی نەکردن لە نێوان ئەو مرۆڤەی بەرهەم دەهێنێت و کۆمەڵێکی کەمیش بەرهەمە کەیان دەخوات، لێکدانەوە یەکی نادروستە. چونکە هەردوولایەن دەبێت بەیەک پلەو ڕێژەی کارو یەکسانیان و پەیوەندیان بە کۆمەڵەوە گرێ بدەن، یەکسانی بەرهەم دەهێنن.

ئازادیش هەمان واتای ئازادی یە و حکومەتی شورایش، پێکهاتی حکومەتی کرێکاری یەو هیچ جیاوازییەکیان نی یە. لەبەر ئەوە ئەو دروشمانە کە لە شوێن و کاتی جیاوازدا بەکار دەهێنرێت، ناتوانن جیاوازبن لە یەکتری و ناوە ڕۆکی جودایان هەبێت کەواتە فۆرمی (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) ستراتیژی ئێستاو کاتی نی یە. تەنها لە چوارچێوەی ئایدیای (ئەحمەد معین) و هاوکارانیدا نەبێت. هەرءەها ناتوانێت لە فۆرمی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری یان جمهوری سۆسیالیستی) جیاوازبێت. ئیتر هەر هەوڵێک بۆ ئەوە ی ئەو دروشمەی تر بکرێت بەهۆیەک بۆ جێ بەجێ کردنی پراکتیکی شۆڕشی کرێکاری. تەنها لە بەکارهێنانی دەستەواژەکاندا خۆی دەبینێتەوە، ئەگینا لە مەیدانی پڕکتیکیدا بوونی ڕاست ڕوویی نی یە. لە بەشی دواتردا زیاترو زیاتر جیاوازی نەبوونیان دەردەخەین.

لێرەدا دەچینە سەر دیدو بۆ چوونی ئەندامێکی تریان و تێڕامانی (ئاسۆ غریب) بۆ ئەو پلاتفۆرمە دەردەخەین. ئەو تێڕامانەی کەپێی دەخوێنێتەوە و زیاتر مەبەستەکەی (ئەحمەد معین) ڕۆشن دەکاتەوە و هەمان بەیان دەدات بەدەستەوە. دەربڕینەکانیش لە پەیڤینێکدا کە پەیامی کۆمۆنیزمی ژمارە (3) لە گەڵیدا ئەنجامی داوە و، ڕانانی لەسەر کۆنفرانسی یەکەمیانەو لەو کۆنفرانسەشدا باسێکی زۆریان لەسەر ئەو پلاتفۆرمە بووە. (ئاسۆ غریب) بەم شێوەیە دەئاخافێت [ دیارە ئازادی،  یەکسانی، حکومەتی کرێکاری شیعارێکی عەمەلی و دەست بەجێ یەو بۆ ئێمە کۆمۆنیستە کرێکاریەکان شتێکی لەمە کەمترمان نی یە وە ک ئامانجی خۆمان بەیانی بکەین. بەڵام لە نێوان ئێستاو تەحقیقی ئەو ئامانجەدا دەکرێ هەم کات و هەم مەسائیلی زۆر بگوزەرێ بۆ تەحقیقی ئەم ئامانجە. ئەمڕۆ کەسانێک هەن هەربەناوی کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە ڕادیکالیزم و حکومەتی مەدەنی و سکولار (علمانی)بە پێش مەرجی سۆسیالیزم و بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری لێکدەدەنەوە،  ئەگەر نەچینەسەر لێکدانەوە ی دووری و نامۆیی ئەو شێوە ڕۆیشتنە

بەرە و سۆسیالیزم و تەنها وە لامی پرسیارەکە بدەینەوە من شیعاری (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) بۆ هەلو مەرجی ئەمڕۆی عێراق بەشیعاری عەمەلی و جودی دەزانم لە راستای بەدی هێنانی ئامانجی بەرزی ئازادی ، یەکسانی، حکومەتی کرێکاریدا. (ل5 – پەیامی کۆمۆنیزم – ژمارە (3) کانوونی یەکەمی 1998)] لێرەدا (ئاسۆ غریب) ڕوونتر ئاسۆ و ئامانجی (ئەحمەد معین) ڕۆشن دەکاتەوە، لەوچاوپێکەوتنەی کەلە ژمارەی دووی هەمان ڕۆژنامەدا ئەنجام دراوە. سەیرو سەمەرەکە لەوە شدایە کە پلاتفۆرمی و جێ بەجێ کردنی (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) بووە بەسەردەمێک و ناوە ندێک لە پەیوەندی کۆمەلایەتی پێش بەدەست هێنانی دیکتاتۆریەتی پرۆلتیاریا و دوای سیستەمی سەرمایەداری، واتا ئەمەشیان بەجۆرێک لەپێش هات بەحسابی دەهێنن. لەگەڵ ئەوە شدا هەردووکیان یەک ناوە رۆکیان هەیەو یەک ستراتیژ بەیان دەکەن. بەلام ئەمیان دەکات بەفاکتەری جێ بەجێ کردنی دروشمی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری). ئەم دیدە ڕانانێکی زۆربێ ناوە رۆک و جێگرێکی بێ جێگاو ووشک بووە. ئەمانەش هەموویان بەکارهێنانە لاهوتی یەکانەو ڕاسیۆنالیستی یانە ڕاڤەکراوە. ئەگینا ئەو دروشمەو دەستەواژەکانی شیکردنەوە یان هیچ سەرچاوە یەکی زانستی و ڕاست ڕووی نی یە، و لەجێگای بەکارهێنانێکی تری ئەواندا بەکارهاتووە. کە گوایە ئەوان ڕادیکالیزم و حکومەتی مەدەنی و سکۆلار بەپێش مەرجی سۆسیالیزم و بەرپاکردنی شۆرشی کرێکاری دەزانن. واتا ئەوان دەیانەوێت لەڕێگەی دروشمێکی تری یانەوە جێگای بە ئاوە زێکی بۆ رژوازی یانەی ئەوان بگرنەوە. واتا ئەوانیش بەهەمان ڕیتم دەیانەوێت تۆزێک ڕادیکالتر خۆیان پیشان بدەن. بەلام لەنێوان سەرمایەداری و شۆڕشی کرێکاریدا هیچ سات و سەودایەکی تری نی یە، بێجگە لە ڕیکخراوکردنی ڕامیاری یانەی هوشیار کردنەوە ی چینی کرێکار نەبێت. ئەم لێکدانەوە یە هەتاکاتی دوای جیابوونەوە لە (ک . ک) وە ک لێکدانەوە یەک و پلاتفۆرمێکی زیندوو شێوەیان ڕەنگ گرتووە. واتا کۆنفرانسی دووەمیشیان دووبارەی هەمان میتۆدی ناو پلاتفۆرمی (نان ، کار ، ئازادی حکومەتی شورایی) کردووتەوە.

بەرجەستەکردنی و ووتەزای لیبرالیزم و حکومەتی مەدەنی و سکۆلار و پلاتفۆرمی پلاتفۆرمی (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) لە لێکدانەوە و بەکارهێنانە ئەلتەر ناتیڤی یەکەیاندا، بەرەنجامی تەنگژەی ڕامیاری و هزری ئەو میتۆدە بووە، لەبەرامبەر سەرمایەداریدا. تێک شکاندنی فەلسەفەی جووڵان و بزاوتنی یانە، واتا ئەلتەرناتیڤ کردنی دروشمەکان و ووتەزاکان، ناتوانێت لە هەوڵی ووردە بۆ رژوازی ئەوان بۆ ئامانجی خۆیان هیچ ئامانجێکی تر

بدەن بەدەستەوە. کەواتا بۆ بەدەست هێنانی ئەلتەرناتیڤی کۆمۆنیستی زانستی لەبەرامبەر فرماسیۆنی سەرمایەداریدا، پێویستە بابەتیانە ڕەووشی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری درک بکرێت و هەروەها مێملی ئەو هەلوو مەرجە لە جەرگەی پێکهاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی چینایەتیدا پەی پێ ببرێت و لەبەرامبەردا تەنها چینی کرێکار دەتوانێت گۆڕانی ڕیشەیی کۆمەڵگا لەئەستۆ بگرێت و ڕامیاری میتۆدی مێژووی و چینایەتی ئەو چینە ئەتوانێت ئەلتەرناتیڤی زانستی سیستەمی سەرمایەداری بێت .

ئێمە باشترین و گونجاوترین و ڕامیاری یانەترین و زانستی یانە ترین ڕێباز بۆ ئالووگۆڕ پێکردنی سیستەمی سەرمایەداری تویژینەوەکانی ناو فەلسەفەی مارکسیزمە و هەرءەها ئەلتەرناتیڤی ڕامیاری ئەو فەلسەفەیەیە لەبەرامبەر سیستەمی سەرمایەداریدا. ئەویش دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو داموو دەزگاکانی لە پێناوی جێ بەجێ کردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری سۆسیالیزمی زانستی و کۆمۆنیزمی زانستی یە. لەبەر ئەوە تەنها پلاتفۆرم کە زیندوو مێمل بێت لەبەرامبەر ئەو سیستەمەدا، پلاتفۆرمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە. بێگومان بەپێی تیۆرانینە زانستی یە مارکسیستی یەکەی ئەگینا بێجگە لەوە ناتوانێت ئەلتەرناتیڤە بۆ ڕژوازی یەکان، ئەلتەرناتیڤی بۆ ڕژوازی بێت لەبەر ئەوە ی ئەلتەرناتیڤە بۆ ڕژوازی یەکان، ئەلتەرناتیڤی سەردەمی سەرمایەداری نین، بێجگە لە هێزبە بەرکردنەوە ی هەمان سیستەم نەبێت

*****************************************************************

## -10-

## {دروشمە جیاوازەکان و یەک فۆرم}

لەبەشی پێشووتردا، ئەوە مان ڕوون کردەوە کە درءشمەکانی ئەوان نەیانتوانیوە ببنە ئەلتەرناتیڤی ئێستاو، هەروەها ناتوانێت دەربڕی ڕەووشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەسەڵاتی ئایندە بێت. بەڵام لەم بەشەدا ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە دروشمە کانیان لەگەڵ بەکارهێنانە جیاوازەکانیان لەڕووی شێوەوە، بەڵام یەک واتا و یەک ئامانج دەگەیەنێت .

لەگەڵ بەکارهێنانە جیاوازەکانی خۆیان و لەگەڵ ئەوە ی کە دەیانەوێت لە ڕێگەی چەند تێڕوانینێکەوە بیکەن، فاکتەری جێ بەجێ بوون و ئەلتەرناتیڤی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری)، هەروە ها ئەم پلاتفۆرمە نەیتوانیوە جێگەی تەواوی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کرێکاری لە عێراق و کوردستاندا دیاری بکات. ئامانجی خەباتی ئێستا بۆ ئاینده ڕوون پیشان نادات و، ئامانجی خەبات بەگۆڕانی ڕیشەیی لەدەسەڵاتی سەرمایەداریدا دیاری ناکات. ڕوون بوونی زیاتری تێڕوانینەکانی ئێمە لەبارەی جیاواز نەبوونی هەرسێ پلاتفۆرمەکە لە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنەکانی ئەوان لە ناوە ڕۆکی پلاتفۆرمەکاندا دەردەکەون. چونکە لایەنە جیاوازەکانی پلاتفۆرمەکان و سەرچاوە ستراتیژیەکەیان، کاکڵەی ئامانج و ئاواتی خەباتی هەرئێستایان بۆ ئاینده دەردەخات .

بۆ دەربڕینی زیاتری ڕاستی بڕواو بۆ چونەکانمان بەدەستەواژە و ووشەو ڕستەگەلێکی خۆیان دەست پێ دەکەین. هەروە ک لە پەیڤینی پەیامی کۆمۆنیزمی ژمارە (5)ی شوباتی 1999 دا لەگەڵ (ئەحمەد معین) لەبارەی دروشمی (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) بەم شێوەیە ئەدوێت [ بەههەرحاڵ ئەبێ کرێکارانی عێراق، وە کو هێزێکی رادیکال و پێشڕە و ڕابەری سەرجەم خەڵکی عێراق، چ لەبەرامبەر وە زعی مەوجوددا، چ لەهەر ئاڵ و گۆڕ و وە رچەرخانێکدا بە شیعارێکی سەرتاسەری یەوە بێنە مەیدان، شیعارێک کە جوابدەرەوە بێت بەقوڵترین و هەمەلایەنی ترین و شۆڕشگێرانەترین ئاوات و ئامانجەکانی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک و ڕەنگدانەوە ی داخوازی و ئاواتی ئەوانە هەم بۆ گۆڕینی فەوری بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیانیان و هەم گوروتینێکی بەهێز ئەدا بەخەباتیان ڕووە و سۆشیالیزم. ئێمە پێمان وایە شیعاری (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) ئەو شیعارەیە] بۆ ڕوون کردنەوە ی ئەم پەرەگرافە ئەوە دێنینەوە بیر کە لەبەشی پێشووتر داو لەژمارە (2)ی پەیامی کۆمۆنیزم دا، لە گفتوگۆکاندا ئەوە یان ڕوون کردبووە وە و کەئەم دروشمەو جێ بەجێ بوونی پێش مەرجی بەدەست هێنانی دروشمی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری)یە. بەڵام ئەم تێڕوانینەی ئەوان ناتوانێت لە تێڕوانینێکی دروست کراو و دوور لەڕاست ڕوویی، هیچ شتێکی تری لێ بەرهەم بێت. تەنها ئاوە زی میتافیزیکانەی تیادا بەرجەستەو دیارە.

دروست کردنی ئەو پلاتفۆرمە لە سەرەتادا وابەیان دەکرا کە پێش مەرجە بۆ بەدەست هێنانی پلاتفۆرمی پێشوویان. بەڵام لە لێکدانەوە ی گشتی ئەو پلاتفۆرمەدا ناتوانێت هیچ بەڵگەیەکی جیابوونەوە بێت لە پلاتفۆرمی پێشووتریان. هەرئەها دامەزراندنی ئەو پلاتفۆرمە نوێ یەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەنگژەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بوونی

ڕێکخراوه و حیزبەکانی سەربە (ک.ک) لەساتە جیاجیاکاندا. وە نەگونجانی کارو هەڵسووڕانیان لە چوارچێوەی ڕەووشی ڕامیاری و چینایەتی و کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا. هەروە ها ناجۆری کارو خەباتیان لەگەڵ ڕەووشی خەباتی چینی کرێکار لە چوارچێوە و دەوروبەری خۆیاندا، ئەبووە هۆی ئەوە ی کە گەشەکان، دواکەوتن و بچووک بوونەوە ی چوارچێوەی هەڵسوڕانیان، و بەدەست هێنانی داخوازییەکی زۆر بچووک و کەنارگیر بوو. بەڵام ئەم بچووک بوونانەوە پەیوەندی بەسیستمی هزری و میۆدی پراکتیک کراوی یانەوە هەبوو. چوونکە ئەو میتۆدە و هزرەکەی نەی دەتوانی لەچوارچێوەی بەرژەوە ندی یە ڕامیاری و هزری یەکانی ووردە بۆ رژوازی دەربچێت و ڕەووشی ڕامیاری ناوچەکە ڕووبەڕووی شڵەژان و لێک هەڵپچڕان بکات بەقازانجی چینی کرێکار و، وە لامی پڕاوپڕی کارو کرداری سەرمایەداری و بۆ رژوازی بێت. واتە هەموو ئەمانە دەبوونە هۆی ئەوە ی کە (حككع)و بزووتنەوە ی بنیات نان، لەسەرەتادا سەربەهەمان میتۆد بوون و (حككع) هەڵیگرتبوو.

هەرکاتێک تەنگژەی ڕامیاری ڕووبەڕووی (حككع) ببوایە ئەمانیش وە ک نەخۆشی درمی یەکان دەیگرێتەوە و، بێ وە لام و دەستە و ئەژنۆ لەبەرامبەر هێرشی و پەلامارەکانی سەرمایەداری لەڕووی میتۆدی و هزری یەوە دەستەو ئەژنۆ دەبوون. لەبەر ئەوە نەی دەتوانی ڕەووشی ڕابردوو بەهەمان میتۆدی ڕابردوو تێ پەڕێنێت. لەبەر ئەوە بۆ ڕەووشەکەو گۆڕان تیایدا پێویستیان بەگۆڕان لە میتۆدا هەیە، هەتا بتوانێت گەرای ئەو قوزاغەیە ژیانی قۆزاغەیی تێ پەڕێنێت و بەرە و زیندەوە ڕێکی زیندوو گەشە بکات. کاتێک میتۆد هەمان میتۆدی پێشوو بێت، هەرچەندە پلاتفۆرمەکەش لەڕووی شێوەیی یەوە، بگۆڕێتن ناتوانێت ڕەووشی ڕوووداوە کان بگۆڕێت و دربەتەنگژەی ڕابردووبدات. لەبەر ئەوە ی ئەوان پلاتفۆرمەکەیان هەمان واتاو ستراتیژی ڕابردوو دووپات دەکەنەوە و هەمان ناوە رۆک دەگەیەنێت. ناتوانێت شەوە زەنگی ژیانی ڕامیاری ڕابردوو بشلەقێنێ. لەم سۆنگەیەوە پلاتفۆرمی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی) هەتا کاتی دوای جیابونەوە یان لە (ک.ک) یش هەربەردەوامی هەیە. واتا هەتا ئەوکاتەش تێگەشتن لەناوە رۆکی پلاتفۆرمەکەیان نازانستی و نادروستە. بۆیە ئەو پلاتفۆرمە هەمان دەسەڵاتە کە (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) بەیانی دەکات. لەم سۆنگەیەوە ڕەووشی تەنگژەی ڕامیاری ئەوان هەروە ک خۆی و لەگەڵ ژیانیاندا درێژماوە دەبێت. هەروە ها ئەو شیکاری یەی کە بۆ پلاتفۆرمی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی) دەکرا شیکارێکی هەڵئینجاوی تەنگژەی ڕامیاری یان بووە و هەروە ها وویستوویانە لەو ڕێگەیەوە وە لامی

کێشەکانیان بدەنەوە لەڕووبەڕووی هزرو مەسەلەی ڕێکخراوکردنی بیۆس پۆلیتیکوس و ئامانجی دەستەکەیان یان حیزبە کەیان بووە. ئەوە ش بۆ (حککع) و (حککا) بەهەمان شێوە ڕاستە چونکە ئەوانیش دەیان خواست لەڕێگەی بەکارهێنانی ووتەزای (جمهوری سۆسیالیستی)یەوە لەجێگای (حکومەتی کرێکاری)دا وە لام بەژیانی قۆزاغەیی یان لەڕووی پراکتیکی ڕامیاری و هزری و ڕێکخراوە ی یەوە بدەنەوە. وە لام بەتەنگژە ڕامیاری و ڕێکخراوی یەکان و کۆمەلایەتی یان بدەنەوە بتوانن بەرگەی زیاتر بگرن و،کاتێکی زۆرتر سەوداو مامەڵەی ڕامیاری بکەن، درێژە بەتەمەنیان بدەن، و ئینرژی چینایەتی لە گۆڕەپانی ڕامیاریدا نیگار بکێشن. بێ هیوایی لەئاوە زی ئەندامی حیزبەکەیاندا بڕەوێنێتەوە و پلەو پایەکی تر بدەن بەئاستی ڕێکخراوە یی و میتۆدی و ڕامیارییان. بەلام ئەمانە ناتوانن وە لامی پڕاوپڕی تێ پەڕاندنی تەنگژەکانیان بێت. چونکە جیاوازی کردن لەنێوان هەردوو دروشمەکەداو، هەرەوها دانانی لەبەردەم گەشەی دروشمی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری)دا ڕانانێکی نادروست و هەڵەیە و ناتوانێت دەربڕی تێزو تەرزی دیفاکتۆی و تەرزێک لە ڕانانی ڕەووشی ڕامیاری و کۆمەلایەتی چینی کرێکار بێت. بەلام ڕانانەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە تەنها شێوەیەکە لە شێوەکانی دیما گۆجی یەتی ئەو دەستەیە.

بۆ جارێکی تر لە ئاخافتنێکی تردا (ئەحمەد معین) ئەوە دووپات دەکەنەوە لە وە لامێکی تری ئەو پەیڤینەی دا ئاوا باس دەکات {بەرزکردنەوە ی ئەم دروشمە نەک هەر ناکۆکی نی یە لەگەڵ دروشمی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری) بەڵکو بەهێزترین تەکانە ڕووە و ئەو ئامانجە (ل5–پەیامی کۆمۆنیزم ژمارە (5)-شوباتی 1999)} شۆکی ئەو ڕانانەو پلاتفۆرمەکە، لە ناوە رۆکی پلاتفۆرمەکەو، لەجێگە دانانێکی تری سەردەمی پێش بەکار هێنان و جێ بەجێ کردنی دروشمی (ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری) دایە لێرەدا وە ک لەبەشی پێشووشدا لێکمان داوە تەوە، ئەو دروشمەی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورای) کردووە بەپێش مەرجی بەدەست هێنانی ستراتیژو پلاتفۆڕمی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) ئەم دیدەش هەڵگری لێکدانەوە یەک و جیهان بینی یەکی نازانستی یە. چونکە لەبەردەمی دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا هیچ شتێک نی یە بێجگە لەوە ی کە چینی کرێکار دروست بوونی حیزبی خۆی و ڕێکخراو کردنی و هۆشیار کردنەوە یەکی ڕامیاری چینایەتیانە نەبێت، بۆ جێ بەجێ کردنی ستراتیژی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. بەلام ئەم دیکتاتۆریەتە جیاوازی لەگەڵ پلاتفۆرم و ستراتیژی (ک.ک) و بزءەتنەوە ی بنیات نان داهەیە. چونکە ئەو پلاتفۆرمەی ئەوان ناتوانێت دەربڕی هەڵسووڕان

و ڕامیاری پرۆلیتاریا بێت. لەبەرئەوە ی تێکەولێکەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە نێوان دەسەڵاتی چینایەتی و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بێ چین. کە دوو ناوە ڕۆک و دووپێک هاتنی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە هەرءەها دەربڕی ڕامیاری و ئامانجی ڕامیاریستی سۆسیال–لیبرالیزمی ئەورووپی یە. بەڵام ئەوە ندەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا مەرجی بەدەست هێنانی سۆسیالیزمە، سۆسیالیزم دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دروست ناکات هەروە ها لەلای ئەوان دوو پلاتفۆرم بەناوە رۆک یەکسان دەکەن بەپلاتفۆرمی یەک ئەوی تریان بەدەست دەهێنێت. بانێکەو دووهەوا. چونکە (نان ، کار) هەردووکیان دەربڕی پێکهاتی پەیوەندی یەکسانن لەنێوان مرۆڤدا. بەمەرجێک هەردوو لایەنی یەکسان بەشێوەیەکی یەکسان پێویستی یەکانی ڕۆژانەی ژیان بۆ هەردوولا دابین و پرۆسیس بکرێت. ئەمەش لەبەشی پێشووتردا بەڕێژەیەک لەسەری دواوین.

ئازادیش هەمان ئازادی پلاتفۆرمی پێشووە و حکومەتی کرێکاری و حکومەتی شورایی، یەک ناوە ڕۆک و یەک میتۆدیان هەیە. چونکە دەسەڵاتی کرێکاران لە حکومەتی خۆیاندا لە ڕێگەی دامەزراندنی شوراکانی کرێکارانەوە جێ بەجێ دەبێت. کەواتە هەردوو پلاتفۆرمەکە یەک واتاو یەک ناوە رۆکی ڕامیاریان هەیە. بەڵام لەڕووی پراکتیکی یەوە هیچ شانسێکی پراکتیک کردنی نی یە، چونکە لە هەردوو ڕووی پەیوەندی یەکەوە لێک جوداو دژ بەیەکن. بەهۆی ئەوە ی دەسەڵاتی چینایەتی یەکسانی و ئازادی نی یە، تەنها پرۆسیسێکی دیموکراتی دەسەڵاتە لەلایەن چینی باڵادەست. بەڵام بەکارهێنانی پلاتفۆرمی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی) بەناوە ندو هۆی جێ بەجێ بوونی ستراتیژی پلاتفۆرمەکەی تردا دەنرێت، ئەم گوتەیە تەنها لە ئەندێشەی لێکدەرەوە یەکی میتافیزیکی یەوە هەڵئەئینجێ. هۆکەشی ئەوە یە کە تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی یان نازانن کە ڕەگەی دواکەوتن و لێک دابڕانی هەردوولایەنەکەیە لەچ شوێنێکدایە، لەبەر ئەوە ی هەر لەخۆیانەوە بەکارهێنانی بۆ بەکاردەهێنن. چونکە هیچ لێکدانەوە یەک لەسەر ڕەووشی ڕامیاری و ئابووری و چینایەتی و دەسەڵاتی چینەکان لەعێراق و ناوچەکەدا، بەرجەستەنی یە لەگفتوگۆ و هەتا لەبیرکردنەوە لەدامەزراندنی شێویەک لە شێوەکانی – فرماسیۆنی دەسەڵات – هیچ بەدواداچوونێک نابینێت. لەبەر ئەوە ی نەڕەووشی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری عێراق ئەوە هەڵئەگرێت کە ئەو پلاتفۆرمە وە ڵامی پڕاوپڕی ڕەووشەکە بێت و ببێتە ئەلتەرناتیف. چونکە هەم لێکدانەوە ی ڕەووشەکەو هەم پلاتفۆرمەکەش نازانستی یە. ئەگەر دووپلاتفۆرم یەک ناوە رۆک و یەک پێناسەبن چۆن و بەچی هۆیەکەوە لایەکیان

دەبێت بەهۆیەکی پراکتیکی جێ بەجێ کردنی پلاتفۆرمەکەی تریان!. بێگومان هەردووکیان یەک واتاو یەک پێناسیان هەیە لەبەرئەوە ناتوانن یەکێکیان لایەنی پراکتیکی جێ بەجێکردنی ئەوی تریان بێت .

دەبێت چ هۆیەک پاڵنەربێت کەوا (ئەحمەد معین) ئەو دووپلاتفۆرمەی یەک پێناسە بکات بەوە ی یەکێکیان ئەتوانێت ئەوی تریان بەدەست بهێنێت! بێ گومان فاکتەیکی هەرە گرنگ درک نەکردنی ڕەگەو پێک هاتی ڕەووشی بیۆس پۆلیتیکۆس و کۆمەڵایەتی عێراق و ناوچەکەو درکی نارۆشنیش لەسەر پلاتفۆرم و لێک نەدانەوە ی ناوە رۆکی پلاتفۆرموو پەیوەستی لایەنەکان و ووشە جیاجیاکانی ناو پلاتفۆرمەکەیە بەیەکەوە. هەروە ها درک نەکردن و نەبوونی پێناسەیەک لەسەر هەرسێ لایەنی پێکهێنەری پلاتفۆرمەکە. تێ نەگەیشتن لەڕەووشی دەسەڵاتی پرۆلیتاریاو ئامانج و ستراتیژی ئە و دەسەڵاتە و پرۆسەی پراکتیک کردنی ستراتیژی یەکەی بەهۆی چ جۆرێک لەسیستەمی ڕامیاری و چینایەتی یە وە جێ بەجێ دەبێت. تەنها لەکاڵ فامی یەوە هەمان پلاتفۆرم بەگۆڕانێکی ووتەیی یەوە دووبارە دەکەنەوە و دەیکەن بەلایەنی پراکتیکی و هۆیەک بۆ جێ بەجێکردنی پلاتفۆرمەکەی دی کەهەمان ناوە رۆکی هەیە. ئەمەش خوڵ کردنە چاوی دەووروپشتی خۆیان و بەکاربردنی ڕامیارییەکی دیماکۆجیانەیە لە پرۆسە کاروکرداری ڕامیاریاندا.

ئاوزانی (ئەحمەد معین) لەسەر ڕەووشی شۆڕش زۆر ئایدیالیستی یانەیە و ناتوانێت ڕەووشی ئێستاو ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری ببینێت. ناتوانێت دەستووری ڕەووشی شۆڕش بەیان بکات، بەشێوەیەکی میتافیزیکانە ناوە رۆکی شۆڕش دەردەخات و، میتا مێژوویی ڕەووشی خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار دەبینێت. دیدی بۆ شۆڕش لەم پەرەگرافە دا دەردەخەین [ بەکورتی ئەلقەی مەرکەزی خەبات بۆ سۆشیالیزم و بۆ تەحقیقی ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری لەئەمرۆی عێراقدا بریتی یە لەشیعاری (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی) (ل6 – پەیامی کۆمۆنیزم – ژمارە(5)- شوباتی 1999)] ئەم تێزەی (ئەحمەد معین) لەسەر بەدەست هێنانی ڕەووشی شۆڕشگێڕی لەڕێگەی پلاتفۆرمێکی لەو جۆرە زۆر نادروست و دوور لە چاوبینی ڕەووشی شۆڕشە. چونکە شۆڕش بەرەنجامی چەوساندنەوە ی ڕەووشی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری یە لەسەر چینی کرێکار و توێژگەلێکی تر. ئەمەش بەشێک و سەرچاوە یەکە لە سەردەمێکی مێژووی مرۆڤایەتی .

بەلاَم ئەو پەرەگراڤەی پەیڤینەکانی (ئەحمەد معین) پلاتفۆرمی کردووە بەهۆی جێ بەجێکردنی شۆڕشی کرێکاری.

بەم پێو دانگەی سەرەوە بێت، تەنها بەرزکردنەوە ی دروشمێک ئیتر ڕەووشی شۆڕش و زەمینەی بەرپابوونی بەرجەستە دەبێت. لەلایەکی ترەوە ئێمە زەمینەی بەرجەستەبوونی شۆڕش بێجگە لەهەل و مەرجی خراپی باری ئابووری و کۆمەلاَیەتی و ڕامیاری چینی کرێکار بەگرنگی مێژوویی دەزانین. هەروە ها لایەنێکی تری کاریگەری جێ بەجێکردنی بوونی شۆڕش، هۆشیاری چینی کرێکارە بەتێزێکی ڕامیاری چینایەتی و کۆمۆنیستی زانستی. واتا بەدەست هێنانی ستراتیژ لەڕێگەی پراکتیک کردنی فاکتەری بەدەست هێنانی ستراتیژە. هۆشیاری و خەباتی ڕامیاری و بوونی حیزبی چینایەتی چینی کرێکار و میتۆد و فەلسەفەی بزاوتنی چینایەتی و ئاسۆ ڕۆشنی خەبات و تێکۆشان دەتوانێت کاریگەربێت لەسەر بەرپابوونی شۆڕش بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی مێژوویی خۆی. هەروە ها شۆڕش بەمانا کۆمەلاَیەتی و ڕامیارییەکەی گۆڕانی بنەڕەتی لە پەیوەندی ڕامیاری و کۆمەلاَیەتی و ئابووری ئێستادا دروست بکات، بێجگە لە کارکردو فاکتەری مێژوو کردی شۆڕش. لەم سۆنگەیەوە ئەو درءشمەی کە دەیکەن بەفاکتەری جێ بەجێ کردنی درءشمی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) هەرءەها دروشمی (ئازادی، یەکسانی، جمهوری سۆسیالیستی) ئێستای (حککع) هیچ جیاوازی یەکی بنەڕەتیان نی یەو تەنها لەڕووی دەرکەوتنی و دەستەواژەکانی یەوە نەبێت. بەو هۆیەوە، دروشمەکان یەکسانن و یەک فۆرمیان هەیە. ئەگەر بەکارهێنانەکان جیاوازیش بێت. لەو پەرەگراڤەو لەپێش ئەوە شدا کە (ئەحمەد معین) بەیانی دەکات و دەڵێت [ گەورەترین تەکان ئەدا بەخەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق بەرەو جێ بەجێکردنی فیعلی شیعاری (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) (ل6-پەیامی کۆۆمنیزم – ژمارە (5)- شوباتی 1999) ] بەم ڕانانەی ئەو بێت، پلاتفۆرمەکان دەربڕی ڕامیاری ڕێکخستنەکانیانە. بەلاَم ڕامیاری و ڕێکخستنی چینی کرێکار هەڵگری ستراتیژو دروشمی تایبەتی خۆیەتی. لەبەرئەوە ناکرێت پلاتفۆرم بەفاکتەری ڕێکخستن بەیان بکرێت. یان لە جێگەی خەبات لەپێناوی شۆڕشدا دابنرێت. بەڵکو دروشم دەربڕی ڕامیاری و ئامانجی شۆڕش گێڕانە و خەباتی چینایەتی چینی کرێکارە. دەربڕی ئاسۆ و ئامانجی چینی کرێکارە، دەربڕی ئایندە بەدەستەوە گرتنی یان نەگرتنی دەسەلاَتە .

درءشمێکی تێکەڵ و پێکەڵی یان دوالیزمەیی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی)، هەروە ها دروشمەکەی دی، کە ئەم دروشمەیان دەخاتە پێناو بەجێ گەیاندنی ئاسۆو ئامانجەکەی، لێکدانەوە یەکی سەرلێتێکدەرە و لەکاڵ

فامی یەوە سەرچاوە یان گرتووە. ئەگینا خەبات لە دەووری ئامانج و ئاواتێکە کە پرۆلیتاریا لە مێژووی خۆیدا هەوڵ و تێکۆشانی لەپێناویدایەتی، ئامانجی بەدەست هێنانی رووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بۆ بەدەست هێنانی تەواوی سیستەمی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی زانستی یە. ئەبێت ئەوە روون بێت کە پلاتفۆرمی رۆژ ستراتیژی رۆژە و هەروە ها دروشمی سەرەکی حیزب و چینی کرێکاریش ستراتیژی دووروسەرەکی خەباتە. کەواتا دروشمی رۆژ لەپێناو بەدەست هێنانی دروشمی سەرەکی و شۆڕشی دایە. شۆڕشیش جێ بەجێ کردنی دروشمی سەرەکی و دووری خەباتە. بەڵام پەیامی دروشمەکانی ئەوان پەیامێکی وورده بۆ رژوازی و تێکەڵ و پێکەڵەو، بەرهەم هێنی هەمان سیستەمی دەسەڵاتی سەرمایەداری دەوڵەتی یە. واتا هەرسێ دروشمەکان هیچیان دروشمی ماددی مێژوویی و سروشتی و ستراتیژی شۆڕشی چینی کرێکارنی یە بەڵکو ڕامیاری و ئامانجێکی پراگماتی وورده بۆ رژوازی یە. هەرءەها لەکۆتایدا (ئەحمەد معین) شیکاری یەک بۆ ووتەزای پلاتفۆرمی بەکارهێنراوی (نان ، کار ، ئازادی ، حکومەتی شورایی)دەکات و دەڵێت [ نان و کار یانی دابین کردنی ژیانێکی تێرو تەسەل بۆ تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵی عێراقی، یانی پەیدا کردنی فرسەتی کاری گونجاو یان دابینکردنی بیمەی بێکاری، یان چوونە سەری ئاستی کرێ بەپێی چوونەسەری نرخەکان، یانی دیاریکردنی کرێ و سەعاتی کار لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکارانەوە. یانی کرێی یەکسان بۆ کاری یەکسانی ژنان و پیاوان و...... هتد و سەرجەم داخوازی یە ڕیفاهی و مەعیشی یەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی مەحروومی عێراق (ل5-ژمارە (6)- پەیامی کۆمۆنیزم – ئازاری – 1999) ] لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە (نان ، کار) خەسڵەتی ڕیفۆرمی هەیە لە پەرەگرافەکەدا. لەگەڵ ئەوە شدا ڕیفۆرم بارێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ یەکسانی مرۆڤەکاندا. بەڵام (نان ، کار) ناوە رۆکی بنەڕەتی خۆی پەیوەندی یەکسانە لەنێوان مرۆڤایەتیدا .

بەڵام لەو پەرەگرافەی پەیڤەکانی (ئەحمد معین)دا ئەوە دەردەکەوێت کە پێکهاتەو ناوە رۆکی داخوازی یە ڕیفۆرمیستی یەکانە و بەپەرەنسیپی خەباتی رۆژانەی چینی کرێکار و لە ناوە رۆکی دروشمەکەیدا دەیکاتە لایەنێکی گرنگی پلاتفۆڕم و ستراتیژی کارو خەبات. بەڵام ئەوان بەهەر نرخێک ئەو بنرخێنن دەست نیشانی لێکدانەوە یەکی نادروستی یان دەکات. کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری لەچ ئاستێکی دا دەتوانێت دەربڕی خواست و ئامانجی یەکسان و ژیانی تێرو تەسەلی تاک تاکی کۆمەڵی عێراقی بێت! یان لەهەر شوێنێکی تری گێتیدا. کەکار وە ک پرۆسەی

بەرهەمهێنانی چینایەتی پرۆسیس کرا، ئەوا نرخی لەسەر دادەنرێت و دەفرۆشرێت و دەکڕێت. ئەم پرۆسەیەش تەنها پەیوەندی و پێکهاتی کۆمەڵگا سەرمایەداری یەو ناتوانێت ژیانی یەکسانی بێت لەنێوان مرۆڤەکانی ناو یەک کۆمەڵگای چینایەتی. لەبەر ئەوە هەرچی یەکی بۆ لێک بدرێتەوە نەیتوانیوە پێکهاتی بنەڕەتی ئەو دەستەواژەیە مەبەستەکەی ڕوون بکاتەوە.

هەروەها چوونە سەر ئاستی کرێ بەپێی چوونەسەری نرخی کەلوپەل. گەلێک شتی تری لەو بابەتە ناتوانێت لەئاستی داخوازییەکی ڕۆژانەو ڕیفۆرمیستانەی داخوازی یە ئابووری یەکان هیچی تریان لێ بەئەنجام بگات. چوونە سەری نرخەکان و پێوانی هێزی کار لەڕێگەی نرخی سەرمایەداری یانە بۆ هێزی کار پرۆسەیەکی سیستەمی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی چینایەتی چینی سەرمایەدارەو، لەبەر ئەوەی پەیوەندی هێزی کاری بەکرێ و هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدایە. واتا بەم پێودانگە بێت ئەو پلاتفۆڕمە، پلاتفۆڕمێکی ڕیفۆرمیستی یە، بەڵام ئێمە هەتا ئێستا نازانین لە پراکتیک و میتۆدی (ئەحمەد معین) و گروپەکەیان، پلاتفۆڕمە ڕیفۆرمیستی یەیان دەبێت شۆڕشگێڕانە بێت و دەربڕی ئامانجی دووری خەباتی و تێکۆشانی چینی کرێکار بێت، چوکە هەوڵ و خەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکار لەپێناوی بەدەست هێنانی کرێ یەکی زیاتر یان سەعات کارێکی کەمتر، بریتی یە لە پرۆسەی ژیانێکی نۆرماڵی ناو خەبات و تێکۆشانی ڕۆژانەی ئەو چینە لەبەرامبەر سەرمایەداریدا. لەبەر ئەوەی تەنها ئەو خەباتە لەڕێگای هێرشە ڕۆژانەیی یەکانی چینی سەرمایەدارە، و بەرامبەر بەکرێکاران، کرێکاران دەست دەدەنە پرۆتستۆکردنی ڕەووشێکی لەو جۆرە. ئیتر پلاتفۆرمێکی لەو جۆرەی کاری گونجاو یان بیمەی بێکاری ناتوانێت جێگای پلاتفۆڕمێکی شۆڕشگێڕانە بگرێتەوە. وە ئەو دەستەواژەیەی کە بوو بە پێناسی ئەو پلاتفۆڕمە لە دێر زەمانەوە (مارکس) لە نووسینەکانی خۆیدا ئەو ئاوەزەی خستووەتە بەر نەشتەری ڕەخنەو پرۆتستۆکردنەوە. ئیتر ئێمە لەچ سەردەمێکدا بین، دەبێت ئەو پلاتفۆڕمە ستراتیژی خەبات و تێکۆشان بنوێنێت لە بەرامبەر سەرمایەداریدا. یان پلاتفۆڕمی ڕۆژانە پلاتفۆڕمی بەردەوامی حیزب نی یە. بەڵکو بەپێی کاتێکی دیاریکراو ڕەووشێکی تایبەتی پلاتفۆڕمێکی تایبەتی بەرز دەکاتەوە. بەڵام لەلای بزووتنەوەی بنیات نان، پلاتفۆڕمی ستراتیژو ئامانجی دووریان پلاتفۆڕمی ڕۆژانەیانە. لەبەر ئەوەی هەتا دوای جیابوونەوەش لە (ک.ک)

پلاتفۆڕمی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) و دوای سەردەمێکی تریش ئەو پلاتفۆڕمە بەردەوامی هەیە لە بەرزکردنەوەو بەستراتیژ کردنی.

واتە بەم پێ یە هیچ گۆڕانکاری یەکی ڕیشەیی نی یە لەنێوان پلاتفۆڕمی پێشوو و پلاتفۆڕمی ئێستایاندا. لەم سۆنگەیەوەو لەلایەکی ترەوە پێناسی حکومەتی شورایی بەم شێوەیە دەکات: [ حکومەتی شورایش بەهەمان خەسڵەت و ناوەڕۆکەوە، حکومەتی شورایی شکلێ باڵای ئەو ئاڵ و گۆڕە شۆڕشگێڕەیە کە لە ئێستاداو لەم قۆناغە تایبەتەدا ئەبێ بەسەر تۆپی ئاڵوگۆڕە سیاسی یەکان (ل5 –پەیامی کۆمۆنیزم)- ژمارە (6) ئازاری –1999 ]. ئەم پێناسەیەش هەمان پێناسی حکومەتی کرێکاری بۆ کراوە کە (مەنسوری حیکمەت) لە پلاتفۆڕمی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) دا پێناس کردووە. لەبەر ئەوە ئەو پلاتفۆڕمە ناتوانێت پلاتفۆڕمێکی شیاوی ناو ڕەووشی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلآیەتی فرماسیۆنی ئێستاو ئایندەی عێراق بێت. چونکە پلاتفۆڕمەکە کراوە بە فاکتەرێک بۆ جێ بەجێ کردنی پلاتفۆڕمێکی تر کە هەمان ناوەڕۆکیان هەیە. واتە نەیتوانیوە کاری ڕۆژانەی خۆی لەسەردەمی نایەکسانی چینایەتی و لە هەوڵ و خەباتیدا بەیان و جێ بەجێی بکات. کەواتا پلاتفۆڕمەکان لە ناوەڕۆکدا یەکسانن، ئیتر ئاڵووگۆڕ پێکردنی جێگاو شوێنەکانیان یان بە موراديف کردنی دەستەواژەیەک بۆ دەستەواژەیەکی تر یان ناوێک بۆ ناوێکی تر، نەیتوانیوە جێگەی کاریگەری و هەوڵەکانییان لەبارێکەوە بگۆڕێت بۆ بارێکی تر، واتا ڕەووشی ڕامیاری و ئامانجەکانیان یەک دەست و یەک ئاسۆی کردووەو لەگەڵ ئاسۆی شکست خواردووی پێشووتر. بەهەمان ناوەڕۆک و بەجێ گۆڕکێی کۆمەڵێک ناو جێگەیان پێ دەگرێتەوە. بەلآم ناتوانێت دڕ بە هەوڵە شکست خواردووەکەیان بدات و ئاسۆیەکی ڕۆشن و دەرگایەکی والآتر لەبەردەمیاندا بخاتە سەرپشت. لەبەر ئەوەی پلاتفۆڕمەکان دەبێت جیاوازبن لەگەڵ پلاتفۆڕمی بۆرژوازی و ووردە بۆرژوازیدا. واتا دەبێت پلاتفۆڕمی کۆمۆنیستەکان، بە شێوەیەکی بنەڕەتی دوور بێت لەهەموو خواست و ئامانجێکی سەرمایەداری. بەلآم ئەوان دڕدان بە خەباتی ئاوازەی پێشوویان نەکردووە. چونکە پلاتفۆڕمەکانیان یەک فۆڕمیان هەبووە.

بۆ سەلماندنی ئەو لێکدانەوانەی ئێمە. (ئەحمەد معین) خۆی گەواهی لەسەر دەدات و بەم شێوەیە باس لە سەر پلاتفۆڕمەکەیان دەکات: [ هەروەها ئێمە ئەو شیعارە وەکو ئالآی خەبات و داخوازی و ئامانجی کرێکاران و جەماوەری بەرینی عێراق بەرز ئەکەینەوە چ لە بەرامبەر بارودۆخی پێش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و چ لە هەر گفتوگۆیەکدا

كە بێتە پێش و لە بەرامبەر هەر بەدیلێکی تری سیاسیدا کە جێی ڕژێمی ئێستا بگرێتەوە. (ل5 –پەیامی کۆمۆنیزم)- ژمارە (6)-ئازاری 1999 ]. لەم ڕوانگەیەوە ئەو پلاتفۆرمە پلاتفۆرمێکی ستراتیژی یەو هەوڵەکانیش لە پێناوی جێ بەجێ کردنیاندایە، لەڕێگەی دامەزراندنی سیستەمی ڕامیاری دوای ئەم سیستەمە. بەم پێو دانگە جارێکی تریش ناتوانین جیاوازی یەک لەنێوان پلاتفۆرمی (ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) و پلاتفۆرمی (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی)دا بکەین هەروەها لەلایەکی تریشەوە جیاوازی نی یە لەنێوان حکومەتی کرێکاری و جمهوری سۆسیالیستی ئێستای پلاتفۆرمی (حککع)و (حککا) چونکە لە پێناسی جمهوری سۆسیالیستی یاندا هەمان پێناس و یەکسانی دەکەن بە حکومەتی کرێکاری، لەم سۆنگەیەوە ناتوانرێت هەم ناوەڕۆک و هەروەها ناوەکانیش و بەکارهێنانەکانیش و مرادیڤەکانیان لێک جودا بکرێتەوە، چونکە مورادیڤەکان ناوەڕۆکی جیاوازی یان نی یەو هەروەها پێناسێکی جیاوازیشی بۆ ناکرێت.

بەڵام لە ڕوانگەی ئەو پەرەگراڤەی سەرەوە، دەردەکەوێت کە ووتەکانی پێشووتریان لەسەر لایەنەکانی ئەو پلاتفۆرمە ڕاستی ئەوە دەردەخەن کە جیاوازی یان لەگەڵ پلاتفۆرمی ڕابردوو نی یە. چونکە بووە بە سەرچاوەی ڕیفۆرم و هەروەها سەرچاوەی دەسەڵاتیشی لەخۆ گرتووە ئەمەش تەنها لێکدانەوەو تێڕوانینێکی میتافیزیکی دوور لە دیفاکتۆی ڕەووشی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێستایەو هەروەها لێکدانەوەیەکی میتامێژوویی یە. لەبەر ئەوە ناتوانین دەست بە دروشمێکی لەو بابەتەوە بگرین. چونکە ناتوانێت ڕامیاری و ستراتیژی ڕۆشنی خەبات و تێکۆشانی چینایەتی بێت لە پێناو دامەزراندنی سیستەمی چینایەتی چینی کرێکارو دیکتاتۆریەتی یەکەی و پرۆسیس کردنی دەسەڵاتێکی دیموکراتیانەی چینایەتی چینی کرێکار، لە پێناوی بەدەست هێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بێچین.

لەم ڕوانگانەوە پلاتفۆرمەکان یەک فۆڕمیان هەیە جیاوازیش لەنێوانیاندا نی یە. لەبەر ئەوە پلاتفۆرمی شکست خواردوو بەهەمان ناوەڕۆکی شکستەوە ناتوانێت دڕ بەشکستی ڕابردوویان بدات. هەروەها بە دەرخستنی جۆری پلاتفۆرمەکان بەڵگەی تەنگژەو شکستە ڕامیاریەکانیانە. لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە ئەو پلاتفۆرمانە بگۆڕین بە پلاتفۆرمێک کە لەگەڵ ڕەووەندی مێژوودا هەمان ئاراستە بێت و دەربڕی خواست و ئامانجی مێژوویمان بێت.

ئێمه لەم سەردەمەو سیستەمەدا پلاتفۆڕمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، بەسەر ترۆپکی هەموو پلاتفۆڕمەکان دەزانین و لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو پلاتفۆڕمە دەتوانێت دەست نیشانی ئاڕاستەی ڕاستی مێژوو بکات و هەوڵێک بێت لە پێناوی دامەزراندنی فرماسیۆنی کۆمەڵایەتی بێ چین و بێ چەوسانەوە.

---

-11-

## {ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی بنیات نان}

ڕۆژنامە لەهەرلایەکی بزووتنەوە کان بێت بەشێکە لە میدیاکانی پەخشی هزری جیاوازی لایەنە جیاوازەکان. هەرڕەها دەتوانێت بەشێکیش بێت لەسەر خەتی ڕامیاری ڕۆژانەو تاوتوێ کردنی ڕووداو ڕەووشەکانی- بەلام هێشتا ناتوانێت دەزگایەکی گرنگی هۆشیارکردنەوە ی تەواوی چینی کرێکار بەهەل و مەرجی شۆڕش و ژیانی بێت. هەروە ها هۆیەکی گرنگیش نی یە یان ناتوانێت دەوورێکی گرنگ ببینێت لەبەرزکردنەوە ی ڕێژەی هووشیاری یەکی ڕامیاری و چینایەتیدا. چونکە ڕۆژنامەکان بەپێی پێک هاتی میدیای خۆی لە ڕێگەی ووتارێکی بچووکەوە یان چەند ووتارێکەوە ناتوانێت ئاگایی زیاتری کرێکاران بەیان بکات، یان هزری بزاوتنی خەباتی چینایەتی بێت، لەگەڵ ئەوە شدا نابێت ڕۆژنامەکان تەنها چاوپێکەوتنەکان و هەواڵەکان لەخۆبگرێت. چونکە ڕۆژنامە بەپێی خۆی ئەبێت هاوکاری بکات لە پێ گەیاندنی هۆشیاری، لەبەرئەوە ی هۆشیاری بیوس پۆلیتیکوس لەکاناڵیکی ترەوە و لەڕێگەی توێژینەوە کانەوە دەتوانرێت مرۆڤ هوشیارتر بکات. ئەو توێژینە وانەش جێگایان لەناو گۆڤارێکی ئایدۆلۆجی و هزری و فەلسەفی بیوس پۆلیتیکوس دەبێتەوە. چونکە بوونی ئۆرگانێکی بیوس تیۆرتیکۆس (ژیانی تیۆری)و تیۆری و هزری پێویستی یەکی گرنگی هوشیار کردنی چینی کرێکارو تاودانی خەباتیانە .

لە سۆنگەی ئەم ڕاڤە کردنەوە، ئەم ئەرکە هەتا ئێستا لە ناوە ندی چەپدا جێگایان نی یەو ڕۆژنامەکانیش نەیان توانیوە جێگەو پێگەی جیاجیایان هەبێت. لەم دیدوو چاوگەوە (نزار عبدالله) لە ساڵ یادی ڕۆژنامەکەیانداو لەژمارە (13)ی تشرینی یەکەمی (1999)دا بەڕەنگاو ڕەنگی بەشان و باڵی ڕۆژنامەکەیاندا هەڵدەدات. کە گوایە ئەو ڕۆژنامەیە توانیوەتی ڕامیاری و ئاسۆی بیوس پۆلیتیکوس و تاکتیکەکانی خۆیانی پێ بەرنە پێشەوە. بەلام ئەمە لەکاتێکدا ئەوە ی بێژاوە کە لەسەریەک ڕیتم و یەک میتۆد لەگەڵ (ک.ک)ی و (حککع و حککا) کاردەکەن. بەمەش

تەنها لەنێوان پیا هەڵگوتندا ماوە تەوە و نەیتوانیوە لەپرۆسەی نووسینەکان و دەرچوونی ئەو رۆژنامەیەدا بوونیان هەبێت. چونکە هەموو ووتارەکانیان ئەوە ی هەتاکاتی ئەم نووسینە لەژمارە جیاجیاکاندا نووسیوویانە، نەیتوانیوە ئامانجی چینی کرێکار بێت، بەڵکو هەرجارە و بەهۆیەک لەسەریان ئەدوێت، لەلایەکی تریشەوە و لەشوێنێکی تردا دەبێژێت. نەیتوانیوە ڕامیاری یە نارۆشنەکانی خۆیان، کەلەووتارەکانی ناو رۆژنامەکانیاندا ڕەنگی داوە تەوە، دڕک چن بکەن و ناوازەیی لەگەڵ ڕەووشی ماددی مێژووی کایەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووریان برە وێنێتەوە و لەناوییبات. هەروە ها ئەو رۆژنامەیەو ووتارەکانی نەیتوانیوە وە ڵام بەئەرکەکانی کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار بداتەوە. کەواتە لەچ شوێنێک و لەکام ووتار و کام لێکدانە وە لەسەر ڕەووشی بێوس پۆلیتیکوسی ئەو بزووتنەوە یە دیدگایەکی مارکسیستی دەرخستووە. هەروە ها نەشی توانیوە ببێتە کە نالێک بۆ کۆکردنەوە و یەکان گیربوونی کۆمۆنیستەکان. چونکە میتۆدی ئەمانیش بەهەمان میتۆدی پێشووتریان، دنیایەکی خەیاڵیان لە دنیایەکی دیفاکتدا بۆ خۆیان دروست کردووە. کەواتا ئیتر پەیوەست بوونیان بەکۆمۆنیستەکانەوە لەکوێدایەو وە بەچ هۆیەک و لەچ کەنالێکەوە جێ بەجێیان کردووە، یان پرۆژەیان بۆ ئەو ئەرکە چی بوو.! بێگومان هیچ سەرچاوە یەکیمان دەست ناکەوێت، چونکە ئەوانە دیالۆگی یان بێوس تێور یتیکوس ڕامیاری یان نی یە. کۆکردنەوە ڕێکخستنیش تەنها لەڕێگەی تاک ڕەوە ندی و یان داسەپاندنەوە نی یە، بەڵکو دەبێت ئەو ڕێکخستن و کۆبوونەوە یە تێ پەڕی هەمان ڕەووشی ڕابردووی پێک هێنانی (حككع) بکات، تابتوانێت هەوڵی ڕێکخستنی بەرهەم داربێت. لەبەر ئەوە ی دیالۆگ نەمرێت. بەڵام هەموو ئەم هۆیانەی ڕێکخستن و کۆبوونەوە یەکی دیفاکت و بابەتی یانەی کۆمۆنیستەکان لەووتارو رۆژنامەکەشیاندا بەیان نەکراوە. لەلایەکی تریشەوە تەنها کێشەکە یەک لایەنە نی یە، بەڵکو لایەنی تریشی هەیە، کەپەیوەندی بەدەرەوە ی ئەوانیش هەیە. چونکە هەتا ئێستا ڕەخنەیەکی سەرتاپاگیری ڕامیارییانەی ئەوان ئەنجام نەدراوە- بێجگە لەم ڕەخنانەی ئێمەنەبێت.

بەڵام من لێرەدا نامەوێت دادوە ری بکەم چونکە وادێتە بەرچاوم لەڕێگەی چاک سازی یەوە نەتوانێت بزاڤی کۆمۆنیستی زانیستی بەرە و پێش هەنگاو بنێت. بەڵکو ڕەخنەی سەرتاپاگیری ئەو بزووتنەوانەی کە بەناوی کۆمۆنیزمەوە کاردەکەن بکرێ، بۆ ئەوە ی شوێن بۆ دزەکردنی لێکدانەوە نامارکسیستی یەکان نەکرێتەوە. ئەو لێکدانەوانەی کەلە ووتارەکانیان و لەتێڕوانینیاندا هەیە، بۆ ڕێکخستن و تاودانی خەباتییان بەڕاستی نەیتوانیووە

درکی ڕۆشنیان هەبێت لەسەر لایەنەکانی ڕەووشی ڕێکخستن و هەروە ها بیۆس پۆلیتیکۆسی ڕێکخستنێکی لینینییانەی حیزب لەپەیوەندی و ژیانی ڕامیاری حیزبی یەکاندا نی یە. بێجگە لەوە ی نووسەری ووتارەکان و ڕۆژنامەکەشی ناشارەزایی لە مارکسیزم و نامارکسیتی بوونی ڕۆژنامەکەیان ڕادەگەیەنێت. هەرءەها لەلایەکی تر ڕۆژنامەی پەیامی کۆمۆنیزم نەیتوانیوە بۆشایی ڕۆژنامەگەری کۆمۆنیستی پڕبکاتەوە. چونکە تێزی ناو ڕۆژنامەکە نەیتوانیوە لەدیدگایەکی مارکسیستی یەوە سەرچاوە بگرێت. بەڵکو بەئاوە زێکی وورده بۆ رژوازی ڕیێنوێنی دەکرێت و لەڕوانگەی پراگماتی وورده بۆ رژوازی یەوە دەڕوانێتە دنیاو دەووروو پشتی و ڕەووشی خەبات و تێکۆشان. لەبەر ئەوە یە ئەم ڕۆژنامەیەش نەیتوانیوە ببێتە چاوگێک بۆ خەباتی تیۆری و هزری کۆمۆنیستەکان. بێجگە لەوەش کە جێگای ئەم جۆرە بابەتانەی تێدا نابێتەوە ئەوە ش لەوە دا دەردەکەوێت کە ئێمە زۆرترین ووتارەکانی ناو ژمارەکانی ناو ڕۆژنامەکەیانمان لەم نووسراوە دا خستووەتە ژێر نەشتەرگەری ڕەخنەیەکی مارکسیستی یەوە بۆیە هەموو ئەو بێژانە لەسەر ڕەوە ندی ڕۆژنامەکەو هەوڵەکانی لەپێناوی ڕێکخستن و ئامانجی لەو بابەتەوە هەمووی بەکارهێنانی ووشەو دەستەواژەکانە. ئەگینا لەدیفاکتی بزووتنەوە کەی خۆیدا نەیتوانیوە هەنگاوێک بۆ پێشەوە بنێت. واتە ڕەووشی ڕۆژنامەگەری ئەوانیش نەیتوانیوە لە (بۆپێشەوە) باشتربێت و گۆڕانێکی چۆنایەتی بەسەردا بێت. تەنها ئەوە نەبێت کە لەڕووی دووبارە و سێ بارە کردنەوە ی ووتارەکان لە کۆنفرانس و کۆنفرانسی لەڕۆژنامەکاندا هیچی تریان لێ سەوز نابێت. واتا بەپێی هەموو ئەو ڕەخنانەی کەئێمە ئاڕاستەی بیۆس پۆلیتیکۆس و میتۆدی ئەو دەستەیەمان کردووە، لەهەمان کاتدا ڕەخنەی ڕامیاری و هزری و ئایدۆلۆجی و فەلسەفی و چینایەتی ئێمەیە لەبەرامبەر ناوە رۆک و میتۆدو هەوڵەکانی ڕۆژنامەکە لەبەر ئەوە دەڵێین ئەو ڕۆژنامەیەش نەیتوانیوە جێگەی ڕۆژنامەیەکی کۆمۆنیستی و مارکسیستی بێت، هەتا میتۆدی ناو رۆژنامەکە و تێزو ئاوزانی ڕۆژنامەکەو ئایدیای نەگۆڕێت.

✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻

تەمووزی 2000 سلێمانی تەواوبوونی پاک نووسەکەی لە شەوی 21-2003/2/22

✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻ ✻